# RAMAN
# ڕامان

156


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ مایسی ٢٠١٠



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان

● **سەروتار**


- ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی/ سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


- تارمایی عەشقێ/ د. نەزەند بەگیخانی/ 6
- حەسەن/ بەرۆژ ئاکرەیی/ 8
- بەردەبازی تەمەن/ ماریا ئەحمەد/ 9
- (با)ژار/ گولیزار/ 11
- بژاردەیەک لە شیعرەکانی گوننار ئێکێلۆف/ لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی/ 12
- ١٩٨٥/ کاروان عومەر کاکەسوور/ 16
- ئاوارەیی سێ دەستی هەیە/ سدیق ڕەسوولی/ 37
- کەفارەت/ سەدات یورتداش/ 41
- سەفەر/ لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی/ 43


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (محەمەد ڕەحیمیان)ی نووسەر و ڕەخنەگردا/ ئا: ڕامان/ 48


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- ڕەگەزی «ناوونیشان» لە چیرۆکی نوێی کوردیدا/ ئارام سدیق/ 64
- ژوورێک بۆ خۆت/ لە فارسییەوە: نەشمیل کرمانج/ 72


● **یادکردنەوە**


- کۆچی دوایی مێژوونووسی ڕووس میخائیل لازارێف/ د. مارف خەزنەدار/ 79


● **ڕۆژنامەنووسی**


- گۆڤاری هیڤیا وەلێت/ فەخرەدین تاهیر/ 82


● **هزر و فەلسەفە**


- سروشتی بنەڕەتی کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە/ د. حەمید عەزیز/ 91
- بیرگسۆن و فەیلەسووفە فەرەنساییەکانی دواتر/ لە سوێدییەوە: عوسمان حەمەڕەشید گوروون/ 102


● **وتار**


- وێنە و جوانکاری لە سێ دێرە شیعری: (چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتیمە)/ هاوژین صلیوە/ 108
- شوێنی زەینی لە شیعردا/ سەباح ڕەنجدەر/ 112
- ئامرازەکانی گوزارشت کردن لە بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانماندا/ لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 115


● **مێژوو**


- هۆزی زەنگنە لە مێژوودا/ عەباس سلێمان سمایل/ 118


● **زمانناسی**


- زمان و کۆمەڵ/ لە عەرەبییەوە: د. شەهاب شێخ تەیب/ 121


● **هونەر**


- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 133
- چاوی هونەر/ ئەمین گەردیگلانی/ 142
- جووڵەکانی کامیرا/ فارس سەعدی/ 145


● **خوێندنەوەی کتێب**


- نایە/ سەلاح نیساری/ 148
- بە تەمابووم لە تەم بدوێم/ هاشم سەڕاج/ 151


● **زاراوەسازی**


- فەلسەفەی ڕۆشنایی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157


● **نرخاندن**


- ڕامان و ئەزموونی بە نرخی چواردە ساڵە/ ناسر وەحیدی/ 159


● **سووکە لەنگەر**


- زمان و دەق/ بەختیار محەمەد/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی

**«خودی خۆت بە، بە تەنیا ببە بە خودی خۆت»**
**سورین کیرکگۆرد**

* نوێخوازی لە جەوهەری خۆیدا شۆڕشێکە بەسەر کەلەپووری لە کەڵک کەوتووی کۆن، کە لە ڕابردوودا بەرهەم هاتووە، ئەو نوێخوازییە لەپێناوی خوڵقاندنی کەلەپوورێکی نوێ، کەلەپووری ڕابردوو و ئێستا تێدەپەڕێنێ. لەمڕۆکەدا نوێخوازی لە بواری زانستدا هەروەک کایەکانی ئەدەب و فەلسەفە و بەرنامە و کۆمەڵناسی و ئابووری و...تاد نیشتمانی نییە، یان بەلانی کەمەوە لە قۆزاغەیەکی تەنگەبەر و لە وڵاتێکدا توند ناکرێ، ناشکرێ لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا بە گیری بهێنین و لە خاکێکی دەستنیشان کراودا پتر لە شوێنێکی دی بەندی بکەین و بگیرسێتەوە. نوێخوازی لە ڕۆژی ئەمڕۆکەدا، نوێخوازییەکی داگیرکارە و هەرچی بێتە پێشی ڕایدەماڵێ، ئەگەر جڵەوەکەی نەگرینە دەست، ئەو جڵەومان دەکات و ڕامان دەماڵێ و لەگەڵ خۆی دەمانباتە ئەو ئاقارەی خۆی دەیەوێ، نەک ئێمە بمانەوێ بەرەو کوێ و بە چ ئاراستەیەکدا بڕۆین، بەتایبەتی ئەگەر بێ وچان هەوڵ نەدەین و لە دروستکردن و خوڵقاندنی نوێخوازیدا بەشداری نەکەین، یان بەلانی کەمەوە هەوڵ نەدرێ نوێخوازی لە واقیعی خۆماندا ماڵی بکەین و بەپێی ژیانی خۆمان و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانمان بیگونجێنین، ئەوسا خۆشیمان بێت و ترشیمان بێت نوێخوازی هەر دێت و لە ڕەگوڕیشەوە هەڵمان دەتەکێنێ و ڕاماندەماڵێ، یان دەمانخاتە پەراوێز و کەنارگیرمان دەکات و فڕێمان دەداتە دەرەوەی ئێستا و داهاتوو. کاتێک نامانەوێ بەرەو پیری نوێخوازی بچین، دەبێ تا ماوین ڕابردوو بدەین بەکۆڵی خۆماندا و بەبێ ئەوەی شتێکی لێ زیاد بکەین بەدوای خۆماندا ڕایبکێشین، چونکە لەو ساتەدا ڕابردوو لەناو «خود»ی مرۆڤدا دەمێنیتەوە و دێت و دەچێ. ئەم بیروڕایەش ئەوە ناگەیەنێ ئێمە کاتێک بە هەموو قورسایی و قەوارەی خۆمانەوە خۆمان دەهاوێینە ناو باوەشی شارستانیەتی هاوچەرخی ئەمڕۆوە، ئیدی بە یەکجاری پشت بکەینە کەلەپووری خۆمان، یان وەک زیندەوەرێکی بێ کەلەپوور خۆمان نیشان بدەین، چونکە دامەزراندن و داڕشتنی بنەمایەکانی (نوێخوازی) لەناو خۆماندا و لەلای خۆمان پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ لەناو کەلەپووری خۆماندا ئەو کەلەپوورە ڕێک بخەینەوە و سەرلەنوێ بە دیدگایەکی نوێخوازانەوە پێوەندییەکانمان لەگەڵیدا دابڕێژینەوە، چونکە نوێخوازی بە هەڵمژینی کەلەپوورە زیندووەکە دەستپێدەکات، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانرێ بکرێتە موڵکی خۆمان. دەڵێین موڵکایەتی کردنی کەلەپوور، چونکە ئەوە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی زنجیرەیەک (دابڕان) لەو کەلەپوورە، بۆ بەدی هێنانی ڕەتکردن و تێپەڕاندنی ئەو کەلەپوورە، پاشان هەنگاونان بەرەو کەلەپوورێکی نوێ کە دەمانەوێ دروستی بکەین، کەلەپوورێکی نوێ کە بە هەموو مانایەک لەسەر ئاستی ناسنامە و تایبەتمەندێتی پێوەندی بەکەلەپووری ڕابردووەوە نەپچڕاندبێ، لە هەمان کاتیشدا لەو کەلەپوورە سەرتاپاگیر و جیهانییە جیاواز بێ کە بەرهەم هاتووە و بەرهەم دێت.

* ئەگەر بزانین چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ (نوێ بوونەوە)دا بکەین و لەگەڵ واقیعی ئەو سەردەمەی خۆمانی بگونجێنین، دەبێ بە جۆرێک بێ کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان و داهێنان و نوێ بوونەوە بگونجێ، دەنا کەلەپوورەکەمان بەشێکە لە مێژوو و لە کەلەپووری مرۆڤایەتی بەگشتی. ئەگەر بەشێک لە ئینسانیەت توانییان ئەو کەلەپوورە ئینسانییە گشتییە تێپەڕێنن، ئەوە پێویستە ئەوانی دیش لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕن و هەنگاوەکانیان گورجوگۆڵ و خێراتر بکەن تا بەو کاروانە پێشڕەوە بگەنەوە. لەوانەیە ئەو کاروانە پێشەنگە ببینین کە هەموو ڕۆژێ چۆن جلوبەرگ و پۆشاکەکەی خۆی (بیروڕا و بەرنامەکانی) دەگۆڕێ، بەڵام ئەوە هەرگیزاوهەرگیز خەوش و عەیبە نییە و بۆی بە کەموکوڕی ناژمێردرێ، بە پێچەوانەوە ئەوە بەڵگەی زیندوویی و پێشکەوتنە، خۆ ئەگەر ئێمەش وەک ئەوانمان نەکرد و هەوڵمان نەدا سوود لە هەموو جۆرە پۆشاکەکان وەربگرین، ئەوە بەردەوام جۆرەکانی

**سەرنووسەر**

**(٢ – ٢)**

ئەو پۆشاکانە لەبەردەمماندا کەڵەکە دەبن و بەمەش لەدواییدا دوا دەکەوین و ڕۆژ دوای ڕۆژ مەودای نێوان ئێمە و نوێخوازی گەورە و فراوان و هەراو دەبێ. نوێخوازی لەو سەردەمەدا جەوهەری ژیانە لە هەموو بوارێکدا، نوێخوازی لە بواری فیکریدا کارێکی زۆر پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەت، پێداویستییەکە بۆ نوێ بوونەوە و ئیجتیهاد کردن لە هەموو بوارەکاندا، هەر لە بواری زانست و فەلسەفە و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵناسی، تا بە ئایین دەگات. ئەوەش وەستاوەتە سەر ڕادەی هێزی ئەوەی بە دەستمانەوەیە لە پتەویی ئەو زەمینە و کۆڵەکە و بنەمایانەی نوێخوازی لە بواری سیاسیدا هەیەتی، ئەمەش بە بوونی داوو دەزگا و دامەزراوە دەستوورییە نوێیەکان و دەستەبەر بوونی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵییە دابینکراوەکان دێنە دی کە بە کردار بەرجەستە دەبن. کەلەپووری ئێمە کە هەر تەنیا کەلەپووری (شیعر)ـە، ئەگەرچی لە ڕابردوومان‌دا لە چەند ماوە و قۆناغێکی جیاوازدا چەند جۆرە (نوێخوازی)یەکی تێدا بەرهەم هاتووە، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ هێنانەدی ئەو نوێخوازییەی لەو سەردەمەماندا پێویستمانە. نوێخوازییەکانی ڕابردوومان لەسەر ئاستی بەستنەوەی ئێستا بە ڕابردوو سوودبەخشن بۆمان، بەڵام بەسەرماندا ناسەپێنرێن، وەک چۆن ناتوانین بەسەر کەسانی تریشدا بیانسەپێنین و وەک تاکە ڕێگایەک بۆ بە یەکەوە گرێدانی ئێستا بە ئایندەوە پێشنیاریان بکەین. ئەو ئایندەیەی ئاواتمانە بیگەینێ، دەخوازێ ئێمەش لەگەڵ کەسانی تردا بەشدار بین لە بنیادنان و دروست کردنیدا و دەبێ ئەو ئایندەیە دووبەدەر (اختراق) بکەین و بچینە ناویەوە.

* کەلەپووری ئینسانی لە بواری فەلسەفە و زانست و بەرنامە و سیستەمەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەردەوام پێوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە، چونکە بەشێکن لە مێژوو و هیچ پێوەندییەکیان بە ئێستاو بە داهاتووەوە نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو زانستانە ئەوەندە دەمێننەوە کە توانیبێتیان پرسیارە زانستی و فەلسەفییەکانی کە لە ڕابردوودا کردوویانە بەشێوەیەک لە شێوەکان بە زیندوویێتی بۆ ماوەیەکی کورت، یان درێژ ڕابگرن و بمێننەوە، ئەوەش پەیوەستە بە جۆری ئەو وەڵامانەی دەدرێنەوە کە بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی ئادەمیزاد بەدەستی دەهێنێ، تێیان پەڕێنێ و ڕەتیان بکەن. ئاشکرایە ئەوەی ئەو سەردەمەمانی پێ دەناسرێتەوە، ئەو پێشکەوتنە گەورە و قەڵەمبازانەیە کە زۆر بە خێرایی لە هەموو بوارەکاندا ڕوو دەدەن، کە ئەوەندە تیژ تێپەڕ و خێرا ئەو ڕووداوانە تێدەپەڕن کە مێژووی زانست دەکەنە (مێژووی هەڵەکانی زانست). ئەگەر ئەم ڕایە بۆ زانستی بیرکاری و زانستگەلە ئەزموونییەکان ڕاستییەکی ڕەها بن، ئەوە لە هەمان کاتیشدا و لەسەر ئاستێکی فراواندا بە گوێرەی زانستگەلی مرۆیی بەگشتی دیسانەوە هەر ڕایەکی ڕاستە. مێژووی سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا، مێژووی فەلسەفە و زانستی بەرنامەکان، مێژووی ئەدەبیات لای ئەوان مێژووی ئەو تیور و بیروڕایانەن کە چیتر لەو سەردەمەماندا ڕاست نین، لەبەر ئەوە ڕەت کراونەتەوە و تێپەڕێنراون، بۆیە چوونەتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە و بوونەتە کەلەپوورێکی ئینسانیانە، خۆ ئەگەر ئەوە بۆ زانستەکانی سەردەمی نوێمان ڕاست بێت، ئەوە بۆ زانستەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش هەر زۆر ڕاستە، ئینجا ئەوە بەرهەمی سەردەمی مەسیحیەت، یان ئیسلامی بێت. لە بواری ئەدەب و فەلسەفە و زانست و بەرنامەدا، بەپێی چەمکی ئیسلامیانە هیچ مانایەک بۆ (نوێ بوونەوە) نامێنێتەوە کە پێشتر باسمان لێوە کرد، چونکە چارەسەرکردنی گیروگرفتە نوێیەکان بە (ئیجتیهاد) کردن لەناو کۆندا پێی ناگەین، بەڵکو بە ڕەتکردنەوە و تێپەڕاندنی تێی دەگەین، ئەمەش بەیاخی بوون لەسەر هەموو کۆسپەکانی بەردەمی پێشکەوتن دێتە دی، ئەمەش بەشێوەیەکی تێکڕایی ناوەرۆکی (نوێخوازی)یە.

* لەگەڵ ئەوەشدا قەیرانی ناسنامە بۆ خۆی، قەیرانێکی گرنگ و هەستیارە و دەبێ هەمیشە لەسەری ڕابوەستین، چونکە بە نەمانی ئەو ناسنامەیە، تایبەتمەندیی نەتەوەکان ون دەبێ و ڕوو لە لێکترازان و هەڵوەشانەوە دەکات، بۆیە هەر کەسێک بە ڕەهایی لەگەڵ ڕەگوڕیشەی خۆی پچڕابێ و پێوەندیی پێوە نەبێ، ڕاست ناکات بتوانێ، یان توانیبێتی کاری نوێکارانەی تایبەتمەند پێشکەش بکات، ئەو کارانەش کە پێشکەشیان دەکات ناسنامەیان نابێ. ئەو ئەزموونە دەبێ بەردەوام لەلایەن نووسەران و هونەرمەندان قووڵ بکرێتەوە و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، دەنا پێوەندی و ئاشنایەتییەکەیان بە ناسنامەی میللەتەکەیانەوە ڕووکەش و سادە و بێ ڕیشە دەبێ. ڕۆژئاواییەکان ئەگەر لە تەکنیکیشدا باڵادەست و نوێخواز بن، بەڵام ئەوان هەمیشە بەغیلی بەگەرموگوڕی تیمەو بابەتەکانی ڕۆژهەڵاتییان دەبەن کە تیمە و ناوەرۆک و بابەتی گەرموگوڕیان هەیە و دەگەڕێنەوە لای ئەو ناوەرۆکە قووڵ و مرۆڤانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە و لەناو کەلەپوورەکەیاندا مت بووە، بۆیە هونەرمەندی بواری مۆسیقا و گۆرانی (بۆ نموونە) کە کارەکەی زۆر جیاوازە لەگەڵ بواری شانۆ، ڕۆمان، سینەما، ڕەخنە، هزر و فەلسەفە، ئەگەر بیشیەوێ حەز بە لاسایی کردنەوە بکات و هەر عاشقی لاسایی کردنەوە بێ، با لاسایی مۆسیقا و گۆرانی دێرینی میللەتی خۆی و پێشینانی خۆی بکاتەوە چاکترە. ئەو مەشق و پەراوە و خۆ ڕاهێنانە لەو بوارەدا دەکارێ توانایی و بەهرەی خۆی تێدا بتەقێنێتەوە و نیشانی خەڵکەکەی خۆی بداتەوە، نەک لاسایی بەرهەمگەلی بێگانە بکاتەوە، چونکە لەم کارەیدا وەک کوردەکەی لە هەردوو جەژن بووی لێ دێت، بێگانەکە بەو لاسایی کردنەوەیەی کاروبەرهەمی خۆیان سەرسام نابن و ئەو جۆرە کارانە چەندی داهێنانیشی تێدا بکرێت،نابنە جێگەی سەرنجیان، هاوزبان و هاونیشتمانیانی خۆشی ئەو کارانەی لاسایی بەرهەمی بێگانەن، لێیان وەرناگرن و بەچاوێکی سووک و کەم بایەخ تەماشا دەکرێن و جێگەی بایەخدانیان نابێ، چونکە بە هەستونەست و چێژ و دڵ و دەروونی ئەوان نامۆیە، دڵنیاشم ڕۆژێک دادێت ئەو هونەرمەندە بە خۆی دابێتەوە و خۆی بدۆزێتەوە و خۆی لەلاسایی کردنەوە قورتار بکا و شتێ بداتە هونەری میللەتەکەی کە لێ زیاد کردنی بەخششی وەچەکانی ڕابردووی بێ. ئەگەر لەپاش قووڵتر چوونە ناو ئەزموونەکانی ڕابردووەوە، دواتر بچنە ناو ئەزموونەکانی سەردەم و سوود لە ئەزموون و تاقیمانەی گەلانی دەوروودراوسێ و گەلانی دیش وەرگیرا، ئەوە باشترە هونەرمەند بە (موزیکژەن و گۆرانیبێژیانەوە) بەردەوام لە خۆ تاقیکردنەوە و ئەزموونگەریدابن، چونکە کاری چاک، بێ زەحمەت و ماندوو بوون نایەتە دی و ناکرێ.

* ئێمە زۆرجار پێمان وابووە و وابیر دەکەینەوە کە بۆ ئەوەی ڕۆژئاواییەکان لێمان ڕازی بن، دەچین کاری خۆیان گێرە دەکەینەوە و کاری ئەوان بەخۆیان دەفرۆشینەوە، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان پتر حەز بە گەرموگوڕی کاری ڕۆژهەڵاتیانە دەکەن، ئێمە کە لە ڕووی

تیور و میتۆدی ڕەخنەییەوە هەژار و دەست کورتین دەکرێ هەوڵ بدەین کار و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی خۆمان بە چاویلکەی ئەوان تەماشا بکەین، واتە بە (تیور) و (میتۆد) و ڕێباز و قوتابخانە (ڕەخنەییەکانی) ئەوانەوە بیانخوێنینەوە و هەڵیانسەنگێنین، بەڵام بە بەرهەمهێنانەوە و لاسایی کردنەوەی کار و بەرهەم و داهێنانی ئەوان گەورە نابین، ئەگەر بچووک نەبینەوە. ساڵی ١٩٨٣ کە هونەرمەندی شێوەکار ئیسماعیل خەیات لە شاری بەغدا لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە لە هۆڵی (الرشید) پیشانگایەکی لە شەقامی (ڕەشید) بۆ کرایەوە، من لەو پیشانگایەدا ئامادەبووم. بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوەی پیشانگاکە زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەند و وەرگێڕ و نووسەرە گەورەکانی کورد و عەرەب لەوێ ئامادە بوون، دوای تەماشاکردنی تابلۆیەکان لە سووچێکی پیشانگاکە وەستاین و لەگەڵ مامۆستایان: مەسعوود محەمەد و شوکور مستەفا لەبارەی تابلۆیەکانەوە قسەمان دەکرد، ئەوەندەی نەبرد هونەرمەندی گەورەی عیراق (مونیر بەشیر) و (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) و چەند کەسایەتییەکی ناوداری دیکە هاتنە لامانەوە. من پێشتر (جەبرا ئیبراهیم جەبرا)م دەناسی و لە دائیرەکەی خۆی سەردانیم کردبوو و بەهۆی شێوەکارێکی گرافیکی کوردەوە کە برادەری ئەو بوو، ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیدا کردبوو، بەڵام (مونیر بەشیر) کە گەورە هونەرمەندێکی بواری مۆسیقا و عوودژەنێکی بێ وێنە بوو لەعیراقدا، ئاشنایەتیم لەگەڵیدا نەبوو، کە ئەوان هاتنە لامانەوە زۆر بە گەرمی لەگەڵ مامۆستایان (مەسعوود محەمەد) و (شوکور مستەفا) کەوتنە چۆنی و چاکی و قسەکردن، دیار بوو پێشتر یەکتریان دەناسی و زۆر برادەری یەکتر بوون، من ئەو جارە یەکەم جارم بوو بە خزمەتی هونەرمەند (مونیر بەشیر) دەگەیشتم، هێندەی پێ نەچوو کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیات ئێمەی بردەوە سەر مەسەلەی (تێگەیشتن) و (تێ نەگەیشتن) لە هونەر و پاشان چووینە سەر باسی (ڕەسەنایەتی) و (نوێخوازی)، ئەویش بە حوکمی ئەوەی موزیکژەن بوو باسەکەی بردەوە سەر مۆسیقا، هەریەکەمان هەندێ قسەمان لەم بارەیەوە کرد، لەو وەستانەی ناو هۆڵی نمایشەکە قسەیەکی (مونیر بەشیر) سەبارەت بە ڕەسەنایەتی و لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا زۆر سەرنجی ڕاکێشام. ئەو وتی: (زۆر کەرەت کە دەچوومە دەرەوەی وڵات بۆ پێشکەش کردنی پارچە مۆسیقایەک کە لەسەر عوودەکەی خۆم دەمژەنی، یان وەک تیپ کە دەچووینە دەرەوەی وڵات، سەرەتا موزیکی ڕۆژئاواییمان پێشکەشی گوێگری ئەوێ دەکرد، بەڵام هەر زوو ئەوان پێیان وتین کە ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕاست نییە و ئەوان ئەوەیان لێیان ناوێ، چونکە زۆریان لەو هونەر و موزیکە بیستووە، ئەوان پێویستیان بە گوێگرتنە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیانە، پێویستیان بە گوێگرتنە لە مەقاماتی عیراقی و بەستە تایبەتییەکانی عیراق، بە سووڕ بوون و پێداگرتنەوە داوای گۆرانی و مەقاماتی عیراقییان لە ئێمە دەکرد. دواتر ئێمە کە ئەو هونەرەمان دەبردە دەرەوە و بە گوێچکەی ڕۆژئاواییەکانمان ئاشنا دەکرد، دیار بوو ئەمەیان زۆر پێ خۆش بوو، لەگەڵ تایبەتمەندی هونەرەکەماندا دەکەوتنە هەلەکەسەما و جۆشوخرۆشەوە).

* ئەوە بیروڕای یەکێک لە ڕەمزە گرنگ و درەوشاوەکانی بواری مۆسیقا و گۆرانییە لە عیراقدا کە لەسەر ئاستی دنیا ناسراوە و لە مێژووی ئەو مۆسیقایەدا جێ دەستی دیارە، دوای ئەزموون و مێژوویەکی دوور و درێژ گەیشتووەتە سەر ئەو بیروڕایە کە دەبێ موزیکژەن بگەڕێتەوە لای ڕەسەنایەتی و موزیک و گۆرانی میللەتی خۆی و هەر بەوەشەوە جوانە و لەناو گەلانی دنیا و نەتەوەکاندا دەتوانێ دەربکەوێ و شانازی پێوە بکا، چونکە ئەو هونەرە هونەری خۆیەتی، نەک خۆی وەک مشەخۆر بەسەر هونەری میللەتانی دیکەوە بژی و هونەری خۆیان کۆپی بکات و پێشکەش بەخۆیانی بکاتەوە، کە بێ گومان ئەوان پێکەنینیان بەو جۆرە کار و هونەرانە دێ. من کە لەساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا لە سلێمانی بووم، جار بەجار دەچوومە سەردانی گوندەکانی پشت (کارێزە) لە پارێزگای سلێمانی، ئیتر لە گوندی (باڵخە)وە بیگرە تا (گاپیلۆن) و (مالوومە) و (چوخماخ) و (هەڵەدن) و (گەڕەدێ) و (یاغ سەمەر)، یان سەردانی (قەمچوغە) و (تەلان)م دەکرد، ڕێکەوت وابوو زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانی ئەو گوندانە برادەری من بوون، شەوانە کە دادەنیشتین زۆرجار کوڕی گەنجی پێشمەرگەم دەناسی کە لەلای مامۆستای ئەو گوندانە کۆ دەبوونەوە، لەو دادەنیشتنانەدا لە زۆر بواردا قسە و باسمان دادەمەزراند، کە باس دەهاتە سەر باسی (ڕەسەنایەتی)، دەمبینی ئەو گەنجانەش وەک لاوەکانی ناو شارەکانمان کە بە شێوەیەکی تەندروست گۆش نەکرابوون، ئەوانەش بەناوی هونەری ئینسانییەوە گاڵتەیان بەهونەری ڕەسەن و تایبەتمەندێتی هونەری نەتەوەکان دەکرد و لچ و لێویان لێ هەڵدەقورتاند. ئەوەم زۆر لە هەڵوێستی لاوەکانی ناو شارەکان پێ سەیرتر بوو، چونکە گاڵتەکردنی ئەوان وەک کەسانی کۆسمۆپۆلیتی بەهونەری ڕەسەن و پاراستنی تایبەتمەندیی هونەری نەتەوایەتی خۆیان، هیچی کەمتر نەبوو لە نزم تەماشا کردنی ئەو شۆڤینیانەی هونەری ڕەسەنی کوردییان لێمان هەڵلوشیبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی نەتەوەی سەردەست بوون و بە ڕەوایان دەزانی هونەری نەتەوە بن دەستەکانی خۆیان حەپەلوش بکەن، بۆیە ئەو کاتە ڕەسەنایەتی گۆرانی و هونەری کوردی لەنێوان بەرداشی شۆڤینیەت و کۆسمۆپۆلیتیەت پلیشابووەوە و وای لێهاتبوو هونەرمەندێکی کورد پێی عەیب بێت داکۆکی لە ڕەسەنایەتی هونەری خۆی بکات. ئەمڕۆکە دەبێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی ئێمە جارێ نەمانتوانیوە بە تەواوی و بە ڕاستودروستی خزمەتێکی هونەر و ڕەسەنایەتی خۆمان بکەین و بە وردی لێی بکۆڵینەوە، یان سیما و شەقڵ و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکەین، بەڵام دەبێ بڵێین سوپاس بۆ هەموو شتێک کە ئەمڕۆکەی بۆمان بەدی هێنا، چونکە هیچ نەبێ دەتوانین ئازادانە و پڕ بە دەم و قوڕگی خۆمان باسی ڕەسەنایەتی و ناسنامەی کوردیی خۆمان بکەین و بەدوای ڕەگوڕیشەی هونەریی خۆماندا بچین، باسی مێژووی هەندێک لە ئامێرەکانمان بکەین، باسی قوڕگ و شێوەی چڕینی هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانمان بکەین، باسی تایبەتمەندی و مۆرکی گۆرانییەکانمان بکەین، بەبێ ئەوەی وەک جاری جاران بەبیر تەسک و شۆڤێنی و کۆنەپەرست تۆمەتبار بکرێین. ئەمڕۆکە شوکرانەی دەوێ کە دەتوانین لە هەموو بوارەکاندا بەدوای ناسنامەی نەتەوایەتی خۆماندا بگەڕێین، هەر هیچ نەبێ بیروڕای کەسانی وەک ئێمە لە تەک ئەوانی دیکەدا جێگەی ببێتەوە و وەک یەکێک لە بیروڕایەکان هەبێ و تەماشا بکرێ، ئیدی ئەگەر لێشمانی وەرنەگرن زۆر گرنگ نییە، بەلانی کەمەوە بە کۆنەپەرست و شۆڤێنی نادرێینە قەڵەم، ئەوانیش ئەگەر بۆ کوردەناموسیش بێ بەرەنگارمان نابنەوە و ناتوانن وەکو جاران کۆسپ و تەگەرەمان بۆ دروست بکەن و چیدی لەنێوان بەرداشی شۆڤینییەکانی نەتەوەکانی سەردەست و کۆسمۆپۆلیتییەکانی لای خۆمان ناهاڕدرێین و سەری ڕەسەنایەتی هونەرەکەمان لەبەین ناچێ.

# تارمایی عەشقێ

د. نەزەند بەگیخانی
(فەڕەنسا )

بێدەنگی
ک چەشنی دیوارێ
لە نێوانمان ڕابوو
تەنها نەدرکانی وشە نەبوو
بەڵکو باڵای حەزێکی قووڵ
هی من
بۆ تۆ
هی تۆ
بۆ من
لەنێوانیشماندا
بارستایی نهێنییەک
تارمایی عەشقێ

فەرەنسا، زستانی ٢٠٠٩



## نووسین

سەفەر دەکەم
بەسەر ڕووبەرێکی سپیی نائاشنا
دەکشێن
کۆمەڵێ ڕێگا
دەچنەوە سەر کەنارەکانی خود
ڕێگاکان دەبڕم
نەخش دەبن کۆمەڵێ دەرگا
دەرگاکان دەکەمەوە
دەچمە ژوورەوە
پیاسە دەکەم بەناو پانتایی خود دا
دەڕوانم لە پەنجەرەکانەوە
پەنجەرەی نوێ دەکرێنەوە
وشە
مانا
چێژ
دەمبەن تا سەر سنووری کەسێ
کە بە نووسین کەشفی دەکەم

لەوێ
لەناو باخچەیەکی واڵا

دوو ئاشـنا
خودێکی ئازاد

**فەرەنسـا، هـاوینی ٢٠٠٩.**

## دوو تەنی تەنها

**سـوپاس بۆ بەرۆژ ئاکرەیی**

کە تۆ هـاتی
لـە درزی دەرگاوە ڕژا
ڕووناکی
ژوورەکەم بوو بە سـەکۆی سـەما
دوو تەنی تەنها
دەچەمێـنەوە
تێکدەئاڵێن
دادێنەوە
دەبنە ڕووبار و ڕادەکشـێن
دوو هێڵی باریک

لـە دەرەوە
ژن و پیـاوێ
لـەژێر سـێبـەری تەنکی درەختـەکانی سـەرشـەقام
بە بێدەنگی ڕێ دەکەن

**فەرەنسـا، پاییزی ٢٠٠٩.**

## ناخی من مەملکەتە

ناخی مـن مـەمـلـەکەتێکە
شـاژنێک لـەسـەر عـەرشـی فەزیلـەت
مـن ئازاد بووم لـە حوکمـی ئەوانی تر
لـە چاوەڕوانییـەکانی خەڵک
مـن ئازادبووم لـە قورسـایی سـەنگی دوای وێرانبوون

ناخی مـن مـەملکەتێکە
فەزایەک بۆ ئارامـی
شـوێنێکی گەرم لـەناو خود
سـەکۆیەک بۆ جوانی
یەکێ بۆ ناتەبایی
سـەکۆیەک بۆ چاکەخوازی
یەکێ بۆ گوناهـی پەمـەیی
سـەکۆیەک بۆ سـێبـەر
یەکێ بۆ ڕۆشـنایی

ناخی مـن مـەمـلـەکەتێکە لـە ئازادی

**فەرەنسـا، هـاوینی ٢٠٠٩**

# حەسەن

**بەرۆژ ئاکرەیی**


دیسـان شـەقام و دیسـان بەفر و دیسـان تەم و
هـەمـدیس تاریکی
دیسـان هـەنگاو و دیسـان خـەیاڵ و
دووکەڵی سـیگار!
دیسـان سـەیرە! کە هیچ شـتێک
ئیـتر سـەیر نییە

تۆ پێڵاوت لەپێ کردوون،
ئەو ژنەکەی،
ئەوی تریان پێنووسـەکەی،
ئەمـەی تریان زمـانەکەی،
ئەوی تری تریان
(ڕێک ئەوەی «مـەلا»* گوتی: ئا!... ئامـاژەی دەسـت و
هـەردوو برۆ بۆ سـەرەوە) وڵاتەکەی.

تۆ بەڕێوەیت
تاکو سـات و دەنگ و هێزی خۆت بفرۆشیت
بە قرووشـێکی ڕەش
کە سـپیترە لە تەوێڵی سـەرلـەبەری ئەوانی تر

مـەبەسـتم نییە!

مـنیش وەک تۆم
خـەریکم دەڕۆم
لـەم بەفر و سـەرما و تاریکییەدا و
تەم و شـەقام و دووکەڵی سـیگار و هـەنگاوەکانت
بیبڕمـەوە..
خـەریکن وا نوقم دەبن
لە دێڕێکدا.



ستۆکهۆڵم

*** مـەلا: مـەلا شوکر مسـتەفایە.**

# بەردەبازی تەمەن

ماریا ئەحمەد

ئیمڕۆ منی خەمسارد
خەمبارانە
لە دووڕیانی بڕیارێکی دۆزەخی
لەسەر بەردەبازی تەمەنێک لە
خۆشەویستییەکی دۆڕاو
خۆم و سێ گەڵای تازە و زەرد
لەناو تاریکی ئەشکەوتێکی شێدار
بە تەمێکی ڕەشی ئەبەدی
سەرڕێژ بە عەزابێکی لەبن نەهاتوو
وەستام و
چاوم بڕ ناکا،
چ فانۆسێکیشم شک نەبرد
تا بەر پێی خۆمی پێ ببینم
ببێتە فریاد ڕەسم
ڕۆژانێک دڵی من
ماڵێکی کریستاڵی
دیوار شووشەیی و
شەپۆلستانێکی حەژمەتی
هەزاران ساڵەی هەتاو بوو
نازانم کاروانسەرای قەدەر بوو
یان چەپۆکی چارەنووس
وەک ڕەشەبایەکی نەفرەتی هاتی و بۆ هەتایێ وێرانت
کرد
خۆشم بە لایدا ناچم
تاسەباری لەرەی کوریکەکانی بەهار و
چرپەی باڵی پەپوولەی ڕوحی شەیتانی تۆ بووم
کەچی تۆی بێ دڵ
بێ باکانە هاتی و
هەیبەتی فرمێسکە ئەرخەوانییەکانی
ئەو فریشتانەی شەووڕۆژ دەگریان و
نەیاندەزانی کڕبوونەوە چییە شکاند



هاتی و قیامەتت بەدیاری بۆ
پەرەسێلکە بەخشندەکان هێنا
هاتی و بە کرمە پیسەکانی دەسەڵاتی
پیاوسالاری ڕوحێکی شەڕانی
وەک قامچی دەستی جەللادە دۆڕاوەکان
بە بێ دەنگییەکی بێ مروەت و
جەزبەیەکی نەگبەتی، چاوەکانت کۆڵیم
منیش لەناو تەمی ئەو کفرییانە نقوم
شپرزەیی نەفەقی وەحشستانی غەدر
بزر...... بزر.......
لە ئاشوبی ئاقارێکی پڕ لە درۆ
ئاھ ھھھھھھ ھ لە خەمساردی من،
وای لە بی ویقاریی غوربەتی ساتە
سەرشێتەکانی تەمەنی بەخەسار چووی من!
ئۆف لە ساویلکەیی من!
منی گەچلای دەستی ئاخە پەنگخواردووەکانی
دڵی تەزرە کوتاو.... هەستی وردوخاشی
کە چەندین سەدەیە نە دڵم پێی گەرم بووەتەوە و
نە پارچەکانی هەستم پێ کۆ کراوەتەوە
ئەرێ خودایە کەی
ئەو چاو کۆڵینە و
ئەو قەفەزە نەعلەتییەی چاوەڕوانی و
خەرەندی هەزار بەهەزارەی ئەو خەونە و
ئەو بۆسەی عیشقە موزەیەفە
تەواو دەبێ؟!
بە غوباری چ سەفەرێکی نادیار و
لە چ تیلمێکی فیراقدا
خۆی دەپێچێتەوە!!
کەوکەبی ڕاڕاییم ڕوو لە چ حەرامستانێک دەکات
ماڵئاوایی لە ڕوحی ماندووی خۆم و
تۆوی نەگبەتی دەکات

٢٠١٠/٤/٤

# (با) ژار

**گولیزار**
**(ئامەد)**

**«کو زڤستان بگۆتا بهار د دلێ من دەیە**
**وێ کێ ژێ باوەڕ بکرا»**
**خەلیل جبران**

دلێم بوویە سوورەتێ ڤی باژاری
برینێن من کوچەیێن وی یەکۆ یەکۆ دناسن
ئەڤینێ د بنێ بەرفا قەرەژداغێ دە تا گرتیە
لێ بشرینا قەمەرا خۆرتێ بەژنزراڤ هین گەرمە
ژ ستووخواربوونا زارۆکیتا من رە هینا ژی ستێرکێن ئەزمانێ
وی خانیان لێ دکن
من د داوا هیڤێ دە ئاش دکن
و نزانم تلیلییێن بووکانیا من
د کیژان کوچەیان دە ب لۆتک ل بەندا منن
گۆڕستانا من ل کیژان تاخێ یە
ئاخا جومەرد هەمێزا خوە ل کوو ڤەکریە
بوویە قەسرەکە خەرابە ئەڤ باژار،
بارانێن کەزەبشەوات ژێ رە بوونە هەڤال
عەورەکی هەتا بیێژی رەش گرێدایە
ب نالەنال دکە هەوار
چقاس ل بەر چاڤێن خوە بگرم ژی
داناقورتینن هێسرێن منێ سەرهشک
دکم ناکم پۆرێن من ژی ڤەناشێرن، چاڤێن منێن بێبەخت
نەخوەشە ئەڤ باژار
دۆمیرا ئێشان هاتیە سەر لێدانا وی
بوویە بەحرا برینان
نالین د حەرکن ژ چاڤێن وی قۆر ب قۆر
ئەزێ بمینم و راموووسم ژ برینێن وی دۆر ب دۆر




**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆ شعرا (کەزییێن ژنەبی) رووپەلێن (٣٥- ٣٦) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل چاپخانەیا بارش- ستەنبۆل چاپ بوویە و ژ ئالیێ وەشانخانەیا (ئاڤەستا) ڤە بەلاڤبوویە. هەژییە بێژین کو گولیزار ژ دایکبوویا ئامەدێ ل سالا (١٩٧٩)ێ یە و پشکا زمانێ ئینگلیزی ل زانینگەها دیجلە تەمام کریە و نها مامۆستایا زمانێ ئینگلیزییە ل ئامەدێ.**

**«ڕامان»**

# بژاردەیەک لە شیعرەکانی گوننار ئێکێلۆف ١٩٠٧- ١٩٦٨

**لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوید)**



## خەوڕۆی کەونی

درەختەکان خۆیان دادەکەنن، ئەستێرەکان دادەڕژێن.
سەرما گەڵاکان زەرد دەکات، کە ئاسۆی گەورەی زەردەی
ئێوارە پیس دەکەن. گەڵا سیسەکان هێواش هێواش
بەسەر چاوی سوورهەڵگەڕاودا دەوەرن، کە بۆ هەتاهەتایە
بێ ترووکان دیقەتی وێرانبوونی ئاسمان دەدەن.
گەڵا سیسەکان بەنەرمی دەکەونە سەرچاو و دەستی
منداڵە نابیناکەی کە لە خەوندا بە لەپەکوتە دەڕوات و
لەناو تاشەبەردی کەناردا بە دوای سەدەفدا دەگەڕێت.
هەتا ئێستاش یادەوەریی ئەو سەردەمەی کە من خۆم
وەک منداڵێک نابینا بووم و خەونەکانیشم، کە وەک
خەونی منداڵێک وابوون، لە پاکیزەیی زەردەپەڕی
ئێوارەدا دەژی..
ئێستا درەنگە لەسەر زەوی و چارەنووسیش چاوەکانم
دادەخات، بەڵام دیسان خەونەکان دەمکەنەوە بە
منداڵێک، کە لە زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیەی وا لە
کەنارەکاندا بەسەر وێرانەماڵی منداڵاندا دادێت، کون بە
کون بە دوای سەدەفدا دەگەڕێت.
گوێ لە نەرمە شەپۆلە جوانەکانیش دەگرێت، کە لای
بەردە نابیناکانی کەنار لە پڕمەی گریان دەدەن.
بەرانبەر زەریا جیهان چۆلە و زەردەپەڕیش چارشێو
بەسەر نائومێدیی سواوی مندا دەدات و زەریایش لە
بەرپێیەکانمدا دوورە. لە قووڵاییشدا ماسییەکان لای
سەدەفەکانیان بە ئارامی نووستوون.
کۆمەکم بکە بگەڕێم، لەڕێی ئەشق و ئەو فرمێسکانەی لە
قووڵایی زەریادا بوون بە مرواری یارمەتیم بدە بگەڕێم
وا ئەستێرەکان بەسەرسوڕمانەوە وەکو پرسیار لە
جیهانێکی ترەوە دەکەون و پاییزەباش لەناو لکی
درەختەکان، کە وەکو زەریا و ئەستێرەکان دوورن، بە
زمانی مەغزا وەڵام دەداتەوە.
لە دوورەوە وەکو خەیاڵێکی نەبزواوی ناو سەری بۆری
بەردەکان کە لەوەتەی هەن نابینا بیر لە نادیارەکان
دەکەنەوە.
کۆمەکم بکە بگەڕێم، یارمەتیم بدە بۆ سەدەفی خۆم
بگەڕێم، کە بێ مەرج خۆشم دەوێ وەک منداڵێک کە بۆ
مرواریی ژیان دەگەڕێ.
یارمەتیم بدە بگەڕێم بەرلەوەی هەمووی تەواو ببێت.
وا دوا هەناسەم وەک هەڵم لەناو قەوزە و ئەستێرەی
دەریادا ون دەبێت و تا دێت ڕوخساریشم وەک لەناو
تەمێکدا بێت، ناڕۆشنتر دەبێت و لەسەرخۆ وەک
لاجانگێکی شێداری سەر لم ون دەبێت.
باڵندەیەک بێ دەنگ دەبێت و گوڵێکی نیوە

پشکووتووش لە دەشتودەرێکەوە وشە دەچرپێنێتە
گوێم، کە نە دەبینێت و نە دەبیستێت، لە دوورەوە من
وەکو زەریا و ئەستێرەکان دادەبەزم و دەکەومە ناو بێ
کۆتاییەوە.
کۆمەکم بکە بگەڕێم، لەرێی ئەشق و ئەو فرمێسکانەی لە
زەریای ئەبەدیدا بوون بە مرواری، یارمەتیم بدە بگەڕێم.
تاسەم لە پەرستگەی ئاسۆوە وەکو بای پاییز، یان وەک
دوا هەناسەم، هەورەکان دوور ڕادەماڵێت، لەناو
ئەستێرە دوورەکان و ئەستێرەکانی ناو دەریادا ون دەبن.
شەپۆلە جوانەکانیش کە هەموویان خوشکی یەکترین،
جێ پێم لەسەر لمدا دەسڕنەوە و لەبەر بەردە نابیناکانی
کەناردا لە پرمەی گریان دەدەن. یارمەتیم بدە بۆ سەدەفی
خۆم بگەڕێم کە لە زەریای بێ کۆتاییدا ون بووە و نادیارە،
گەورەکەش کە بێ مەرج خۆشم دەوێ، وەک منداڵێک کە
بە هیوای مرواریی ژیانەوەیە، بە تەنیا بە تەنیا وەک
کۆڵەکەیەک لە دەشتایی و نابینایش وەک منداڵێک، کە
تەنیاییەکەی، دایکە بێ کۆتاییەکەی لەسەر خۆ بە گۆرانی
دەیخەوێنێت، ماندوو و بێ مانا وەک وەڵامێکی بێ
پرسیار، یان پرسیارێکی بێ وەڵام..
درەختەکان خۆیان دادەکەنن، ئەستێرەکان دادەڕژێن.
درەنگە لەسەر زەوی.

**پاییز**

لە دوورەوە زەنگێک یەکئاواز و بێ وچان بەسەر شاردا
لێ دەدات – لە ناکاویش فیکەلێدانێکی دووری
شەمەندەفەرێک، دەرزی باریکی لە پەردەی بێ دەنگی
دەئاژنێ.
ئاسمان بە سەنگینییەوە بەسەر بانە شێدارەکاندا،
داکەوتووە و بای ئێوارەش بێ زەوق یاری لەگەڵ پەردەکانی
پەنجەرە کراوەکەدا دەکات، لەناو چڵەپۆپەی پارکەکەدا بە
توندی دەچرپێنێت، بە نەرمی چەند گەڵایەکی زەرد
لێدەکاتەوە و دووریان دەخاتەوە. بەسەر بانە شێدارە
بریسکاوەکانەوە، تیرۆژ بۆ دواجار لەبن هەورەکاندا
دەردەکەوێت، سوور و خەمگینە،
هەتا دێت تاریکتر دەبێت....

من دانیشتووم و بیر لە هەموو شتێک دەکەمەوە، کە
دوورە، زۆر دوور، کۆشک و وڵاتی ئەفسانەیی.
ئەو زەنگەی یەکئاواز و بێ وچان بەسەر شارەوە دەژەنێ،
ڕەنگە بۆ نوێژکردنێک بانگم بکات، نازانم کەی و لە کوێ.
وردە وردە نیگەرانی لەگەڵ من باڵادەست دەبێت، گەشە
دەکات و دەبێتە پەشێویی... تەقەڵێک لە ڕوحدا – وا
هەست دەکرێت کە ڕێک لەم ساتەدا من شتێکم لە
کیس دەچێت، ناتوانم بەبێ ئەو بم.
هیچیشم پێ ناکرێت، تا ڕێ لە شتێ بگرم: وەک ئەوەی
ئەمە لە شوێنێکی تردا ڕووی دابێت، دوور، زۆر دوور.
تەنانەت ناشزانم ئەوە چییە...
ئەوسا پەنجەرەکە دادەخەم و توند دەست بە گوێمەوە
دەنێم، بەڵام بێ گۆران، زرینگەی نەرمی زەنگەکە لە
ناخمدا دەزرینگێتەوە.

**ژوورەکە**

ئێوارەیێ، دەرگەیەک، ژوورێکی تاریک، پەنجەرەیەک کە
ڕەش ڕەش دەبریسکێتەوە، چرایەک کە بەسەر کەڵەکە
کتێبەوە بێ تروکان نیگای بڕیوەتە فایلی کراوە، پەڕەی
زەردهەڵگەڕاو کە لەسەرخۆ دەجووڵێتەوە، پەڕەی
چەسپکراو کە پەڕەکانی دەکاتەوە، دێڕی شکاو، پشتی
ڕەش هەڵگەڕاو کە پرسیار و خراپ حاڵیبوون لە
نووستووەکە دەشارێتەوە... چەند سەعات لە تەنیایی و
چەند ساڵی وێرانیی خایاندووە تا لە ئاکامدا بگەیتە
ئێرە، ئەم ژوورە کە بێ دەنگی تێدایە، چەند ڕێگە بڕاوە،
ڕێبوارەکە بێهوودە چەند ڕێچکەی وێڵی تاقی کردۆتەوە؟
ئەو کە لەوێ دانیشتووە و بەسەر مێزدا چەماوەتەوە،
خەون بە چییەوە دەبینێت؟ پرسیار لەخۆی دەکات
بەختیاری چی لێ هات و لە کوێ نەما؟ لە بیاباندا بۆ
شوێن پێ دەگەڕێت؟ هێشتا چەماوە بەسەر گرێکوێرەی
بەختیاریدا، چەماوە بەسەر هیوای دەنکە زێڕی
بەختیاریدا، لمی بیابان بەنێوان پەنجەکانیدا دەڕژێت؟
ئەدی بەختیاری چییە؟
هێندە بەتەنیا لە ژوورەوە، هێندە بەتەنیا لە بێ دەنگیدا
خەون بە چییەوە دەبینێت؟ لە ئێستاوە غەریبی
چارەنووسی خۆی دەکات، لە ئێستاوە غەریبی خۆی
دەکات؟ – بەڵام ئەو دەستەی سەنگین کەوتووەتە سەر
پەڕێکی هەڵدراوە، تەنیا ئاماژە بە وشەیەکی بێ مانای
ئامرازی پێوەندی دەکات.... کاغەز لەسەر زەوی
پەرشوبڵاوە و شەوی دنیایش تاریک خۆی بەسەر
پەنجەرەدا نخوون دەکاتەوە، کە بێ گۆڕان چراکە وێنا
دەکاتەوە. لە دەرەوە تریفە ساردە و لەمێژیشە
مرۆڤەکان مردوون. ئیتر کەس لە دەرەوە نییە بیەوێت
مەتەڵی کەس هەڵبێنێت...
ڕێبوارەکەی لە ئاکامدا گەڕاوە، ئەوەی سەرئەنجام بێ ئەوی
تر بوو، دەتوانێت خەون بەچییەوە ببینێت؟
بەڵێ، وا درەنگە شەو، وا درەنگانێک لەسەر زەوی، لێرە
چ خەونێک هێشتا ماوە ببیندرێت؟

**شەوی زستان**

وا پەنجەرەیەک دەکوژێتەوە.
دەشتودەریش بە سێبەرە شینەکانییەوە بە ئەسپایی
کەمێک لە حەوشە نزیک دەبێتەوە...
ئەمشەو دارستان بە تیشکی ئەستێرە ڕووناکە... هەوا
سارد و سافە ئەمشەو...
هێشتا تووتکەکە لە دەرەوە دەنووسکێنێ، ڕەش وەک
ئەبەنووس لەناو بەفردا دەبریسکێتەوە...
ساتێک لەبەر دەرکە دەوەستم، پاییەکەم دادەگیرسێنم
و شتی زۆر کۆن و نوێم دێتەوە بیر – ئەم ناندینە تازەیش
بە بڵێسە بوو، تێیدا قاوەمان خواردەوە و ژێی
کەمانچەکانمان دانایەوە،
خەمی چاوە گەنم ڕەنگییەکانم لەبیرە
کە دەست بەسەریاندا دەهێنرا...

وەستاوم و گوێم لێیە چۆن دەوەرێت، دەنووزێتەوە و گۆرانی دەڵێت، چۆن لە دوورەوە بێ دەنگی بە دەنگی بەرزونەوییەوە وەرام دەداتەوە: کێ؟ لە کوێ؟ چی؟– لەم گۆرانییەشدا هەموو شتێک:
تەنیایی، ژیان و قەدەر، دڵەخورپە و تەنیایی هەیە.
بەسەر سەریشمانەوە هەموو ئەم عەدەمە بێ کۆتاییە بە ئەستێرە ڕۆشنەکانییەوە و هەموو شتێکیش کە ئێمەی سەگ و مرۆڤ تێیان ناگەین، خۆیان نووشتاندۆتەوە.
هەردووکیشمان غەریبی شتێک دەکەین لە شوێنێک هەردووکیشمان تەنیاین. «ڤاریۆ»ی من وەرە.
تووڵە سەگە بچکۆلەکەم، بە ئەستێرە وەڕیت؟
دێت و ڕامووسانێ دەکەین.

### هەر مرۆڤێک جیهانێکە

هەر مرۆڤێک جیهانێکە،
بوونەوەری نابینای لە ڕاپەڕینێکی دژواردا
دژی خود، ئەو شایەی کە حوکمیان دەکات، ئاوەدانیان کردووە.
لە هەر ڕوحێکدا هەزار ڕوح بەندە،
لە هەر جیهانێکدا، هەزار جیهان شاراوەیە و
ئەم نابینایانەش، ئەم جیهانە شاراوانەش
ڕاستەقینە و زیندوون، ئەگەرچی تەواو گەشەشیان نەکردووە،
هێندە ڕاستە وەک کە من حەقیقیم.
ئێمەی شا و میری ئەو هەزار جۆراوجۆرەی ناخیشمان،
خۆمان عەوامین، خۆمان لەناو بوونەوەرێکی گەورەتردا بەندین
هێندە کەم لە خود و ڕوحیان دەگەین،
وەک کە گەورەمان کەم لە هی گەورەی خۆی دەگات.
لە مەرگ و ئەشقی ئەوانەوە،
هەستەکانمان ڕەنگێکیان وەرگرتووە.

وەک کە کاتێک لە دوورەوە، لەبن ئاسۆدا،
کە لە زەردەپەڕی ئێوارەدا زۆر ڕۆشنە
کەشتییەکی هەڵمی گەورە ڕەت دەبێت – ئێمەیش پێی نازانین
هەتا لە کەنار گوژمی شەپۆلێک دەمانگاتێ،
سەرەتا یەکێک، یەکێکی تریش و زۆرتریش دێن و
هەرا و زەنایانە، هەتا هەموو شتێک وەکو جارانی لێ دێتەوە.
– بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێک جیاوازە.

ئیدی سێبەری نیگەرانییەکی سەیر دەمانهەژێنێت
کاتێک شتێک پێمان دەڵێ خەڵک گەشتی کردووە،
کە چەند کەسێک لەم هەمەڕەنگییە ئازادبووە.

### بۆت دەنووسم

لە وڵاتێکی دوورەوە بۆت دەنووسم.
ڕەنگی نییە
وێنەی نییە بتدەمێ
خەیاڵێکت ناداتێ بیر بکەیتەوە.
وڵاتێکی دوورە.
مرۆڤ چۆن دەگاتە ئەوێ؟
تەنیا بەوەی بە دوای ئەوێ بکەویت
بەڵام نەک بە خەیاڵ و مەزەندە،
ڕاویشی بنێیت بێ هوودەیە
بە ڕوواڵەت بێ هوودەیە:
بەوەی کە بەڕاستی لەگەڵ ئەوە بڕۆیت
کە بە ڕاستی هەتە
دەگەیتە ئەوێ.
بەوەی کە کیلۆمەتر لە دوای کیلۆمەتر و لە دوای کیلۆمەتر
خۆت لە دوای خۆت و لە دوای خۆت جێ بهێڵیت
خەڵک، بە خۆ لە دوای خۆ لە دوای خۆجێهێشتن
دەگاتە ئەوێ.

وڵاتێکی دوورە
لەوێ نزیکی نییە.
مرۆڤ بگاتە ئەوێ
ڕێک وڵاتێکی دوور دەبینێت
وڵاتێک کە دوورە.
لەوێ هیچ شتێکی تر نییە
بۆیە هەموو شتێک، شتێکی ترە.
لەوێ گیا دوورە و
ئەو چێڵانەی دەلەوەڕێن، دوورن
خانوو و کۆزەکان، دوورن
ئاخوڕەکان دوورن، بیرەکان زۆر دوورن.
هەموو شتێک دوورە – ئاو و شکایی،
زەوی و ئاسمان وەک یەکتری دوورن
تۆ خۆشت لەو کەسەی کە خۆشت دەوێ، دووریت.
بەڵێ وایە، ڕێک وایە
وڵاتێکە کە خاکە
کە وڵاتێکی دوورە، کە خاکە
کە وڵاتێکی دوورە.

### لەخۆمت دەکەمەوە

لەخۆمت دەکەمەوە
هەر لەبەر ئەوەی زۆر خۆشترە
لە ساتێکی تری شەیداییدا لە باوەشت بنێمەوە
کە – بەرگرییە: دوژمنی ڕوحمە
لە ژیان و هێزدا
– ناوت چییە؟
– ناوم ئازارە. ئەدێ تۆ؟
– منیش ناوم ئازارە
دەستت بێنە، دەیخوێنمەوە
– باشە، ئەگەر بهێڵێت یەک لە کەزییە ڕەشە درێژەکانت، لەناو دەستم بێت و تاڵەمووەکانی بژمێرم،
کە تۆ دەستم دەخوێنیتەوە.
– دەستت بێنە، بەو خێراییەی تۆ تاڵەمووەکانی کەزیم دەژمێریت،
من دەستت دەخوێنمەوە.

ئەوەتانێ! حوکمدانێک بەسەر کاتدا
قەت ناتوانیت تاڵەمووی هێندە زۆر و هێندە ڕەش لە یەکتری جودا بکەیتەوە.
– تۆش! ئەو نیشانەیەی ناو دەستم دەبینیت
کە کەسی تر نیەتی و
یەکسەر لێک دەدرێتەوە.
– لە خۆتم دوور بکەرەوە
دەزانم، ئەمە دەکەیت چونکە زۆر خۆشترە
لە ساتێکی تری ژیاندا
لە باوەشم بنێیتەوە
تۆ کە هێندە سەیر دەدوێیت
– ناوت چییە؟
– ناوم لەزەتە
ئەدی تۆ ناوت چییە؟
– منیش ناوم لەزەتە
– سەیر بکە، وەک ئەوەی تۆ من و خۆم بیت،
یان من تۆ بم
بە دڵنیاییەوە کەزیی ئەستوورم دەخەمە ناو دەستتەوە.
– لە پێشدا ناوت لە خۆت نا ئازار، پاشان لەزەت
خێرا بە! ناوی ترت هەیە؟
– بەڵێ
– ئایا دوو ناو کە ئاسەواری یەکتری دەبڕنەوە بەس نییە؟
دەبێ بەنا – لەزەت ناوت بەم.
ئەگەرنا ڕاست و لەڕاستیش ڕاستتر دەبوو.
دوو ئازار کە یەکتری دەبەن، لەزەتێک.

## لەسەر ڕێگە خوڵاوییەکەدا

لەسەر ڕێگە خوڵاوییەکەدا زۆر کەسم بینی
لە سەرەوە تا بنی پێیان باڵاپۆشی سپییان پۆشیبوو، بە ڕووبەندێک بەسەر دەمیانەوە.
ئەوان تەنیا چاو بوون.
منداڵێک لە ئامێز و بە دەستێکیشیانەوە بوخچە هەبا
بە چاوی بەشەرمەوە، گازیان لە باڵاپۆشیان دەگرت.
بەسەر پشتی هێسترێکەوە، ژنێکی ڕەشپۆشم بینی
لەناو هەردوولا، تێرکەکانی منداڵ هەبوون و پیاوەکەی ڕێشمەی گرتبوو.
ئاوڕی لە ڕێبوارەکە دایەوە و لەبیری چوو ڕووبەندی داداتەوە.
پیرەژنێکی بڕنێ(١) سوورم بینی، دوورکوژی نزیک خەسار
کە ڕەتبوو بەچەی بەسەر دەمی دادایەوە
کەچی پیر و ڕوو چرچ بوو. بوو بە تەنیا چاو.
ژنە هاوسێ لە ژنە هاوسێی پرسی، فاتیمەی تۆ چۆنە – ئۆ، نە باشە و نە خراپە! ژنە هاوسێ گوتی –
ئەوەی منیش نە باشە و نە خراپە.
چاوی فاتیمەیی و دەستی فاتیمەییم بینیوە
هەتا ڕۆژێکیان دەمی بە خەندەی فاتیمییەکم بەددانی بریسکاوەوە بینی.
منداڵی کەسێکی تری لە ئامێز بوو، ئەگەرچی خۆی دەی هەبوو
خەندەی ئەو پێی گوتم کە کەسێک هەیە
کەسێک کێیە ئەگەر هیچ کەس نەبێت.
سپی پۆشەکانن، ڕەشپۆشەکانن، سوورپۆشەکانن، خەندەی ڕوخساری دانەپۆشراوە
بە چرپە وەرامم دایەوە: هیچ کەس کەسێکە، تۆ چرای خۆتیت
بۆیە چرای خۆتت نەدۆزییەوە. ئێمە سێبەرین.

## ئەوەی دەیبینین، دەیبیستین، هەستی پێ دەکەین، بیری لێ دەکەینەوە

ئەوەی دەیبینین، دەیبیستین، هەستی پێ دەکەین، بیری لێ دەکەینەوە لە نیوەی گشت کەمترە
ئەوەی نایبینین، نایبیستین، هەستی پێ ناکەین، بیری لێ ناکەینەوە لە نیوەکەی تر زێترە
ژیان بە ڕەتبوون بەسەر پەتدا هێڵی نێوان هەردووکیانە.

هێڵی خەیاڵی نێوان نیوەی گشت و نیوەی گشت!
درزی بێ بایەخی زەوی! پەت کە نییە!
هەر بۆیە ڕۆژێک هونەرمەندە بە لەنگینەوەکەی لە ڕۆیشتن بەسەر پەتدا بەردەبێتەوە ناو هەردووکیان
ئەوەی دەیزانێت و ئەوەی نایزانێت.
لە ئاکامدا ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوە نییە کە هەیە، یان نییە
ئەوەی دەمێنێتەوە هەوڵدانە جوان و بێ هوودەکەیەتی
ئەو هەوڵدانە جوانەیە لە بە ئاگایی و بێ هوودەییەوە.

## هێندێک لە بارەی ژیانەوە دەزانم

هێندێک لە بارەی ژیانەوە دەزانم
بەڵام هیچ شتێک لە بارەی مەرگەوە نازانم.
بۆیە هێندەت لێ ڕادەمێنم ئەی مەرگ.
قەت ناتوانم لەمە ڕزگارم ببێت
کە هیچ لە بارەی ئەو تاکە شتەوە نازانم
کە دەمەوێ بیزانم
کەواتە، لە ڕاستیدا بێجگە لە مەرگ هەموو شتێکی تر بێ مەیلە بۆ من؟
تا ئەبەدیش من هیچ شتێک لە بارەی مەرگەوە نازانم.

## ئەی ئەرکیولۆگ

کە هەڵتدامەوە
سەیری ئەم کەللەسەرە
ئەم ڕیزە ددانە بە «ئەمەلگام» و زێڕە بکە
بەڵام ئەو خۆڵەی کە مێشک و خەیاڵەکانم بوو
ئەویان نابینیت –
تازە ویستم پێت بڵێم ددانەکانم،
دەمی کراوەم مانایان چییە و
هۆی ئەوەی وا منت دۆزییەوە
بەڵام ئەوە ناکەم
ناتوانم.

**(١) بڕنێ، (برنص) Bernous: ئەو جلەیە، کە وەک کەوا یەک پارچەیە و لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا، ژن و پیاو دەیپۆشن.**



# ١٩٨٥

**کاروان عومەر کاکەسوور**
**(دانیمارک)**

پێشکەشە بە گیانی (سائیب ئەکرەم)ی هاوڕێی سالّە خەمناکەکانی تەمەنم.

لە سالّی هەشتا و پێنجی سەدەی ڕابردووەوە ویستوومە لە دەرفەتێکدا ئەم چیرۆکە بنووسم، وا باشترە بلّێم بنووسمەوە، چونکە ڕووداوەکانی ڕاستەقینەن، بەلاّم نازانم بۆچی ڕێک نەکەوتووە... ئەمڕۆ ئەو هاوڕێیەی کە لەو سالّەدا بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاومەتەوە، ئیمەیلێکی بۆ ناردووم و لە شوێنێکیدا دەلّێ: «هەولّم داوە هەمموو بەرهەمەکانت پەیدا بکەم، بەلاّم نازانم بۆچی ئەو چیرۆکەم بۆ نادۆزرێتەوە!!... ئایا خۆت دەتوانی بۆمی بنێریت...؟!»... وای زانیوە من نووسیومە، بگرە بلاّویشم کردۆتەوە... ناهەقیشی نییە... من ئەوسا زۆر سەرسامیی خۆمم لە ئاستی ئەو بەسەرهاتەدا نیشان دا... تەنانەت بەو بۆنەیەوە داوام لێ کرد پێکەوە بچین لە ڕێستۆرانتێکی بەردەم زانکۆی مووسلّدا چێشتێکی جیاواز لە برنج و فاسۆلیا بخۆین، کە ببووە خۆراکی ڕۆژانەی خوێندکاران، بەو مەبەستەی ئەو ڕۆتینە تێک بشکێنین و زەوقێکی خۆشمان هەبێت، هەتا بتوانم بەچاکی سەرنجەکان یاداشت بکەم و دوایی لە کاتی دارشتنی ڕووداوەکاندا ئەو سەرنجانە لە بەرچاو بگرم... نایشارمەوە، پێچەوانەی زۆر لەوانەی کە لە حالّەتی پەشێوی و نائارامیدا دەنووسن، من هەمیشە حەز دەکەم لەو ساتەی خەریکی خوێندنەوە و نووسینم، لانی کەم زۆر پەست و خەمناک نەبم... وا هەست دەکەم بوونی ئازاری زۆریش بەقەدەر نەبوونی ئازار نەهامەتییە و دوژمنی خەیالّە... نازانم ئاخۆ من لەم ڕووەوە لەگەلّ بۆچوونی (شۆپێنهاوەر)م، یان دژیم، کە هەر ئەو سالّە لە مالّی قوتابییان خوێندمەوە و پێی وایە ئێمە تەنیا لە ڕێگای ئازار و نەبوونییەوە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین...!! واتە نووسەر لە کاتی ئازار و ناخۆشیدا دەتوانێت باس لە خۆی و لەو دنیایە بکات کە لەبارەیەوە دەنووسێت... هەرچی بێت، ئەمەیان نووسینەوەیە، نەک نووسین... با ئەوەندەش لقوپۆپ لە باسەکەم نەکەمەوە، چونکو هەر ئەو هاوڕێیەم دوای ئەوەی لە ئیمەیلێکدا پێم گوت، کە من لەبەر هەر هۆیەک بێت، هەتا ئێستا نەمتوانیوە ئەو چیرۆکە بنووسمەوە، بەلاّم بەلّێن بێت هەموو شتەکانی دیکەم بەلاوە دەنێم و خەریکی ئەوە دەبم؛ ئەم لە ئیمەیلی دووەمیدا داوای لێ کردم بە شێوازی چیرۆکەکانی دیکەم نەینووسم... مەبەستی ئەوەیە هێندە شت ورد نەکەمەوە و ئەو هەموو ڕێگومکەیە نەخولّقێنم...

وەک بڵـێی ویسـتـبـێـتی زیاتر جەخت لەسەر وشەی (ڕێگومکە) بکات، بۆیە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش لەنێوان دوو کەوانەدا نووسیویەتی (متاهە، Maze) لێرەدا دەبێت شتێکی زۆر گرنگ بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە ئەو هاوڕێیەم هەر لەو ئیمەیلەیدا نووسیویەتی: «خۆ بە سەریَ زۆرم پێ خۆشە هەتا ئێستا ئەو چیرۆکەت نەنووسیوەتەوە... وەکو خۆت دەزانی ئەوسا لەو ڕێستۆرانتە وا ڕێک کەوتین، کە بەهیچ شێوەیەک ناوی من نەهێنیت و تا ماوین نهێنی بێت لەنێوانماندا، چونکە ئەوە شتێک نەبوو بگێڕدرێتەوە... تۆ مەسەلە سیاسییەکە بخەرە لاوە کە ئەگەر پێیان بزانیمایە، پەتیان لە ملم دەنا، بەڵکو لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بخەرە بەرچاو... نا، من بەرگەی ئەو ئابڕووچوونەم نەدەگرت... بۆچی ئێستا دەمەوێ ناوی من و هەموو ئەوانەی دیکە وەکو خۆی بهێنیت...؟! چونکە ئەوە چەند ساڵە من بەهۆی بەسەرهاتێکی زۆر سەیرەوە سەرم هەڵگرتووە... باوەڕ بکە دایک و خوشکەکانیشم نازانن لە کوێم... بڕیارم داوە هەرگیز نەگەڕێمەوە، بۆیە هیچ باکم بەو ڕابردووەی خۆم نییە... با گەورە و بچووک بە نهێنییەکانی ئەوسام بزانن... گرنگ ئەوەیە ئێستا کەس نەمدۆزێتەوە... ئەگەر تۆ ئەو چیرۆکەت بەسەرکەوتوویی نووسییەوە، من بەڵێنی دوو شتت دەدەمێ، یەکەم: بەسەرهاتەکەت لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە، کە دڵنیام لە هەموو ژیانی خۆتدا ڕووداوی وات نە لە چیرۆکدا بیستووە و نە لە فیلمیشدا بینیوتە... دووەم: پێت دەڵێم من لە کوێم... کاتێکیش دەزانی من لە شوێنێکی ئاوام، تۆ بە درۆزنم لە قەڵەم دەدەیت، بەڵام من ئەوسا بە بەڵگەوە ئەمەت بۆ دەسەلمێنم... دەسا تۆ ئەم چیرۆکەم وەکو خۆی، بەبێ دەسکاری بۆ بنووسەرەوە، هەتا من لە پاداشتی ئەوەدا بەسەرهاتی سەرهەڵگرتنەکەمت بۆ بگێڕمەوە و شوێنی خۆشمت پێ بڵێم... ئا، شتێکی دیکەم ماوە بیڵێم... دەبێت هەر ئەمشەو چیرۆکەکەم بۆ تەواو بکەیت، ئەگینا ناتوانم ئەو پاداشتەت بدەمێ... دوایی دەزانی بۆچی وتوومە هەر دەبێت ئەمشەو چیرۆکەکەم بەتەواوکراوی پێ بگات... باوەڕت بێت، لەمەشدا شتێکی سەیر هەیە، کە دوایی هەستی پێ دەکەیت و چێژی دنیای لێ دەبینیت».

نایشارمەوە من بۆیە ویستم ئەو داوایەی بەجێ بهێنم، چونکە لە لایەک خۆم لە ئاستیدا بە کەمتەرخەم دەزانی، بەوەی ئەو هەموو ساڵە بەڵێنەکەم نەبردبووە سەر، لە لایەکی دیکەش بەڕاستی بەو قسانەی وای لێ کردم پەرۆشی زانینی بەسەرهاتە سەیرەکەی و ئەو شوێنە بم کە ئێستا خۆی تێدا حەشار داوە، چونکو من لەوە دڵنیا بووم کە نە درۆ دەکات و نە گاڵتە... هاوڕێی خۆمە و دەزانم ئەو شتانەی لێ دەوەشێتەوە... لەبەر ئەو دوو خاڵە ویستم ئەو چیرۆکەی وەکو خۆی بنووسمەوە، ئەگینا هەرگیز حەز ناکەم بەسەرهاتەکان بەشێوازی ڕاستەوخۆ بگێڕمەوە... هەرچەندە دەزانم هەر ئەمە وای کردووە بەشێکی زۆر لە خوێنەران لێم تێنەگەن، بگرە سێ چوارێک لەوانەی دوور و نزیک ئاگایان لە ڕەخنەی ئەدەبی نییە، نووسینەکانم بە وڕێنە بزانن، لە کاتێکدا هەر ئەوانە بە باڵای هەندێک چیرۆکنووسدا هەڵدەڵێن کە بابەتەکانیان زۆر سادەن و هەر کاتێ بمەوێت، دەتوانم بەو شێوازە بنووسم... بەو هاوڕێیەمم گوت منیش مەرجم ئەوەیە، ئەو چیرۆکە تەنیا بۆ خۆی بێت و بڵاوی نەکاتەوە، کەچی ئەو ئاوا وەڵامی دامەوە: «جا ئەمە تامی چییە...؟! بۆ تۆ نازانی ئامانجی هەموو گێڕانەوەیەک، ئاگادارکردنەوەی ئەوانی دیکەیە لە بوونی خۆمان...؟! تۆ بەهیچ شێوەیەک باسی ئەمە نەکەیت...!! چونکە بەشێکی ئەوەی کە وتم هەر دەبێت ئەمشەو چیرۆکەکەم پێ بگات، پێوەندی بەمەوە هەیە، بەڵام لەوە زیاترت پێ ناڵێم»... خەریک بوو بۆی بنووسم مادام تۆ ئەمە دەزانی، بۆ خۆت بەسەرهاتەکە ناگێڕیتەوە، بەڵام دەمزانی بەوە تووڕە دەبێت و ئەوسا دوور نییە کۆڵی ئەوەشم پێ دەر بکات کە ئەو هەموو ساڵە من بەڵێنەکەم نەبردۆتە سەر... بێگومان لەو حاڵەتەدا منیش دوو شتی تا بڵێی گرنگی ئەوم لە دەست دەچوو... ناشزانم مەبەستی چییە، کە دەڵێ: «هەر دەبێت ئەمشەو چیرۆکەکەی پێ بگات»...!!

سەرەتای تێکستەکە زۆر ماندووی کردم... نەمدەزانی بە چ ڕستەیەک دەست پێ بکەم... من خۆم هەمیشە ترسێکی گەورەم لە دەستپێک هەیە... زۆر جار وا ئەمە دەهێنمە بەرچاوم کە ڕێگایەکی سەختم بڕیوە و گەیشتوومەتە بەر دەرگای ماڵێک لەو ماڵانەی مرۆڤ تەنیا لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا دەتوانێت بیانهێنێتە بەرچاو... هێزم لێ بڕاوە... سکم لە برسان قوڕەی لێوە دێت و پێیم هەلاهەلایە، چونکە پێڵاوەکانم بەرگەی ئەو ڕێگا سەختەیان نەگرتووە و دڕاون... هەر پارچەیەکیان لە شوێنێک جێ ماوە... هەزاران کلیلم پێیە و تەنیا یەکێکیان ئەو دەرگایەی پێ دەکرێتەوە... دەنگێک پێم دەڵێ: «هەر یەک جار بۆت هەیە کلیلێک هەڵبژێریت و بیخەیتە ناو ئەو کێلۆنەوە... ئەگەر توانیت بیکەیتەوە، باشە، ئەگینا تۆ بۆ هەتاهەتایە لەو ماڵە بێ بەش دەبیت و دەبێت بەهەمان ڕێگای خۆتدا بگەڕێیتەوە»... گەڕانەوەی چی...؟! چاک دەزانم توانای یەک هەنگاوی دیکەم نییە و لەو بەردەرگایە گیانم دەردەچێت... ئەمە هەستی منە لە بەرانبەر دەستپێکدا، جا چۆن لە سەرەتای ئەم چیرۆکە نەترسم، کە لەسەر خواستی یەکێکی دیکە دایدەڕێژم و ئەگەر بەدڵیشی نەبێت، دوو شتی زۆر گرنگم لە دەست دەچێت...؟!

هەر چۆنێک بێت نووسیم: «تۆ بەتەنیا لە بەرانبەر پەنجەرەی هۆڵ وەستاویت... لەو بەرزاییەوە دەڕوانیتە ناو گۆڕەپانەکەی کۆلێج، کە لێرە و لەوێ کچ و کوڕ یان وەستاون، یان پێکەوە پیاسە دەکەن... (ئەمەل ئەلفەلەکی) دەرفەت دەهێنێت و پێت دەڵێ:
- گوێ بگرە... چەند قسەیەکت بەخێرایی بۆ دەکەم و دەڕۆم، بەڵام یەک کەس بزانێت ئەمانەت لە دەمی منەوە بیستووە، خۆت لەم دنیایە نابینیتەوە.
بوارت نادات دەم بکەیتەوە و ئەمانەشی دەخاتە سەر:
- تۆ لەژێر چاودێری دایت...!!».
کاتێ ئەم پەرەگرافەم نووسی، بە پێویستم زانی بۆی بنێرم، بەو مەبەستەی بزانم ئاخۆ ئەگەر بەم شێوەیە بەسەرهاتەکە بگێڕمەوە، بە دڵیەتی... ئەو لە وەڵامدا ئاوای بۆ نووسیوم:
«ناڵێم خراپە، بەڵام ئەم یەک دوو تێبینییە دەخەمە بەرچاوت:
من لە بەرانبەر پەنجەرەی هۆڵ نەوەستا بووم، بگرە ئەوسا هەر لە هۆڵی خوێندن نەبووم، بەڵکو لەژێر درەختەکانی پشت ڕێستۆرانتی زانکۆ بەدەم پیاسەوە گۆرانیم دەوت... دەبێ باسی پیاسە و گۆرانی بکەیت، چونکە من تەنیا ئەو کاتانەی خەفەتم هەیە، پیاسە دەکەم و گۆرانی دەڵێم... خۆشت دەزانی من ئەوسا بە چ دەردێکی گەورەوە دەتلامەوە، کە ئەگەر باسی ئەمە نەکەیت، وەکو ئەوە وایە بەسەرهاتەکەت بەنیوەچڵی گێڕابێتەوە... کاتێکیش ناوی (ئەمەل ئەلفەلەکی) دەهێنیت، گوایە لە ڕێگای ئەوەوە زانیم من لەژێر چاودێری دام، ئەوا زۆر گرنگە هەر لە سەرەتاشەوە خوێنەر بزانێت ئەو کچە خۆی ڕاستەوخۆ سەر بە ئەمنی زانکۆ بوو... تکایە وشەی (ئەمن) مەکەرە (ئاسایش)، چونکە بە بڕوای من بە وەرگێڕانی، ماناکەی دەگۆڕێت... یەک تێبینی دیکەشم هەیە، ئەویش ئەوەیە، یان نابێت بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک چیرۆکەکە بگێڕیتەوە، یان کاتێ بەو ڕاناوە دەیگێڕیتەوە، دەبێت هەر لە سەرەتاوە، لەپێش ڕستەی (تۆ بەتەنیا لە بەرانبەر پەنجەرەی هۆڵ وەستاویت)دا ناوم بنووسیت».
نایشارمەوە بەو چەند تێبینییە زۆر پەست بووم، چونکو ئەوسا تەواو هەستم کرد، کە ئەو هاوڕێیەم لە نووسینەوەی ئەو بەسەرهاتەدا هیچ سەربەستییەکی پێ ڕەوا نەبینیوم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ددانم بە خۆمدا گرت و لەژێر ڕۆشنایی تێبینییەکانیدا پەرەگرافەکەم گۆڕی، تەنانەت ناویشیم لە سەرەتای ڕستەی یەکەمدا نووسی... ئەوەندە هەیە باسی ئەو دەردەم نەکرد، کە ئەوسا پێوەی دەتلایەوە و بە پێویستم زانی بیخەمە کۆتایی چیرۆکەکەوە، نەبادا خوێنەر هەر لە سەرەتاوە بەشێکی نهێنییەکانی بۆ دەربکەوێت و بەهەمان گەرموگوڕی و پەرۆشییەوە تێکستەکە نەخوێنێتەوە... ئەگەرچی دەمزانی ئەوە ڕیسکێکی گەورەیە... دوور نییە لێم تووڕە بێت و وەکو سزایەک، نە بەسەرهاتی سەرهەڵگرتنەکەیم بۆ بگێڕێتەوە و نە شوێنەکەیم پێ بڵێ، بەڵام قیرسیام لێ کرد و لەمەیاندا گوێم بە ڕێنماییەکانی ئەو نەدا... دوای دەسکاری کردنی ئەو سەرەتایە، بەشێکی دیکەم بۆ نووسی، کە ئەمەی خوارەوەیە:
«هەست دەکەیت تۆ لە بەردەم مەترسییەکی گەورە دایت... نازانی ئاخۆ ئەوەی ئەو کچە پێتی دەڵێ، هەر خۆی بەشێکە لەو پلانەی بۆیان داناویت، یان لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەیەوێت ببێتە فریادڕەسێک و تۆ لەو مەرگە ناکاوە ڕزگار بکات... پێت دەڵێ:
- بە وریایی دوام بکەوە و نەهێڵیت هیچ بوونەوەرێ هەستمان پێ بکات... لە بەردەمی هەر یەکێکدا قەڵەمەکەمم فڕێدایە سەر زەوی، ئەوە ئەو کەسەیە کە بۆیان داناویت و لەم ڕۆژانەدا بە بیانوویەکەوە خۆیت لێ نزیک دەکاتەوە... بۆ زانینت هاوزمانی خۆشتە...!!».
ئەو هاوڕێیەم زۆری پێ خۆش بوو، کە من سەرنجەکانیم بە هەند هەڵگرتووە و بەسەرهاتەکەم بەو سادەییە و ڕێک وەکو خۆی گێڕاوەتەوە، بەڵام هەم لە پێشەکی و هەم لە کۆتایی ئیمەیلەکەیدا نووسیوبەتی: «تکایە وەکو پێشتر پێم وتی هەر لە سەرەتاوە باسی ئەو دەردە بکە، کە من ئەوسا پێوەی دەتلامەوە، چونکە خۆت دەزانی بەبێ ئەوە، چیرۆکەکە ناتەواوە... ئەگەر بیرت نەماوە، ئەوا خۆم بیرت دەخەمەوە، هەرچەند باوەڕ ناکەم هەرگیز بیرت چووبێتەوە... ئایا ئەمە شتێکە، بەئاسانی بیر بچێتەوە...؟!».
بڕیارم دا ئەم جارە هەتا هەموو بەسەرهاتەکە نەگێڕمەوە، بۆی نەنێرم و سووریش بووم لەسەر ئەوەی کە ئەو دەردەی ئەم ئەوسا پێوەی دەتلایەوە، بیخەمە کۆتایی، چونکو من خۆشم چاک دەناسم، ئەگەر لە هەر کارێکدا هەندێ سەرپێچی نەکەم، ئەوا ناتوانم لەگەڵی بەردەوام بم، هەتا سوور بشزانم زیانێکی زۆرم پێ دەگات... هیواشم خواست کاتێ چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، بەچاکی لەوە تێبگات بۆچی نەمویستووە لە سەرەتاوە بە لای ئەو باسەدا بچم.
نازانم چیرۆکنووسانی دیکە کاتێ لەبارەی بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە، یان نیمچە ڕاستەقینەوە دەنووسن، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەکەن و چ کەشوهەوایەک بۆ خۆیان دەخوڵقێنن، بەڵام من هەموو هەوڵێک دەدەم باوەڕ بە خۆم بهێنم، کە هێشتا لەو کات و شوێنەم... مەبەستم کات و شوێنی بەسەرهاتەکەیە... کۆمەڵێ فێڵم دۆزیوەتەوە و ئەوانە یارمەتیم دەدەن، هەتا ئێستام بیر بچێتەوە و وا بزانم هێشتا لەوێم... واتە لەناو

گەرمەی ڕووداوەکانی ئەوسام... مۆبایلەکەم دەکوژێنمەوە و فـیـشی تەلەفـۆنەکـەم دەردەهێنم، نەبادا دەنگێک لەم دنیـایەم دەربهـێنێت... کـەمێ وێسکی، یان ڤـۆدگـا دەخـۆمـەوە، بەبێ ئەوەی بهـێـڵم بگەیەننە حـاڵەتی مەستی... گوێ لەو گـۆرانییانە دەگرم کە ئەوسا باویان بوو، چونکو هیچ شتێ وەکو گۆرانی ناتوانێت بۆ ڕابردووم بگەڕێنێتەوە... لەمەشدا هەر پەنام بۆ ئەو فێلانە برد... ویسـتم وا باوەڕ بە خـۆم بهـێنم، کـە ئێـسـتـا سـاڵی (١٩٨٥)ە و من لە قۆناغی یەکەمی کۆلێجم... حەفتەی پێشـوو (بۆتان ڕەشـاد)ی هاوڕێی منداڵیم لە فـرانسـاوە بەسـەردان هاتە لام و دوو بوتڵ واییینی ئێجگار نایابی بۆ هێنام... دانەیەکمان ئەوسا هەر بەدەم گفـتوگۆوە نۆشی، بەلام دانەیەکمان هێشتەوە، چونکە بۆ شەوی دواتر حەزم دەکرد ئەویش خـواردنەوەکـانی ئێـرە تام بکات... هەردوو شـەوەکـە بە یادگـارییـەکـانی خـۆمـاندا دەچووینەوە... بەردەوام باسی ئەو ڕۆژانەمان دەهێنایەوە گۆڕێ کە هەم لە گـەڕەک و هەم لە زانکۆ بەسـەرمـان بردبوون... شـەوی دووەم (بۆتان) هەر زوو بەو وێسکیـیـە مـەست بوو... وتی:

– پێشان تەنیا زەمەن لە ئێمە تێدەپەڕی، بەلام ئێستا ئێمەش لەو تێدەپەڕین... دەتوانم بڵێم خێرایی ئێمە دەیان جار لە خێرایی زەمەن گەورەترە... ئەرێ تۆ بیرتە کاتێ باران دەباری، نەماندەتوانی لە جۆگەلە باریکەکەی سەر ڕێگای قـوتابخـانە بپـەڕینەوە، چونکە قـاچە کـورتەکـانمان نەدەگـەیشـتــە ئەوبەر و دەترسـاین ئاو ئەو جـەسـتــە بچکۆلەیەمان ببات...؟!

من بەدەم خواردنەوەی وێسکییـەکەوە بزەیەکم بۆ کرد و ئەو بەو سەرخۆشییـەش دەیزانی کە چ ترسێکی گـەورەم لەپشت ئەو بزەیەوە شـاردۆتەوە... ئینجـا ئەم لەسـەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– وا دەزانم دوێنێـیـە، کـاتێ لە مـووسڵ دەچووینە هەر بارێک، بەهۆی منەوە دەربان دەکـــردین، چونکە وایان دەزانی منداڵم... ناسنامەی کۆلێجیشم پیشان دەدان و باوەڕیان پێ نەدەکـردم... لە بیـرتە ئەو ڕۆژە لە چەند بارێ دەرکراین...؟! ناچار، چووین هەندێ بیـرەمـان کـڕی و بۆ مـاڵی قوتابییانمان بردەوە کە ئەوسا لە دەواسە بووین... بیانگرتینایە، بەبێ یەک و دوو سزایەکی توندیان دەداین.

هیـچم نەدەوت و بەردەوام سـەرنجم لە سـیـمـای دەدا، چونکو لە زووەوە دەزانم، کە (بۆتان) کـاتێ بەسەرخۆشی دەدوێت، تۆنی دەنگی دەگـۆڕێت و من چێـژێکی سـەیر لە وتە و جـوولەی لەشی دەبینم... ئەو بە سرووشـتی خـۆی زۆر نا، هەندێک، شەرمنە، ڕەنگە لەچاو من و هاوڕێیانی دیکەی گـەڕەک وابێت، بەلام لە کـاتی خـواردنەوەدا ئەو شەرمەی دەشکێت و دەبێتە کەسێکی دیکە... ماوەیەک بێ دەنگ بوو و دوایی لەناکاو وتی:

– تۆ ڕۆمـــــانی (١٩٨٤)ی (جـــــۆرج ئۆروێـڵ)ت خـوێندۆتەوە و دەزانی کـە ویسـتـوویەتی بەشـێـوەیەکی میـتافۆرییانە باس لە حزبی دەسەلات بکات کە چۆن وەکو براگەورە (Big Brother) دەمانچەوسێنێتەوە و ئاگای لە ورد و درشتی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانمانە، تەنانەت دەڵێ: هیـچ شـوێنێک نییـە، تۆ تێیـدا سـەربەست بیت، بێجگە لەو چەند سانتیمەترە چوارگۆشەیەی ناو سەرت، بگـرە براگـــەورە دەتوانێت لە ڕێگای دەربڕینەکــــانی دەمـوچاوتەوە، هەست بەوێش بکات... ئەمـە کـورتەی ڕۆمـــانەکـــەیە، بەلام بە بڕوای من (جـۆرج ئۆروێڵ) لە خێرایی کات ترساوە، بۆیە ئەو ڕۆمانەی نووسیوە... ئەو ساڵی (١٩٤٨) نووسیویەتی و ناویشی ناوە (١٩٨٤).

وەک بڵـێی بیـەوێت من لەناو ئەو بێ دەنگییـە بێنێتـە دەرێ، وتی:

– خـۆزگـە تۆش ڕۆمـانێکت دەنووسی و ناوت لێ دەنا ١٩٨٥، چونکە تۆش وەکـــو من زۆر بیـــری ئەو ســـاڵە دەکەیت... وایە...؟!

تا ئەو کـاتە من نەمـدەویست زۆر بخـۆمـەوە، نەبادا مەست ببم و ئاگام لە وتە و جوولەکانی (بۆتان) ببڕێت، وەکو پێشتر وتم چێژی بێ ئەندازەیان لێ دەبینم، بەلام بەو قـسـەیەی هەژاندمی... پێکێکی دیکەم لەو وێسکیـیـە هەڵدا کە لێرە فێری ئەوە بووم یەک دڵۆپ ئاوی تێنەکەم، بەڵکو هەر بە سـادەیی بیـخـۆمـەوە... چەند جارێ لەبەر خۆمەوە وتم:

– هەشتا و پێنج...!!

بەڕاسـتی ئەو ژمـارەیە دەنگدانەوەیەکی سـەیری لە گـوێچکەمـدا هەیە... ئایا من لەو سـاڵەدا ئاسـوودە بووم...؟! حـەزم لە خـوێندن و لە ئێـتـمـۆسـفـێـری زانکۆ بوو...؟! دڵم بە شـــاری مـــووسڵ دەکـــرایەوە...؟! هەرگیز...!! حەفتەی دوو ڕۆژم هەر لێ دەدا... زۆر جار لە چوارشەممەوە دەگەڕامـەوە هەولێـر و یەکشەممە بەوپەڕی بێـزارییـەوە دەچوومـەوە... بیـرمـە لە سکرتارییـەتەوە بە نامەیەک کەسوکارمیان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر وا بڕوات، لە زانکـۆ دەردەکـــرێـم... چەندیـن جـــاریش بەهـۆی خوێندنەوەی کتێبی دیکەوە، نەدەچوومە دەوام... بۆ نموونە کـاتێ دەسـتـم دایە خـوێندنەوەی ڕۆمـانی (کـاتژمـێـر بیستوپێنج)ی (کۆنستانتین جۆرجیۆ)، نەمتوانی جێی بهێڵم و لە تاقیکردنەوەی (مێژووی عێراقی کۆن) کە بە زمـانی ئینگلیـزی دەمـانخـوێند، ئامـادە نەبووم... مـاڵی (فرسەت ڕۆژبەیانی)ی هاوڕێم ئاوا بێت، کە هەمیشە لە کاتی تاقیکردنەوەکـاندا یارمـەتی دەدام و موحازەرەکـانی خـۆی دەخسـتـە بەردەستم، ئەگـینا یەک قـۆناغـیـشم بۆ نەدەبڕدرا... ئەدی ئەگـەر من ئەو ساڵەم بەو شێـوەیە لەو

زانکۆیە بەسەر بردبێت، بۆچی ژمارە هەشتا و پێنج هێندەی کار لێ کردووم و یەخەم بەرنادات...؟! ئەو شوێنە بۆ ئاوا تەفرەم دەدات...؟! ئەو شەوە زانیم کە (بۆتان)یش هێشتا سیحری ئەو ساڵە بەری نەداوە، تەنانەت بۆم دەرکەوت هەر بەو مەبەستەش هاتۆتە سەردانم، هەتا ئاوا یادی هەموو ساتەکانی مووسڵ بکەینەوە کە لە لایەک چێژمان پێ دەبەخشێت و لە لایەک ئازار... نابێت شتێکی دیکەم بیر بچێت، ئەویش ئەوەیە، هەم (بۆتان) و هەم منیش، بەبێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت، ساڵی هەشتا و شەشیشمان تێکەڵی هەشتا و پێنج کردووە... بەشێک لەو بیرەوەرییانەی دەمانگێڕانەوە، هی ساڵی هەشتا و شەش بوون، کەچی بە هی هەشتا و پێنجمان دەزانین... تۆ بزانە یادەوەری چ بەڵایەکی گەورەیە...!! چ دیکتاتۆرێکی دڕندەیە...!! باسی هەموو ئەو هاوڕێیانەمان کرد، کە ئەوسا لەگەڵمان بوون، تەنانەت ئەوانەی هەرگیز چارەیانمان نەدەویست... بە کونوکەلەبەری هەموو ئەو شوێنانەدا چووینەوە کە ئەوکات یەک تۆزقاڵ جوانیمان تێدا نەدەبینین... لەپێش هەموویانەوە ڕێستۆرانت و کافتریاکەی زانکۆ کە زۆربەی کات گۆرانیی (باخی گوڵان)ی (ڕەزازی) و (شێخ فەتاح، شێخ محێدین)ی (میدیا حسێن)ی هونەرمەند لەو مایکرۆفۆنانەیەوە دەبیستران... ئینجا بەردەمی زانکۆ و شەقامی دەواسە تا دەگاتە بابلتۆپ، کە لەوێ سواری پاس دەبووین و بۆنی لحم بالعجین (خۆمان وەکو کۆبییەکان نانی دادەمان پێ دەوت)؛ لیکی دەخزاندە دەممانەوە... تەنانەت ئەو کازینۆیەشمان بیر نەچوو کە هەر لەو شوێنە کرێکارە میسرییەکان هەتا درەنگی شەو لێی دادەنیشتن و گوێیان لە گۆرانییەکانی (ئوم کەلسوم) دەگرت... ئینجا شەقامی کتێبخانەکان، کە ئێواران لەوێ یەکمان دەگرتەوە و بەدەم گەڕان لە کتێب، گفتوگۆمان دەکرد... (بۆتان) زۆر لە من چاکتر ناوی کەسەکان و شوێنەکانی بیر دەهاتەوە... لە هەمووی سەیرتر، ڕووداوە ناخۆشەکانیشی بەشێوەیەک دەگێڕایەوە، وەک بڵێی داخیان بۆ هەڵکێشێت و حەز بکات دووبارە ببنەوە... ئەوسا (سائیب ئەکرەم)ی هاوڕێی کۆچکردوومم بیر دەکەوتەوە کە لە سەرەتای هەشتاکان، لە گەرمەی جۆشوخرۆشی سیاسەت و حیزبایەتیدا ڕەخنەی لێ دەگرتین و دەیوت ئێمە هەرگیز بۆ ئەوە خەبات ناکەین، هەتا ژیانێکی نوێ بێنین وەکو لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکانماندا نووسراوە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە، تەنیا بەو مەبەستە دەستمان بەو بیروباوەڕانەمانەوە گرتووە، هەتا نەهێڵین ڕابردوومان بشێوێت و لێی دابڕێین... دەیوت گرەوتان لەگەڵ دەکەم چەند ساڵێکی دیکە هەموو ئەو شتانەتان خۆش دەوێت، کە ئێستا ڕقتان لێیانە... بە گاڵتە پێی دەوتین ترسی هەیە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانەی بۆ قادسیە وتراون و ئێستا ڕقمان لێیانە، ڕۆژگارێک بۆیان بگەڕێینەوە و بەسۆزێکی گەرمەوە گوێیان لێ بگرین... هەرچەند ئەمەی لە شێوەی گاڵتە دەردەبڕی، بەڵام دڵنیام ئەگەر لەوە نەترسایە کە پەلاماری دەدەین و بە ترسنۆک و ڕەشبین تۆمەتباری دەکەین، بەتایبەتی ئەو کوڕی خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، ئەوە زۆر ڕاشکاوانەتر لەگەڵمان دەدوا... خۆ جارێکیان لە (پارکی ڕووناکی) کە زۆربەی کات لەوێ کۆ دەبووینەوە و گفتوگۆمان دادەمەزراند، وتی دروستبوونی دیکتاتۆر لە ڕۆژهەڵات بە پلەی یەکەم پێوەندی بەو سۆزە گەورەیەی ئێمەوە هەیە بۆ ڕابردوو، چونکە دیکتاتۆر دڵسۆزترین و ڕیاترین پاسەوانی ڕابردوومانە... دەیوت دیکتاتۆر ئەگەر لە پێنج شەش ساڵی تەمەنی نەڕووخا، ئەوا دواتر بەزەحمەت دەڕووخێت، چونکە هەتا کۆنتر بێت، چاکتر ڕابردوومان دەپارێزێت و کەمتر دڵمان دێت لە دژی بوەستینەوە.

ئەو شەوە (بۆتان) زیاتر لە جارێک ناوی (سائیب ئەکرەم)ی هێنا... ڕۆژی ڕاپەڕین، کاتێ گوللەیەک بەر (سائیب) دەکەوێت و بریندار دەکات، (بۆتان) چەند مەترێک لێیەوە دوور دەبێت... دوایی یەک دوو دڵۆپ فرمێسکم بە چاویەوە بینی... زانیم بۆ مەرگی ئەو هاوڕێیەمان دەگری کە لە ڕێگای قاچاغی نێوان تورکیا و یۆناندا گیانی سپارد... جا تۆ بڵێ (بۆتان) ئەو دوو ڕۆژەی لای من مایەوە، باسی کێی نەکرد...!! ئەو هاوڕێیەشمانی بیر نەچوو کە من لە هەشتا و پێنجی سەدەی ڕابردووەوە بەنیازم بەسەرهاتەکەی بنووسمەوە، بگرە ئەم بەشی شێری لە گێڕانەوەی ئەو یادگارییانەدا بەرکەوت... بەڵام ئێستاش بە لامەوە سەیرە چۆن (بۆتان) ئەوەی نەبیستووە... بەردەوام لە خۆم دەپرسم: ئاخۆ ئەو هاوڕێیەمان ئەو بەسەرهاتەی هەر بۆ من گێڕاوەتەوە و نەیویستووە کەسی دیکە بیزانێت...؟! دەتوانم بڵێم بەڵێ، هیچ نەبێت پێش ئەوەی سەر هەڵبگرێت، چونکو هەندێ شتی تێدایە کە هێشتا کۆمەڵگای ئێمە لە توانایدا نییە بەئاسایی وەریان بگرێت... لێرەدا خاڵێک هەیە، ناکرێت بیری لێ نەکەمەوە... ئەویش ئەوەیە تەنیا چەند ڕۆژێک دوای سەردانەکەی (بۆتان)، ئەو هاوڕێیەم ئیمەیلی بۆ ناردم و ئەم باسەی هێنایەوە گۆڕێ... ئەمە تەنیا مەراقێکە و دەمەوێ بیزانم، ئەگینا هیچ لەوە ناگۆڕێت کە من پێم خۆش بێت یان ناخۆش، هەر دەبێ ئەم بەڵێنەم بەرمە سەر و چیرۆکی ئەو هاوڕێیەم بنووسمەوە... نەمدەویست لەناو ئەو خەیاڵانە بێمە دەرێ، چونکە دەمزانی لە نووسینەوەی چیرۆکەکەدا یارمەتیم دەدەن... ئینجا سەری وایینە فرانسییەکەی (بۆتان)م هەڵپچڕی... ماوەیەک سەرنجم لەو تەپەدۆرە درێژکۆلەیە دا کە بەهۆی

ئەو کلیلە تایبەتەوە لەناو دەمی بوتڵەکە هاتە دەرێ و بە ڕەنگی وایینەکە سوور ببوو... دەمویست لە ڕێگای ئەو دیمەنەوە کۆمەڵێک شت بیری خۆم بهێنمەوە... ئەمە بەشێکە لە شێوازی ئیشکردنی من، کاتێ خەریکی نووسینی چیرۆکم... باوەڕێکی سەیرم هەیە، نازانم لە کوێوە پێم گەیشتووە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە ناسیومە و لەوەدا کورت دەبێتەوە کە سەرجەمی ئەو شتانەی بەدرێژایی ژیانم هەم بینیومن و هەم بیستوومن، هەمیشە لەگەڵمدان و بۆ ساتێ لێم جیا نابنەوە، بەڵام ئەوانە بۆ شتی دیکە گۆڕاون و لە ئەنجامی سەرنجدانی قووڵەوە دەیانناسمەوە... بۆ نموونە دەشێ ئەو تەپەدۆڕەی ڕەنگی وایینە سوورەکەی گرتووە، شەبزووی ئەو مراوییانە بێت، کاتێ بەتوندی لە کۆمی مێیەکانیان دەنان و بەخاوی دەریان دەهێنان... ماوەیەک دەجووڵانەوە و ئینجا دەچوونە ژوورەوە... ئەوسا من لە قەراغی ئەو گۆمەی لە ئاوی باران پێکدەهات، دەوەستام و سەرنجم لێ دەدان... کچێکی هاوتەمەنی خۆم بەو سەرمایە بە پێی پەتی دەهاتە ئەوێ و جار جار بەردی بۆ ناو گۆمەکە هەڵدەدا، چونکو زۆر چێژی لەو بازنانە دەبینی کاتێ لە سەر ڕووی ئەو ئاوە پێکیان دەهێنان... بازنەکان بەدەوری خۆیاندا دەکشان... هێندە دەکشان، تا هێزیان لێ دەبڕا و دەتوانەوە... ئەو کیژە، کە دوایی زانیم ناوی (ئاواز)ە، تەنیا نیوەڕۆیەکیان بە نەعلەوە هات، ئەویش ئاو هەر دوو تاکەکەی یەک لە دوای یەک برد... لە من ڕادەما، وەک بڵێی وای زانیبێت، ئێستا خۆم هەڵدەدەمە ناوی و بۆی دەهێنمەوە، بەڵام من بەڕاستی لە خوڕەی ئاوی ئەو جۆگەیە دەترسام، کاتێ لە گەڕەک و گوندەکانی ئەوبەرەوە دەهات و دەڕژایە ناو گۆمەکەوە، کەچی ئەم لە قەراغی دادەنیشت و قاچەکانی دەخستە ناویەوە... دوایی من زانیم چاوەڕێی گەڕانەوەی دایکی دەکات... باوەڕی وایە ئەو ئاوە دەیهێنێتەوە... ئەو جارە پێی وتم:

– من دەڕۆم... ئەگەر دایکم هاتەوە، پێی بڵێ تازە ئاواز ڕۆیشت، بەڵام زوو دێتەوە... باشە ئاقڵ...؟! با لێرە دابنیشێت... ئێ...؟! خۆم دێم، دەستی دەگرم و دەیبەمەوە... پێی بڵێ باوکم هەر ڕۆژی یەکەم ئاوا زۆر تووڕە بوو، ئەگینا ئێستا باشترە... بیرت نەچێت، وای پێ بڵێ... باش...؟! بەس وای ئەو ڕۆژە چەند تووڕە بوو کوڕەکە...!! خەنجەری لە قەدی نوێنان دەرهێنا و وتی هەردووکیان دەکوژم... خۆ ئەمەی بە من نەوت... نا، بە خۆی وت... جنێوی بە دایکم و بە مامە نادر دا و چووە دەرێ... وای من چەند گریام کوڕەکە...!! ئەو شەوە باوکم نەهاتەوە و من بەتەنیا لە ژوورەوە هەڵدەلەرزیم... تاریک تاریک بوو...!! نەشمدەزانی چراکە دابگیرسێنم.

من لەو پێیە قوڕاوییانەی ڕادەمام و هیچ لەو گوتانەی تێنەدەگەیشتم... ئەویش بەبێ ئەوەی ڕووی لە گۆمەکە وەربگێڕێت، بەردەوام بۆم دەدوا:

– بەیانی باوکم هاتەوە... من لەسەر لبادەکە خەوم لێ کەوتبوو، بەڵام لەگەڵ دەنگی پێی ئەو بە ئاگا هاتمەوە... چەند جارێ سەری خۆی بە دیواری ژوورەوەدا کێشا... وای چەند قایم پێیدا کێشا و منیش چۆن ترسام...!! نەمدەوێرا پرسیاری دایەی لێ بکەم... دوایی دادە ئاشووری دراوسێمانم بینی و لەوم پرسی: ئەرێ دایە دێتەوە...؟! دادە ئاشوور وتی: ئا، دێتەوە... ئاوی باران دەیهێنێتەوە... بڕۆ لەسەر ئەو جۆگەیە دانیشە و چاوەڕێی بکە...!!

ئینجا (ئاواز) ڕووی لە من وەرگێڕا... ئەوسا ئەو تۆقەیەم چاکتر بینی، کە لە مووررووی گەورەی سوور دروست کرا بوو و لەدواوە قژە خاوەکەی پێ بەستبوو... ئەو تۆقەیەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە شەبزووی مراوی دەچوو... پاش ئەوەی چەند هەنگاوێک دوور کەوتەوە، ئاوڕی دایەوە و وتی:

– بیرت نەچێت، ئەگەر دایە هاتەوە، پێی بڵێ باوکم ئێستا زۆر تووڕە نییە... هەندێ جار من لە باوەش دەگرێت و ماچیشم دەکات، بەڵام خۆ پێشان جنێوی بە منیش دەدا... دەیوت تۆش لە دایکت باشتر نابیت... تۆش بۆ مردن باشیت... نا، ئێستا وا نییە... ئەگەر دایە بێتەوە، لەویش تووڕە نابێت... ئەویش وەکو من ماچ دەکات... نا، نا، خۆم دەیبەمەوە ماڵ و ناهێڵم بیکوژێت... باش...؟! بەڵام ئەگەر مامە نادری لەگەڵ بوو، پێی بڵێ ئەو لێرە نەوەستێت... با بۆ خۆی بەم جۆگەیەدا بچێتە خوارێ... دەزانم بابە زۆر لەو تووڕەیە.

بە چەند هەنگاوێک گەیشتە بەر دەرگای ماڵی خۆیان کە ڕەنگەکەی کتومت لە ڕەنگی پێیە قوڕاوییەکانی دەچوو... پاڵێکی پێوە نا... چووە ژوورەوە... من لە ترسان هەستم بە تەنیاییەکی بێ ئەندازە کرد... نەموێرا لای جۆگەلەیەک بوەستم کە ئێستا نا ساتێکی دیکە ژنێک، نەخێر، تۆ بڵێ ژن و پیاوێک، لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە... ڕەنگە لە دڵی خۆمدا وتبێتم: «ئاو ئەگەر مرۆڤ ببات، یان بیهێنێتەوە، هەر ترسناکە»... خێرا ئەو ناوەم جێ هێشت... شەو لەژێر لێفە خەیاڵم هەر لای ئەو بوو... وام دەزانی بەو تاریکییە لە قەراغی ئەو جۆگەیەدا وەستاوە و چاوەڕێی گەیشتنی دایکیەتی... پێیە قوڕاوییەکانیم دەهێنایەوە بەرچاوم، کە کتومت لە ڕەنگی دەرگاکەیان دەچوو... دەشێ لە بەرچاوی من ئەوانە لە یەکتر چووبێتن... تەپەدۆڕی ناو دەمی وایینەکەش شەبزووی مراوییەکان و تۆقەی قژی (ئاواز)ی بیر دەهێنامەوە، بەڵام دەبوایە ئەمە لە خەیاڵی خۆم دەربکەم، چونکە نەدەکرا دەست لە نووسینەوەی چیرۆکی ئەو

هاوڕێیەم هەڵگرم، ئەگەرچی هەستم کرد وا وردە وردە ئەوەیان بە لای خۆیدا ڕامدەکێشێت... زۆرم سەیر پێ هات من چۆن هەتا ئێستا چیرۆکی (ئاواز)م نەنووسیوەتەوە، خۆ من لە نزیکەوە ئاگام لە وردەکاری و نهێنییەکانی ژیانیەتی، چ لە سەردەمی منداڵی و چ دواتریش... دڵنیام ئەگەر بیانگێڕمەوە، خۆم لەپێش خوێنەرەوە پێیان سەرسام دەبم... ئەو جۆرە چیرۆکانە، چونکە پڕن لە بەسەرهاتی سەیر سەیر، نووسینەوەیان چێژی بێ ئەندازەت پێ دەبەخشن... ئەرێ من لە ئاست ئەو دوو بابەتە دۆش داماوم... کامیان بنووسمەوە و کامیان بفەوتێنم...؟! ڕەنگە بڵێن جا ئەمە کێشە نییە... هەر جارێ یەکێکیان بنووسەرەوە، بەڵام تەنیا ئەوانەی چیرۆکنووسن لەو نهێنییە تێدەگەن... هەر چیرۆکێک کاتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە دەکرێت تێیدا بنووسرێتەوە... ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوەدا نەنووسرایەوە، ئەوا پێوەندییە ڕوحییەکانی نێوان نووسەر و بابەتەکە دەپچڕێن، بگرە ئەو ڕووداوانە لە بەرچاوی چیرۆکنووس هیچ بایەخێکیان نامێنێت... دیارە هەر ئەمەشە وای کردووە هەتا ئێستا نەتوانم چیرۆکی ئەو هاوڕێیەم بنووسمەوە... خۆ ئەگەر بەو دوو بەڵێنە تەفرەی نەدامایە، ئەوا بێگومان بەلاوەم دەنا... ئێستاش دڵنیا نیم کە دەتوانم بینووسمەوە... کاتێکی زۆریشم لە بەردەستدا نەماوە... یەکێ لە مەرجەکانی ئەوەیە، دەبێت هەر ئەمشەو بە دەستی بگات... هەوڵ دەدەم بەخێرایی دایبڕێژم، بەو هیوایەی ئەوەی دیکەشیانم لە دەست نەچێت... دەچم هەندێ لە کاسێتی ئەو گۆرانییانە دەدۆزمەوە کە دەتوانن بمخەنەوە ناو ئێتمۆسفێری ساڵی هەشتا و پێنجەوە... وێنەی خۆم و هاوڕێکانم بەسەر مێزەکەمدا بڵاو دەکەمەوە، کە لە ماڵی قوتابییان و بەردەمی زانکۆ و لە گەشتەکاندا گرتوومانن... سەرنج لە نیشانەکانی سەر ڕوویان دەدەم... بەدەم گوێگرتن لە گۆرانی ((The Power of Love)ی ( Jennifer Rush )ەوە لێیان ڕادەمێنم کە شەوان لە ماڵی قوتابییان لەپاڵ گۆرانیی (شیرین تەشی دەڕێسێت)ی (مەزهەری خاڵقی)، (مامە)ی (مەردان)، (وای دڵم تەنگە)ی (مەهستی)، (سلامات سلامات)ی (نادیە مستەفا)، (یا ریم وادی یقیف)ی (نیشئە) و زۆری تردا هەموومانی مەست دەکرد... دیسان تارمایی (سائیب) دەردەکەوێت و ناهێڵێت دەست بە نووسینەوەی چیرۆکی ئەو هاوڕێیەم بکەم، چونکو سەرجەم ئەو گۆرانییانەی لە کاسێتێکدا بۆ تۆمار کردبووم... هەمیشە ئاوا دڵی بە شتی ڕەنگاوڕەنگ دەکرایەوە... سەرەتای مارتی هەشتا و پێنجە... بەو مەبەستەی هەندێک خۆمان لە کتێبەکانی خوێندن بدزینەوە، وەکو زۆر جاری دیکە بە ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەو، کە تاکە کەسە لەناو هەموو هاوڕێیاندا ئۆتۆمۆبیلی هەبێت، گەشتێک بەناو شار و قەراغیدا دەکەین... دوای بارانێکی زۆر، ئەوەتا ڕۆژ وا لە ناوەڕاستی ئاسمان دەرکەوت و بریقەوباق بە دڵۆپەئاوی سەر گەڵای درەخت و شێی قەد دیوارەکان دەخات... لەو کچانە دەڕوانین، کە بەشێکیان دەچنە قوتابخانە و بەشێکیان دەگەڕێنەوە... دەنگی ئەو گۆرانییێژانە و دیمەنی شەقامەکان مەستمان دەکەن... (سائیب) لە دنیای خۆیدا ڕۆ دەچێت و من لە دنیای خۆمدا نغرۆ دەبم... کاتێ دەیەوێت لە فولکەی کشتوکاڵ (زراعە) پێچ بکاتەوە، (پ)، ئەو کچەی دەیان جار من هەوڵم داوە پێوەندیی دڵداریی لەگەڵ دابمەزرێنم و ئەم وەڵامی نەداوەمەتەوە؛ ڕووبەڕوومان دێت و خەریکە سەری بێنێتە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە... منیش دەخوازم دەرگاکە بکەمەوە و خۆم هەڵدەمە خوارێ... لەسەر ئەو شەقامە لە باوەشی بگرم کە ئەوە خەون و زیندەخەونی دوو ساڵمە... لە هەشتا و سێوە هەوڵی بۆ دەدەم و سەر ناگرێت... ڕەنگە (سەرکەوت)ی هاوڕێم ڕاست بکات کە هەمیشە پێم دەڵێ من لەبەر خاتری ئەو دایک و باوکمم ڕازی کرد بۆ گەڕەکی ڕووناکی بگوازینەوە... لە پۆل و لەناو پێخەفدا خەیاڵم دەڕوات... کاتێک دەزانم وا پەنجەمان لە پەنجەی یەکتر هەڵکێشاوە و لەناو ئەو دارستانەدا جارێک پیاسە و جارێک ڕا دەکەین... هەرچەند ئەو قژە خاوەی لەسەر شانی شەپۆل دەدا، من ئاگام لە خۆم دەبڕێت... لە دواوە دەیگرمە باوەشم و توند توند دەیگوشم... بە (سائیب) دەڵێم:

– بوەستە..!

ئەو دەڵێ:

– وازی لێ بێنە...!! نامەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم.

دەپرسم:

– دەڵێی چی...؟!

دەڵێ:

– بڕیارم داوە ئەم جارە لەگەڵی ئاشت نەبمەوە.

حەز ناکەم یەک وتەی دیکەی لێوە ببیستم... پەنجەم لە کونی گوێچکەکانم دەئاخنم، کەچی وشەکان دەرفەت دەهێنن و لە ڕێگای ئاوازی ئەو گۆرانییەوە دەخزێنە قووڵاییمەوە... ئێستا وا خۆشم ئارەزووی چڕینی گۆرانی دەکەم، بەڵام بەتەنیا و بەدەم پیاسەیەکەوە لەسەر ئەو شەقامەدا... دەمەوێت گوێم لە دەنگی خۆم بێت، کە سوور دەزانم گریان تێکی شکاندووە...؟ دوایی بۆم دەردەکەوێت من ماوەیەکی زۆرە یەک وشەم لەگەڵ ئەو هاوڕێیەمدا نەگوتووە، بگرە هەست دەکەم یەک دوو پرسیاری لێ کردووم و من هەر وەڵامیم نەداوەتەوە... شەرم دامدەگرێت... هەوڵ دەدەم ئەو بارە ڕاست بکەمەوە... قوڕگم پڕە لە گریان و دەڵێم:

– زۆر بەوە ئاسوودەم کە هەردووکمان چێژ لەم جۆرە گۆڕانییانە دەبینین.
(سائیب) لە سیمام ڕادەمێنێت، وەکو بڵێی بەو سەرنجە تیژانەی گۆڕانکاری و مانا شاراوەکانی سەر دەموچاوم بخوێنێتەوە... ئینجا بزەیەک دەخاتە سەر لێوی و دەڵێ:
– بیرت نەچێت تۆ بۆیە گوێ لە گۆڕانی دەگریت، هەتا ڕابردووت بیر بکەوێتەوە، بەڵام هەر ئەوانە من بەرەو ئایندە دەبەن.
ئەگەرچی نکوڵی لەوە ناکەم، کە تەنیا ئەو گۆڕانییانەی دەتوانن بۆ ڕابردووم بگەڕێننەوە، لای من جێگای بایەخن، هەر خۆشم ئەوەم پێ وتووە، بەڵام نایشارمەوە هەندێک لە وتەکەی دڵگرانم... بە تەوسەوە پێی دەڵێم:
– ئا، ڕاست دەکەیت... تۆ گەشبین و من ڕەشبینم... دیارە هەر ئەمەشە مەبەستەکەت.
– نا، نا، ئاوا لێکی مەدەرەوە...!!
هەردووکمان ماوەیەک بێ دەنگ دەبین... دڵنیام ئەویش وەکو من بیر لە گەشبینی و ڕەشبینی دەکاتەوە... نەموت...؟! ئەوەتە دەڵێ:
– تۆ بەردەوام ئاخ بۆ ڕابردوو هەڵدەکێشیت، گوایە ناگەڕێتەوە، ئەگەرچی ئەوەندەی من بزانم تۆ لەو ڕابردووەتدا یەک ڕۆژ بەئاسوودەیی نەژیاویت... منیش هەمیشە دەمەوێ بە ئایندە بگەم و هەرگیز بۆ ساتێ هەست ناکەم پێم خستۆتە ناویەوە... ئەرێ جیاوازی نێوانمان چییە، ئەگەر نە ڕابردووی تۆ بگەڕێتەوە و نە ئایندەی من بگات...؟! بیرکردنەوە لە ئایندەش هێندەی سوێبوونەوە بۆ ڕابردوو بە ئازارە... ئێمە تەنیا لەوەدا لە یەک دەچین کە هەردووکمان (ئێستا) بە هی خۆمان نازانین... دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەمە ڕەشبینی بێت، ئەوا من لە تۆ ڕەشبینترم، چونکە ڕۆژگارێک دێت تۆ ئەم (ئێستا)یە بە هی خۆت بزانیت... وەک من دەتناسم، تۆ هەتا ساڵێک تێنەپەڕێت، هەستی پێ ناکەیت... ئێستا هەشتا و پێنج لای تۆ وەکو ئەوە وایە نەهاتبێت، بەڵام ساڵێکی دیکە، یان چەند ساڵێکی دیکە بۆی دەگری... ئاخر من هەرگیز کاتێکم نییە ئەمە بە هی خۆم بزانم.
ناکرێت دوای ئەم قسانە هەردووکمان بێ دەنگ نەبینەوە... بەردەوامیش تارمایی (پ) دێتەوە بەرچاوم و زیاتر دڵم پڕ دەبێت... چەند حەز دەکەم بەدەم وتنی گۆرانییەوە بگریم... ئەم جارەش هەر (سائیب) بە پرسیارێک بێ دەنگییەکە دەشکێنێت:
– تۆ لە مردن دەترسیت...؟!
ئاسان نییە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە... زۆر جاری دیکەش باسمان لە مەرگ کردووە، بەڵام ئاوا ڕاستەوخۆ و بە مانا ئێنتۆلۆجییەکەی نا، بەڵکو لەناو چوارچێوەی دەست پێوەگرتن و بەخشیندا... بەردەوام جەختمان لەوە کردۆتەوە، کە سەرەڕای ئەوەی ژیانمان خۆش دەوێت و دەمانەوێت دەستی پێوە بگرین، بەڵام ئامادەین لەپێناو کێشەی ڕەوادا بیبەخشین... کەسمان نەمانویراوە شتێکی جیا لەوە بڵێین... ئەو جارە (مازن ئەحمەد)، کە بە قسەخۆش ناسراوە، توانی باسەکە بەلای گاڵتەدا بشکێنێتەوە و بڵێ گومانی هەیە ئەمە وتەی ناو دڵمان بێت... نموونەی دایکێکی گەڕەکی خۆمانی هێنایەوە... ئەو بۆ مەرگی نۆبەرەکەی سنگی کوتاوە و دەموچاوی ڕنیوەتەوە... وتوویەتی: «وازم لێ بێنن، خۆم دەکوژم...!! تازە بۆچی بژیم...؟!» ئینجا لەناکاو بە کچەکەی وتووە: «خێرا دوو حەبی پاراسیتۆڵم بۆ بێنە، سەرم تەقی...!!».
پرسیاری ئەم جارەی (سائیب) زۆر لەوانەی پێشوو جیاوازە، بەڵام منیش جیاوازم... ئێستا لە کەسێکی دڵشکاو دەپرسێت ئاخۆ لە مردن دەترسێت...؟! ئاسان نییە وەڵامی خۆشم بدەمەوە، چجای هی ئەو...!! وەک بڵێی ناخی خوێندبێتمەوە، پرسیارێکی دیکەم ئاراستە دەکات:
– باشە ئێمە لە کوێ دەمرین...؟!
سەیرە...!! لە کاتی ئەو پرسیارەدا ڕێک بە شوێنی لەدایکبوونمدا تێدەپەڕین... لەو گۆمە دەڕوانم کە بەشێکی ژیانی منداڵیم لە قەراغیدا بەسەر بردووە، بەڵام بەربەستی لە بەردەمدا دروست کراوە و وەکو جاران ئاوی گوند و گەڕەکەکانی ئەوبەری پێدا ناڕوات، بۆیە هەمان قەبارەی ئەوسای نەماوە... تەنانەت یەک مراویش لەوێ نابینم... بۆ ساتێ تارمایی (ئاواز)م دێتە بەرچاو، کە زۆر جار چیرۆکی ژیانیم بۆ (سائیب) و هاوڕێکانی دیکەم گێڕاوەتەوە... سەرێ بادەدەم و دەڵێم:
– چووزانم لە کوێ دەمرین...!! ڕەنگە لەو شوێنەی لە دایک بووین، هەر لەوێش بمرین.
– نا، مەبەستم زەمەنە، نەک شوێن... دەمەوێ بڵێم مردن نە ڕابردووە و نە ئایندەیە، بەڵکو ئێستایە... جا ئێمە، کە هەرگیز ئەو ئێستایەمان نییە لە کوێی زەمەندا دەمرین...؟!
خەریکە لێی بپرسم: «کەواتە هەتا ماوین بەزیندوویی دەمێنینەوە...؟!»، بەڵام زوو فریای زمانم دەکەوم، چونکە سوور دەزانم زۆر بێ باکانە بزەیەک دەکات و دەڵێ: «بەڵێ، لەناو ئەم ئازارە بێ کۆتاییەدا»... ئینجا لام ڕوونە دوای ئەوە بەبێ ئەوەی چاو ببڕێتە چاومەوە، دەڵێ: «ڕزگاربوونی ئێمە لە مردن دایە کە هەرگیز پێی ناگەین...» نا، نامەوێت درێژە بەم گفتوگۆیە بدەم، بەڵام حەز دەکەم پێی بڵێم لەو فولکەیەی ئەوسەر پێچ بکاتەوە و بۆ لای گۆمەکە بگەڕێینەوە، چونکە دڵم لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر گریانی دەوێ... دەمەوێ بەدەم چڕینی گۆرانییەوە بگریم، بەتایبەتی ئەو گۆرانییانەی ئەوسا بە

منداڵی دەیانورووژاندم، بەبێ ئەوەی لە زۆربەی وشەکانیان تێبگەم وەکو ئەوانەی (عەدنان جەمال)ی گەڕەکی خۆمان... شەرم ڕێگەم پێ نادات بەو هاوڕێیەم بڵێم لای گۆمەکە دام بگرێت... گلەیی لە خۆم دەکەم، کە هێندە لە ئاستی ڕابردوودا لاوازم... دەمەوێ بزانم ئەو نەخۆشییەی من ناوی چییە... زۆر جار لە کتێبەکانی سایکۆلۆژیادا بۆی گەڕاوم و نەمدۆزیوەتەوە... ئەرێ من شێت نیم بیری گۆمێکی لیخن دەکەم، کە سەرجەمی خەڵکی گەڕەک ئیمزایان کۆ کردەوە، بەو مەبەستەی شارەوانی بۆیان پڕ بکاتەوە...؟! ڕەنگە (سائیب) پێم بڵێت: «تۆ لە چاو مندا بەختەوەریت کە دەتوانیت لە ڕابردووی خۆتدا گۆمێک بدۆزیتەوە، با هی ئاوی سازگاریش نەبێت... ئاخر من لە ئایندەی خۆمدا نە پووشێکم لێ دیارە و نە پەڕی باڵی چۆلەکەیەک، نە تاکێ گۆرەوەی کچێک دەبینم و نە گەڵای هەڵوەریوی درەختێ، کەچی ناتوانم نە بۆ ئێستا و نە بۆ ڕابردوو بگەڕێمەوە».

دەسا هەر بەڕاستی حەز دەکەم ئێستا لەو فولکەیە پێچ بکاتەوە و لە ئاستی گۆمەکەدا دامبەزێنێت، هەتا لەوێوە لەو دەرگایەی ماڵی (ئاواز) بڕوانم، ئەگەرچی ئەوان لەمێژە ئەو ماڵەیان جێ هێشتووە و..........

نا، نامەوێت چیرۆکی ئەو کچەم بیر بکەوێتەوە، لە کاتێکدا بەڵێنم بەو هاوڕێییەم داوە هەر ئەمشەو ئەوەی ئەم بنووسمەوە.... یەک دوو دڵۆپ فرمێسک بە ڕوومەتەکانمدا دێنە خوارێ، بەڵام نازانم بۆ کێ گریاوم... بۆ (سائیب)، کە هەر جارێ لەگەڵ (هۆشەنگ وەزیری)ی هاوڕێمدا ناوی بێنین، دڵمان پڕ دەبێت، یان بۆ (ئاواز)، کە ئاوای بەسەر هات...؟! باوەڕ ناکەم بۆ خۆم گریا بم... هەر دەڵێی ئەوەی ئەوسا نیم کە دەمتوانی بەدەم گوێگرتن لە گۆرانی، خوێندنەوەی ڕۆمان و سەیرکردنی فیلم بگریم و چێژی بێ ئەندازەی لێ ببینم... خەریکە باوەڕ بە (سائیب) دەهێنم کە هەموو جارێ دەیوت:

– تا ئەو کاتەی دەتوانی بگریەیت، مانای وایە هیوات بە ژیان هەیە.

ماوەیەکی زۆرە نەگریاوم... ئێستاش نامەوێت، چونکە گریان دژی خەیاڵە و من لەم کاتەدا بۆ نووسینەوەی چیرۆکی ئەو هاوڕێییەم، دەبێت لەناو قووڵایی خەیاڵدا بژیم، با ئەو ڕووداوانە ڕاستەقینەش بن... کەسێ نییە دوای گریان و ڕشتنی فرمێسک، هەستی بە هەندێک ئاسوودەیی نەکردبێت... ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەیە خەیاڵ وەکو تای گەرم وایە، هەتا بەرت نەدات، هێمن نابیتەوە... زۆربەی چیرۆکەکانی خۆمم لە کاتی نەخۆشی ئینفلووێنزادا نووسیوە، چونکە هەردووکیانم بەجارێ هەبووە، تای گەرم و خەیاڵی قووڵ... کەم نین ئەو نووسەرانەی لە کاتی نەخۆشیدا باشترین و زۆرترین بەرهەمی خۆیان خستۆتە بەردەستی خوێنەر... ڕەنگە پێم بڵێن: «خۆ تۆ وتت هەمیشە حەز دەکەیت لەو ساتەی خەریکی خوێندنەوە و نووسینیت، لانی کەم زۆر پەست و خەمناک نەبیت»... بەڵێ، وام وت، بەڵام من کاتێ تا و خەیاڵم پێکەوە هەن، نە پەستم و نە خەمناک... ئەوەندە هەیە ناتوانم نەڵێم من تام لێیە... کەواتە دەمەوێ بدوێم، بەڵام لەگەڵ خۆمدا... مانای ئەوەیە من دەنووسم، بەبێ ئەوەی هیچ پلانێکی پێشوەختم هەبێت... ئەمە یەکەم جارە بە پلان بنووسم و پلانەکەش خۆم دام نەناوە، بەڵکو بۆیان داناوم... ئەوەندە هەیە ئەو دەردەی ئەوسا پێوەی دەتلایەوە و لە ئیمەیلەکانیدا پێی لەسەر دادەگرێت، گوایە هەر دەبێت لە سەرەتاوە بۆ خوێنەری باس بکەم؛ دەیخەمە کۆتایی، ئەگەر سوور بزانم توورە دەبێت و پاداشتم ناداتێ... وا نەبێت، مەحاڵە من بتوانم چیرۆکەکە بگێڕمەوە......

* * *

هەنگاو هەنگاو دوای (ئەمەل ئەلفەلەکی) دەکەویت، بەبێ ئەوەی لەوە تێبگەیت، ئاخۆ تا چ ڕادەیەک لەگەڵتدا ڕاستگۆیە... بەژێر درەختەکانی نێوان هەردوو کۆلێجی پەروەردە و زانستەکانتدا دەبات... سەدان قوتابی کچ و کوڕ لەسەر ئەو ڕێگایە دەبینیت و سەرنج لە هەموویان دەدەیت... چاوەڕێیت لەناکاو قەڵەمەکەی لە بەرانبەر یەکێکیاندا فڕێ بدات، هەتا تۆ دەستبەجێ بزانیت کێیە ئەو سیخوڕەی بۆیان داناویت... ئەوە ئەگەر ئەم درۆ نەکات و ئەویش بەڕاستی سیخوڕ بێت...!! نایشاریتەوە، لەناو ئەو هەموو ترس و نیگەرانییەدا هەست بە خۆشییەک دەکەیت... خۆشی دۆزینەوەی سیخوڕەکەت...!! هەر دەڵێی بەمنداڵی یارییەکی لەم شێوەیەت لەگەڵ هاوڕێکانتدا کردووە... نەخێر، وەکو ئەوە وایە زۆڵ دوای تەمەنێکی درێژ بۆ یەکەم جار دەزانێت کێ باوکیەتی... بەڵام بەڕاستی هیچ لەوە تێناگەیت بۆچی ئەو ڕۆژگارەی منداڵیتت بیر دەکەوێتەوە، کاتێ کرمەکان پەرێشانیان دەکردی و (مونیرە کوورەچی)ی دایکت دەهات بەو پەنجە باریکانەی لە کۆمتی دەردەهێنان... ئەوسا ئارامییەک بە سەرتاپای جەستەتدا دەگەڕا و پڕ بە دڵ حەزت دەکرد ئەو کرمە سپییانە لەسەر پەڕۆ ڕەشەکەی دەستی دایکتدا ببینیت... نەدەکرا لە دڵی خۆتدا نەڵێیت: «ئای ئەوانە چەند جوانن...!!»... ئەگەرچی دەرمانە سوورەکە دەیتوانی هەموویان لەناو بەرێت، بەڵام نەتدەخوارد و ئەو ڕێگایەت بە چاکتر دەزانی... (ئەمەل) دەچێتە ناو کۆلێجی زانستەکان و بە ناو ڕاڕەوەکەدا هەنگاو دەنێت، تۆش بەردەوام شوێنی دەکەویت... لەناکاو سەرێ بەناو هۆڵێکدا دەگێڕێت و خێرا بەهەمان ڕێگای خۆیدا دەگەڕێتەوە... بە ئاماژەی چاو پێت دەڵێت تۆش

بگەڕێرەوە... لە کۆلێج دێتە دەرێ و دەگاتە ناو باخەکە... لەوێ دەیان قوتابی دیکە دەبینیت کە هەندێکیان لەسەر کورسییەکان دانیشتوون و هەندێکیان بەدەم قسەوە پیاسە دەکەن... لەناکاو قەڵەمەکەی فڕێ دەدات و بەئەسپایی هەڵیدەگرێتەوە... لەمەوە (ئەمەل) دەڕوات و دیار نامێنێت... لێرە هەڵەیەک ڕووی دا... قەڵەمەکە کەوتە نێوان دوو کوڕەوە، کە لەسەر کورسییەکی تەختەی درێژ دانیشتبوون و کتێبێکیان دەخوێندەوە... «کێ دەڵێ هەڵە بوو...؟! دوور نییە ئەمە بەشێک بێت لە پلانەکە»... خۆت دەدەیتە پەنایەک و لە سیمایان ورد دەبیتەوە... ئەمیان باڵابەرزێکی سووروسپییە و قژێکی کاڵی هەیە، ئەویان ڕەشتاڵەیەکی کەتەیە... ئەگەرچی بە عەرەبی دەدوێن، بەڵام بەپێی خوێندنەوەی خۆت بۆ سیمایان، ئەو قژکاڵەیانە... (ئەمەل) وتی هاوزمانتە... دوای ئەوەی قووڵتر سەرنجی لێ دەدەیت، هەست دەکەیت پێشتر بینیوتە... هەر زووش دەزانی کە بە هەڵەدا چوویت، بەڵام لە یەکێک دەچێت... کێیە...؟! کێیە...؟! ئا، بیرت کەوتەوە... لە (سروود مەڕوان) دەچێت... لە قۆناغی دواناوەندی نەتدەزانی بۆچی هێندە بەو کوڕە سەرسامیت... ستایلی قژی، جلوبەرگی، ڕۆیشتنی، پێکەنین و بێ دەنگییەکەی سەرنجیان ڕادەکێشایت... هەموو ڕێگایەکت دەگرتە بەر هەتا بیکەیتە هاوڕێی خۆت، بەڵام هەرگیز لەوە تێنەدەگەیشتی بۆچی چارەی تۆی نەدەویست... نەدەهاتە هیچ شوێنێک، گەر تۆی لێ بوایت و هەر شوێنێکی جێ دەهێشت کە تۆ ڕووت تێ دەکرد... لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکەی پاڕایتەوە، بەشکو لە هۆبەی (بێ)یەوە بۆ هۆبەی (ئەلف)ت بگوێزنەوە، بەو هیوایەی لێی نزیک ببیتەوە و ئەمە ڕێگایەک بێت بۆ دامەزراندنی پێوەندی نێوانتان، بەڵام سەری نەگرت... گەیشتە تینت و پێت وتن:

– ئێوە جیاوازی لەنێوان قوتابییاندا دەکەن... هۆبەی ئەلفتان بۆ کوڕی دەوڵەمەندەکان داناوە... ئەمە قوتابخانەیە، یان شەمەندەفەرە، کە بلیتی فارگۆنی پێشەوەی لە فارگۆنەکانی دیکەی گرانترە...؟!

ئەوان سەرەتا وەک بڵێی باوەڕیان نەکردبێت تۆیەکی شەرمن لەناکاو ئاوا بگۆڕێیت و بوێریت ڕێگای قسەی وا بە خۆت بدەیت، بۆیە بەسەرسوڕمانەوە لێت ڕادەمان... دوایی بەڕێوەبەر بە ئاماژەی چاو یاریدەدەری تێگەیاند و ئەو خێرا دەستی بۆ دارە درێژەکەی سەر مێزەکەی برد... هەڵیگرت و دەیانی قایمی لەو ناو لەپانەت دا... دوایی لەو ڕاڕەوە کاتێ لە پەنجەکانت ڕادەمایت، کە لەگەڵ لێدان سوور هەڵگەڕا بوون، کوڵمەکانی (سروود مەڕوان)یان بیر دەخستیەوە... هەمیشە ئاوا دەبریسکانەوە، بەتایبەتی ڕۆژانی سەرما... هەموو نیشانە و جووڵە و هەڵسوکەوتەکانیت لە کتێبەکانی خوێندنت چاکتر لەبەر بوو، کەچی ئەم بەپێچەوانەوە هەرگیز نەیدەویست چاوی پێت بکەوێت... هەتا زیاتریش خۆی لێت دوور دەخستەوە، تۆ پتر هۆگری دەبوویت... ئەمە ئازاری دەدایت و زۆر جار دەگریایت... تەنانەت لە پۆلیش بەدزییەوە فرمێسکت هەڵدەڕشت... خۆشت بەتەواوی نەتدەزانی چیت لەو کوڕە دەوێت و ئەو بۆ هێندەی ڕق لە چارەتە... گەیشتییە ئەوەی هیچ نەبێت هەوڵ بدەیت لە دەمی خۆیەوە هۆکاری ئەو هەموو بوغزەت گوێت لێ بێت... ماوەیەک ئەو کوڕەت نە لە قوتابخانە و نە لە دەرەوە دەبینی... زۆر لەپڕ دیار نەما... پرسیارت لە هاوڕێکانی دەکرد و کەس وەڵامی نەدەدایتەوە... ڕۆژی سەدان جار بە بەردەمیماڵیاندا تێدەپەڕی، بەڵام بۆ تاقە جارێک دەرگاکەیانت بەکراوەیی نەدەبینی... گوێت هەڵدەخست، ئاخۆ دەنگێک لەناو ژوور و حەوشەیانەوە نابیستیت، بەڵام هەرگیز... ئەرێ ئەو کوڕە چی بەسەرهات و ئەو ماڵە لە کوێن...؟! نیوەڕۆیەکیان بەرێککەوت لە زمانی باخەوانەکەیانەوە زانیت لەبەر هەر هۆیەک بووبێت شاریان جێ هێشتووە و چوونەتە شاخ... هەندێک زانیاری دیکەت لەبارەیانەوە کۆ کردەوە و شوێنەکەیانت دۆزییەوە... بڕیارت دا بەزووترین کات تۆش بچیت... دەست هەڵگرتن لە قوتابخانە بەهەر حاڵ، بەڵام جێ هێشتنی خێزانە داماوەکەت، بەتایبەتی دوو خوشکی لە خۆت منداڵتر جورئەتی دەویست... باوکت لەگەڵ بیستنی هەواڵەکەدا زمانی شکا و لە جێدا کەوت، ئەوە لە کاتێکدا چاوەڕێ بوویت بە سۆندە گیانت داڕزێنێت... دایە ئەوسا دووگیان بوو، بگرە چاوەڕێی دەکرد ئەمڕۆ یان سبەی سکەکەی دابنێت... زۆر هەوڵی لەگەڵ دایت لەو بڕیارە پەشیمانت بکاتەوە، بەڵام گوێت لێی نەگرت... گەیشتە تینی و پێی وتی:

– لەم دەقەیەوە نە من دایکی تۆم و نە تۆ کوڕی منیت... بەڵێن بێت تەرمەکەتم بۆ بێننەوە، دەڵێم هی من نییە.

هەندێک قژی خۆی ڕنیەوە و پەنجەکانی خستە سەر سکی کە وەکو باڵۆنی گەورە لەژێر ماکسییە پرتەقاڵییەکەیدا بەرز ببووەوە... ئینجا وتی:

– لە ژیانمدا جیاوازیم لەنێوان کچ و کوڕدا نەکردووە، بەڵام هیوادارم کوڕ بێت، هەتا ناوی تۆی لێ بنێم و وا بزانم مردوویت.

حەفتەی نەبرد بڕیار جێبەجێ کرا... دەستێ جلی کوردیت لە لۆکەرەکەت دەرهێنا کە هی هاوپۆلێکی لادێییت بوو... ئەو لە ماڵی قوتابییان جێنشین بوو... جار جار جلەکانی دەهێنا و دایکت بۆی دەشتن... جووتێ

پێــــڵاوی تۆکـــــەشت لە ســـەربان لەناو کـــەلوپەلە هەڵگیراوەکاندا دۆزییەوە... جامانەت بۆ پەیدا نەکرا، بەڵام ڕەنگی ملپێچە خورییەکەت زۆر لە جامانە دەچوو و دەتتوانی لەوێ لە سەرتی بپێچیت... لە پۆلی خوێندنەوە بۆ شاخ، بەبێ ئەوەی پێشتر وەکو کورانی دیکەی گەڕەک و هاوڕێیانی قوتابخانەت هیچ مەیلێکت بە لای سیاسەت و چەکـەوە هەبووبێت، تەنانەت زۆر جار گـاڵتـەیان پێ دەکـــردی و بە ترسنۆک لە قـــەڵەمــیـــان دەدایت... (ئەمجەد)ی باوکت کارمەندێکی بچووکی شارەوانی بوو و ئێـواران پێش ئەوەی دنیـا تاریک دابێت، پێنج نانی بازاڕی لەســەر دەســتی چەپی دادەنا و لەســەری کـۆڵان دەردەکەوت... هەتا دەگەیشتەوە بەردەرگاش، بە دەستی ڕاستی کە هەمیشە بوتڵێکی گەورەی شیری پێ دەگرت، سڵاوی لە ڕێبواران و دراوسێکان دەکرد... هێندە بۆیان دەنووشتایەوە کە دەترسایت بوتڵی شیـر و نانەکانی لە دەست بکەوێتە خوارەوە... وای بۆ دەچوویت ئەو بوتڵی شیرەی زیاتر بەو مەبەستە پێبێت، هەتاوەکو سومبولێک بۆ ئاشتی و تەبایی بەکاری بهێنێت، نەوەک تەنیا بۆ خـواردنەوە، بەتایبـەتی ئەو لە سـەردەمی هەرزەکـاریدا خەریکی نیگارکێشان بووە... ئەو وێنەیەی نەدەگۆڕا... دەکرێت مرۆڤ دوای حەوت سەدەی دیکەش بەم شێوەیە بیهێنێتە بەرچاو: پیاوێکی گەنمڕەنگی باریک، باڵای مامناوەندی، قاتێکی ڕەساسی پۆشیوە و بۆینباغێکی نیللی لەسەر کراسێکی سپی بەستووە، جووتێ پێڵاوی چەرمی ڕەشی لەپێدایە، پێنج نانی لەسەر دەستی چەپی داناوە و بە دەستی ڕاستی بوتڵێک شـیـری گـرتووە، هەنگاوی ورد ورد لەناو کـــــۆڵاندا دەنێت و بەدەم سڵاوکردنەوە دەنووشتێتەوە... قوتابی سەرەتاییش دەیتـــوانی وێنەیەکی ئاوا لەســــەر دەفـــتـــەری نیگارکێشانەکەیدا بکێشێت... هەر زوو زوو بە تۆی دەوت:

– ئەگەر بتەوێت تەمەنت درێژ بێت و تووشی بەڵای ئەم دنیایە نەبیت، دەبێت ئاگات لە وێنەکەت بێت و نەهێڵیت گـۆڕانی بەسـەردا بێت... هەتا ئەو کـاتەی وێنەیەکی چەسپـاوت هەیە، مـایەی پێکەنینیت و گـاڵتـەت پێ دەکرێت، بەڵام لە هەموو کێشەیەک دووریت... ئەوانەی زوو زوو وێنەی خۆیان دەگۆڕن، تەمەنیان کورتە، چونکە ئەوانە دەبنە بابەتی مشتومڕی جیاواز... هەر یەکە و بەشێوەیەک دەیانبینێت... سەرەتای نەهامەتییەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، چونکو بەجددی بیرت لێ دەکەنەوە... هەرکـە بەجـددیش بیـریان لێ کـردیەوە، ئەوا بەئاسـانی پەلامارت دەدەن... هیچ کەسێ نامرێت، ئەگەر وێنەکەی نەمرێت.

کاتێ بەئەسپایی دەرگای حەوشەی دادەخستەوە و ڕووی لە ژوورەوە دەکرد، هەناسەی قوولی هەڵدەکێشا، وەک بیەوێت بڵێت «ئۆخەی ئەمڕۆش بەساغی گەیشتمەوە ماڵ»... ئەو دەرگا سپییەی بە قوفڵێکی گەورەی ڕەش دادەخست و بەیانییان هەر خۆی کاتێ بۆ دەوام دەچوو، دەیکردەوە... کلیلی لە گیرفانی دەنا و دەستی کەستانی نەدەگەیشتێ... قوفڵەکە بەقەدەر ناولەپی خۆی دەبوو و کتومت لە دەموچاوی سەگ دەچوو... هەر بەڕاستی شەوان کـاتێ چاوت خـێل دەکـرد و لێت دەڕوانی، وات دەزانی سەگێک لەناو بەفردا نقووم بووە و تەنیا سەری دیارە... ســاڵی لانی کــەم دوو جــار بۆیەی دەکــردەوە و بەردەوام دەبریسکایەوە... دیواری حەوشەتان لە شوورەی قـەڵا کۆنەکانی سەردەمی زوو دەچوو، بەرز بەرز و چەندی بڵێی لووس، تەنانەت پشـــیلەش نەیدەتوانی پێـــیــــدا هەڵگەڕێت... هەزار شت لەو کـۆڵانە دەقـەومـا و ئەو دەرگـایە نەدەکـرایەوە... تۆ و خـوشکەکـانت لە ژوورەوە گـــوێتـــان بۆ دەنگەدەنگی دەرەوە هەڵدەخـــست، بەو مەبەستـەی لەو ڕێگایەوە بزانن چی ڕووی داوە... ئەو بە دەستێ بیجامەوە لەسەر ئەو قەنەفەیە پشتی دەدایەوە، کە لە سەرەتای شەستەکانەوە بە قست کڕیبووی و دەیوت:

– بەشـەو هەر شـتێک ڕوو بدات، پێـوەندی بە ئێـمـەوە نییە... من کە دەرگام داخست، واتە لە هەموو کێشەیەک دوورم.

بەهیچ شێوەیەکیش دەرگا لە میوانی شەو نەدەکرایەوە، تەنانەت بە خەڵکی دەوت: «بەڕۆژ لە دەرگا مەدەن و بەبێ پرس وەرنە ژوورەوە... یەک یەک کەلوپەلی ماڵمان بەرن و گەردەنتان ئازا بێت، منداڵەکانم بە پێش خۆتان بدەن، با وەکو خزمەتکار ئیشتان بۆ بکەن، بەڵام لەگەڵ زەردەی خۆر دامخستووە و نایکەمەوە»... زوو زووش دەیوت: «بەشەو دایکم لە گـۆڕ زیندوو بێـتـەوە و بەڕووتی تەق تەق لە دەرگـام بدات، لێی ناکـەمـەوە»... ئەمـانە بە خـەڵکی دەرەوەی خۆتان دەوتران، بەڵام خۆ دەیان جاریش بە ئێوەی دەوت: «ئەگەر بزانم وا بەو تاریکییە لەودیون و لە ترسان و لە سـەرمـان هاوار دەکـەن، گـوێتـان لێ ناگـرم... وەسـیـەتیشم ئەوەیە ئەگـەر خـۆم لەبەر هەر هۆیەک دوای زەردەپەڕ گەڕامەوە ماڵ، هەرچەندە شتێکی ئاوا مەحاڵە لە من ڕوو بدات، بەڵام گـریمان ڕووی دا، نەکـەن و نەکـەن و نەکـەن لێم بکەنەوە»... زۆر جار ئەو دەرگایە دەدرایە بەر شەق و دەنگی لێدانی گوێی دانیشتوانی گەڕەکی کاس دەکرد، پەنجەیان دەخستە سەر زەنگەکە و تا دەرەنگ هەڵیان نەدەگرت، بەڵام بە خەیاڵیدا نەدەهات... هەندێک هەرزەکاری چوختی شەوان هەر بۆ خۆشی دەهاتن دەرگایان دەکوتی و دەیان جنێوی ناشیرینیان بە دایکت دەدا، کەچی ئەو بە ڕۆژنامـە دەمـوچاوی دەشـاردەوە و فـەرامـۆشی دەکردن... (مونیرە کوورەچی)ی دایکیشت بەهەمان شێوە

له دنیـــای دەروانی و بـەردەوام هەوڵی دەدا خــۆی له مـەترسـیـیـەکـان لابدات... ئەویش وێنەیەکی چەسپـاوی هەبوو کە مرۆڤ دەتوانێت بەم شێوەیە بیهێنێتە بەرچاو: ژنێکی باڵابەرز، نە قـەڵەو و نە لاواز، قـژێکی کـورتی هەیە، عـەزییـەیەکی شـینی پۆشیـوە، جـووتێ پێڵاوی کلاسیکی لەپێدایە، سەبەتەیەکی بامبووی بەدەستەوەیە و بەرووی خـۆشـەوە هەنگاو دەنێت... کـاتێ لەو وێنانەی رادەمـێنیت کـە لە کـۆتایی پەنجاکـان و سـەرەتای شەستەکاندا گرتوونیەتی، هەست دەکەیت شتێکی وای لێ نەگۆڕاوە، هەر ئەوە نەبێت کـەمـێک چۆتە تەمـەنەوە... مۆدێلی پۆشاک و پێڵاو و قژ و سەبەتەی دەستی، تەنیا لە فیلمە کۆنەکان، بۆ نموونە لەوانەی (ئینگرید بێرگمان -In grid Bergman) و (عـەزیزە ئەمیـر)دا دەبینرێن، ئەگینا مەحاڵە هاوشێوەیان لە دنیای ئێستادا مابێت... بەکورتی وێنەیەکە لەگەڵ وێنەی باوکتدا زۆر دەگونجێت... ئەگەر ئەو وتەیەی باوکت لە بەرچاو بگریت کـە دەڵێت: «ئەوە مـرۆڤـەکـان نین بە یەک دەگـەن و لە یەک جـیـا دەبنەوە، بەڵکو وێنەکـانیـانن»، ئەوە دەکرێت بڵێیت ئەوان پێش ئەوەی خـۆیان یەکـتـریان دیبـێت، وێنەکـانیـان بە یەکـتـر گەیشـتوون... دوای ئەوەی نۆ کلاس دەخوێنێت، دەکرێتە سـیـسـتـەر... هاوکـات شـوو بە (ئەمـجـەد)ی باوکت دەکـات... مـاوەیەک خـەریکی پیـشـەکـەی دەبێت... هەوڵێکی زۆر دەدات نەیخـــەنە دەوامی شــــەوان و بەرێوەبەریش حاڵەتە تایبەتەکەی لە بەرچاو دەگرێت، بەڵام کاتێ بەرێوەبەرێکی نوێ دێت و لەوە تێناگـات، حەفتـەی شـەوێکی بۆ دادەنێت کـە دەبێت لە نەخـۆشـخـانە ئێشگ بگرێت... لەمـەوە ئەویش واز دەهێنێت... ئەگـەرچی لە دەسـتـدانی ئیـشـەکـەی لە رووی داراییـەوە زۆر بەگـران لەسـەریان دەوەسـتـێت، بەڵام ناتوانن سـەرپێـچی لەو سیـسـتـەمەی خـۆشیـان بکەن کە هەر کەسێکیـان شەو لە دەرەوە بمێنێـتـەوە، جـا لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەوە بۆی نییـە جـارێکی دیکە بێتـەوە ماڵ... هەر لە راسـتیـشـدا ئەوان پێـچـەوانەی زۆر ژن و مـێـردی دیکە پێکەوە تەبا بوون، بەتایبەتی لەوەی چۆن خۆیان لە مـەترسـیـیـەکـان بە دوور بگرن و لـەگـەڵ زەردەی خـۆردا قـوفـڵـێکی گـەورە لە دەرگا بدەن... شـەوێکیـان پلەی گـەرمی لەشی (تابان)ی خوشکت گەیشتە چل و زۆری نەما گیانی دەربچێت، بەڵام ئامـادە نەبوون بیگەیەننە نەخـۆشـخـانە... دەگـریان و هەر زوو زوو دەیانوت:

- ئینجا بەم شەوە چی لێ بکەین...؟!

ئەوسا تەواو تێگەیشتی کە ئەو دووانە باوەڕیان وایە لە شەودا هەرگـیـز نابێت یەک کەسی دەرەوەی مـاڵـەکەتان نە ببینین و نە قسەی لەگەڵدا بکەن... هەر لەگەڵ داخستنی دەرگـاشدا فـیـشی تەلەفـۆن دەردەهێنرا، نەبادا یەکێک لەو رێگایەوە پێوەندیتان پێوە بکات... زۆر جار دراوسێکانی ئەم لا و ئەولاتان سـەریان لەسـەر دیواری نێـوانتـان هەڵدەکێـشـا و بانگیـان دەکـردن، بەڵام ئێـوە لە ژوورەوە متەقتان لە خۆتان دەبڕی و وەڵامتان نەدەدانەوە... کاتێ منداڵ لە کـۆڵان بە شـەڕ دەهاتن، خـێـرا باوکت لە تۆی هەڵدەدا و هاوکـــات دایکت (ســـازان) و (تابان)ی خوشکتی بە تیـتـک رادەکێـشا، نەبادا بەشێـوەیەک لە شـێـوەکـان ئەو شـەڕە پێـوەندی بە ئێـوەوە هەبێت، یان ناحەزێک بیـخاتە ئەسـتۆتان... وایان بە چاک دەزانی، پێش ئەوەی (گریمان) دایک و باوکیـان بێنە سـەرتان کە هەرگـیـز یەک جـاریش نەهاتن، ئەوە ئەوان پەرێزیان پاکـژ بێت و پێـیـان بڵێن ئاوا بە قـوربانی ئێـوەیان دەکـەین... باوکت هەر زوو زوو دەیوت:

بەلامـەوە سەیرە هەندێک بە منداڵەکـانیـان دەڵێن بەگـژ کـەسـدا نەچن، بەڵام هەر کـەسێ شەڕی پێ فرۆشتن، لێی قـەبووڵ مـەکـەن... من دەڵێم هەرگـیـز وا نەزانن کـەس شەڕتان پێ دەفرۆشێت، بەڵکو بەردەوام وای دابنێن ئێوەن بەگـژیاندا چوون و ئەوانیش مـافی خـۆیانە وەڵامـتـان بدەنەوە... هەر خێرا داوای لێبوردنیان لێ بکەن... لێیان بپارێنەوە، هەتا لە گوناهتان خۆش بن.

لەپاڵ هەموو ئەمانەدا ناکرێت بڵێی دایک و باوکت هەم لەناو مـاڵ و هەم لە دەرەوە وەکـو دوو کـەسی رووخـۆش نەدەهاتنە بەرچاو... تۆ و خـوشکەکـانت لەناو مـاڵ سـەربەسـتی زیاترتان لە هی منداڵانی دیکەی گـەڕەک هەبوو... زۆر جار هاوڕێکانت سەیریان پێ دەهات، کاتێ دەیانبینی ئێوە دەتوانن ئاوا راشکاوانە و بەبێ ترس لەگەڵ دایک و باوکـتـاندا بدوێن، هەتا ئەگـەر قـسـەکـانتـان پێـوەندیان بە بابەتی زۆر هەسـتیـاریشـەوە هەبوایە... ئەوەندەی لێـدانیـشـتـان خـواردبێت، هەر لە دەرەوە و بە مەبەستی پێشگرتن لە مـەترسی بووە، ئەگینا لە ماڵەوە (ســازان) و (تابان) زۆربەی کـات لەسـەر سکیـان هەڵدەپەڕین و ئەوان بەهەمـوو شـێـوەیەک نازیان دەکێشان... بەکورتی کێشەی سەرەکی ئێوە لەگەڵ کاتدا بوو، بۆیە زستانان ماوەی سەربەستیتان لە هی هاوینان کـەمـتـر بوو، بەوەی رۆژ درەنگ هەڵدەهات و زوو ئاوا دەبوو... واتە مـاوەی داخـرانی قـوفـڵـەکـە زیاتر درێژەی دەکێشا.

(مـــونیـــرە کـــوورەچی)ی دایکت هەم لای دەستــەخـوشکەکـانی و هەم لای ئەو دووکـانداڕانەی پێویستییەکانی رۆژانەی دەکڕی، هەمیشە شانازی بەو خـۆپارێزییـەی باوکـتـەوە دەکرد و نەیدەشاردەوە کـە ئەم خـۆیشی وا پەروەردە کـراوە و منداڵەکـانیـشی هەر بەم شێوەیە رادەهێنێت... بەڵام لەناکاو ئەو سیستمە لەسەر دەستی تۆدا تێکشکا، تەنانەت کاتێ لەوێ بە رێککەوت

(کاک وریای داده نەخشین)ی دراوسێتانت بینی، نەدەچووە ئەقڵییەوە تۆی کوڕی (مونیرە کوورەچی) و (ئەمجەدی شارەوانی) لەم تەمەنە زووەتەوە بتەوێت چەک هەڵبگریت... ئەو بە ناوەکەتەوە تۆی ناسییەوە، ئەگینا لە حەفتا و پێنج، کاتێ شاری جێ هێشت، تۆ تەمەنت لە یازدە بەهار تێنەدەپەڕی... لە بیرتە لەگەڵ دایکی بۆ خوارووی عێراق دوور خرانەوە، بەڵام هێندەی نەبرد هەواڵ هات کە (دادە نەخشین) لە ڕێگا گیانی دەرچووە و ئەویش دوای ئەوەی تفەنگی پۆلیسێک دەرفێنێت، خۆی دەگەیەنێتەوە شاخ... لە گەڕەک زوو زوو ئەو بەسەرهاتەیان دەگێڕایەوە... دیمەنی مراوییەکانیان لە بیر کەس نەدەچووەوە، کاتێ ئێوارە لەو گۆمە گەڕانەوە و بینییان وا دەرگا داخراوە، بەردەوام قوپ قاپ قوپ قاپ لەو بەردەمە دەهاتن و دەچوون... هەرکە ئەمەت بۆ (کاک وریا) گێڕایەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا... ئەوسا کەسی دیکەتان لا نەبوو، چونکو هەر بەدەم گفتوگۆوە لە گوند دوور کەوتبوونەوە و لە قەراغی جۆگەیەک وەستا بوون کە تیشکی مانگ بریقوباقی پێ دەخست... لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕاستی مارت بوو، کەچی هێشتا سەرما دەیتوانی کاری خۆی بکات... سەرەتا نەتدەزانی بۆچی وا چێژ لەوە دەبینی، کە دانەچۆقەت پێ دەخات، بەڵام دوایی زانیت، چێژ نییە، بەڵکو ترس و تێکشکانەکانت دەشارێتەوە و بەشێک لە قورسایی ئەو شەرمەت لەسەر سووک دەکات... هەستت کرد (کاک وریا) بەو قسەیەت زۆر شتی ناخۆشی بیر کەوتەوە، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا و بەدەم بزەیەکەوە وتی:

– باوەڕ ناکەم تۆ ئەو دیمەنەت بە چاوی خۆت دیبێت... دەبێ بۆیان گێڕابیتییەوە... وایە...؟!

– ڕاست دەکەیت، بەڵام چۆنت زانی...؟!

قاقایەکی لێ دا و وتی:

– مەگەر باوکت ناناسم کە پێش ئەوەی دنیا تاریک دابێت، دەرگا قوفڵ دەدات و تا بەیانی ڕووناک نەبێتەوە، نایکاتەوە...!! مونیرە کوورەچی دایکیشت کچی کۆڵانی خۆمانە و کەس هێندەی منی ناناسێت... هەمیشە مراوییەکانی دایکم دوای ئێوە دەگەڕانەوە ماڵ.

سەرت داخست و ئەو ڕۆژانەت بیر هاتەوە، کە (کاک وریا) بە باوکتی دەوت با هێندە نەترسێت... هەتا ئەو لە گەڕەک بێت، کەس ناتوانێت بە خراپ سەیری بکات... ئەو هەندێ قسەی ناڕۆشنی لە دەم دەردەچوو، بەبێ ئەوەی خۆیشی بزانێت چی دەڵێت... لە ماڵەوە دەیوت ئامادەیە پشت بە هەر کەسێک ببەستێت، ئەگەر بەڵێنی پێ بدەن، گوایە لە سەردەمی گرانی و نەهاتییەکاندا ناهێڵن لە برسا بمرێت و لە کاتی ئاوارەیی و دەربەدەریدا شوێنی بۆ دابین دەکەن، بەڵام ئەوپەڕی دەبەنگییە پشتی بە ئازاترین کەس قایم بێت و وا بزانێت لە چەپۆکی ئەوانی دیکەی دەپارێزێت... قاقایەکی لێ دەدا کە زیاتر نیشانەی ترسی دەگەیاند و دەیوت:

– چۆن...؟! چۆن...؟! بە بەفر خانوو بکەم و لەناویدا بژیم...؟! دەی باشە ئەوە گریمان هەرگیز جارێکی دیکە ڕۆژ دەرناکەوێت و ماڵی من ناتوێنێتەوە، بەڵام کەس بە بەفر خۆی گەرم کردۆتەوە...؟!

ئەو ڕۆژەی (کاک وریا) و دایکیان لەگەڵ چەند خێزانێکی دیکەی گەڕەک خستە ناو زیلەکان و بۆ خوارووی عێراقیان ڕاگوێزان، باوکت لە ژوورەوە هەڵدەلەرزی و دەیوت:

– ئەمە بوو دەیویست من بپارێزێت...؟! کورە ئەمە بوو..؟!

دیسان قاقای لێ دەدا، چونکو ئەمە ئەو شتە بوو کە هەمیشە لە کاتی ترسدا پەنای بۆ دەبرد... دەستەکانی ڕادەوەشاند، وەک بڵێی بەڕاستی لەناو بەفر دەری هێنا بن و بیەوێت بیانتەکێنێت... ئینجا فووی تێدەکردن و هەر بەدەم قاقاوە دەیوت:

– بەفر بوو...!! بەفر...!! توایەوە... با بچێت خۆی بپارێزێت.

حەزت نەدەکرد (کاک وریا) لەوە زیاتر باسی باوکت بکات، نەبادا لێت بپرسێت، ئاخۆ دوای ئەوەی تۆ جێت هێشتووە چ حاڵێکی هەیە، چونکە نەتدەویست بیهێنیتەوە بەرچاوت چۆن لەناکاو زمانی شکا و لە جێدا کەوت... هیچ لەوەش تێنەدەگەیشتی بۆچی هەرچەند لە سیمای (کاک وریا)ت دەڕوانی، سکەکەی دایکتت بیر دەکەوتەوە و ئازارت دەچەشت... هێندەی دیکە لە ئاستیدا خۆت ناسک و بچووک دەهاتە بەرچاو... هیوات دەخواست بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو باسە نەیەتە گۆڕێ، چونکە دەتزانی بەرگەی ناگریت و گیانت دەردەچێت... بەو مەبەستەی لەو باسەی دوور بخەیتەوە، وتت:

– من ئەو قوفڵەم شکاند... وا هاتوومەتە ئێرە و تازە مەحاڵە بگەڕێمەوە.

ئەو بەشێوەیەکی جیاواز لە هی پێشووی سەرنجی لە سیمات دا و وتی:

– دەبینم قسەکانت لە قەدەر تەمەنت نین.

ئەمەت بە دڵ بوو... بەدەنگ پێکەنیت... ئەو کەمێ بیری کردەوە و پرسی:

– ئەو کاتەی ماڵت جێ هێشت، شەو بوو یان ڕۆژ...؟!

بەو پرسیارەی ڕایتەکاندی... هەرگیز بەو شێوەیە بیرت لەوە نەکردبووەوە کە تۆ ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانتدا بەشەو دەرەوە ببینیت... بەشەرمەوە وتت:

– ڕۆژ بوو.

بزەیەکی کرد و وتی:

– کەواتە قوفلّەکەت نەشکاندووە...!!
تۆ بەبێ ئەوەی سەرهەلّبڕیت، وتت:
– بەلّام وا هاتوومەتە ئێرە و تازە مەحالّە بگەڕێمەوە.
سەری بادا و وتی:
– ئەگەر گوێ لە من بگریت، ئەوە دەگەڕێیتەوە شار و خوێندنەکەت تەواو دەکەیت.

ئینجا پێی ڕاگەیاندی کە نزیکەی مانگێک لەپێش تۆوە (سروود مەڕوان) لەگەلّ دایک و باوکی گەیشتووە... ئەمە هەوالّێکی تا بلّێی خۆش بوو، چونکە بۆت دەرکەوت زانیارییەکانت تەواون... پرسی:
– تۆ ئەو دەناسی...؟!
زمانت گیرا و ڕەنگت هەلّبزڕکا... هەر چۆنێ بوو وتت:
– دوور بە دوور دەیناسم، بەلّام نازانم ئەو من دەناسێت، یان نا.

(وریای دادە نەخشین) دەیویست لەوە تێبگات بۆچی هەر لەم ماوەیەدا دوو قوتابی لە یەک قوتابخانەدا شاریان جێ هێشتووە و ڕوویان لە شاخ کردووە... کۆمەلّێک پرسیاری لەبارەی ڕەوشی خوێندنگا و هەلّسوکەوتی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانەوە لێ کردی... گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هیچ هۆکارێکی وا نییە ئێوە خوێندنتان جێ هێشتبێت... لەمەوە بۆت دەرکەوت دایک و باوکی لەبەر ئەو هاتوون... بەردەوامیش پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێت بەزووترین کات بگەڕێیتەوە... تۆ بیرت خستەوە کە ئەویش لە شەست و یەک لەو تەمەنەی تۆ چەکی هەلّگرتووە... ئەگەرچی ئەمەی پێ خۆش بوو، بەلّام وتی:
– ئەم سەردەمە ئەو سەردەمەی ئەوسا نییە.

کاتێ هەستی کرد تۆ هێندەت حەماس هەیە و لەسەر مانەوە سووریت، ڕێگایەکی دیکەی نیشان دایت... پێی وتیت لە شار ئیشیان بۆ بکەیت، گوایە کەسێک دێت پێوەندیت پێوە دەکات و وشەی نهێنیش (مراوییەکان هێشتا لە گۆمەکە مەلە دەکەن)ە، بەلّام تۆ ئەمەت بە دلّ نەبوو... ئەوسا وتی هەولّ دەدات (سروود مەڕوان)یش ڕازی بکات، بەو مەبەستەی ئەویش لەگەلّتدا بگەڕێتەوە شار و لە مالّی مامی بژی... لەوێ هەردووکتان هاوکاری یەکتر بکەن... ئەمە ئەو شتە بوو کە تۆ بۆی دەگەڕایت... بەڕادەیەک گەشایتەوە، ئەو خێرا هەستی پێ کردی... ئەوسا وتی ئەوان لە گوندێکی ئەو دەوروبەرەن و سبەینێ ئەم لەگەلّ پێشمەرگەکانیدا سەردانی دەکەن... ئێستاش نەتزانی بۆ تۆی لەگەلّ خۆیدا نەبرد، ئەگەرچی زۆرت هەولّ دا... لەوێ لای یەک دووانێکی بێ چەکی دیکەی وەکو خۆت مایتەوە، بەلّام تۆ لە هەموویان مندالّتر بوویت... یەکێکیان بەزەیی پێتدا هاتەوە و پالّتۆ خورییەکەی خۆی پێ دایت... ئەگەرچی لێت وەرگرت، بەلّام ئەمەت بە شکستێکی گەورە زانی و لە ناخەوە پێی تلایتەوە...

لەسەر ئاگر چاوەڕێی هاتنەوەی (کاک وریا)ت دەکرد و ئاواتت دەخواست (سروود)یشی لەگەلّدا بێت، کەچی کاتێ گەڕانەوە و ئەوت نەبینی، تەواو داڕووخایت... (کاک وریا) پێش ئەوەی پێت بلّێت بۆچی ئەو نەهاتووە؟ لەبارەی ئەو شپرزەییەتەوە پرسیاری لێ کردیت، بەلّام تۆ لەسەر شێوازی باوکت هەندێ وشەی ناڕۆشنت لە دەم دەرچوو، بەبێ ئەوەی خۆشت بزانیت دەتەوێت چی بلّێیت... دوایی تۆی لە گوند دوور خستەوە و لە قەراغی هەمان جۆگەدا پێی ڕاگەیاندی کە (سروود) و دایک و باوکی نایانەوێت بمێننەوە، بەلّکو نیازیان وایە بچنە ئێران، چونکە ئامانجی ئەوان گەیشتنە بە یەکێک لە ولّاتەکانی ئەورووپا، بەتایبەتی سوێد، بەوەی کەسوکاری (دایکی سروود) لەوێ نیشتەجێن... (سروود)یش وتوویەتی بەهیچ شێوەیەک تۆ ناناسێت، تەنانەت ناویشتی نەبیستووە... ئەمەت بە گەورەترین نەهامەتی زانی... خۆتت وەکو ئەو شەوگەردانە هاتە بەرچاو کە لە دەوروبەری گلّۆپی قەد دیواری هەیوان مێشوولە و زیندەوەری ورد وردی دیکەیان ڕاو دەکرد و تۆ قێزت لێیان دەهاتەوە... ئینجا بۆت دەرکەوت ئەو کاتێ وتی ئەم سەردەمە ئەو سەردەمەی ئەوسا نییە، ئەوا تەنیا مەبەستی ئەوە بوو کە تۆی کوڕی (مونیرە کوورەچی)ی ناسک و (ئەمجەدی شارەوانی)ی دەستەپاچە وەکو ئەوی ڕۆلّەی ئەو (دادە نەخشین)ە جەربەزەیە نیت، کە یەک پیاوی گەڕەک نەیدەوێرا چاو ببڕێتە چاویەوە و سەری سێ و چواری بە یەکدا دەدا... دەنگێک زوو زوو لە ناختدا بەرز دەبووەوە و لێتی دەپرسی: «تۆ دوای چی کەوتوویت...؟! دەزانی تۆ دایکێکی دووگیان و باوکێکی داماو و دوو خوشکی شیرینت لەپێناوی ئەو خەونە پووچەدا کوشت...؟!» بەلّام خێرا بەلاوەت دەنا... نەتدەتوانی لەوە زیاتر بەپێوە بوەستیت و لە ڕووشت نەدەهات دابنیشیت... هەستت دەکرد ئێستا نا ساتێکی دیکە دەکەویە ناو ئەو جۆگەیەی بەردەمت و ئاو ئەو لاشە بێ گیانەت لەگەلّ خۆیدا دەبات... هەر ئەمەش وای لە (کاک وریا) کرد بڕیاری کۆتایی بدات و بۆ شارت بنێرێتەوە، بەوەی هێشتا مندالّیت و زووە بۆ هەلّگرتنی چەک، بەلّام بەلّێنی پێ دایت کە لەوێ هەر لە قوتابخانەی خۆتان کەسێکت بۆ دەنێرێت و دەتکاتە ئەندامی ڕێکخستن... ئەگەرچی هیوات بە هیچ شتێک نەما بوو، بەلّام مانەوەت لە شاخ زۆر بە باشتر دەزانی لەوەی بگەڕێیتەوە، چونکە لە لایەک نەدەکرا تۆ لە سایەی دایک و باوکێکی ئاوادا خەریکی ئەو کاروبارە ترسناک و سەختانە بیت و لە لایەکی دیکە باوەڕت نەدەکرد دوای نەمانی (سروود) بتوانی لە شار بژی، چجای دەوامی قوتابخانە بکەیت و ئەرکەکانی ڕێکخستن لە ئەستۆ بگریت... ئینجا تێگەیشتی خەلّک

چۆن دوور لە خواستی خۆیان دەبنە تێکۆشەر و جەربەزە، بەبێ ئەوەی پێشتر تۆزقاڵێک توانایان لە خۆیاندا بەدی کردبێت... باوەڕت بەوە هێنا کە هیچ کەسێ ڕاستەوخۆ ڕێگەی نەکەوتۆتە ناو سیاسەتەوە، بەڵکو دوای شتێکی دیکە کەوتوون و لەناکاو لەوێدا خۆیان بینیوەتەوە... وەکو زەوییەکی سیحری وایە، تا نەچیتە قووڵاییەوە، نازانیت ڕێت تێیکەوتووە... لە پشتەوەی ئەو پیکابەی (کاک وریا) شوفێرەکەی ڕاسپاردبوو بتگەیەنێتەوە شار، بیرت لەو شتانە دەکردەوە و فرمێسکت هەڵدەڕشت... نەدەکرا سیمای تێکشکاوی باوکت نەهێنیتەوە بەرچاوت، کە چۆن بە دەستێ بیجامەوە لەسەر ئەو قەنەفە ڕزیوەدا دانیشتووە و پەنجەکانی لەسەر سنگی هەڵدەلەرزن... ڕیشی هاتووە و چاوەکانی دەرپۆقیون... دایکت لەسەر پشت پاڵکەوتووە و نیگای لە بنمیچەکە بڕیوە... سکی لەژێر ماکسییە پرتەقاڵییەکەیدا وەکو گردۆڵکە دەردەکەوێت و لە کاتی هەناسەداندا زیاتر بەرز دەبێتەوە... خوشکەکانت لای قاچییەوە هەڵتروشکاون و بەترسەوە لێی ڕادەمێنن... ئەوان پێیان لێ کردە کەوش و وتیان هەر دەبێت منداڵێکی دیکەی ببێت، ئەگینا ئەم لەدوای (تابان)ەوە نەیدەویست جارێکی دیکە ببڕای ببڕای سکی پڕ ببێت... وەک وڕک بۆ بووکەشووشە بگرن، ئاوا وڕکیان بۆ بەبە دەگرت و لە دایە و بابە دەپاڕانەوە... دایکت دەیکردە گاڵتە و دەیوت:

– تازە قوفڵم لێ داوە و نایکەمەوە.

باوکت پێدەکەنی و سەری لەناو ڕۆژنامەکە دەهێنایە دەرێ، بەڵام (سازان) و (تابان) دەستیان لە داواکەیان هەڵنەدەگرت... چەند جارێک لێیان تووڕە بوویت، بگرە لە ناخەوە بەوە تێکدەشکایت کە دایکت منداڵێکی دیکەی ببێت، لە کاتێکدا تۆ لە قۆناغی دواناوەندی خوێندندایت... هەستت دەکرد ئەمە سووکایەتییە و بە تۆ دەکرێت... دەترسایت هاوڕێکانت بە چاوێکی نزم لێت بڕوانن... دەتزانی ئەوان پێشتر بەهەموو شێوەیەک خۆیان لەوە دەپاراست گیانی دیکە بێننە دنیاوە، چونکە تۆ ئاگات لە سەرجەمی جووڵە و وتەکانیان بوو... دەرگای ژووری نووستنیان بەناو ژووری تۆدا دەکرایەوە... جیرەجیرِی ئەو تەختە کۆنە ڕزیوەشیان کە تەمەنی لە تۆ گەورەتر بوو، زۆر بەئاسانی لە خەوی هەڵدەستاندی... هەر زوو بۆت دەرکەوت شێوازی جووتبوونەکەشیان وەکو تەختی نووستن و سەرتاپای شتەکانی دیکەیان کۆنە... زۆر جیاوازە لەوەی تۆ لە پۆل و لەسەر جێگادا خۆت و (ڕۆزا فەوزی)ی دراوسێتانت بەو قژە خاو و چاوە جوانانەیەوە دەهێنیتە بەرچاو... چ جووڵە و چ وتەی زیاتری تێدایە... تەختی نووستنە داڕووخاوەکەیان ئاوا شتەکەی لێ گەورە دەکردن، ئەگینا ئەوەیان لەسەر زەوی بکردایە، هەرگیز نەیاندەتوانی بەئاگات بهێنن... دەکرا لەوێش هەست بە سیستمی داخستنی دەرگا و قوفڵەکە بکەیت... هەردووکیان لە گەرمەی لەزەت و موچوڕکەکاندا دەیانتوانی بەسەر خۆیاندا زاڵ بن و قوفڵی لێ بدەن... ئەوسا باوکت بەئەسپایی پاڵێکی بە دەرگای نێوانتاندا دەنا و وەکو پەنگوینێکی زل بە لای تۆدا تێدەپەڕی، لە کاتێکدا ڕووناکی گڵۆپی ژوورەکەیان بەشی ئەوەی دەکرد چەند گورزێکی کاڵی لێ بگاتە ئەوێ، هەتا ببینی چۆن کلینێکسی تێوە پێچاوە و دەچێت لە حەمام پاکی دەکاتەوە... دوایی بۆت دەرکەوت ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم زیادبوونی منداڵی چوارەمدا، تەنیا ئەوە نییە کە مانگانەیەکی کەم وەردەگرن و بەشی بەخێوکردنی خێزانی گەورە ناکات، بەڵکو ئەوان ترسیان لەوەیە بە شەو لە دایک ببێت و ناچار بن بۆ هێنانی مامان، دەرگای حەوشە بکەنەوە، ئەگەرچی لایان ڕوونە کە نایکەنەوە... وەکو زۆر جار دەتبیست لە کاتی لەدایکبوونی ئێوەشدا هەمان ترسیان هەبووە، بەڵام تەنیا برایەکتان نەبێت کە لەنێوان تۆ و (سازان)دا بەشەو گەیشتووە و نەژیاوە، ئەگینا خۆشبەختانە هەرسێکتان بە ڕۆژ لە دایک بوون... خۆت چاکت لە بیرە کە (تابان)یش کەمێکی دیکە درەنگتر بگەیشتایە، ئەوا بە دەردی ئەو برایەتان دەچوو... قوفڵەکەی بە دەستەوە گرتبوو و لەسەر ئاگر چاوەڕێی (سیستەر سیهام)ی پوورزای دەکرد... چەند دەقەیەکی دیکەی پێ بچووبوایە، ئەوە بێ گومان دایدەخست و لێی نەدەکردەوە... ئەو برایەشتان بەمردوویی هاتۆتە دەرێ، چونکە باوکت خۆی ئەرکی مامانییەکەی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام سەری لێ دەرنەچووە و خنکاندوویەتی، ئەگەرچی دایکت لەو ڕووەوە زۆر زانیاری باشیشی خستبووە بەردەمی... ئەمە هێندەی دیکە ترسەکەی گەورە کردوون... هەرچی بێت (سازان) و (تابان) توانیان ئەو قوفڵەیان پێ بشکێنن... دیسان لە پشتی ئەو پیکابەوە هەم دایکت و هەم ئەوانیشت هێنایەوە بەرچاو... قژیان ئاڵۆزکاوە و ڕوومەتیان سوور هەڵگەڕاوە، هێندەیان شین بۆ حاڵی خۆیان کردووە... ناهەقیان نییە... هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان کارەساتێکی ئاوا لەناو ماڵی ئەواندا ڕوو بدات، لە کاتێکدا بە هەموو شێوەیەک خۆیان لە مەترسی دەپاراست... نەتدەزانی ئاخۆ پێت خۆشە دایکت بەهۆی ئەو خەمە گەورەیەی لەناکاو تووشی هات، سکەکەی لەبار چوویێت، یان نا، بەڵام هەستت دەکرد بیرکردنەوە لە شتێکی ئاوا ئاسان نییە و پڕە لە ئازار... سیمای قوفڵەکەشت هاتەوە بەرچاو، کە کتومت لە کەللەی سەگ دەچوو... خۆت لە ئاستیدا زۆر دەستەپاچە دەبینی... زوو زوو ئەو قسەیە لە گوێچکەتدا دەزرنگایەوە کە بە (کاک وریا)ت وت: «من ئەو قوفڵەم

شکاند... وا هاتوومـــەتە ئێـــرە و تازە مـــەحــــاڵە بگەڕێمەو.»... قێزت لە هەموو شتێک دەهاتەوە... سەرت سووڕا و کەوتیت... دەمت پڕی بوو لەو کایەی لە دواوەی پیکابەکەدا ڕۆ کرا بوو... بۆنی پشقل و شیاکەی لێ دەهات... شتێکی تاڵ چووە قوڕگتەوە... چەند جارێک کۆکیت... هەستت کرد وا لوولەی درێژ درێژ لەژێر کادا شاردراونەتەوە و قاچت بەریان دەکەوێت... ترست لێ هات لە کۆنترۆڵ ڕاتان بگرن و خۆتان و پێکابەکەش بپشکنن... ئەوان لە پێشەوە بەردەوام سەریان دەلەقایەوە و دەکرا بلێی باس لە شتێکی هەستیار دەکەن... وردە وردەش دنیا تاریک دادەهات... تۆ کێشەی هەرە گەورەت ئەوە بوو، چۆن بەو شەوە بگەیتەوە و بە چ ڕوویەک لە دەرگا بدەیت...!! ئایا لێت دەکرێتەوە، یان دەبێ تا بەیانی لە دەرەوە چاوەڕێ بکەیت...؟! کاتێ لەو پرسیارانە قووڵ دەبوویتەوە، لایەکی دیکەی مەسەلەکەت دەکەوتە بەرچاو... هەستت دەکرد وا دوور لە خواستی خۆت چێژ لەو گێچەڵە دەبینیت کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە یاریی منداڵان دەچێت... ئەو یارییانەی شەوانی هاوین هاوتەمەنەکانت لە دەرەوە دەیانکرد و تۆ لەگەڵ (سازان) و (تابان)ی خوشکت لە حەوشە گوێت لێ دەگرتن... ئینجا بە هەستە سەیروسەمەرەکانی خۆت پێدەکەنی کە بەو ئەنجامەیان گەیاندی... لە پشتەوەی ئەو پیکابەوە دەتروانییە ئەم لا و ئەولای جادەکەوە... زیاتر و زیاتر ئەو ناوە تاریک دادەهات و خەڵکی ئەو گوندانەت وەکو تارمایی دەکەوتە بەرچاو... خانووەکانیانت لە شێوەی قەفەزی باڵندە دەبینی... دووبارە بە گفتوگۆی نێوان خۆت و (کاک وریا)دا چوویتەوە... ئەو بزەیەی زۆر لە قسەکەی زیاتر تێکی شکاندی: «کەواتە قوفڵەکەت نەشکاندووە...!!»... بەو دەنگە نێـــرانەی وای وت و هاوکات بە نووکی پێـڵاوە تۆکمەکەی چنگێ چەوی هەڵدایە ناو جۆگەکەوە... بۆ ساتێ لەو چاوە زەقانەی ڕامایت و هەستت کرد وا لە دایکت دەڕوانێت، لە کاتێکدا ئەو بەڕووتی لەسەر گیای ئەو دەشتە لەژێر تیشکی مانگدا پاڵ کەوتووە و منداڵی دەبێت... دووبارە قێزت لە خۆت هاتەوە... دەترسایت لەناکاو ئەو باسە بێتە گۆڕێ و بەهەمان بزەی ساردەوە پێت بلێت: «چیت داوە لە چەک...؟! بڕۆ بێشکەی بەبەکە ڕاهەژێنە»... هەر زانیت دەستەپاچەیی تۆ لەوە دایە کە بەڕۆژ ماڵت جێ هێشتووە و بەشەو بۆی گەڕاویتیەوە، لە کاتێکدا دەبوایە پێچەوانەی ئەوەت بکردایە... دەبێ بپارێیتەوە و بگریت، بەو مەبەستەی دڵی نەرم ببێت و بیکاتەوە... کێ دەڵێ دەشیکاتەوە...؟! ئەو بۆ کچە نازدارەکەی نەیکردەوە، کە گیانی دەدا، چۆن بۆ تۆی یاخی و گێرەشێوێنی دەکاتەوە...؟! دەستبەرداری گیانی کوڕێک و مانگانەی ژنەکەی و دەیان شتی دیکە بووە، هەر لەو پێناوەی ئەو قوفڵە نەکرێتەوە، تازە مەحاڵە بۆ تۆی زۆڵ و حەرامزادەی بکاتەوە... ناشتوانی بەو دیوارە بەرز و لووسەدا هەڵبگەڕێیت و بێ گومان شەو لە دەرەوە دەکەیتەوە... بایەکی سارد مل و گوێچکەکانی دەتەزاندی و دەنگی مەکینەی پیکابەکە هێمنی ڕێگاکەی دەشێواند... هەتا زیاتر لە شار نزیک دەبوویتەوە، دڵت خێراتر لێی دەدا و خەیاڵت کەمتر شوێنی بە خۆیەوە دەگرت... لە لایەک پێشبینی شکست و نەهامەتییەکانت دەکرد و لە لایەکی دیکە چێژی ئەو یارییەت دەهێنایە بەرچاو... کوڕێکی شازدەساڵان بۆ یەکەم جار بەشەو ڕووی دەرەوەی دەرگای حەوشەی خۆیان دەبینێت...!! کاتێکت زانی وا هەوەست دەبزوێت... دوور لە خواستی خۆت ناوگەڵت دەشێلیت... ویستت بیری خۆتی بەریتەوە، چونکە دڵنیا بوویت گەرماوگەرمە و دوایی لە ساردبوونەوەدا هەست دەکەیت شێتێکی تەواویت، بەڵام نەتتوانی کۆنترۆڵی بکەیت... شەبزووت هێنایە دەرێ... بەو چوار پەنجەیە گوشیت... هەوڵت دەدا وێنەی دەرگاکە بە وێنەی (ڕۆزا فەوزی)ی دراوسێتان بگۆڕیت، کە دەیان جار هیوات خواستبوو لە باوەشی بگریت و ناودەمی بمژیت، یان هیچ نەبێت وێنە کۆنەکەی خۆی بێنیتەوە بەرچاوت، کە وات دەزانی سەگێک لەناو بەفردا نقووم بووە و تەنیا سەری دیارە، بەڵام سەری نەگرت... بە تارایەکی تەنکی سپی داپۆشرا بوو و دەهاتەوە بەردیدەت... قوفڵە ڕەشەکەی لەژێر ئەو تووڵە شەفافەدا وەکو شەنتووز دەردەکەوت... حەزت دەکرد بیلێسیتەوە... پەنجە بزێوەکانت بۆ دابین نەدەکرا... لەناکاو وەکو منداڵی نەخۆش بەسەر کایەکەدا ڕشایەوە... سەرەتا ئازارێکی گەورەت چەشت، بەوەی لەژێر ئەو کایەدا چەک شاردرابووەوە... بە بۆکس لە ئەژنۆکانت دەدا و سەرت بە ئاسنی دواوەی پیکابەکەدا دەکێشا... چەند جارێک ویستت خۆت هەڵدەیە خوارێ و کۆتایی بەو ژیانە چرووک و بێ کەڵکەت بێنیت، بەڵام وردە وردە هێمن دەبوویتەوە... دووبارە ئارەزووت چووەوە سەری... زمانت بە ئاسنەکەدا دەهێنا... ویستت لە خەیاڵی خۆتی دەربکەیت کە تۆ عەشقی دەرگا و قوفڵ بوویت، بەڵام نەکرا... هاوارت دەکرد:

– من شێتم... من شێتم... من دەرگا و قوفڵەکەی خۆمانم خۆش دەوێت، بگرە دەیانپەرستم... هەر ئەمشەو لەگەڵیان دەخەوم.

دەنگت تێکەڵی مەکینەی پیکابەکە و ڕەشەبا دەبوو... دەتزانی دوای ئەم یارییەش یەکێکی دیکە دەست پێ دەکات، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەو قوتابییە کێیە، کە لەناکاو دێت و وشە نەهێنییەکەی (کاک وریای دادە نەخشین)ت بە گوێچکەدا دەدات...؟! ئایا

دەیناسـیت...؟! پێـشـتـر بینوتە...؟! هاوڕێی نزیکی خۆتە، یان یەکێکە و لە ژیانتـدا ناویت نەبیسـتووە...؟! سیمای هەموو بزێو و سەرکێشەکانت هێنایە بەرچاو کە ڕۆژانە بەئاشکرا و بەدزی لە پۆل و گۆڕەپانی قوتابخانەدا باسی سیاسەتیان دەکرد... دیواریان دەنووسی و پۆستەر و بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە... هەندێکیان گیران و کەس نەیزانی چییـان بەسـەر هات... تۆ بەهەمـوو شـێـوەیەک خـۆتت لێ دوور دەخـسـتنەوە و بەرگـەی گـاڵتـە و جنێوەکانیانت دەگرت... هەرگیز نە لە خەیاڵی خۆت و نە لە هی کـەسـێکی دیکەدا بوو، تۆش ئاوا لەناکـاو دەبیـە یەکێک لەوانە... گیانت دەلەرزی و پێشبینی خراپترین چارەنووست دەکرد، بەڵام دیسان بەوە دڵی خۆتت دەدایەوە کە لەم نزیکانە بۆت دەردەکەوێت کێیە ئەو کەسەی وشە نهـێنیـیـەکـەت بە گوێچکەدا دەدا... نەتدەزانی ئاخـۆ هەر شتەکان خۆیان دوو ڕووی تەواو جیاواز لە یەکتریان هەیە، یان ئەوە تەنیا چاوی تۆیە وایان دەبینێت... ڕوویەکی تا بلـێی ترسناک و ڕوویەکی پڕ لە چێـژ... تاریکایی ئەو جـادەیە بە ڕووناکی لایتـەکـانی پیکابەکـە بەردەوام لەت دەبوو، دەتوت قـوماشی نایلۆنە و دەمی مـەقـەستی تیـژ دەیبـڕێت... دیمەنی دایکت بەو مـاکسـییە پرتەقاڵـیـیەوە دەهاتەوە بەرچاوت کـە وەها بە لەشـیـەوە دەنووسـا، دەترسـایت لەناکـاو لە چوار لاوە بدڕێت... تا دەهات سمتی زیاتر دەردەپەڕی و مـەمکەکـانیشی لەسەر باڵۆنە گـەورەکـەی ژێر مـاکسـیـیـەکـەیدا وەکـو دوو تووتکەسـەگی چاونەپشکوتوو دەکـەوتنە بەرچاوت کـە گـوانی دایکیـان دەمژن... هەر بەڕاستی ئەو تابلۆیە، تابلۆی دەڵەسەگێک و بەچکەکانی، ساڵانی پەنجا باوکت کێشاویەتی و لەپێش لەدایکبـوونی تۆوە بـە قـەدی دیواری هـەیوانـدا هەڵواسراوە... بەوەدا ئاگـات لێ نەبوو وا گـەیشـتوونەتە شـار، هەسـتت کـرد ئەو خـەیاڵانە تەواو لە دنیـایان دابڕیبـوویت... لە بەردەمی شـارەوانیـدا وەسـتـا... یەکێ لەو دوو پیـاوەی لای شـوفـێـر دانیـشـتبـوون، سـەری لە پەنجەرە هێنایە دەرێ و وتی:

– دابەزە دەی چاوەڕێی چی دەکەیت...؟!

هیچ لەوە تێنەگـەیشـتی بۆچی هەمـان دەنگی (کـاک وریای دادە نەخشین)ی هەیە... بازێکت هەڵدا و ویستت بزانی ئاخـۆ ئەو نیـیـە، بەڵام شـوفـێـر خـێـرا پێی لێ نا و جـەسـتـەی پیکابەکـەی لەناو ئەو تاریکاییـەدا ون کـرد... ئەوسا زیاتر باوەڕت هێنا لەژێر ئەو کایەی لە پشتەوەیان ڕۆ کردووە، چەکیان شاردۆتەوە... کاتێ لینجاوەکەت بیر کـەوتەوە، هێندەی نەمـا بوو لەناو ئەو هەمـوو خـەم و نیگەرانی و تێکشکانەدا لە قـاقـای پێکەنین بدەیت... «بۆچی لە بەردەم شارەوانی دایانگرتم...؟!)... باوکتت هێنایە بەرچاو کـاتێ لەوێوە هەنگاوی ورد ورد دەنێت و دەگـاتە نانەواخـانەکـە... پێنج نـان لای نانەوا لاوازەکـە و بوتڵـێکی گـەورەی شـیـر لە دوکـانداره تورکـمـانەکـەی تەنیشتییەوە دەکڕێت و بەرەو ماڵ دەبێتەوە... چاوت بەو دەڕابە داخـراوانەدا دەگـێـڕا کـە لەژێر ڕووناکی منارەی مزگەوتەکەدا دەبریسکانەوە و بەترسەوە هەنگاوت دەنا... ئەگـەر کراوە بـوVان، دەتتوانی لێیـان بپرسی ئاخـۆ باوکت ئەو یەک دوو ڕۆژەش وەکـــو ئەوەی پێی ڕاهاتووە نـان و شـیـری لێ کـڕیون...؟! ئایا چوار نانی بردۆتەوە، یان پێنج...؟! هەمـان بوتڵی شیری جارانی هەڵگرتووە، یان دانەیەکی بچـووکـتـر...؟! وەڕینی ڕەوەیەک سـەگ دڵی داچڵەکـاندی... چەند هەنگاوێک بۆ دواوە گـەڕایتەوە... ئەوان لەو چەمـەی لای ڕاسـتـی شـەقـامـەکـەوە هـاتن و پێشیـان لێ گرتییەوە... تارمایی پیاوێکت بینی و بەرەو لای ڕات کـــرد... دەرکـــەوت ژنە و دوو منداڵـیـــشی لەگـەڵدایە... ئەوان پێـچـەوانەی تۆ نەدەترسـان، بگرە دەتوت یارییـان لەگـەڵدا دەکەن... بە بەرد ڕاویان دەنان و بەدەم پێکەنینەوە دەتریقـانەوە... سـەگـەکـان بەناو گـۆڕسـتـاندا هەڵاتن و ئەوان ڕێگای خـۆیان گـرتەوە... پێشتر دیمەنی ئاوات تەنیا لە خەوندا بینیبوو... زوو زوو سەگ ڕاویان دەنایت و نەشـتـدەتوانی هەنگاو بنێـیت... کاتێ چاوت هەڵدێنا، سەرجەم شتەکانت لێ دەبووە سەگ و پێت دەوەڕین... بەڵام ئەوانە سـەگی ڕاسـتی بوون... هەر دەتوت زانیویانە یەکەم جارتە بەشەو ئەو شەقامە چۆڵ و تاریکە ببڕیت... لە ترسان بەردەوام گیانت دەلەرزی... لە پشت ژنەکـە و دوو منداڵەکـەوە هەنگاوت دەنا، بەڵام زۆر لێیـان نزیک نەدەکەوتیـیـەوە، نەبادا ئاوڕ بدەنەوە و پێت بڵـێن مـادام هێندە لە سەگ دەترسیت، بۆ بەو شەوە دێیتە دەرەوە... هێشـتـا نەگەیشـتبوویە سەری کۆڵانی خۆتـان، کاتێ قـرمژنی گـوللە بێ دەنگی شـاری شێـواند و ئەلارمی ئۆتۆمـۆبیلی پۆلیس و ئەمنیش بەدوایەوە... وەڕینی سـەگەکـانی ناو گـۆڕسـتـانە تاریکەکەشت هاتەوە گوێ... کاتێکت زانی وا جەستەت لەگەڵ دەرگای خۆتاندا جووت کردووە و بە زمان دەیلێسیتەوە... بە دەستت بوایە ڕوویت وەردەگێڕا و شەبزووت دەخستە ناو قوفڵەکەوە کە ڕێک دەگەیشتە ئاستیـەوە... قەیناکا...!! ئەم ڕووەشی تامی خـۆی هەیە... ئەو تارا سـپـیـیـەش زیاتر هەوەسی دەبزواندیت... سـەرەتا دەتویست بەبێ دەنگی تەواوی بکەیت، بەڵام خۆتت بۆ دابین نەدەکرا و هاوارت دەکرد:

– بەقـوربانت بم... گـیـانەکەمی... من پەشیـمـانم... قەدری تۆم نەدەزانی... وا بۆت گەڕاومەتەوە... لەمەودوا هەرگیز جێت ناهێڵم... ببوورە گیانەکەم.

لەگـەڵ قسـەکـانت ئەمـدیو جووڵەی تێکەوت... بەحاڵ ئاگـات لەوە بوو کـە ئەوان هاتوونەتە هەیوان... تۆ لەسـەر قــســەکــانت بەردەوام بوویت... دەنگی (ســازان)ت

دەبیست، کە دەیوت:

– لەگەڵ تۆبەتی بابە... وا دەپاڕێتەوە و پەشیمانی خۆی دەردەبڕێت... داوای لێبوردن دەکات... گوێت لێیە دەڵێ قەدری تۆم نەدەزانی...؟! بۆ وەڵام نادەیتەوە...؟! خۆ دیسان زمانت نەشکاوەتەوە...؟!

دەتتوانی باوکت بێنیتە بەرچاو کە بە دەستێ بیجامەوە لە هەیوان وەستاوە و لە ڕووی ناوەوەی دەرگاکە، ڕاستتر لە قوفڵەکە دەڕوانێت، بەڵام نایەوێت ئەو سیستەمە بشکێنێت و ئاگای لە خۆیەتی کە مەحاڵە بە شەو لەگەڵ هیچ کەسێکی دەرەوەدا قسە بکات، با ئەو کەسە هەتا یەک دوو ڕۆژ لەمەوبەر کوڕی خۆیشی بوو بێت، بۆیە نقەی لێوە نایەت... (سازان) و (تابان)یش بەردەوام لێی دەپاڕێنەوە، بەشکو دڵی نەرم بێت و گوێ لە داواکەیان بگرێت... لەو حاڵەشدا ئاگات لەوەیە بیر لە دایکت بکەیتەوە، ئاخۆ ئەو بۆ دەنگی نییە...!! چی بەسەر هاتووە...؟! ئایا منداڵەکەی بووە...؟! کەی بوویەتی...؟! بەشەو یان بەڕۆژ...؟! یان لەباری چووە و......؟! هاوکات تەکان بە دەرگاکە دەدەیت و هەست دەکەیت تەواو عەشقی بوویت، بەڵام وای بۆ ماچی قوفڵەکە...!! ئاخ بۆ لستنەوەی قەراغەکانی و.........!! تەزوویەک سەرتاپای گیانت دەهەژێنێت و بەرزترین هاوارت لە دەم دەردەچێت:

– قوربانت بم...!! مردم...!! تۆ منت کوشت...!! وااااااای...!!

(تابان) و (سازان) زیاتر لێی دەپاڕێنەوە... ئەمیان دەڵێت:

– تۆ بۆ قسەیەک ناکەیت بابە...؟! دەمرێت...!! لێی بکەرەوە...!!

ئەویان دەڵێت:

– پەشیمانە... جارێکی دیکە وا ناکات... تۆ بڵێی هیچی لێ نەهاتبێت...؟! بۆچی دەنگی بڕا...؟! جووڵەی نەما...!! بابە فریای بکەوە...!!

هەر دەڵێی هەموو شتەکان لە خەوندا ڕوودەدەن... گیانت خاو دەبێتەوە و ئاگات لە خۆت دەبڕێت... کاتێکیش دەرگا دەکرێتەوە، دنیا ڕۆژە... بەوەدا پشتت پێی داوە، لەگەڵ کردنەوەیدا دەکەویە دیوی ژوورەوە... باوکت بە قاتە ڕەساسی و کراسە سپی و بۆینباغە نیللییەکەوە دەبینیت... بەبێ ئەوەی لێت ڕامێنێت، ڕێگای خۆی دەگرێت... وەکو ئەوەی پێی ڕاهاتووە، سڵاو لەم و لەو دەکات و دەچێتە دەوام... (سازان) و (تابان) جلی قوتابخانەیان پۆشیوە و بە لاتدا تێدەپەڕن، بەڵام نازانی تۆ بوویت بە تارمایی، یان ئەوان نایانەوێت بتبینن... ئەدی ئەوان نەبوون شەو لە بابە دەپاڕانەوە، کە دەرگات لێ بکاتەوە...؟! ڕەنگە هەموو ئەوانە لە خەیاڵی خۆتدا ڕوویان دابێت و گوێت زرینگابێتەوە... ئەو قاپییە مەستی کردوویت و بەو قوفڵەی تەفرەت دەدات... ئێستاش ئارەزووی جووتبوونی دەکەیت، بەڵام لەناکاو (سیستەر سیهام)ی پوورزای باوکت دێتە هەیوان و سەرنج لە سیمای دەدەیت... خێرا بۆت دەردەکەوێت دایکت وا لە ژوورەوەیە و سکەکەی داناوە... ماڵ بۆنی خوێنی ئەوی گرتووە... (سیستەر سیهام) دۆڵکەیەک لە بەلووعە پڕ ئاو دەکات و بۆ ژوورەوەی دەبات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە تۆ ناڕوانێت... تۆ بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێیت و لە هەیوان هەڵوێستەیەک دەکەیت... لە پەنجەرەوە لە دایکت دەڕوانی، کە بە تەنیشت منداڵێکی ساواوە پاڵ کەوتووە و پەڕۆیەکی سپی لە ناوچەوانی خۆیەوە پێچاوە... ئەگەرچی ڕووی لە تۆیە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک بە سیمایەوە نابینیت... هەر دەڵێی ئەویش نەیدیویت، یان نایەوێت بتبینێت... دەچیتە ئەم دیوی دەرگا و لە بەرانبەری دەوەستیت، بەڵام هیچ شتێ لەو سیمایەی ناگۆڕێت... بە چەند هەنگاوێکی دیکە خۆت دەگەیەنیتە ژوورەکەت و لەسەر تەختی نووستنەکەت ڕادەکشێیت... لەوێ زیاتر هەست بە ماندوویەتی گیانت دەکەیت... پێت خۆشە گۆرانی بڵێیت... ئەمە یەکێکە لە شتە سەیرەکانت... گۆرانی و گریان پێکەوە... شەرمت لە (سیستەر سیهام) نەکردایە، ئەو گۆرانییانەت دەچڕی کە بەئاسانی فرمێسک لە چاوت دێنن، هەرچەند دڵنیا نیت لەوەی ئاخۆ تۆ ئەگەر جەستەت نابینرێت، ئەدی دەنگت دەبیسترێت...؟! ئینجا بیرت لە (سامان)ی کوڕی کردەوە و هیچ بە دوورت نەبینی ئەوەی وشە نهێنییەکەی (کاک وریای دادە نەخشین)یشت بە گوێچکەدا دەدات، هەر ئەو بێت... سەرەتای دەوام لەگەڵ سێ چوارێکی دیکەی وەکو خۆی گیرا و پاش حەفتەیەک ئەم بەتەنیا ئازاد کرا... ئەوسا گوێت لە دوو قوتابی بوو دەیانوت دایکی چۆتە لای ئەفسەرەکە و شەو تا بەیانی بۆی پاڵ کەوتووە... بەشێوەیەک دەیانگێڕایەوە، هەر دەتوت خۆیان هەموو شتێکیان لە نزیکەوە بینیوە... تەنانەت یەکێکیان وا وەسفی دەکرد کە بە دەست خۆت نەبوو هەوەست دەبزوا... خۆی ڕووت کردۆتەوە و قژی درێژی لەم لا و لەولاوە بەسەر مەمکەکانیدا هاتۆتە خوارێ... ئەفسەرەکە کاتێ ئەو لەشە ڕووتەی بینیوە، ترساوە بەبووڕێتەوە، چونکە باوەڕی نەکردووە ژنێک تەمەنی سی و حەوت ساڵ و دایکی کوڕێکی گەورە بێت، هێندە تەڕ و پڕ لە چالاکی بێت... قوتابییەکەی دیکەیان قاقای لێ دەدا و دەیوت:

– ئاگاتان لێی بێت لەسەر دایکی بە حەوت وەستاوە.

لەناو ئەو خەیاڵانەدا ڕۆ چوو بوویت، کاتێ لەسەر زمانی دایکتەوە گوێت لە ناوی خۆت بوو... سەرەتا نەتویست وەڵامی بدەیتەوە، بەڵام کاتێ چەند جارێکی دیکە بانگی

کردیت، ئەوسا چوویتە ئەودیو و پرسیت:
– چیت دەوێت...؟!
بەڵام دەرکەوت لەگەڵ منداڵە ساواکەیەتی... خستبوویە باوەشییەوە و دەیلاواندەوە... ئەویش بەو دەمە بچکۆلانەی گۆی مەمکی چەپی دەمژی... ئینجا تێگەیشتی کە کوڕە و ناوی تۆشیان لێ ناوە... هەتا ماوەیەکی زۆر ئەمە کێشەت بوو، هەر کاتێ بانگی ئەویان دەکرد، تۆ وەڵامت دەدایەوە، بەڵام ئەوان نە سەیریان دەکردی و نە گوێیان لێ دەگرتی... ئەوەی وای دەکرد هەست نەکەیت تارماییت، بەڵکو بوونت هەیە، ئەوە بوو کە لە لایەک هەمان یاسای هاتنەوە و دەرچوونت بەسەردا جێبەجێ دەکرا، بەوەی دوای زەردەپەڕ دەرگات لەسەر دادەخرا و پێش خۆرهەڵاتیش بۆت نەبوو بچیتە دەرێ... لەلایەکی دیکەش هەر شتێکی قەدەغەکراوت پێ بوایە لێیان دەسەندیت... دەبوایە کتێب و بڵاوکراوەکان لە کون و کەلەبەری ماڵدا بشاریتەوە و بەدزییشەوە بیانخوێنیتەوە... نەدەکرا وەکو جاران زوو بگەڕێیتەوە ماڵ، چونکە خەریکی کاروباری ڕێکخستن بوویت، بۆیە ئەگەر فریا نەکەوتیتایە، ئەوە (دلێری داود کندر)ی هاوڕێت لەگەڵ خۆیدا دەیبردییەوە ماڵ، بەڵام ئەوان حەوت کەس لە تاقە ژوورێکدا دەژیان و بەزەحمەت جێگات دەست دەکەوت... خۆشبەختانە باوکی هەندێک شەو دەچووە دزی و پێخەفەکەی بۆ تۆ دەمایەوە... لەنێوان دایکی و خوشکە گەورەکەیدا دەخەوتی... هەرگیز باوەڕت نەدەکرد ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وشە نهێنییەکەی (کاک وریای دادە نەخشین)ت بە گوێچکەدا دەدات، ئەو کوڕە بێت... لە منداڵییەوە ناوبانگی باوکیت بیستبوو، کە دەیانوت وریا بن دوای ئەوەی تۆقەی لەگەڵدا دەکەن، پەنجەکانتان جوان بژمێرن، نەوەکا یەک دوانێکی دزی بێت و نەتانزانیبێت... لە منداڵی بەردەوام چیرۆکە سەیروسەمەرەکانی ئەوت لە زمانی باوکتەوە گوێ لێ دەبوو... هێندە پێدەکەنیت، هەتا سکت دەیەشا... ئاواتت دەخواست ڕۆژێک لە دوورەوە بیبینیت و بزانیت شێوەی ئەو دزە چۆنە... بۆیە دەتوت لە دوورەوە، چونکە نەتدەوێرا لێی نزیک ببیتەوە... نەتدەزانی ڕۆژێک دێت لەناو پێخەفی ئەودا دەخەویت... زۆر جار وا ڕێک دەکەوت لە یەک کاتدا لە ماڵ بچنە دەرێ، ئەم بۆ دزی و ئێوە بۆ نووسینی دیوار، بەڵام هەمیشە ئێوە لەو زووتر دەگەڕانەوە... ئەو دوای خۆرهەڵات بەدەم قسەی خۆشەوە دەهاتەوە و بە فیکە و گۆرانی هەمووتانی لە خەو هەڵدەستاند... بە دەگمەن مرۆڤت دیوە هێندەی ئەو پیاوە پیشەکەی خۆی بە دڵ بووبێت، تەنانەت بە شێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێش باسی سەرکێشی و ڕۆژانی زیندانی دەکرد کە لەگەڵ دیارترین دز و جەربەزەترین شەقاوەی شاردا بەسەری بردبوون... نەیدەتوانی شانازی بەو کەسانەوە نەکات... هەم لە دواناوەندی و هەم لە زانکۆش هەر ئەو لەپاڵ چوار کچ و تاقە کوڕەکەیدا پارەی گیرفانتی دابین دەکرد... (دلێر) لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی بەغدا و تۆ لە بەشی ئینگلیزی زانکۆی مووسڵ وەرگیرایت... (موراد کندر) مانگی جارێک بە سەردان دەهاتە لات و لەو دەوروبەرە کۆمەڵێک شتی گرانبەهای دەدزی... هەر خۆیشی لە بازاڕ ساغی دەکردنەوە و بەشێک لەو پارەیەی دەخستە گیرفانتەوە... دەیوت:
– ئەم شارە بۆ ئیش باشە، بەڵام هیچ دڵم لێی ناکرێتەوە... نازانم زیندانەکانیشی هەر وان، یان جیاوازن...!!
ئینجا لە باڵای خۆی ڕادەما و پێی دەوتی:
– مرۆڤ ناتوانێت بە شارێک بڵێت خۆش یان ناخۆش، هەتا زیندانەکانی نەبینێت، بۆیە نابێت حوکمی لەسەر بدەم، بەڵام هەر ئەوەندەیە زۆر کەیفم پێێ نایە.
خۆشترین خواردنتان لە ڕێستۆرانتەکاندا دەخوارد و سەردانی سینەماکانیشتان دەکرد... پێێ دەوتی:
– دزی ڕاستەقینە هەمیشە دەستی بڵاوە و مانای پاشەکەوت نازانێت... ئەوەش بزانە شتەکانی هەرگیز بە گران نافرۆشێت.
لەوێوە دەچووە بەغدا و سەری لە (دلێر)یش دەدا... دوایی وای بۆ چوویت لە ئەمنی زانکۆ ویستوویانە بزانن ئەو پیاوە کێیە و بە چ مەبەستێک سەردانت دەکات، بەتایبەتی ئەو قەڵافەتە تێکسمڕاو و پاڵتۆ درێژەی سەرنجی هەر کەسێکی ڕاکێشاوە کە لەوێیان بینیوە... جامانەیەکی ڕیشووەداریشی وەکو ملپێچ دەکردە ملیەوە و بەسەر شانیدا دەیهێنایە خوارەوە، کە سیمای شەقاوەیەکی ڕاستەقینەی پێ دەبەخشی... زۆر جار (کاک وریای دادە نەخشین)ی بیر دەخستییەوە... وەکو دوایی زانیت هاوڕێی منداڵییەتی... بە هەر حاڵ لەگەڵ ئەو قسەیەی (ئەمەل ئەلفەلەکی)دا بە زۆر شتی ڕابردووی خۆتدا چوویتەوە و بۆت دەرکەوت بەردەوام لەژێر چاودێری دایت... هەمووی بە لایەک، ئەوەش بە لایەک، کە نەتدەزانی ئاخۆ لەو دوو قوتابییەی لەسەر یەکێ لە کورسییەکانی ناو باخی کۆلێجی زانستەکاندا دانیشتبوون و پێکەوە کتێبێکیان دەخوێندەوە، کامیان سیخوڕەکەتە، چونکو قەڵەمەکەی (ئەمەل ئەلفەلەکی) کەوتە نێوان هەردووکیانەوە... زیاتر بە لای ئەوەیاندا داتدەشکاندەوە کە لە (سروود مەڕوان) دەچوو... هیواشت دەخواست خۆی بێت... هەمیشە ئەو کرمە سپییانەشت بیر دەکەوتەوە کە لە منداڵی کۆمیان دەخوراندی و پەرێشانیان دەکردی، بەڵام کاتێ دایکت بەو پەنجە باریکانەی دەری دەهێنان و دوایی لەسەر پەڕۆ ڕەشەکە سەرنجت لێ دەدان، هەستت بە

ئاسوودەییەکی بێ ئەندازە دەکرد... خۆشت لەوە تێنەدەگەیشتی بۆچی ئەو کوڕە بالآبەرزە سووروسپییە قژکاڵە ئەمەی بیردەخستییەوە، بەڵام دەتزانی هەر ئەمەیە کەمێک ئەو ترسەی گیانتی کەم کردۆتەوە، چونکە تۆ بە چاوی خۆت سیخوڕی خۆتت دەبینی، بگرە بۆت دەرکەوت عەشقی بوویت... کاتێکت زانی هەر ئەو نییە دوای تۆ دەکەوێت، بەڵکو تۆش بەهەمان ئەندازە دوای ئەو دەکەویت... پڕ بە دڵ ئارەزووی ناسینیت دەکرد... گەیشتە ئەوەی هەستت پێ بکات کە تۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاگات لە جموجووڵەکانیەتی... نیوەڕۆیەک دوای ئەوەی نانت لەو ڕێستۆرانتە خوارد و ویستت پارە بدەیت، پیاوە لاوازەکە پێی وتی بۆیان داویت... کاتێ سەرت هەڵبڕی، ئەو بەڕووی خۆشەوە لە دەرگا چاوەڕێی دەکردیت... ترس و شەرم ڕێگایان نەدەدایت بەچاکی قسەی لەگەڵدا بکەیت... هەرچۆنێ بوو بە عەرەبی پێت وت:

– سوپاست دەکەم، بەڵام ببوورە نازانم تۆ لە کوێ من دەناسیت، هەتا پارەم بدەیت.

ئەو بزەیەکی خستە سەر لێوی و بە کوردی وتی:

– با لەوە زیاتر خۆمان لە یەکتر بە دوور نەگرین... ئێمە چاک یەکتر دەناسین.

ماوەیەک بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی دیکە پێکەوە بکەن، لە ڕێستۆرانتەکەوە بەرەو ناو زانکۆ هەنگاوتان دەنا... هەردووکتان بیرتان دەکردەوە... هەستت کرد بە هەڵەدا نەچووبوویت، کاتێ پێت وا بوو ئەمەیانە، نەک ئەوی دیکەیان... دوایی لێت پرسی:

– چۆن من دەناسیت...؟!

– لە هاوڕێکانت پرسیارم کردوویت و دەزانم تۆ کێیت... زانیاری تەواوم لەبارەتەوە هەیە.

هەتا زیاتر لەگەڵی دەدوایت، پتر سیما و هەڵسوکەوتی (سروود مەڕوان)ت تێدا دەبینی و زیاتر خۆشت دەویست، بگرە پڕ بە دڵ حەزت دەکرد لە باوەشی بگریت، بەڵام نەدەکرا بیری خۆتی بەریتەوە کە لە مەترسییەکی گەورە دایت... لەناکاو وتی:

– سبەی پێنج شەممەیە و ئەگەر پێت ناخۆش نەبێت من لەگەڵ تۆ دێمەوە هەولێر... حەز دەکەم شەوێکتان لا بمێنمەوە.

ئەگەرچی بەو قسەیە زیاتر نیگەرانی کردیت، بەڵام نەتویست بەسەر خۆتی بهێنیت... هاوکات لاکەی دیکەیت بینی کە هەستت دەکرد مایەی ئاسوودەییە بێتە ماڵتان و زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە... پێت وت:

– زۆر باشە، ئێمەش بە هاتنت خۆشحاڵ دەبین.

دوای بێ دەنگییەکی زۆر، وتی:

– پێویست ناکات چاوەڕێم بکەیت، چونکە من بە ڕێگایەکی دیکەدا سەفەر دەکەم و لەپێش تۆشەوە دەگەم.

– ماڵمان پێدەزانی...؟!

– بەڵێ.

نەتویست بپرسیت چۆن، بەڵام وتت:

– خۆ تۆ پێت وتم بە یەکەوە سەفەر دەکەین.

کەمێک داما و وتی:

– تەنیا مەبەستم ئەوە بوو، کە لەگەڵت دێمەوە ماڵ، بەڵام ڕێگای من جیاوازە.

هەرکە جێی هێشتی، بەئەسپایی خۆت گەیاندە لای (تارا فیکرەت)ی پوورزات لە کۆلێجی ئەندازە و پێت وت کە هەر ئێستا، پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بێت، بچێتەوە و دایک و باوکت لەم کێشەیە ئاگادار بکاتەوە... هەموو ئەو کونوکەلەبەرانەشت پێ وت، کە شتە قەدەغەکراوەکانت لێ شاردبوونەوە......

ئێوارەی ڕۆژی دواتر بەهۆی ئەوەی زۆربەی قوتابییەکان سەفەریان دەکرد، ئۆتۆمۆبیل دەست نەدەکەوت... ئەو گەراژە هێندەی کچ و کوڕ بە جلی سپی و نیللییەوە لێ بوو، دەتوت یەکێکە لە کۆلێجەکان... هەرکە یەکێکیان دەگەیشت و نەفەرەکانی تێدا دادەبەزین، پەنجا بەجارێ شالاویان بۆ دەبرد... دەتزانی بەو هۆیەوە تۆ دوای ڕۆژئاوا دەگەیت... پێشتر هەر کاتێ درەنگ دەگەیشتیەوە، ئەوا لەوێوە بە پێ دەچوویتە ماڵی (دلێر)ی هاوڕێت... شەوەکەی لەوێ دەمایتەوە و بەیانی خۆت دەگەیاندەوە ماڵ، بەبێ ئەوەی کەس قسەت لەگەڵدا بکات، یان وای دەربخەن، کە تۆیان بینیوە... بەڵام ئەوەی ئەم جارەیانی لەوانی پێشوو جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە دەبوایە بزانی ئەو سیخوڕە لەوێ نیازی چییە... هەتا ئۆتۆمۆبیلت دەست کەوت و گەیشتییەوە، دنیا تاریک داهاتبوو... پیاوان لە نوێژی خەوتنان دەگەڕانەوە... ئەگەرچی سوور دەتزانی دەرگات لێ ناکرێتەوە، بەڵام خۆت نەگرت و ڕێگای ماڵەوەت گرتە بەر... کاتێ دەرگاکەتانت بە کراوەیی بینی، ئەژنۆت شکا... هەر سێ تاکی خرابووە سەر پشت... خێرا تێگەیشتی، کە ئۆتۆمۆبیلی جامتاریکی ئەمن هاتووە و هەموویانی پێچاوەتەوە... هەرگیز نەتدەزانی تۆ تا ئەو ڕادەیە لاوازیت و بەرگەی کارەساتی ئاوا ناگریت... وێنەیەکی گەورەی سەرۆکت بینی بە قەدی دیواری هەیوان هەڵواسرا بوو... کاتێکت زانی دەرگای ژوورەوە کرایەوە و (تابان) و (سازان) هاتنە حەوشە... دەستیان لە ملت ئالآند و تێر تێریان ماچ کردیت... تۆ بەردەوام دەتپرسی:

– ئێوە ماون...؟!

دایک و باوکت بە ڕووی خۆشەوە چاوەڕێیان دەکرد کچان بەرت بدەن و ئینجا خۆیان لە باوەشت بگرن... تەنانەت برا بچووکەکەت، کە لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا نە

دەستـتـان بەر دەستی یەکـتـر کـەوتبـوو و نە بزەیەکـتـان گۆڕیبووەوە، وەکو ئەوان پێدەکەنی و حەزی دەکرد ماچت بکات... یەکەم جاریش بوو ناوت بێنێت کە هەمان ناوی خۆی بوو... تۆ لەو گۆڕانکارییە تێنەدەگەیشتی و لەسەر پرسیاری خۆت بەردەوام بوویت:

– ئێوە ماون...؟!

باوکت وتی:

– بۆ نەمـاوین ڕۆڵە...؟! هەمـووی حـەفـتـەیەکـە ڕۆیشتوویت... زۆر باشین.

ئینجا وتی:

– میوانێکی ئازیزیشمان هاتووە.

دایکت خێرا وتی:

– میوانی چی ئەمجەد...؟! خۆی خاوەنی ماڵە.

لە ژوورەوە سیـخوڕەکـەتت بینی بە دەستێ بیـجامـەوە لەسەر قەنەفە ڕزیوەکە دانیشتبوو... وتی:

– نەموت لەپێش تۆوە دەگەم...؟!

ئەوسا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر لە (سروود مەڕوان) دەچوو... نەتدەتوانی بیشاریتەوە کە خۆشت دەوێت... لە باوەشت گرت و تێر تێر ماچیت کرد... لەناکاو لە میانەی پەنجەرەوە چاوت کـەوتەوە سـەر دەرگـاکـەتان کـە هێـشـتـا لەسەر پشت بوو، پرسیت:

– ئەم دەرگایە بۆ کراوەتەوە...؟!

(تابان) لێوی قوچاند و دایکت وتی:

– لە باوکت بپرسـە...!! جاران یەک تاکی دەکردەوە و دوایی کـردییـە دووان، ئەوەتا ماوەیەکـە هەر سێ تاکـەکـە دەکاتەوە و شەوانیش دایناخات.

باوکت هەڵیدایە و وتی:

– ئەمە حیـکمەتی خۆی هەیە... ئێـستـا دەتوانم بڵێم ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغێکی بەرزی ئاسایش و ئارامی.

هەتا هەموو چوونە سەر جێگا، باس هەر باسی ئاسایش و ئارامی بوو... سـبـەینێ مـیـوان لەپێش هەمـووانەوە هەستـابوو و چووبووە دەرێ... لەمـەوە چەند لەو کۆلێـجە بۆی دەگەڕایت، نەتدەدۆزیەوە... ئاگات لە خوێندن نەما و ونبـوونەکـەیت لێ بووە مـەراقـێکی گـەورە... بەڕاسـتی بیـریت دەکرد... ڕۆژێکیـان لەسـەرەوە نامـەیەکیـان بە دەستی (دلێری داود کندر)ی هاوڕێتەوە بۆ ناردبوویت... لەوێ سـوپاسی خـۆت و خـانەوادەکـەتیـان کـردبوو کـە توانیوتانە بەشێوەیەکی زیرەکانە ئەو هەڤاڵە لەژێر دەستی سـیـخـوڕەکـەی ڕزگـار بکەن... لە دڵەوە دەتویست تۆش بچیت، چونکە هەستت دەکرد بەبێ ئەو ناتوانیت لە شار بژیت، بەڵام دەترسایت دیسـان وەکـو جـاری پێـشـوو بە نائومـێـدی بگەڕێیـتـەوە... ئینجـا بۆت دەرکـەوت سیـخوڕەکـەت ئەوەی دیکەیانە و ئەویش هەر هاوزمـانی خۆتە... خۆزگە وات بە دایک و باوکت نەوتایە، چونکە ئەو دەرگـایەیان بە چوارچێـوەکـەیەوە لەنێـوان ئەو دوو دیوارەدا هێنایە دەرێ و فڕێیـان دا... باوکت بە بوتڵێکی گەورەی شیر و پێنج نانەوە بە کۆڵاندا دەڕۆیشت و لەگەڵ هەر کـەسێ بوەسـتـایە، باسی ئەوەی دەکـرد کـە ئێـمـە گەیشتووینەتە دوا قۆناغی ئاسایش و ئارامی و ئیتر دەرگا پێویست نییە... شەوان تا درەنگ لەو شەقامانە دەستی دایکتی دەگـرت و بۆ خـۆیان پیـاسـەیان دەکـرد... تۆ و خوشکەکانت چەند هەوڵتان لەگەڵ دەدان کە دەرگایەک بۆ ئەو مـاڵە پەیدا بکەن، بەڵام ئەو گوێیـان لێ نەدەگـرتن... هەر بەڕاستی بیری ئەو دەرگا سپییە و قوفڵە ڕەشەکەیت دەکـرد... هەتا ئەوانت نەهێنایەتە پێش چاو، هەوەست نەدەبزوا... زوو زووش لە خـۆتت دەپرسی: «تۆ بڵـێی خـوشکەکـانیـشم هەر لەبەر ئەو هۆیە نەبێت، هێندە بۆ هێنانەوەی بەپەرۆشن...؟!».

* * *

هەر دەمـزانی گـرنگ وەرگـرتنی پاداشـتـەکـەیە، نەوەک نووسینی چیرۆکەکە... ئەوەی منی لەو پاداشتە بێ بەش کرد، کەللەڕەقی خۆم بوو... نەمویست لە سەرەتاوە باسی ئەو دەردە بکەم کـە ئەوسـا ئەو پێـوەی دەتلایەوە، بەڵکو سوور بـووم لەسەر ئەوەی بیـخەمـە کۆتاییـەوە... دواییش کـەوتمە ژێر کـاریگەری (مـونیـرە کـوورەچی)ی دایکی و (ئەمـجەد شـارەوانی)ی باوکییـەوە... مـەبەسـتیـشم ئەو کـاتەیە کـە ئەوان دەرگـاکـە بە چوارچێوەوە دەردەهێنن... فڕێی دەدەن و ماڵ بێ دەرگا دەهێڵنەوە... لەمەوە منیش نەمـویست ئەو دەرگـایە بۆ تێکسـتـەکـە دابنێم... هەوڵی زۆرم دا ڕووداوی چیـرۆکـە نوێیـەکـە و ناوی ئەو شوێنەشم پێ بڵێت کـە ئێـسـتـا لێی دەژی، بەڵام سـوودی نەبوو... ئەوە چەند جارێکیشـە هەرچەند ئیـمەیلی بۆ دەنێرم، بۆم دەگەڕێتەوە... ڕەنگە لە داخی من بۆکسەکەی داخستبێت و دانەیەکی دیکەی کـــردبێـــتـــەوە... ئاخ بۆ ئەوەش هەڵدەکێشم کە چیرۆکی (ئاواز)م لە دەست چوو.

**تێبینی: یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی (منارەی ئاوەدانی).**



# ئاوارەیی سێ دەستی هەیە

**سەدیق ڕەسوولی**
**(بۆکان)**

دایکم بانگی کـردم، ســەرێک دێنێــتــە بن گــوێم، بۆنی تووتن چەند توند لەزاری دێت. ددانەزێڕەکــانی چۆن دەدرەوشێنەوە، بەسەر ڕەنگی ماتیکی لێوی، خەتی برۆ و لووتی زلیدا کوتی: «وەشوێن پوورت کەوە!»

دروستە پوورمە، بەڵام دوو ساڵ لەمن چکۆلەترە، من بانگی دەکەم چنار. نا، لێرەش نییە، چنار تۆ لەکوێی؟ نا، لێرەش نییە. چنار بۆتە دڵۆپێک ئاو و بەعەرزدا ڕۆچووە. لەپڕ تاکسییەک بە پەنامدا تێدەپەڕێ. نەمتوانی دەستی لێ هەڵێنم، بەڵام زۆر بەجوانی چنارم لەوێدا بینی باڵابەرز، پاڵی بەسەندەڵییەکەی پێشەوە داوە و کڵاوێکی هاوینی سپی لەسەردا. دوا بەدوای ئەو تاکسییەکی دیکە هات. لەبەر دەمم تورمزێکی لێدا و منیش سواربووم.

ددانێکی زیوە و گوێیەکی کونە. هێـڵێک دەڵێی بەهۆی نووکی چەقـۆ هەر لە گۆشەی چاوی ڕاستی ڕا هەتا سەر چەناگەی هەڵیدڕیوە. لاقی لەسەر گاز دادەنێ و دەڵێ: «خەمت نەبێ... دەیگرمەوە!»

وەشوێنی دەکەوین، کۆڵان و شەقام و گەڕەکەکانی میراوای کۆن و شەقامە چۆڵەکانی مەجبوورئاوا... لە کۆڵانێک لێمان ون دەبێ و کابرا چاوێکم لێدەکا و بە دەندەی دواوە دەمباتە بەر دەرکەی مزگەوتێکی کۆن و دەڵێ: «لێرەیە...»

دادەبەزم و پارەی بۆ دەردێنم. چاوێکم لێدەکا و دەڵێ:

«گەورەم، بە خاڵی پەنا لێوت قەسەم وەری ناگرم...» دەستم لێ هەڵدێنێ و دەڕوا.

حەساری مزگەوت پڕە لە خەڵک و دێن و دەچن. لەبەر قرچەقرچی گەرمای نیوەڕۆ، لەماشێنێکدا هێندێک ئاوارەی دیکەش دێنە خوارێ و بەدووی یەکتردا دەڕۆنە ژوورێ و منیش بە دوایاندا دەڕۆم.

دەچینە ژوورێ، ژنێک منداڵێکی چاوڕەشی بە کـۆڵەوەیە و لەپەنا پیـاوێکی درێژ ڕاوەستـاوە، کـچـێک لەگەڵ کـوڕێکی باریکەڵە پێکەوە سرتە دەکەن، سێ چوار کـەسم مـابوو بگەمـە بەر مـیـحـرابەکە، چنارم بینی کـە لەسـەر

کورسییەکی دارینەی بەگوڵ نەخشکراوی کۆن، دەفتەرێک بە دەستەوە و خودکارێکی شین بەدەستەوە و ئەنگوستیلەیەکی زیو لە قامکیدا... سەری هەڵێناو چاوی پێم کەوت و بەبزەیەکەوە کوتی:

«مەلیک تۆش ئاوارەی؟»

چوومە پەنای دانیشتم. کوڕێکی هەرزەکارەی پاتۆڵ فشی باریکەڵە لەپشت سەری منەوە کوتی:

«نێوم هەردییە...»

چنار چاوێکی لێکرد و کوتی: «هەردی سوێسن ئەتۆی؟»

کوڕە کوتی: «حەمەن کتێبی ماچێ بە تاڵیت خوێندۆتەوە!؟»

چنار لەبەری هەستا و کوتی: «شیعری مەلەیەک بەکاڵی؟»

کوڕە کوتی: «ئەگەر ئەو تیربارە نەدەبوو، هەردووک چاوتم دەردێنا.»

چنار کوتی: «شیعری ڕۆژە بەتاڵەکانی دەریا؟»

لە دوای کوڕەوە کەسی دیکەی لێنەبوو. چنار کوتی: «بەخەونیش نەمدەدی!»

هەردی کوتی: «شەڕ، چی بەسەر پیاو دێنێ.»

چنار دەفتەرەکەی لێک نا. ئەو چەتیوە چاوی لەسەر ئەو کوڕە نەدەترووکاند، بۆیە دایکم ئاسییە کچی حاجی تاوس بە نێو بۆنی تاڵی شەڕابدا پێی کوتم:

«لەمەودوا وەشوێنی مەکەوە.»

لەگەڵ چنار لە مزگەوتە کۆنەکەی میراوای کۆن هاتینەدەرێ و لەسەر شەقام لەدەوری مەیدانەکە ڕاوەستاین.

ئەرێ بەدایکم بڵێم چنار بەهەردی کوت ئەمشەو لێرە (مزگەوت) دەبی؟. هەردی هەتا بەر دەرگای لەگەڵ هات. کوتی: «چاوەڕێم بن ئەی گوللەزێڕینەکانی M1، من ئاوارەی ئێرەم...»

چنار هەروا بەدوای مندا لە مزگەوت هاتەدەرێ و کوتی: «چاوەڕێم بن ئەی ڕێژنە گوللەکانی CALi 50 ئەی شریخە بەردەوامەکانی خومپارە...»

هەردی ماڵئاوایی لێکردین و چنار کوتی: «بەخەونیش نەمدەدی!»

هەردی کوتی: «لاپەڕەی ٥٠».

چنار کوتی: «نارنجەکیش لەگەڵ خۆت بێنە... نارنجەکی چل تیکە، ئەی شەوی بێ ئۆقرەی بەهاری.»

هەردی گەڕاوە و کوتی: «ئەی خەنەتیلکەی کۆڵانە باریکەکانی شەو...»

چنار کوتی: «وەی لەپەپوولەکانی ساتی تەقینەوەی مینێک لەژێر پێی سێبەری بەتاڵی مانگ...»

یەکتریان بەرنەدەدا.

باوکم دەڵێ: «زۆر سەیرە... من هەر هیچ لە شیعرەکانی هەردی حاڵی نابم. سەر لە شیعری نوێ دەردێنم... شیعری زۆر کەسم خوێندۆتەوە، بەڵام شیعری ئەو هەتیوە... زۆر سەرنجم ڕاناکێشێ.»

دایکم چاوێکم لێدەکا و دەڵێ: «دەزانی تۆ زۆری لێ دەڵێی؟»

دەڵێم: «من خوێنەرێکم و هەردی سوێسنیش شاعیرێکە.»

هەتا درەنگانێک لەبەر مەیدان ڕاوەستاین. لای ئێوارێ، هەمان کابرای ددان زیوینەکە دێ و جگەرە دەکێشێ و سوارمان دەکا. چنار دەبۆڵێنێ: «بۆ درەنگ هاتووی؟»

کابرا ددان زیوەکە، لەبنەوە چاوم لێدەکات و پێم پێدەکەنێ و بەچڵەشەمچەیەک ددانەکانی خاوێن دەکاتەوە. گازی دەداتێ و لەبەر دەرگای ماڵی خۆمان ڕایدەگرێ و دادەبەزین. ماشێنەکە دەڕوا... دەڵێم:

«چنار ئەی پارەکەی... ؟»

چنار پێدەکەنێ و دەڵێ: «دایکت حیسابی کردووە.!»

* * *

بەترپەی پێی لە خەو ڕابووم. هەتا بەر دەرگای مزگەوت سێبەریم بەرنەدا. پێم وابێ کلیلی پێ بوو، لە دەرگای نەدا و خێرا چووە ژوورێ و منیش بەسەر دیواردا.

باوکم کوتی: «بەسەر دیواری مزگەوتدا؟»

خاڵم هەر گوێی نەدامێ، بەڵام دایکم تۆزێکی گوێ کێشام. چاوێکم لەنێو مزگەوتەکە کرد. چۆڵ و تاریک... بە دەنگی قاقای پێکەنینی چنار خۆم گەیاندە پشت دەرگا تەنەکەکەی مردووشۆرخانە، هەستم ڕاگرت هەتا گوێم لێی بێ... چنار دەنگی هەڵێنا: «مەلیک وەرە ژوورێ...!»

بەشەرمەوە دەرگام کردەوە. هەردی هەردووک دەستی وەبەر چەناگەی داوە و دەڵێ: «تۆ سەر لە تیربار دەردێنی؟»

چنار لەپەنای دانیشتووە، ئەویش دەستێکی وەبن چەناگەی داوە و دەستێکی لە سەر شانی چنارە، جوان

دەڕوانم، تریفەی مانگ لە دەلاقەی مردووشۆرخانەکەوە کەوتۆتە سەر شانی چنار و چناریش جارناجار شانی بۆ هەڵدەتەکێنێ.

دەڵێ: «بەڕاستی سەر لەتیربار دەردێنی؟»

هەڵدەستێ و دەڵێ: «کەوابێ با بڕۆینەوە!»

هەردی دەڵێ: «بۆ چاپی کتێبی دووەم یاریدەم دە.»

دەڵێم: «من لە کتێب و شیعر سەردەرناهێنم.»

چنار دەگەڕێتەوە دەڵێ: «خەمت نەبێ بەگیان و دڵ تێدام...»

دەستی دەگرم و لەگەڵ خۆم دەیکێشمە دەرێ.

دەڵێم: «بۆ بەگیان و دڵ لەگەڵی دای؟»

دەڵێ: «هەردی شاعیرێکە و دەبێ یارمەتی بدرێ.»

تاکسییەک دێ، ڕاست دێ و لەبەر دەمی ئێمە ڕایدەگرێ. چنار دەڵێ: «با سوار بین.»

سوار دەبین، چنار دەچێتە پێشێ و منیش لەناچاری لەدواوە. هەمیسان هەر ئەو کابرا ددان زیوەی دەموچاو ڕووزەڵەکەیە، هەر بەو جێ دەمە چەقۆیە و زۆر شتی تر و پێی لەسەر گاز دادەنێ و بەمن پێدەکەنێ، ددانی وەدەر دەخا، منیش جگەرەیەک دەردێنم و ئەویش چەرخم دەداتێ و من وەری ناگرم، پوورم شەمچەیەک دەردێنێ و هەڵی دەکات، شۆفیرەکە بۆڵەیەک دەکات و گازی دەداتێ. دەگەینە بەر دەرگا و دادەبەزین، شۆفیرەکە دەڵێ: «متمانەی پێ دەکەی؟»

چنار پێدەکەنێ و دەرگا دەکاتەوە، وەپێشم دەکەوێ. ڕوو لە ئاودەست دەکا، دەرگاکەی دەکاتەوە و بانگم دەکات، ئاودەستەکە برێک تەنگەبەرە دەڵێ: «دەست بکێشە ئەو گەسکانە بێنە خوارێ.»

دەستیان بۆ دەکێشم، پێی دەڵێم: «تۆزێک واوە بڕۆ.!» واوە ناڕوا، بۆیە بە زەحمەت گەسکەکانم بۆ دێتە خوارێ. تۆزێک قورسن، چنار دەست دەبا و لە نێو گەسکەکاندا تیربارێک دەردێنێ. زۆر قورسە، دەڵێ:

«دەبێ ڕۆنکاری بکەیت و بە جوانی دەرزییەکەی خاوێن بکەیتەوە.»

لێی وەردەگرم و دەڵێم: «باشە، بێنە... شتێکی لێ دەزانم.»

دەڵێ: «هەرلێرە لەبەر چاوی من!»

دەڵێم: «ئەی گوللەکانی؟»

دەڵێ: «بڕیارە هەردی سێ گوللەم بۆ بێنێ.»

دەڵێم: «هەر ئەوەندە؟»

دەڵێ: «لەگەڵ کتێبە شیعرەکانیشی!»

دەستێک بە تیربارەکە دادێنم و دەڵێم: «بۆ چیتە!»

پێدەکەنێ و دەڵێ: «پێم جوانە!»

دەڵێم: «لە کوێت بووە ؟... حەتمەن هەردی...»

* * *

باوکم دەڵێ: «ڕۆنکاریشت کرد؟»

خاڵم دەڵێ: «باوەڕ ناکەم...!»

دایکم دوو چەپۆکم پێ دادەدا. باوکم دەڵێ: «خۆ تۆ لە ژیانتدا دەستت بۆ چەک نەبردووە...!»

* * *

زۆر بە نەرمی دەستم لەسەر پەلاپیتکەی دانا و کوتم: «خۆزگە تەنیا یەک فیشەکی تێدا بایە.»

چنار سوور هەڵگەڕا، زۆر سوور هەڵگەڕا. تیربارەکەم دایە دەستی و لە ئاودەستەکە چوومە دەرێ، دەنگی هەڵێنا و کوتی: «دەستت خۆش بێ!»

باوکم لەبەر هەیوان جگەرەی دەکێشا. گوێی نەدایە. دایکم خەو لەچاوی تۆرابوو، چاوی لە ئەستێرەکان هەڵنەدەگرت، منی هەر نەبینی. خاڵم لە ژووری باسو خواسی هەردی لێ پرسیم...: «شیعری تازە چیت لێ بیستووە؟»

چاوێکی لێدەکەم و جوابی نادەمەوە و لە جێوبانەکەم دەخزێم.

* * *

دایکم لەسووژن دەگەڕا و باوکم لە سێ چوار میتر تەنافی سپی. خاڵم لەبەر هەیوان جگەرەی دەکێشا و منیش چوومەدەرێ. بەتاکسییەک خێرا خۆم گەیاندە مزگەوتەکە. وادیار بوو ئاوارەکان بارگە و بنەیان دەپێچنەوە. هەر هەموویان کزومات دێن و دەچن. هەر بەمنداڵ و پیر و جوانەوە دێن و دەچن و بە پەلە و بە تیژی لە هاتوچۆدان. خۆم دەگەیەنمە پەنا مردووشۆرخانەکە، دەرگاکە دەکەمەوە، چنار توورە دەبێ و بێ لەچکە و کراس و گۆرەوی.

بەتوورەییەوە کوتی: «بۆ وەشوێنم دەکەوی؟»

کوتم: «دەبێ بزانم کێ ئەو تیربارەی داوییەی. ئەو تیربارە نێوی منی بەسەرەوەیە، جگە لەمن کەس ناتوانێ دەستی داتی.»

چنار کوتی: «جارێ ئی منە!»

لێم هاتە پێشێ، کوتم: «نێوی منی لەسەر هەڵکەندراوە بە دەستی خۆم دروست کراوە.»

هەردی دەڵێ: «ئەی کــچی بەیانی تەقــینەوەیەکی گـــەورە، ئاگـــادار بەو بزانە بارانێکی زۆرتاڵ بە ڕێگاوەیە...»

دەنگی ویزەی فــڕۆکـە دێ. هەردی ڕوودەکـاتە چنار و دەڵێ: «من پێم کوتی ئەوە هاتیش.»

ڕوو لەمنیش دەکا و دەڵێ: «عەیب ناکەی لەو سات و تەقینەوەیەدا؟چاوەکانت چنارێکی ڕووتن.»

ئاورێکم داوە دەرێ، ئاوارەکـان لە هەڵاتن و گـریان و هاواردا بوون. لەحەساری مزگەوت دەچوونە دەرێ.

چنار کوتی: «بۆ، لە گەڵیان ناڕۆی؟»

فـــڕۆکـــەکـــان هەر دەهات و زیاتردەبوون. هەردی لەبەردەرگا ڕاوەستا و کوتی:

«تۆ دەرچوونت نییـە هەتا سێ چرکـەی دیکە، هێـشـوو هێشوو بۆمب دەبارێ تۆ بۆ کوێ دەچی؟»

یەخەیم گرت و چاوێکم لە چنار کرد و کوتم:

«ئەو شــیــعــرە نامــۆیانەی تۆ پیس ســەری لە من شێواندووە... دەمەوێ بیانسووتێنم!»

کوتی: «فریا ناکەوی.»

دەنگی تەقـینەوە بەرزدەبێـتـەوە. دەچمـە ژووری، بەڵام ئەوان ڕادەکەن، منیش بەدوایاندا... بۆمبەکان هەردێن و نزیکتر دەبنەوە... فڕۆکەکان، شان بەشانی یەکتر دێن و بۆمبێکی زۆر دادەبارێنن. چنار و هەردیم لێ ون دەبن. لە ترسـان خـۆ بە ئاودەسـتـەکـانی مـزگـەوتدا دەکـەم، بە بەرد داندراوە، فـێـنک و شـێـدار و کـۆن، دەنگی چۆڕە چۆڕی ئاوی شـێـرەکـان دێن و هیچ دەنگێکی دیکە نایە، هەر دەڵێی لێرە بۆمب بارانیش نییە.

لە گـۆشـەیەک سـەرم خسـتـە مـابەینی دەسـتـەکـانم و بەقـامکەکـانم هەردووک گـوێچکەم گـرت و دانیـشـتم و سـەرم لەبن خۆم نا. پاش ماوەیەکی کورت چاوم هەڵێنا گوێم ڕاگرت، دەنگی چۆڕە چۆڕی شێرەکان دێت و دەنگی ورتە ورتی دوو کـەس دەهات، بەترسـەوە هەسـتـامە سـەر پێ، دەنگی گـریانی ئافـرەتێک بوو، بەترسـەوە چوومـە پێشێ، چنار لەبەر دەرگای دەرێ، بەرانبەر وێرانەی شار دانیشتووە و بانگم دەکا:

«وەرە دەرێ... شەڕ چۆنی پێک ئاشنا کردین!»

تازە خـۆر هەڵدەهات و شـار هەمـوو ڕووخـاوە، بەڵام ئاودەسـتی ئەو مـزگـەوتە لەجـێی خـۆی نەترازاوە. چنار بانگم دەکاتە پەنا خۆی، سەری لەسەر شانم دادەنێ و بە دەم گریانەوە دەڵێ:

«گوێ بگرە من لە باڕووت ئاوسم!»

لەنەکـاو، لە دوورەوە کـابرای شـۆفـیـرم بینی بەو دەموچاوە ڕووزەڵەو شڵوێیەوە کە هاتە پێشێ و دەستی چناری گرت و کوتی: «وەرە با بڕۆین چاک دەبییەوە!»

کـابرا چاوێکی لە من کرد و کـوتی: «هەر سـاڵە و دوو جار تووشی ئەو وڕێنەیە دەبێت.»

کابرای شۆفیر بە ئەنگوستیلە زیوەکەی دەستی، پیلی چناری گـرت و ڕۆیی. چنار هەر دەسـتی بۆ هەڵدێنام و دەیکوت: «چوویتــە ســەر قــەبران ســڵاوی دایکت بگەیەنە...!»

کابرای شۆفیر ڕوو لە من دەکات و دەڵێ:

«گـوێی مـەدەیە... هەر وڕێنەیە... وڕێنەیەکی بەتاڵ، مێشکی پڕە لە شەڕ و تەقینەوە.»

هەر وا کـە دوور دەبوونەوە بە سـەر وێرانەکـاندا هاواری دەکرد:

«مـەلیک تۆ مـەترسـە... تۆ مـەترسـە... تۆ مـەترسـە، وەرە پێشێ... تۆ لەگەڵ باڕووت ئاشنای!»

لەبەر دەرگـای ئاودەسـتـەکـە دادەنیـشم، پاڵ دەدەمـەوە، ڕوو لە خۆری بەرەبەیان دەکەم، دیمەنی بەرانبەرم تەنیا ئەو دوو سێبەرەن کە لە کەلاوە وێرانەکە دوور دەکەونەوە.

شیعرێک لە کتێبی دووەمی هەردی:

**(چنارەکانی مانگ)**

تۆپیاوی ساتێکی تەسکی
لەگەڵ دووهەم فڕکەی گوللە
لە سەر سێرەی
چەکێکی قورس لە دایک دەبی...!
لەژێر سێبەری
دیوارێکی ڕیوەڵەدا.
وای بۆ گێڕامەوە ژنێکی دوو گیان!

– کۆتایی –



# كەفارەت

**سەدات يورتداش**
**(ئامەد)**

دەيندار‌بووم.
دەينێن من هەبوون.
دەينان پشت كربوون بەر من.

ژ خەوێن شەڤان رە حەسرەت مابووم، چاڤێن من ژ بێخەويێ كوور دە دچوون، دوەرمين. لاشێ من. مينا كو د ناڤ ڤالاهيەكێ دە بە، سەوسى دبووم. دەستێن من بێقەوەت دمان، لنگێن من عەردێ نەدگرتن. نە شەڤێن من شەڤ، نە رۆژێن من رۆژ بوون. ئەز هەر دەم د ناڤ خەون و خەيالان دە بووم، ژ تەڤليهەڤيا وەختان هەشێ من ژى تەڤليهەڤ دبوو؛ گێژ دبووم. ژ كابووسەكێ دەرباسى يەكە دن دبووم. عەرد و ئەزمێن ل من ستارى نەدكر. من نكاريبوو بالا خوە بدم تشتەكێ. نكاريبووم ل سەر مژارەكێ هوور ببم. ژێ تشتەك دەرخينيم ئان ل سەر شرۆڤەيەكێ بكم. هەشێ من بەلاوەلا ببوو. هەر گاڤى مينا د خاييسان دە بم، ژ سەر هەشێ خوە ڤە دچووم. چاڤێ من دەردۆر ژ هەڤ دەمەدخست. هەمان تشت تێكلهەڤ دبوون.

من بەر خوە ژى ب خوەشكى نەددیت. چاڤێن يێن كو هين مينا تاسان ل جهێ خوە، ل سەر سەرێ من، د بن پەڕان دە ب رەنگێ خوە يێ قەهوەيى دخوويان، ئێدى نەدخواستن ژ من رە خزمەتەك ژ رێزێ، پەيورا خوە بكن. هەر دو ژى نە ب من و نەژى ب وى، ژ من رە ببوون بار، ببوون بيان. گرتن و ڤەبوونا بژانگان بێ وارە ببوو. سييەكە چاڤكانيا خوە نەديار ل سەر هەر دويان ڤەنشتبوو.

ئەز ژ خوارن و ژ ڤەخوارنێ ژى هاتبووم برين، من نزانيبوو كو ئەز نان دخۆم ئان نان من دخوە. ئەز ئاڤێ ڤەدخۆم ئان

ئاڤ من ڤەدخوە.

خوارن و ڤەخوارن دکێ دەرا من رە دچە خوارێ؟!

تیبوون چ یە؟

برچیبوون چاوا تێ فامکرن؟

زکتژیکرن ژ من رە چ نەفێ تینە؟

د تو تشتەک دە تاهم نەمابوو. هەمان تشت ژ من رە تاهمسارکی ببوو. دەڤێ من مینا کو ب ژەهرییەکێ هاتبە سەیاندن، د شوونا خوەزیێ دە تاهلیەک ب دەڤێ من دکەت. ژ وێ تاهلییێ دل و دینێ من تەڤلیهەڤ دبوو. سەر دلێ من مینا گلۆکەکێ دقونجڤی سەر هەڤ و شەواتەکێ دەست پێ دکر. مینا ئاگرێ راستەقینە ب تەڤلی پلۆتیا خوە بەر ب سینگا من ڤە هلدکشیا. ترێن ژانێ ب سەر من دە دوەشاند.

ئەز بێحال مابووم. ژ کاستێن دە کەتبووم. تاقەت د من دە نەمابوو. ئەز ب حەمدێ خوە ل خوە، ل ژیانا خوە ببووم بار.

تەندروستیا من هێدی هێدی، لێ ب ئاوایەکی ئەشکەرە، ژ دەستێ من دچوو.

من نکاریبوو ئەز پێشی لێ بگرم. نەهێلم ژ من ڤەکشە، دوور بچە. لێ من هەو ب بێچارەتی، ل پەی هەلاندنا خوە ئاخێن دکشاند.

رۆژ ب رۆژ برێزیا من، رەجویا من ئا ژ کەسایاتیا من رە، کێم دبوو، نەدما. من چێ یان خراب، وەخت بێوەخت لێ نە درەنگ، زوو، پر زوو، پێویست بوو کو دەینێ خوە بدا. خوە ژ دەینان رزگار بکرا. خوە ژ وان هەستێن خراب، ترسناک، نە پاک: خوە ژ پسکۆلۆژیا تێکچووینان خلاس بکرا. پێویست بوو کوو من د ناڤ هەشێ خوە دە، ب فکر و رامانا خوە، خوە دەرخستا راستەیێ. ب تەڤاهی دەرکاتاما راستەیێ.

دەرکاتاما رۆناهیێ، فرەهیێ.

دەیندار بووم...

دەینێ من، نە دەینەکی پەرەتی. دەینێ من نە دەینێ گرتن و ستەندنێ، نەحەسابێن هوور و گر بوو.

ئەو نە دەینێ ژ رێزێ، ئەو نە دەینێ کەسان، گرتن و دایین و ئەو نە دەینێ قورش و پانقنۆتان بوو.

دەینێ من د راستیا خوە دە، نە دەینەکە عەبدان بوو.

ئەز دەیندار بووم. لێ یێ یێ!...

دەینداری وەلاتێ خوە، دەینداری عەردنیگاریا خوە، ئاڤ و ئاخا خوە، عەزمان و رۆژا خوە. چیا و گەلی، تاخ و باژار، ئەز دەینداری گوندو گۆمێن خوە... ئەز دەینداری رێخستن، پێشەڤان، هەڤال و هۆگر، شەهید و خازیر، ئەز دەینداری دیرۆک و پاشەرۆژا ل بەر خوە بووم.

لەورا منێ دەینێ خوە، د راستیا خوە دە، منێ کەفارەتا خوە، بەردێلا بێهنگرتن و داییینا خوە بدا.

کەفارەتا هاتنا خوە یا روویێ دنێ، پوختەیا هەبوونا خوە.

منێ کەفارەتا شانەیێن جانێ خوە، رەه، خوین و روحێ خوە بدایا!....

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (کەڤۆکا خەیالی) رووپەلێن (٦٣- ٦٥) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل چاپخانەیا (گوونایدن ئۆفسەت- ستەنبۆل) هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن (ئەلما)یە.**

**«رامان»**



# سەفەر

**گولی تەرەقی**
**لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی**
**(سوید)**

کەسێک دەرگاکە دەکاتەوە. بە هێواشی سەر بە ژووردا دەکات و تەماشای ئەم لاولا دەکات. لە گیرفانیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت. سەیری کاتژمێرەکەی دەکات. دەرگاکە دادەخات و دەڕوات. کەسێک پەنجەرەکە جووت دەکات و پەردەکان دادەداتەوە.

قۆڵم هەڵدەکەن. یەخەم دەکەنەوە. سەرم ڕووەو ڕاست وەردەگێڕن. لە گۆشەی چەپەوە شانوملی ژنێک دەبینم کە لەسەر مێزی پاڵ قەرەوێڵکەم چەمیوەتەوە و بە دیقەتەوە شتێک دەنووسێت. لەسەر دیوارەکەی نزیکم دوو چوارچێوەی تەختەیی هەن. کراسەکەم لەبەر دادەکەنن. کەسێک پێڵووی خوارەوەم ڕادەکێشێ و بە وردی لە گلێنەی چاوم دەنۆڕێت. قژی چەورە. بۆینباخەکەی پڕە لە خاڵی وردی ئاڵتوونی. دەست دەنێتە گیرفانی و قەیتانی پێڵاوەکانی دەبەستێ.

سەعات چوار و دە دەقیقەیە.

لەوسەری ژوورەکەوە دەنگی گریان دێت، دەنگی ڕژانی ئاو بۆ ناو پەرداخ. کەسێک دەمم دەکاتەوە و شتێکی تاڵ ڕۆدەکاتە گەروومەوە. دەپرسێت:

– تەمەنتان چەندە؟

– چل ساڵ.

– ژمارەی پێناس؟

– پێنج سەد و بیست و پێنج.

– پیشە؟

– مامۆستای زانکۆ.

کـوتوپڕ جـێگەکـە پڕ دەبێت لە ژاوە ژاو و تەپەی پێ. دەرگـاکـە دەکرێتـەوە و دوو کـەس بە پەلە دێنە ژوورەوە. ژنەکـەم سەر مـێزەکـە کۆ دەکـاتەوە و ڕۆژنامـەکـانی شـەو دەنێتە ژێر قـەرەوێڵەکە. کەسێک بە پانتۆڵی ڕەساسی و چاکەتی سپییەوە دەستم دەگرێت، نەبزم دەژمێرێت، گوێ لە لێدانی دڵم دەگرێ. ژنەکەم دەباتە لاوە و بە ئەسپایی دەکـەونە چپـەچپ. زەنگی تـەلەفـۆن لێ دەدرێت. ژنەکـەم تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ و شتگەلێک دەڵێ تێیانناگەم.

تەمـاشـای دەسـتـەکـانم دەکـەم. کـاتژمـێـری ئاڵـتـوون، ئەڵقەی هاوسەرگیری، ئەنگوستیلەی یاقیق. بۆم ڕوون دەکـەنەوە کـە چارە نیـیـە دەبێ هەر ئەم شـەو قـاچم لە ئەژنۆوە ببڕدرێتەوە، کەمێک سەرووتر، کەمێک خوارتر، ئیـتر هەر لەو دەوروبەرەدا. مێشـەکان لەسەر شـووشـەی پەنجـەرەکـە هەڵبـەز و دابەزیانە، لەسـەر دەمـوچاوم دەنیـشنەوە، بەسـەر لێـومـدا دەڕۆن، بەسـەر لووت و ژێر چاوامدا.

ژنێکی قـەڵەوی ئاوڵاوی تەشـتـێکی پڕ لە ئاو لەپاڵ قەرەوێڵەکەمدا دادەنێ و بەتانیـیەکە لەسەرم لادەبات. ئەژنۆم کـەمـێک بەرز دەکـاتەوە و دەکـەوێتـە کـردنەوەی پەڕۆکـەی دەوری قـاچم. خـەزوورم دەچێتـە ئەولاوە و دەپرسێ:

– ئەرێ ئەم بۆنە لە لاقی ئەوەوە دێ؟

– بەڵێ.

– چ بۆنێکی گەنیوە.

پەنجـەرەکـە دەکـەنەوە تا هەوای ژوورەکـە بگۆڕێت. لەوسـەری جـادە، دوو ژن لە بانیـژەیەکـدا بەرانبـەر یەک دانیـشـتـوون، یەکـێکیـان شت دەچنێ و ئەوی تریان بێ باکـانە تەمـاشـای خـەڵک و ترومـبـێلەکـان دەکـات، کـە لەوێوە تێپەڕ دەبن، ئەولاتر قـوتابخـانەی ڕەنگسـازییـە. قوتابییەکان شەکەت، تەمبەڵ و نەخۆش لەژێر هەتاوەکەدا پاڵیان بە دیوارەکەوە داوە، بێ دەنگن و واقیان وڕماوە.

لە فـیکرەوە دەچم کـە ئاخـۆ ئەمـانە چاوەڕێی چین؟ تەواوی ڕۆژ، تەواوی تەمەن، ئیشیان تەنیا گۆڕینی ئەم ڕەنگە بەو ڕەنگ، گـۆڕینی سـەوزێکە بە سـوورێک، بە زەردێک، بـە ڕەشـــێک. لەودیـو قـــوتابخـــانەی ڕەنگسازییەکەوە چەند خانوویەک هەن و ئیتر چ شتێکی تر نییە. ئاسمانیش نییە. تەنیا چاڵێکی سارد و وشک. ژنەکەم دەپرسێت:

– سەرماتە؟

– نەء.

– هیچت ناوێ؟

– نەء.

خـەزوورم خـەوی دێت. پەنجـەی بۆ کـەپووی دەبات. باوێشک دەدات. کورسی بۆ دێنن و چای بۆ ڕادەسپێرن. ژنەکەم بە دیقەتەوە باسکی دەگرێ و دەستی دەخاتە پشت ملی. هەموو شتێکی ئەو پیاوە لە تەواو بووندایە، وەک بڵێی لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم بادا، سەری لێ ببێتەوە و دەست و پێی بۆ سەر ئەرزەکە بوەرن.

ژووری نەشتەرگەرییەکە ئامادەیە. جێگەیەک کە دەبێ بڕینەوەکـەی تێدا ئەنجـام بدرێت. یەکـە یەکە پەنجەکـانی پێم دەپشکنن، کـەڵـەپەنجـەی پێم ڕەش داگـەڕاوە و بە پێـسـتـێکی تەنکەوە بەندە. دکـتـۆرەکـان لە ڕاڕەوەکـە چپـەچپیـانە. خـەزوورم دەبۆڵێنێ. تا ئێسـتـا ئەم جـۆرە شـتـانە لە خـێـزانی ئێـمـەدا نەبووە و کـەس لە مـانای ئەم ناعەدالەتییە گەورەیە تێناگات.

لە خۆم دەپرسم کە ئاخۆ ئەم دیـوارە چی بەو دیوار دەڵێ و ئەم کـاشییـە چی بەو کـاشی؟ لەنێوان بوون و نەبوونی مندا چ جیـاوازییـەک هەیە؟ ژنەکـەم لەودیو پەنجەرەکەوە ڕاوەسـتـاوە. پێـدەکـەنێ. ڕەنگ بێ پێنەکـەنێ، قـژی تێکەڵاوی ڕەشایی پەردەکـان بووە و باسکی سـپی وەک بڵێی درێژەی دیوارەکە بێت.

سەعات چوار و چل دەقیقەیە.

ژنەکەم دەپرسێ:

– برسیتە؟

– نەء.

– تینووتە؟

– نەء.

کەسێک دێتە ژوورەوە. ژنەکەم شیرینی بۆ ڕادەگرێ و سوپاسی هاتنی دەکات. کەسێک دەرگاکە دەکاتەوە و سـەبەتەیەک گـوڵ لەپاڵ قـەرەوێڵـەکـەمـدا دادەنێ. قـوتابییـەکـانم هەناردوویانە. خەسـووم دەڵێ:" چ گەلای جوان! چ منداڵگەلێکی ئاقڵ و میهرەبان!"

دەسـتـەکـانم لەژێر چەرچەفـەکە دەردێنن، بەرز و نزمی دەکەنەوە و دەینێنە سەر زگم. شیـشەکانی قەرەوێڵەکە دەژمێرم. بە خۆم دەڵێم: خۆزیا ئێستا سەعات دە بووایە و نووستبام. کەسێک بە سەر سەرما دەنووشتێتەوە. دەمم دەکـاتەوە و گـەرمی پێـو دەنێتـە ژێر زمـانم. لوولەیەکی لاستیک بە دەوری باسکمدا دەبەستێ و خوێنم دەگرێ. کـەس قـسـان ناکـات. خـوێنەکـەم دەکـاتە لوولەیەکی شـووشـەییـەوە، کـوتە کـاغـەزێک بە دەوری لوولەکـەدا دەپێچێ و ناوم لەسەری دەنووسێ. بیری دەچێت گەرمی پێـوەکە لەژێر زمـانم دەربهـێنێ. خـەسـووم دەڵێ:" دەبێ

وەڵامی کارت و تەلەفۆنەکان بدرێتەوە." ژنەکەم دەڵێ:" دەبێ ژوورێک دوور لە نەخۆشەکانی تر بگیرێت." کەسێک دەڵێ:" کاکە، بێ زەحمەت سەر دابەنەوە."

بیر دەکەمەوە کە بوون و نەبوونی قاچێک بۆ من چ جیاوازییەکی هەیە؟ بوون و نەبوونی دەستەکانم، بوون و نەبوونی ئەم شارە، ئەم دنیایە، چ گرنگییەکی بۆ من هەیە؟ من مامۆستای زانکۆم، مامۆستای فەلسەفە. قوتابییەکانم دەپرسن:" جەناب، نەبوون هەیە، یان نەبوون نییە؟ بوون یەکەم جار نەبوون بووە، یان هەمیشە بوون بووە؟" قوتابییەکانم هاوار دەکەن و دەستیان رادەوەشێنن و دەڵێن:" نەخێر، مەحاڵە نابێ."

من لاقی کورسییەکان دەژمێرم و حیسابی رۆژانی پشوو دەکەم. لەژێر چاوەوە تەماشای کاتژمێرەکەم دەکەم و نائارام چاوەڕێی زەنگی کۆتایی وانەم. قوتابییەکانم دەیانەوێ بزانن، دەیانەوێ تێ بگەن. قوتابییەکانم باوەڕیان بە دەروون و ڕوح و وەحی و ئەقڵ و پەرجووە.

لە خۆم دەپرسم:" ناسر لە کوێیە؟ چ دەکات؟ پێم سەیرە کە ئیتر تەنانەت لە یادیدا نیم. ڕەنگە مردبێ، یان ڕەنگە هەر لێرە بێ، لە هەمان ئەم شارە."

دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە. دادەخرێت. ژنێکی گەنج کە لەپاڵ مندایە، بێ باکانە دەڵێ:" نارەحەت مەبن. پێی رادێن. بیرتان دەچێتەوە." چیم بیر دەچێتەوە؟ بە چی رادێم؟ ئاخر ژیانی من یەک ڕاهاتنی بەردەوامە. خوو پێوەگرتنێکی ئەزەلییە. من لە لەبیرچوونەوەوە دەستم پێ کردووە. مێشکی من یادەوەریی لێ بزرە. ڕابردووی لێ بزرە. مێژووی لێ بزرە.

لە پشت سەرمەوە دەنگی گریان دێ. تەواوی بنەماڵەکە بۆ سەردانم هاتوون. هەموان بە ڕوخساری شەکەت و چاوانی وشکەوە لە قاچە ئاوساوەکانم کە لەژێر خەروارێک لۆکە و پەڕۆدا، وەک قەدی شکاوی درەختێک بە نێوقەدمدا شۆڕبۆتەوە، دەنۆڕن و چ قسەیەکیان بۆ گوتن پێ نییە.

ژنەکەم دەپرسێت:

– ماندوویت؟

– نەء.

– خەوت دێت؟

– نەء.

گەرمی پێوەکە بەر ددانم دەکەوێت. خۆزیا کەسێک دەهات و ئەم گەرمی پێوەی لە دەمم دەردەهێنا. ناو گەرووم دەسووتێ. قوتابییەکانم دەپرسن:" ئێوە ڕازین، یان ناڕازی؟"

ژنەکانی بەرانبەر هێشتا هەر لە بانیژەکەدا دانیشتوون. دنیا تاریک بووە. ماندووم لە تەماشا کردن، لە دانیشتن، لە لەمس کردن. کەسێک دێت و گەرمی پێوەکە لەژێر زمانمدا دەردێنێ. ماندووم لە خواردن، لە خەوتن، لە ڕۆژان و شەوەکان. چما ڕێگایەک نییە بۆ هەڵاتن؟ ئایا هەر بە ڕاست ڕێگەی هەڵاتن نییە؟

لە دەرگای ژوورەکە دەدەن. هاتوون بۆ بردنم. خەزوورم سەر بادەدا. هێشتا بە تەواوی قایل نەبووە. دەڵێ:" ئاخر، بە قاچێکەوە چی دەکرێت؟ ئەمە مامۆستای زانکۆیە، بۆی باش نییە."

قوتابییەکانم چاوەڕێی وەڵامن. کتێبی ئەستوور ئەستوور دەخوێننەوە و پێ بە زەویدا دەدەن. چەپڵەم بۆ لێ دەدەن. دەڵێن قاچ بۆ ڕێ ڕۆیشتنە، بەڵام جووڵە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە گوماناوییە. دەڵێن ئێمە دڵمان بە شتی گوماناوی خۆش ناکەین. ئێمە لە دووی حەقیقەتین.

پەرداخێک ئاو دەدەنە دەستم. ڕۆژنامەکانی شەو دێنن.

ژنەکەم دەپرسێت: هیچت دەوێ؟

– نەء.

– لاقت ئازاری هەیە؟

– نەء.

کەلەکە دەگۆڕم و ڕوو دەکەمە دیوارەکە. دوکتۆرەکان قسە لەگەڵ ژنەکەمدا دەکەن. شانم دەگرن و دەمخەنە سەر پشت. گوشاری خوێنم دەگرن. گوێ لە لێدانی دڵم رادەدێرن. سەرم بەرز و نزم دەکەنەوە. زمانم دەردەکێشن، پشتم دەگرن و کەمێک بەرزم دەکەنەوە.

منداڵەکانیان هێناوم. ژنەکەم باوەش بە کچەکەمدا دەکا و لە پاڵمدا دایدەنیشێنێ. تەنوورەکەی بۆ ڕێک دەکات. تەماشای دەکەم. هەوڵ دەدەم دەستی بگرم. چاوانی ئاوساون. کوڕەکەم ڕیوەڵە و زەردەڵ و دەبەنگە. هەمیشە لیکێکی سەوزباوی وەک قەوزە بەسەر ددانەکانییەوە لچکاوە. شەکەت و بێ حەوسەڵە تەماشای ئەم لاولای خۆی دەکات. خەیاڵی لە جێگەیەکی ترە. کچەکەم دەگری. ژنەکەم ئامێزی پێدا دەکات و کەپووی دەگرێ. تەماشای کوڕەکەم دەکەم. ڕۆژنامەکان پەڕە پەڕە دەکات. هەوڵ دەدەم شتێک بۆ گوتن بدۆزمەوە.

سەعات بۆ شەش دە دەقیقەی دەوێت.

سستەرەکان دێنە ژوورەوە. کاتژمێر و ئەڵقە و ئەنگوستیلەکەم دادەکەنن. هەموو شتێک دەپشکنن.

برانکارد دەهێنن. دوو کەس دەست و پێم دەگرن و هەڵمدەبرن. ژنەکەم لەپاڵ دەرگاکەدا ڕاوەستاوە، بە شەکەتی دەپرسێت: " چەندی پێ دەچێ؟" هەست دەکەم

که تەنانەت مردنیش هەیەجانی خۆی لەدەست داوە.

ڕاڕەوەکە پڕە لە خەڵکانی جۆراوجۆر. بە ڕاڕەوێکی باریکدا تێدەپەڕین و بە پێپلیکانەکاندا دێینە خوارێ. دیوارەکان بێ دەنگ و ڕەساسی. دوازدە پێپلیکانە دەژمێرم. لە دیوارەکانەوە بۆنی شێ دێت، بۆنی دەرمان و کۆنی. سەرەڕای گڵۆپی بچووکی سەر دیوارەکە، کەچی هەموو شوێنێک پڕە لە تاریکی. دادەگەڕێین. هەمدیس بە پێپلیکانەیەکدا دێینە خوارەوە. کەس قسان ناکات. بە ئەسپایی سەر وەردەگێڕم. دەنگە ئاشناکان دوور و دوورتر کەوتوونەتەوە. بۆ خوارتر دادەبەزین. ڕادەوەستین. دەکەوینەوە ڕێ. پێچ دەکەینەوە.

ئەو سستەرەی کە لەگەڵ مندایە خۆی لا دەدات. ڕێگە بۆ تێپەڕینی دوو کەس دەکاتەوە کە دوو سەری برانکاردێکی تریان گرتووە. لەژێر ئەو چەرچەفەوە کە تەواوی برانکاردەکەی داپۆشیوە، دەستێکی وشک هاتۆتە دەرێ و بە هێواشی لە هەوادا دەشەکێتەوە. هەمدیس دەکەوینەوە ڕێ. هەست بە سەرما دەکەم، هەست بە ترس و تەنیاییەکی ڕەها. تەنوورەی سستەرەکە ڕادەکێشم و بە ئەسپایی دەڵێم:'' خانم، ببوورن. ئارام بگرن.''' بە چاوانێکی واق وڕماو تەماشام دەکات و وەڵام ناداتەوە.

چەند کەسێک بە قژی ژاکاو و قلافەتی داماوانەوە لە ژوورەکانیان هاتوونەتە دەرێ. ڕوخساری وشکیان وەک کەللەسەری مۆمیاکراو کۆن و بێ جووڵەیە. لە چاوە تادارەکانیاندا تەنانەت ئومێد بە مردنیش نییە. دڵم لە قولاییڕا دەلەرزێ. شەقامی بزورگمیهرم بیردەکەوێتەوە، خانووە بچووکەکەمان لە نهۆمی سێیەم. ڕۆژانێکم دەکەونەوە بیر کە من و ناسر عەسران لە بانیژەکە دادەنیشتین و لەو سەری جادەمان دەنۆڕی و چاوەڕێ دەبووین.

لە ژوورە دوورەکانەوە دەنگیناڵەناڵ دێ، دەنگی جۆرێک لە قرووسکە، دەنگی ئاژەڵێکی برسی و بێ نەوا. لەبەردەم دەرگایەکی گەورە و داخراودا ڕادەوەستین. دوو کەس لەم لاولاکەیەوە بە جلکی سەوزەوە ڕاوەستاون. بە ئەسپایی چپەچپ دەکەن و شتگەلێک دەڵێن تێیان ناگەم. کاتژمێرێکی نادیار لە جێگەیەکەوە کە نازانم کوێیە، چوار جار لێدەدات. حەز دەکەم بگەڕێمەوە. پاسەوانەکان دەچنە ئەو لاوە و بە پارێزەوە دەرگای قەڵاکە دەکەنەوە.

لە ناوەڕاستی ساپیتەکەدا بازنەیەکی ڕووناکی چاوم پێ دادەخات. لەژێر چەرچەفەکەدا بەدوای قاچمدا دەگەڕێم. دەرگاکە دەکەنەوە. دەچینە ژوورەوە. بەخۆم دەڵێم:'' بە دۆزەخ، گرنگ نییە، هەرچی دەبێت گرنگ نییە.'' چەند کەسێک بە دەسکێشی سپییەوە چاوەڕێمن. هەوڵ دەدەم پێ بکەنم. دۆڵابەکان پڕ لە مقەست و شیش و سووژنن. بەخۆم دەڵێم:'' لە چی بترسم؟ لاقێک چ کاریگەرییەکی لەسەر من دەبێت؟''

ناسر دەکەوێتە بیرم کە هەمیشە دەیگوت:'' تۆ خۆڕسکانە شاعیریت.'' خۆزیا لێرە دەبوو و دەیبینی کە من تەنیا شتێکم ڕووە و کۆتایی، شتێک ڕووە و مەرگ. گوو بە گۆڕی باوکی ناسر. گوو بە گۆڕی باوکی هەمووان. قۆڵەکانم بەرز دەکەنەوە و کەسێک بە مشت گوشار دەخاتە سەر دەماری ناوەڕاستی ئانیشکم. بەخۆم دەڵێم:'' چ باشتر. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە خۆم دەمویست. ئیتر هیچ کەسێک تۆزقاڵێک چاوەڕوانی لێم نابێت. ئیدی نەبوون بۆ خۆی دەبێتە بوون و دەبێتە نەبوون. قوتابییەکانم با ئەولاتر بچن. ئیتر هیچ کەس پرسیارێکم لێناکات. نا، ناسر هەڵە بوو. من خۆڕسکانە گام و ئەم پلە و پایەیەم خۆش دەوێ و خۆشحاڵم کە پێگەی خۆمم دۆزیوەتەوە.

هەست دەکەم دەرزییەک بە دەمارمدا ڕۆدەچێت. باشە چ قەیدی دەکات؟ چ قەیدی دەکات؟ من خۆم ویستم. نا، ناسر درۆ دەکات. ناسر هەڵەیە. دەبەنگە. من قرژاڵ زادەیەکم و جێگەم بنی ئاوەکانە، بنی چاڵەکانە، جێگەم جۆگەلە و ناو ئاوەڕۆکانە. دڵم بە قورسایی قورسێکی پۆلایینی لێ هاتووە. هەست دەکەم خەریکم لە هەموو شتێک جوێ دەبمەوە و ئەندامەکانی جەستەم هەریەکەیان بەرەو لایەک ڕادەکێشرێن. دەترسم و نازانم دەبێ چی بکرێت.

بیرم دێتەوە کە ئەو ڕۆژانە من و ناسر دوو قوتابی بێ باک و خاوەن بیروباوەڕ بووین و هەزار و یەک نەخشەمان هەبوون. ڕەنگە ناسر ڕاست بووبێ. ڕەنگە من خۆڕسکانە شاعیر بووبم. ڕەنگە ئەگەر ڕازی بوومایە ئێستا ئاوها نەبووایە. سەرم قورس بووە. وردە وردە هەست بە دەست و پێم ناکەم. وێنەکانی دەوروپشتم بە هێواشی مەحف دەبن. حەز دەکەم بدوێم. لە دەممدا بە دوای زمانمدا دەگەڕێم. هەست دەکەم خەریکم دەبوورێمەوە و ئاو هەموو جێگەیەکی تەنیوە. هەوڵ دەدەم هاوار بکەم. لەگەڵ خۆمدا بیردەکەمەوە کە ڕەنگە لەم دوایین ساتەدا ناسر بگات. ڕەنگە گوێی لە هاتوهاوارم بووبێت. ناسر ڕاست دەکات. هەر بەڕاستی ناسر ڕاست دەکات. من خۆڕسکانە شاعیرم و جێگەی من ئێرە نییە. من لە بوونەوەرانی

زەریایی دەترسم.

هەمــوو شــتــەکــانی دەوروبەرم دەســووڕێنەوە. هەمــوو شــتــێک دووردەکــەوێتــەوە و من لەگــەڵ قــرژاڵەکــاندا ڕۆدەچمە خوارترەوە. هەوڵ دەدەم دەست و پێم بجووڵێنم. هەوڵ دەدەم بە مەلە خۆم بگەیەنمە سەرێ. ناتوانم.

تەواوی بوونەوەرانی زەریایی ئاهەنگیان بۆ سازداوم و بەرەو قوولترین چاڵەکانی زەریام دەبەن. تەواوی جەستەم پڕ لە ئاوی سوێرە و کرمەکانی زەریا لە دەورم دانیشتوون و تەماشام دەکەن. هەست دەکەم گەیشتوومەتە قووڵایی تاریکی، گەیشتوومەتە کۆتایی شەو، گەیشتوومەتە نارەها.

کەسێک لە دەموچاوم دەدات و دەستم ڕادەکێشێت. دەنگە دەنگێک کە تێی ناگەم دێتە گوێم. بە زەحمەت چاوانم دەکەمەوە. نازانم چی ڕووی داوە.

هەست دەکەم بە سایپیتەی ژوورەکەوە چەسپاوم و لامپای بنمیچەکە بە سینگمدا ڕۆچووە. سەرم پێوەندی بە شتێک جگە لە جەستەمەوە هەیە و هەموو شتێک لەودا هەم هەیە و هەم نییە. چوار دانە ڕوخساری نادیار بە سەرمدا دانەویونەتەوە و شتێک لە گۆشەی ژوورەکەدا دەدرەوشێتەوە. پەڕۆی تەڕ و نەرم لەسەر لێوم هەست پێ دەکەم. کەم کەم شتەکانم بیردەکەونەوە. تەماشای دەوروبەری خۆم دەکەم. کەسێک بە سەر دەموچاومدا دادێتەوە و دەست دەنێتە سەر نێوچەوانم. دەستی نەرم و نەوازشکارانەیە و بۆنێکی تازەی لێ دێت. هەست بە پێم ناکەم. بە ئەسپایی دەپرسم:" تەواو بوو؟" دەنگێکی میهرەبان دەڵێ: " بەڵێ." ، " لەکوێوە؟" ، " لە ئەژنۆوە."

دەژیم و چ خەبەرێک لە قرژاڵەکان نییە. دەرگەی ژوورەکە دەکەنەوە. سەفەرەکەمان ڕووە و سەرەوە دەست پێ دەکەین. هەوای تازە نەفەسم دێنێتەوە سەر خۆی. لەم لاولاوە دەنگی قسە دێت، دەنگی ئاشنا. بەسەر پێپلیکانەکاندا سەردەکەوین. لەژێر چەرچەفەکەوە بە ئەسپایی دەست بۆ قاچم دەبەم. جگە لە پەڕۆ و لۆکە هەست بە چ شتیکی تر ناکەم. بە زەحمەت دەست بۆ خوارتر دەبەم. ڕاستە. قاچیان بڕیومەتەوە. لە ئەژنۆم بەرەوخوار جگە لە هەوا چ شتیکی تر نییە. قاچەکەی ترم بە دوودڵییەوە دەجووڵێنم. نا، لە جێگەی خۆیدایە و دەوروبەرەکەی خاڵییە. پێم وایە نێو قەد و سینگیشم گۆڕاون. تەنانەت دەستەکانیشم شێوەیەکی تریان وەرگرتووە. دادەگەڕێین و بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوین. باوەڕناکەم کە دووبارە زیندوو بوومەتەوە و جارێکی تر هەتاو و ئاسمان دەبینم.

خۆم بە قاچێکەوە دەهێنمە بەرچاوی خۆم. ئەدی چۆن دانیشم؟ چۆن بە پێوە بم؟ چۆن بڕۆم؟ دەبێ ئیدی پانتۆڵی یەک لاقم بۆ بدوورن. دەبێ لەمەودوا تەنیا تاکێک پێڵاو بکڕم. پێ دەکەنم. ئەو سستەرەی کە لەگەڵ مندایە بە میهرەبانی و سەرسوڕمانەوە ئاوڕم لێ دەداتەوە. خۆم دەبینم کە لەسەر قاچێک لەم ژوورەوە خۆم بەو ژووردا دەکەم. دەکەوم. نیوە هەستانێک هەڵدەستمەوە. دەست بە لێواری قەرەوێڵە و مێز و کورسییەوە دەگرم. لەتر دەدەم. دەزانم کە دەبێ وەک منداڵی تازە لەدایک بوو هەمدیس ڕاوەستان و ڕێڕۆیشتن فێر ببم. دەبێ لە سەرەوە دەست پێ بکەمەوە، هەموو شتێک لە سەرەوە. ڕادەوەستین. تەماشای ئەو ژنە دەکەم کە لە پاڵمدا ڕاوەستاوە. جووتێک پێڵاوی سپی، گۆرەوی سپی. تەنوورەی سپی. دەستەکانی پاک و بلوورین، جەستەی بۆنی شیری لێ دێت، بۆنی ژنانی دووگیانی لێدێت. بە خۆم دەڵێم:" دەبێ یەکەم جار بە دارشەق دەست پێ بکەم. پاشان بە قاچی دەسکرد، ئینجا بە پێی خۆم."

حەزم دەکرد قوتابییەکانم لێرە بان و تەماشایان کردبام. حەزم دەکرد قوتابییەکانم لێرە بان و هەموو پرسیارەکانیان دووبارە کردبایەوە.

زەینم دوای ساڵانێک، وەک فەرشی کۆن کە لەژێر هەتاودا دەیتەکێنن، وردە وردە بێدار دەبێتەوە. لەناکاوێک ڕا پڕ بووم لە هەیەجانێکی منداڵانە. هەست دەکەم تازەکی لەدایکبووم و بوونم هێشتا ماهییەتی ئەسڵی خۆی نەدۆزیوەتەوە. حەزدەکەم زووتر ئەم پەڕۆ و پاتاڵە لە قاچم بکەنەوە و دەست بە ڕێ ڕۆیشتن بکەم.

دەگەین. دوکتۆرەکان دەچنە لاوە. ڕووناکی گڵۆپەکانی ڕاڕەوەکە لە چاوم دەدەن. هەمووان واق وڕماوانە لەپاڵ قەرەوێڵەکەمدا ڕاوەستاون. ژنەکەم دەستم دەگرێ و بە دوودڵییەوە تەماشام دەکات. لەوسەری ژوورەکەوە دەنگی گریان دێ. من لە خەیاڵی ڕۆژانی داهاتوودام. سەر دەنێمە ژێر چەرچەفەکە و چاوانم لێکدەنێم.

کەس نازانێ من چەندە خۆشحاڵم.

**هاوینی ١٩٧٧**

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی " منیش چێ گیڤارام" ، تاران، ئینتیشاراتی نیلۆفەر.**



**محەمەد ڕەحیمیان:**
**ڕەخنەگر بە دەلالی نێوان خوێنەر و نووسەر نازانم..**
**هیچ چەشنە چێژێکیش لە دەقێکی هەلوەشاوە و لەتوپەت کراودا بوونی نییە**

**ئا: رامان**

(محەمەد ڕەحیمیان) دانیشتووی تیکابی هەوشارە، ماستەری لە زمان و ئەدەبی فارسیدا هەیە، ئێستا وانەبێژی زمان و ئەدەبی فارسییە لە پۆلی پێش دانیشتگا و زانکۆی پەیامی نوور و ئازادی شاری تیکاب. لە بواری چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و فارسیدا ڕەخنەگرە، هەروەها بە زمانی کوردی نووسەر و دەرهێنەری شانۆییشە.
هەوڵ دەدەین لەم هەڤپەیڤینەدا (محەمەد ڕەحیمیان)ی نووسەر و ڕەخنەگر لە بارەی پرسگەلێک و زۆر ڕەهەندی پێوەندار بە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری بدوێنین، هاوکات تێڕوانینەکانی خۆی لە بارەیانەوە بخاتە ڕوو، پاشان ئێستێک لەسەر ئەو پرسانە بکات تا بەشێوەیەکی جیاواز و ورد و ئاگادارانە ڕاڤەیان بکات. با سەرنج لە وەلامەکانی بدەین و پێکەوە ئەو بیروڕایانە بخوێنینەوە.

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی دی: تەنیا دەڵێن (ئەم دەقە جوانە) و (ئەم دەقە ناشیرینە)، بێ ئەوەی بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگانانە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– دیارە هەر کەسێک بە پێی بۆچوونی خۆی دیاردەکان هەڵدەسەنگێنێ و لە ئاستی زانیاری و زەوقی خۆیەوە دەڕوانێتە جیهانی دەوروبەری و تەماشای جیهانی دەق دەکات، بەڵام ئەو بۆچوونەی کە لە پێناو دەقێکدا بە بێ پشت ئەستووریی فیکری، قەناعەت بە جوانی یان ناشیرینی دەق دەکات، بۆچوونێکی تەسکە و لە هەر چەشنە مەعریفەیەک بێ بەرییە. ئەمە هەڵسەنگاندنێکی زەوقییە و هیچی دی. لەم چەشنە هەڵسەنگاندنانەدا، کەسەکان قەناعەت بە هەستێکی کاتەکی و بەرتەسک دەکەن و پێوەرێکی مەعریفییان پێ نییە و زەوق و تێگەیشتنی خۆیان لە ڕواڵەتی دەقدا کورت دەکەنەوە، چونکە بۆچوونێکی وەها بۆ نێو دەقەکە شۆڕنابێتەوە، بێجگە لە هەستێکی بەرتەسک، تێگەیشتنێکی مەعریفی و ئەدەبی لە بەرانبەر دەقەکەدا نییە، کەواتە؛ کاتی خوێندنەوەی دەق لە لای بۆچوونێکی وەهادا، کاتێکی ناوشیار و بێ بەرییە لە پێوەرەکانی هزری و مەعریفی و ئەدەبی. بۆچوونی وەها دەقەکە بە پرسیارەوە ناخوێنێتەوە، پرسیار بۆ ناخی دەقەکە شۆڕناکاتەوە، کە بە پرسیار شۆڕنەبووەتە ناخی دەقەوە، دیارە دەقیش هیچ پرسیارێکت لە بەرانبەردا قوت ناکاتەوە. ئیتر خۆشت بەوە بە بەرپرسیار نازانی کە وەڵامی پرسیارێکی وەک: بۆچی جوانە؟ یان بۆچی ناشیرینە؟ بدەیتەوە، چونکە ئەم جوانی و ناشیرینییەی دەربدەبڕی، لە ناخی بۆچوونێکی مەعریفییەوە هەڵنەقوڵاوە.

ئەگەر بێتو بە بێ سیستمێکی مەعریفی و بە بێ کەرەستەی پێویستی وەک وشیاری ئەدەبی و وشیاری لێکدانەوە، بچیتە قووڵایی دەریای دەقەوە، مەلەت بۆ ناکرێ و هیچ گەوهەرێکت دەست ناکەوێ. قەناعەت بە پێوەرێک، وەک هەستێکی رووت و قووت، بێجگە لە داوەرییەکی داخراو و سانا، پێناسەیەک پێکناهێنێ. هەروا کە زەوقێکی بەرتەسکت هەبێ سەبارەت بە دەق، ئەوە ئەو دەقە هیچ چەشنە مەعریفە و جوانییەکی ڕەسەنت بۆ دەرناخات.

* کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە (زارەکییە) و ئەوی دیکە (نووسراوکراو)ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە (بنیادنەر)ە و ئەوی دی (ڕووخێنەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەربڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟

– پرسیارەکەتان دوو لایەنی جیاواز دەگرێتەوە. زارەکی بوون یان نەبوونی دەق دەچێتە خانەی چەشنەکانی دەربڕینەوە، بەڵام بنیادنەر، یان ڕووخێنەربوونی دەق، دەچێتە خانەی چەشنەکانی ڕەخنەوە. ئەدەبی زارەکی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە: نەنووسراوەتەوە، سەرچاوە و کات و مێژووی پێکهاتنی نادیارە، مۆرکی گشتی پێوەیە، زمانێکی سانای هەیە، کتوپڕ و بە بێ مەبەست و بە بێ وشیارییەکی ئەدەبی خولقاون. تاک ڕەهەندین و ناوەرۆکی ساکاری خۆیان بە بێ یاسا و ڕێسای ئەدەبیی دەردەبڕن.

ئەدەبی بە نووسراوکراویش دوو جۆرە، ڕەنگە ئەدەبی زارەکی بێت کە نووسراوەتەوە. لەم ئەدەبە زارەکییەدا کە نووسراوەتەوە، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە عەرزم کردن، دەمێننەوە، بێجگە لەوەی کە لە چەشنی زارەکی بوون هەڵگەڕاونەتەوە سەر چەشنی نووسراوە. شێوەی دووەمی ئەدەبی نووسراوە، بە مانا گشتییەکەیەتی، واتە ئەدەبێک کە لە کات و ساتێکی تایبەتیدا، کەسێکی دیاریکراو بە وشیارییەکی ئەدەبی و مەعریفییەوە دەینووسێت و چەشنی جۆراو جۆری هەیە و ستایل و مۆرکی کەسایەتییەکی تایبەتی پێوەیە. لەم بوارەدا ئەدەبی زارەکی و نووسراوە، سنووری دیاریکراوی خۆیان هەیە و پێویست نییە لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکرێن.

سەبارەت بە لایەنی دووەمی پرسیارەکەشتان، بە بڕوای من هەموو ڕەخنەیەک، بە مەرجێک کە ڕەخنە بێ، بنیاتنەرە و هیچ دەقێک بە ڕەخنە ناڕووخێ، بەڵکو لە سەرڕا دەبووژێتەوە. کەواتە: ئەگەر بێتو دەقێک بە ڕەخنە بڕووخێت، دیارە ڕەخنەکە نەیڕووخاندووە، بەڵکو ئەو دەقە خۆی تایبەتمەندییەکانی مانەوەی هەڵنەگرتووەتە خۆوە. واتە: ڕەخنە حوکم بە سەر ڕووخاندنی هیچ دەقێک ناکات، بەڵکو لێی بێ دەنگ دەبێت، یان حوکمی ڕووخاندنەکەی دەخوێنێتەوە، کە لە هەردوو چەشنەکەیدا ئەمە **خودی دەقەکەیە قەتیس و ناتەواوە، نەک ڕەخنە قەتیسی کردبێ.**

* ڕەخنەگرەکانمان بە دەر لە کاری خۆیان (ڕەخنەگر)ی، هاوکات (بەدیل دۆزەرەوە)یشن، پێت وایە ئەم دوانە گەرەکیانە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێ؟ کەنگێ دەقی ئەدەبی (ئەڵتەرناتیڤ) دەخوازێ؟

– ئەگەر مەبەستت لە بەدیل دۆزینەوە ئەوە بێ کە

ڕەخنەگر بەدیل بۆ دەقە ئەدەبییەکان بدۆزێتـــــەوە، واتە بڵـێ دەق بە چ شێوەیەک بنووسرێ، یان چ شێواز و قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ نووسین پێشنیار بکا، دیارە لە ئەرکی خۆی دوورکەوتووەتەوە و ئەرکێکی وە ئەستۆ گرتووە نەک هەر کاری وی نییە، بەڵکو دەرەقەتیشی نایەت. ڕەخنەگر خاوەن هیچ ئەکادیمی یان قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ خوێندنەوەی دەق نییە و ناشبێ هەبێ. مەبەستم ئەوەیە کە ڕەخنەگر بۆ خوێندنەوەی دەق پێش زەنییەتێکی تایبەتیی نییە، ئەوەی کە قوتابخانە، یان تیۆرییەک دەکاتە ئامیانی خـــوێندنەوەی دەق، لواوی و پتـــانســـیـــەلەکـــان (زەرفییەت)ی خودی دەقەکەیە.

**ڕەخنەگـــر لایەنی ســـەلبی و ئیجابییەکانی دەق دەبینێ و بەپێی شـــارەزایی خـــۆی دەیانخوێنێتەوە، کاری ئەو نییە بڵـــێت ئەم دەقـــە خـــراپە و بەدیلەکەشی ئەمەیە.**

ڕەخنەگر ڕاڤەکار (تەئویلگەر)ی دەقە و قوتار. پاوانی ڕەخنەگر، ئەو دەقەیە کە دەیخوێنێتەوە. ئەو لە شـارەزایی خـۆی لە سـەر قـوتابخـانە و تیـۆرییـە ئەدەبییەکان، وەک کەرەستەیەک بۆ خوێندنەوەی دەق، کەڵک وەردەگرێ، نەک ئەڵتەرناتیڤێک بە پێی فلانە تیۆری بۆ دەقەکان بدۆزێتەوە. ڕەخنەگرێک کە ئەرکی وەها دەخاتە سەرشانی خۆی، دەشێ فەیلەسووف، کـۆمـەڵناس، سـیـاسـیـکار و ئابووریناس، یان ڕیفۆرمخوازێکی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام ڕەخنەگر نییە. کاری ڕەخنەگر بینینە نەک دۆزینەوە. ڕەخنەگر لایەنە سەلبی و ئیجابییەکانی دەق دەبینێ و بە پێی شارەزایی خۆی دەیانخوێنێتەوە، کاری ئەو نییە بڵێت ئەم دەقە خراپە و بەدیلەکەشی ئەمەیە.

دەقی ئەدەبی خوێندنەوە و لێکدانەوە دەخوازێ، بەڵام ئەڵتەرناتیڤ ناخوازێ. ئەوەی بەدیل دەخوازێ شێوازی خوێندنەوەی دەقە بە پێی سەردەم، نەک خودی دەقەکە. بەدیل دۆزینەوە و بەئەکادیمی کردنی دڵخوازانەی دەق، دیکتاتۆریەتێکە پەیتا پەیتا دەقەکان و شێوازە ئەدەبییەکان لە سێدارە دەدات، بە هۆی ترازان لەو یاسا و ڕێسایانەی کە ڕەخنەگری دیکتاتۆر دایڕشتوون.

دیارە هەموو ڕەخنەگرێک لە لایەکەوە شـارەزای تیـۆرییـە ئەدەبییـەکـانە و لە لایەکی دیکەشەوە لە دەلاقەی دەقە ئەدەبییەکانەوە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کـۆمـەڵایەتیی، کولتووری، مێژوویی، رامیـاری و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە، پێوەندیی هەیە. پرسیار ئەوەیە کە قـوتابخـانە ئەدەبییـەکـان چۆن سەرهەڵدەدەن و چ هۆگـەلێکی مـەعـریفی و فـەلسـەفی و زەوقی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، رامیاری و مێژوویی، دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی ئەدەبی؟ ڕەخنەگـــران بە هۆی ئەو پێوەندییەی کە لە دەلاقەی دەقەوە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی عەرزم کردن، هەیانە، ئەگەر بەدیل دۆزەرەوە نەبن و ئەگەر ئەکادیمی تایبەت چێ نەکەن، دیارە ڕێگە خۆشکارن و مامانی لە دایکبوونی ئەو قوتابخانانەیەن کە سەر هەڵدەدەن.

هیچ ڕەخنەگرێک نە پێی دەکرێ و نە مافی ئەوەی هەیە و نە پێویستیشە بە دوای ئەڵتەرناتیڤ دۆزینەوە، یان پێکهێنانی کەسگەل و ئەکادیمیای تایبەتەوە بێت، چون قوتابخانە ئەدەبییەکان وەک خودی دەقە ئەدەبییەکان، ملکەچی یاسا قۆرخکراوەکان و پاوانە داخراو و ڕێسا ڕەقەکانی ئەکادیمیا و دیکتاتۆرەکان نابن، بەڵام لە بیری نەکەین کە ڕەنگە ڕەخنەگر بە پێی شارەزایی خۆی تیۆرییەکی تازە دابڕێژێ و هەر بەو تیۆرییەش دەقەکان بخوێنێتەوە. دیارە تیۆرە تازەکان پێداویستی سەردەمن، ئەگەر هاتوو تایبەتمەندی مەعریفی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی سەردەمیان پێ بوو، ئەوە دەبنە بناغەدانەری قوتابخانەیەک کە پێداویستی سەردەمە، بۆیە با ڕەخنەگرەکانمان لە بەدیل دۆزینەوە و خوێندنەوەی دەقەکان بە قوتابخانەیەکی تازەوە نەترسێنین، بەڵکو دەبێ لە تێ نەگەیشتن لە پێویستایەتی سەردەم بترسین. ئەوەش بزانین کە ئەڵتەرناتیڤی هەر قوتابخانەیەک لەو دووانەیەکی خۆیەتی کە درەنگتر لە دایک دەبێ. واتە هەر قوتابخانەیەک لە پێکهاتەی خۆیدا بەستێنێکی بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی تازە نەبێ، نەزۆکە. وەک ستایلی (هیندی) لە ئەدەبی فارسیدا.

هەر دەقێکی ئەدەبی هەروا کە بەری لە مێژووی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، هەرواش دەبێ مێژووی دەقێکی تازە بخولقێنێ. ئەگەر هاتو ڕۆژێک کۆمەڵگەیەک لە مێژووی ئەدەبیی خۆیدا پێویستی بە سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی تازە و بە پێی ئەوەش خوێندنەوەیەکی تازە نەبوو، دیارە کاتژمێری مێژوو لەوێدا ڕاوەستاوە.

* ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان (نووسەر- وەرگر)؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەردا، تا تیکەڵبوون و هاوەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

- دەقێک کە دەخولقێ، ئیتر دەبێ لە پێوەندی نێوان دەق و وەرگر قسە بکرێ. هەر دەقێک جیهانی تایبەتیی خۆی هەیە و لە کاتێکدا کە دەخوێنرێتەوە، مافی بە سەر

نووسەرەوە نییە. دەق بە نیزامی دەلالەتی تایبەتی خۆیەوە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە. من ڕەخنەگر بە دەڵاڵی نێوان خوێنەر و نووسەر نازانم کە بیەوێ پاساوی نووسەر بدات، یان لە هەوڵی تێگەیشتنی خوێنەر لە نووسەر بێ. من پێم وایە ڕەخنەگر شێوازی خوێندنەوەی دەق فێری خوێنەر بکات باشترە تا ئەوەی بێتو دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان هەڵوەشێنێتەوە و بیانخاتە بەردەستی خوێنەر.

هیچ چەشنە چێژێک لە دەقێکی هەڵوەشاوە و لەتوپەت کراودا بوونی نییە. سیحری هاومەستی، لە شێوەی خوێندنەوەی دەقدایە. ڕەخنە چەشنێک لە چەشنەکانی خوێندنەوەیە کە بە شێوازی تایبەتی خۆی، ڕەهەندەکان و لایەنەکانی ڕەمزاوی دەق، دەردەبڕێ. دەقی سەرکەوتوو خۆی لە خۆیدا چێژێکی ئەدەبی و هاومەستییەکی سیحراویی تیدایە، بەڵام ئەوە خوێنەرە کە دەبێ بە شارەزایی خۆی و بە پێش ئاگایی و مەعریفەیەکی ئەدەبی و هونەرییەوە، بچێتە پێشوازیی دەقەوە.

دەق لە بەرانبەر خوێنەرێکی وەهادا دەقێکی کراوە و چێژمەندە. تۆڕێکی نهێنی لە ناخی دەقدایە کە بە کەشفی ئەو تۆڕە جیهانی چێژاویی دەقت لێ دەردەکەوێ. تۆڕێک کە لە بەستێنێکی ئیستێتیکدا، توخمە عاتیفی و ڕەوانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسانە و مێژوویییەکان، بە شێوەیەکی ڕەمزاویی لە یەکتری تەنراون. ئەگەر بێتو خوێنەر بە مەعریفەیەکی جوانیناسانەوە بچێتە ناخی دەقەوە، بە ئاگاییەوە لە جیاوازی جیهانی واقیع و جیهانی دەق، هەروەها لە جیاوازیی نیزامی دەلالەتی ئەو دوو جیهانە تێبگات، دیارە دەگاتە ئەوپەڕی چێژ.

پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر لە ئاستێکدایە کە بە بێ خوێنەر، دەق دیاردەیەکی کاڵ و لە خۆ نامۆیە. (ڕیفە تێر) گوتەنی: "هەموو شیعرێک لە کاتی خوێندنەوەیدا پێکدێ".

* ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خوڵقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانیی لەگەڵ (پێکهاتەکانی دەق) فەراهەم دەکات، بە دەر لە سەروەختی لە دایک بوونی دەقێکی شیعری؟

– ئەگەر بێتو هاوڕای (ڕۆلان بارت) بین و بڕوا بە "مەرگی نووسەر" پاش لە دایک بوونی دەقی شیعری، بێنین، ئیتر شاعیر مافێکی بە سەر دەقە شیعرییەکەوە نامێنێ و ئەویش لە ئاست دەقەکەی خۆیدا خوێنەرێکە. کاتێک شاعیر و نووسەری ئێمە سەبارەت بە دەقەکەی خۆیان وە دەنگ دێن و لە بەرانبەر ڕەخنەدا هەڵوێست دەگرن، دیارە هێشتا بە بیرۆکەی "مەرگی نووسەر" بڕوایەکی وەهایان نییە. جاری واش هەیە شاعیر لە سەر بیرو بڕوا جۆراوجۆرەکان، سەبارەت بە دەقە شیعرییەکەی وە جواب دێت و شیکاری دەقەکەی خۆی دەکات و دەست بە لێکدانەوەی شیعرەکەی دەکات. ئەم شێوە هەڵسوکەوتە لە بواری ئەدەبی ئێمەدا، خۆی بۆ خۆی ئەو حەقیقەتە ڕادەگەیەنێ کە دەقەکان سەربەخۆییەکی وەهایان نییە و بە نووسەرەکانیانەوە بەستراونەتەوە، واتە هێشتا دەقێکی ناتەواون.

با ئەوەش بڵێم کە بە ڕای من بۆ خوڵقاندنی مانا، خوێنەر هاوشانی دەقنووس نییە، بەڵکو هاوشانی پێکهاتەکانی دەقەکەیە. چون پرۆسەی خوێندنەوەی دەق لە غیابی دەقنووسدا، بەڕێوە دەچێ و ئەو هاوشانییە، هاوشانی نێوان دەق و خوێنەرە، بە بێ ئامادەبوونی دەقنووس.

لە پرۆسەی پێکهاتنی دەقێکدا، دوو چەشنە هاوشانیی بەدی دەکرێن. یەکەم هاوشانی دەق و نووسەرەکەی (هاوشانی شیعر و شاعیر)، دووەم هاوشانی دەق و خوێنەر. هەر هونەرمەندێک پاش خوڵقاندنی دەقەکەی، بەجێی دەهێڵێ، هەر وەک خودا کە پاش خوڵقاندنی جیهان، بەجێی هێشت و دەرگەی ڕاڤەی بە ڕووی مرۆڤدا ئاواڵە کرد. کاتی پێکهاتنی دەق، کاتێکی ئوستوورەییە کە لە سەرەوەی زەمانە و کاتێکی تایبەتییە کە تەنیا بۆ نووسەری هونەرمەند دەخولقێ و بەس. هەڵبەت نامەوێ بە هۆی بە ئوستوورەیی کردنی ئەو کاتەوە، خۆم لە مەعریفەی ئەو کات و ساتە دەرباز بکەم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کاتە کاتێکە وەک بڵێی زەمەن ڕاوەستابێ و نووسەر لە دەرەوەی زەمەندا لەگەڵ خۆی بدوێ. وەک بڵێی نووسەر بچێتە جیهانێکی بێ زەمەنەوە. جیهانێک کە تەنیا یەک جار و بە شێوەیەکی تیکەڵاو لە ئاگایی و نا ئاگایی، دەئەزموندرێ.

وەک دەزانن بناغەی پێکهاتنی قوتابخانەی پێکهاتەخوازی، لەم پرسیارە گرنگەوە دەستی پێ کرد کە دەق بە چ شێوەیەک لە پێکهاتەکانی خۆیدا مانا پێکدەهێنێ؟ واتە؛ مانای دەقەکان لەو پێکهاتەیەدا چۆن دەگونجێن؟ ئەم پرسیارە سەرەکی و مەعریفییە، پرسیارێکی قووڵتری لێ کەوتەوە: ئاخۆ نیزامی دەلالەتی دەقە ئەدەبییەکان بە چ شێوەیەک پێکدێن کە مانای جۆراوجۆر، واتە چەندمانایی و جاری واش هەیە مانا دژوازەکان، پێکدەهێنێ؟ ئاخۆ ئەم گونجایشتە چۆن پێکدێ؟ دیارە لە بۆچوونێکی لەم چەشنەدا، پاش خوڵقانی دەق، نووسەریش وەک خوێنەرێک لە دەرەوەی جیهانی دەقدایە و هاوشانی ئەو بۆ پێکهێنانی مانا و

راڤە و شرۆڤەی دەق، تێدەکۆشێ.

* ئێستە شیعر و قسەی ئاسایی تێکچرژانێکی ریشەیییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێ وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

– ئەم چەشنە شیعرە لە مەنتیقی زمان نزیکترە و هێزی زمان بۆ دەربرین و گەمە لە بواری خۆیدا، پتر دەنوێنێ. جاری وا هەیە کە زمانی شیعر بە هۆی فرتوفێڵەکانی مۆسیقا و سەروا و پاشەڵی شیعرییەوە، دەچێتە پەراوێزەوە و لواوی و پتانسیەلەکانی لە قوژبنی ئەم چەشنە فێڵە هونەرییانەدا، دەشاردرێتەوە، بەڵام لەم چەشنە شیعرەدا کە ئاماژەت پێ کرد، شاعیر بە راشکاوی دەزانێ کە بێجگە لە وشە، هیچ کەرەستەیەکی تری لەبەر دەستدا نییە، دەبێ شەشدانگی هەوڵ و هێز و هزری هونەری خۆی لە پانتایی زماندا بەکار بێنێ و بە هۆی تاقانەی زمانەوە شیعرێک بخوڵقێنێ. لە وەها دەرفەتێکدایە کە یەکەی وشەکان کەسایەتی خۆیان دەدۆزنەوە و بەرفراوانتر لە دەلالەتێکی مانایی، بیچمێکی هونەری لەخۆ دەگرن.

رەنگە ئەم چەشنە شیعرە ئاکامی پێکهاتەخوازی بێت کە زمانیان وەک سەرەکیترین توخمی پێکهاتەیی لە قەڵەم دەدا. وەک (یاکۆبسن) کە شیعری بە رووداوێکی زمانی دەزانی، یان شێت و شەیدایەکی زمانی وەک (رۆلان بارت) کە دەیوت: (زمان خولقێنەری جیهانی منە).

من ئێستە نازانم ئەم تێکچرژانەی قسەی ئاسایی و شیعر لە چ ئاستێکدایە، بەڵام ئەوەندە دەزانم لە ئەزموونێکی سەرکەوتووانەدا، ئەوە قسە ئاساییەکانن کە لە تەونی شیعرەکەدا دەتوێنەوە و بیچمێکی ئەدەبی لەخۆ دەگرن. هەروەها ئەم چەشنە شیعرە، ئەگەر ببێتە هۆی ئاوڕدانەوەی شاعیرکانمان لە کەسایەتی و شوناس و دەوری سەرەکی زمان لە ئەدەب و هەڵکشان بەرەو بە سووژەکردنی زمان، قازانجێکی باشی هەیە. بۆ وێنە؛ لە بواری شیعری کوردیدا، شیرکۆ بێکەس ئەزموونێکی سەرکەوتووە بۆ ئەم مەبەستە.

* پێت وایە هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێک، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیادی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێ؟ بە واتەیەکی تر: بۆ ئەوەی پێکهاتکانی دەق بپارێزین لە کاڵگەرایی و بوونی کاتی، چی بکەین باشە؟

– لای من مانای داخراو، ئەو مانا شیتاڵ شیتاڵ کراوەیە کە پەل دەهاوێتە سەرانسەری دەق و هەموو کونوقوژبنەکانی داگیر دەکات. ئەگەر ئێوە پێتان وابێ کە "هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێک، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیادی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێ"، ئەوە من دەڵێم ئەوە پێکهاتەی دەقە کە بنیادێکی وەها پێکدەهێنێ. چون لە سەر ئەو بڕوایەم کە پێکهاتە مانا دەخوڵقێنێ. دیارە پێکهاتەیەکی قەتیس و داخراوە، مانایەکی داخراوە و بێوەری لە راڤە پێکدەهێنێ و بە زیت و زەقی هەرای مانایەکی بێ شرۆڤە دەکات. هەروەک لە باری کۆمەڵناسییەوە لەسەر ئەو بڕوایەم کە کۆمەڵگە و نەریتە داخراو و بارگاوییەکان، دیکتاتۆر پێکدەهێنن.

**هەر هونەرمەندێک لە هەر بوارێکی هونەریدا بێ، پێویستە بە زمان و کەرەستەی تایبەتی خۆی رابێ و بتوانێ لەو فەزا بێ زەمەنەدا، کەڵک و بەهرەی شیاو وەربگرێ.**

دیارە پێکهاتەیەک کە لەسەر نیزام و تۆڕێکی دەلالەتی چەند لایەن و چەند رەهەندی دابڕێژرێ، لواوی ئەوەی هەیە کە پڕاوپڕ لە پتانسیەلە زمانییەکان کەڵک وەربگرێ، هێزی ئەوەی هەبێ بە شێوەیەکی دینامیکی و پەیتا پەیتا بەسەر خۆی بشکێتەوە و پێش بە چەقبەستنی مانایەکی سەرەکی و تەوەرەیی بگرێ، مانایەکی ساوا و رووخاوە و تاکڕەهەندیی پێکناهێنێ. بەم پێیە ئەوە پێکهاتەی دەقەکە خۆیەتی کە دەبێ خۆی لە "کاڵگەرایی و بوونی کاتی" بپارێزێ. بۆ وێنە: پێکهاتەی زۆربەی شیعرەکانی (حافزی شیرازی) بە چەشنێک دارێژراون کە مانا لەوێدا وەک ماسییەکە کە خۆی بە دەستەوە نادات و لە دەستی راوچییەکەی دەخلیسکێ. تا بێتو مانایەک لە زەینی خوێنەر پێکبێت، خێرا مانایەکی دیکە جێگیر دەبێتەوە. هەر هونەرمەندێک لە هەر بوارێکی هونەریدا بێ، پێویستە بە زمان و کەرەستەی تایبەتی خۆی رابێ و بتوانێ لەو فەزا بێ زەمەنەدا، کەڵک و بەهرەی شیاو وەربگرێ.

* شیعری ئێستە بە شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یان شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرنگی بە خەمە گشتییەکان دەدا، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستە لە بنیادی دەقە (هاوچەرخ)ەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکات؟

– شیعری باش و دەقی راستەقینە بە مانا

هونەرییەکەی، لە گۆڕەپانی زماندا بۆ خۆی ئیبداعێکی تەواوە، بۆیە ماهیەتی ئیبداعی بوون یان نەبوونی شیعر (بە بڕوای من) ناچێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا وریای خەمە خودییەکانە یان دەربایستی خەمە کۆکانە. ئەوەی کە دەڵێی "شیعری ئێستە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان کردووە و شیعری پێشوو گرنگی بە خەمە گشتییەکان" دەدا، شتێکی مێژووییە و دەچێتەوە سەر مێژووی پێناسەی شیعر. شیعر نە ئەرکێکی بارگاویکراوی لە ئاست خەمی مرۆڤدا هەیە، نە دەربایستی ئەوەیە کە بە دەربڕینی خەمەکانەوە مەشروعیەت و ڕەوایی بە خۆی بدا. بە دڵنیاییەوە لە پێناو شیعردا، ئیتر ئێمە وەک (ئەفلاتوون) بیرناکەینەوە و شیعر ناخەینە ژێر ڕکێفی دیکتاتۆریەتی مانا و کۆمەڵگەوە. چاوەروانی ئێمە لە شیعر چێژێکی هونەرییە.

چاوەروانی ئێمە لە شیعر، سامانداني ئەو ئاوێنە سیحراوییەیە کە خۆمانی تێدا دەبینین. شیعر ئەو دەنگەیە کە ئێمە تێیدا ڕەوایەت دەکرێین. شیعر چێژێکی زمانییە کە بە سامانێکی زمانییەوە ئێمە لە خۆمان تێ دەگەیەنێ. شیعر کە ڕووی لە خەمی تاکەکەسی شاعیر بێ، ئەزموونێکی ئینسانییە کە لە موڵکی زماندا دەئەزموندرێ و ڕەوایەتییەکە لە چرکەساتێکی ئینسانی. چرکەساتێک کە ڕەنگە بێجگە لە شاعیر و بێجگە لە زمانی تایبەتیی شیعر، بە هیچ شێوەیەکی تر نەئەزموندرێ. شاعیر پێغەمبەرێک نییە کە کۆمەڵگە لە خەمەکانی تێ بگەیەنێ و پەرۆشی ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ بێ، شاعیر بە ئەوپەڕی لێ بردووییەوە ساتەکانی خۆی دەکاتە قوربانی؛ بەڵکو کورتەساتێک بچێتە ناخی جیهانی زمانەوە و جیهانی خۆی لەو جیهانەدا بئەزموونێ.

کە دەڵێین خەمی (کۆ) و خەمی (تاک)، خەریکین لە دەرەوەی شیعر و بە لۆژیکی جیهانی نا شیعرەوە دەدوێین. لە بیری دەکەین کە شیعر لە بەستێنی هونەر و بە لۆژیکی تایبەتی وشەوە دەدوێ، بۆیە ئیبداع و خولقێنەرایەتی شیعر بە هیچ کلۆجێک ناچێتەوە سەر چەشنی خەمەکانی شاعیر، بەڵکو دەچێتەوە سەر مامەڵەی شاعیر لەگەڵ ئەزموونە زمانییەکەی و ئەو جیهانە زمانییەی کە دەیخولقێنێ. واتە ئەو بڕست و هێزەی کە لە پێناو زماندا هەیەتی. هەر خەمێکی کۆ، خەمێکی خودییە و هەر خەمێکی خودییش، خەمێکی کۆیە، گرنگ ئەوەیە لە هەر چەشنێکدا ئەمانە خەمی مرۆڤن. شاعیر بە ئەزموونێکی هونەرییەوە دەبێتە قوربانی کۆمەڵگە و ئەو خەمانە لە ئاراستەی زماندا تاقی دەکاتەوە و بە شێوە و ستایلێکی تایبەتییەوە دەیانگێڕێتەوە.

✱ بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە، بە شێوەیەک کە سەرچاوەمان لەم بارەیەوە هەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا، چونکە نا ئامادەیی لە ڕۆژگارێکی وەکو ئێستەدا، هەم (بۆشایی) و هەم (قەیران) و هەم دەرگەی (داخستنی سەردەمیک)یشمان بە ڕوودا دەکاتەوە؟

– کەسێک بە ناوی (فردینان برونیتە)، ڕستەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێ: (ئێمە هەرگیز خۆمان ناناسین، ئەگەر بێتو تەنیا خۆمان بناسین)، ناسین و تێ گەیشتن لە دیتران، دیتران لە خۆ تێ گەیاندن، پێویستییەکی سەردەمیانەیە. تێ گەیشتنی فیکری و فەرهەنگی سەرەکیترین گوتاری سەردەمن. ئێستە پێویستمان بەوەیە کە دەرگەی جیهان بە ڕووی خۆماندا بکەینەوە و لە ئاسۆیەکی بەرفراوانیش بڕوانین، بۆ ئەوەی گوتارێکی شوناسی و مەعریفی لەگەڵ هەموو جیهان بخەینە گەڕ، ئەگەرنا لە قەفەسی تەنیایی خۆماندا دەڕزێین.

تێگەیشتن لە بیر و بڕواکان، تێگەیشتن لە لایەنە وێکچووەکان، سۆزی مرۆڤ سەبارەت بە یەکدی دەبزوێنێ. مێژووی تاڵ و خوێناوی مرۆڤ بە هۆی بێ سۆزی لە ئاست یەکتردا، پێکهاتووە. مرۆڤەکان چەندە زیاتر لە یەکتر تێبگەن، هێندە هێمنتر دەبن.

ڕەخنەی بەراوردکاری هەر لە هەڵسەنگاندنی خاڵە وێکچووەکان، یان دۆزینەوەی توخمە هاوشێوەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا کورت نابێتەوە. ڕەخنەی بەراوردکاری سەرەتا پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان دەقەکان دەدۆزێتەوە. بە بڕوای من، ڕەخنەی بەراوردکاری تێرم و زاراوەیەکی میتۆدۆلۆژیکە بۆ شێوەی کردنەوەی ئاسۆی دەقەکان بە ڕووی یەکتریاندا، شیکاری پێوەندی و دانوگرتنی ئەدەبی نەتەوەکانە. ئەگەر لەگەڵ ئەدەبی گەلانی تر نەدوێین، ئەگەر لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا وتووێژ نەکەین، لەگەڵ قەیرانێکی هەرە گەورە ڕووبەڕوو دەبینەوە، ئەوەش تێ نەگەیشتن لە هەست و بیر و سۆزی دیترانە. واتە تێ نەگەیشتن لە بەشێکی هەرە زۆری جیهان. واتە تێ نەگەیشتن لە خۆمان، واتە کورتکردنەوەی جیهان. واتە بێوەری بوون لە بەشیکی زۆر لە ئەزموونەکانی جیهان. بێوەری بوون لە شێوەی جۆراوجۆری دەربڕینی ئەزموونەکان لە پێناو جیهاندا.

نا شارەزایی لە گرنگایەتی ڕەخنەی بەراوردکاریی، غیابی گوتاری نێوان دەق، نا شارەزایی لە ژانرە ئەدەبییەکان، نە ناسینی ئەدەبیاتی جیهان و تێ نەگەیشتن لە زمانەکانی تر، تێ نەگەیشتن لە توخمە

وێکچووەکانی ئەدەب، دەرنەکەوتنی لواوی و پتانسیەلە گشتی و تایبەتییەکانی ئەدەبی کوردی، نەخوێندنەوەی ئەدەبی کوردی بە پێوەری تیۆرییە ئەدەبییەکان، لە هۆکارە سەرەکییەکانی بایەخ نەدان بە رەخنەی بەراوردکارییە.

ئامادەگی گوتار لە هەموو بوارەکاندا، پێداویستی سەرەکی سەردەمە. نا ئامادەگی گوتار و ئاسۆ داخراوەکان، رەنگە سەرەکیترین پێوەری دواکەوتوویی نەتەوەکان بێ لە ئێستەی جیهاندا.

* ئێستە، داهێنان و ریکلام لە خستنە رووی ئاستی دەق لە کوردستاندا هاوئاستن، بەڵام ئەو ریکلامەی لێرەدا مەبەستە دابەشبووە بەسەر خوێنەر و راگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسی حزبەکاندا. نووسەری داهێنەر بۆوەی پردێک دروست بکات، بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهێنان- ریکلام، چی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

- بەو پێناسەیەی کە ئێوە بۆ ریکلامی دەکەن، دیارە مەبەست ریکلامی داسەپێنەر و رەسمییە. بە رای من داهێنانێک کە داهێنان و ریکلام پێکەوە جۆش بدات، موعجیزەیە، ئەگەرچی لە ئاستی موعجیزەشدا ئیمانی پێ ناهێنم. ریکلام لە عەقلانییەتێکی خۆ سەپێن و چەقبەستوو، بەڵام داهێنان لە عەقلانییەتێکی رەها و دڵفراوانەوە سەرچاوە دەگرێ، ریکلام کۆی یەک دەنگی و تاکرەهەندی و تەوەرەگەرایییە و ئارەزوومەندی یەکانگیری زەوقە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام داهێنان کۆی چەنددەنگی و چەندرەهەندی و ئارەزوومەندی دەربازبوون لە تەوەرگەرایی و یەکانگیرییە.

بوونی ریکلامی ئەدەبی بە تەوەرەیەکی مەبەستمەندەوە بەندە، بەڵام بوونی داهێنان لە تێکشکاندنی تەوەرە و لە بێ مەبەستیدایە. ریکلام بۆ نێو خەڵکی رەشۆکی دادەبەزێ، بەڵام داهێنان بەرەو نوخبە هەڵدەکشێ. ریکلام شتێکی تر دەگێرێتەوە، بەڵام داهێنان خۆی دەگێرێتەوە. بەم پێیە ریکلام تەواو ئەو شتە نییە کە دەیگێرێتەوە، بەڵام داهێنان پتەوییەکی بێ برانەوەیە. دیارە لەم پێوەرەدا ریکلام بۆ ئاگاداریی نییە، بەڵکو کورتکردنەوەی ئاگادارییە. مەبەستێکی تایبەتە لە لایەن دەسەڵاتەوە دەنەخشێ و بوارە رامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵدەسەنگێنرێ، ئینجا بۆ داخستنی شوێنێکی تایبەتی لە کۆمەڵگە، بە قەوارەیەکی تایبەتییەوە رادەگەیەنرێ، کە داهێنان بە هیچ کلۆجێک لەم کەشە تەنگانەدا ناگونجێ و دەست بە جێ دەخنکێ.

داهێنانێک کە خۆی بدا بە دەستی دەسەڵاتەوە، ئیتر بێ دەسەڵاتە و بوونێکی نییە. داهێنانێک کە ویستی بە هەر کەرەسەیەک بێ، بێجگە لە خۆی، خۆی رابگەیەنێ، یان رەوایی و مەشرووعییەت بە خۆی بدا، دانەهاتووە، یان لە یەکەمین هەنگاودا خۆی دەکوژێ.

من گومانم هەیە لە بوونی پردێک کە داهێنان و ریکلام پێک بگەیەنێ. ئەگەر پردێکی وەهاش هەبێ، ئەوە نەک لە لایەن داهێنەر یان دەقەوە، بەڵکو دەبێ لە لایەن دەسەڵاتی نوخبەگەرا و لە کۆمەڵگەیەکی پڕاوپڕ لە پێویستی داهێنان، چێ بکرێ؟ من لە شوێنێکی تردا وتارێکم لەسەر پێویستیی داهێنان نووسیوە.

کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی نوخبەگەرا دەتوانن ئاستی دەق لە سەرەوەی ئاستی ریکلامەوە راگرن و ریکلام لە ئاستی ئاگادارییەکی بێ لایەن بۆ ئاگاداربوونەوەی خەڵک لە بوونی دەق، وەرگرێ. بەم چەشنە، ریکلام دەقەکە ناخوێنێتەوە و نابێتە هۆی داخستنی ئاسۆ فراوانەکانی دەق. لێرەدا ریکلام خوازیاری وەرگرتن و قەناعەتی خوێنەر نابێت و هەوڵی دەستەمۆ کردنی دەق و خوێنەرەکانی نادات. ریکلامی دەق- خوێنەرتەوەر، چێژەکانی خوێنەر دێنێتەوە بیری و دەق و خوێنەر بە یەکتری دەناسێنێ. لە مەڵبەندێکی وەهادا، چێژ و پێداویستییەکانی خوێنەر و لواوییەکانی دەق مەبەستن، نەوەک چێژ و مەبەستەکانی دەسەڵات.

* پێوەندیی نێوان (دەق) و (چێژ) لە نێو ئەدەبی ئێمە تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش ئێستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوەیە نەکراوە و لە لایەن رەخنەگرانمان (ئەگەر بریارە رەخنەگرمان هەبێ)، بۆوەی تیکەڵاوبوونێکی رەگئاژۆیی بخوڵقێنین، پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

- ئێوە زۆر رەشبینانە دەروواننە پرۆسەی ئەدەبی کوردەواری، ئێوە پێشتر سوژەکە دەسرنەوە، ئینجا لە بوون و تایبەتمەندییەکانی پرسیار دەکەن. ئەگەر دەقمان نەبێ رەخنەگرمان نییە، کە رەخنەگرمان نەبوو، ئەم وتووێژەمان رووبەرووی قەیرانی بوون دەبێتەوە.

لە چاو ئەو بارودۆخەی بۆ ئێمەی کورد رەخساوە، گەلێک کاری باش کراوە و گەلێک تیۆری خوێنراونەتەوە. ئێوە پێتان وایە رەخنە و ئەدەبی فارسی ئێران بەو هەموو بوار و دەرفەتەی کە هەیانبووە و هەیانە، چەندە بە رۆژ کراون؟ چەندە ئاکادیمییەکانی شارەزای تیۆرییە ئەدەبییەکانن؟ هێشتا زۆربەی هەرە زۆری وێژەوانەکانی ئەکادیمییەکانی ئێران لە شیعری (نیما یوشیج) و (فرووغی فەرووخزاد) و (ئەحمەدی شاملوو) چێژ وەرناگرن. هێشتا لە ئەکادیمییە ئەدەبییەکانی ئێراندا رەخنە و تیۆریی ئەدەبی و باسی ئەدەبی جیهان و خوێندنەوەی ئەدەب بە تیۆرییە تازەکانەوە بڤەیە.

من نالێم ڕەزامەندیی بارودۆخی ئەدەب و ڕەخنەی کوردیم، بەڵام کە دەڵێین ڕەخنەمان نییە، ڕەخنەگرمان نییە، دەقمان نییە، چێژی ئەدەبیمان نییە و تاد، بڕێک دەکەوینە بەستێنی دروشمدان و کەشوهەوایەکی ژورنالیستییەوە. گەلێک کەموکوڕیمان لە بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا هەس، دەبێ هەوڵی مەعریفی و تەکوزمەندانەی بۆ بدەین. ئێمە هێندەی باسی بوون دەکەین، سەد ئەوەندەیش باسی نەبوون دەکەین. دیارە دەبێ پێشتر باوەڕ بە بوونی بابەتێک بکەین، ئینجا خەسارەکان و کەموکوڕییەکان بخەینە ژێر باسێکی مەعریفی و فیکرییەوە، دەنا ئەگەر بێتو پێش گریمانەی باسەکەمان نەبوونی بابەتەکە بێت، دیارە خەسارە و ڕەهەندەکان و لایەنە واقیعییەکانی شتەکە بە باشی ناناسین.

بە بەختەوەرییەوە، ئێمە دەقمان هەیە و دەقی باشیشمان هەیە و ڕەخنەگری پڕ تەقەللا و جیددی و ڕەخنەی بەپێزیشمان دەست دەکەوێ و من بە ئانقەست فاکت ناهێنمەوە، بەڵام لە چاو ئەوەی کە چێژ دەچێتەوە ئاسۆی پێوەندی دەق و خوێنەر، نایشارمەوە کە مەزاجی خوێندنەوەمان هێشتا زۆر باش پەروەردە نەکراوە. ئێوە کە دەڵێین: "پێوەندی نێوان (دەق) و (چێژ) لە نێو ئەدەبی ئێمەدا تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە"، بە ڕای من شتێکی نامێژووییە. من سەبارەت بە دەق، چێژ بە مانا (بارت)ییەکەی وەردەگرم، هەروەک دەق بە مانا (بارت)ییەکەی پێناسە دەکەم. باشە ئەم زاراوانە لە ئێپستمێکی تازەوە هاتوونەتە نێو مەعریفەی ئەدەبی ئێمەوە، ئەی ئێستە چۆن دەبێ بڵێین کاڵتر دەبنەوە؟ مەگین ئەم پێوەندییەی دەق و چێژە لە چ سەردەمێکەوە هاتوونەتە نێو گوتاری ئێمەوە، تا باسی کاڵبوونەوەیان بکەین؟ ئەم گوتارانە هێشتا مێژوویەکی ئەزموونراویان لای ئێمە پێک نەهێناوە، تا لە کاڵبوونەوەیان بدوێین. بۆ خولقاندنی تیکەڵاوبوونێکی ڕەگئاژۆیی دەق و چێژ، پێویستە پەیتا پەیتا دەقی بە پێز و جوان بێتە بەردەم نووسەران و شاعیرەکانمان، هاوکاتیش وەک پرۆسەیەکی جیددی و نەبڕاوە بڕواننە کاری بەرهەمهێنانی خۆیان، پێویستایەتییەکان و زەوقی سەردەم بناسن، بۆ خۆیان زەوقی سەردەمیانەیان هەبێ، بەرهەمی تازە و سەردەمیانە و داهێنەرانەیان هەبێ، ڕەخنەگرەکان لەسەر بەرهەمەکان بێنە قسە و بێ پسانەوە بیانخوێننەوە، لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، زەروورەتی داهێنان ببێتە پێویستی هەناوی کۆمەڵگە، چێژی ئەدەبی خەڵک پەروەردە بکرێ، ئەمانەش بە یارمەتیی بنکە فەرهەنگی و ئەدەبی و نووسەر و ڕەخنەگرەکانەوە دێنە ئەنجام. دەبێ هەموومان لێوان لێو بین لە چێژ دەربڕین.

(جۆرج دویت) دەڵێ: "نە شتێک بۆ دەربڕین هەیە، نە هێز و خولیای دەربڕین، ئەوەی هەیە پێویستایەتی دەربڕینە".

* کەنگێ زمان و گوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئێستێتیک و بابەتییانە دەبنەوە؟

– جاران زمانیان وەک کەرەستەیەک دەزانی کە ئەوپەڕی ئەرکەکەی دەربڕینی مانا و گەیاندنی مەبەستێک بوو. ئەم چەشنە ڕوانینە لواوی و تواناکانی زمانی دەکوشت و دەسەڵاتی کوشندەی مانای بەسەر زماندا دەسەپاند. لێرەدا زمان دەبووە قوربانی مانا، ئەگەرچی لە بواری هونەردا لایەنی ڕەسەن و ئێستێتیکی زمان دەرفەتی دەرکەوتنی پەیدا کردووە.

بڕواننە شیعرەکانی (نالی) و (مەحوی) و (بێسارانی) و (مەولەوی)، دەبینن شیعرەکانیان لە ژێر جوانی زماندا هەڵکەوتوون. مەبەستمە بڵێم کە بەستێنی ئەدەب و هونەر، یان با بڵێین بەستێنی جوانیناسییە کە ئەو لایەنە شاردراوەیەی زمان دەردەخات. ڕەنگە لە پێناو ئەم پرسیارە مەعریفییەی کە دەڵێ: ئاخۆ ئەو نهێنییە چییە کە دەبێ بە هۆکاری جیاوازیی شیعر و قسەی ئاسایی؟ دەبێ بڵێین کە ڕۆژگارێک مۆسیقا و خەیاڵ ئەو جیاوازییەیان دیاری دەکرد، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئێپستمەی شیعر گۆڕاوە. شیعر ئەو بەستێنە چێژاوییەیە کە مەودای هەڵقوڵینی زمانە بە لایەنە شاردراوەکانییەوە.

ئیتر زمان کەرەسەیەکی پێوەندی ڕووت نییە، بەڵکو بۆ خۆی سووژەیەکە. زمان لێرەدا ئۆبژە یان ئامرازێک نییە بۆ پێناسەی شتەکان، بەڵکو بۆ خۆی وەک سووژەیەکە شتەکان و بگرە مرۆڤیش دەبنە ئۆبژەی ئەو. ڕەنگە ئەگەر زمان نەبووایە، ئەوە هیچ شتێکی دیکەیش بوونی نەبووایە. من ناچمە سەر بوارە فەلسەفییەکانی زمانەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە هونەر و ئەدەب ئەو بەستێنەن کە زمان وەک خۆی دەردەکەوێ و کارکردی ڕاستەقینەی خۆی دەنوێنێ.

زمان لە بواری هونەردا دەبێت بە بابەت و بۆ خۆیشی ئەو بابەتە دەخوێنێتەوە، واتە زمان لە ڕەسەنایەتی و خەسڵەتی واقیعی خۆی نزیک دەبێتەوە. هەموو شتێ وەک (مارتن هایدگەر) و (فریدریک نیتشە) بۆی دەچن، واقیعییەتی خۆی لە زمانەوە وەردەگرێ و سەرچاوەی حەقیقەتی شتەکان دەچێتەوە سەر زمان. (مارسێل پرۆست) دەڵێ: ئەدەبیات شادمانی دۆزینەوەی واقیعیەتە.

* (دۆریس لێسینگ) ڕوانینی وەهایە: "هەندێک

کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوە لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەستم هێناون". ئەم ڕستەیەی لێسینگ لە کوێدا لەگەڵ (داهێنەر) و (داهێنان)ی ئەدەبیدا ناکۆک یان تەبا دەکەویتەوە؟

– (دۆریس لێسینگ) وەک وەرگری خەڵاتی نۆبلی ۲۰۰۷، پێی وایە کە ڕەسەنایەتی و داهێنانی خۆی لە ڕەخنەوە بە دەست هیناوە و (گابریل گاریسیا ماکیز)یش هەر وەک کەسێک کە پێشتر ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە، دەڵێ؛ ڕەخنەگران پێیان وایە لە خودی من شارەزاترن لە بەرهەمەکانم، ئەمەش ئێگجار وەڕزم دەکا، یان (ئەنتۆن چیخەف) ڕەخنەگر بە خەڕەنگیزەیەک دەزانێ کە بەرپەرچی گاشیفەکان (ئەو گایانەی کە زەوی پێ دەکێڵن) دەدا و ناهێڵێ شیفە (کێڵانی زەوی)یەکەیان ببڕن. من هیچ ناکۆکییەک لە بۆچوونەکەی (لێسینگ)دا نابینم.

ڕەخنەگر کە دەق دەخوێنێتەوە، ڕەهەندە نادیارەکانی ڕوون دەکاتەوە، پەرە و گەشەی دەق و ڕەمزەکانی داهێنانی دەق دەردەخات. داهێنان کات و ساتێکی پیرۆز و دوور لە وشیارییە، وەحییەکی ئینسانییە، بەڵام ڕەخنە کات و ساتی خودئاگایی داهێنەرە. ڕەخنە (خوێندنەوە) لایەنێکە کە لە نەبوونیدا بەرهەمەکە ناتەواوە. کە ڕەخنە هاتە قسە، نووسەر ئاکامی کارەکەی خۆی بە تەواوی دەبینێ.

ڕەخنە ئەو ئەزموونە گرنگەیە کە دوانە لە یەک دژەکان، واتە وشیاری و ناوشیاری، لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. ڕەخنە بەرهەمێکە کە بەرهەمێکی داهێنەرانە بەرهەمی دێنێ. ڕەسانایەتی فیکری و ئێستێتیکی داهێنان بە بێ ڕەخنە نادیارە. ڕەخنە پێکهاتەی ئیپستمە و ئێستێتیکە و داهێنان لە باوەشی خۆیدا پەروەردە دەکا. با لێرەدا ئەوە دەست نیشان بکەین کە ڕەخنە لە پاش داهێنانەوەیە، نەک پێش داهێنان. هیچ ڕەخنەیەک ناتوانێ ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی پێکهاتنی داهێنان. ڕەخنە داهێنانەکان دەخوێنێتەوە و شییان دەکاتەوە.

ئەگەر ڕەخنە بکەوێتە پێش داهێنانەوە، دەبێتە هۆی کاڵی و کرچی داهێنان. واتە ئەگەر ڕەخنەیەک ئیدیعای ئەوە بکا کە هاتووە ڕەوشت و شێوازەکانی داهێنان دیاری بکا، دیارە دەبێتە هۆی قەتیس بوونی داهێنان. ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ داهێناندا دەبەوێ داهێنان چوارچێوەدار و قەوارەمەند بکا، لە حاڵێکدا کە یاسا و ڕێسا دانان بۆ داهێنان لەگەڵ بوونی داهێنان، تەبایە. داهێنان لە گۆڕەپانێکی ڕەها و بێ پەرژیندا پێکدێ. لە زیندانی فۆرمەڵەکاندا پەروەردە نابێ، بەو شێوەیەی کە زیندانی یاساکان ئازادی پێکناهێنێ.

* ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەسەی خاو بێ، بۆ بنیادنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێ؟

– دەکرێ ئێمە لە شیکاری نووسراوەیەکی هونەری و ئەدەبیدا لە هۆکار و کەرەستەکانی ئەو تەلارە بدوێین، بەڵام نووسەر بەردەوام و بێ بڕانەوە نووسەر نییە. کات و ساتەکانی نووسین، کات و ساتانێکی تایبەتین و نووسەر لەو کاتانەدا نووسەرە و دیاردەیەک وەک نووسینی لێ دەکەوێتەوە. ئەمن کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆ نووسەر و خەیاڵ و کەرەسەکانی دی پێناسە ناکەم. لە پێکهاتنی ئەو تەلارەی باسی دەکەی، خودئاگایی و ناخودئاگایی، کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبی و زەین و بیر و خەیاڵی نووسەر بە شێوەیەکی تێکهەڵچوو لە تۆڕێکی هەستمەندا، ڕوحێک لە وشە دەکەوێتە بەریان و شوناسێکی وشەییان دەدرێتێ.

لەم پرۆسە زمانی– هونەرییەدا ئیتر هیچ کامێک لەم کەرەستانە زەق نابنەوە و هەر کامێک لەمانە، واتە خودی نووسەر یان خەیاڵ یان کەرەستەکانی دی بەرجەستە بکرێنەوە، ڕەسەنایەتی و سامانی دەقەکە دەشێوێ، بۆیە من نامەوێ شوێنێکی تایبەتی لەم تەلارەدا بۆ خەیاڵی نووسەر دابنێم. خەیاڵ و هەموو کەرەستەکان دەبێ وەک یەکتری لەو تەلارەدا بدرەوشێنەوە و هیچیان بەسەر ئەوەی دیکەدا نەشکێتەوە.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– جیهان بە شێوەیەکی ترسناک واقیعییە. ڕەنگە گەورەترین ئازاری مرۆڤ لە واقیعی بوونی جیهانەوە سەرچاوە بگرێ. لە بەرانبەر ئەم واقیعەدا پێویستە هەر چەندە پێمان دەکرێ پێناسە و شوناسی ڕاستەقینەی بدۆزینەوە، خەسڵەتەکانی بناسین و خۆمانی لێ نەدزینەوە. ڕەنگە لەم بوارەدا فەلسەفە گەورەترین خزمەتی بە مەعریفەی مرۆڤ کردبێ، هەروەها هونەر و ئەدەبیات بە باشترین شێوە لەم خەسڵەتەی جیهان تێیان گەیاندووین.

بەشێکی هەرە زۆری ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکان، ئاکامی هەڵاتنی مرۆڤن لە واقیع. (سیلورلوترنژە) دەڵێ: (کۆشکی زۆربەی چەمکەکان لەسەر گۆڕە خاڵییەکاندا چێ کراون). وا دیارە تاڵی واقیع بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ دەستەوداوێنی فەنتازیا بێ. با لە جیهانی

فەنتازیادا دابەزین و لە جیهان وەک خۆی تێ بگەین. فەنتازیا هیچ واقیعێک ناگۆڕێ، بەڵکو مرۆڤی لێ دەخافڵێنێ.

ڕەنگە فەنتازیا بە چێژێکی خەیاڵییەوە دەمێک سەرخۆشت بکات، بەڵام تاڵی واقیع، بوونی واقیعمان لێ ناگۆڕێ، بۆیە پێویستە مەعریفەیەکی واقیعی لە جیهان پێکبهێنین و بە شێوە و کەرەستە لواوەکانییەوە هەوڵی خولیاکانمان بدەین. وەک خۆی بیگێڕینەوە تا بیناسین. چەندە لەم واقیعە دوور بکەوینەوە، هێندە بێگانەی خەسڵەتەکانی جیهان دەبین. من نازانم بۆ زەینییەت و بیرێکی قووڵی فەلسەفی وەک زەینییەتی (بەختیار عەلی) جیهانی ڕۆمانەکانی هێندە فەنتازی و دەرهەستین، ڕەنگە بەرێزیان شێوازی تایبەتی خۆیان هەبێ بۆ گێڕانەوەی واقیع، ڕەنگە پێی وابێ کە ڕەوایەتییەک لە چەشنی ڕەوایەتی دەیستۆیڤسکی دەرەقەتی بابەتەکانی نەیەت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم فەتنازیا قووڵانە لە کەشوهەوایەکی خەست و مەنددا لە بوونی خۆمان دوورمان دەخەنەوە. لە کێشەکانمان، لە ژان و خولیاکانمان، لە واقیعی خۆمان تێمان ناگەیەنن.

لە پێوەندی نێوان واقیع و مرۆڤدا، گێڕانەوە سیحرێکە بۆ تێگەیشتن و دەستەبەر کردنی جیهان و خەسڵەتەکانی. تێگەیشتن لە مرۆڤ بە مانا واقیعییەکەی. دۆزینەوەی خۆمان لە ئاوێنەی گێڕانەوەدا؛ ئێستە ڕۆمان بەم سیحرە هاتووەتە پاوانی مەعریفەی مرۆڤەوە. من بەش بە حاڵی خۆم پتر چێژ لە فەلسەفەی بەختیار وەردەگرم، تا ڕۆمانەکانی. هەربەم گەمژییەش دەمێنمەوە تا فەلسەفەی بەختیار لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

* دەق دەتوانێ بەرانبەر بە نامۆیی و بێزاری ببێ بە ئەڵتەرناتیڤ، تا دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببا؟

– دەق واتە جیهانی هونەر، هونەریش ئەو بەستێنەیە کە خولیا و ئاوات و ڕەنج و ژان و بێزارییەکانی مرۆڤ قەوارەیەکی جوانیناسانە و مەعریفی بە خۆوە دەگرێ. بەشێک لە ئازارەکانی مرۆڤ لە تارمایی ئازارەوە دەردەکەوێ. ئازارە بێ شوناسەکان، ڕەنجە ڕەمۆکەکان و خەمە نامۆکان، کە بە لێڵی بمێننەوە، پتر دەبنە هۆی ئازار و ڕەنجەڕۆیی مرۆڤ، کە بوون بە فیکر، کە بوون بە مەعریفە، کە بوون بە دەردێکی شوناسمەند، چارەسەر و تاووتوو کردنەوەیان گەلێک ئاسانترە.

دەق، خولیا و نامۆیی و ڕەنجەکانمان قەوارەمەند دەکات، ئەزموونێکی خۆیی لە هەست و کاتە نامۆکانمان بۆ پێکدەهێنی. دەق نابێ بە ئەڵتەرناتیڤ بەرانبەر بە نامۆیی و بێزاری، دەق بۆ خۆی کۆییەکی مەعریفی و قەوارەمەندە لە شوناسی بێزاری و نامۆییەکان، تێ گەیشتنێکە لە بێزارییەکان.

لە سەروەختی تەنگانەدا کە دەق ئازارەکانت بۆ دەگێڕێتەوە، تۆ لەگەڵیدا دەدوێی و سووک دەبییەوە. کەواتە خەسڵەتی مرۆڤە کە لە تارمایی شتەکان پتر سڵ دەکاتەوە، تا خودی شتەکان. جیهانی دەق دیوی ئاشنای ئەو جیهانە نامۆیەیە کە تێیدا دەژین.

من لە گۆڤاری (ڕامان)، لە وتارێکدا سەبارەت بە (گۆڕستانی چراکان)ی (شێرکۆ بێکەس)، ئاماژەم بەوە کردووە کە "مێژووی ئازار، ئەزموونێکی بە باڵای ژیانی مرۆڤی لە پشتە، کە بە گێڕانەوەی دەچێتە بەستێنی ئەزموونەوە، ئەزموونێک کە تێکەڵی هەست و عاتیفە و ئازارە".

* دیکارت ڕوانینێکی وەهای هەیە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام (بیرکردنەوە) دەتوانێ (بوون)ێکی پڕ جووڵە و داهێنەرانەی بەردەوام بەرهەم بهێنێ، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پەیوەستە بە (ئاگایی) و (ئەوانی دیکە)وە؟

– دیکارت لەم وتەیەدا کە دەڵێ: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بیرکردنەوە و تێ فکرین دەخاتە پێش بوونەوە. واتە بوونی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە بیرمەندیی ئەو. فەیلەسووفانی پێش دیکارت لە بوونەوە دەستیان پێ دەکرد، بەڵام دیکارت لە بیرەوە دەستی پێ کرد. پێوەری بوون لای دیکارت بیرمەندی و بیرکردنەوە بوو. لە ڕوانگەی دیکارتەوە مرۆڤ پێوەری بوون و جیهانە و پێوەری بوونی ئەویش بیرکردنەوەیە. لە بواری هونەرییەوە چەمکێکی نوێ هاتە گۆڕێ.

چەمکی وەنواندنەوە (representation)، واتە لواوی تێگەیشتن لە جیهان، لە چوارچێوەی وێنەیەکدا. ئەم وێنە دیکارتییە لایەنێکی مەعریفی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر ئەم وێنەیە لەگەڵ وێنەی (ئەفلاتوون) بەراورد بکەین، وێنەکەی ئەفلاتوون لاسایی و موحاکاتە و هیچ چەشنە داهێنان و ئیبداعێکی تێدا بەدی ناکرێ. لە وێنەی ئەفلاتووندا مرۆڤ بەرانبەر جیهان بێوەری لەهەر چەشنە تێ فکرینە، بۆیە دەبێ ئەوەی هەیە بیبینێ و دووپاتی بکاتەوە.

بناغەی وێنەی دیکارت گومانە. دیکارت لە گومانەوە دەستی پێ کرد، گومان لە خۆی، لە جیهان، لە بوون، گومانێک کە دڵنیایی یان یەقینی دیکارتی لێ کەوتەوە. گومان تەنیا دڵنیاییەک بوو کە دیکارت هەیبوو.

بیرکردنەوەی دیکارت لە گومانەوە دەست پێ دەکات. بیرکردنەوەیەک دەقی داهێنەرانەی بەردەوام پێکدەهێنێ، کە گومانی لە بوون هەبێ، بە وەڵامە چەقبەستوو و ئامادەکانی ئەفلاتوونی قەناعەت نەکات. لای دیکارت ئەوە گومانە کە بیرکردنەوە پێکدەهێنێ. با بڵێین هونەر جۆرێک گومان لە بوونی جیهانە. هونەر جیهانێک پێکدەهێنێ کە تازە دەبێتەوە. نواندنەوەی دیکارت قاپێکە لێوانلێو لە گومان، کە بیرۆکە گوماناوییەکەی هونەرمەند لەم قاپەدا بە شێوەی تەمسیل و خوازە و هێما خۆی دەنوێنێ.

کاتی گومان کردن، کاتی ئاگایی مرۆڤە لە خۆی و لە جیهان و لە هەموو دیاردەکانی دەوروبەری. ئەگەر هاتو بە گومانی دیکارتییەوە رووبەرووی جیهان ببیتەوە، ئیتر جیهانێکی تاکڕەهەند و پاوانمەند و ناسراوت نابێ، بەڵکو لەگەڵ جیهانێک رووبەروو دەبیتەوە کە هەر جارێک لایەنێکی خۆی دەردەخا. واتە گێڕانەوە و خوێندنەوەیەکی داهێنانانە لە جیهان و دیاردەکانی پێکدەهێنێ.

* زۆر لە چیرۆکنووسان روانینیان وەهایە کە ژانری چیرۆک پلیکانەی یەکەمە، مەرجە بیبڕی، دوای ئەوە نۆڤلێت دێ، دواجاریش رۆمان، ئەو هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟

– من لەگەڵ ئەم چەشنە پلە دابەستنەدا نیم. وەبیری بێنینەوە کە سەرەتا رۆماننووسەکان ئەزموونی چیرۆکیان (بەو مانایەی ئێوە مەبەستتانە) نەبووە. لەم پلە دابەستنەدا مەبەست ئەوەیە کە نووسەر هێدی هێدی خۆی بە نووسین رابێنێت، ئینجا داوێنی کارەکەی بلاوتر بکاتەوە، واتە کورتە چیرۆکنووس دوایی دەبێت بە رۆماننووس، لە حاڵێکدا کە کورتەچیرۆک و رۆمان تەکنیک و چەشنی نووسینی جیاوازیان هەیە. مەرج نییە ئەوەی رۆمانی باش دەنووسێ کورتەچیرۆکی باشیش بنووسێ، یان کورتەچیرۆکنووسی باش، خوڵقێنەری رۆمانی باشیش بێ.

بۆ نووسینی هەر کامێک لەمانە پێویستە ئەزموونی باشت هەبێ، هاوکات دەرەقەتی زمان و تەکنیکەکەیان بێیت. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بێتو جیاوازی ئەم سێ چەشنە رەوایەتە لە (بارست)یاندا ببینینەوە، واتە پێمان وابێ کە بە زیاد کردنی لاپەڕەکانی کورتەچیرۆک نۆڤلێت دروست دەبێت و بە درێژبوونەوەی نۆڤلێتیش رۆمان دەخولقێ. دیارە ئەم سێ چەشنە رەوایییە هەر یەکێکیان شێوەی رەوایی و بابەت و زمان و چەشنی گەڕانەوەی تایبەتیی خۆیان هەیە. تۆ ناتوانی لە چەشنە رەوایی یان بابەت یان شێوە، زمانی رۆمان لە کورتەچیرۆکیشدا کەڵک وەربگری. هەر نووسەرێک دەبێ بۆ نووسینی هەر کامێک لەم چەشنە رەوایییانە راهاتبێ، دواجاریش لە کاتی نووسینیاندا تێکەڵیان نەکا و سنووری تەکنیکییەکانیان بپارێزێ.

* ئەگەر بە وردی لە چیرۆکنووسی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی (داهێنان) و (نوێخوازی)ن و خۆیان بە کۆکەرەوەی راستی هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەها نین، ئەو گوتارانەی لە ئێستەی چیرۆکنووسانی هاونەوەی خۆتدا دەیانبینی، تا چەند لە راستییەوە نزیکن؟

– هەر سەردەمێک گوتاری تایبەتی خۆی هەیە. گوتاری نوێخوازی چیرۆکنووسانی حەفتاکان بەشێک لە واقیعییەتی کۆمەڵگەی کوردی بووە. ئێستە ئەم گوتارە چەندە توانیویەتی دابەزێتە نێو دەقی چیرۆکەکان، باسێکی ترە و من ناچمە سەری، بەڵام دڵەڕاوکێی چیرۆکنووسی ئێستەی ئێمەش داهێنان و نوێبوونەوەیە. ئەوەی ئێوە حوکم دەدەن کە چیرۆکنووسانی ئەودەم خۆیان بە کۆکەرەوەی راستی زانیوە، لای من بڕیارێکی تەواو مێژوویی و راست یان حوکمێکی تاقیکراوە نییە. چیرۆکی ئەو سەردەمە گەلێک تایبەتمەندی مێژوویی و هونەری هەیە و ئاوا بێ سێ و دوو، حوکمدان لەسەری بە دروست نازانم.

(گادامێر) دەڵێ: "هەر دەقێک بە ئاسۆی فیکریی بەردەنگەکانییەوە بەستراوەتەوە و ئەم ئاسۆیەش ئاسۆیەکی مێژووییە". بە پێی ئەم گوتەیەی (گادامێر) بێ، بە سێ توخمی گرنگی (دەق) و (ئاسۆی فیکری بەردەنگ) و (مێژوو)، دەبێ دەقەکان بخوێنینەوە. گوتار پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە کە (بە داخەوە) لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە هۆی جۆراو جۆرەوە، گوتار بە مانا حەقیقییەکەی ناگونجێ، چونکە بەردەنگی چیرۆکەکانمان بێ دەنگن، یان با بڵێین داخراوەیی کۆمەڵگە، ئەو ئاسۆ پێویستەمان لێ دەرناخا.

گوتاری چیرۆکنووسانی هاونەوەی من، گێڕانەوەی برینە مێژووییەکان، گێڕانەوەی کۆمەڵگە و ئازادیخوازییە، با بڵێین گوتاری زاڵ، گوتاری رەخنە و گومانە. رەخنە و گومان لە جیهان و لە سیاسەت، لە مێژوو، لە کۆمەڵگە، لە ئایین، بەڵام هەوڵێکی ئاگاییانەش لە ئارادایە کە ئەم گوتارە لە ئاسۆیەکی مەعریفی و هونەریدا پێک بێ.

* روحی مرۆڤ (بە تایبەت نووسەری چیرۆک و رۆمان) تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لە نێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووک بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ هاوکات ئایا

مـرۆڤ جگە لە خـۆی نیـشـتـەجـێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێ دەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی (خود)ەوە؟

– چیرۆکنووس پاش نـووسینی چیرۆکـەکـەی، دەق بە جێ دەهێڵێ. لای من بۆ خـوێندنەوەی نووسـراوەکـانی (شێرزاد حەسـەن)، یان (عـەتا نەهایی)، ئیـتـر بیـر لە ئەوان و دڵەڕاوکێکانیـان و کەسایەتی ئەوان ناکەینەوە. ئەوان وەک بگێـڕێک جـیـهـان دەگـێـڕنەوە، مـرۆڤ دەگێڕنەوە، کۆمەڵگە دەگێڕنەوە، ژان و خۆشییـەکانی مـرۆڤ دەگـێـڕنەوە؛ جـیـهـانێکی تازە دەخـولقـێنن کـە جیـهـانێکی ڕەوایییە و تایبـەتمەندییـەکـانی خـۆی هەیە، جیهانێک کە دەبێ بیخوێنیتەوە، لەو جیهانەدا دەتوانی وەک مرۆڤێک خۆت بخوێنیتەوە و ئەوەت لە بیر بێ کە نووسەریش هەر وەک تۆ مرۆڤێکە لە نێو ئەو جیهانەدا.

تۆ دەڵێی: "مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتـەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کـپکراو و بێ دەنگی ترە"، من دەڵێم: دەق نیشـتـەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی پێکراو و بێ دەنگی ترە، چونکە مـــرۆڤ تا نەنووســـرێتـــەوە، تا نەگێردرێتەوە، تا چەشنێکی هونەری بە خۆیەوە نەگرێ، بە خاوەن ئەو کاردانەوە نابێ کە باسی دەکەی. دەق بە ژمـارەی خـوێنەرەکـانی دەنگی هەیە، ئامـادەگی ئەوەی هەیە لەگـەڵ هەر مـرۆڤـێکدا گـوتار سـاز بکا. دەق ستراتیـژی خۆی ڕادەگەیەنێ، ئیتر نۆرەی بەردەنگە کە دەبێت ئامادەگی سازدانی گوتاری هەبێ.

* ئایا مـرۆڤ ئەو کـتـێـبـە نییـە کـە کـۆی مـێـژووی پێـشـووی مـرۆڤـایەتی لەسـەر نووسراوە؟ ئایا هەر ئەو جەستـەیەی ئێـمـە کـە لە نێـو دیوارەکانیدا بەندین، بۆ خۆی ئەو جەمسەری لێکچوونە نییە کە ئێمە بە هەمـوو ئەوانی ترەوە گرێ دەدا؟

– نا، بە ڕای مـن ئێـمـە کـۆی مـێـژووی پێـشـوو نین، ئێمە دەوامی مێژووین. ئەگەر ئێمە کۆی مێژووی پێشوو بین، ئەوە مـێـژوو ڕاوەسـتـاوە. ئێـمـە خـەریکی گـوتارین لەگەڵ مێژوودا. دیکتاتۆرەکان لەسەر دووبارەبوونەوە و لێکچوون داکۆکی دەکەن و بەردەوام ئێـسـتـە بە ڕابردوو دەخـــوێننەوە و هەر ڕووداوێک و هەر کـــەســـێک بە دووپاتەی هاوتایەکی خـۆیان دەزانن و هەوڵ دەدەن بۆ هەر دیاردەیەک وێنەیەکی مـێـژوویی دابتـاشن. ڕاسـتـە ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا (بە داخەوە) لە غیـابی گوتاردا دەژین، بەڵام لە بەستێنی هونەردا هەمیشە گوتارێک لە ئارادایە لەگەڵ ڕابردوو.

(لاس) لە (گـوڵی شـۆڕان)ی (عـەتا نەهایی)دا هەر لاسەکەی (لاس و خەزاڵ) نییە، چونکە لە سەردەمێکی دیکەدایە. (لاس)ی عـەتا لەگەڵ قـەیرانگەلێکی نوێی وەک قەیرانی شوناس و نەتەوە و مێژوو ڕووبەڕووە، بەڵام قەیرانی (لاس)ی بەیتەکان خۆشەویستییە. بەم حاڵەش دەکرێ گوتارێک لە نێوانیـاندا پێک بێ. ئێمە لە مێژوو دانابڕێین، بەڵام دیارە دووپاتەکـراوەی مـێـژوویش نین. مـرۆڤی هەر سـەردەمـێـک دەبێ بە فـاکـتـەرەکـانی ئەو سەردەمە بخوێنرێتەوە. مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا لەسەر ڕا دەنووسرێتەوە.

* کـە چیـرۆک یان ڕۆمـان دەدوێ، چی دەدوێ؟ ئایا خودێکی ناوازە و تایبەت دەدوێ، یان ڕوحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکا، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێک دەکا لە نێو خودی چیرۆکنووسدا نیشتەجێیە و چیرۆکنووسی کردووەتە ناخود؟

– چیـرۆک، یان ڕۆمان وەک دەقـێک دەدوێت، کـەوایە وەک جیهانێکی سەربەخۆ دەدوێ، کە تۆ لە خوێندنەوەیدا ویستی خۆتە کە خۆت، دیتران، یان نووسەر بخوێنێتەوە. دەق ستراتیـژیەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و جیهـانێکی داهێنراوە کـە دەقـاو دەق لەگـەڵ جیـهـانی واقیـع یەکـتری ناگـرنەوە. ڕۆمـان و چیـرۆک وەک دوو دەق، جـیـهـانی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەسـتـەمۆ نابن، بۆیە ناکرێ بە خــودێکی نـاوازە وەک نووســەر، یان هەر کــەســێکی دیکەوە، دەست نیشانیان بکەین.

دەق، وەک بەرهەمـێکی هونەری لە کـاتێکی تایبەت و لە جەمسەری خودئاگا و ناخودئاگای نـووسەر و کۆمـەڵگە و مـێـژوو و فـەلسـەفـە، لە پێکهـاتەیەکی ڕەوایی و جوانیناسانەدا خولقاوە. جیهانی دەق بە هیچ شتێک دەلالەت ناکـات، بێـجگە لە دەلالەت کـردن لە خـۆی. جیـهـانی دەق جیـهـانێکی زمـانییـە و نابێت زمـان لە دەلالەتدا کـورت بکەینەوە. کـە زمان لە دەلالەتدا کورت ببێـتـەوە، کـارکـردی ڕەسـەنی خـۆی کـە ناکـارکـردی و نا بەیانگەرییە، لە دەست دەدا، کە وابوو جیـهـانی دەق تا سنووری جیهانێکی دەستەمۆ و بێ ڕاڤە دادەبەزێ.

* ڕۆمانی ئێستای کوردی، بە دەر لە گوتنی حەرام و حەڵاڵەکان، دەیەوێ چیمان پێ بڵێ؟

– من لەگـەڵ چەشنی پرسیـارەکـەتان تەواو ناتەبام. دیارە پێناسەی من و تۆ لە هونەر و ڕۆمان زۆر جیاوازن. گـوتنی حـەڵاڵ و حـەرامـەکـان ئەرکی ڕۆمـانی کـوردی یان هیچ ڕۆمـانێکی تر نییـە. ڕۆمـان پێگەی هونەری خۆی هەیە. ڕۆمان دیاردەکـان و چەمکەکان دەگێڕێتەوە. ئێوە گـوتنی حـەرام و حـەڵاڵەکـان وەک ئەرکـێک دەخـەنە سەرشانی ڕۆمانی کوردی و بەو گریمانەوە پرسیارەکەتان دەردەبڕن.

بە ڕای ئێـوە گـوتنی حەڵاڵ و حـەرامـەکـان ئەرکـێکی سروشـتـیی ڕۆمـانە، ئینجا دەتانەوێ بزانن کە بێـجگە

لەمانە ڕۆمان چی تری هەیە پێمان بڵێ. ڕۆمان قازی شەرع نییە، ئایین نییە. کاری ڕۆمان گێڕانەوەیە و ئیتر هیچ. ڕۆمانی کوردی پێش هەموو شتێک دەیەوێ بڵێت منیش ڕەوایەتییەکم لە جیهانی مرۆڤایەتی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئێستە لەم بوارەدا چەندە سەرکەوتووە، لە شوێنی خۆیدا شیاوی باسە.

* دوو نووسەر ئێستە نووسینەکانیان زۆر بە هەرمێن، ئەوانیش: (عەتا نەهایی) و (بەختیار عەلی)ن، کە دەیان لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆمانەکانیانەوە نووسراون. پرسیاری ئێمە ئەمەیە: لە گەلێک نووسیندا بەم نووسەرانە گوتراوە؛ داهێنەر... بۆچی بەشێک لە نووسەرانی ئێمە هێندە بە پەلە پاشگری (داهێنەر)، یان (دز) دەخەنە پاڵ نووسەرانەوە، یان هەر تەرزە دەستەواژەیەکی دی؟ لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دوو ڕۆماننووسە داهێنەرن یان نا؟ ئەدی چۆن (داهێنان) ڕاڤە دەکەن؟

– پێشەکی با ئەوە ڕوون بکەمەوە کە پاشگری داهێنەر بۆ (عەتا نەهایی) یان (بەختیار عەلی) پاشگرێکی بە پەلە نییە، ئەو خەسارەی کە باسیشی دەکەی، ئەوان ناگرێتەوە، بەڵام دیارە گەلێک نووسەر، یان بە ناو ڕەخنەگر لە پانتایی ئەدەبی ئێمەدا هەن کە شرۆڤە و نووسین و بڕیارەکانیان سەبارەت بە دەقە ئەدەبییەکان ئاستێکی زانستی و ئەدەبی و ڕەخنەییان نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی سەرمەستی نەتەوایەتی، یان دۆسایەتی و خۆشەویستی و ناخۆشەویستییان هەیە.

ئەم نووسەرە بەڕێزانە لە بیری دەکەن کە ئێمە لە ڕەخنەدا لەگەڵ دەق ڕووبەڕووین، نەک لەگەڵ کەسەکاندا، لە لایەکی تریشەوە بڕیاری هەست ئامێزدان لەسەر دەقێکدا، ئەو دەقە قەتیس دەکات و لە عەقڵانیەتی ڕەخنەیی کە ئەدەب دەبووژێنێتەوە، دووورمان دەخاتەوە. بۆ تاووتووکردنی دەقە ئەدەبییەکان پێویستە بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە نووسەر کێیە و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، بدوێین.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان، لە ڕوانگەی منەوە ئەم دوو نوسەرانە داهێنەرن، هاوکاتیش بە دڵنیاییەوە گەلێک داهێنەری تریشمان لە بواری ڕۆمان و کورتەچیرۆکدا هەیە. لای من داهێنەر کەسێکە دارشتنێکی تازەی لە بواری زماندا هەبێ و بتوانێ جیهانێکی تازەی ڕەوایی بخوڵقێنێ. ڕەنگە شێوازی نووسین یان ڕەوایەتی (عەتا نەهایی) یان (بەختیار عەلی) لە ئەدەبی غەیرە کورد تاقی کرابێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم نووسەرانە چەندە لە لواوی و زرووفەکانی زمانی کوردی، لە بەستێنێکی ڕەواییدا کەڵک وەردەگرن و چەندە پتانسیەیلەکانی ڕەوایی ئەم زمانە دەردەخەن.

داهێنان بریتییە لە دەربڕین و گێڕانەوەی مێژوو و مرۆڤ و هەست و ئازار و خۆشییەکانی بە زمانێکی ڕەوایی و تێ گەیاندنی مرۆڤ لە هەستە شاراوەکانی، بە زمان و شێوازێکی تازە و جوانیناسانەوە. کاک (بەختیار) و کاک (عەتا) لە ئاسەواری خۆیاندا هەر یەک بەش بە حاڵی خۆیان داهێنانیان بووە، هەڵبەت لە کارە جۆراوجۆرەکانیاندا جیاوازن. ئەوان لە دەقەکانیاندا گەلێک تایبەتمەندییان هەیە و بە گەلێک لە هەستەکانم و بەشێک لە پرسیارەکانم وەڵامیان داوەتەوە و بەشێک لە هەست و سۆزە لێڵەکانمیان شی کردووەتەوە و چێژی ئەدەبییان پێ بەخشیوم.

* ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، دەبینین ئێستای (یۆنان) لە بەرانبەر سەردەمی (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆتالیس) و ئەوانی دیدا، فەلسەفە نەک ڕووی لە کزی کردووە، بەڵکو لەم ڕووەوە (بە دەگمەن نەبێ) باس لە ئێستای یۆنان ناکرێ، بەو مانایەی بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ (ڕووسیا)یش بە هەمان شێوە لە بەردەمماندا قوت دەبێتەوە، بۆ نموونە؛ ئێستایش جگە لە (تۆڵستۆی) و (فیۆدۆر دەیستۆیڤسکی)، باس لە ئەدەبیان ناکرێ بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی لە سەر ڕەوتی ئەدەب هەبێ، لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمانەوە پێت وایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن تا بەردەوام وەکو سەرچاوە بگەڕێینەوە کنیان؟ ئێستە (دەق)ێکی وەهامان هەیە وەربگێڕدرێن و لە ئاستی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا لە کێبەرکێدا بن (لە ڕووی فرەڕەهەندییەوە)؟

– هۆی ئەو بارودۆخەی یۆنان و ڕووسیا کە باست کرد، گەلێک جیاوازە و نابێت لەگەڵ ئێستای ئێمەی کورددا بەراورد بکرێ. دیارە بۆ بەردەوامیدان لە بواری ئەدەب و هونەردا ڕەهەندگەلێکی وەک بارودۆخی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئەدەبی، هەروەها بارودۆخی جیهانی و بەرهەمهاتنی دەقە جیهانییەکان لە کۆمەڵگەی ئەدەبی کوردی و زەوق و چێژی مەزاجی کوردەواری و ڕێککەوتنی لەگەڵ مەزاجی سەردەم، شوێنی گرنگیان هەیە. شیکاری و بەراوردی ڕاستەقینەی ئەو هۆیانە کە یۆنانیان لە ئاستی کانگایەکی مێژووی فەلسەفە بەجێ هێشت و (تۆڵستۆی) و (دەیستۆیڤسکی)یان کرد بە دوایین بەرەی ئەدەبی ڕووسیا، ڕەنگە گەلێک لە خەسار و مەترسییەکانی

بەرەڕوومان لێ ڕوون کاتەوە، بەڵام نابێ لە بیری کەین کە مێژووی ئەدەبی ئێمە، بە تایبەت لە بواری ڕۆماندا لاوە و هێشتا دەرفەتی ڕاستەقینەی ئەوەمان بۆ نەڕەخساوە کە بە زمانی ڕەوایی و ئەدەبی، خۆمان بە جیهان بناسێنین.

ئەو کارانەی (بەهمەنی قوبادی) بە فیلمەکانی دەیانکات، هێشتا ڕۆمان نەیکردووە، هەڵبەت نابێ لەم بەراوردکارییەدا هەل و دەرفەتەکانی سینەما لە بەرچاو نەگرین. بێ ئەوەی بیر لە یۆتۆپیا بکەمەوە، بە کورتی دەبێ بڵێم کە بۆ بەردەوامیدان لە پانتایی مێژووی ئەدەبی جیهان، بۆ ئەوەی کۆمەڵی کوردەواریش وەک گەلێک لە نەتەوەکانی ئەم سەردەمە کە بەرهەمی جیهانی و فرەڕەهەندی دەخوڵقێنێ، پێویستە پێشتر لە واقیع و لواوییەکانی خۆمان تێبگەین، ڕەخنەی ڕاستەقینە پەروەردە بکەین، لە چێژی سەردەم و پێویستییەکانی تێبگەین، بەرهەمە باشەکانی جیهان وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی، زەوقی جەماوەر بە بەرهەمی باش گۆش بکەین، پێش بە سیاسی و حزبی بوونی ئەدەب بگرین، پەرە بە ئازادی مرۆڤ و بیروڕای تاکەکەس بدەین، هەر بەرهەمێک کە بڵاو ببێتەوە خوێندنەوە و ڕەخنە و گوتارمان لە سەری هەبێ و بەستێنێکی وەها دابین بکرێ، تا پەیتا پەیتا بەرهەمی باش لە کۆمەڵگەکەماندا بخوڵقێ.

ئێستەیش لە ڕوانگەی من، بە دڵنیاییەوە هەم لە بواری شیعر و هەم لە بواری ڕۆمانیشدا، دەقی وەهامان هەیە کە وەربگێڕدرێن و لە ئاستی بەرهەمەکانی دیکەدا بن، هەر وەک لە بواری سینەمادا لەو ئاستە داین، بەڵام من بە ئانقەست بە گەلێک هۆوە ئەو ئاسەوارە ناوبەردە ناکەم.

* وەک دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکترگەیاندنی دوو کولتووری جوایەزی دوو میللەت، کەم تا زۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە کە کولتووری خۆی دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا کەموکوڕییەکی بەرچاو دەبینرێ لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر، کە دەتوانین وەکو سەرچاوەیش سوودیان لێ وەربگرین. بۆ نموونە لە ئەدەبی فەرەنسیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعری (پۆل ئیلوار) و (ئۆکتاڤیۆ پاز) و چەند نووسەرێکی دی، دەقگەلێکی دی نین بۆ ئەو خوێنەرانەی تەنیا زمانی کوردی دەزانن. بە حوکمی ئەوەی ئێوە لە زمانی فارسی شارەزان؛ کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن (تا ئاستێک) بە دەستپاکی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقە گرنگانە کامانەن کە پێویستە بە زووترین کات وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، تا لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگاداری ئەدەبی فارسیی بین؟

– لای ئێمە وەرگێڕگەلێکی شارەزا و بە توانا هەن، وەک (ئەحمەدی قازی) و (عەبدولخالق یەعقووبی) و (یوونس ڕەزایی) و (ئەمین گەردیگلانی) و (مەنسوور تەیفووری) و (ڕەهبەر مەحموودزادە) و (عەتا نەهایی) و (ڕەزا شەجیعی)، کە بە پێی ئەو وەرگێڕدراوانە کە لێیانم بینیوە، بۆم دەرکەوتووە لە وەرگێڕان و تەکنیکی ئەو هونەرە و لایەنە گرنگە زمانییەکەی گەلێک شارەزان، دیارە چاوەڕوانی زۆرتریشمان لێیان هەیە.

لە گەنجینەی ئەدەبی فارسیشدا گەلێک دەقی دەوڵەمەند و شیاو هەن، کە پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، کە هەم کتێبخانەی کوردی بە هۆیانەوە دەوڵەمەند بکرێ، هەم زرووفەکانی زمانی کوردی تاقی بکرێنەوە. با ئەوەیش بڵێین کە لە باری مێژوویی و فەرهەنگی و زەوقییەوە، بە تایبەت لە ئەدەبی کلاسیکی فارسیدا، کورد برابەشە و بەم ئەدەبە بێگانە نییە، واتە لە پێکهاتنیدا ئەدەبی کوردیش بەشداری کردووە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت لە بواری ڕۆماندا، بە ڕای من ئاسەواری (مەحموود دەوڵەت ئابادی) و (سادقی هیدایەت) و (غولامحوسێن ساعیدی) و (بیژەن نەجدی) و (هۆشەنگ گوڵشیری) و (جەماڵزادە) و (محەمەد محەمەد عەلی) و (بارام سادقی) و (سادقی چووبەک) و (بوزورگ عەلەوی) و (ئەحمەد مەحموود) و (عەلی محەمەد ئەفغانی) و (عەباس مەعرووفی) و (شەهرنووش پارسی پوور) و (مونیرە ڕەوانی پوور) و (ڕەزا بەراهەنی) و (مەنسوورکووشا) و (زۆیا پیرزاد) و (فەریبا وەفی) پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی. هەروەها لە بواری شانۆدا ئاسەواری (بارام بەیزایی) و (محەمەد چەرمشیر) و (قوتبەدین سادقی) و (چیستا یەسربی) و (پەری سابری) و (حەمید ئەمجەد) کەڵکی زۆریان دەبێ، بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەدەبی کوردی. هەروەها پێم خۆشە ئەم هەلە بقۆزمەوە و داکۆکی لەسەر وەرگێڕانی ئاسەواری (بابەک ئەحمەدی) و (موراد فەرهادپوور) و (ڕامین جەهانبەگلوو) و (محەمەد جەعفەر پوویەندە) و (حوسێن عەلی نەوزەری) و (محەمەد زەیمەران) بکەم، پێم وایە لە بواری هونەر و فەلسەفەدا پێویستی هەرە گرنگی کتێبخانەی کوردی و کۆمەڵگەی کوردەوارین.

* دەتوانین بڵێین کولتووری ڕۆژهەڵات کولتوورێکە دەکرێ ببێتە کەرەستەی گەلێک داهێنان، بەڵام دەبینین ڕۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێ وەرنەگرتووە، لە بەرانبەر ڕۆژئاواییەکاندا. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە

جیـهـانبـینیـیـان تەسکە و نـاتوانن لە کـولتـوور، دەقی ئەفرێنەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کولتوورێک لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چی؟

– (ئیـمـانۆیل کـانت) دەڵێ: "هونەر پیـشـاندانی شتێکی جوان نییە، بەڵکو پیشاندانی جوانی شتێکە". جـوانییـەکـان و کـەرەسـتـە ئەفـرێنەرەکـان لە کـولتـووری ئێمەدا گەلێک زۆر و بریقەدارن، بەڵام پێش هەر شتێک دەبێ باوەڕمـان بەم واقـیـعـە هەبێت. وردبوونەوە و لێکۆڵین لە کـولتـووری خـۆمـان پێـویسـتـە، تا بـەربنی و لایەنە شاراوەکانمان لێ دەرکەوێ.

گەشە و نەشەی هەر کولتوورێک لە سەردەمی خۆیدا پشت قایمە بە کولتووری پێش خۆی، بە چەشنێک کە بە بێ ئەم داڵدەیە هیچ کـولتـوورێک ڕەسـەنایەتی نابێ. مـەرج بووژانەوەی سەردەمـە لە داوێن ڕابردوو، لە باسی کـەڵک وەرنەگـرتن لە کـولتـووری ڕۆژهەڵات، لە لایەن ڕۆژهەڵاتـیـیـەکـانەوە، گـەلێک هۆکـردی گـرنگ هەن، لەوانەش شـارەزا نەبوونی نـووسـەرانـە لە کـولتـووری خـۆیان، کـە پێـویسـتـە ئەو گـەنجـینە بە نرخـە بە لێکۆڵینەوەیەکی پسـپـۆڕانەوە، کـۆ بکرێتـەوە. لە لایەکیشەوە چەشنی خوێندنەوەی ئەو کولتوورە گرنگە.

ئەگـەر بێـتـو لە ڕوانگەیەکی تازەوە لاپەرەی کولتوورەکەمان هەڵدەینەوە، گەلێک نهێنی تازەمان لێ دەردەکەون. دیارە بۆچوونی تازە و خـوێندنەوەی تازەش لایەنە تازەکانمان لێ دەردەخەن؛ شێوازێکیش بۆ چەشنی ئافـراندن و کـەڵک وەرگرتن لە کـولتـوور پێویسـتـە، بە چەشنێک ئەگـەر هاتو کـولتـوورت کـرد بە ئامـیـانی ئەفراندن، دەبێ شێواز و ستراتیژیەکیشت بۆ ئەو کارە هەبێ. جاری وا هەیە نووسەرەکانمان ئەفسانە یان بەیت، یان دابونەریتێک دەکەنە هەوێنی کارەکانیـان، بەڵام ئەو شـتـە کـولتـوورییـە بە ڕووتوقـووتی دەگـێـڕنەوە و هیچ لایەکی ئافرێنەرانە، یان هونەرییان پێوە دیار نییە.

بە کـورتی، سێ مـەرجی گـرنگ بۆ ڕەنگدانەوەی کولتوور لە ئاسەواری ئەدەبی سەردەمدا پێویستن:

١– شارەزابوون لە بارەی ئەو کولتوورە.

٢– ڕوانین و خوێندنەوەی تازە و سەردەمیانە.

٣– دۆزینەوەی شـێـوازی کـەڵک وەرگـرتن لەو کولتوورە.

لێرەدایە کە زانست و جیهانبینی و هونەر و ئەفراندن تێکەڵ دەبن و شـوێنەوارێکی خـۆمـاڵی– جـیـهـانی دەخولقێ. هەمـوو نووسـەرێکی جیـهـانی، لە (فیـۆدۆر دەیسـتـۆیڤسـکی)یەوە تا (گابریل گارسیـا مـارکـیـز) و (خۆرخێ لویس بۆرخیس)، بە کولتـووری خۆیـان گۆش کراون و بەرهەمی کولتووری خۆیانن.

کـولتـووری ئێـمـەش توانست و لـواوی پەروەردە کـردنی نووسـەری لەم چەشنەی هەیە، ئەوە کـەسـەکـانن دەبێت خۆیان لە داوێنی ئەم کولتـوورەدا پەروەردە بکەن. هەروا کە کـولتـوور مـرۆڤی مـەزن پێکدێنێ، مـرۆڤی مـەزنیش کولتوور پێکدێنێ. لە نێو بەیت و حەیران و کایە و گەمە و چیرۆک و حیکایەت و مێژووی کوردیدا، گەلێک دیمەن و دیاردەی شـاراوە هەن، کـە بەسـتـێنێکی پتـەون بۆ ئەفراندنی گەورە لە بواری ڕۆمان و شانۆدا.

* ئەگەر بە وردی سەرنج لە ڕۆمانە کوردییەکان بدەین، دەبینین بەشی زۆری کـارەکـتـەر و پاڵەوانەکـانیـان ئەفسـانەیی و سوپەرمـانین. پرسیاری ئێمە ئەمەیە: بۆچی زیندەوەران و سروشت تا ئاستێکی باش لە نێو ئەم ژانرە فرەڕەهەندەدا تەوزیف نەکراون؟

– سـوپەرمـان و ئەفسـانە مـیـراتی دێرینەی چیـرۆک و ڕەوایەتی کـوردەواری و نەتەوەکـانی تریشـن. دیارە گێڕانەوەی واقـیع بە چەشنێک کـە هەم واقیع بێ و هەم شێوازی هونەری هەبێ، دژوارترە، بۆیە زۆربەی نووسەران دەکـەونە ئەم داوەوە کە بە سوپەرمـان یان ئەفسـووناوی کردنی کەشوهەوای ڕۆمانەکـانیـان، چەشنی داسـتـانی و هونەری بە کارەکانیان بدەن.

کـەشـوهەوای خـەسـتـی ئوسـتـوورە و ئەفـسـانە، یان سوپەرمان لە ڕۆماندا، پێم وا نییە سیمای ئێمە پیشـان بدات، یان چێژ و سۆزێکی قووڵ بە خوێنەر ببەخشێت و بتوانێ جیهانی من بگێڕێتەوە. ڕۆمانی ئەفسووناوی و فـەنتـازی، ڕەنگە بە چەشنی حـیکایەت سـەرگـەرمت بکات، بەڵام ناتوانێ هەستە ڕاستەقینەکانت بگێڕێتەوە و هەست و هەڵوێسـتـت بداتێ و ڕەوایەتێک بێ لەو جیهانەی کە تێیدا دەژیت. ئەم چەشنە ڕۆمانانە لە ئاستی حـیکایەتیـشـیـدا نین، چونکە حـیکایەت بە شـێـوازی تایبـەتی خۆی گەلێک نهێنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تایبـەتمەندی هونەری زارەکی لەخۆ دەگرێت، کە ئیـتـر لە شێـوازی ڕۆمـاندا ئەم نهـێنی و تایبەتمەندییە دەفەوتێن. من بەش بە حـاڵی خـۆم چێـژ لەم چەشنە ڕۆمـانانە وەرناگرم، بۆیە ناویان دەنێم (ڕۆمانی سەر زارەکی).

لێرەدا ڕاستییەک هەیە با پشت چاوی نەخەین، ئەویش ئەمەیە کە زمانی ڕەوایی و چەشنی گێڕانەوە زۆر گرنگن. با ڕۆمـانێکی ئەفسـانەیی و بگرە ئوسـتـوورەییـشـمـان هەبێت، با دار و دەوەن لەم ڕۆمـانەدا دەور بگێـڕن، بەڵام ئەگەر لەم ڕۆمـانەدا زمـان و چەشنی گـێـڕانەوە بە تەونی کـارەکـەدا بخونجـێن و بابەتەکە لە نێـو زمـان و شـێـوەی ڕەواییـدا خـۆشـبێ، ڕۆمـانێکی سـەرکـەوتوو دەبێ. ڕیالیـسمە جادووییەکەی مارکیز، یان لە شێوازی کاری

(جیمس جۆیس)ەوە تا دەگەیتە (هەمنگوای) و (فاگنەر) و (ڤیرجینیا وۆلف) و (فیۆدۆر دەستۆیڤسکی)، بڕوانە ئەو شێوازە جۆراوجۆرانە کە چۆن لە بواری زمان و چەشنی ڕەواییدا سەرکەوتوون.

لە ڕۆمانی کوردیدا هێماکانی (شێرزاد حەسەن) و فەنتازیای (بەختیار عەلی) و ڕیالیسمی (عەتا نەهایی) و ئاوڕی ئەوان لە کولتووری کوردەواری، بە بەختەوەرییەوە ئەزموونگەلێکی سەرکەوتوون.

* دەشێ هەر ڕۆمانێک دەلالەت لە دەروونمان نەکات، وەکو نووسراوێکی خراپ تەماشای بکەین؟ هاوکاتیش، بۆچی ڕێژەی زۆری خوێنەرانمان لە نێو ئەو ڕۆمانانەی دەیانخوێننەوە بە دوای ئازاردا دەگەڕێن، ئەگەر هاتو ڕۆمانێک ئەم لایەنەی بە شێوە سەلتەکە تەوزیف نەکرد، خراپە؟

- ڕۆمان ڕەوایەتی مرۆڤ و گێڕانەوەی جیهانە. بەم پێیە بێ، هەر ڕۆمانێک بەشێک لە دەروونمانی تێدایە و دەروونی ئێمەی مرۆڤ و هەروەها جیهانیش تەنیا ئازار نییە، دیارە گەلێک خۆشی و چێژیشیان تێدایە. ڕەنگە بارودۆخی کورد وەهای کردبێ کە ئێمە لە هەر دەقێکدا بە شوێن ئازارەکانماندا بگەڕێین و لە گێڕانەوەی ئەو ئازارانەوە بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ چێژ وەربگرین، بەڵام دەبێ زەوقی خۆمان وەها ڕابێنین کە لە خۆشییەکانی جیهانیش چێژ وەربگرێ.

لە ڕوانگەی منەوە؛ ئەرکی ڕۆمان نابێت لە چێژ و ئازارەکانی مرۆڤدا کورت بکرێتەوە. ڕۆمان ڕەوایەتییەکی زمانییە لە مرۆڤ، لە جیهان، لە بوون. من بەش بە حاڵی خۆم پتر لە شێوازی ڕەوایی و با بڵێین زمانی ڕەوایی ڕۆمان و چەشنی گێڕانەوە و لایەنە هونەرییەکانی چێژ وەردەگرم، نەک لە ئازار یان خۆشی و ناخۆشییەکانی.

* خوێنەرانی ئێمە ئەو توانستەیان هەیە لەگەڵ ڕەوتە فیکرییەکانی ڕۆماندا پتر یەکتر بگرنەوە، تا ئازار و نیگەرانییەکان؟ جگە لەمەیش، ئەو هۆکارانە دەرهاوێشتەی چین کە بوونەتە پاڵنەر، تا خوێنەرانی ئەدەبی کوردی تا ئەم ئاستە لە دەوری ڕۆماندا کۆ ببنەوە؟

- باشتر وایە خوێنەرانی ئێمە پێش هەموو شتێک لەگەڵ ڕەوتە هونەری و ڕەواییەکانی ڕۆماندا یەکتر بگرنەوە. هەر فیکر و فەلسەفەیەک، هەر ئازار و نیگەرانییەک کە هەمانە، پێش هەر شتێک دەبێ لە قەوارەیەکی هونەری و ڕەواییدا بتوێنەوە و خوێنەر لەم پەنجەرەوە بڕوانێتە ڕۆمان.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەشت، دەبێ ئەوە بڵێم کە مەیل بە گێڕانەوە، مەیلێکی زاتی و سروشتییە لە مرۆڤدا، وەک (تۆدۆرۆف) دەڵێ: "چیرۆک ژیانە و نەبوونیشی مەرگ"، بوون و مانەوە ئێستا سەرەکیترین مەسەلەی کوردن. لە لایەکی ترەوە خۆ دەربڕین لەم بارودۆخەدا گەورەترین پێویستیی ئێمەیە. ڕەنگە کۆبوونەوە لە دەوری ڕۆماندا تەوافقێکی نا خودئاگای گشتیی ئێمە بێ بۆ مانەوە. ڕەنگە ڕۆمان چارەنووسی هەموو کوردێک بێ.

* خوێنەرانی ئێمە لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیادا، بۆچی وەها هەرەمەکی پێشوازی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێی ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی (ئەدەب)مان بێت؟

- دیارە نابێت ئێمە لە بوارە هونەرییەکانی دیکە خۆمان بخافڵێنین و زەوقێکی تاکلایەن و تاکڕەهەند پەروەردە بکەین، وەک لە ڕابردوودا، نەک لە نێو کورد، بەڵکو لە نێو نەتەوەی فارسیشدا شیعر گەورەترین و کاریگەرترین ژانری ئەدەبی بووە، بۆیە دەبینین چ قەیرانێکی ئەدەبی و زەوقی لێ کەوتووەتەوە.

ڕەنگە بە پێی سەردەم و زەوقی سەردەمەوە، ژانرێک لە ژانرێکی تر برەوی زیاتری هەبێ، بەڵام لە بیری نەکەین کە هەموو ژانرەکان و هەموو شێوە هونەرییەکان پێویستی کۆمەڵگەی مرۆڤن و هەر شێوازێکی هونەری بەشێک لە توانستەکانی لەخۆ گرتووە. جاری وا هەیە ئەوەی بە شیعر دەخولقێت، بە ڕۆمان ناکرێ، یان ئەوەی بە شانۆ دەردەکەوێ، بە ڕۆمان و شیعر دەرناکەوێ و ئەوەی بە پەیکەر دەردەبڕدرێ، بە هیچ یەکێک لەمانەی سەرەوە ناگوترێ.

لە بارەی ئەوەی کە ئێستە پێشوازییەکی باش لە ڕۆمان، وەک ژانرێکی ئەدەبی دەکرێت، لە لایەکەوە گرایشتێکی هەمەلایەنەی جیهانییە، لە لایەکیشەوە ڕۆمان لە کوردەواریدا وەک شێواز و ئەزموونێکی تازە لە قەڵەم دەدرێ و ڕەنگە باشتریش دەرفەتی دەربڕینی جیهانی کوردەواری بێ. با بڵێین ئەم پێشوازییە زەوقێکی پەروەردەی سەردەمە.

# ڕەگەزی "ناوونیشان" لە چیرۆکی نوێی کوردیدا


**ئارام سدیق**
**(سلێمانی)**


**(١ - ٢)**

**سەرەتا**

قسەکردن لەسەر تیۆرەکانی ئەدەب لەنێو کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا، تا ئاستی نەبوون نائامادەیە. ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕەخنەی کوردیش لاوازە، بۆیە تیۆرەکانی ئەدەبیش، کە دەکرێت وەک لقێکی ڕەخنەی ئەدەبی سەیر بکرێن بوونیان نییە، یان زۆر لاوازە. لەنێو ئەم نەبوونی ڕەخنەیە و هاوکات قسە نەکردنە لەسەر تیۆرەکانی ئەدەب ئامادەیە. بێ دەنگییەکی کوشندەش لەبارەی قسە نەکردن لەسەر ڕەگەزەکانی چیرۆکی کوردی بوونی هەیە و نەبوونی پرسیار لەسەر ئەوەی ئایا کام لەو ڕەگەزانە لای چیرۆکنووسی کورد زیاتر ڕەنگدانەوەی هەبووە؟ یان جیاوازی نێوان چیرۆکنووسانی ئەم نەوەیە و نەوەی پێشوو چییە؟ ئایا چیرۆکنووسە نوێیەکان کام ڕەگەزی چیرۆکیان فەرامۆش کردووە، کە چیرۆکنووسەکانی سالآنی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان گرنگییان پێداوە؟ ئایا چیرۆکی کوردی تەنیا لە نێو چەقبەستوویی و یەک ڕیتمی و کۆپی کردنی واقیعی کوردی گیری نەخواردووە؟ تێکڕای ئەمانە هەمووی پرسیارن لەمەڕ چیرۆکی کوردی و سالآنێکە بێ وەڵامن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین بابەتیانە لە ئێستا و ڕابردووشدا قسە لەسەر چیرۆکی کوردی بکەین.

ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانێت تێکستە پەراوێزخراوەکان ئاشنای خوێنەر بکات، هاوکات تێکستی جوان و داهێنەرانە و تێکستی سادەش پۆلێن بکات. لێرەوە دەکرێت بڵێین ڕەخنە ناسنامەی دووەمی دەقە، بۆیە دەق خۆی لەژێر یەک ناسنامەدا قەتیس ناکات. ئەوەی دەقێک نەمر دەکات ڕەخنەیە، بەر لەوەی زۆرێک لە شاکارە جیهانییەکان، دەقەکەی گەیشتبێتە ئێمە ئەو بۆچوون و ڕەخنانەی کە لەسەری نووسراوە گەیشتووەتە دەستمان، بۆیە تا ڕەخنەی کوردی لەو دۆخەدا بێت، چیرۆکی کوردی بێ ناسنامە دەمێنێتەوە و قسەکردنیش لەبارەیەوە هەڵگری بڕێکی زۆر لە ئاڵۆزی دەبێت.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەگەزی " ناوونیشان" بەشێوەیەکی گشتی لەئەدەبدا و گرنگی چەمکی "ناوونیشان" لە چیرۆکدا بەتایبەتی. هاوکات هەوڵ دراوە نموونەی هەندێک چیرۆک و ڕۆمانی جیهانیش بهێنرێتەوە بۆ ئەوەی باسەکە تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەمێنێت و ئێمە قسەمان لەسەر ڕەگەزی ناوونیشان لای چەند چیرۆکنووسێکی تر کردووە کە بەرهەمەکانیمان لامەبەست بووە، یان توانای ئەوەمان هەبووە قسەیان لەسەر بکەین.

هەڵبژاردنی بابەتی ناوونیشان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە تا ئێستا لەنێو ئەدەبی کوردیدا زۆر کەم بایەخ بە چەمکی "ناوونیشان" دراوە، لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا زۆر زیاتر گرنگی بە ناوونیشان دەدرێت و بەتایبەت لەڕووی پێکهاتە و ئەرک و ڕۆڵی سیمانتیکی و چۆنێتی پێوەندی بە تێکستەوە.

ئەوەی ئاستەنگی بەردەم ئەم نووسینە بوو بەپلەی یەکەم نەبوونی سەرچاوە بوو بە زمانی کوردی، کە ئەو سەرچاوانەی دەست من کەوتن، زۆر کەم بوون و شایەنی باس نییە، هەروەها تەنیا لە بابەتی "ڕەگەزی ناوونیشان لە چیرۆکدا "



**عەتا محەمەد**

سەرچاوە کەم نەبوو، بەڵکو لە هەموو ڕەگەزەکانی تری وەک (پاڵەوان، گێڕانەوە، گێڕەرەوە و...تاد)یش سەرچاوە کەم بوو. بێ گومان ئەمە کۆمەڵێک هۆی تایبەتی هەیە، کە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە مامۆستایانی زانکۆ لەو بوارەدا هیچ توێژینەوەیەکیان لەو بارەیەوە نەکردووە، یان وەرنەگێڕاوە، هەروەها توێژینەوەی خوێندکارانیش هەلی چاپی بۆ نەڕەخساوە و پشتگوێ خراوە (کە من لە ئاستی بەسوودیی زۆربەیان بەگومانم). ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری وەرگێڕەکانیشمان لەمەڕ ڕەگەز و تیۆرەکانی ئەدەب خەمساردن و زیاتر خۆیان بە بابەتی ئاسان و سادەوە سەرقاڵ کردووە. ئەم بابەتە باسی ئێمە نییە، بەڵام ناکرێت ئەو کێشەیە نەخرێتەڕوو و قسەی لێوە نەکرێت.

ئەم نووسینە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر "ڕەگەزی ناوونیشان لە چیرۆکی نوێدا" و بۆ ئەم مەبەستەش چیرۆک و ڕۆمانەکانی "عەتا محەمەد"مان وەک نموونە هێناوەتەوە و زیاتر لەسەر چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە وەستاوین، چونکە خاوەنی چوار کۆمەڵە چیرۆکی (پاشماوەی خێڵەکان ١٩٩٩)(١) و (زارەکانی خەون ٢٠٠١)(٢) و (فریو و خۆحەشاردان ٢٠٠٥)(٣) و (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان ٢٠٠٧)(٤) ە، هاوکات خاوەنی سێ ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا ٢٠٠٦)(٥) و (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک ٢٠٠٦)(٦) و (گێلاسی خوێن ٢٠٠٧)(٧)ە، ئەمە بێجگە لە کتێبی (دەستنووسی یەکەم و پەڕتووکی خەون)(٨) کە دوو تێکستی ئەندێشەیین لە ساڵی (٢٠٠٣)دا لە یەک کتێبدا چاپ بووە. هاوکات کۆمەڵێک حیکایەتیشی لە ژێر ناوونیشانی (تار ژەنی ڕەنگ)ی(٩) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بەچاپ گەیاندووە. عەتا تا نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە خاوەنی ئەم بەرهەمە چاپکراوانەیە، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

عەتا محەمەد لەو چیرۆکنووسە پڕ بەرهەمانەیە کە دەکرێت قسە لەسەر نووسینەکانی بکەین و دەربارەی هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆک لێکۆڵینەوە لەسەر دەقە چاپکراوەکانی بکرێت. هاوکات ئەم نووسەرە گەمەی ئەفسوناوی لە چیرۆک و ڕۆماندا دەکات و پاڵەوان، ناوونیشان، گێڕانەوە و هەموو ڕەگەزەکانی تر لای عەتا کەوتوونەتە بەر لێک هەڵوەشاندن و دووبارە بنیادنانەوە، کە دەکرێت ئەمە وەکو یەکێک لە جوانییەکانی ئەزموونی چیرۆکنووسی ئەم نووسەرە سەیر بکرێت و ئەم بابەتەش سەرنجی منی ڕاکێشاوە. عەتا دەیەوێت فەزای تر لە چیرۆک بدۆزێتەوە و زەمینەسازی بۆ گێڕانەوەی تر و شوێن و ئەرکی دیکەی پاڵەوان دیاری بکات، کە پێشتر لە چیرۆکی کوردیدا نەکراوە، یان زۆر کەم و لە ڕووکاری سادەدا بەدی دەکرێت، بۆیە دەنگ و ڕوانینی چیرۆکەکانی عەتا تا ئێستاش تاڕادەیەکی بەرچاو تاقانەیە.

## ناوونیشان چییە؟

ناوونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی نووسین و شوناسی دەقە و توخمێکی سەرەکی هەر دەقێکە کە ئێمە دەینووسین، یان دەیخوێنینەوە. بە ناوونیشاندا دەقەکانی نووسەرێک و نووسەرانی تر لەگەڵ یەکتری جیا دەکەینەوە. هەموو دەقێکی مێژوویی، جوگرافی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و زانستی ناوونیشانی پێویستە. ئەگەر دەقێک ناوونیشانی نەبێت، وەک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەڵێت: وەک ئەوە وایە ئەو دەقە بێ ناوونیشانە سەری نەبێت، بۆیە "نەوزاد" ناوونیشان بۆ نووسین بە "سەر"ی "جەستە"یەک دەچوێنێت(١٠).

دەکرێت لێرەدا بپرسین ناوونیشان بۆ گرنگە؟ لە وەڵامێکی سادەدا بۆ ئەم پرسیارە دەکرێت بڵێین ناوونیشان ناسنامەی هەموو بوویەکی سەر زەوییە و مرۆڤ خۆی ناوی بۆ شتەکان داناوە تاکو لە ڕێی ناوەکەیەوە بناسرێتەوە، دەنا پێشتر بەشێکی زۆری شتەکانی سەر زەوی ناویان نەبوو، بۆیە ناونانی مرۆڤیش بەشێکە لەو پرۆسەیە، بۆ ئەوەی ناوونیشانێک، یان هێمایەک هەبێت بۆ ناسینەوە و بانگ کردنی مرۆڤەکان. واتە گرنگی ناوونیشان تەنیا لەنووسیندا دەرناکەوێت، بەڵکو گرنگی ناوونیشان لەوەدا دەردەکەوێت کە هەموو شتێک ناوێکی پێویستە بۆ ئەوەی بناسرێتەوە.

لەنێو کایەی نووسیندا "ناوونیشان" گرنگییەکی تایبەتی هەیە و گەمەکانی ناوونیشان لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا زیاترە تاکو دەقە زانستی و مێژوویی و سیاسییەکان، بەو حوکمەی ناوونیشان لە دەقی زانستی و مێژوویی و سیاسییەکاندا تاڕادەیەکی زۆر سنووردارە، چونکە خەیاڵ و فەنتازیا ئامادەیی کەمترە، یان ئامادەیی نییە، بەڵام لە تێکستی ئەدەبیدا "ناوونیشان" سنووری فراوانتری داگیرکردووە و گەمەکانی لە ڕووبەری فراوانی نێوان واقیع و خەیاڵ و فەنتازیادا بەردەوام لە زیادبوون دایە. نەوزاد

ئەحمەد ئەسوەد لەمەڕ پێناسەی ناوونیشان باس لەوە دەکات کە:

"ناوونیشان بەگشتی بنیادێکی سەربەخۆ و بچووک کراوەیە، یان ئەویش دەقێکی بچووک و چڕکراوی زمانییە، بەڵام مەرجیش نییە بچووک کراوەی بنیادی دەق بێت، کە لەمەیاندا ناوونیشان ناوەڕۆکەکە دیاری دەکات"(١١).

بەڕای هەندێک لە ڕەخنەگران "ناوونیشان" چاوگی دەقە و لەوێوە هەمووو هۆ و هۆکارەکانی دەق لە دایک دەبێت. واتە بەپێی ئەم پێناسەیە، ناوونیشان قورساییەکی زۆری لەسەرە. هاوکات (جیرار جینێت) کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە تیۆرستکارەکان، پێی وایە "ناوونیشان ڕەگەزێکە لەو ڕەگەزانەی کە دەق پێکدێنێت و هاوتەریبی هەریەک لە پێشەکی و پەراوێز و وێنە و سەرنجەکانە، کە لە دەقدا هەر یەک لەو بابەتانە کاریگەری خۆی هەیە. بەو مانایە ئەدگارێکە لە ئەدگارەکانی دەقبوون"(١٢).

لەنێو زۆرێک لە تێکستدا "ناوونیشان" بنیادێکی سەربەخۆ و بچووک کراوەیە و ئێمە لەوێوە وێنەیەکی بچووک و خێرای دەق دەبینین، بەتایبەت لە دەقە زانستی و مێژوویی و سیاسییەکاندا ئەو وێنەیە زۆر ڕوونترە تا دەقێکی ئەدەبی، هەر ئەم حاڵەتە بۆ دەقێکی ئەدەبی گۆڕانی بەسەردا دێت و "ناوونیشان" لە دەقی ئەدەبیدا بەتایبەت لە چیرۆک و ڕۆماندا، هەندێک جار وێنەیەکی تەڵخ و ناڕوونی دەق دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەر، وێنەیەک هەندێک جار هێندە تەڵخە کە بینین، یان تێگەیشتن لێی مەحاڵە، بۆیە ڕەنگە زۆرجار ناوونیشان لە دەقی ئەدەبیدا، بەتایبەت لە چیرۆک و ڕۆماندا "سەر"ی "جەستە"ی دەق نەبێت، بەڵکو ڕەنگە بەشێکی بچووک بێت لە جەستەیەکی گەورە، یان هێمایەک بێت بۆ جەستەی دەق.

ئیبراهیم یوونسی لە کتێبی " هونەری چیرۆکنووسین"(١٣)دا چەند لاپەڕەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەگەزە گرنگەی دەق و ئەو بەتایبەت لەبارەی ناوونیشان لە چیرۆکدا دواوە. ئێمە لێرەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان ئەو خاڵە گرنگانە دەخەینەڕوو، کە یوونسی لەمەڕ تایبەتمەندییە گشتییەکانی ناوونیشان لە چیرۆکدا ئاماژەی بۆ کردووە، کە ئەمانەن:

١- پێویستە نوێ بێت، واتە کۆنە و پووکاوە نەبێت.

٢- پێویستە وروژێنەری هزر بێت و ببێتە هۆی ئەوە خوێنەر بیر لەوە بکاتەوە، کە بابەتێکی سەرنجڕاکێش پەلکێشی دەکات.

٣- جوان و سەرنجڕاکێش بێت، واتە پانتایی ڕوانگە و نیگای خوێنەر داگیر بکات.

٤- ئاوازی هەبێت و گوتنی بە زمان ئاسان بێت و لەکاتی وتندا ئاوازێکی خۆشی هەبێت.

(هەر لەم ڕووەوە پێشنیاری ئەوە دەکرێت، کە نووسەر بۆ هەڵسەنگاندنی ناوونیشانەکەی.. لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی بەرز چەند ناوونیشانێک بۆ چیرۆکەکەی هەڵبژێرێت و تاقییان بکاتەوە)

٥- لەگەڵ چیرۆکەکەدا بگونجێت، چونکە ئەگەر وانەبێت خوێنەر زوو، یان درەنگ هەست بەوە دەکات، کە فێڵی لێکراوە.

٦- مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکە ئاشکرا نەکات، ئەگەر مەبەستە سەرەکییەکە ئاشکرا بکات، ئەوە گەیشتن بە لووتکەی چیرۆک (یان چێژی خوێندنەوەی چیرۆک) کە بەتەرخان کردنی کات و ماندووبوونێکی زۆر دەستەبەر کراوە، پێشوەخت ئاشکرا دەبێت و لە توانایی چیرۆکەکە کەم دەکاتەوە.

٧- ساکار نەبێت، دەربڕینەکە کۆن و نەریتی و لەقاڵبدراو نەبێت، هەروەها پەندێکی ساکار نەبێت، چونکە ئەم جۆرە بابەتانە بۆ ناوونیشان شیاو نین(١٤).

ئەوەی لێرەدا یوونسی خستوویەتییە ڕوو گرنگترین و سەرەتاییترینی ئەو خاڵانەن، کە پێویستە چیرۆکنووس لە هەڵبژاردنی ناوونیشان بۆ دەقێک ڕەچاوی بکات. ئەگەر بەپێی ئەم پێوەرانە سەیری ناوونیشانی چیرۆکی حەفتاکان و هەشتاکان و بەشێکی زۆری ناوونیشانی چیرۆکی نەوەدەکان و دواتریش بکەین، دەبینین زۆر بە کەمی ئەو خاڵانە لەبەرچاو گیراون.

## له ناوونیشانەوە بۆ دەق

یەکەم شت کە خوێنەر لە کاتی بینینی دەقدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ناوونیشانە، بۆیە گرنگی ناوونیشان تەنیا لەوەدا نییە کە دەقێکی پێدەناسرێتەوە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، بەڵکو ئەرکی تریشی لەسەر شانە کە سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بەلای خۆیدا بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە. ناوونیشانی جوان و سەرنجڕاکێش هەمیشە چانسی خوێندنەوەیان زیاترە تا ناوونیشانی ئاسایی.

دەق بریتییە لە کۆی ئەو ڕەگەزانە کە بەهۆی کارلێکیان لەگەڵ یەکتردا، پێکهاتەیەک بەو دەقە دەبەخشن و گۆڕانی هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە کار دەکاتە سەر ڕەگەزەکانی تریش، بەم جۆرە دەقی لاواز لەناوونیشانەوە هەست بەلاوازیەکەی دەکرێت، چونکە دەقێک ناوونیشانەکەی جوان نەبێت، ئەستەمە خاوەنی دەستپێکێکی جوان و ناوەڕۆکێکی بەهێز و جوان بێت.

بۆ نموونە زۆربەی خوێنەران کاتێک گۆڤارێک لە کتێبخانەیەکدا دەبینین یەکەم شت سەیری پێڕستی بابەتەکان دەکەن و تەنیا ناوونیشانەکان دەخوێننەوە و ئەگەر ناوونیشانی سەرنجڕاکێشی تێدابێت ئەوە دەیکڕن، یان لە دواییدا دەیخوێننەوە. گریمان ئەو خوێنەرە گۆڤارەکەشی کڕی، بەر لە هەرشت ئەو بابەتانە دەخوێنێتەوە کە ناوونیشانەکانیان سەرنجڕاکێشن، بۆیە خوێنەر هەمیشە لەناوونیشانەوە دەچێت بۆ دەق و هاوکێشەکە هەرەمییە و ناوونیشان تاجی سەری هەرەمەکەیە.

ناوونیشان دەیان جۆری هەیە و نووسەر ئازادە بە چ

شێوەیەک ناوونیشان دەنووسێت. دەکرێت ناوونیشان ژمارە بێت و گوزارشت لەکۆی دەق بکات و دەقیکی تۆکمەشی لەسەر بنیادنرابێت، وەک ڕۆمانی (یانزە خولەک)ی پاولۆ کۆیلۆ، یان ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆریۆل و کاتژمێر (٢٥)ی کۆنستانتین گۆرگیو، کە ئەم ڕۆمانانە ڕۆمانی بەناوبانگی جیهانین و نووسەرەکانیان تەنیا ژمارەیان وەک ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ ناوونیشان بەکارهێناوە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بینای دەقیش لەسەر ئەو ژمارانە بنیادنراوە. لە ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆرویڵ، کە لەساڵی (١٩٤٨) نووسیویەتی و نەوزاد ئەحمەد دەربارەی ناوونیشانی ئەو ڕۆمانە نووسیویەتی: "پێدەچێت هەڵگەڕانەوەی بەرواری نووسینی ڕۆمانەکە بێت، بۆیە ئۆریۆل هەڵیبژاردووە"(١٥)، بەڵام من پێم وایە ئاماژەیەک بێت بۆ ڕووخان و هەرەسهێنانی ئایدیای کۆمۆنیزم، یان نووسەر پێشبینی گۆڕانی گەورەی کردووە لە (١٩٨٤)دا، کە پێم وایە چەند ساڵ دواتر سەرەتاکانی گۆڕانی سیستمی سیاسی جیهانی دەرکەوت.

دەکرێت ناوونیشان لە ڕۆمان، یان لە تێکستی ئەدەبیدا بەناوی پاڵەوانی ئەو ڕۆمانە، یان ئەو چیرۆکەوە بێت وەک ڕۆمانی (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیس (کچەی پرتەقاڵ)ی یۆستاین گاردەر و (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس و (دڵشاد)ی سەلیم بەرەکات و "زارا"ی محەمەد قازی و "گرەوی بەختی هەڵاڵەی" عەتا نەهایی کە پاڵەوانی هەر یەک لەو ڕۆمانانەی سەرەوە کراون بەناوونیشان بۆ دەقەکە. کۆی ئەم ڕۆمانانەی ئاماژەم پێکرد، سەرەتادا ناوی کەسێک دەبینین ئەوسا دەچینە نێو قووڵایی دەقەکەوە، بۆیە ناوی کەسەکان بوونەتە ناسنامەی دەق و وێنە بچووک کراوەکەی ئەو دەقە، لەبەر ئەوە لەو نموونانەی ئاماژەمان پێدان، ناوونیشانی ڕۆمانەکان کە ناوی کەسەکانن، ئامادەییان زیاترە و قورساییان زۆر لەسەرە و کۆی بینای ڕۆمانەکان لەسەر کەسێتییەکان بنیادنراوە.

"ئیبراهیم یوونسی" لە کتێبی "هونەری چیرۆکنووسی"دا ئەوە دەخاتەڕوو کە لاوازترین جۆری ناوونیشان ئەو ناوونیشانەیە، کە ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، بەڵام ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەم حاڵەتە ڕۆمان ناگرێتەوە و تەنیا بۆ چیرۆک ئەمە دروستە. یوونسی ناوونیشانی ڕۆمانێک دەهێنێتەوە، کە ناوی پاڵەوان لە ناوونیشانەکەدا، بەڵام وەک یەکێک لە ناوونیشانە جوانەکان دەیخاتەڕوو، کە ئەویش ڕۆمانی "عەشق و ئاغای لوی شام"ە لە نووسینی "ئێچ. جی. ولز"(١٦) . دەبێت لێرەدا ئەوەش بخەمەڕوو کە ئیبراهیم یوونسی خۆشی ڕۆمانێکی هەیە کە ناوونیشانەکەیدا ناوی یەکێک لە پاڵەوانەکانی هەڵگرتووە کە ئەویش ڕۆمانی "دادە شیرین"ە، کە پاڵەوانێکە لە پشت ڕوداوەکانەوە قورسایی زۆری لەسەر ڕووداوەکان هەیە.

ناوونیشان لای گابریل گارسیا مارکیز کە یەکێکە لە پێشڕەوانی ڕیالیزمی جادوویی تایبەتمەندی خۆی هەیە و لای مارکیز هەندێک جار هونەری "بەهەڵەدابردن" پەیڕەوکراوە. بەتایبەت لە نۆڤلێتی (دەریاوانە خنکاوەکە)(١٧) کە دەبینین دەریاوانەکە ناخنکێت، بەڵام لەسنووری مەرگ و خنکاندن نزیک دەبێتەوە. ئەم گەمەیە، گەمەیەکی فەنتازی جوان و سەرنجڕاکێشە و ئیستێتیکای زۆری بە دەقەکە داوە و خوێنەر کە لە خوێندنەوەی دەقەکە دەبێتەوە تێدەگات نووسەر چەند بە وریاییەوە خوێنەری بە دەقەکەوە پەیوەست کردووە، چونکە خوێنەر تا دوادێری ئەو نۆڤلێتە چاوەڕوانی خنکاندنی دەریاوانەکە دەکات، کەچی لە کۆتاییدا ناخنکێت.

ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ لە ژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی دەق و سیمۆلۆژیادا گرنگی بە بنیاد و پێکهاتەی خودی "ناوونیشان" و چۆنێتی و پێوەندی بە دەقەوە داوە و ناوونیشانی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆی پێکهاتەی بنیادی هونەری دەق لە قەڵەمداوە. پێدەچێت ئەوەش لەبەر ئەوە بێت کە خوێنەر لە ناوونیشانەوە دەچێتە سەر بەشەکانی تری دەق.

## ئایا ناوونیشان سوورەبیای دەقە؟

ئێمە سەرەتا ئاماژەمان بەوەدا کە ناوونیشان چییە و پێناسەشمان خستەڕوو، بەڵام لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ بۆچوونی نووسەری جیهانی (لوسیەن گۆڵدمان) کە پێی وایە "ناوونیشان" سوورەبیای دەقە و دەتوانێ ڕێگە پێچوپەناکانی دەق ڕووناک بکاتەوە و لەسەرەوە تیشک بهاوێژێتە سەر جەستەی دەق(١٨). ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بپرسین ئایا لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا ناوونیشان سوورەبیای دەقە؟ بێ گومان بە وردبوونەوە لە بەشێکی زۆری تێکستی کوردی ئەوە ڕووندەبێتەوە، نەخێر ناوونیشان لای زۆرێک لە نووسەرانی کورد سوورەبیای دەق نییە، بەڵکو دەکرێت بڵێین هەندێک جار بە نائاگاییشەوە بەکارهاتووە، یان نووسەری کورد ئاگاداری چۆنێتی بەکارهێنانی ڕەگەزی "ناوونیشان" نەبووە لە تێکستدا.

تێکستی کوردی لەسەرەتای بوونییەوە تا ئێستا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لە قۆناغی سەرەتاییدا، کە ئێمەی کورد و بەشێک لە گەلانی ڕۆژهەڵات تەنیا تێکستی شیعریمان هەبووە، بۆیە بەناچاری ئاماژەیەکی کورت بە سەرەتاکانی ناوونیشان دەدەین. لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەکرێت ئاماژە بە باباتاهیری هەمەدانی بدەین، ئەو ناوونیشانی بۆ چوارینەکانی دانەناوە، هەروەها شاعیرانی کلاسیکیش ناوونیشانیان بۆ تێکستەکانیان دانەناوە، ئەگەر ناوونیشانیش لە تێکستی چەند شاعیرێکی کلاسیکی وەکو نالی و سالم و مەحوی و مەولەویدا هەبێت ئەوە ڕەنگە بۆنە هەبووبێت بۆ ئەو تێکستە و ئەو بۆنەیە بووبێتە ناوونیشان بۆ دەقەکە، یان ئەو لێکۆڵەرانەی دیوانەکانیان کۆکردۆتەوە، هەر ئەوان ناوونیشانیان بۆ داناوە، دواتر ناوونیشان لەنێو تێکستی کوردیدا پەیدا دەبێت.

ئەحمەدی خانی یەکێکە لەو نووسەرە دێرینانەی لە تێکستەکانیدا ناوونیشانی بەکارهێناوە و ئەو لەو چەند کتێبەی نووسیویەتی هەریەکە و ناوونیشانی هەیە، بە نموونەش دەکرێت ئاماژە بە (مەم و زین) بکەین کە قەسیدەیەکی درێژە و لەژێر ئەو ناوونیشانەدا خراوەتەڕوو، بەڵام لەسەدەی بیستیشدا تا کۆتاییەکانی بە وردبوونەوە لە کۆی ناوونیشانی ئەو تێکستانەی نووسراون، سادەبیان تێدا دەبینین و ناوونیشان تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای نەوەدەکان نەبووە بە سوورەیای دەق. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئێستادا ئەوەیە کە بایەخ و گرنگی و بەسوورەیابوونی ناوونیشان لەنێو دەقی کوردی بەگشتی و ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی گرنگی تایبەتی هەیە.

## ناوونیشان لە چیرۆکی کوردیدا

چیرۆکی کوردی وەک هەموو شتێکی تری دنیای کوردی لەپەراوێزدا ماوەتەوە و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی لەبارەوە نەنووسراوە، تا ئێمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی پێش خۆمان، بۆچوونەکانمان وردتر بخەینەڕوو. ناوونیشان کە ڕەگەزێکی گرنگی چیرۆکە تا ئێستا زۆرکەم لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا قسەی لەسەر کراوە، هاوکات دەربارەی ناوونیشان لە چیرۆکی کوردیدا زۆر کەم نووسراوە، یان هەر نییە.

سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی کە بە (لەخەوما)ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف و (حکومەتە خەیاڵیەکە)ی زێوەر دەست پێدەکات. سەرەتایەکە کە دەکرێت لەسەری بوەستین. ناوونیشان لای هەر سێ نووسەر کورت کراوە و وێنەیەکی ڕوون و بچووک کراوەی دەقەکانە و نووسەر ویستوویەتی کۆی دەقەکە، یان بەشێکی زۆری دەق لەناوونیشاندا چڕ بکاتەوە. لە چیرۆکی "لەخەوما"دا نووسەر لەناوونیشانەکەدا ئەوە ئاشکرا دەکات ئەوەی لە چیرۆکەکەدا ڕووی داوە خەونە و کۆی ڕووداوەکان لەخەونێک زیاتر نین کە چیرۆکنووس دەیگێڕێتەوە. لە (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جافیشدا دیسان ناوونیشان وێنەیەکی ڕوونی چیرۆکەکەمان دەداتێ کە ثیمەی سەرەکی چیرۆکەکە "ویژدان"ە. لەچیرۆکی (حکومەتە خەیاڵیەکە)ی زێوەریشدا لەناوونیشانەوە تێدەگەین کە نووسەر باس لە حکومەتێکی خەیاڵی دەکات کە بەرهەمی خەیاڵ و فەنتازیای خۆیەتی.

لەپاش ئەو سەرەتایەشەوە لە چیرۆکی کوردی هەر لەو بازنەیەدا دەسووڕێتەوە و ئەوەش لە بەرهەمەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد)دا، بەتایبەت لە کۆچیرۆکی (کوێرەوەری) و ڕۆمانی "ژانی گەل"دا دەبینین. لەپاش ئەوە گۆڕانێک لە بەکارهێنانی ناوونیشاندا لەنێو چیرۆکی کوردیدا بەدی دەکرێت، ئەویش لای هەریەک لە (حوسێن عارف، ڕەئووف بێگەرد) و پاشانیش (محەمەد ئەمین ئەحمەد) لە کۆچیرۆکی (ئەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانییە)، ئەو ناوونیشانە بۆ ساڵی (١٩٧٨) کە ساڵی چاپبوونی ئەو کۆچیرۆکەیە، کارێکی داهێنەرانەبووە. بێ گومان قسەکردن لەسەر ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسانە لێکۆڵینەوەی تایبەتییان دەوێت، بەڵام ئێمە تەنیا دەمانەوێت بەشێوەیەکی خێرا ئاماژە بە گۆڕانەکان بکەین لە بەکارهێنانی "ناوونیشان"دا وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی. ئەم قسەکردنانە بۆ ئەوەیە تا دەگەینە ئەزموونی "عەتا محەمەد" کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە و بەر لەوەی ئاماژە بە ناوونیشان لای عەتا بکەین باس لەم ڕەگەزە دەکەین لەنێو ئەو نەوەیەی عەتامان تێیدا وەک نموونە وەرگرتووە.

## ڕەگەزی "ناوونیشان" لە چیرۆکی نوێدا

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری ڕەگەزی "ناوونیشان" لە چیرۆکی نوێدا بکەین و نەوەدەکان وەک نموونە وەربگرین، دەبینین جیاوازی لەگەڵ حەفتاکان و هەشتاکاندا بەدی دەکرێت. بەو پێیەی هەست بە هۆشیارییەکی زیاتر لەبەکاربردنی ئەم ڕەگەزە گرنگەدا دەکرێت و ناوونیشان لەو شێوە کلاسیکییە قوتار دەبێت کە لەناوونیشانی ئەو دوو دەیەی پێشوودا دەیبینین. بێ گومان ئەم قسەیەش ناکاتە ئەوەی کۆی ئەو ناوونیشانانەی لە دەیەی نەوەدەکاندا بەکاربراون، توانیویانە جیاوازبن لەهی پێش خۆیان. نەخێر بەشێکی چیرۆکنووسانی نەوەی نوێش ئەوەندەی لەهەوڵی ئەوەدان کۆپییەکی پێش خۆیان بن، ئەوەندە هەوڵی ئەفراندنی نوێیان نەداوە، بەڵام لەنێو ئەم نەوە نوێیەشدا ئێمە لەم بەشەی نووسینەکەماندا ئاماژەمان بۆ بەکاربردنی ئەم ڕەگەزە لای چەند چیرۆکنووسێک کردووە و نموونەمان لێیان وەرگرتووە تا باسەکان ڕوونتر بکەینەوە.

ئەگەر بە نموونە سەیری چیرۆکەکانی "کاروان عومەرکاکەسوور" بکەین، دەبینین ناوونیشان شێوازی هونەریی بەخۆوە بینیوە بەتایبەتیش لە کۆچیرۆکی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ)و (ئەسپیدیلیۆن)دا هەستی پێدەکرێت. ئەگەر سەرەتا دوو نموونە لە کۆچیرۆکی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ)وەربگرین و قسە لەناوونیشان بکەین دەبینین. ناوونیشانی چیرۆکی "مانگا"(١٩) ناوونیشانێکە کە هیچ جوانییەکی تێدا بەکار نەهاتووە بە پێچەوانەی ناوونیشانی چیرۆکی "مردن لەسەر شێوازی شیعر" کە ناوونیشانێکی هونەری و جوانە. ئەمە بێجگە لە ناوونیشانی چیرۆکی "کارگەی بووکەشووشە" کە ئەمەش ناوونیشانێکی جوانە.

کاروان عومەر کاکەسوور بەهۆی بەکارهێنانی وشەی "بێگانە" یان "زۆر بەکارنەهاتوو"ەوە هەوڵی ئەوەی داوە جوانی لەناوونیشاندا بخاتەڕوو، ئەمەش لە چیرۆکی (لاکێ)(٢٠) هەمان کۆمەڵەدا بەرچاو دەکەوێت کە وەک خۆی لەپەراوێزدا ئاماژەی بۆ کردووە ئەو وشەیە زاراوەیەک بووەو لەحەفتاکاندا ژنانی هەولێر دایانتاشیبوو و بەو پیاوانەیان دەوت کە هەڵسوکەوتی سەیریان دەکرد. تا ئێستاش بۆ کەسانی گێل و نەفام بەکاری دێنن. هاوکات

کاروان لە ڕۆمانی "مامزێر"دا وەک لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا هەوڵی ڕوونکردنەوەی وشـــەی"مـــامـــزێر"ی داوە و نووسیویەتی:"مامزێر (Mamzer) وشەیەکی عیبرییە، واتا زۆڵ، بەپێی باوەڕی ئایینی جوو، کاتێ ئەوانەی بەیەکتر ناشێن و دەبنە ژن و مێرد، وەکو کوڕ و دایک، خوشک و برا، کچ و باوک، منداڵەکانیان بە مامزێر دادەنرێن. هەروەها ئەو جووانەی دەبنە هاوسەری کەسانی سەر بە ئایینەکانی ترن وەکو موسوڵمان و مەسیحی، هەمان حیساب بۆ منداڵەکانیان دەکرێت"(٢١). بێ گومان ئەگەر نووسەر لەبری وشەی "مامزێر" وشە کوردییەکەی بەکاربهێنایە لەڕووی بنیادەوە ناوونیشانەکە دەبووە ناوونیشانێکی تەقلیدی و بێ دەنگ، بەڵام ئێستاش پێم وا نییە کاروان لەبەکاربردنی ئەم ناوونیشانەدا (وەک پێویست) سەرکەوتوو بووبێت، چونکە وشەکە لە زمانی کوردیدا وەکو خۆی (مامزێر) گۆناکرێت و وەکو (مامزێڕ) گۆدەکرێت، هەروەها زیاتر وەکو ناوی پاڵەوان دێتە بەرچاو، نەک وەک وشەیەک، کە مانای "زۆڵ" بدات بە دەستەوە. ڕەنگە کاروان ئەمەی لە پێناو جوانکاری ناوونیشاندا کردبێت، بەڵام جوانکارییەکە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی خۆی.

هەورامان وریا قانیع لەو چیرۆکنووسانەیە کە لەناوونیشاندا هەوڵی بەکارهێنانی جوانی داوە، ئەویش بەتایبەتی دەتوانین لەناوونیشانی چیرۆکی "تاریکترین کۆڵانی شار"(٢٢)دا بیبینینەوە، چونکە نادیارییەک لەو ناوونیشانەدا هەیە، کە ئێمە نازانین کام کۆڵانەیە بۆتە تاریکترین کۆڵانی شار؟ هەروەها هەورامان لە کۆچیرۆکی "گەڕانەوەی خوشکەکان"(٢٣)دا کە پاساوی بەکارهێنانی ناوونیشانێکی ناشیرینی چیرۆکێک دێنێتەوە کە ئەویش چیرۆکی "عەشقی ناو ئاودەستەکە"(٢٤)یە. ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە جوانەکانی نێو ئەو کۆمەڵەیە، بەڵام بەهۆی ناشیرینی ناوونیشانەکەیەوە (بێ گومان لە ڕووی ئیستێتیکی ناوونیشانەوە) سەرەتا خوێنەر ڕاناکێشێت، بەڵام کە دەستپێکەکەی دەخوێنیتەوە، چیرۆکنووس دان بەوەدا دەنێت لەدەست خۆیدا نەبووە کە ئەو ناوەی بۆ ئەو چیرۆکە هەڵبژاردووە و ئەو بێجگە لە بنووسی چیرۆکەکە هیچ توانایەکی لەگۆڕانی ڕووداو و بەکارهێنانی ناوونیشانەکەیدا نەبووە. سەرەتا هەورامان دەنووسێت:

"سەرەتا داوای لێبوردن لە خوێنەری ئازیز دەکەم بۆ ئەو ناوونیشانە، بەداخەوە کە دواجار ناوونیشانی ئەم چیرۆکە بەو شێوەیە کەوتەوە، لە ڕاستیدا ئەوە من نیم کە ئەو ناوونیشانەم هەڵبژاردووە، من وەک کەسێک کە ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە، دوورونزیک پێوەندیم بەو ناوونیشانەوە نییە، من کۆمەڵێ ناوونیشانی دیکەی شاعیرانەم هەڵبژاردبوو، وەک خۆشەویستی نێو ژووره بچووکەکە، گەڕەکی عاشقان، ماڵی دوو دڵدارەکە، خۆشەویستی لە تاریکی کۆڵانەکەدا، عەشقی ژێر باران و زۆر ناوونیشانی دیکەی لەو جۆرە،

بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بە هیچ یەکێک لەو ناوونیشانانەی کە من پێشنیارم دەکرد، ڕازی نەبوو تەنیا بەو ناوونیشانە نەبێت کەخۆی سووربوو لەسەری، بێ ئەو ناوونیشانەی سەرەوە لێنەدەگەڕا چیرۆکەکە بڵاوبکەمەوە"(٢٥).

سەرەتای چیرۆکی " عەشقی ناو ئاودەستەکە "چیرۆکنووس ئەو ململانێیە دەخاتەڕوو کە لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەیدا تووشی دەبێت و دواجار چیرۆکنووس دەیدۆڕێنێت و پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە دەیباتەوە، بەڵام ئەمە بێجگە لە پاساوێکی ئیستێتیکی و گەمەیەک لەگەڵ خوێنەردا هیچی تر نییە و من پێم وایە گەمەیەکی جوانە و هەورامان تێیدا سەرکەوتووە، بەڵام هەندێک لە ناوونیشانی چیرۆکەکان لای هەورامان ناوونیشانی تەقلیدین.

ئارام کاکەی فەلاح لەو چیرۆکنووسانەیە کە هەوڵی بەکارهێنانی ناوونیشانی سەرنجڕاکێش و ئیستێتیکی دەدات کە خوێنەر بۆ نێو تێکستەکە کەمەندکێش دەکات، بەتایبەت لە ناوونیشانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی "نووسینەوەی درک"(٢٦) هەم ئەم چیرۆکە و خودی ناوونیشانەکانی نێو چیرۆکەکانی ئەم کتێبە ناوونیشانی سەرنجڕاکێشن. هەروەها ناوونیشانی چیرۆکەکانی وەک (باوکی ناو تەلەفۆن) و (من بە بووکێکی گەورەوە) و (ئەوکوڕەی لەزۆر کەس دەچێت) و (دڵێک لە کەلاوە)، کە پاش کۆچیرۆکی ئامـاژەپێـدراو بڵاوبوونەتەوە دەبینین لەناوونیشانی ئەم چیرۆکانەشدا جوانی زۆر دەبینین، کە ئامادەیی ئیستێتیکایەکی سەرنجڕاکێشە کە لای هەر یەک لە (کاروان عومەر کاکەسوور و هەورامان وریا قانع) بەو شێوە هونەرییە ئامادەیی نییە، یان دەتوانین بڵێین لای ئارام کاکەی فەلاح لە قۆناغێکی جیاوازتردایە.

ئەگەر سەرەتا قسە لەناوونیشانی چیرۆکی "من بە بووکێکی گەورەوە"(٢٧)ی ئارام کاکەی فەلاح بکەین دەبینین دوو ئاماژەی خێرا لای خوێنەر جێ دەمێنێت. یەکەمیان بەکاربردنی "من"کە "ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە". دووەمیش نادیارییەک لەناوونیشاندا هەیە بەوەی ئەو "من"ە کێیە؟ ئایا منی نێرینەیە، یان "مێینە" لەکوێ بە بووکێکی گەورەوە وەستاوە؟ ئەمەش دیسان پرسیارە، هەروەها چاوەڕوانی چی دەکات؟ هەموو ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر کە چیرۆکەکەی ئارام خستوویەتییەڕوو، چیرۆکنووس بەو ناوونیشانە سەرنجڕاکێشە چارەسەری کردووە، چونکە چیرۆکەکە ئەوەندە پرسی چڕوپڕی لەخۆگرتووە، مەگەر تەنیا ناوونیشانێکی لەمجۆرە بتوانێت وەک چەترێک سێبەر بەسەر هەموو تێکستەکەدا بکات.

هەروەها ئارام لە ناوونیشانی چیرۆکی (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت)(٢٨)دا کە لە ڕووکەشدا ناوونیشانێکی تەقلیدییە و ناکۆکی لەگەڵ بنیادی چیرۆکەکە هەیە، کە بنیادێکە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی گێڕانەوەدا دابەش کراوە، واتە لەناواخندا چیرۆکەکە خۆی لەتەقلیدییەت

پاراستووە، بەڵام لەناوونیشانیدا ناوونیشانێکی تەقلیدی هەڵگرتووە، بێ گومان ئەمەش لە ڕووی مانای ناوونیشانەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ڕووە هونەرییەکەی ناوونیشانەکە بکەین، لەیەکەم سەرنجدا پرسیاری ئەوە لای خوێنەر دروست دەبێت کە ئایا ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت کێیە؟ لە چیدا لە زۆر کەس دەچێت؟ کە ئەم خاڵانەش جوانی ناوونیشانەکە دەخەنەڕوو، بەڵام پێشتر ئارام کۆچیرۆکێکی بەناوی "زێراب"ەوە لەساڵی (١٩٩١)دا چاپ کرد، لام وایە ئەو ناوونیشانە تا ئاستێکی زۆر زیانی لە تێکستەکە داوە، بەو پێیەی ناوونیشانێکی (لەڕووی ئیستێتیکییەوە) جوان نییە و ناوونیشانێکیشە سادەیە. هەروەک چۆن ناوونیشانی ڕۆمانی "چاوەڕوانی"یش نەیتوانیوە ئەو تەوژمە واقیعییەی لەناوونیشانی حەفتاکان و هەشتاکانی چیرۆکی کوردیدا هەبووە تێپەڕێنێت.

ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە عەتا محەممەدیش یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی خۆی لە ناوونیشانی تەقلیدی پاراستووە و لەهەمموو ئەو چیرۆکنووسانەی لەم بەشەدا نموونەمان هێنایەوە زیاتر هەست بەڕووە ئستێتیکییەکەی ناوونیشان دەکرێت و هەست بەو دابڕانە یەکجارییە دەکەین کە لە چیرۆکنووسانی پێش خۆی، لە ڕووی ناوونیشان و گێڕانەوەوە جیای دەکاتەوە، کە هەریەک لە (کاروان و هەورامان و ئارام) نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی یەکجاری لەبەکارهێنانە کلاسیکییەکەی ناوونیشان قوتاربن. لەدواتردا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین.

## گەمەکانی عەتا محەممەد لە ناوونیشاندا

پێشتر بەشێوەیەکی تیژتێپەڕ ئاماژەیەکی کورتم بەوەدا کە "عەتا محەممەد" چیرۆکنووسێکە بووەتە خاوەنی ئەزموونێک، بۆیە لای ئێمە بووەتە هۆی ئەوەی لێی بدوێین و قسەی لەسەر بکەین، ئەو ئەزموونەش ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و چەندین ڕەگەزی سەرەکی چیرۆکی تێک شکاندووە و ئەو ڕەگەزانەی لەفۆرم و وەزیفەی تردا بەکار بردوونەتەوە.

عەتا لەو چیرۆکنووسانەیە کە بە هۆشیارییەوە چیرۆک دەنووسێت و ئەو هۆشیارییەش کردوویەتییە خاوەنی ئەزموون و دنیایەکی تایبەت لەنێو چیرۆکی کوردیدا. لەنێو ئەو تایبەتمەندیەشدا ڕەگەزی "ناوونیشان" لای عەتا ڕەگەزێکە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە. هەروەک چۆن دەکرێت لەسەر ڕەگەزی "پاڵەوان" و "شوێن" و "گێڕانەوە"ش بوەستین. عەتا قەرەداغی لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە: "لەدەقی زیندوودا ناوونیشان دەوری کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەقەکە و شۆڕبوونەوەیە بۆ ئاڕاستە نادیارەکانی"(٢٩). قەرەداغی لە درێژەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە بۆچوونی دیکەش لەسەر ناوونیشان هەیە کە پێی وایە ناوونیشان مانا و پرسیار و جیهانبینی دەقەکە لەخۆیدا چڕ و کۆدەکاتەوە.

لە چیرۆکەکانی "عەتا محەممەد"یشدا بەشێوەیەکی گشتی ناوونیشان بووەتە کلیلێک بۆ چوونە ژوورەوەی دەق و لەبەشێکی زۆری چیرۆکەکانیدا ئەگەر ناوونیشان نەخوێنینەوە، ناتوانین لە دەق تێبگەین، چونکە دەق لە ناوونیشانەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە کۆی کۆدەکانی دەقەکە لەناوونیشانەکەدا چڕکراوەتەوە، یان حەشاردراوە، (بێ گومان ئەم حاڵەتە بۆ ڕۆمانی "گێلاسی خوێن" تایبەتمەندی خۆی هەیە و من پاشتر لێی دەدوێم).

عەتا لە کتێبی (دەستنووسی یەکەم و پەڕتووکی خەون)(٣٠) کە دوو تێکستی ئەندێشەیین لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بڵاوبووەتەوە. گەمەکانی لەگەڵ ناوونیشاندا دەگاتە ئاستێکی تر. ئەو کتێبە ناوی (دەقی ئەندێشەیی) لێنووسراوە، بۆیە هەست بەوە دەکەین نووسەر ئازادانەتر گەمەکانی کردووە و بە پێی بیر و خەیاڵی خۆی نووسەری ئەندێشەیی ئەفراندووە و کتێبی بۆ دروست کردوون و بەرگ و ساڵی چاپیشی بۆ ئامادەکردوون و گفتوگۆی لەگەڵدا سازداون.

لەکتێبی یەکەمدا کە ناوی (دەستنووسی یەکەم)ی هەڵگرتووە، نووسەر چاوپێکەوتن لەگەڵ سێ نووسەردا دەکات (بێ گومان لەڕێی خەیاڵەوە)، تێکستێکی ئەدەبی هاتۆتە بەرهەم). لەم بەشەدا گەمەی ناوونیشان دەگاتە ئەوەی هەر یەکە و خاوەنی کۆمەڵە شیعر و کۆچیرۆک و ڕۆمان بن و هەر یەکە و بەناوونیشانی جیاجیاشەوە، بەڵام ناوونیشانی کتێبەکە مانایەکی ڕاستەوخۆمان ناداتێ، بەڵکو دەکرێت بەو شێوەیە تەوزیفی بکەین کە ئەو "دەقە ئەندێشەییە" بەرهەمی یەکەم دەستنووسی خەیاڵی نووسەرە و هیچی تر.

بەشی یەکەمی کتێبەکە دوو ناوی هەیە ناوێکیان "دەستنووسی یەکەم"ە و ناوی دووەم "کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکانە"، کە پێدەچێت ناوونیشانی دووەم بۆ ڕوونکردنەوەی ناوونیشانی یەکەم بێت بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە تێکست و نووسەرەکان ئەندێشەیین. لەم کتێبەدا نووسەر بیروڕای خۆی لەسەر گەلێک مەسەلەی پەیوەست بە چیرۆکەوە خستۆتەڕوو و یەکێکە لەو تێکستانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا تێکستێکی تاقانەیە.

ئەمبرتۆ ئیکۆ دەڵێت: "دەقی کراوە خوێنەر لە بەرهەمهێنانی مانادا بەشدار دەکات"(٣١). عەتاش لەم دەقە ئەندێشەییەدا خوێنەر بەشداری بەرهەمهێنانی مانا و بەرهەمهێنانی ناوونیشان دەکات، چونکە هەمیشە لەدەقدا کۆمەڵێک بۆشایی ماوەتەوە کە نووسەر بە مەبەست هێشتوویەتییەوە بۆ ئەوەی خوێنەر پڕیان بکاتەوە.

لە بەشی دووەمی هەمان کتێبدا کە ناوی "پەڕتووکی خەون"ە (بێ گومان ئەم دوو کتێبە دوو کتێبی جیاوازن و نازانرێ و ڕوون نییە عەتا بۆ پێکەوە لە کتێبێکدا چاپی کردوون، لەکاتێکدا دوو کتێبی سەربەخۆن) دیسان گەمەی

ناوونیـــــشـــــان زۆر دەبینرێت و بە دووبارە بوونەوەی ناوونیـــشــانی خـەونەکــان، بەڵام ناوونیـــشــانی سـەرەکی هەموویان هیچ نهێنییەکی سەرسامکەری تێدا نییە و ئەوە دەخەنەڕوو کە بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەوەی دەخوێنرێتەوە پەڕتووکی خـەونە. لێـرەدا ناوونیـشـان دەبێـتە یەکـێـک لە ڕەگەزەکانی نێو بنیادی دەق و لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی تردا کارلێک دەکات.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- عـەتا مـحـەمـەد، پاشـمـاوەی خـێـڵـەکـان- چیـرۆک، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای چاپ و پەخـشی سـەردەم، سلێـمـانی (١٩٩٩).**

**٢- عـەتا مـحـەمـەد، زارەکـانی خـەون - چیـرۆک، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی (٢٠٠٢).**

**٣- عـەتا مـحـەمـەد، فـریو و خـۆحـەشـاردان- چیـرۆک، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم زنجیرە(١) سلێمانی (٢٠٠٥).**

**٤- عەتا محەمەد، تیناو چیرۆکە ئەندێشکراوەکان- چیرۆک، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی (٢٠٠٧)، سلێمانی.**

**٥- عـەتا مـحـەمـەد، گـەشـتـە تیـوارەکـانی مـیـر بە تەنیـایدا- ڕۆمـان، لە بڵاوکـراوەکـانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکـردنەوە، ساڵی (٢٠٠٦).**

**٦- عەتا محەمەد، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک- ڕۆمان، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای چاپ و پەخـشی سـەردەم ، سـاڵی (٢٠٠٦).**

**٧- عەتا محەمەد، گێلاسی خوێن- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم زنجیرە(٢٣) سلێمانی (٢٠٠٧).**

**٨- عـەتا مـحـەمـەد (دەستنووسی یەکەم و پەڕتووکی خـەون)، تێکستی ئەندێشەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٣).**

**٩- عـــەتا مـــحـــەمـــەد، تار ژەنی ڕەنگ - حـــیکایەت، لەبڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم زنجیرە(٤٧) سلێمانی (٢٠٠٩).**

**١٠- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای چاپ و پەخـشی سـەردەم، سلێمانی (٢٠٠٦).**

**١١- هەمان سەرچاوە.**

**١٢- د. فـوئاد ڕەشـیـد، دەقی ئەدەبی (ئەدگـار، چێـژ، بەها)، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس ساڵی (٢٠٠٧).**

**١٣- ابراهیم یونسی، کـتـێـبی "هونەری چیـرۆکنووسین"، انتشارات نگاه، چاپ هشتم، ٢٠٠٥.**

**١٤- هەمان سەرچاوە.**

**١٥- نەوزاد ئەحـــمـەد ئەسـوەد، ئەزمـــوونی خـــوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە....**

**١٦- ابراهیم یونسی، کـتـێـبی "هونەری چیـرۆکنووسین"، انتشارات نگاه، چاپ هشتم، ٢٠٠٥.**

**١٧- گابریل گارسیا مارکیز، دەریاوانە خنکاوەکە، و:شێرزاد هەینی، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای چاپ و پەخـشی سـەردەم، سلێمانی (٢٠٠٦).**

**١٨- نەوزاد ئەحـــمـەد ئەسـوەد، ئەزمـــوونی خـــوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە....**

**١٩- کـاروان عـومـەر کـاکـە سوور، سـەدەی یەکـەمی خـەیاڵ- چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران - ساڵی (٢٠٠٤).**

**٢٠- هەمان سەرچاوە.**

**٢١- کـاروان عـومـەر کـاکـە سـوور، مـامـزێر- ڕۆمـان، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم- ساڵی (٢٠٠٨).**

**٢٢- هەورامـــان وریا قـــانیع ،تاریکـتــرین کـۆڵانی شـار- کـۆچیـرۆک، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٥).**

**٢٣- هەورامـــان وریا قـــانیع ،گـەڕانەوەی خـوشکەکـان- کـۆچیـرۆک، لە بڵاوکـراوەکـانی پرۆژەی کـتـێـبی یانەی قـەڵەم، سلێمانی (٢٠٠٨).**

**٢٤- هەمان سەرچاوە.**

**٢٥- هەمان سەرچاوە.**

**٢٦- ئارام کاکەی فەلاح "نووسینەوەی دڕک" کۆمەڵە چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، ساڵی ٢٠٠٧.**

**٢٧- ئارام کاکەی فەلاح، من بە بووکێکی گەورەوە- چیرۆک، گـۆڤـاری هەنار ژمـارە (٣١) ئۆگـەســتـۆز (٢٠٠٨)، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.**

**٢٨- ئارام کـاکـەی فـەلاح، ئەوکـوڕەی لەزۆر کـەس دەچێت- چیـرۆک، گـۆڤـاری ئایندە ژمـارە (٨٠) ئەیلولی (٢٠٠٨) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**

**٢٩- عــەتا قــەرەداغی، گــەڕانەوە لە خـەیاڵەوە بۆ واقـیع، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای چاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمانی (٢٠٠٤).**

**٣٠- عەتا محەمەد (دەستنووسی یەکەم و پەڕتووکی خەون)، تێکستی ئەندێشەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٣).**

**٣١- د. فـوئاد ڕەشـیـد، دەقی ئەدەبی (ئەدگـار، چێـژ، بەها)، لێکۆڵینەوە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (٢٠٠٧).**

# ژوورێک بۆ خۆت

**ڤیرجینیا وۆڵف**
**له فارسییەوە: نەشمیل کرمانج**
**(بۆکان)**

**(١ - ٢)**

لەوانەیە بڵێین ئێمە داوامان لێ کردیت باسی شتێکمان سەبارەت بە ژن و چیرۆک بۆ بکەی- ئەمە چ پێوەندییەکی بە ژوورێک بۆ خۆتەوە هەیە؟ هەوڵ دەدەم ئەمە شی بکەمەوە. کاتێک داواتان لێ کردم سەبارەت بە ژن و چیرۆک بدوێم لە قەراغ چۆمی دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە لە واتای ئەم وشانە. واتای ئەم وشانە بە تێڕوانینێکی سانا دەبێتە کورتەباسێک سەبارەت بە فێنی بۆرنی(١)، چەند وشەیەک لە بارەی جێنی ئاستەن، ڕێزگرتنێک لە خوشکانی برۆنتێ و کورتە باسێک لەمەڕ شوێنی ژیانیان لە هاوورتی(٢) بەفرداگرتوودا، ئەگەریش بکرێ شتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەخاتوو میت فۆرد(٣)، دەربڕینی ڕایەکی ماقووڵانە لە بارەی جۆرج ئیلیەت و ئاماژەکردنێک بەخانمی گەسکێل(٤) و کارەکە دەگاتە کۆتایی، بەڵام بە تێڕوانینێکی تر واتای ئەم وشەگەلە هێندەش ساکار نایەنە بەرچاو. بابەتی ژن و چیرۆک پێدەچێ بە واتای ژن و ساختەچی بوونەکەی بێ، یان لەوانەیە ئێوە بەو واتایە بە کارتان هێنابێت، یان ڕەنگە بە واتای ژن و ئەو چیرۆکەیە دەینووسێ، یان ژن و ئەو چیرۆکەی لە بارەیەوە نووسراوە، لەوانەشە هەر سێ ماناکەی بە جۆرێکی سەیر پێکەوە تێکەڵ بووبن و ئێوە لە منتان ویستووە ئاوا پێیاندا بچمەوە، بەڵام کاتێک بیرم لە سێیەمین واتای کردەوە- بە ڕواڵەت سەرنجڕاکێشترین جۆریەتی- تێگەیشتم تاقە ئاکامێکی مەترسیداری بەدواوە هەیە: ئەویش ئەوەیە کە قەت ناتوانم بە ئاکامێک بگەم. قەت ناتوانم یەکەمین ئەرکی گوتاربێژێک بەجێ بێنم و پاش کاتژمێرێک قسەکردن، دەنگی حەقیقەتی ڕووتتان بخەمە بەردەست تاوەکو بیخەنە ناو پەڕەی دەفتەرەکانتانەوە و بۆ هەتا هەتا لەسەر تاقە هەڵیگرن. ئەو شتەی کە لە دەستم دەهات ئەوەبوو کە ڕای خۆم سەبارەت بە خاڵێکی بچووک دەربڕم- ژنێک وا دەیەوێ چیرۆک بنووسێ دەبێ پوولێک و ژوورێکی بۆ خۆی هەبێ، ئەم کارەش بەو جۆرەی کە پاشان دەیبینن کێشە گەورەکەی ماهییەتی ژن و ماهییەتی ڕاستەقینەی چیرۆک هەروا بێ چارەسەر دەهێڵێتەوە. من ئەرکی بەئاکام گەیشتنم لەم پرسەدا بەجێ نەهێناوە- ژن و چیرۆک هێندەی پێوەندی بە منەوە هەبێ کێشەگەلێکن بەبێ چارەسەر دەمێننەوە، بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوەی هەوڵ دەدەم بۆتان ڕوون بکەمەوە چۆناوچۆن بەم ڕایە گەیشتم سەبارەت بە پوول و ژوور. هەوڵ دەدەم ئەوەندەی بۆم بلوێ لای خۆتان ئەو فیکر و خەیاڵانە بە تێروتەسەلی و بە ئەوپەڕی ئازادییەوە شی بکەمەوە وا منیان گەیاندە ئەم ڕایە. ڕەنگە ئەگەر ئەو بیروڕا و دەمارگرژییانەی وا لە پشت ئەم بیرۆکەیەدان ڕوون کەمەوە، تێ بگەن کەوا بە جۆرێک لەگەڵ ژن و بە جۆرێکیش لەگەڵ چیرۆک پێوەندییان هەیە. هەرچۆنێکە ئەو کاتەی بابەتەکە باس ورووژێنە- وەک گشت بابەتە پێوەندیدارەکان بەجنسییەتەوە- نابێ بە هیوای گوتنی حەقیقەت بێ، هەر ئەوەندە نەبێ کە ڕوونی کەیتەوە چ شتێک بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بیرۆکەیە بیچم بگرێت. هەر دەتوانی ئەو هەلە بۆ بەردەنگەکانت بڕەخسێنی کە،



**ڤیرجینیا وۆڵف**

بە لەبەرچاوگرتنی سنوورەکان و دەمارگرژییەکان و تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسی گوتاربێژ، بۆ خۆیان بگەن بە ئاکام. لێرەدا چیرۆک باشتر لە ڕاستەقینە دەرەقەتی بەیانکردنی حەقیقەت دێت. کەواتە بە دەستەودامێن بوونی گشت ئازادی و هەڵبژاردنەکانی ڕۆماننووسێک، دەمەوێ چیرۆکی دوو ڕۆژ بەر لە هاتنم بۆ ئێرەتان بۆ بگێڕمەوە. ئەوەی کەوا چۆن شانم دا بەر ئەو ئەرکەی پێتان سپاردووم؛ چۆن کەوتمە بیر لێکردنەوەی و چلۆن لە ژیانی ڕۆژانەمدا لەگەڵی جینگڵم دا. پێویست ناکا بڵێم ئەو شتەی شی دەکەمەوە بوونێکی دەرەکی نییە؛ ئۆکسبریج(٥) ناوێکی نێو چیرۆکە، فرێنهامیش(٦) هەروەتر؛ «من» تاقە وشەیەکی گونجاوە بۆ ئەو کەسەی بوونێکی دەرەکی نییە. درۆم لەزار دێتەدەر، بەڵام لەوانەشە حەقیقەتگەلێکی تێدابێ؛ ئەوە لەسەر ئێوەیە ئەم ڕاستەقینانە ببیننەوە و بڕیاریان لەسەر بدەن. ئایا هیچ کامیان شایانی ئەوەن ڕایگرن، یان نا؟ ئەگەریش بایەخیان نەبوو، دەتوانن گشتیان فڕێ دەنە ناو زبڵدانەوە و لەبیریان بەرنەوە.

کەواتە من یەک، یان دوو حەوتوو لەمەوبەر لەناو هەوای خۆشی ئۆکتۆبەردا نوقمی ناو فیکر و خەیاڵات بووم (ناوی مێری بێتون(٧)، مێری سیتۆن(٨)، مێری کارمایکێل(٩)، یان هەر ناوێکی دیتان پێ خۆشە لە سەرم دابنێن- ئەم شتە زۆر گرنگ نییە) لە پەنا چۆمی دانیشتبووم. ئەو تەوقە (یان ئەرکە) وا بۆم باس کردن- ژن و چیرۆک- و بە ئاکام گەیشتنێکی پێویست لەم پرسەدا کە هەموو چەشنە دەمارگرژی و هەیەجانێک دەورووژێنێ، ملمی تا عەرزی دانەواندبوو. لەلای ڕاست و چەپمەوە چڵی گوڵی ئاڵتوونی و ئەرخەوانی بریقەیان دەهات و تەنانەت لەوەش دەچوو لەبەر گەرمان، یان بە ئاور سووتابن. لە لایەکی ترەوە شۆڕەبییە هەمووکات تازیەدارەکان دەگریان و پرچیان بەسەر شانیاندا بڵاو ببووەوە. چۆمیش بە ئیشتیای خۆی وێنەی ئاسمان و پرد و درەختە گڕگرتووەکانی پیشان دەدا، کاتێ خوێندکارێک بە گەمییەکەیەوە بە سەوڵ لێدان لەنێوان ئەم وێنانەوە تێدەپەڕی دیسان یەکیان دەگرتەوە، وەک بڵێیت ئەو هەر قەت نەشبووە. لەوێ دەکرا چەند کاتژمێر لە خۆتدا نوقم بی. هزر- ئەگەر شایانی ئەم ناوە بەشان و شکۆیە بێ- پەت و قولابەکەی خۆی هاوێشتبووە ناو چۆمەکە. قولابەکە دەهات و دەچوو، سات بە سات، لێرەو لەوێ لەنێو وێنە و گیایەکاندا، لێدەگەڕا ئاوەکە بیهەژێنێتەوە سەرێ و بیباتەوە بنەوە، تا- ئەو ڕاکێشانە بچووکەی وا دەزانن- ئەو هەڵقولاڵنە لە کوتوپڕەی هزر بە قولابەکەوە بوو؛ پاشان بە ئەسپایی هەڵکێشانەکەی و بە هێوری لەسەر عەرزی دانانەکەی؟ مەخابن ئەو بیرۆکەیەی من وا ئێستاکە لەسەر چیمەنەکە دانرابوو، چەندە بێ نرخ وەبەر چاو دەهات، چەندە بێ بایەخ؛ لەو ماسییانە دەچوو وا ماسیگری بە ئەزموون دەیخاتەوە نێو ئاو، بەهیوای ئەوەی قەڵەوتر بێت و ڕۆژێ لە ڕۆژان بەکاری برژاندن و خواردن بێ. بە گێڕانەوەی ئەو فیکرەوە سەرتان نائێشێنم، هەرچەندە ئەگەر سەرنج بدەن، لەوانەیە خۆتان لە ناو قسەکانی ئەمڕۆکەمدا ببیننەوە.

بەڵام ئەو بیرۆکەیە، هەرچەندیش سووک بێ، تایبەتمەندییەکی ڕەمزاوی لە جۆری خۆی هەبوو- هەرکە دەکەوتەوە ناو زەین، گرنگ و هەست وروووژێن دەبوو؛ لە هەمان کاتدا کە وەدەر دەکەوتەوە و دەسووڕاوە و سەری بەم لاو بەولادا دەکرد، هەراو هەڵلایەکی فیکری وای ساز دەکرد کە ئۆقرەی لێ دەگرتی. کە وەخۆ هاتمەوە دیتم ئەوە خەریکم بەخێراییەکی زۆر بەسەر چیمەنەکەدا تێدەپەڕم. دەستبەجێ قەڵافەتی کابرایەکم لێ پەیدا بوو تاوەکو ڕامگرێ. سەرەتا نەمزانی ئەو قەڵافەتە سەیرە بەو جلوبەرگە یەکسەرە فەرمییەیەوە ئاماژە بە من دەکات. لە دەموچاوی ترس و تووڕەیی دەباری. غەریزەم لە جیاتی بەڵگەهێنانەوە، وەفریام کەوت. ئەو مەئموور بوو منیش ژن. ئەمە چیمەن بوو، ئەوی دیکەش ڕێگە. هەر ئەندامان و لێکۆڵەران ڕێی کەڵک وەرگرتن لەم شۆێنەیان پێ دراوە؛ من دەبێ بەو ڕێگە خیزەڵانەدا بڕۆم. ئەم بیرۆکانە خێرا بە مێشکمدا تێپەڕین. کاتێ گەڕامەوە ڕێگە خیزەڵانەکە، دەستەکانی کابرا نیشتنەوە و دەموچاوی ئارام بووەوە، هەرچەندە ڕۆیشتن بەسەر چیمەنەکەدا خۆشترە لە ڕۆیشتن بەسەر خیزەڵانەکەدا، زەرەرێکی زۆری

لێ نەدرابوو. تاقە تۆمەتێک کە دەمتوانی بیخەمە پاڵ ئەندامان و لێکۆڵەرانی هەر کۆلێژێکی دەچووم، ئەوە بوو وا لەبەر ئاگاداری کردنی چیمەنێک کە سێ سەد ساڵی رەبەقە لەسەر عەرزیە ماسییە بچووکەکەی منیان رەپێ ناوە.

ئیتر وەبیرم نەدەهاتەوە چ بیرۆکەیەک ئاوا ئازایانە پاڵی بەمنەوە نابوو بێ ئیزن وە ژوور کەوم. روحی سولّح و ئارامشت وەک هەورێک لە ئاسمان دارژا خوارێ، چونکە ئەگەر روحی سولّح مەنزلێکی هەبێت، ئەوە دەبێتە حەوش و حەسارە چوار سووچەکانی ئاکسبریج لە بەرەبەیانێکی ئۆکتۆبەردا. لەکاتی پیاسەکردن بە نێوان ئەو پەیمانگەیانە و تێپەرین لە پەنا ئەو هۆڵە قەدیم و کۆنانەدا لەوە دەچوو نا رێکوپێکی زمانی حاڵ رێکوپێک بووبێ؛ وەک بڵێی قەفەسەیەکی شووشەی موعجیزە ئاسا وایە هیچ دەنگێکی لێوە ناچێتە ژوور جەستەی مرۆڤی داگرتبێ، زەین، لە گشت جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ راستەقینەکان دەرباز ببوو (مەگین جارێکی تر سەرپێچی کردبایە و گەرابایەتەوە ناو چیمەنەکە) دەستی ئاواڵە بوو تاوەکو لە هەرشتێک رامێنێ وا لەگەڵ ساتدا دەسازا. بە هەڵکەوت، بیرەوەرییەکی کۆنی نامیلکەیەکی قەدیمی سەبارەت بە دیداری دووبارە لە ئاکسبریج لە تەحتیلاتێکی زۆردا وە بیر (چارلز لەمب)م(١٠) دەخاتەوە.- وا (تەکری)(١١) نامەکەی خستبووە سەر نێوچاوانی و پێی کوتبوو قددیسی چارلز. ئەوەی راستە لەنێو هەموو کۆچکردووەکاندا (فیکرەکانم هەر بەو چەشنەی دەهاتنەوە یادم بۆ وە دەگێرمەوە) لەمب یەکێکە لە باشترینەکانیان، پێت خۆشبوو لێی بپرسی، چاکە پێم بلێ بابزانم ئەو نامیلکانەت چۆن نووسیون؟ بیرم لەوە کردەوە کە نامیلکەکانی ئەو تەنانەت لە نامیلکەکانی (مەکس بیربۆم)(١٢)یش کە زۆر تەواو و پوختن، باشترن؛ لەبەر ئەو پریشکە لە ناکاوانەی خەیاڵ، ئەو برووسکەی مرخ و توانایییەی وا عەیبدار و ناتەواو، بەڵام پر لە ئەستێرەی شیعری دەکات. لەمب رەنگە سەد ساڵ لەوە پێش هاتبێتە ئاکسبریج، بە دڵنیاییەوە نامیلکەیەکی نووسی- ناوەکەیم وەبیر نایەتەوە- سەبارەت بە دەسنووسی دانەیەک لە شیعرەکانی (میلتۆن)(١٣) وا لێرا دیبووی. لەوانەیە شیعری (لیسداس)(١٤) بووبێ؛ لەمب نووسی بۆی زۆر جێگەی سەرسورمان بووە کە وشەیەک توانیویەتی لە لیسداسدا لەگەڵ ئەو شتەی وا هەیە جیاوازی هەبێت. هێنانە بەرچاوی ئەوەی کە میلتۆن وشەکانی ئەو شیعرە دەگۆرێ بە تاوان هەژمارد بوو. ئەم شتە بووە هۆی ئەوەی هێندی بۆم بکرێ هۆنراوەی لیسداس وەبیر خۆم بێنمەوە و خۆم بەو مەزندە و گومانانەوە سەرقاڵ بکەم کە میلتۆن چ وشەیەکی گۆریوە و بۆچی. پاشان بە زەینمدا هات ئەو دەستنووسەی لەمب دیبووی بەقەرا چەند میتر لە من دوورە، کە واتە دەکرا بە دووی لەمبدا لەو حەوشە چوار سووچەوە تێپەری و بچییە ئەو کتێبخانە بەناوبانگەی وا ئەم گەنجینەیەی ناوبراوی تێدا دەپارێزرێ. جگە لەوە بەدەم جێبەجێ کردنی پیلانەکەمەوە وەبیرم هاتەوە کە دەسنووسی (ئیزمۆندی)(١٥) تەکریش هەر لەوێ راگیراوە. رەخنەگران زۆرجار دەڵێن کە ئیزمۆند باشترین رۆمانی تەکری بووە، بەڵام هێندی وەبیرم بێت، دەستکردی بوونی شێواز و کۆتوبەندەکانی سەدەی هەژدەم تێکدەری خوێندنەوەکەی دەبوو؛ مەگین کە شێوازی سەدەی هەژدەم شتێکی ئاسایی بووبێ لای تەکری- ئەمە راستەقینەیەکە کە دەکرێ بە چاو لێکردنی دەستنووسەکە و پێداچوونەوەی ئەوەی کە ئەم گۆرانکارییانە بە قازانجی شێوازەکە بووە، یان مەعناکەی بیسەلمێنی، بەڵام ئەو کات دەبێ بریار بدەین لەسەر ئەوەی شێواز چییە و واتا کامەیە، ئەو پرسیارەی کە- بەڵام ئیتر ئێستاکە لەبەر دەرکەی چوونە ژوورەوەی کتێبخانەکە بووم. بەدڵنیاییەوە کردبوومەوە، چۆن دەستبەجێ ئاغایەکی دلۆڤان و ریش سپی و قەڵس وەک فریشتەیەکی نیگەهبان کە لە جیاتی باڵە سپییەکانی بە راوەشاندنی جلە رەشەکانی رێگە لەبەردەممدا دەگرێ، شین بوو بەدەم ئەوەی کە بەرەو دواوە پاڵی پێوە دەنام بەسووکی عوزرمایی خواست و گوتی کە خانمەکان دەبێ لەگەڵ یەکێ لە ئەندامانی زانکۆ بن، یان پسوولەیان پێ بێت جا ئیزنی هاتنە ژوورەوەیان هەیە.

جنێودانی ژنێک بە کتێبخانەیەکی بەناوبانگ هەر لەگەڵ گوێ پێ نەبزووتنی ئەو کتێبخانە بەناوبانگە بەرانبەر دەبێتەوە. بەوپەری لەسەرەخۆیی و خۆراگرییەوە، لەکاتێکدا گشت گەنجینەکانی لەناو دڵیدا راگرتووە و لەوێدا بەستوونیەتەوە، بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە دەنوێ و ئەوەندەی پێوەندی بە منەوە هەیە، هەتا هەتایە لە خەودا دەبێت. بەدەم ئەوەی کە بەتوورەییەوە لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارێ سوێندم خوارد ئیتر قەت ئەو خەوە تێک نەدەم. ئیتر قەت چاوەروانی میوانداررییان لێ نەکەم. هێشتا کاتژمێرێکی مابوو بۆ شیوی نیوەرۆ؛ دەبوایە چیم بکردبایە؟ لە سەوزەڵانەکەدا پیاسەم بکردایە؟ لەپەنا چۆمی دابنیشتبایەم؟ بێ گومان بەیانییەکی پاییزی جوان بوو؛ گەڵای دارەکان لەم لاو لەو لاوە بارانێکی سووریان بەسەر عەرزیدا دەباراند؛ هیچ کام لەو دوو کارە هێند گران نەبوون، بەڵام دەنگی مۆسیقام هاتەگوێ. جەژنێک، یان ئاهەنگێک بەرێوە دەچوو. کە لە پەنا دەرکەی کلێساکەوە تێپەریم، ئۆرگەکە دەنگێکی بەشکۆی لێوە

هات. لەو کەشە هێمنەدا، تەنانەت پەژارەی مەسیحیەتیش پتر لە بیرەوەرییەک لە پەژارە دەچوو تاوەک لە خۆی بچێ. تەنانەت دەتگوت گازندەکانی ئۆرگی کەون ئاراش پەردەی سولحیان تێوە پێچراوە. ئەگەر مافی چوونە ژوورەوەشم هەبوایە، پێم خۆش نەبوو بچمە ژوورێ؛ ئەم جارەیان لەوانە بوو خزمەتکاری کلێسا بەرم پێ بگرێ و بۆ وێنە داوای بەڵگەی غوسڵی تەعمیدم (پاک و خاوێنی ئایینی) لێ بکات، یان پسوولەیەکی بەرپرسی زانکۆ، بەڵام دەرەوەی ئەم شوێنە بە شکۆیانە زۆر جاران بەقەرا ژوورەوەیان خۆشە. جگە لەمە چاولێکردنی جەماوەر لە کاتی چوونە ژوور و هاتنە دەر، جموجووڵیان لەبەر دەرکی کلێسا، وەک کۆبوونەوەی مێش هەنگوین لە بەردەمی کەندوودا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. زۆریان کڵاویان لە سەردا و عەبایان لەبەردا بوو. هەندێکیان شاڵی پێستەیان بەسەر شاندا دابوو هەندێکی تر لەسەر کورسی تەگەردار دانیشتبوون؛ ئەوانی تر هەرچەندە هێشتا پیر نەببوون، چرچ ببوون و شکابوونەوە و قیافەیەکی هێندە سەیریان بوو، مرۆڤیان وەبیر ئەو قرژاڵە زەبەللاحانە دەخستەوە وا زۆر بەزەحمەت بەسەر زیخی ئاکواریۆمدا دەڕۆن. هەروا کە بە دیوارەکەوە پاڵم دابووەوە، بە زەینمدا هات کە لە ڕاستیدا زانکۆ شوێنێکە بۆ پاراستنی چەشنە دەگمەنەکان، ئەو چەشنانەی ئەگەر ناچار بن بۆ مانەوەی خۆیان لە پیادەڕەوی شەقامی ئێسترەند(١٦) بجەنگن، زۆر زوو تێدا دەچن. وەبیر چیرۆکە لەمێژینەکان سەبارەت بە سەرۆکە کۆنەکانی زانکۆ کەوتمەوە، بەڵام هێشتا ورەی فیتو لێدانم نەهاتبووە بەر- دەیانگێڕاوە پرۆفیسۆر...ی پیر بە فیقەی فیتووەکە دەستبەجێ غاری دەدا- کە ئیتر خەڵکە بەڕێزەکە چووبوونە ناو کلێساکەوە. دەرەوەی کلێسا لەجێی خۆی ڕاوەستاوبوو. هەروەکی دەزانن، گومبەزی و بورجە بەرزەکانی، لە کەشتییەکی گەڕۆک دەچن وا هەموو کات لە سەفەردایە و قەت ناگاتە جێ، شەوانە ڕوون دەکرێن و تا چەند کیلۆمەتر ئەولاتر و لە دوور دوورەوە لەو بەری گردەکانیشەوە، هەر دەبینرێن. لەوانەیە ڕوژگارانێک ئەم حەسارە چوار سووچە بەو چیمەنە ڕێکوپێکانەشییەوە، بەو ساختومانە گەورە و کلێسایەشییەوە، زەلکاو و باتلاخ بووبێ، شوێنێک وا گژوگیایەکانی شەپۆلیان داوە و بەراز لێی لەوەڕاون. بیرم لەوە کردەوە کە حەتمەن ئەسپ و کەڵ، جووت جووت و دەستە دەستە، بە ئەرابە بەردیان لە وڵاتانی دوورەوە هێناوە و پاشان ئەم بلۆکە خۆڵەمێشییانە وا هەنووکە لەبەر سێبەرەکەیان ڕاوەستاوم، بەکار و هەوڵێکی بێ وچان بە ڕیز لەسەر یەک داندراون، پاشان شێوەکاران شووشەی پڕ لە نەخشونیگاری پەنجەرەکانیان هێنابوو و بەنناکانیش چەند سەدە لەسەر ئەو بانە بە سیمان و سمیت و پێمەڕە و ماڵە خەریک بوون. حەتمەن هەر شەممەیەک و کەسێک زێڕ و زیوی لە ناو جانتایەکی چەرمەوە هاویشتووەتە ناو پەلە قەڵەشاوەکانیان، لەبەروەی ڕەنگە شەوی شەممەیان، کاتی کایە و ئاوجۆ خواردنەوەیان بووبێ. بیرم لەوە کردەوە لەوانەیە ڕووبارێکی بێ کۆتایی لە زێڕ و زیو بەردەوام لەم حەوشەدا هاتبێ و چووبێ تاوەکو بەردەکان یەکڕیز بن و بەنناکان بەردەوام کار بکەن، ڕێکوپێکی کەن، ئاوەڕۆ هەڵکەنن و قووڵی کەن و ئاو هەڵگوێزن، بەڵام ئەو کات سەردەمی ئیمان بوو و پارەیەکی زۆر بەرەو ئێرە دەهات، تاوەکو ئەم بەردانە لەسەر بناغەیەکی قایم دابنێن، ئەو کاتەی دیوارەکان هەڵدەچنران، دیسانەوە پوولێکی پتر لە لایەن خەزێنەی شایەکان و شاژنەکان و نەجیبزادەکان بەرەو ئێرە دەهات تا دڵنیابن لەوەی کە لێرە سروودی ئایینی دەچڕن و مامۆستایان وانە دەڵێنەوە. زەوی و زارێکی زۆریان پێ دەبەخشرا وماڵیاتیان دەدرایە. ئەو کاتەی سەردەمی ئیمان کۆتایی پێ هات و سەردەمی ئاوەز سەری هەڵدا، هێشتا هەر هەمان زێڕ و زیوەکە لەگۆڕێدا مابوون؛ کورسیگەلی لێکۆڵینەوە دانران، کورسی ئوستادی دامەزرا؛ ئەم جارەیان ئیتر زێڕ و زیو نەک لەخەزێنەی شاهانەوە، بەڵکو لەناو سندووقی بازرگانان و بەرهەمهێنەرانەوە بەرەو ئێرە دەهات، لە توورەکەی ئەو پیاوانەی وادەکرێ بڵێین پارەیەکی زۆریان بە پیشەسازی کۆکردبووەوە و لە ناو وەسیەتنامەکانیاندا بەشێکی زۆریان دەداوە بەو زانکۆیەی پیشەکەی خۆیانی لێ فێر ببوون، بۆ ئەوەی کۆرسێکی زیاتر بۆ لێکوڵینەوە و وانە گوتنەوە دابمەزرێنن. ئا لێرەوە کتێبخانەکان و تاقیگاکان و ڕەسەدخانەکان دامەزران؛ کەلوپەلێکی بێ وێنە و کەرەستەیەکی گرانبەها و ناسک وا ئێستاکە لەناو قەفەسەی شووشەدان، لەو شوێنەی چەند سەدە لەوەوپێش گژوگیا شەپۆلیان دەداو بەراز دەلەوەڕان. بەدەم پیاسەکردنەوە، بە زەینمدا هات کە بناغەی زێڕ و زیو خاترجەم بەڕادەیەکی پێویست قایم بووە؛ سەنگفەرشە پتەوەکەی پیادەڕەوەکە گیاکێوییەکانی داپۆشیبوو. پیاوانی کەشەف لەسەر سەر بەپەلە لەپلیکانێکەوە بۆ پلیکانێکی تر دەچوون. خونچە ڕەنگاو ڕەنگەکان لە ناو گوڵدانی بەر پەنجەرەکان پشکوتبوون. دەنگی خڕەخڕی زۆری گرامافۆنەکە لە دیوەکانەوە دەهات. ئاستەم بوو مرۆڤ نەکەوێتە فیکرەوە- ئەو فیکرە هەرچییەک بوو، لەپڕ تێکدرا. دەنگی کاتژمێرەکە هات. کاتی ئەوە بوو ڕێگەی خواردنگە ببینمەوە.

سەیرە ڕۆماننووسەکان بە شێوازی خۆیان بەوەمان قایل دەکەن ئەو شتەی وا هەمووکات خواردنی شێوی نیوەڕۆمان لەیاددا دەهێڵێتەوە، یان قسەیەکی خۆشی کەسێک، یان کاری سەرنجڕاکێشی کەسێکە، کەچی بەدەگمەن بە وشەیەک باسی ئەو شتە دەکەن کە خوراوە. ئەمە بەشێک لە نەریت و ڕێوشوێنی کاری ڕۆماننووسە وا ئاماژەیەک بە شۆربا و ماسی قزل ئالا و مراوی نەکا، هەر دەڵێی شۆربا و ماسی قزل ئالاو مراوی گرینگییەکیان نییە، هەر دەڵێی قەت کەس جگەرەی نەکێشاوە، یان شەرابی نەخواردووەتەوە، بەڵام من لێرەدا ڕێی ئەوە بە خۆم دەدەم ئەم نەریتە تێکدەم و پێتان بڵێم وا لەم بارودۆخە تایبەتەدا خواردنەکە بە ماسییەکی سۆل لە دەورییەکی قووڵدا دەستی پێ کرد کە چێشتلێنەری کۆلێژ تەواوی بە سۆسی سپی سواغ دابوو، جگە لەچەند پەڵەی قاوەیی وەک پەڵەی لاشانی مەڕە کێوییەکی مێ کە سۆسە سپییەکەیان لەم لاو لەو لاوە قاوەیی دەکرد. پاشان نۆرەی کەو هات، بەڵام ئەگەر ئەم قسەیە چەند باڵندەیەکی ئاوەپڕوزی قاوەییتان لەسەر بڵوتێک دەخاتەوە یاد، زۆر خراپ بە هەڵەدا چوون. کەوێکی زۆر و جۆراوجۆر لەگەڵ کۆڵێک شتی دیش، سۆس و سالاد، بەتامی تیژ و شیرین، بە ڕیز لەسەر مێز دانران؛ پەتاتەکەی ناسک وەک لیرە، بەڵام نەک هێندە ئەستوور؛ کەلەمە سوورەکەی وەک گوڵەباخ بادرابوو، بەڵام پتەوتر. هێشتا کەوی برژاو تەواو نەببوو کە پیاوێکی خزمەتکاری بێ دەنگ، لەوانەیە هەمان مەئمووری چیمەنەکان بێت بە ڕواڵەتێکی هێمنترەوە، دیسێرێکی لە ناو دەسرەی سوفرەکەدا لەبەر دەمی ئێمە دانا کە ئەگەر ناوی پودینگی لەسەر دانێین و لەئاکامدا بیبەستینەوە بە برینج و نیشاستەوە، ئەوە سووکایەتی پێ دەکرێ. لەم نێوانەدا پیاڵەی شەرابی زەرد و سوور بەتاڵ دەکران و پڕ دەبوونەوە. بەم جۆرە تا نێوەڕاستی بڕبڕەی پشت کە ڕوحی تێدایە ڕوون دەبووەوە؛ مەبەست ئەو تیشکە کارەباییە تۆسنە نییە وا پێی دەڵێین ڕووناکایی و لە زارمانەوە بەرەو ناخمان، یان دەرەوە دەچێ، بەڵکو ئەوە بریسکەیەکی قووڵترە، کەمتر هەستی پێ دەکرێت و شاراوەترە، بڵێسەی زەرد و گیانلەبەری دواندنی ئاوەزمەندانەیە. پەلەیەکی ناوێ، هەراوهۆریایەکی ناوێ. نایەوێت کەسێکی تر بیت. ئێمە هەموومان دەچینە بەهەشت و ڤاندایکیشمان لەگەڵە(١٧). بە واتایەکی تر، ژیان زۆر خۆش و بەرچاو دەهات، خەڵاتەکانی زۆر جوان و شیرین بوون، ئەم دڵتەنگی و ئەو تاسەیە زۆر بچووک و هیچە کە بوو، هاوڕێیەتی و قسەکردن لەگەڵ کەسێکی وەک خۆت زۆر پڕ بایەخ بوو، هەر وەک داگیرسانی جگەرەیەکی باش و خۆدادان بەسەر کۆسەنەکانی پەنا پەنجەرەکە.

ئەگەر لە نوور و نێوچاوانەکەم ژێرسیغارەکەم لەبەر دەستدا بوایە، ئەگەر لەبەر بێ ژێرسیغاری خۆڵی سیغارەکەم لە پەنجەرەکەوە نەکردایەتە دەر، ئەگەر بارودۆخەکە بڕێک لەگەڵ ئەوەی کە بوو جیاوازی بوایە، ڕەنگە ئەو پشیلە کلک بڕاوەم نەدەدی. دیتنی ئەو ئاژەڵە سەیر و بەپەند بووە کە بێ دەنگ لەو حەسارە چوار سووچەدا دەگەڕا، بە هەڵکەوت بووە هۆی تێگەیشتنێکی ناخودئاگا و هەستی منی گۆڕی. وەک ئەوەی کەسێک پەردەیەکی لا دابێ. لەوە دەچوو کاریگەری ئەو شەرابە باشە وردە وردە بەرەو تەواوی بڕوا. بەدەم چاو لێکردنی ئەو پشیلە کلک قرتاوەوە وا لە نێو چیمەنەکەدا ڕاوەستابوو- لەوە دەچوو ئەویش لەم جیهانە بەشک بێ- پێم وابوو شتێک کەمە، جیاوازە. هەر وا کە گوێم بۆ قسەکان ڕادەگرت، لە خۆمم پرسی چ شتێک کەمە و چی جیاوازە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبوو خۆم لە دەرەوەی ئەم ژوورە وەبەر چاو بهێنابایە، لە ڕابردوویەکی کۆندا، لە واقیعی بەر لە جەنگدا؛ دیمەنی میواندارییەکی نیوەڕۆی ترم وەبەر چاوم هێنابایەتەوە وا لە شوێنێکی نزیکی ئێرە، بەڵام جیاواز بەڕێوە چووبوو. هەموو شتێک جیاواز بوو. لەم نێوانەدا، ئاخاوتنی میوانەکان کە زۆر بوون و گەنج، هەندێکیان لەم ڕەگەز و هەندێکیان لە ڕەگەزێکی تر، درێژەی پێ درا، بە ئاسانی بە سەرخۆشی، بە ئازادی بە دەم گاڵتە و پێکەنینەوە. هەروا کە ئەم ئاخاوتنە لە گۆڕێدا بوو، من لەگەڵ ئاخاوتنەکەی تر بەرئاوردم کرد، بەم بەرئاورد کردنە دڵنیا بووم لەوەی کە یەکیان لە ڕەگەزی ئەوی تر و میراتگری بەرحەقی ئەوی تر بوو. شتێک نەگۆڕدرابوو؛ شتێک نەگۆڕدرابوو مەگین-لێرەدا بەدڵ و بە گیان نەک بۆ ئەو شتەی دەگوترا، بەڵکو بۆ دەنگی ئەو بزاڤەی وا لە پاشیەوە بوو گوێم ڕادەگرت. بەڵێ، هەر ئەوە بوو- گۆڕانکارییەکە لێرەدا بوو. بەر لە جەنگ، لە میوانداریيەکی ئاوەهادا، خەڵکی هەر ڕاست ئەم قسانەیان دەکرد، بەڵام قسەکانیان هەوایەکی تری هەبوو، چونکە لەو ڕۆژانەدا سۆز و نارەنارێکی لەگەڵ بوو، ویرەویرێک وا لێی حاڵی نەبی، بەڵام ئاوازدار و هەیەجان هێنەر، وا بایەخی خودی وشەکانی دەگۆڕی. ئایا کەس پێی دەکرا بەرگی کەلام بەبەر ئەو نارە نارەدا هەڵبکێشێ؟ لەوانەیە بە هاریکاری شاعیران بکرابایە. کتێبێکم لەپەناوە بوو، هەڵم داوەو زۆر بە هەڵکەوت چاوم بە شیعرێکی تنیسۆن کەوت. دیتم ئەوا تنیسۆن بە هەرا و گۆرانی دەیڵێت:

**لە گوڵە ساعەتییەکەی بەر دەروازەکەوە**

**دڵۆپە فرمێسکێکی بەشکۆ کەوتە خوار.**
**ئەو دێت، کۆترەکەی من، خۆشەویستەکەی من**
**ئەو دێت، ژیانی من، چارەنووسی من**
**گـوڵەباخ هاوار دەکـات: «نزیک بووەتەوە، نزیک بووەتەوە»**
**گوڵی ڕۆزی سپی دەناڵێنێ: «وەدرەنگ کەوتووە»**
**زمـان بە دزییـەوە گـوێ ڕادەگـرێ: «دەیبیـستم، دەیبیستم»**
**سۆسنە دەسرتێنێ: «چاوەڕوان دەبم.» (١٨)**

ئایا ئەمـە هەر ئەو شـتـە بوو وا پیـاوان لە میـواندارییەکانی نیوەڕۆی بەر لە شەڕ ویرەیان دەکرد؟ وە ژنان؟

**دڵی من چەشنی باڵندەیەکی گۆرانیبێژە**
**وا لە نێو نەمامێکی تازە ئاو دراودا هێلانەی کردووە**
**دڵی من چەشنی دارەسێوێکە**
**وا بەری زۆر چڵەکانی شۆڕ کردووەتەوە**
**دڵی من چەشنی سەدەفێکی ڕەنگاوڕەنگە**
**لە ناو زەریایەکی هێمندا**
**دڵی من لە گشت ئەمانە خۆشترە**
**لەبەر وەی ئەوینەکەم هاتووەتە لام(١٩).**

ئایا ئەوە هەر ئەو شتـە بوو وا ژنان لە مـیـوانییـەکـانی نیوەڕۆی بەر لە شەڕدا لەبەر خۆیانەوە دەیان گوتەوە؟

هێندەم هێنـانە بـەر چاوی ئـەوەی کـە خـەڵک لەمیواندارییەکانی بەر لەشەڕ، ئەگەر لەبەر خۆشیانەوە بێ ئەم شـتـانەیان ویرە ویر کـردووە پێ قـوڕ بوو کـە وەپێکەنین کەوتم ناچار بووم پاساوی پێکەنینەکەی خۆم بە ئاماژە کـردن بەو پشـیلە کلک قـرتاوە بدەمـەوە. ئەو بەستەزمـانە، بێ کلک، لە نێـو ئەو سەوزەڵانەدا هەر بە ڕاست کەمێک سەیر وەبەر چاو دەهات. بڵـێی ئەوە هەر ئاوا لە دایک بووبێ، یان کلکی لە کـارەسـاتێکدا لە کـیس چووبێ؟ هەرچەندە هەمـووان دەڵێن پشـیلەی بێ کلک لە ئایل ئاف مەن( ٢٠ ) هەیە، لەو شتەی کە ئێمـە پێمان وایە نایاب ترە. ئاژەڵێکی سەیر و سەمەرەیە. پتر کەم وەدەست دەکـەوێ تاوەکـو جـوان بێ. سـەیرە کلک چ جیـاوازییـەک سـاز دەکـات- لەو قـسـانەی خـەڵـک لە کۆتایی میوانداریەکانی نیوەڕوان دەیکەن، بەدەم گەڕان بەدووی کۆت و کڵاوەکانیاندا.

ئەمـەیان لـەبەر بەدەوردا هاتنی زۆری خـانەخـۆی، تا ئێوارەی پێ چوو. وردە وردە ڕۆژێکی جوانی ئۆکتۆبەر ون دەبوو، ئەو کاتەی بە شەقامدا تێدەپەڕیم گەڵای دارەکان دەکەوتنە سەر عەرزی. بەدەم تێپەڕین لە نێویانەوە، لەوە دەچوو دەروازەکان یەک بە دووی یەکتردا قایم و هێور بە دوومدا دادەخرێن. مەئموورانێکی بێ ئەژمار کلیلێکی بێ ئەژماریان دەخستە ناو قوفڵگەلێکی ڕۆن لێدراوەوە؛ خـەزێنە بۆ شـەوێکی تر ئەمن دەبووەوە. شـەقـامـەکـە بە جـادەیەک کـۆتایی پێدێ- ناوەکـەیم لە بیـر چووەتەوە- ئەگـەر ڕاست بایدەیەوە دەتگەیەنێـتـە فـرێنهـام، بەڵام دەرفـەت زۆر مابوو. تا کـاتژمـێر حـەوت و نیـو چاوت بە شێـوی شـەو نەدەکـەوت. پاش نیـوەڕۆخـوانێکی ئاوەها، هەر دەکرا باسی شێوخواردن نەکەی. سـەیرە چلۆن بڕگـە شـیـعـرێک ئاوا زەین دادەگـرێت و وا لە لاق دەکـات بە ڕیتمەکەی لەو جادەیەوە تێپەڕێ. بەدەم ئەوەوە کە خێرا بەرەو هێـدینگلی(٢١) دەچووم، ئەو وشـانە لەناو دەمارەکانمدا دەگەڕان:

**لە گوڵە ساعەتییەکەی بەر دەروازەکەوە**
**دڵۆپە فرمێسکێکی بەشکۆ کەوتە خوار.**
**ئەو دێت، کۆترەکەی من، خۆشەویستەکەی من**

پاشـان، لەو شوێنەی وا ئاو لە کاتی گەیشتن بە ڕووبار دەهاژێنێ، ڕیتمەکەیم گۆڕی و چریم:

**دڵی من چەشنی باڵندەیەکی گۆرانیبێژە**
**وا لەسەر نەمامێکی تازە ئاو دراودا هێلانەی کردووە**
**دڵی من چەشنی دارە سێوێکە...**

عەجەب شاعیرانێک!بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد، بەو جۆرەی وا مـرۆڤ لەکـاتی ڕۆژ ئاوابووندا هاوار دەکات. عەجەب شاعیرانێک بوون!

پێم وایە لە ئیـرەیی بردنێک بەو ڕۆژگـارانە بوو، هەرچەندە ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانە گەمژانە و قـوڕن، لە خـۆمم پرسی ئەرێ بەڕاست دەکرێ دوو شاعـیـری زیندوو هەڵبـدەی کە هاوپلەی تنیسـۆن و ڕۆزێتی ئەو سـەردەمـە بن.

بە دەم ئەوەی کـە چاوم بڕیبـووە ئـاوێکی بڵـقـاوییـەوە، بیـرم لەوە دەکـردەوە هەڵسـەنگاندنی ئەوانە کـارێکی مـەحاڵە. لە ڕاستیدا هۆی ئەوەی کە شیعر ئاوەها دەرباز بوون و شـەوق و زەوقـێک لە مـرۆڤـدا سـاز دەکـات دەگەڕێتـەوە بۆ ئەوەی کە بەسـەر هەستێکدا هەڵدەڵێ وا ڕۆژانێک هەمـابـووە. (لەوانەیە لە مـیـواندارییـەکـانی نیـوەڕۆی بەر لە شـەڕ)، کـەواتە بە سـانایی، ئاگـاداری، وەڵامی دەدەینەوە، بێـوەی خـۆمانی پێـوە هیلاک کـەین و ئەو هەسـتـەش هەڵسـەنگێنین، یان لەگـەڵ هەسـتی ئێستـامـاندا بەراوردی کـەین، بەڵام شـاعـیرانی زیندوو هەسـتێک بـەیان دەکـەن کـە لە ڕاسـتـیـدا هەنووکـە بەدی هاتووە و لە ناخی ئێمـە لێ دەبێتـەوە. لە پلەی یەکەمدا، نایناسین، زۆر جار لەبەر هۆیەک لێی دەترسین؛ زۆر باش پێـیدا دەچینەوە و بە ئیرەیی بردن و نیـیـەتێکی خراپەوە لەگەڵ ئەو هەسـتـەی پێـشـووتر وا دەمـانناسی بەراوردی دەکەین. کێشـەی شـیعـری مۆدێرن ئا ئەمەیە و لەبەر ئەم

کێشەیەشە ناتوانی پتر لە دوو دێرە شیعری شاعیرێکی مۆدێرنی باش لەبەر بکەی. بەم هۆیەش - کە باشم لەبیر نەمابوو- ئەم باسە بە هۆی نەبوونی بەڵگەی شیعری بڕایەوە، بەڵام هەر بە دەم ڕۆیشتنم بەرەو هێدینگلی لە خۆمم دەپرسی بۆچی ئیتر لە میوانداربیەکانی نیوەڕۆدا لەبەر خۆمانەوە نارە نارێک ناکەین؟ بۆ ئالفرێد چیتر ناچڕێ:

**ئەو دێت، کۆترەکەی من، خۆشەویستەکەی من؟**

بۆ کریستینیا چیتر لە وەڵامدا ناڵێ:

**دڵی من لە گشت ئەمانە خۆشترە**
**لەبەر وەی ئەوینەکەم هاتووەتە لام؟**

ئایا دەبێ شەڕ بە تاوانبار بزانین؟ لە ئابی ١٩١٤دا کە تۆپەکان هاویشتران، ئایا پیاوان و ژنان هەر بە چاو لێککردن لەوە دەگەیشتن کە ئەوین و ئەویندارى چیتر نەماون؟ بێ گومان دیتنی ڕوخساری سەرکردەکانمان لەبەر تیشکی ئاگربارانددا (بە تایبەت بۆ ژنان بەو خەون و خەیاڵانەیان سەبارەت بە فێرکردن و ڕاهێنان و شتی ترەوە) داچڵەکاندنێکی ڕوحی زۆر گەورە بووە. ئەم سەرکردانە- ئەڵمانی، بریتانیایی، فەرەنسایی- چەندە دزێو دەهاتنە بەرچاو، چەندە گەمژە، بەڵام هەرکەس و هەر شتێک بە تاوانبار دابنێین، ئەوڕۆکە ئەو خەیاڵەی وا بووەتە هاندەری تنیسۆن و کریستینا ڕۆزێتی بۆوەی بەو گوڕو تینەوە سەبارەت بە هاتنی دڵدارەکەیان شیعر بهۆننەوە، لە چاو ئەو ڕۆژگارانە زۆر نایابترە. هەر ئەوەندەی بخوێنینەوە، چاو لێ کەین، گوێ بدەینێ و وەبیر خۆمانی بێنینەوە تەواوە. ئیتر بۆ بە دووی تاوانباردا بگەڕێین؟ ئەگەر ئەو خەیاڵە لەخۆڕاییی بوو بۆ بەسەر ئەو کارەساتەدا هەر شتێک بووبێ، هەڵنەڵێین، ئەو کارەساتەی وا ئەو خەیاڵە لەخۆڕاییەی لەناو برد و حەقیقەتی لە جیاتی دانا؟ لەبەر وەی حەقیقەت... ئەم خاڵانە ئەو شوێنە نیشان دەدات وا لەکاتی گەڕان بە دووی حەقیقەتدا، لە جیاتی وەی لە جادەکەوە بەرەو فرێنهام بایدەمەوە بەجێم هێشتبوو. بەڵێ هەڵبەت، لەخۆمم پرسی حەقیقەت کامەیە و خەیاڵ کامیانە. بۆ وێنە حەقیقەتی ئەو خانووانە چی بوو وا ئێستاکە، لە کاتی ڕۆژئاوادا، بە پەنجەرە سوورەکانیانەوە لە خۆشیدا نوقم و نادیارن، بەڵام لە کاتژمێر نۆی بەیانیدا بە شیرینی و قەیتانی پۆتینەکانیانەوە، دزێو و سوور و قوڕبەسەرانە دەهاتنە بەر چاو؟ داربییەکان و ڕووبار و ئەو باخانەی لەبەر ڕووبارەکەدا بوون- هەنووکە سەرپۆشی ڕەمزاوی مژ دایدەپۆشین، بەڵام لە ژێر تیشکدا جیلوەی زێڕین و سووریان هەبوو- کامەیان حەقیقەت بوو و کامەیان خەیاڵ؟ بە پێچوپەنای بیرۆکەکانم سەرتان ناهێنمە ئێش، لەبەر وەی لەناو ڕێگەی هێدینگلی بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتم و داواتان لێ دەکەم وای دابنێن زۆر زوو زانیم ڕێگەکەم خرا باداوەتەوە و دیسان ڕێگەی ڕاستم بەرەو فرێنهام گرتەبەر.

**پەراوێزەکان:**

**(1) Fanny Burney**
**(2) Haworth**
**(3) Miss Mitford**
**(4) Mrs. Gaskell**
**(5) Oxbridge**
**(6) Fern ham**
**(7) Mary Benton**
**(8) Mary Seton**
**(9) Mary Carmichael**
**(10) Charles Lamb**
**(11) William Thackeray**
**(12) Max Beerbohm**
**(13) John Milton**
**(14) Lycidas**
**(15) Esmond**
**(16) strand**

**(١٧) ئانتونی ڤاندایک (Anthony Vandyke؛ ١٦٤١- ١٥٩٩) کە دواتر لە بارەگای چارلزی یەکەم نازناوی سیری وەرگرت، شێوەکارێکی ئیسپانیایی پسپۆڕ لە پورترێ دا بوو. توماس گێینزبرو (٨٨-١٧٢٧) نیگارکێشی ئینگلیسی، لە کاتی مەرگدا بە گوێی سێرجاشوارێینولدز (١٧٩٢- ١٧٢٣) نیگارکێشی تری ئینگلیسی هاوسەدەی خۆیدا چرپاند: «هەموومان دەچینە بەهەشت و ڤاندایکیشمان لەگەڵە.» دەکرێ ئاوا قسەکەی گێینزبرو لێک بدەیەوە کە «ئێمە هەموو نیگارکێشان دەچینە بەهەشت و ڤاندایکیش لەناو گرووپی ئێمەدایە» هەرچۆنێک بێ ئەو قسەیەی ئەو بریتییە لە ئاسوودەیی و قاییل بوونی لەدوایین ساتەکانی ژیانیدا. و. ف**

**(١٨) بەشێک لە شیعری «دایە، وەرە بۆ باخچە» (come into the Garden,Maud) هۆنراوەی ئالفرێدلۆرد تنیسۆن(١٨٩٢- ١٨٠٩)، شاعیری ناوداری ئینگلیسی سەردەمی ڤیکتۆریا و گەورە شاعیری دەرباری ئینگلیستان. - و.ف**

**(١٩) بەشێک لەشیعری بەناوبانگی «جێژنی لەدایک بوونێک» ('A Birthday') هۆنراوەی کریستینیا ڕۆزێتی (١٨٩٤-١٨٣٠) ژنە شاعیری بە ناوبانگی سەردەمی ڤیکتۆریا. ڕۆزێتی قەت بە قەرا تنیسۆن ناوبانگی نەبوو، ڤۆڵف بە دانانی تنیسۆن و ڕۆزێتی لە پەنا یەکتر، جەخت لەسەر بایەخی ڕۆزێتی لە ناو کۆمەڵگای ئەدەبی بریتانیا دەکات و ئەو بە هاوتای تنیسۆن دادەنێت. - و.ف**

**(20) Isle of Man**
**(21) Headingley**

# کۆچی دوایی مێژوونووسی ڕووس

# میخائیل لازاریڤ

مارف خەزنەدار

**پێشەکی**

لە دوای کودێتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی بەغدا، دەوڵەتی سۆڤییەتی ئەو سەردەمە لە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی و پێوەندی سیاسیی بە دەرەوەی خۆی، پێویست بوو بایەخێکی زۆر بە نزیک بوونەوەی لە عێراق بدا و بە وردی ئاگای لە مەسەلەی کوردیش هەبێ.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک زانای زانستی مێژووی زانستگاکان دەستنیشان کران، بۆ ئەوەی ببن بە پسپۆڕ لە مێژووی کوردستان، کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاری و خەباتی کورد لە پێناو دەست خستنی چارەنووسی نەتەوەیی و مافی مرۆڤ.

بەم جۆرە سێ مێژوونووس: بۆریس مووسێیێڤیچ دانتسیگ (١٨٩٦- ١٩٧٣) و نەفتوڵلا هاروونۆڤیچ خالفین (لە ١٩٢١ لە دایک بووە) و میخائیل سیمیۆنۆڤیچ لازاریڤ (١٩٣٠- ٢٠١٠) بوون بە زانایانی پسپۆڕ لە هەر کاروبارێکی پێوەندی بە عێراق بەگشتی و بەتایبەتی بەکوردەوە هەبێ.

**دانتسیگ**

دانتسیگ کەسێکی بەکار بوو، لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا ورد بوو. هەمیشە کاری لە بابەتێکی مێژووییدا دەکرد کە هەندێ لە ئیدیۆلۆجیەتەوە دوور بێ. لە ڕووی تیۆرییەوە زۆرتر خەریکی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و دیپلۆماسییەت بوو. بیروڕاو بۆچوونەکانی سەنگیان هەبوو. کارە زانستییەکانی بە زۆری لەسەر عێراق و سووریا و وڵاتە عەرەبییەکان بوو. یەکەمین کاری زانستیی گرنگی، لێکۆڵینەوەیەک بوو بەناوی «عێراق لە ڕابردوو و سەردەمدا» لە ساڵی ١٩٦٠ لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە. لە کتێبەکەدا بە درێژی باسی لە مەسەلەی نیشتمانی کورد کردووە.

ئەو هەشت نۆ مانگەی لە مۆسکۆ ژیام، ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیدا کرد، لە پاشاندا هەرچەندە لە سانت



**میخائیل لازاریڤ**

پیترسبورگەوە سەفەری مۆسکۆم بکردایە، دەبوو چاوم پێی بکەوێ. بە زۆری یەکتری بینینمان لە نامەخانەی گشتی لینین دەبوو (ئێستا نامەخانەی گشتی ڕووسیا)یە. نوپشکی بیروڕای بەرانبەر بە کورد ئەوەبوو «هەتا سەرۆکەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆشنبیری و سیاسەت و فێڵ و فەنەری دیپلۆماسییەتدا لە پلەی سیاسییەکانی نەتەوە هاوسێکانی و ئەوروپا و ئەمەریکادا نەبن، مەسەلەی کورد سەرناکەوێ».

گرنگترین کارێکی زانستیی کە باسی کوردیشی تێدایە کتێبی «الرحالة الروس في الشرق الاوسط = گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا»یە. ئەم کتێبە بە نرخە لەلایەن منەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی ١٩٨١ لە بەغدا چاپ کراوە. دووبارە بە قاچاغی بەبێ ئاگاداری من، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە بێرووت چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**خالفین**

خالفین هاوڕێی نزیکی لازاریڤ بوو. من ئەوم پێش ئەمە ناسی. هەر کاتێکی لە مۆسکۆ بوومایە هەرسێکمان پێکەوە چاومان بە یەکتری دەکەوت. هەڵسان و دانیشتنمان پێکەوە بوو، بە تایبەتی لە ژوورەکان و هۆڵی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی. هەردووکیان کارگەری زانستی بوون (الباحث العلمي). لازاریڤ خۆی بە قوتابی خالفین دەزانی.

خالفین هەر کە بهاتایە سانت پیترسبورگ، ئەویش بۆ یەک دوو ڕۆژ بوو، دەبوو بە میوانی من، چونکە لەمنەوە زۆر نزیک بوو. بە دڵ و بەگیان کوردی خۆش دەویست.

خالفین پسپۆڕی مێژووی نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست بوو، ئاگاداری وڵاتە عەرەبییەکان بوو، لەبەر ئەوەی لەدوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی بەغدا کە داوایان لێ کرد بایەخ بە مەسەلەی کورد بدا، ئامادەبوو بۆ ئەم کارە، نەک تەنیا ئەوە بکا، بەڵکو بڕیاری دا لەو کاتەوە ببێ بە پسپۆڕی مەیدانی لێکۆڵینەوە لە کورد، واتە ببێ بە کوردناس.

بۆ ئەم مەبەستە کتێبی «زۆرانبازی لەسەر کورد»ی نووسییەوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ بەزمانی ڕووسی چاپ کرا. لە پاشاندا بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ئۆکسفۆرد بڵاوکرایەوە. ئەوجا بە عەرەبی بەناوی «صراع علی کردستان» لە وەرگێڕانی ئەحمەد عوسمان لە ڕووسییەوە لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا بڵاوکرایەوە. دواجار وەرگێڕانی کوردیشی کەوتە دەست خوێنەر و خوێندەواری کوردەوە.

لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە زانستییە بەنرخە، نەتەوەییە شۆڤێنییەکانی ئەرمەن لە ڕووسیا کەوتنە تەقە لێی، مەسەلەکەیان هێنایە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و کۆوارەکان، نەک تەنیا ئەوانەی ئەرمەنستان، بەڵکو لە کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتی ئەو سەردەمەش، واتە لە چاپەمەنی ڕووسیا و کۆمارەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت. خالفین لەسەر کوردی کردبووەوە بەوەی لە قەڵاچۆ کردنی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥ دەستی تێدا نەبووە. شۆڤێنییەکان لەسەر ئەمە ئەم هەرایەیان نایەوە، تا گەیشتە ئەوەی چەند کتێبێکیان بە زمانی ڕووسی و ئەرمەنی بۆ هێرش بردنە سەر کورد بڵاوکردەوە.

ئەم هەڵوێستە ناعیلمی و ناشیرینەی مێژوونووس و ڕۆشنبیرانی ئەرمەن کارێکی زۆری لە خالفین کرد، گەیشتە ئەوەی تا پلەیەک لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە برووخێ. بەداخەوە دەڵێم بە دەنگێکی نووساوی نزمەوە، هەموو جار بە گوێی منی دەچرپاند: ئایا ڕاستە ئەم کتێبەم ئەوەندە بێ کەڵکە هەتا لە ڕووی زمان و داڕشتنی تەعبیریشەوە لە کتێب ناکا، وەکو ڕۆشنبیرانی ئەرمەن دەڵێن؟! دەمگوت: نا، ئەمە ڕاست نییە، پێچەوانەکەی ڕاستە. ئیتر بزە دەکەوتە سەر لێوی و دەیگوت: هەموو کەس وا دەڵێن و هیچیشیان پێ ناکرێ. ڕاستە هیچیان پێ ناکرێ، چونکە ئەمانە بەناوی مارکسیزمەوە لەسەر ئەرمەن دەکەنەوە، چونکە دەسەڵاتی هەیە، بەڵام لەسەر کورد ناکەنەوە، چونکە دەسەڵاتی نییە.

ئیتر ئەوەبوو خالفین لە ترسان هەتا هەتایە وازی لە مەیدانی کوردناسی هێنا و گەڕایەوە سەر پیشەی خۆی کە مێژووی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو لە ئاسیای ناوەڕاستدا، بەڵام بەوە شاد بوو و هەمیشە دەیگوت: ئەوەی دەبوو من بیکەم لەمەوپاش لازاریڤ لەگەڵ هی خۆی دەیکا.

**لازاریڤ**

میخائیل سیمیۆنۆڤیچ لازاریڤ لە ساڵی ١٩٣٠ لە مۆسکۆ لە دایک بووە. باوکی مووچەخۆری میری بووە. لە ساڵی ١٩٥٢ کۆلێجی مێژووی زانستگای مۆسکۆی تەواو کردووە، لەدوای چوار ساڵ و لە ١٩٥٦ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە. نامەی خوێندنی بەرزی بەم ناوەوە بووە «کارەساتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە ساڵانی جەنگی یەکەمی گێتیدا». ماوەیەک لە زانستگای مۆسکۆ لە بەشی پێوەندی نێودەوڵەتی مامۆستا بووە، تا ساڵی ١٩٦٥ بووە بە کارگەری زانستی (باحث علمي) لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی.

لەبەر ئەوەی لازاریڤ مێژوونووسێک بووە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەت و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کوردەوە نزیک بووە، بەتایبەتی لەدوای کودێتا سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا لەسەر بڕیاری دەستەی زانایانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی کراوە بەکوردناس و پسپۆڕی مێژووی کورد، ئیتر لەوکاتەوە بایەخی زۆری بە خەباتی میللەتی کورد داوە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، لەو ماوەیەی لە وڵاتی ڕووسیا ژیانم بردە سەر، لە لازاریڤەوە نزیک بووم، هاوڕێی کەسێکی ئازاد و زیرەک بووم. خۆشی برادەری نزیکی خالفین بوو، بە مامۆستای خۆی دەزانی، لەبەر ئەوە پرسی پێ دەکرد لە مەسەلە زانستییەکانیدا، پێش بڵاوکردنەوەی باس و کتێب و بیروڕای وەردەگرت.

هەرچەندە بچوومایە مۆسکۆ، چاوم پێی دەکەوت. گەلێ پرسیاری وردی لێ دەکردم، وەرامەکانی منی دەنووسییەوە. زۆرجار داوای پۆزشی لێ دەکردم لەسەر ئەو دانیشتنە دووروودرێژانەی لەگەڵیدا خەریک دەبووم بۆ وەرامدانەوەی پرسیارەکانی. داوای لێ بووردنی لێ دەکردم و دەیگوت: کەموکوڕی من لەوەدایە زمانانی ناوچەکانی ئێوە نازانم! بەتایبەتی زمانی عەرەبی بۆ من زۆر گرنگە. لە نووسینمدا تەنیا سەرچاوەی زمانانی ئەوروپایی بەکاردێنم. لەبەر ئەوە هەمیشە دەیگوت: من کارگەرێکی زانستیم بەرهەمم زادەی بیروباوەڕی زانایانی کۆن و تازەی ئەوروپایە. ئینجا وەک نۆقڵانەیەک لە بابەت خۆیەوە دەیگوت لەبەر ئەوەی من ڕۆژهەڵاتناس یا کورد ناسم، بۆم هەیە هەموو کارێکی زانستیم بە یارمەتی سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا بگەیەنمە ئەنجام.

لازاریڤ زیاتر لە حەفتا کاری زانستی، بەشێوەی کتێب و باس و وتار لە کۆوارە زانستییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، هەندێ لە کارە زانستییەکانی ئەمانەن:

١- سیاسەتی بەریتانیا لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا لە ساڵانی جەنگی یەکەم، مۆسکۆ، ١٩٥٩.

٢- لە کتێبی «سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا»، بەشی «عیراق» لەلایەن لازاریڤەوە نووسراوە و لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە.

ئەم نووسینە بەپێی داواکردنی دەسەڵات بوو کە لازاریڤ بایەخ بە مەسەلەی کورد بدا و لەوەو پاش کۆششی خۆی بۆ مێژووی کورد تەرخان بکا و ببێتە کوردناس.

٣- کوردستان و مەسەلەی کورد لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٤ بڵاوکراوەتەوە.

٤- تێبینی لە بابەت کوردناسییەوە، باسێکە لە کۆواری ئاسیا و ئەفەریقا لە ساڵی ١٩٦٨ لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە.

٥- کتێبی «مەسەلەی کورد و پێوەندی بە سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەمدا- ١٩١٧» لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم کتێبە نموونەی گشتی بیروباوەڕ و بۆچوونی لازاریڤە لە بابەت کوردەوە. لەدوای دەرچوونی ئەم کتێبە هەموو کۆششی زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد. وەکو سەرچاوەیەکی بنچینەیی کاری تێدا دەکرد.

٦- لە «کتێبی مەسەلەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» بەشی «کورد» لەلایەن لازاریڤەوە نووسراوە، ئەمە لە ساڵی ١٩٧٠ لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە.

٧- مەسەلەی کورد (١٨٩١- ١٩١٧) لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکراوەتەوە.

لازاریڤ زانایەکی ڕەسەن و بەکار بوو، پیشەی خۆی خۆش دەویست. لێم دەپرسی: کامە میللەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناخی دڵتەوە نزیکە؟ دەیگوت: کورد. دەمگوت: بۆ چ؟ دەیگوت: بێ خاوەنە. دەمگوت: کامە میللەتانی دیکە خاوەنیان هەیە، هەموویان بێ خاوەنن. دەیگوت: ڕاستە، ئەوان توانیان خۆیان ببن بە خاوەنی خۆیان، بەڵام کورد تا ئێستا نەبۆتە خاوەنی خۆی.

لەکاتی خۆیدا کە لە مۆسکۆ هەندێ جار چاومان بە یەکتری دەکەوت، بەسەرسوڕمانەوە، سەری بادەدا و دەیگوت: ئاخۆ هەڵکەوت وا دەکا و بەخت یار دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوم بەلایەکی کوردستان بکەوێ!؟ هەردووکمان بە گومانەوە دڵی خۆمان خۆش دەکرد و دەمانگوت: بۆ نا! ئەوکاتە وابوو، بەڵام لە دواڕۆژیشدا بەخت یار بوو، لازاریڤ لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) چاوی بە کوردستانی عیراق کەوت.

# گۆڤاری هیڤیا وەلێت
# دەنگێ کۆمەلا خویندنکارێن کورد ل ئەوروپا
# (١٩٦٥- ١٩٦٣)

فەخرەدین تاهیر
(سوێد)

بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەشی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە چەند قـــۆناخـــێک هەنگاوی ناوە، هەر هەنگاوێکیش تایبـــەتمەندیی خـــۆی هەبووە و هەیە، لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەولّی ڕێکخستن و لەیەکـتـر کـۆکـردنەوەی خـوێندکـارانی کـورد هەبووە و مـاوەیەکیش چەند خوێندکـارێک ڕێکخـراوێکیـان لە ناو خۆ دروست کردووە، بەلاّم لەبەر دید و بۆچوونی نەتەوەیی و چەپڕەوی ئەو چەنـد خـــوێندکـــارانە لـە هەنگـاوی یەکـەمـیـانـدا سـەرکـەوتوو نـەبوونە. لەم بارەیەوە دکـتـۆر نورەدین زازا لە پێشـەکی نامـیلکەی گـۆڤـاری (هیـڤـیا وەلێت) کە حەمە ڕەش ڕەشۆ لە مانگی تەمووزی سالّی (١٩٧٦)دا، لە ئەلّمانیا هەر سێ ژمارەکەی لە دووتوێی نامـیلکەیەکدا بە قـەوارەی (کـتـێبی گـیـرفـان) بە چاپ گـەیاندووە. د. زازا نووسـینێکی بەسـەرناوی (چاپی کوردی لە ئەوروپا) نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: هەموو کار و خەباتێکی کورد پێڕادەبن بە گشتی و چاپەمەنی کـوردی بەتایبـەتی، هەردەم تەمـەنێکی کـورتی هەبووە و زوو هەلّوەریوە و مردووە.

یەکـەمین گـۆڤـاری کـوردی کـە لە ئەوروپا بەئەلفـوبێی لاتینی دەرکـەوت گـۆڤـاری (دەنگێ کـوردسـتـان) بوو، بانگی خوێندەڤانانی کـوردی پێـشـینە بوو لە ئەوروپا، مـانگێ جارێک دەردەکـەوت، لەنێوان سالاّنی (١٩٤٩- ١٩٥٠) دا هەمـووی بەسـەریەکـەوە (١٢) ژمـارەی لێ چاپ کـرا، دەبێ ئەو ژمـارانە تەنیـا لەلای مـیـر کـامـەران بەدرخـان پەیدا ببن.بەرێ ئەز بگەڕێمـەوە سـوریا هەمـوو بەلّگەنامەکانی خۆم و هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (دەنگێ کوردستان)م لەلای (عـیـسـمەت شەریف ڤانلی) دانابوو، دوای ئەوەی لە سالّی (١٩٧٠)دا، جارێکی تر گەڕامەوە سـویسـرا پرسـیـاری بەلّگەنامـە و ژمـارەی گـۆڤـارەکـانم لە (ڤانلی) کـرد، مـخابن هیـچی لەلای خۆی نەهێشـتـبوو،

مردنی (دەنگێ کوردستان) پێوەندی بە چڤاتی کورد و بیروباوەڕی چەپەکانەوە هەبوو کە ناکۆکییان خستە نێو خوێندکاران و دەستپێکی خەباتی خوێندکاران، لە دەرئەنجامدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ساڵی (١٩٥٦) سەرلەنوێ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان لە ئەوروپا ژیاندەوە و دەنگی کۆمەڵەی خوێندکاران گۆڤاری (کوردستان) بوو، بەشی زۆری ناوەڕۆکەکەی بەزمانی ئینگلیزی و بەشێکی کەمیشی بەزمانی کوردی شێوەزاری (سۆرانی) بوو.

دکتۆر زازا لە درێژەی نووسینەکەیدا دەبێژێت: هەتا ساڵی(١٩٦٣) بڕیار درا گۆڤارێک بەشێوەزاری کرمانجی و بەئەلفوبێی لاتینی چاپ و بڵاوبکرێتەوە و حەمە ڕەش ڕەشۆ بەرپرسیاری گۆڤارێکی بەسەرناوی (هیڤیا وەلێت)ی لە ئەستۆی خۆی گرت. گۆڤاری (هیڤیا وەلێت) لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٥) دا، هەمووی بەسەریەکەوە (٣) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، لەم سێ ژمارەیەدا گەلێک هەڵبەست، چیرۆک، مەتەڵۆک، بابەتی سیاسی، مێژوویی و هەندێک بابەتی دیکە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەیان ڕازاندەوە، ئەمەش گۆڤارەکەی بەناوەڕۆک دەوڵەمەندتر کرد.ئێستا حەمە ڕەش ڕەشۆ دەیەوێ ئەو خەباتە بزر نەبێت، نیازی وایە هەر سێ ژمارەی (هیڤیا وەلێت) لە دووتوێی نامیلکەیەکدا بە چاپ بگەیەنێت.

دکتۆر زازا لە دوا پەیڤەکانیدا دەبێژێت: ئەز هیڤیدارم لاوەکانمان بخوێنن و هەوڵ بدەن لە کەمترین ماوەدا گۆڤارێکی تازە دەربکەن و تەمەن درێژتربێ، دەوڵەتانی خوێنخۆر ناهێڵن ئێمە لە وڵاتی خۆمان بەسەربەستی بە چاند و زمانی خۆمان مژوول ببین. لێ لە ئەوروپا ئەم ڕێیە بۆ ئێمە کراوەیە، دەبێ ئێمە بەگرنگییەوە بایەخ بەم مژارە بدەین و نابێ لە دەست خۆمانی بدەین، بۆ ئەوەی بتوانین چاند و زمانی خۆمان بپارێزین و بەرەو پێشەوەی ببەین. بەم شێوەیە ئێمەی کورد دەمێنینەوە و لە دواییشدا بە ئومێد و هیواوە بە دۆزی ڕەوای خۆمان دەگەین.

خورتینۆ! برانۆ! بەزمانی خۆتان بخوێنن و بنووسن، ئەم زمانە بدەنە خوێندن و نڤیساندن، هەر ڕۆژێ نیو سەعات خۆ بەم کارە مژوول بکەن، تێر دەکا. میللەتەکەمان لە تاریکی و پەرێشانی دایە، ڕێی ڕزگاری و گەش کردنی تەنێ ئەوەیە...!

هەر دەربارەی چیرۆکی دەرچوونی هەر سێ ژمارەی گۆڤاری (هیڤیا وەلێت) لە لاپەڕەی (١)دا، حەمە ڕەش ڕەشۆ وتارێکی بەسەرناوی (دەستپێک) چیرۆکی دەرچوونی هەر سێ ژمارەی گۆڤاری (هیڤیا وەلێت) دەگێڕێتەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: گەر ئێمە ئەمڕۆ ئاوڕێک لە مێژووی کورد بدەینەوە، دەبینین زۆرکەم گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرتووک بە زمانی کوردی دەرکەوتوون، نەمازە بە ئەلفوبێی لاتینی ژمارەیان ئێجگار کەمە.

گۆڤاری یەکەم کە دەرچوو (هاوار) بوو.ئەو گۆڤارە گرانبەهایە بنکەی ڕێزمان و نووسینی کوردی بەئەلفوبێی لاتینی دانا، بەدەستی میر جەلادەت بەدرخان لە ١٥ی گوڵانی ١٩٣٢ دەرکەوت و دوا ژمارە، کە ژمارە ٥٧ بوو لە ١٥ی ئابی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە. ئێستاکە بەدەست خستنی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە کارێکی ئێجگار دژوارە.بەتەنیا هەندێک وڵاتپارێزی کورد ژمارەکانی ئەم گۆڤارەیان لەلای خۆیان پاراستووە. عوسمان سەبری یەکێک لەو جوامێرانەیە، ژمارەکانی ئەو گۆڤارەی لەلای خۆی پاراستووە و هەموو ژمارەکانی پێشکەش بەئێمە کردووە و هیڤیدارین ئێمەش هەموو ژمارەکانی جارێکی تر دووبارە چاپ بکەینەوە بۆ ئەوەی توێژەر و کوردناس سوودی لێ ببینن. ئێمەش هەوڵ دەدەین بەهاریکاری هەڤاڵ و هۆگرانی خۆمان ئەو داواکارییە بگەیەنینە جێی




**گۆڤاری هیڤیا وەلێت - ١٩٦٣**

خۆی.ئێمە پێشتر ناميلكەی گۆڤاری (چيا)مان چاپ كردبوو، ئێستاش ناميلكەی گۆڤاری (هيڤيا وەلێت) لە ژێر دەستی ئێوە دايە. كۆبوونەوەی هەشتەمی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٣ دا، بڕياری دەرچوونی ئەو گۆڤارەی دا. كۆميتەيەک بۆ دەرچوونی ئەم گۆڤارە دامەزرا و منيان كردە بەرپرسياری دەرچوونی گۆڤاری (هيڤيا وەلێت)، مخابن لەبەر تەمبەڵی و كار نەكردنی هەندێک لە هەڤاڵانمان گۆڤاری (هيڤيا وەلێت) هەر (٣) ژمارەی لێ دەرچوو و تا ساڵی ١٩٦٥ بەردەوام بوو. هەر لە ساڵی ١٩٦٥ من دەستم لە دەركردنی گۆڤاری هيڤيا وەلێت بەردا و لە كۆبوونەوەی دەيەمی هەمان ساڵدا كۆميتەيەكی تر بۆ درێژەدان بەدەركردنی گۆڤارەكە دامەزرا و كۆميتە تازەكە هەڤاڵ (شەفۆ)يان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم كارە دەستنيشان كرد، بەڵام هەڤاڵانی تازەمان نەيانتوانی كار و ئەركەكانی خۆيان بەباشی بەڕێوەببەن و گۆڤاری (هيڤيا وەلێت)يش وەک ئەوانی پێش خۆی بەبێ دەنگی مرد. بێ گومان ئەگەر ئێستاكە پرسياری هەر سێ ژمارەی ئەم گۆڤارە بكەين، باوەڕناكەم بتوانين يەكێک لە ژمارەكانی پەيدا بكەين. لەوبڕوايەدام ئەمەشيان بەشێكە لە بزر بوونی ئەڵقەيەكی ديكەی ڕۆژنامەنووسيی كوردیمان، هەر بۆيە ئامادەكردن و كۆكردنەوەی هەر سێ ژمارەی گۆڤاری (هيڤيا وەلێت) لە دووتوێی ناميلكەيەكی ئاوادا بە كارێكی پێويستمان زانی چاپی بكەينەوە. ئەگەر ئێستاكەش ئەو خەباتە كولتوورييەی ئێمە هەڵنەسەنگێندرێت، لەو باوەڕەداين ڕۆژێک دێت، نرخ و قيمەتی بزاندرێت.

هەروەک ئێوەش دەزانن گۆڤاری (هيڤيا وەلێت) و (چيا) لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣- ١٩٧٠)دا، چاپ و بڵاوبوونەتەوە و هەر لەوێ دەمێشدا شۆڕشی كورد لە كوردستان بەردەوام بوو. ئەو دوو گۆڤارە لاپەڕەكانی كراوە بوون بۆ هەموو ڕووداو و پێشهاتەكانی ئەو شۆڕشە پيرۆزە. هەر بۆ ئەو مەبەستە هەموو كوردێک دەتوانێت مێژوو و ڕووداوەكانی ماوەی (١٠) ساڵی دەرچوونی ئەم دوو گۆڤارە لە نێو لاپەڕەكانيدا ببينێت و بخوێنێتەوە.

ئێمە بەهيچ شێوەيەک دەستكاری نووسين و ناوەڕۆكی بابەتەكانی گۆڤاری (هيڤيا وەلێت)مان نەكردووە، تەنيا ناتەواوی و چەوتی نووسينەكانمان ڕاست كردۆتەوە و بەئەلفوبێی جوانترمان نووسيوەتەوە.

هيڤيدارم توانيبێتمان بەم هەوڵەمان ئامانجەكانی مێژووی چاند و ئەدەبياتی كوردیمان دەوڵەمەندتر كردبێ و ڕۆژێک دابێ بەرهەمی خەباتی خۆمان ببينين كە بەرهەمی هەبووە، ئەو دەمە ئێمەش پێی شاد و سەرفراز دەبين. حەمە ڕەش ڕەشۆ ٥/٧/١٩٧٦ ئەڵمانيا.

گۆڤاری هيڤيا وەلێت لەسەر لاپەڕەی پێشەوەيدا بەم شێوەيە لەسەری نووسراوە:

ساڵ: ١

ژمارە: ١

ڕەزبەر: ١٩٦٣

ناوی گۆڤار: هيڤيا وەلێت

لە ژێرەوەش نووسراوە: دەنگێ كۆمەڵا خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا. ئەم لاپەڕەيە بە وێنەيەكی دەستكردی نيگاركێشێک ڕازاوەتەوە كە بە شاخ و ڕۆژ نەخشێندراوە و هەر سێ ژمارەكەش بەرگی پێشەوەی بەيەک ديزاين ئەنجام دراوە.

ناوەڕۆكی ژمارە: ١ بريتييە لەم بابەتانە:

* هيڤيا وەلێت بە پێنووسی عيسمەت شەريف ڤانلی.
* ئامانجی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا لە (٦) خاڵدا دەستنيشان كراوە.
* بانگەوازێک بەسەرناوی بانگ بۆ ئازاديخوازان و كۆمەڵەی مافی مرۆڤان لە جيهاندا، بەواژۆی يەكێتی خوێندكاران، مامۆستايان، لاوان، ژنانی كوردستان بڵاوكراوەتەوە.
* هەڵبەستێک بەسەرناوی (قەلسۆک) بە پێنووسی(لابووت) چاپ كراوە.
* (هێڤی) ناوونيشانی وتارێكی حەمە ڕەش ڕەشۆيە.
* هەڵبەستێک بەسەرناوی (شەڕێ نەزان) بەپێنووسی (حەمە ڕەش ڕەشۆ) نووسراوە.
* نووسينێک بەسەرناوی (پەرچەمێک و سلێمان) بەپێنووسی (سەردار گريداخی) بڵاوكراوەتەوە.
* داخويانی لە فۆرمی بانگەوازێكی سياسی ئاراستە كراو، بەم چەند پەيڤانە بەكۆتا هاتووە

(بژی گرێدانا مە پێشڕەوێن شاگردێن لە سوريايێ)، لەكۆتايی مانگی تەمووزدا نووسراوە.

* هەڵبەستێک بەسەرناوی (شيرين وڵات) بە پێنووسی (ئازاد هيڤيدار) بڵاوكراوەتەوە.
* وتارێک بەسەرناوی (پێويستيا پێشڤەبرنا زمان) بە پێنووسی (سۆرۆ) نووسراوە.
* چەند پەيڤێكی بەنرخی سەيدا عوسمان سەبری بەم



جگەر خوێن

شێوەیە نووسراوە:

زانایەکی ئێمە گوتوویەتی: کوردینۆ گەر ئێوە دەخوازن خۆتان بناسن، زمانی خۆتان بخوێنن، گەر ئێوە دەخوازن خۆتان بەخەڵکی بناسێنن، جارێکی تر زمانی خۆتان بخوێنن.

* هەڵبەستێک بەسەرناوی (دیجلە- فرات) بەپێنووسی عوسمان سەبری بڵاوکراوەتەوە.

* (دوو ڕوو)ش هەر هەڵبەستی عوسمان سەبرییە.

* (گازند ژ خودێ) هەڵبەستی عوسمان سەبرییە و وەڵامێکە بۆ فایق بووجاق نووسراوە.

* هەڵبەستێک بەسەرناوی (گۆتنا وڵات) لەدیوانی (٢)ی سەورا ئازادی، لاپەڕەی (٨)ی جگەرخوێن وەرگیراوە.

* وتارێک بەسەرناوی (نێچیر) بە پێنووسی حەمە ڕەش ڕەشۆ بڵاوکراوەتەوە.

* شیعرێکی کورت بەناوی (ڕەش بۆ ئازادی) بەپێنووسی حەمە ڕەش ڕەشۆ نووسراوە.

* لە نووسینەکانی عوسمان سەبری بەسەرناوی (دەردێن مە) لەلاپەڕەی (٢٧) دا، چەند پەیڤێکی دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

* هەڵبەستێک بەسەرناوی (شام شەکرە، وڵات شیرنترە) لە دیوانی سەورە ئازادی (٢)دا، لاپەڕە (٤٢)ی هەڵبەستڤان جگەر خوێن وەرگیراوە و دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

* وتارێک بەسەرناوی (زمان لە ژیانی میللەتاندا)، بەپێنووسی عوسمان سەبری لە بەرهەمی (دەردێ مە) و لەلاپەڕەی (٦)دا وەرگیراوە و دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

* بابەتێک بەسەرناوی (سێرۆ و پیواز) لە ڕۆژنامەی ڕووناهی ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٤٣) و لە لاپەڕەی (٢-٣)دا، وەرگیراوە و دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ژمارەیە(٢٧) لاپەڕەیە و بە قەوارەی (A4)ە و دیزاینێکی نۆرماڵی بۆ ئەنجام دراوە و تەواوی بابەتەکانی بەیەک فۆنت و قەوارە نووسراوەتەوە.


هیڤیا وەلێت
ساڵ : ١
ژمارە: ٢
گوڵان: ١٩٦٤

ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیەش بریتین لەم بابەتانەی خوارەوە:

* ئەرکە پیرۆزەکانی (هیڤیا وەلێت) بە پێنووسی کەمال فوئاد بەرلین ١٩٦٤/٥/٢١، ئەم وتارە بە شێوەزاری کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی) و بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراوە. کە ئەمە دەقی وتارەکەی بەڕێز (کەمال فوئاد)ە، وەک خۆی دەیگوێزینەوە:

برایانی بەڕێز: بەڕێوەبەرانی گۆڤاری (هیڤیا وەلێت)ی خۆشەویست!

سڵاوێکی گەرمی تێکۆشانتان پێشکەش بێ، ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەتانم خوێندەوە، زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە بە ڕاستی کەلێنێکی گەورەی بۆ پڕ کردینەوە، نەک بۆ ئێمەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، بەڵکو بۆ هەموو ئەو کەسانەی حەز بە فێربوونی زمانی کوردی ئەکەن. هیڤیا وەلێت بەشێوەکی تایبەتی کەڵک و سوودێکی زۆری هەیە بۆ برا کوردەکانی سوریا و تورکیامان کە هەموو ڕێگایەکی ئاشکرایان لێ بەستراوە بۆ فێربوونی زمانەکەیان و گەشە پێکردنی. ڕاستە هیڤیا وەلێت ناتوانێت ئەو کەلێنە گەورەیە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی نەبوونی مافی سیاسی و نەتەوایەتی کوردەوە هاتووە، لەوانەش مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی کە ئەمڕۆ لە هەموو بەشە داگیرکراوەکانی وڵاتی خۆشەویستمان کوردستان بەربەست کراوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە دەرچوونی هیڤیا وەلێت کەڵک و سوودی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە ڕۆژێکی وادا کە نەتەوەکەمان نەک تەنیا لە هەموو مافێکی سیاسی و دیموکراتی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێ بەشە، بەڵکو بەرەنگاری هێرشێکی ناڕەوا و دڕاندنە ئەبێ لە بەشێکی



**حەمەڕەش ڕەشۆ**

ولاّتەکـەمـان، واتە لە کـوردسـتـانی عـیـراق کـە گـەلی کوردمان بە پلەیەکی سەختی تێکۆشاندا تێ ئەپەڕێ لە پێناوی هێنانەدی مافی نەتەوایەتی و دیموکراتییەکانی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی بۆ عـیـراق.ئێـسـتـاش پاش دوو سـاڵ و نیـو بۆمب بۆردوومـان و کـوشتن و بڕین و گـرتن و گـرانی و ئازار و چەوسانەوە و پاش ئەوەی سێ مـانگ زیاتر بەسـەر شـەڕ وەسـتـاندن لە نێـوانی سوپای عـیـراق و شـۆڕشگێـڕانی کوردستان تێپەڕی، تا ئێستا هیچ مافێک بە گەلەکەمان نەدراوە و حکومـەتی عـیـراق نەک هەر تەنیـا لە پیـلانەکانی خۆی پەشیـمـان ئەبێـتـەوە و بەس، بەڵکو بەشـێـوەیەکی زۆر نامـەردانە هەوڵ ئەدا تۆوی ناکـۆکی چاندن لەناو سەرکردەکانی گەلی کورددا.

لە سـوریا هەمـوو ڕۆژێـک چەتەکـانی بەعس هێـرش ئەبەنە سەر گەلی کوردمان و بەدەیان کەسیان لێ ئەگرن و لێ برینـدار ئەکـەن و لێ ئەکـوژن بێ ئـەوەی هیـچ گـوناهێکیـان هەبێ، بەڵکو تەنیـا لەبەر ئەوەی کـوردن و ئەیانەوێ بە کوردی بژین و بە کوردی بمرن.

لەتورکیا گرتن و لێدانی گەلی کورد هەر بەردەوامە و تا ئێستا گەلی کورد بێ گوناح لەبەندیخانەکانی ئەنقەرە و ئەستەنبوولدا ماونەتەوە و ئازار و سزا ئەچێژن.

لە ئێـرانیش سـەرەڕای نەبوونی هیچ مـافـێکی نەتەوایەتی و زانیاری کورد وەک هەموو بەشەکانی کەی کـوردسـتـان، تاقـە ڕۆژنامـەیەکی کـوردی کـە لە (تاران) لەلایەن حکومـەتەوە بەناوی (کـوردسـتـان)ەوە دەرچوو، داخرا.

سـەرەڕای ئەوە، مـاوەیەکـە حکومـەتی ئێـران دەسـتی کـردووە بە گـرتنی کـورد. جا لە کـاتێکی وادا کـە گـەلی کوردمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە هەلێکی وا ناخـۆشـدا ئەژی، سـەرەڕای ئەوەش بەرەنگاری هێـرشی ناڕەوای دوژمنانی ئەبێ چەند ئەرکـێکی گـەورە و پیـرۆز ئەکەوێتە سەر شانی گۆڤاری هیڤیا وەلێت:

(١) ئەرکی گـەیاندنی دەنگی بەشـەکـانی کـوردسـتـان بەیەکتری و بەخوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

(٢) ئەرکی گـەشـەپێـدان و پێـشـخـسـتنی زمـان و ئەدەبیـــاتی کـــوردی و نزیککردنەوەی دیالێکتـــە جیاوازەکانی زمانەکەمان.

(٣) ئەرکی ڕوونکردنەوەی مەسەلەی نیشـتیـمانیـمان کـە یەکـێکە لە ئامـانجـە پیـرۆزەکـانی کـۆمـەڵەی خۆشەویستمان.

کـۆمـیـتـەی بەڕێوەبەری گـشـتی کـۆمـەڵە لە کـاتێکدا سلاّوی گەرم و پیرۆزبابی پێشکەش بە گۆڤاری هیڤیا وەلێت و دەسـتـەی نووسەرانی ئەکات، ئامـادەیی خۆی پێشان ئەدات هەر وەک لەسەرەتاوە پێشانی دابوو هەموو یارمەتی و کۆمەکێک بە گوێرەی توانای پێشکەش بکات بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە بە ڕێکوپێکی و پێشخستنی.

گـۆڤـاری هیـڤـیـا وەلێت کـە بە تایبـەتی بە دیالێکتی کرمانجی ئەنووسێ پێویستە جار و باریش بەسۆرانی وتار بلاّوبکاتەوە تا زۆربەی برا کوردەکانمان لە ئێران و عیراق کە بەدیالێکتی سۆرانی ئەدوێن لە خوێندنەوەی گۆڤارەکە بێ بەش نەبن و بتوانن وتاری خۆیانی تێدا بلاّوبکەنەوە.

لە دواییدا خۆشی و سەرکەوتنتان هیـوامـانە و ئومێدی پێشکەوتنی گۆڤارەکەتان ئەکەین و هەمیشە بەختیاریتان ئاواتمانە.

* دوو پارچە شیـعر بەناوی (کامەران سلێـمانی)، هەر دوو پارچە شیـعرەکەش بەئەلفوبێی لاتینی بلاّوکراوەتەوە کە بریتین لەمانە:

**ئاگر بە نەختێ ئاو کوژایەوە**
**گوڵ بە بای پاییز سەری نایەوە**
**بەلاّم ژیلەمۆی تێکۆشانی کورد**
**دوای هەزاران ساڵ هەڵگیرسایەوە**
**ئەوی مێژووی کورد بخوێنێتەوە**
**ئەڵقەی زنجیرەی بهۆنێتەوە**
**هیچ هێزێک نییە بیتوێنێتەوە**
**ئەو چەرخە نەما درەختی ڕەگەز**
**ڕیشەی دەرهێنن هی ئێوەی نەبەز**

* پیرۆزی لە فۆرمی شیعر لەلایەن سەیدا عوسمان سەبری وەک پیرۆزبایی لە دەرچوونی گۆڤاری هیڤیا وەلێت نووسراوە و لەلاپەڕە سێیەمدا چاپ و بلاوکراوەتەوە ئەمەش دەقەکەیەتی: هیڤیا وەلێت، چ ناڤەکی خوەشە، ژبۆ کۆڤارەکە نوو کوو ب زارێ کورمانجی ل ئەوروپا ب دەستێن خورتێن کورد دەردکەڤیت.

دەرخستنا ڤێ کۆڤارێ، بە ڤی ناڤێ خوەش و شیرین ژبۆ خورتێن مەیێن ل ئەوروپا لێهاتنەکە گەلەکی هێژایە، چاوان کوو خورتێن مەیێن ل ئەوروپا د ڤێ کۆڤارا هاندا هیڤیا وەلێتێ خوە دبینن، خەلکێن وەلێت ژی وان خورتان دا هیڤیا گەلێ خوە دبینن:

**کۆڤارا مە یا نوو ئیرۆ هیڤیا وەلێتە،**
**ئارمانجا وەیا سەربەستی، ئازادی، فەلاتە.**
**دێ وەک ڕۆژێ رووناک بکە دنیا مەیە تاری،**
**ب پەیڤ و نیڤیسارێ هێژا وەکی مراری.**
**دلێ مەیە کول، ڕوویێ بێماد هەردێ بکە گەش،**
**ل پێش مە ڤەکە ڕێیا خەباتەکە گەلەک خوەش.**
**جیهانێ ژبۆ مە بکە رووناک وبهوشتێن،**
**زمانێ مەیێ پاشڤەمایی زار بکە زەنگین.**
**پێشکەش دکەم سپاسێن خوە و دۆست و هەڤالان،**
**بۆ خورتێن کورد ڤی واری دە وەکی شەپالان.**
**خەباتێ بکەن، پێ بوەستن ئەو ب شەڤ و ڕۆژ،**
**د ڤێ ڕێیا هان گەلێ مە دێ زوو شیاربە،**
**وێ هینگا هەزار خولی ل ناڤ چاڤێن نەیاربە.**

هەزار جاری پیرۆز کۆڤارا هیڤیا وەلێت، هەر بژین خورتێن کو پێ ڕابوونە.

**عوسمان سەبری**

* لە ژێر ئەم بابەتەی سەیدا عوسمان سەبریشدا، چەند دێرێک لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە ئاراستەی خوێنەرانی گۆڤارەکە کراوە و داوایان لێ دەکات بە ڕەخنە و پێشنیار و بەرهەمەکانیان ڕووپەڕی گۆڤاری هیڤیا وەلێت دەوڵەمەندتر بکەن.

* بە هاتنا جەژنا نەورۆز وتارێکی کورت و هەڵبەستێک لەلایەن عوسمان سەبری هاتووە و بلاوکراوەتەوە، هەڵبەستەکە مێژووی ۱۹٥۷/۳/۲۱ی شامی بەسەرەوەیە.

* وتاری بیرەوەریا جەژنا نەورۆزێ لە گۆڤاری دەنگی کورد، ژمارە ۸، ئاداری ۱۹٦٤دا، بلاوکراوەتەوە و گۆڤاری هیڤیا وەلێت دووبارە چاپی کردۆتەوە.



**عیسمەت شەریف ڤانلی**

* وتارێک بەسەرناوی (نەورۆز بە خۆش هاتی، وە هەر بی ڕۆژی سەرخابوون) بەپێنووسی شڤان نووسراوە.

* نووسینێک بەناوونیشانی (پەرێشانی) بە پێنووسی سۆرۆ نووسراوە.

* وتارێک بەسەر ناوی (نەخۆشیا مە خۆشیا نەیارانە) بە پێنووسی حەمەڕەش ڕەشۆ بلاوکراوەتەوە.

* کورتە چیرۆک بەسەرناوی (کچا کبریتفرۆش) بەپێنووسی بەشارێ سگڤان لە دهۆک نووسراوە، لە ڕۆژنامەی رووناهی، ژمارە ۱۹ ی ساڵی ۱۹٤۳ وەرگیراوە و دووبارە بلاوکراوەتەوە.

* نووسینێک بەسەر ناوی (سەرپێهاتیێن دیرۆکێ) بە پێنووسی سۆرۆ نووسراوە.

* وتارێک بەسەرناوی (ڕێگای سەربەستی تەنیا لە یەکبووندایە) لە گۆڤاری دەنگێ کورد، ژمارە ۷، ساڵ ۱۹٦٤ وەرگیراوە.

* هەڵبەستێک بەسەرناوی (گیان) بە پێنووسی عوسمان سەبری لە بەرهەمی باهۆز .لاپەڕە ۳۱، ۱۹٥٦ ی شاعیر وەرگیراوە.

* هەر لەم ژمارەیەدا دوو هەڵبەستی عوسمان سەبری یەکەمینیان بەسەرناوی (گیسن)و ئەو دیکەشیان بەسەرناوی (کەر و ئازادی)ە بلاوکراوەتەوە. وای بەباش دەزانین هەڵبەستی دووەمین کە(کەر و ئازادی)ە، وەک خۆی بۆ خوێنەران بگوێزینەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**نێرێکی کۆڤی هەلمشتی و شەنگ**
**د دارشاگەکێ دچێرێ بێدەنگ**
**هاتە وی پێژنا زەڕینا کەرێ**

دەنگێ وەر پیس نەدیبوو بەرێ
سەرێ خوە هلدا ل دۆر خوە نێری
دەخواست بزانە کا کێ دەزەڕی
هەو دیت کەرێ ڕەش دکە گۆرە گۆر
د دا تیزکان وی بێڤل ل ژۆر
ل سەر پشتا وی کورتانێ کەڤنار
دهستو زەنگل، دسەری هەفسار
نابم پەلیسە ژ بۆ گورێ زەر
دبێ وی خوارن گەلەک پەز و کەر
کۆڤی دکەنی دگۆت: نەوا یە
ترسا دلێ تەدە بێ ڕا یە
گور ژ وەکی تە گەلەک ترسۆکە
هەیە هێن پرتر قەلس و پزدۆکە
قەلسە چ گاڤا خورتان دبینە
ترسێ د دلێ خوە دە گەردە
ڤێ ڕەمانا پیس باڤێژە بەردە
هاتە نک کۆڤی گەلەک سەرگەردان
دۆخهە فسار د لنگ دهات ڕاپێچان
دگۆتە کۆڤی: تو چی تەبایی؟
بێکەس وا ل چولان سەربەردایی!
بۆ چی بەرنادی ڤان ڕێل و گۆڤان
وەرە تە ببەم ناڤا مرۆڤان
نەحەیفە هۆلێ بێ ئافر و وار.
کۆڤی دگۆتی: هۆ براکێ کەر!
پەیڤا تە بەیان بۆ من سەراسەر
ئەڤ چیا هەمی جهو وارێ من
چ کەسێ دلچاک دۆست و یارێ من
من ناڤێ ئافر نە دڤێ خودی
ژ ڕۆژا کوو بووم من خواست ئازادی
ئەڤ شیرەتا تە بێفەسا و شاش
تێ دە نابینم تویا ڕاست و باش
گەلەک غەیدی کەرێ گوهدرێژ
گوت: ئا بەسەر و بەر نەپەیڤم هێژ
من هەیە خودی، ژبۆ من ئاخوڕ
ئاڤا کریە تێ هەنە ئافر
تو جار ناکێشم خەما خوارنێ
هەیا کوو هەبم ل ڕوویێ دنێ
خوارن، ڤەخوارن بێ ژمارە پڕ
دەما بخوازم دکەم زەڕزڕ
بۆ سەرمێ نەگرم دا من ئەڤ کورتان
نادم بە ئەبا کەفخایێ بۆتان
خستە سەرێ من ڕەشەمە و سەرگۆش
بەدەنگێ زەنگۆل هەر دبم سەرخۆش
من لە مالێ هەنە دوو قەید و مەربەند
پێ تێم گرێدان بە کابۆک و زەند
کەرێ دگۆت وی: نە بێ زراڤم
لێ وەک بچووکێ بێ دێ و باڤم
چاوان دێ ڤێ کێڤێ هەمی بەردم
کورتان و هەفسار، ئافر بە دەردم
کێفا خوە دکەم وەک میر و پاشان
کۆڤی دگۆتێ: توو گوهدرێژی
تۆتک ڤالایی مێژ ڤرێژی
هێ توو نزانی چاوان بوویی دل
پشتا تە جەدەوا، هەمی گرێک و گێل
تە چ ژ خودی، دڤێ ئازادی
شەرمە کو وا بەدلی شابی
باڤێژە توو هەفسار، کورتان، زەنگل
ما قەی تە نینن مێژی و ئاقل؟
هەفسار ژ بۆنا تە پێ گرێدە
مەربەند و قەیدێ ب سەر دە لێدە
کورتان نە ژبۆ سەرمێ نەگری
پشتا خوە ل بەر بارێ وی ڤەگری
ببی خولامۆک ل بەر دەردێ وی
هەیا کوو هەبی هەرتم کەرێ وی
کەسێ ب ڕوومەت قیما خوە نینە
ڤێ کێمیا هان ب خوە دە بینە
وەر دگەل من زۆزان و چولان
دێ هێن بزانێ ئازادی چ یە،
کەسێ تە خودی دناسی کێیە.
........................

........................
گوهـ ب خوە دە گرت کەرێ ڕەش
دهات بیرا وی تۆلک کەربەش
دۆرا گوند تژی سێ هە هێن بەهار
پایزی بێ ترس نەپاکی دخوار
چاوان ڤێ خێری دکارە بەردە
هە یە کو جانێ شیرین بەسەردە
ژبۆ ئازادی نەفەل و گیا
نەخواست گوند بەردە دەرکەڤە چیا
دگۆت: ئەز ناشێم بژیم بێ هەفسار

**بێ ئاخورِ نابم دەما بوو ئێڤار**
**ئازادی چ یە ؟ دگەل ترسا جان..**
**بێ ترس من دڤێ بخووم پاریک نان.**
**گاڤا بهیست کوڤی ئەڤ خەبەر**
**دگوتێ: ڕاستە ئازا نابن کەر.**

* هەر لەم ژمارەیەدا وتارێکی کورتی عوسمان سەبری بەسەرناوی (باوەڕی دە وارێ خەباتا وەلێت دا) بڵاوکراوەتەوە.

* هەڵبەستێک بەسەرناوی (ئەڤینتیا من) بەپێنووسی م. بۆر بڵاوکراوەتەوە.

* وتارێکی کورت بەناوی (ژ ڕەوشێن شۆڕشا مە) بە پێنووسی شەفۆ نووسراوە.

* هەڵبەستی (بلوورڤان) لە هەڵبەستی حەمە ڕەش ڕەشۆیە.

* نووسینێکی کورت بەسەرناوی (لە پێ خەڵکی ماین شەرمکاریە) بەپێنووسی گەنجۆ نووسراوە.

* دوو هەڵبەستی سەیدا جگەر خوێن بەسەرناوی(هەی قارەمان میللەتێ کورد) و (تا کەنگێ ئەمێ کارکەر وجوتکارێ بەگا بن) ل دیوانی سەورە ئازادی شاعیر چاپی ١٩٥٤ وەرگیراوە.

* دوا بابەت هەڵبەستێکی عوسمان سەبری بە سەرناوی (دچم حەج)ە و لەبەرهەمی شاعیر بەسەر ناوی (دەردێ مە) لەلاپەڕەی (٩)دا وەرگیراوە و گۆڤاری هیڤیا وەلێت دووبارە بڵاوی کردۆتەوە.

ئەم ژمارەیە (٣١) لاپەڕەی (A4)ە و بەهەمان دیزاینی ژمارەی پێشتر نەخشەسازی بۆ کراوە و بەیەک فۆنت و قەوارە ناوونیشان و ناوەڕۆکی بابەتەکان نووسراوەتەوە.

هیڤیا وەلێت
ساڵ: ١
ژمارە : ٣
ساڵنامە : نەورۆز ١٩٦٥
بەها (نرخ) : ٢ .D.M ڕۆژئاوا (مەبەست لە دوو مارکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا)یە.

ئەم ژمارەیەش وەک هەر دوو ژمارەکانی پێشتر بەرگی پێشەوەی هەمان نەخشەسازی بۆ کراوە.

لەم ژمارەیەدا کە دوا ژمارەیە ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

* سەروتار بەسەرناوی (شۆڕشا کورد و داخوازا ئاوتۆنۆمی بۆ کوردستانا نیڤرۆ)(عیراق) بە پێنووسی سۆرۆ نووسراوە.

* کوردستان و سەرخابوون وتارێکی حەمە ڕەش ڕەشۆیە بڵاوکراوەتەوە.

* سەرپێهاتی (سەرگوزشتە) بەسەرناوی (شەڕێ مێشا) بە پێنووسی نورەدین زازا نووسراوە.

* کرۆنۆلۆژییا نڤیسکارێن کورد ل کوردستانا باکوور بابەتێکە کە باس لە ژیاننامەی کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیرە ناودارەکانی کورد بە کورتی نووسراوە، دەکا کە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

(١) مەلای جزیری
(٢) عەلی حەریری
(٣) فەقێ تەیران
(٤) مەلای باتێ
(٥) شەرەفخانی بەدلیسی
(٦) ئەحمەدی خانی
(٧) ئیسماعیلی باستی

بە پێنووسی حەمە ڕەش ڕەشۆ نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە.

* بەپێنووسی کەمال فوئاد وتارێک بەسەرناوی (چەند هەڵبەستێن برادەران) بە شێوەزاری کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی) بەلفوبێی لاتینی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، هەڵبەستەکان بریتینە لەمانەی خوارەوە:




**گۆڤاری هاوار**

(١) ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی پیرەمێردی شاعیر.
(٢) بەدەربەدەری هەژار موکریانی شاعیر.
ئەم بابەتە لە گۆڤاری کوردستان، دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ساڵی ١٩٦١ وەرگیراوە و دووبارە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
* هەڵبەستێک بەسەرناوی (سەواش ژ خودێ ڕا) بە پێنووسی حەمەڕەش ڕەشۆ نووسراوە.
* هەڵبەستێک بەسەرناوی (مارشا خورتێن کوردا) بە پێنووسی م. بۆر بڵاوکراوەتەوە.
* هەڵبەستی (نەورۆز) هەر م.بۆر نووسیویەتی.
* (خوارۆک) هەڵبەستی حەمە ڕەش ڕەشۆیە.
* هەڵبەستی (ئاخا وڵات) بە پێنووسی حەمە ڕەش ڕەشۆ نووسراوە.
* هەڵبەستی (وەفدا کوردی) لە بەرهەمی (باهۆز)ی عوسمان سەبری، لاپەڕە ٥٤ ی ساڵی ١٩٥٦ وەرگیراوە و جارێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە.
* هەڵبەستێک بەسەرناوی(هۆسیا من ... وەسیت) بەپێنووسی م. بۆر بڵاوکراوەتەوە.
* چیرۆکی (دز و لاوک) لە لایەن م. بۆر نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە.
* دوا بەرهەمی ئەم ژمارەیە هەڵبەستێک بەسەرناوی (هۆ خۆرت)ی عوسمان سەبری لە بەرهەمی (باهۆز) لە لاپەڕە ٦٣ ی ساڵی ١٩٥٦ دا، وەرگیراوە و بڵاوکراوەتەوە. ئەم ژمارەیەش وەکو هەر دوو ژمارەی پێشووتر بە هەمان دیزاین و فۆنت و قەوارە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**سەرئەنجام:**

ئەگەر بە وردی سەرنج لە ناوەرۆکی هەر سێ ژمارەی گۆڤاری (هیڤیا وەلێت) بدەین و بخوێنینەوە، ئەو دەمە بۆمان دەردەکەوێت بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردی تاراوگە بەگشتی و شێوازی کرمانجی ژوورو و بەئەلفوبێی لاتینی بەتایبەتی لە تەنگژەو ئاستەنگدا ژیاوە، بەپێویستی دەزانین هۆکارەکانی ئەمەش لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:
* ئەو بەرێزانەی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هیڤیا وەلێت ڕابوونە، ئەوەندە شارەزاییان لە بارەی کاری ڕۆژنامەوانی نەبووە، هەر بۆ نموونە:
(١) وەرگرتنی بابەتی بڵاوکراوە لە بەرهەمی شاعیران، هەروەها لە گۆڤارەکانی دیکەی کوردیدا.
(٢) لەهەر ژمارەیەکدا چەند جارێک دووبارە بوونەوەی ناوی نووسەرە بەشداربووەکان.
(٣) بەشی زۆری دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بەرهەمەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، ئەمەشیان بەم مانایە دێ کە لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی گۆڤارەکەدا، کەم خوێندنەوە و بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە نیشان دەدا.
(٤) وا پێدەچێت کوردانی دەرەوەی وڵات، ئەوانەی شێوەزاریان کرمانجی ژوورو بووە، زۆر بەکەمی گرنگییان بە چاند و زمانی کوردی داوە.
(٥) لەو سێ ژمارەیە گۆڤاری (هیڤیا وەلێت) بە هیچ شێوەیەک پەیڕەوی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی نەکراوە.
(٦) ناوەرۆکی هەر سێ ژمارەکە پڕانی بابەتەکان هەڵبەستن و کەمێکیش چیرۆک و سەرگوروشتە و یەک دوو وتاری کورتیشی تێدا بەدی دەکرێت.
ئەوی جێگەی گوتنە گۆڤاری هیڤیا وەلێت (٤٧)ساڵ لەمەوبەر لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئەوسا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەو دەمە ئەو کوردانەی بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو ئاخاوتنیان کردووە، کەم تا زۆرێک گرنگی خۆی بۆ ئەوان هەبووە، چونکە ئەوانەی ئەو دەمە لە ئەوروپا ژیاون هەر هەموویان بەکاری چاند و زمانی کوردییەوە خەریک نەبووینە، بگرە زۆربەیان بۆ کارکردن ڕوویان لە ئەوروپا کردووە و بەشێکی ئیجگار کەمیشیان کە لە پەنجەی دەستێک تێپەڕیان نەکردووە، خوێندکار بوونە لە و بەشەکەی دیکەشیان سیاسەتوان بوونە، ئەگەر ئەو دوو توێژەی دوایی زێدەتر گرنگییان بە خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە و چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمە دابێ، ئەگەرنا ئەوانی تر (مەبەست لەو کەسانەیە کە لە ئەوروپا بەکارکردن خەریک بوونە) واپێدەچێت ئەو چاپەمەنییانەی بە زمانی کوردی لەتاراوگە دەردەچوون بەلای خوێندنەوەی نەچووینە و گرنگیان پێ نەداوە.
هەر چۆنێک بێ بایەخ و گرنگی چاپەمەنی کوردی بەگشتی و گۆڤاری (هیڤیا وەلێت) بە تایبەتی لەوەدا دەبیندرێتەوە، کە ڕەوەندی کورد لەو سەردەمەی تاراوگەدا ناسنامەی خۆیان لە دەست نەداوە و لە بزر بوون لەنێو کولتوور و ترادیسیۆنی ئەوروپایی خۆیان ڕزگارکردووە.

# سروشتی بنەڕەتی کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

(٢ – ٢)

**وڵاتی فارس**

١- مەبەست لە وڵاتی ئەوسای فارس دەڤەر و ناوچەیەکی پانوبەرین بوو. جگە لەئێرانی ئێستا چەند ناوچەیەکی دیکەشی گرتۆتەوە، بەتایبەتی سەرانسەری دۆڵی دیجلە و فورات کە لەدواییدا ناوی عیراقی لێ نراوە. دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، وڵاتی فارس گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. زۆر ناوچە و دەڤەری کە بوون بە ئیسلام، عەرەبەکان کۆچیان بۆ کردووە و لەژێر دەستی فارسەکان دەریان هێناون و ناوچەکان بوون بە عەرەب و شوێنەواری فارس و ئێرانییەکانیان هەتا هەتایە لەناو بردووە. قورئان کە کتێبی سەرەکی ئیسلامە و بەزمانی عەرەبییە، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بەبێ سڵ و پارێز دەستبەرداری زمان و کولتووری خۆیان بن و فێری زمانی عەرەبی بن کە زمانی ئایینەکە بووە.

وڵاتی فارس مەڵبەندی ئایینی زەردەشتییە. لە سنووری ئەو ئایینەدا کولتوورێکی فرە ڕەنگی بەپێز بەپێی پێودانگی سەردەمی خۆی پەرەی سەندووە، گەشەی کردووە، ڕەنگی نەخشەی دواڕۆژی ناوچەکەی ڕشتووە. زەردەشتی ئەگەرچی بەهۆی هێرشەکانی ئەسکەندەرەوە کە کردوویەتییە سەر وڵاتی فارس، لاواز بووە، بەڵام هەتاوەکو هاتنی ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبەوە و پێشتریش لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیدا، دەستبەکار بووە و لەسەرانسەری دەڤەرەکەدا لایەنگیر و مەڵبەند و پەرستگای هەبووە. ئەو ئایینە ئەگەرچی پتر ڕوخسار و ناوەڕۆکی چاکسازی فرەڕەنگی نیشان داوە، تابلۆی جیهاندیدێکی کێشاوە، فرەڕەنگ و سەرتاپاگیر بووە، تانوپۆیەکەی لە سێ بابەتی سەرەکی پێکهاتووە:

**یەکەم:**

ئەفسانە و داستانی جۆربەجۆر.

**دووەم:**
جۆرە لاهووتێکی بڕوا و ئیمانییانە.
**سێیەم:**
کرداری مرۆڤ بەزانینەوە.

ڕابەری ئایینەکـە نـاوی زەردەشـتــە، یـان بەو نـاوەوە نـاسـراوە گـوایە (٦٦٠) سـاڵ پێش لە دایک بوونی عیسای مریەم هاتۆتە دنیاوە، بەپێی سەرچاوەکان ٧٧ ساڵ ژیاوە. ساڵی ٥٨٣ پ.ز کۆچی دوایی کردووە. ئەو هێزە سەرووسروشتییەی جاران بە خواوەند ناوبراوە، ناوی (یەزدان)یان لێ ناوە، خۆی بە پەیامبەری یەزدان ناساندووە و خەڵک و لایەنگیرانی بڕوایان پێ هێناوە. تاوەکو هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی (یۆنانی) کە ساڵی ٣٣٤ پ.ز کردوونیەتە سەر ئێران ئەو ئایینە بەهێز و لەبڵاوبوونەوەدا بووە، ئیـــتر دواتر بەرەو لاوازی ڕۆیشـتـووە. هەندێ سـەرچاوە وا دەگـێـڕنەوە گـوایە ئەسکەندەر کتێبە ئایینییەکەی ئەو ئایینەی سووتاندووە. هەرچۆنێک بێت، بە بیـــروڕای مــێـــژوونووس و سەرچاوەکان، ئەگەر ئەسکەندەر ئایینی زەردەشتی لاواز نەکردبایە و ئێرانی کاول نەکردبایە و میللەتانی ئێرانی بەو مـەرەیە نەبردبایە، مـەسـیـحـیـیـەت وا بە ئاسـانی لەناوچەکـەدا تەشـەنەی نەدەکـرد. ئایا هێـرشـەکـەی ئەسکەندەر لێرەدا پەیامێکی مێژوویی لە ئەستۆدا بووە، ڕێگا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی دیکە خۆش بکات؟!

لایەنگیرانی ئایینەکە زەردەشتییان پێی دەگوترێ. کتێبە پیرۆزە ئایینییەکەیان بە «ئاڤێستا» ناودەبرێ. بە تەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە ئەو ناوە لە چییـەوە هاتووە و کەوتۆتەوە. گوایە بە فەرمانی شا «گوشتاسپ» ئاڤێستا لەسـەر پێـسـتی گـا «چێڵ» نووسـراوەتەوە. هەندێک سـەرچاوە وادەگـەیەنن گـوایە وشـەی ئاڤـێسـتـا واتای بەڵگە، بنەما، سەرچاوە دەدات (٩). وا باوە گوایە دوو دانە لە ئاڤێستا هەبووە، یەکێکیان لەکاتی سووتانی کۆشکی ئیسـتـخەر (Stakhara) ئەویش سووتاوە و ئەوی دیکەیان ئەسکەندەری مـەکـدۆنی (یۆنانی) سـووتاندوویەتی. ئینجـا جـارێکی تر لەسـەردەمی ساسانییەکاندا ئاڤێستا کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە، ئەو کـتـێبـە لە (٢١) بەش پێکهاتووە، هەر بەشـە بە نەسک (Nask) ناوبراوە. هەندێک سـەرچاوەی تر گوتوویانە گوایە ئەو کتێبە لە چواربەش پێکهاتووە:

- گاتا: Gatha
- یەشت: Yasht
- یەسنا: Yasna
- ڤیندیداد: Vendidad

تا ئێستا بە تەواوەتی ئەو کێشە و بەرەیە بەلایەکدا نەخراوە: ئایا زەردەشتی بزاڤێکی چاکسازی کۆمەڵایەتی بووە، یان ئایین، چونکە دەبێ لە ســەرەتاوە ئایین بەشێوازێک پێناسە بکرێت لەلایەن لایەنگیر و ڕابەرانی ئایینەکە خۆی و لەلایەن هزرمەندانەوە پەسند بێت، ئینجا سەرنج بدرێت ئایا ئەو مـەرج و بنەمـایانەی پێناسـەکە گـریمانەی کـردوون زەردەشـتی دەگـرێتـەوە، یان نا؟ دەبێ مەبەست لە چاکسـازی چی بێت؟ چ کـاتێک بزاڤـێک دەکـرێ سروشـتی ئایینی پێ ببـردرێ؟ باشـە هەمـوو ئایینێک لەخـۆیدا چاکســازی ناکـات؟ ئەگـەر ئایین چاکسازی بگرێتەوە بۆ دەبێ نەکرێ چاکسازیش لەسەردەم و شوێنی دیاریکراودا بەشێوازێکی ڕێژەییش بێ بەچاوی ئایین تەماشا نەکرێت؟!

وەڵامی ئەو پرسـیـارانە بە هەر لایەکـدا بن زەردەشت خۆی بە پەیامبـەری ئاسمـانی یەزدان داناوە، کـتێبی تایبەتی خۆی هەبووە، بە هەزاران کەس شوێنی کەوتوون و ڕێوشوێن و ئامۆژگاری و ڕێسا و فەرمانەکانیان پەسند کــردووە و گــوێڕایەڵی دابونەریتی تایبــەتی یەزدان پەرستییەکەی بوون.

٢- زەردەشـتی ئەگـەر بشێ بە نەمـامـێک دابنرێ لە زەمـینەیەکـدا شین بووە، هەلومەرجی تایبەتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسای وڵاتی فارس کەشوهەوای هاتنەبەری بۆ داین کـــردووە. هەر ئەو هەلومــەرج و کەشوهەوایە فرە ڕەنگە بە تەواوی لە دووتوێی ئایینەکەدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە مایەی دەستنیشانکردنی ئامراز و شێوازی ئامـانجـەکـانی بە هەردوو لایەنی دنیـا و ژیانی تری دوای مردن.

زەردەشــتی، جـا ئایین بێ، یان چاکســـازی، دەری خستووە کۆمـەڵگەی ئەوسای فـارس کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگی، فـرە پێکهـاتە و فـرە زمـان و بیرو بۆچوون و هزر بووە، هەر ئەو ڕەوشە خۆی سروشتی گشتی و چوارچێوەی ژیانی کـۆمـەڵایەتی و پێـوەندییە کۆمـەڵایەتییـەکـانی ئەو قۆناغەی ئەو دەڤەرەی بەرجەستە کردووە. وڵاتی فارس بەژێرخـان و سـەرخـانییـەوە [دانیـشـتـوان، کـۆمـەڵگە، دابونەریت و سیاسەت و کاروباری بەڕێوەبردن و پەروەردە و خێزان] لە چەند توێژ و پێکهاتە و بۆچوونێکی جیاواز و فـرە ڕەنگەوە پێکهـاتبـوو، هەر توێژ و تاقـمە ئەرک و فـرمــان و مــاف و پلە و پایەی ئابووری و سـیـاسـی و کــۆمــەڵایەتی تایبــەت بە خــۆی هەبووە. پێکهــاتە کۆمەڵایەتییەکە بەو جۆرە دەرکەوتووە:

**یەکەم:**
شا و دەست و پێوەند و میرەکان.

**دووەم:**

خانەدان و دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووان. ڕۆڵە و ئەندامانی ئەو پێکهاتەیە، پلەو پایە و مەڵبەندی گرنگ و ئەرک و فرمانەکانی دامەزراو و دەزگاکانی دەوڵەتیان پێ سپێردراوە و بەڕێوەیان بردوون.

**سێیەم:**

جووتیار و وەرزێر و خاوەن پیشەکان.

**چوارەم:**

پێکهاتەی زۆرینەی کۆمەڵگە: بەند و کۆیلە و خزمەتچییان(١٠).

ئەو جیاوازییەی نێوان توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئەوسای وڵاتی فارس هۆکارێکی ئەو بێ دادی و زۆر و جەور و ناعەدالەتییە بووە، کە ئەوسا لە ئارادا بووە و لە هەمان کاتدا هاندەری دەرکەوتنی ئەو بزاڤە چاکساز و ڕیفۆرمخوازە بووە، جا لەژێر ناوی ئاییندا بووبێ، یان لەژێر دروشمێکی تردا خۆی دەرخستبێ. ڕێوشوێنەکانی ئەو ڕیفۆرمخوازە- زەردەشتییە بە تەواوەتی ئەو بێ دادی و ستەمەی بەرجەستە کردووە.

زەردەشت ڕابەری ئایینە- چاکسازەکە، لە تەمەنی چل ساڵیدا پەیامەکەی ڕاگەیاندووە، لافی لێ داوە گوایە ئەو خۆی لەلایەن هێزێکی ئاسمانی سەروو سروشتی چاکەکار و خێرخوازەوە، کە بە «ئاهورا مەزدا» ناوی بردووە، ئەو ئەرک و فرمانەی پێ سپێردراوە. لەسەرەتادا لە ڕۆژئاوای وڵاتی فارس کە «ئەمرۆ بەشێکە لە ئازربایجانی ڕۆژئاوای ئێران» و لە دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فارس چالاک و دەستبەرکار بووە. گوایە لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا لە بەردەم ئاگری پەرستگایەکی ئاتەشی شاری «بەلەخ» لەلایەن تۆرانییەکەوە کوژراوە.

زەردەشتی بە هەر لایەکدا بخرێ، ئایا ئایینێکە داوای یەکتاپەرستی دەکات، یان ئایینێکی دوو ڕەنگییە؟ ڕاستییەک بەرجەستە دەکات هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ و دەرفەتی دڵ کرمێ بوون نادات:

بەلایەکدا خستنی کێشەی «دادی خواوەندی» کە لە زمانی عەرەبیدا بە «عەدالەتی ئیلاهی» و لە لاتینی بە Theodizee ناودەبرێ، ئەو ئەرکە گران و سەختە بووە زەردەشتی چۆتە ژێر باریەوە و شرۆڤەی کردووە و هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە.

لەکولتووری ئەو ئایینەدا خۆشی و ناخۆشی، چاکەکاری و بەدکاری دراونەتە پاڵ دوو هێزی ترانسندێنتالی لە یەکتری جیاواز. لە ژیانی سەر زەوی ئەم جیهانە و دنیایەدا خێر و خۆشی و چاکەکاری و مرۆڤ دۆستی هەیە، ئەو ڕەوشە دادپەروەری و چاکەکاری و توانا و لێهاتوویی و دەسەڵاتی بەهرەمەندی هێزێکی سەرووسروشت ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە. لە بەرانبەر و لەگەڵ ئەو ڕەوشە لەبار و هەبوونەی ئەو هێزە چاکەکارە دەسەڵات بێ سنوور و لە ڕادەبەدەرەدا، بەدکاری و نەخۆشی و هەژاری و کڵۆڵی و بێ دادیش بەرچاو دەکەون، ئەو ڕەوشە چۆن پاساو دەدرێ و دەخرێتە خانەی چ هەلومەرجێکەوە؟ بەلای زەردەشتەوە لە بەرانبەر هێزی چاکەکاردا «ئاهورامەزدا»، هێزێکی بەدکاری توانا لە ڕادەبەدەر هەیە، هۆکاری ئەو هەموو نالەبارییانەیە کە لە ژیانی دنیادا دێنە پێشەوە و سەرئاودەکەون، ئەو هێزە «ئەهریمەنە».

ئەگەر مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی هاوچەرخ و سەردەمەوە تەماشای ئەو شرۆڤە و لێکدانەوەیەی زەردەشتی بکات، دەربارەی هەبوونی خۆشی و ناخۆشی، داد و بێ دادی لە بەرانبەر یەکتریدا، دەکرێ بڵێین: ئەو کۆششەی زەردەشت پتر پاکانەکردن و پاساودانی هەلومەرج و ڕەوشی لە ئارادابوو بووە، گریمانە کردنی دوو هێزی سەرووسروشتی، پەسندکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی بەند و کۆیلایەتییە و ئۆباڵی بەدکاری دەخاتە ئەستۆی هێزێکی سەروو سروشتی نادیار، هەروەک ئەوەی ئەو بەدکارییە لە ئاسمانەوە هاتبێتە سەر زەوی و لە چارەنووسرابێ!!

زەردەشت بە ئاشکرا پاکانەی بۆ سیستمی کۆیلایەتی کردووە و گەردنی مرۆڤی لەو بەدکارییە ئازاد کردووە. ئەو پاکانەیە ئەنجامێکە لەوەوە کەوتۆتەوە نەیتوانیوە بە تەواوەتی ئەو دیاردە مێژووییە سەرنجڕاکێشە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە، ئابوورییە، سیاسییەکەیدا ببینێ، بۆیە پەنای بردۆتە بەر هێزێکی سەرووسروشتی کە گوایە بەرپرسیاری ئەو بەدکارییانەیە کە لە ژیاندا هەن، «ئەهریمەن». ئەو بڕیارە لایەنەکەی تری دیاردەکە دەگرێتەوە کە لەبارەتی. بەم پێیە دوو هێزی سەرووسروشتی دەستبەکارن:

- ئاهورامەزدا:

خواوەند و هێز و دەسەڵات و سەرچاوەی چاکەکاری و بەختەوەری و خێر و بێر و خۆشییە. هێما و سیمبۆلەکەشی ئاگر و ڕووناکییە.

- ئەهریمەن

هێز و دەسەڵاتی بەدکاری و بەدبەختی و بێ دادییە لە ژیاندا، سیمبۆل و هێمایەکەی شەوەزەنگ و تاریکییە.

٣- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پشوودرێژانەی ئەو دوو هێز و ڕەوشە و بۆ چوونەژێر باری ئەو هەڵکەوت و دۆخەی لە ئارادایە، زەردەشت سێ ئامۆژگاری کردووە و

سێ دروشمی سەرەکی داوەتە دەست. ئەو ئامۆژگاری و دروشمانە بە ئەرکی سەرشانی مرۆڤی لایەنگیری ئەو ئایینە دانراون و پێویستە بێ سڵ و پارێز پەیڕەویان بکات. لە سێ ئامۆژگارییەکاندا هاتووە:

– دوژمن بکە بە دۆستی خۆت.

– پیاوی بەدکار بکە بە پیاوی چاک.

– نەزان بکە بە شتزان(١١).

وەک لە ئامۆژگارییەکاندا دەردەکەوێ بە هیچ جۆرێک پەنجە بۆ هۆکاری سەرەکی بەدکارییەکە درێژ نەکراوە و بگرە لە بەرانبەریدا بێ دەنگە. دوژمنکاری و بەدکاری و نەزانین ئەنجامن نەک هۆکار. هۆکار بەلایەکدا نەخرێت بە یەکجارەکی ئەنجام بنەبڕ ناکرێت. ئەمەیە پاساودانی ڕەوشی بێ دادی لە ئارادابوو. دروشمە سەرەکییەکانیش کە زەردەشت بانگەشەی بۆ کردوون بەم جۆرە بوون:

– بیروهزری چاک «هومت».

– قسە و گوفتاری چاک «هوخت»

– کرداری چاک «هورشت»(١٢).

ئەو پرسیارەی لێرە دەکرێ، لەوانەیە بە نامێژوویش Ahistory دابنرێت، دەبێ بیر و قسە و کرداری چاک چ لە ڕەوشێک بگۆڕێ کە سروشتە سەرەکییەکەی بێ دادی و هەژاری بێت! دەکرێ ئەو دروشمانە بە دڵدانەوەی لانەوازان دابنرێت؟!

ئەگەر هەردوو دیاردەی چاکەکاری و بەدکاری بدرێنە پاڵ دوو هێزی دەسەڵات بێ سنوور و بوونی سەروو سروشتی ئاسمانییان هەبێ، ئەنجامێک کە لەو گریمانەیە دەکەوێتەوە لەوە بەولاوە نییە:

بوونی بێ دادی و هەژاری و نەخۆشی دیاردەی ئاسایین و لە بوون و هەبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە پەیدا بوون و کەوتوونەتەوە.

## بۆنەی نەورۆز
## لە سۆنگەی پێش فەلسەفەوە

واپێدەچێ بەشێکی کوردستان بە تایبەتی ئەو ناوچەیەی لە هەمەدانەوە تاوەکو زێی بادینانی خۆرئاوای هەولێر درێژ دەبێتەوە، ئایینی زەردەشتی تێیدا بڵاوبووبێتەوە. چەندین ناو و ناوچە و جێگا هەن بە ئاشکرا ئەو ڕایە پشت ڕاست دەکەنەوە. بۆ نموونە پیرمام کە ناوی «سەلاحەدینیان» بەسەردا سەپاندووە! مەڵبەندێکی پەرستگای ئەو ئایینە بووە. لە کوردستاندا جێدەستی ئەو ئایینە- چاکسازییە لە کولتوور و فۆلکلۆرەکەدا بەدەردەکەوێ.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بابەتێک کە ئەوپەڕی باوە بە نموونە بۆ ساغ کردنەوەی ئەو گریمانەیە بهێنینەوە.

هەمووو ساڵێک لە کۆتایی وەرزی سەرماوسۆڵەی زستاندا کە ڕێکەوتی (٣/٢١) دەکات و لە هەندێ ناوچەدا فۆلکلۆری باوی «بەفر و بەهار و هەڵەکۆکێ» لە بارەوە هەیە، بەناوی نەورۆزەوە (ڕۆژی نوێ) جەژن دەگیرێ و لەو جەژندا ئەوی سەرنج ڕادەکێشێ: ئاگر کردنەوەیە! بابەتەکە لە ڕووداوێکی ئەفسانەییەوە وەرگیراوە کە هەندێ کەس لایان وایە لە کتێبی شانامەی فیردەوسیدا باس کراوە. ڕووداوەکە بە بۆچوونی من دەکرێ بخرێتە خانەی ئەو چاکسازییەی زەردەشت پێشنیازی کردووە:

گوایە پادشایەکی زۆردار هەبووە دوومار لەسەر شانی پەیدابوون، (ڕوواون، شین بوون)، ئەو دوو مارە تەنیا بە خواردنی مێشکی لاوان ئارام بوونەتەوە. مرۆڤێکی خاوەن پیشە، ئاسنگەر، بەناوی «کاوە» بە چەکوشەکەی مێشکی ئەو زۆردارەی پژاندووە و کێشەکەی بەلایەکدا خستووە. ئەو ڕووداوە گوایە لە سەرەتای بەهاردا بووە، کوردستانیش جێگایەکی سارد و سەخت و چیاییە بۆ خۆشی و شادمانی و ئاگادارکردنی خەڵکی تر و دەربەدەرانی دەستی زۆردارەکە، کە ڕەوشەکە گۆڕاوە و زۆردارەکە لەناو براوە پەنابراوەتە بەر سیمبۆلێک کە لە زەردەشتیدا پیرۆزە، سیمبۆلی ئاگر و لەو ڕۆژەدا ئاگر کراوەتەوە و دەکرێتەوە! وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەو ئەفسانەیە چەندین پرسیار دەورووژێنێ، کە زۆربەیان بابەتی ئەو نووسینە نین، بۆیە هەوڵ دەدەین پرسیارێک بکەین، سنووری بابەتەکە نەبەزێنێ.

لە داستانەکەدا زۆرداریی پاشا و پەیدابوونی مار لەسەر شانی، بەرانبەر بە یەکتری دانراون. ئەو مارانە تەنیا هەر بەمێشکی مرۆڤی لاو ئارام دەبن. بۆ؟! ئایا ئەوە بڕیاردانێکی هەڕەمەکییە، یان ئەنجامی جۆرە هزر و وردبوونەوە و ئەزموونێکی تاقیکردنەوەی ژیانە؟!

زۆر و جەور و زوڵم مارە. ماریش بە هەموو یاسا و ڕێسایەک دەبێ بکوژرێ ئەگینا پێوە دەدات. ئەی سەرشانەکە؟! مرۆڤ کە دەچێتە ژێر باری کارێکەوە، ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی. ئەمەش وا دەگەیەنێ ئەرک بە چاک و بەدیەوە دەکەوێتە سەرشان. زۆر و جەور وەک ئەو مارە ئەرکی سەرشانی مرۆڤی زۆردارن. بەم پێیە زۆرداری وێناکراوە، زۆرداری ئەرکی سەرشانی مرۆڤی زۆردارە. زۆردارییەکە کە کراوە بە ئەرک، دوژمنێکی سەرسەختی مرۆڤی بۆ هەڵبژێردراوە و کراوە بە سیمبۆل: مار.

زۆرداری دژی «ژیرە» بە پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی

«مرۆڤایەتی مرۆڤە»وەیە. ئەم دوو لایەنەش لە مێشکەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە زۆردار هەمیشە سەرگەرمی سەرکوتکردنی مرۆڤی ژیر و هزرمەندە. کاتێک مێشک لە مرۆڤ بستێندرێ چی لێ دەمێنێتەوە؟! لاشەیەکی بەتاڵ، تۆێکڵی بێ کاکڵ. زۆرداریی کاتێک دەچێتە سەر، ئەگەر مرۆڤ لە گرنگترین و بایەخدارترین هێز بێ بەش کرا: مێشک، تێگەیشتن، ژیر!.

دارشتنی ئەو داستانە بەو جۆرە شێوازە و ئەو چارەسەرەی بۆ پێشنیاز کراوە، لەناوەرۆک و ڕوخساردا بابەتێکە لە چوارچێوەی کەلەپووری قۆناغی پێش فەلسەفەدا گیری خواردووە و ئەو سنوورە نابەزێنی.

## وڵاتی هیند

هیندستان وڵات و دەڤەرێکی فرە ڕەگەز و فرە زمان و توێژە. ئەگەر کەمایەتییە مەسیحییەکەی تێیدا جێگیر کراوە پشتگوێ بخرێ، هەردوو ئایینی بوودا و براهما پێکهاتە ڕەنگاوڕەنگ و جیاوازەکانی ئەو دەڤەرەی پێکەوە کۆکردۆتەوە. پێکەوە بوون بەو دەفرەی کولتوورە فرە ڕەنگییەکەی تێیدا دارێژراوە. ئەو قۆناغەی مەبەستی ئەو نووسینەیە سروشتە ئایینییەکەی بە ئاشکرا دەرخستووە و ساغی کردۆتەوە. لەگەڵ ئەو سروشتە گشتییەشدا تایبەتمەندی هەر تاقم و ڕەگەز و دەڤەرێک کەسایەتی خۆی پاراستووە، ئەگەرچی لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر، بگرە لە باژێرێکەوە بۆ باژێرێکی دیکە زمانەکە دەگۆڕێ.

کولتووری قۆناغی پێش فەلسەفە لەو دەڤەرە بەرینە چوار ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە لە سێ بەش پێکهاتووە:

– ئەفسانە و داستان.
– لاهووت.
– دابونەریتی ڕەنگاوڕەنگ.

ئەو فرە ڕەنگی زمان و ڕەگەز و ناوچە و دابونەریتە، ئەوەندە بەسەختی لەلایەن ئایینەوە کۆنترۆڵ کراوە بەهیچ جۆرێک دەرفەتی هەڵگیرسانی جەنگ و کوشتار و ناخۆشی و کێشە و بەرە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا نەداوە، بە پێچەوانەوە سروشتی ئایینەکە جۆرە خۆنەویستی و ڕێزگرتنی ئەوی تر و سادە و ساکاری و لێبووردن و دوورکەوتنەوە لە گوشار و تۆبزی لێکردن و توندوتیژ و پەنابردنە بەر شێواز و ڕێگای ئاشتی و دۆستایەتی و هێمنی و ئارامی سەپاندووە. مێژووی هیندستان هەر لەسەرەتای مێژووەوە تاوەکو مەهاتما گاندی ڕاستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە.

ئەو کولتوورەی هیندستان کە لە چوارچێوەی هەردوو ئایینی براهما و بوودادا دارێژراوە و پێی لەسەر شێوازی کار و کارکردنی ئارامی و ئاشتی و دوور لە توندوتیژی داگرتووە. ئەو ڕۆڵەی لە وڵاتانی ئاسیا گێڕاوە، کە دواتر کولتوور– فەلسەفەی یۆنان لە ئەوروپادا بەگشتی گێڕاویەتی؛ ئەو کولتوورە سێ تایبەتمەندی سەرنجڕاکێشی هەبووە و دەریخستووە:

**یەکەم:**

ڕێزلێنانی دابونەریت. ئەو هەڵوێستە بۆتە مایەی ئەوەی ئەو دابونەریت و ڕێوشوێن و ڕەوشتەی دانیشتوانە جیاکانی ئەو دەڤەرە بپارێزرێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بمێنێتەوە.

**دووەم:**

لە کولتوورەکەدا هەست بە خواستێکی بەهێزی یەککرتن و یەک ڕەنگی بوون لەچوارچێوەی فرە ڕەنگی و هەمەچەشنەییدا هەست پێ دەکرێ. ئەو خواستە فرە ڕەگەزە جیاوازەکان لەنێوان خۆیاندا بەرجەستەیان کردووە.

**سێیەم:**

پۆلێن کردن، ڕێکخستن و قانوون و دەستوور دانان(١٣).

ئەگەر ئەو خاڵانە تایبەتمەندی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە فراوان و پانوبەرینە بەرجەستە بکەن، جێ دەستی ئایینەکە پتر لە ئایدیۆلۆژی و بیروبۆچوونی تر بە کولتوورەکەوە بەدەردەکەوێ و هەستی پێ دەکرێت. دەبێ ئەگەر ئایین نەبووبایە چ سەرخانێکی تر ئەو توانایەی هەبوو ئەو پێکهاتە جیاوازانە پێکەوە کۆ بکاتەوە؟!

لە هیندستانی ئەوسا وەک دەڤەر و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵات بەگشتی و ئاسیا بە تایبەتی ئەو تێکستانەی پارێزراون و ماونەتەوە و هزرمەندان لێکیان داونەتەوە لەچەند تێکستێکی ئایین کە سروودی ئایینی و ستایش و پاڕانەوە و نزاو نوێژ و ڕۆژوو گرتنیان تێدا باس کراون، بەولاوە نین. هەر لەو دەڤەرە وەک دەڤەرەکانی دیکە لەو تێکستانەدا کە خۆیان تیشکدانەوەی پێکهاتەی توێژ و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەکانی هیندستانن بەگشتی بیر لە گۆڕینی هەلومەرجی ڕەوشی لە ئارادابوو هەڵکەوت نەکراوەتەوە، لەوەش پتر ڕەوشەکە تاڕادەیەک بێ دەنگییەکی پەسند کردنی لە ئاقاردا نوێنراوە، باسی ئەوە کراوە چۆن مرۆڤ خۆی، ڕەفتار و کردار و جۆری بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی لە ئارادابوودا بگونجێ. زۆرجار وا دێتە بەرچاو کە بیرکردنەوە لە گۆڕینی ڕەوشی هەڵکەوت لە تابۆ و گوناح بچێ، هەروەک ئەوەی ڕەوشە جەورەکە و بێ

دادییەکە چارەنووسێکی ئاسمانی بووبن!

ئەو جـۆرە کـردار و ڕەفتـار و هەڵسـوکـەوت و بیـرکـردنەوەیەی ئەو ئایینانە بەسـەر لایەنگیـرانیـاندا سـەپاندووە، بە کـولتـوور و ڕێسـا و ڕێوشـوێنی دانایی(١٤) ناوبراوە. کـولتـوورێک خـەڵک و لایەنگیـرانی بەجـۆرێک هانداوە پشت بکەنە دنیـا و گـازندە نەکەن و ناڕازی نەبن، بەڵکو خۆیان و دەروون و ناخی خۆیان بەهۆی پەرستن و نوێژ و ڕۆژوو و خەڵوەتەوە ڕابهێنن بە جۆر و شێوازێکی نەخشە بۆ کێشراو بژین و بیربکەنەوە.

تاقیکردنەوەی تایبـەتی هەر کـەسێک ئەگـەر پەیڕەوی ئەو ڕێوشوێنانەی کرد، کەمکردنەوەی پێداویستی و حەز و ئارەزوو کۆنترۆڵ کردنی ژیانی ڕۆژانە، بەپێی کولتووری ئایینی بوودا، زۆرجـاریش ئەو تاقـیکردنەوەیە دەگـاتە ڕادەی ئازاردانی لەش و هزر و گـیـان، هۆکـارەکـانی بەدبەختی و سەریەشە و نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ژیان کەم دەکەنەوە، ژیانێکی ئاسوودە و خۆش و پڕ خێر و بێر دابین و دەستەبەر دەبن. بەلای لایەنگیرانی ئەو کولتوورە ئایینییەوە تاقیکردنەوەی تایبەتی بریتییە لە خۆناسین. ئەگـەر مـرۆڤ بە تەواوەتی خـۆی ناسی، دەتوانێ ڕاز و نیاز، هەست و ئارەزوو، ئاوات و ئامانج و خواستی خۆی دیار و دەستنیشـان بکات، ئەوکـاتە، کە ئەوەی بۆ کرا، دەتوانێ بەسـەر نەفسی خـۆیدا زاڵ ببێ و دەستی بڕوا و دەسـەڵاتی بە ژیان و نـاخ و بیـرکـردنەوەی بشکێ و کۆنترۆڵیان بکات. ئەو پرۆسەیە، گوایە، کەم کردنەوەی ئێش و ئازاری ژیان دەستەبەر دەبێ.!

بەلای بنەمـاکـانی ئایینی بووداوە ژیان خـۆی هۆکـار و سەرچاوەی ناخۆشی و بەدبەختییە و ئەو ڕەوشە دەکرێ بە کـێشـەی ئێش و ئازار ناوببرێ. هۆکـاری ئەو ڕەوشـە لە جیـاوازی نێوان توانا و ئـاواتی مرۆڤ خۆی کـەوتۆتەوە. بەلای لایەنگیـرانی بووداوە، سـروشـتی ژیان خـۆی بە جـۆرێکە، لەنێـوان دوو هێـزدا، لەنێـوان دوو لایەن و تەوژمـدا گـیـری خـواردووە و سـەرگـەردانە، ئەوەی لە توانایدا هەیە بە دەسـتی بهـێنێ و ئەوەی ئـاواتی بـۆ دەخوازێ. مرۆڤیش ناتوانێ بەرانبەری و هاوکێشەیەک لەنێـوان ئەو دوو هێـز و لایەنەدا بەدی بهـێنێ، بۆیە دووچاری ئێش و ئازار دەبێ. ئێش و ئازار و نەهامـەتی لەوەوە دەکـەونەوە کە توانای مرۆڤ سنووردارە و هیـوا و ئاواتیـشی بێ سنوور. ئەو جیـاوازییـەی لەنێـوان ئەوەدا مــرۆڤ هەیەتی و ئەوەی دەیەوێ هەیبێ و ئـاواتی بـۆ دەخوازێ هۆکاری ئەو کـێشـەیەیە. مرۆڤ هێـز و توانای هەیە، بەڵام سنووری شت بەدەسـتـهـێنانی ڕادەیەکی دیاریکراوی هەیە، کـەچی ئارەزووی هەبوونی شت لە سنوور و ڕادە بەدەرە. نەبوونی هاوکـێـشـەیی و هەمـاهەنگی و تەبایی لەنێـوان توانا و خواست، پێکەوە نەهاتنەوەی ئەوەی مـرۆڤ دەیخـوازێ و ئەوەی بە ڕاسـتی هەیەتی و لە دەستی دێت سـەرچاوەی کـێشـەکەیە، بۆیە ڕێگاچارە تەنیا هەر گـۆڕینی ڕێوشوێنی ژیان و گوزەرانە، نەک گـۆڕینی ڕەوش و هەلومـەرجی لە ئارادابووی کۆمەڵایەتی. پێویستە مرۆڤی بڕوابوو بە ئامۆژگارییەکانی بوودا هەوڵ بدات هەمـاهەنگییـەکی دروست و تەبایی و بەرانبـەرییـەک لەنێـوان ئەوەی هەیە و ئەوەی دڵی دەیخـوازێ و ئارەزووی دەکـات ڕابگرێ. یۆگـا کـە وەرزشێکی گیـانییـە ڕێگای ڕاسـتی چارەسـەری ئەو کێشەیە دەستەبەر دەبێ. ئەو شێوازی وەرزشە بریتییە لە بیـرکردنەوە و ڕامان و پەیڕەوکـردنی پێنج بنەمـا، بەهۆ و یارمـەتی ئەو بنەمـایانە کە شـێوازێکی ئاکارییـان هەیە، مرۆڤ دەتوانێ ژیانی خۆی ڕێک بخات و کۆنترۆڵی هزر و کرداری خۆی بکات.

بنەماکان بەو جۆرەن:

**یەکەم:**

هیچ زیندەوەرێک مەکوژە!.

لەو بنەمـایەدا، وەک لە تێکسـتـەکـاندا دەرکـەوتووە، لایـەنی ئاکـار «هەست و بەزەیی و دڵ پێ سـووتان و ئازارنەدان، ڕک نەبوونەوە و بوغـز هەڵنەگرتن لە کـەس» دووپات کراوەتەوە.

مرۆڤی چاکەکار و ڕاستەقینە ئەو کەسەیە ئازاری هیچ کـەسێک نادات، ئێش بە هیچ زیندەوەرێک ناگەیەنێ. هەست و سۆزی گـەرمـوگـوڕی بەرانبـەر کـەسانی دیکە هەبێ. مـرۆڤی دانا و ژیر ئەو کـەسـەیە نیـازی بەد و بەدکاری نەبێ، وشەیەک بەسەر زمانیدا نەیەت هەستی خەڵک برووشێنێ و بریندارییان بکات. قسەی هیچوپووچ نەکـات. دەبێ دووان و قسـەکـردن بەو مـەبەسـتـە بێت خۆشی و چاکە بە کەسانی دیکە بگەیەنێ.

**دووەم:**

نابێ دزی بکرێت.

دەست بردن بۆ ماڵ و موڵکی کەسانی دیکە قەدەغەیە و ڕێگا نادرێت. ئەو شتـەی هی تۆ نییـە هەڵیـمـەگرە و مەیبە. حەسوودی بە کەس مەبە.

**سێیەم:**

درۆکردن بە پێچەوانەی ڕێوشوێنی ئایینەوە.

نابێ مـرۆڤ بەهیچ شـێـوەیەک ناڕاست بێت. ڕاسـتی دابونەریتی مرۆڤی ڕاستەقینەیە.

**چوارەم:**

ئەوەندەی لەتوانادایە و بکرێ شتێک نەخورێتەوە مرۆڤ مەست و سەرخۆش بکات.

**پێنجەم:**

داوێن پاک بە، خۆت لەکاروپێوەندی نا ئاسایی سێکس بە دوور بگرە(١٥). داوێن پیسی نارەوایە. ڕاستە سێکس شتێکی ئاسایی و ڕەوای ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، بەڵام ئەو کەسەی پەیڕەوی ئەو ئایینە بێت، وەرزشی یۆگا بکات، سێکس دەبێ بە کۆسپ و تەگەرەیەکی سەخت لەبەردەمیدا.

ئەو پێنج بنەمایە کە پتر لە ڕێوشوێنی ئاکارییانە دەچن بۆ ئەوە دانراون کۆنترۆڵی ژیان و هزری مرۆڤ بکەن و بۆ ئەوەی خودی مرۆڤ هیچی دیکە سەرگەرمی کاروباری ژیانی ماددی ڕۆژانە نەبێت.. ئەگەر کرا ئەم ئامانجە بپێکرێ، ئەوە خەڵک، مرۆڤ لایەنگیرانی ئەو ڕێوشوێنە ئایینە مل کەچی فەرمان و گوێڕایەڵی بنەماکان دەبن و ئەو سیستم و ڕێژەی لە ئارادان چییان بوێ بۆیان دەچێتە سەر. ئەگەرچی ئەو ڕێوشوێنانە لە ڕوخساردا فۆرمێکی مرۆڤانە دەردەخەن، بۆ نموونە وتراوە: ئەوی دڵی خۆی و ناخی دەروونی پڕ بکات لە خۆشەویستی و هەست و سۆز بەرانبەر بە کەسانی دیکە و لەدڵیدا جێگای ڕک و کینە و بوغز نەکاتەوە و بەهۆی یۆگاوە هەنگاوی پتەو و جێگیر بوو بەرەو ئازادی دەهاوێژێ(١٦). ئەم ڕێنماییە لە قسە و گوتەی گشتی بەولاوە شتێکی تر نییە. ئایا دەشێ لە بەرانبەر زۆر و جەور و بێ دادیدا مرۆڤی زۆر لێکراو دڵی پڕ بکات لە خۆشەویستی؟ خۆشویستنی کام کەس و لایەن؟ ئەو ئازادییە کامەیە و چییە کە بەزاندنی داواکارییەکانی دەروون و یۆگا دەیبەخشن؟!

هەرچۆنێک بێ، پشت کردنە دنیا، چاوپۆشین لە جەور و زوڵم و هۆکار و سەرچاوەکانی، بەزاندنی داواکارییەکانی لەش و گیان، کە خۆیان ئەنجامن نەک هۆکار، جۆرە زوهد و سۆفیەتییەکی بودیستەکان پشت ڕاست دەکاتەوە.

بە باوەڕی بوودا نابێ سامان و ماڵ و تەماعی دنیا مرۆڤ تەفرە بدەن و نیگەرانی بکەن، بەپێچەوانەوە دەبێ مرۆڤ شوکرانە بژێر بێ بەوەی لە چارەی نووسراوە و بۆی براوەتەوە! هەموو شتێک دەڕوا و بەسەردەچێ و نامێنێ، زۆر کەس بە درێژایی ژیانیان کۆشاون و هەوڵیان داوە، بەڵام مایەپووچ و بەدەستی بەتاڵ دنیایان بەجێ هێشتووە و هیچیان لەپاش بەجێ نەماوە، بۆیە دەبێ مرۆڤی لایەنگیری ئایینی بوودا چەند ڕاستییەک لەبەرچاوبگرێ:

دەستپاکی، نیازچاکی دەبێ لە کردار و هزر و قسە و گوفتاردا هەبێ و ڕەنگ بداتەوە، ئەگەرچی ژیان خۆی لە ئێش و ئازار بەولاوە نییە، بەڵام هۆکاری ئەو گیرۆدەییە بەدەست ئەو کێشەیەوە مرۆڤ خۆیەتی. ئەگەر بویسترێ ئەو نەهامەتی و ئێش و ئازارە بنەبڕ و بەلایەکدا بخرێن پێویستە ئەو خاڵانە پەیڕەو بکرێن:

- بڕوا و باوەڕی ڕاست.
- هزر و بیرکردنەوەی دروست.
- قسەکردنی چاک و گوفتاری باش.
- کرداری چاک.
- ژیانی ڕاست و بێ پێچوپەنا.
- کۆششی ڕەوا بکرێت.
- نیاز و نیەتی چاک لە دڵدابێت(١٧).

لەو خاڵانەدا کە گوایە دەستەبەری بنەبڕکردنی هۆکاری ئێش و ئازار دەبن دوو لایەن سەرنج ڕادەکێشن:

**یەکەم:**

پێداگرتن لەسەر بنەمایەک مرۆڤ بەرەو تاکڕەوی و گۆشەگیری دەبات و ژیان و پرۆسە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پشتگوێ دەخات!. مرۆڤی تاک خۆی بە هۆکاری کێشەکە دادەنێ.

**دووەم:**

ئەوی لێرەدا ئەوپەڕی گرنگە و سەرنجی شارەزایانی ئەو بابەتەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لایەنێکە دەکرێ تارادەیەک بە ڕیئالیستی دابنرێ- ئەگەر بشێ ئەو وشەیە لەو کایەیەدا بەکاربهێنرێ- ڕیئالیستییەکە لەوەدا بەدەردەکەوێ کە بەهیچ جۆرێک باسی هێزێکی ناماددەیی سەروو سروشتی ترانسندێنتی(١٨) نەکراوە، بەڵکو باس هەر باسی مرۆڤ و ئەرکی سەرشان و ژیان و کۆنترۆڵ کردنی هەست و نەست و ئارەزوو و کردارە. جگە لەوەش لەو جیهاندیدە ئەفساناوییە سەرنجراکێشەدا دوو ڕەنگی پێوەندی نێوان گیان و لەش، گەوهەر و رووکەش، ڕوحانیەت بەهیچ جۆرێک جێگایان بۆ نەکراوەتەوە. لەوە دەچێ وشە و پرۆسەی داهێنانی (خەلقی) دنیا و مرۆڤ لەو ئایینەدا نامۆبن.

ئەگەرچی بەکارهێنانی وشەی ڕیئالیستی جۆرە نامێژوویی و سنوور بەزاندنێکی تێدایە، بەڵام جۆرە بەرەو پێشچوونێک - بە ڕێژەیی- لەچاو ئایینەکانی تردا لەو ئایینەی هیندستاندا هەست پێ دەکرێ:

**یەکەم**: پەنا بردنە بەر هێزی سەروو سروشتی و ئۆباڵی ئەو شتانەی لەدنیادا ڕوودەدەن بخرێتە ئەستۆی، یان هێز و دەسەڵات و خواستی ئەو بوونەوەرە ترانسندینتییە بکرێ بە هۆکاری یەکەم و ڕاستەوخۆی ئەوانەی لە دنیا و

ژیاندا ڕوودەدەن و بەچارەنووس لە ناوچەوانی مـــرۆڤ نووسـراون خـۆ بواردنە لە دەسـتنیشـانکردنی هۆکـاری ڕاستەقینەی ئەو نالەبارییانەی بەهۆی هەلومەرجی ژیانی ئابووری و سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی و پێـوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە دەکەونەوە. گریمانە کردنی بوونی ئەو هێزە سەرووسروشتییە تەمومژاوی کردنی هۆکـاری ڕاسـتـەقـینەیە کـە دەبێ بچـێـتـە ژێر باری نالەبارییەکەوە.

**دووەم:** داوا بکرێ مـرۆڤی تاک بچـێـتـە ژێرباری ناخۆشییەکانی ژیان، خۆی لەخۆیدا جۆرە پێشکەوتنێکی ڕێژەیی پێشکەوتنخـواز لە چاو دەوروبەرەکەی نیشـان دەدات. ئەوی لێرەدا نەکراوە ئەوەیە: ئەگەر مرۆڤ ئۆباڵی کردارەکانی بگرێتە ئەستۆ، دامودەزگا و دامەزراوەکانی کـۆمـەڵگەش هەر بە کـرداری مـرۆڤ دامـەزراون و بنیـادنراون، بۆ دەبێ بیـر لەگـۆڕینی ئەو دەزگـا و دامەزراونەش نەکرابێتەوە؟! نەهاویشتنی ئەو هەنگاوە و پشتگوێ خستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و دامودەزگا و دامەزراوەکان دەکرێ بە سیماو سیمبۆلێکی قۆناغی بەند و کۆیلایەتی ئەو سەردەمە دابنرێن.

### وڵاتی چین

١- لە چین وەک دەڤـەرەکـانی تر کـولتـوورەکـە لەچوارچێـوەی ئایینـدا پێگەیشـتـووە. لێـرە ئایینی کونفشیوسی ئایینی سەرەکی وڵاتەکە بووە. ئەو ئایینە پتر بایەخی بەلایەنی ئاکاری (ئەخلاق) کرداری مرۆڤ داوە. ئەو جیهاندیدە ئەفسـاناوییەی کـۆنفشـیـوس بۆ لایەنگیرانی ڕەنگی ڕشتووە، ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی لاهووتیـشـدا دێتـە بەرچاو، پتـر لە دانانی ڕێوشـوێن و ڕێسـا بۆ مـرۆڤی تاک لە کـۆمـەڵدا چڕ بۆتەوە، ئەو ڕێوشوێنانە دەکرێ بەو شێوەیە پوخت بکرێنەوە:

١- چۆن مرۆڤ دەتوانێ چاکەخواز بێت؟!

٢- بنەمای چاکەکاری چییە؟

٣- ئەو مەرجانە کامانەن کە دەبێ لە کاروکردارێکدا هەبن بۆ ئەوەی بخرێنە خانەی چاکەکارییەوە؟

٤- پێوەندی ئەو چاکەکارییە خوازراوە بە دەوروبەر و پەروەردە و هەلومەرجی ژیانی ڕۆژانەوە چییە و چۆنە؟!

٥- ئایا دەشێ و دەکـرێ بۆ ئەم مـەبەسـتـە ڕەخنە لە سروشتی مرۆڤ بگیرێ، یان دەبێ ڕێگایەکی دروستی ژیانی ڕاست بگیرێتەبەر؟!

ئەگەرچی ئەو پێنج پرسیارە بە شێوازێکی گشتی لە چوارچێوەیەکی هەمەکیدا دارێژراون و تارادەیەکی زۆر تایبەتمەندی کەسانی دیاریکراو کە ڕاستەقینەن نایەتە بەرچاو، دەکرێ بگوترێ کە کەسایەتی مرۆڤ بەگشتی پێی لەسەر داگیراوە و بایەخی پێ دراوە. واش پێ دەچێ مرۆڤ لەو جیهاندیدە بەردی بناغەی ئەو کۆشکە بێت کە ئایینەکـە ویسـتـوویەتی دایبـمـەزرێنێ. دەبێ ئەو کەسایەتییە چۆن و بە چ پێوانەیەک هەڵبسەنگێنرێ و لە چ گـۆشـەیەکـەوە تەمـاشـا بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێ لەتوانایدا هەیە ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا؟! ئەو مەرجانەی باس کران گریمانەی کەسایەتییەکی بەتوانا و لێهاتوو دەکەن، ئەو لێهاتوویی و توانایە، وەک ئایینەکە داوای کردووە، دەکرێ لە دوو سۆنگەوە سەرنج بدرێت:

**یەکەم:** کەسایەتییەکی بەرزی بەتوانا لە ناخی خۆیدا.

**دووەم:** کەسایەتییەکی بەرز و بەتوانا لە دەرەوەی ناخی خۆیدا(١٩).

پشت ئەستوور بەو دەق و تێکستانەی دراونەتە پاڵ ئایینی کـۆنفـشـیـوس و وەرگـێـڕاونەتە سـەر زمـانە زیندووەکانی جیهان، دەکرێ بابەتەکە بەو جۆرە شرۆڤە بکرێت:

لە یەکەمیاندا ئایینەکە هەوڵ دەدات هانی لایەنگیرانی بدات بۆ ئەوەی خـاوەن ورە و گـیـانێکی بەرز و کەسایەتییەکی بەهێز و خواستێک بن بڕوایان بەخۆیان هەبێ و بەئاشـتی و ئارامی و دوور لە هەڵچـوون و سەغڵەت بوون ژیان بەسەربەرن، بەو بەشە ڕازی بن کە بۆیان بڕاوەتەوە.

لە دووەمیشیاندا داوا کراوە مرۆڤی ئیماندار- مرۆڤی کۆنفشیوسی- توانای هەبێ بە چاکی و خاسی بژیا، لە ڕەوشی گـشـتی کـۆمـەڵایەتیـدا هەست بەسـەربەرزی و شکۆمەندی بکات. ئەگەر هاتو ئەو دوو لایەنە جێبەجێ کران، بنەما گرنگەکەی ئایین جێگیر دەبێت.

- دانایی لەناخ و دەروونداـ

- خـانەدانی لە کـردار و ڕەفـتـاری ژیانی ڕۆژانە و دەرەوەی ناخی دەروونداـ ئەو دوو خاڵە کە جۆرە بەهەند زانینێکی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە کۆنفشیوس دەخاتە خانەی ئەو پەیامبەر- چاکسازە- ڕیفۆرمیستانە کە کەمتر سەرگەرمی کاروباری ئاسمان و سەرووسروشت بوون. جگە لەوەی لە زۆربەی تێکستانەکاندا خواوەند- هێـزی سـەروو سـروشت، ژیانی دوای مـردن ڕۆڵ و بایەخـێکی ئەوتۆیان پێ نەبەخـشـراوە، بەڵکو داوا لە مرۆڤی لایەنگیر و هەواداری ئایینەکە کراوە پەیڕەوی ئەو بنەمایانە بکات، کە دەستەبەری گەیشتنە مەبەست و ئامـانج و ڕاز و نیـاز و مـرازی ژیانی ڕۆژانەی ڕەنگ بۆ ڕێژراو دەکەن.

٢- هەر بەپێی بابەتی کەسایەتی، ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی ئاکار کراون بە دوو بەشەوە:
**یەکەم:**
ئاکاری تاکەکەسی.
**دووەم:**
ئاکاری کۆمەڵایەتی(٢٠) «بەگشتی».
بەلای لایەنگیرانی ئەو ئایینەوە هەر بەشە ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەگێڕێ. بۆ نموونە لەخاڵی یەکەمدا کۆنترۆڵ کردنی خۆ و ناخی دەروون بەجۆرە ئازادییەک کە شێوازێکی دانایی و ئاسوودەیی و ئارامی لە ژیاندا دەستەبەر دەبێ، دادەنرێ.
بەڵام لە بەشی دووەمدا پشت بە یەکەمیان دەبەسترێ و سەرگەرمی ئەوە دەبێ مرۆڤ کەسانی دیکە بناسێ، لەگەڵیاندا پێکبێت و بگونجێ. ئەو گونجانە لەگەڵ کەسانی تر و تێگەیشتنیان هەماهەنگی و پێکەوە هەڵکردنی برایانی ئایینی- کۆمەڵگە و لە سروشتدای لێ دەکەوێتەوە. هەر لەو ڕەوشەوە گیانی هاوکاری کردن و کۆمەک و نەزم لە کۆمەڵگەدا دابین و دەستەبەر دەبێ.
ئەو بنەمایانە لە لایەکەوە شوێنەوار و جێدەستی لاهووتیان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو ڕەوشی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیان بەرجەستە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە نیشانی دەدەن بە ڕاهێنان و دەستەمۆکردنی ناخی دەروون و داواکارییەکانی ژیان سوود بە خاوەنەکەی و کەسانی دیکەی دەوروبەری دەگەیەنێ.
ئەگەر بشێ لێرەدا جۆرە بەراوردێک بکرێت، ئەو بۆچوونەی کۆنفشیوس و لایەنگیرەکانی، هەڵوێستی ئایینی مەسیحی (عیسایی) دەهێنێتەوە یاد کە بۆ پاکانەکردن بۆ سیستم و ڕێژیمی دەستبەکار و پاساودانی ڕەوشی بەند و کۆیلایەتی داوا لە مرۆڤی مەسیحی دەکات خۆی بگۆڕێ، نەک دامەزراوەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگە و هەڵکەوت، لەوەش بەولاوە بۆ پێکەوە گونجان لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگەدا کۆشش بکات. لەلای دیکارت هەڵوێستێکی ئەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ.
لە هەمان کایە و دەقەردا بەپێی سەرچاوەکان کۆنفشیوس گوتوویەتی:
«پێشینان ئارەزوویان دەکرد کەسایەتی و چاکەکاری خۆیان بەدەربخەن ڕاستی خۆیان بەجیهان بگەیەنن، لە سەرەتادا کۆششی جێگیرکردنی نەزمیان لە دەوڵەت و وڵاتەکەیاندا دەکرد، ئەوانەی سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی سیستەم و دیسپلین و نەزم بوون لە دەوڵەت و وڵاتەکەیاندا یەکەم جار خێزانەکانی خۆیانیان ڕێک دەخست. ئەوانەش حەزیان لە ڕێکوپێک کردنی خێزانەکانیان دەکرد لە پێشەوە بایەخیان بە ژیانی تایبەتی خۆیانیان دەدا(٢١)».
ئەو بەیەکەوە بەستنەوەی تاک و کۆ و پابەندکردنی دەستیاوی یەکتریان تایبەتی و گشتی، خۆی لەخۆیدا فرە ڕەنگی و بەپێزی جیهاندیدی کۆنفشیوس دەردەخات، چونکە قسەکە وادەگەیەنێ مرۆڤ - تاک- بنەما و بنەڕەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکارەکی کۆمەڵگایە.
بەڵام کام تاکەکەس و کام مرۆڤی تاک؟ مرۆڤی خانەدان و دەست ڕۆیشتوو، یان بۆرە پیاو و مرۆڤی سادە و ئاسایی؟!
٣- بایەخدان بەلایەنی ئاکار کە بەشێکی گرنگی لایەنی گیانی بوون و ژیانی مرۆڤە، مرۆڤایەتی پشت ڕاست دەکاتەوە، بەڵام پرسیارەکانی پێشووتر هەر بەبێ وەڵام دەمێننەوە کام مرۆڤ؟ ئایا بەند و کۆیلە و جووتیارو وەرزێرە دەستکورت و هەژار و نەدارەکان پێویستە مرۆڤ پەروەر و پابەندی بنەماکانی ئاکاربن، یان ڕووی گوفتار کراوەتە دەرەبەگ و خاوەن زەوی و کاربەدەستانی دەوڵەت کە چینی هەژار دەچەوسێننەوە، چاودێری بنەماکانی ئاکار بکەن و مرۆڤ پەروەربن؟
ئەو پرسیارانە بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە، چونکە ناکرێ ئەو بابەتە لە هەلومەرج و دۆخی تایبەتمەندی سەردەمی خۆیان دابیرڕێن و لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە سەرنج بدرێن. بەڵگەیەکی زیندووش لەبەردەستدا نییە دەری بخات ئەو ئایینە بەو ڕوون و ئاشکراییە لایەنگیرانی خۆی و خەڵکی ئاسایی پۆلێن کردبێ. ئەوی لەبەردەستدایە، پشت ئەستوور بەتێکستەکان، کۆنفشیوس لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا: چۆن مرۆڤ دەتوانێ مرۆڤ پەروەر بێت؟ پەیڕەوێکی پێشنیار کردووە لەچوار قۆناغی سەر ڕێگا پێکهاتووە:
**یەکەم:**
جێن jen
چاکەکاری، پیاوەتی، خۆشەویستی، بەدڵ و دەست بوون.
**دووەم:**
لی Li
دابونەریت و دەستووری جوان (بەکوردی کۆن: ئوسوڵ و ماریفەت!)
**سێیەم:**
هسیاو Hsiao
تا چەند کوڕیە- ڕۆڵە دڵسۆزی کەسوکار و باوک و دایکیەتی.

بەنمەکە یان نا؟

**چوارەم:**

یی Yi

ڕاست و دروستی و بێ پێچوپەنایی(٢٢).

هەر قۆناغێک لەو چوار قۆناغە کە بە وشەیەکی زمانی کۆنی چینی دەستنیشان کراوە بایەخ و ناوەڕۆک و ڕوخسار و ئاراستەی تایبەتی خۆی هەیە:

- جین:

ئەمە بە یەکەم قۆناغی بوون بە مرۆڤ پەروەرییەکە لە ئایینی کۆنفشیوسدا پێشنیار کراوە. ئەو ڕێگایە تایبەتمەندییەکی تاکەکەسی هەیە، خۆی لەناخی دەروون و ویژدانی مرۆڤدا پێ دەگات، بەڵام کاتێک دەستبەکار دەبێ ئەو سنوورە دەبەزێنێ و دەبێ بە خۆشویستنی مرۆڤ بەگشتی. ئەو لایەنە وەک چۆن پێوەندی بە هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە، بە هەمان شێوە بنەمایەکی پتەوی پێوەندییەکانی مرۆڤایەتییە بە تێکڕایی؛ جون کولر (لەسەرچاوەی - پەراوێزی ژمارە- ١٤ لاپەڕە ٣٥١دا) قسەیەکی کۆنفشیوسی بەو جۆرە نووسیوە:

«هەموو کەسێک ئارەزووی لە سامان و موڵک و ماڵە و حەز دەکات شەرەفی خۆی بپارێزێ. خۆ ئەگەر ئەوانە بە ڕێگایەکی پێچەوانەی بنەما و ڕێوشوێنەکانی ئاکارەوە بەدەست بێن، هیچ ڕەواییەکیان نابێ و ناشێ پارێزگاری بکرێن.» کەس نییە لەو جیهانەدا ڕکی لە هەژاری و دەست کورتی نەبێتەوە خۆ، ئەگەر خۆ دەربازکردن لێیان تەنیا هەر بەوە ببێ مرۆڤ سەرپێچی لە بنەماکانی ئاکار بکات. ئەوە ئەو کۆشش و هەوڵە ڕەوا نین و نابێ ئەو سەرپێچییە بکرێت. ئەو تێکستە دەری دەخات: ڕێگای دروست و ڕەوای کرداری مرۆڤ ئەوە نییە ئەو شتەی دەستگیر بێ کە حەزی لێیەتی و ئارەزووی دەکات و خۆی لەوانە بە دوور بگرێ کە دەیدزێن و ڕکی لێیانە، بەڵکو ڕێگا ڕاستەکە ئەوەیە: مرۆڤ پەیڕەوی بنەمای جین بکات. دەبێ تا چەند سوکراتی یۆنانی و کانتی ئەڵمانی سوودیان لەو جیهاندیدەی کۆنفشیوس وەرگرتبێ؟!

- لی:

هەنگاوی دووەم کە پێویستە بهاوێژرێ بریتییە لە پەیڕەوکردنی ڕێساکانی دابونەریت و دەستوور و ڕێوشوێنەکانی کۆمەڵگە، ئەو پەیڕەوکردنە کاتێک لە کردن دێت ئەگەر مرۆڤ توانی دەسەڵاتی بەسەر ناخ و دەروونی خۆیدا بشکێ. دوای ئەمە ئامادە دەبێ پەیڕەوی «لی» بکات، لێرەوە پێوەندییەکی توندوتۆڵی پشت ئەستوور بە بڕواو باوەڕ لەنێو تاک و کۆمەڵگەدا دروست دەبێ و دەکەوێتەوە. ڕەفتار و کرداری بەد و زیانبەخش بەربەست دەکرێن و سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤدۆستی، مرۆڤ بەدەردەکەوێ.

- هسیاو:

لەو قۆناغەدا ڕۆڵی پەروەردە و بەخێوکردن لەنێو خێزان و بنەماڵەدا دووپات کراوەتەوە: پێویستە ئەو پەروەردە و بەخێوکردنەی زارۆک و منداڵ بەجۆرێک بێت تۆوی ڕێزلێنانی باوک و دایک و ئەوانەی بە تەمەن گەورەترن لەناخ و دەروون و دڵیاندا بچێنرێت. کۆنفشیوس وای داناوە، گەورەترین هۆکاری بەهێزکردن و پاراستنی دەوڵەت و ڕاگیرکردنی کۆمەڵگە بەهاونەریتی پەروەردەیە(٢٣). پەروەردەش لەنێو خێزاندا دەست پێدەکات.

- یی:

ڕاستی و دروستی واپێدەچێ، ئەگەر بەچاکەکاری دابنرێت و مەبەست ئەوەبێ مرۆڤ ڕاست بڕوات لە فۆلکلۆر و دابونەریتی زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵات بەشێواز و جۆرێک لە جۆرەکان پێی لەسەر داگیراوە. لە هەندێ ناوچەی باشووری کوردستان دەگوترێ:

ئەگەر ڕاستی ڕەفتی ئەگەر چەفتی کەفتی!

ئەو پەندە مەبەستی ئەو چاکەکارییەی قۆناغی چوارەمی پەیڕەوەکەی کۆنفشیوس (لی) دەپێکێ! بەلای ئەو ئایینەوە هەماهەنگی نێوان چوار چاکەکارییەکە- چوار هەنگاوەکە- ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤی چاکەخواز پەیدابێ و ئینجا کۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێکی نەزم جێگیر و ئاسوودەی لێ بکەوێتەوە. ئەوکەسەی لە ژیانی ڕۆژانەی و لە کرداریدا دروست بیربکاتەوە، پشت بە بنەماکانی ئاکار ببەستێ لەوە بەدوور دەبێ توندڕەو و هەڵەشە و بەدکاربێ! ئەوەیە مەبەستی ئایینەکە.

٤- ئەو ڕەوتە ئاکارییەی ئایینەکەی کۆنفشیوس ئەگەرچی لەچوارچێوەی «نموونەیی و هزر و ئایدیادا» دارێژراوە و گیری خواردووە، جۆرە مرۆڤ پەسندییەکی تێدا بەدی دەکرێت، نەک لەبەر ئەوەی پشتی کردۆتە بابەتی لاهووت و سەرووسروشت و ژیانی دوای مردن، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەوڵی داوە- ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی نیمچە ئەفسانەیی یۆتوپیشدا بووبێ- پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، پێوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر و کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی ڕەنگ ڕێژکراو، لەچوارچێوەی هزردا دابڕێژێ. بەپێی ئەو بنەمایانەی ئەو پێوەندییانەیان لەسەر دامەزراون و ڕێکخراون دەبێ چاکە هەر بە چاکەکاری بدرێتەوە، بەدکاریش ڕووبەڕووی داد و

دادگا و دادپەروەری ببێتەوە. بەهۆی ئەو بنەمایانەوە جیهاندیدی ئەو ئایینە و کولتوور و کەلەپوورەکەی بە ڕێبازی «پێکەوە هەڵکردن و بەیەکەوە هاتنەوە و گونجان و هارمۆنی مرۆڤ و کۆمەڵگە و سروشت» ناوبراوە.

کولتوور و کەلەپوور و دابونەریتی ئەو میللەتانەی ڕۆژهەڵات ڕاستە بەپێز و فرەڕەنگ و بەبڕشتن، هەندێک بابەتیان باس کردووە، دواتر لەلای فەیلەسووفەکانی یۆنان کراون بە کەرەسەی ڕامان و هزر و توێژینەوە، بەڵام ناکرێ ئەو کەلەپوورەی ڕۆژهەڵات بە فەلسەفە ناوببرێ، چونکە گرنگترین ئەو مەرجانەیان تێدا نییە کە دەبێ لە فەلسەفەدا هەبێ، بۆیە پڕ بە پێستی خۆیەتی ئەگەر کولتوورەکە بە بابەتی قۆناغی پێش فەلسەفە ناوببرێ.

## مەرجەکانی بابەتی فەلسەفە

بابەتێک دەکرێ بە فەلسەفە ناوببردرێ ئەگەر هاتو لەو بڕیارەی دەیدات، لەو کێشەی تاووتووی دەکات و بەلایەکی دادەخات، لەو جیهاندیدەی ڕەنگی دەڕێژێ چەند مەرجێکی تێدابێ گرنگترینیان ئەوانەن:

**یەکەم**: لە بابەتی توێژینەوەکەدا شیکردنەوەکی ژیرەکی پەیڕەو کرابێ و تێیدا بێ. لەو هەنگاوانەدا کە ناونی و دەیانهاوێژێ، ئیتر ئەو هەنگاوانە ئەزموون و تاقیکردنەوەی هزر و بیربووبن، یان نا دەبێ بە تەواوەتی تێیاندا هەست بە ڕۆڵی کاریگەری بەکارهێنانی ژیر بکرێت. هەست و سۆز و ئەفسانە و خواستی لابەلاو بێ سەروپا لە جیهانی فەلسەفەدا بڕ ناکەن و جێگایان نابێتەوە.

**دووەم**: پەیوەستییەکی هۆیەکی Kausalitat لەنێو بابەت و دەقەکانی جیهاندیدەکەدا هەبێ. ناکرێ و ناشێ و ناگونجێ هیچ بڕیارێک بەبێ هۆکاری پێویست و بەس بوو بدرێت.

**سێیەم**: ئەو ئەنجامەی دەکەوێتەوە دەبێ بە ناچاری بە بنەماکانی لۆژیک پشت ئەستوور بێت. پێویستە پێوەندییەکی ناچاری لەنێوان پێشەکی گریمانە کراو و ئەنجامی بەدەستهاتوو کەوتووەوەدا هەبێ. ئەو پێوەندییە بەشێوازێک بێت نەکرێ و لەکردن نەهاتبێ لەو ئەنجامە بەدەست هاتووە بەولاوە شتێکی دیکە بکەوتبایەوە.

ئەو مەرجانە کەم تا زۆر لە هیچ کامێک لەو تێکستانەی کولتووری میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا کە باس کران بەرچاو ناکەون، بۆیە ناو و دەستەواژەی قۆناغی پێش فەلسەفە بەتەواوەتی پڕ بە پێستیانە.

**سەرچاوەکان:**


**٩- خالد السید محمد غانم: الزرادشتیة تأریخا و عقیدة وشریعة، دمشق ٢٠٠٥، ص٨٣.**

**١٠- خالد السید محمد غانم: المصدر نفسه، ص٣٥.**

**١١- محمد حسن: تیارات الفلسفة الشرقیة، دمشق ٢٠٠٨ ص٢٦.**

**١٢- موسا محەمەد خدر: ئایینی زەردەشتی. نامەی ماجستێر- بڵاونەکراوەتەوە. هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٠.**

**١٣- موریس کروزیة: المصدر السابق نفسه، ص٥٤٧.**

**١٤- جون کولر: الفکر الشرقي القدیم. ت: کامل یوسف حسین. مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام ط٢ بیروت ٢٠٠١ص٢٢.**

**15- Hans Joachim Storig: Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.66.**

**١٦- جون کولر: المصدر السابق، ص١٠٢.**

**17- Hans Joachim Storig: Ebenda. S.59.**

**18- Hans Joachim Storig: Ebenda. S.62.ff.**

**١٩- جون کولر: المصدر نفسه، ص٣٢٥.**

**٢٠- محمد حسن: المصدر السابق، ص٦٦.**

**٢١- جون کولر: المصدر السابق، ص٣٢٦. هەروەها بڕوانە:**

**- Hans Joachim Storig: Ebenda. S.106**

**٢٢- جون کولر: المصدر السابق. ص٣٥٠.**

**23- Hans Joachim Storig: Ebenda. S.107.**


**- ئەو نووسینە پوختەی چەند وانەیەکە کە بە خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر وتراوەتەوە ساڵی (٢٠٠٩).**

# بیرگسۆن و فەیلەسووفە فەرەنساییەکانی دواتر
# (فەلسەفە وەک لقێک لەئەدەب)


**برایان ماگی**

**لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون**

**(سلێمانی)**


لە فەرەنسای سەدەی بیستەمدا فەلسەفە وەک بەشێک لەکولتووری ئەدەبی گشتی، بێ هیچ بایەخدانێکی تایبەتی بەهێز، بەزانست و لۆژیک و شیکاری، گەشەی کرد.

هینری بیرگسۆن ١٨٥٩-١٩٤١ لەپاریس لەدایک بووە. دایکی ئینگلیز بووە و باوکی جوولەکەیەکی پۆلۆنی. زمانی فەرەنسی بۆ ئەم بوو بەزمانی زگماک و لەگەڵیدا گەورەبوو. وەک مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆدا کاری کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسینەکانی زۆر دڵگیر و جوان بوون، خەڵکێکی زۆر لەدەرەوەی زانکۆش نووسینەکانیان دەخوێندەوە و کاریگەریی ئەمیان بەسەرەوە بوو. ساڵی ١٩٢٧ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێ بەخشراوە. بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن (Essai sur les donnees immediates de..) هەوڵدانێک لە ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی ویژداندا) ساڵی ١٨٨٩، (Matiere et memoire) ماتریال و بیرەوەری، ساڵی ١٨٩٦ لەگەڵ (LE volution crea-trice) گەشەکردنێکی داهێنەرانە، ساڵی ١٩٠٧. لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بیرکردنەوەکەی ئاراستەیەکی ئایینی گرتە بەر. ڕەنگە بەماوەیەکی کورت بەر لەمردنی باوەڕی بەڕێبازی کاسۆلیکی هێنابێت. گەر ئەوەشی کردبێت، بەمەبەست درەنگ کەوتووە و بەنهێنی هێشتوویەتەوە بۆ ئەوەی وا لێک نەدرێتەوە پشتی کردۆتە میللەتی جوولەکە، لەکاتێکدا ئەوان کەوتبوونە بەر شاڵاوی نازییەکان و ئەڵمانیا فەرەنسای داگیر کردبوو.

### زەین ڕوونی حەدەس(*) intution

بە بۆچوونی بێرگسۆن بەپێی ئاستەکانی پرۆسەی گەشەکردن (evolution) بەپلەی یەکەم دەبێت باس لەمرۆڤ بکرێت. بەو مانایەی ئەرکی هەستەکان لەگیانلەبەراندا هەر لەسەرەتاوە وەک ئێستا نەبووە کە وێنەی دەوروپشتی بۆ بگوێزێتەوە، بەڵکو بۆ خستنەگەڕ و هاندان، بۆ کارلێکی تایبەت بەپاراستنی ژیانی ئەو جۆرە گیانلەبەرانەوە بووە. بەتێپەڕبوونی چەرخی لەژمارە نەهاتوو یەکەم جار ئۆرگانەکانی هەست گەشەی کردووەو دواتریش سیستمی ناوەندی دەمارەکان و دوای ئەوانیش ئاگامەندی وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی ئەم ئۆرگانانە بۆ بەردەوامیدان بەژیان و وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوت بووە. ئەمڕۆش ئەو زانیارییانەی بەهۆی ئەو ئامێرانەی هەستەوە بە ئێمە دەگەن وێنەی بابەتیانەی دەوروبەرمان نین، بەڵکو گەیاندنی ئەو پەیام، یان ڕاسپاردانەن کە بەهۆیانەوە ئێمە بەشێوازێکی دیاریکراو ڕەفتار دەکەین.

هێنانە پێش چاوی دەوروبەرمان هەرگیز وەک بینینی وردەکاری ناو وێنەیەکی فۆتۆگرافی نییە کە تا بەرزترین پلە هەڵبژێردراون، هەمیشە پراگماتیکانە و هەموو کات لەخزمەتی خۆیدا بووە. ئێمە تەنیا پابەندی ئەو شتانە دەبین کە پێوەندییان بەخۆمانەوە هەیە. ئەو وێناکردنەی بۆ دەوروبەرمان هەمانە لەسەر بنەڕەتی مەرجی بەرژەوەندییەکانمان دروستمان کردووە، کە سێبەری سەلامەتی خۆمان هەمیشە باڵی بەسەریاندا کێشاوە. گەر سەرەتا لەم بابەتە بگەین، ئەو کاتە مرۆڤ لەسروشتی ڕاستەقینەی زانیارییەکانی مرۆڤ حاڵی دەبێت.

بەلای بێرگسۆنەوە سەبارەت بە یاسای گەشەکردن، پرۆسەی هەڵبژاردەی بە ڕێکەوت وەک لێکدانەوە بۆ ئەوەی ڕوودەدات دەست نادات، پێدەچێت جۆرە هێزێکی سەرسەختی ماندوونەناس هەبێت کە ئاراستە کراو بێت ڕووەو تاکگەرایی گەورەتر و لەهەمان کاتدا ئاڵۆزیی مەزنتر. هەرچەندە ئەمە هەمیشە ناڕەحەتی و مەترسی زیاتر لەخۆیدا هەڵدەگرێت، کە بێرگسۆن ئەم هێزە ناو دەنێت (élan vital) و دەکرێت بە (هێزی ژیان) وەربگێڕدرێت.

مەبەستی بێرگسۆن ئەوەیە، مادام بەردەوام هەموو شتێک لەگۆڕاندایە، ئەوە ڕەوتی کات بریتییە لەبناغەی هەموو واقیعێک. ئێمە لەڕاستیدا لەناخی خۆماندا، لەگەڵ ئەو ڕەوتی کاتەدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیانە و یەکسەرییانە، نە لەڕێگەی تێگەیشتن و نە لە ڕێگەی هەستەکانەوە ژیان دەگوزەرێنین. بیرگسۆن ئەم جۆرە زانیارییە نەگوێزراوانە ناو دەنێت زەین ڕوونی (حەدەس – intution) ئەو پێی وایە ئێمە لەبڕیار وەرگرتندا زانیاری زەین ڕوونیمان هەیە و لەبەرئەوە زانیاریمان هەیە کە ئێمە خاوەنی (ویستی ئازاد)ین، بەڵام ئەم زانیارییە یەکسەرییانەمان سەبارەت بەسروشتی شتەکان خەسڵەتێکی تەواو جیاوازیان هەیە، لەو زانیارییانەی بەهۆی بیروهۆشمانەوە سەبارەت بەجیهانی دەرەوە دەستمان دەکەون.

## ڕەوتی واقیع

ئەوەی لەڕێگەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەوە دەستمان دەکەوێت، هەمیشە ئەو ماددانەن کە بۆ هەڵسوکەوت کردن بەسوودن و ئەوانەن کە ئێمە دەمانەوێت بۆ پێشبینیکردن و بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شتانەی ڕوودەدەن کەڵکیان لێ وەربگرین. واتە ڕۆشنبیریمان جیهانێکمان پێ دەبەخشێت کە قابیلی بەکارهێنانە. جیهانێک کە بۆ یەکەی دەسەڵات بەسەردا شکاو، بۆ بابەتی جیاجیا لەتەنیشت یەکەوە لەڕووی شوێن و کاتەوە دابەش کرابێت. ئەمە ئەو جیهانەیە بۆ ژیانی ڕۆژانە گونجاوە، بۆ سەوداو مامەڵەکان، بۆ عەقڵ و ژیری و تەنانەت جیهانی زانستیشە. ئێمە سوودێکی زۆر و بێ سنوور لەسەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن دەبینین، بەڵام ئەمانە هەموویان بەرهەمی شێوازی مامەڵەکردنی ئێمەن لەگەڵ جیهاندا. هەر بەتەواوی لەشێواز و مەبەستی ئەو کەسانە دەچێت کە نەخشە دروست دەکەن و بەهۆی ئەو نەخشانەوە، بەپەنابردنە بەر سیستمێکی ئەندازەیی وێنەی ناوچەیەکی ڕاستەقینە بە نەخشە دەخەنە بەردەست. بێ گومان ئەو نەخشەیە هەر زۆرباش بەکاردەهێنرێت و سوودی لێوەردەگیرێت و بەهۆیەوە دەتوانین بە زۆر جۆر شێوە کە خۆمان دەمانەوێت لەپراکتیکدا بەکاری بهێنین. بەڵام ئەو نەخشەیە واقیعی ڕاستەقینەمان نیشان نادات، واقیعی ڕاستەقینە یەکپارچەیە. لەکاتی واقعیدا هیچ چرکەساتی تێدا نییە. ئەو زەمەنە ڕاستەقینەیە ڕەوتێکی یەکسەرییە و هیچ یەکەیەکی لەیەک دابڕاوی، بەتەنیشت یەکتر دانراوی، قابیلی پێوانی تێدا بەدی ناکرێ. بەهەمان شێوە بۆ شوێنیش: لەشوێنی ڕاستەقینەدا هیچ خاڵێکی دیاریکراو، یان شوێنی لەیەک دابڕاوی تایبەت نییە، هەموو ئەوانە دەستکردی هزر و ئاگامەندین.

## بوون و کات

ئێمە لەیەک کاتدا، لەدوو جیهاندا دەژین. لەجیهانی مەعریفەی ڕاستەوخۆی ناخماندا هەموو شتێک یەکپارچەیە، ڕەوتێکی بەردەوامی دانەبڕاو، ڕووبارێکی هەمیشەییە. جیهانی دەرەوەش، کە بەهۆی عەقڵ و زیرەکییەوە دەیبینین، بریتییە لە شتی جیاجیا لەشوێندا، جێگەی دیاریان هەیە، کە دەکرێت قۆناغی کاتەکانیشیان بپێورێت. بەڵام ئەم کاتە ڕواڵەتییە، سەعاتەکانی کات پێوان. دەستکردی عەقڵی مرۆڤە و هەرگیز وەک کاتە (ڕاستەقینەکە) نییە. کە سەبارەت بەڕەوتە بەردەوامییەکەی هیچ شارەزاییەکی ڕاستەوخۆمان نییە. کاتێک فەلسەفەکەی بیرگسۆن دەگاتە بەرزترین لووتکەی

گەشەکردن، ئەو ڕەوتە بەردەوامەی کات کە لەناخەوە هەستی پێ دەکرێت، ئەم وەک خودی ژیان و هێزی ژیان پێناسەی دەکات، ئەو هێزی ژیانەی کە بەردەوام پرۆسەی گەشەکردن بەرەو پێشەوە دەبات، وەک لەیادمانە فەلسەفەی هایدگەریش لە پلەی هەرە بەرزی خۆیدا پێناسەی بوونی بەکاتەوە گرێداوە، هەروەها ئەم دوو فەیلەسووفە لەکۆتاییدا، بێ پشتبەستن بەیەکتری و لەدوو ڕوانگەی جیاوازەوە گەیشتوون بەهەمان سەرەنجام.

لەسەردەمی خۆیدا، لەلایەن هاوچەرخەکانییەوە، ڕەخنەگری بەتوانا ڕەخنەیان لەبیرگسۆن گرتووە، بۆ نموونە بیرتراند ڕەسڵ. لایەنی گرنگی ڕەخنەکانی بریتی بووە لەوەی بیرگسۆن بیرۆکەکانی بەزمانێکی پاراوی جوان و میتافۆری شیعری بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەڵگەی بەجێی نەهێناوەتەوە بۆ پشتگیری کردنیان. ئەو وازی لێ هێناون تا بیرۆکەکان خۆیان بۆ زەین ڕوونی (intuition)ی خوێنەران بدوێن. ڕەخنەگرەکان ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرتووە کە بیرۆکەکانی بەرگەی شیکردنەوەی لۆژیکی ناگرن. ئەوانەش کە بەرگرییان لێ دەکرد لەوەڵامدا گوتوویانە ئەوە خەسڵەتی هەموو نووسەرێکی داهێنەرەو ئەو بیروباوەڕی پێشکەش کردووە، نەک بەڵگەی لۆژیکی. بەهەرحاڵ تەواو ئاشکرایە بیری ئەم کاریگەریی زۆر و بەردەوام و تایبەتی بۆ سەر فەلسەفە لەسەدەی بیستەمدا هەبووە.

### ڕۆمان و درامانووس

جان پۆل سارتر (١٩٠٥-١٩٨٠) تایبەتمەندێتی زۆری هەبووە. ئەم تەنیا نووسەرێکی ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان ڕۆماننووس و درامانووسێکی بەناوبانگ بووە. هیچ فەیلەسووفێکی تر بەم شێوەیە نەبوو، ئەوەی کەمێک لەم جۆرە بووبێ، ڕۆسۆ بووە کە دوو ڕۆمانی زۆر بەناوبانگیشی نووسیوە. لەگەڵ کامو کە پاش کەمێکی تر باسی دەکەین. ساڵی ١٩٦٤ بڕیاردرا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب بە سارتر ببەخشرێت، بەڵام ئەم وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی ڕەت کردەوە. ڕەنگە ناوبانگی وەک نووسەرێکی داهێنەر لەناوبانگی وەک فەیلەسووفێک بەربڵاوتر بووبێت.

سارتر لەپاریس لەدایک بووەو لەمنداڵییەوە زۆر حەزی لەکتێب خوێندنەوە بووە. کتێبی دەربارەی یادەوەرییەکانی منداڵی خۆی ناو ناوە وشەکان (Paroles) و ساڵی ١٩٦٣ چاپی کردووە، هەر بۆیە سەیر نییە کە دواتر بووە بەمامۆستای فەلسەفە. ساڵی ١٩٣٨ ڕۆمانی هێڵنج (Nausee)ی بڵاوکردۆتەوە کە لەڕاستیدا بریتییە لەڕوونکردنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژی بۆ ئاگامەندییەک کە خەریکی توانەوە و لەناوچوونە. ساڵی ١٩٤٠ یەکەم بەرهەمی فەلسەفەیی پەتی بڵاوکردەوە کە ناوی (L lmaginair) بوو. دووەم جەنگی جیهانی ژیانی سارتری گۆڕی. دوای ئەوەی چووە ڕیزەکانی سوپای فەرەنساوە، لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بەدیل گیرا. لەزینداندا دەستی بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی هایدگەر کرد و یەکەم شانۆنامەی نووسی. کە بەربوو لەپاریسی داگیرکراودا دەژیا. لەوێ لەساڵی ١٩٤٣دا گرنگترین شاکاری فەلسەفەیی نووسی کە کتێبی (بوون و نەبوون) بوو.

لەکاتی کۆتایی جەنگدا ناوبانگی وەک فەیلەسووف و زیاتر وەک نووسەری شانۆنامە بڵاوبووبووەوە، بەتایبەتی لەبەر دوو شانۆنامەکەی (مێش - Les Mouches) و (دەرگا داخراوەکان - Huis clos) هەروەها کتێبی (بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆڤانەیە - LEx-istentialisme es un humanism) کە لە ١٩٤٥دا بڵاوبۆوە و بوو بە سەرەتا بۆ بوونی بوونگەرایی بەمۆدێلێکی بەربڵاوی فەلسەفەیی لەئەوروپای دوای جەنگ. لێرە بەدواوە وازی لەکاری ئەکادیمی هێنا و هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. هاوڕێکەی ژیانی (سیمون دو بوڤوار) دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕەگەزەکەی دی - Le deuxieme sexe) لە ساڵی ١٩٤٩دا وەک یەکەم ژنە نووسەری فێمینست ناوی لەجیهاندا بڵاوبۆوە. ئەلبێر کامو یەکێکی ترە لەو نووسەرانەی هاوڕێی سارتر بوون. ئەم ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێ بەخشراوە. هاوڕێیەکی تری سارتر فەیلەسووفی بەناوبانگ ماوریس میرلو - پونتی بووە کە لەگەڵ سارتردا گۆڤاری (سەردەمە مۆدێرنەکان - Les Temps modernes) یان دەردەکرد. سارتر زۆر بەقووڵیی کاری بۆ سیاسەتی چەپڕەوی شۆڕشگێڕی دەکرد و زۆرجار وەک نوێنەر یان بەرگریکار لەکۆمۆنیستی بە دەردەکەوت، ئەم بەخۆی دەگوت لایەنگری ماتریالیسی مێژوویی و دەستی بە نووسینی پرۆژەیەکی گەورە کرد

بـەنـاوی (Critique de la rasion dialectique) «ڕەخنە لەعـەقـڵی دیالەکـتـیکی» کـە بۆ لەناو یەکـدا توانەوەی مـارکـسـیـزم و بوونگەرایی بوو. ئەم کـارەی بەنیـــوەچڵی بەجێ هێـــشت، بەڵام یەک بەشی لـێ بڵاوکردەوە.

گـەشەکـردنی سـارتر وەک فـەیلەسـووف بەسێ قـۆناغی تەواو جیـاوازدا تێـپەڕ بووە. هەر قۆناغـەی کـاریگەریی یەک یان دوو بیرمەندی بەسەرەوەیە. هوسرڵ باڵی بەسەر قۆناغی یەکەمیدا کێشاوە. کە کتێبی هێڵنج (١٩٣٨)، (1940) Limaginaire و Esquissedune theore (1939) (desì بەرهەمی ئەم قــۆناغـــەن. هەروەها سێبەری هایدگەر بەسەر قۆناغی دووەمیـەوە دیارە، کە بەهێـزترین سـەردەمی سـارترە و لەم قـۆناغـەدا بەرهەمی وەک بوون و نەبوون (١٩٤٣) و بوونگەرایی ڕێبـازێکی مـرۆڤـانەیە (١٩٤٥) پێشکەش کـرد. دواتر کـاریگەری هیگڵ و مـارکس درێژترین و دوا قـۆناغـیـان لەکـار و چالاکییەکانی سارتردا گرتووە.

لەقۆناغی یەکەم و دووەمدا ناوبانگی سارتر خۆی وەک فـەیلەسـووف، لەو فـەیلەسـووفـانە بەربڵاوتربوو کـە ئەم بیرۆکەکانیانی بڵاودەکردنەوە. زۆرکەس بیرۆکەکانی وەک بیرۆکەی تایبەتی سارتر تەماشا دەکرد زیاتر لەوەی وەک بیرۆکەی فەیلەسووفەکانی بەر لەوی سەیری بکەن.

## ئێمە دروستکەری خودی خۆمانین

بیـرۆکەی هەرە گرنگ و سەرەکی سارتر، کـە بەهۆیەوە ناوبانگی فەلسەفەکەی بڵاوبۆوە بریتییە لەبەدراماکردنی ئازادی تاکـەکـەسی. بەقـسـەی ئەو، لەجـیـهـانێکی بێ خودادا، لەهەڵبـژاردن (ئیـختـیـارکردن) بەولاوە چارەیەکی ترمـان نییـە. لەو ڕێگەیەوە جیـهـانی تایبـەتی خۆمـان دروست دەکـەین، کـە ئەوەشـمـان کـرد، ئەوە نۆرمـەکـانی (پێـوەرەکـانی) ژیانی خـۆمـان دادەڕێژین. کـە ئەو کـارە دەکەین بڕیار لەچۆنیەتی گەشەکردنی کەسایەتی خۆمان دەدەین: کەواتە ئێمە خودی خۆمان دەخوڵقێنین.

زۆرکەس ئەم ئازادی و بەرپرسـیـارێتـیـیەیان زۆر بەلاوە ترسناکە، بۆیە خۆیانی لێ دەدزنەوە و واخۆ دەردەخەن کە بەو پێوەر و یاسایانەوە پابەندن کە هەن و ئامادەکراون، بەڵام ئەوە خـیـانەت لەخـۆکـردنە. سـارتر ناوی لێ ناوە بەدئیــمــانی (Mauvaise foi) بەلای ئەوەوە مــرۆڤ لەڕاســتـیــدا "بەتەواوی خـاوەنی هەڵبـژاردنی خـودی خـۆیەتی". گـەر پڕ بەمـانای وشـەی ژیان بژیت. دەبێت هەڵبـژاردن بگرێتـە بەر و بەپێی دەرئەنجـامـەکـانی، ژیان بگوزەرێنیت. سارتر گـوتەنی وەک "بەشداریکی چالاک" بژیت. گەنجێکی زۆر ئەم بیرۆکانەیان بەلاوە پەسەندبوو. هەروەها بووە هۆی دەرکـەوتنی زۆرکـەسی خـاوەن بیـری جیـاوازو ناکـۆک کـە دەیانویست لەکـۆمـەڵگە یاخی بن، بەڵام لەقۆناغی دواییدا کە کاریگەرێتی مارکس زۆرتربوو سارتر گوتوویەتی ئەو جاران زیادەڕەوی لەتێڕوانینەکانیدا کـردووە سـەبارەت بەتواناکانی تاکـەکـەس بۆ قـوتار بوون لەپاڵەپەستۆی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی.

## بێ هوودەیی ( عەبەسی)

ئەلبێر کامو (١٩١٣ـ١٩٦٠)ی هاوڕێی سارتر وشەی عەبەس یان عەبەسی کە بەکوردی دەکرێت بە (بێ هوودە، یان بێ هوودەیی) لەبەرانبـــەر هەوڵدانی مـــرۆڤـــدا بەکارهێناوە بۆ مانا بەخشینێک بەژیان لە گەردوونێکی بێ سەروبەردا، کـە خۆی لەخۆیدا بێ واتاو بێ ئامانجە. بەلای کاموەوە ئەمە داواکارییەکە هەرگیز نایەتەدی، بەڵام ئەوکاتەی بێ واتایی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەبێ، ئیتر ژیان گوزەراندن چ سوودێکی دەبێت؟ ئەو لەســەرەتای داســتــانی ســیــزیف (١٩٤٢)دا وتە بەناوبانگەکەی نووسیوە: یەک کێشەی سەرەکی و گرنگی فـەلسـەفـەیی هەیە، ئەویش کێشـەی خۆکـوژییە. کە بڕیار بدەیت ئایا ژیان شـــایـانی گـــوزەراندنە یان نا؟ بەوەش وەڵامی پرسیاری بنەڕەتی فەلسەفە دەدەیتەوە. ئەم دەگاتە ئەو سەرئەنجـامـەی خۆکـوژی جۆرە خۆبەدەسـتەوە دانێکە، داواکـارییەکی ئاشکرایە بۆ سەربەرزی و شانازی بەخۆوە کـــردن. هیچ شـــتـــێک ناتوانێت بـۆ مـــرۆڤ هێندەی چرکـەسـاتی هەسـتکردن بەشـانازی گـرنگ بێت. ئەم خـەڵکی هان دەدات بۆ جـۆرە ژیانێک لەسـەر بنەڕەتی ڕەتکـردنەوەی چێـــژ وەرگـــرتن لەســــەر شــــێـــوازی (ستۆیزمییـەکان) لەخۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو بێ واتاییە گەردوونییە.

هاندەر بۆ ژیانێک کـە جۆرە شـۆڕشێکە دژ بەو مەرجـە گـەردوونیـانەی مـرۆڤ لەسـایەیاندا دەژی، جگە لە (داستانی سیزیف) و کـتێبێک بەناوی (مرۆڤی یاخی) ١٩٥١ لەهەندێک لە ڕۆمانەکانیدا برەوی بەم بیرۆکەیە داوە. وەک ڕۆمـانی بێگانە، ١٩٤٢ (L Etranger) و ڕۆمـــانی (تاعـــوون) ١٩٤٧ و ڕۆمـــانی (Lachute

1956). ساڵی ١٩٦٠ بە ڕووداوی ئۆتومبێل مردووە، ئەو ڕۆمانەی پێش مەرگی بەدەستییەوە بوو بەناوی Le Premier homeساڵی ١٩٩٤ بەتەواو نەکراوی چاپ کراوە.

کامو کە مرۆڤێکە زۆر بەتەنگ یارمەتیدانی کەسانی ترەوە بووە پێی گوتراوە (قەدیسێکی بێ خوا) سەرەتا لەجەزائیر لەهەژاریدا ژیاوە و دواتریش لەفەرەنسا چەپڕەوە فەرەنسییەکان ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتووە کە لایەنگریی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی جەزائیر ناکات. لە وەڵامدا گوتوویەتی "من بڕوام بەعەدالەتە، بەڵام پێش عەدالەت پشتگیری لەدایکم دەکەم". بەهاوڕێیەکی کۆمۆنیستی گوتووە: بەهەر نرخێک بووە من لەبەرانبەر تیمەکانی گوللە بارانکردندا بەرگریت لێدەکەم. بەڵام تۆ ناچار دەکرێیت گوللەبارانکردنی من پەسەند بکەیت. لە دواجاردا کۆتایی بەهاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ سارتر هێنا، چونکە سارتر بەردەوام بەرگری لەو کارە تیرۆرییانە دەکرد کە کۆمۆنیستەکان ئەنجامیان دەدا.

### دەنگی جەستە

ئەو فەیلەسوفەی ئەو سەردەمانە کە لەپاریس لەنێو خەڵکیدا کەمترین ناوبانگی هەبووە، بەڵام ڕەنگە لەپێشەوەی هەموو فەیلەسووفەکانی ترەوە بێت ماوریس میرلو - پونتی ١٩٠٨ - ١٩٦١ بووە. گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە (Structure du comporte- La Phenomenolog in de la) (ment) 1942 Perception 1945) بەتایبەتی ئەمەی دووەمیان زۆر گرنگ بووە. بیرۆکەی تایبەتی ئەم لەبواری فەلسەفەدا ئەوەیە کە بایەخ و گرنگی پێویستی بە جەستەی مرۆڤ داوە. چ فینۆمینۆلۆژییەکان و چ بوونگەراییەکان وا ڕاهاتبوون لەنووسینەکانیاندا، بەپلەی یەکەم مرۆڤ وەک سەنتەرێکی ئاگامەندی وێنا بکەن. بەو پێیەش وەک شتێکی ئەبستراکت و ناجەستەیی مرۆڤ دەهاتە پێش چاو، گەرچی لەواقیعدا هیچ لایەنێکیان ڕاستەوخۆ وایان نەگوتووە. بەلای میرلوپۆنتییەوە سەیرکردنی خۆمان وەک گیانلەبەری فیزیکی بەردی بناغەی ناسنامەمانە. هەریەکە لەئێمە شوێنی (بنکە)ی تایبەتی خۆی لەشوێن و کاتدا هەیە. نەک هەموو ئەو شتانەی کە هەر کاتێک لەلایەن یەکێکەوە دەگوزەرێنرێت، دەبێت بەهۆی ئەم ئامێرە فیزیکییە بێ وێنەیەی گیانلەبەرەکەوە بگوزەرێنرێت، تەنانەت تێگەیشتن لەگشت ئەو واقیعەی تر لەڕوانگەی بێ وێنەیی ئەوەوە دەبێت. گەرچی ئێمە هەر تەنیا لەجەستەش پێک نەهاتین، بەڵام دەبێت وابێت. ئێمە هەمیشە سەبارەت بەجەستەمان بەئاگاین. بێ بوونی جەستە نە دەتوانین هەست بەهیچ بکەین و نە هەڵسوکەوت بکەین، چونکە بەم شێوەیەیە، دەکرێت جەستەی مرۆڤ لەهەمان کاتدا وەک خود (subject)، یان بابەت (object) سەیر بکرێت، ئەمە هەردووکیانە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوازێکی سەیریش هیچ کامێکیان نییە. خودێکی شارەزای ناجەستەیی نییە، چونکە لەجیهاندا بابەتێکی فیزیکییە، هەر لەوکاتەدا، بەهەمان شێوازی بابەتە ماتەرییەکانی تر، لەجیهاندا بابەتێک نییە. لەبەرئەوەی ئەم خودێکە هۆشیار و ئاگامەندە بە ژیان گوزەراندن.

میرلو ـ پونتی زۆر زیرەکانە و بەوردی باسی لەو کێشە فەلسەفییانە کردووە کە پێوەندییان بە خودگەراییەوە هەیە، وەک خەسڵەتی بەناچاری پەیوەست بوون بەگۆشەنیگاو ئەو کەموکوڕییانەی تێیاندایە. ئەم کێشانە زۆر سەختن، لەبەرئەوە نووسینەکانی بەناچاری داواکاری زۆر دەخاتە بەردەم خوێنەر. ئەم سەختییە لەنووسینەکاندا هۆکارە بۆ بەباشی بڵاوبوونەوەی فەلسەفەکەی و نەبووە بەخاوەنی جەماوەرێکی فراوان وەک کامو و سارتر، بەڵام ڕەنگە فەلسەفەکەی ئەم، بەهای خۆڕاگرتنی گەورەتر و زیاتربێت.

### ستراکتۆرالیزم دێتە ئاراوە

کاتێک لەساڵی ١٩٨٠دا جان پۆل سارتر کۆچی دوایی کرد، پتر لەپەنجا هەزار کەس ئامادەی ناشتنی تەرمەکەی بوون. ئەوە شتێکی زۆر سەیر بوو. فەیلەسوفێک خاوەن جەماوەرێکی گەورەبێت، ئەو لەوکاتەدا لەڕیزی پێشەوەی پێشەنگانی ڕووناکبیریدا نەبوو. هەر لەکۆتایی دەیەی شەستەکانەوە لەپاریس ستراکتۆرالیزم بوو بە مۆدە. وەک وەرچەرخانێک لەڕەوتێکی گشتی ئاراستەی فەلسەفەیی کە بە (ئاراستەی زانینی زمان - Linguistics) ناودەبرا، ئاسانترین پێناسەش بۆ ستراکتۆرالیزم ئەوەیە هەرچی دەگوترێت یان دەنووسرێت، هەرچی گفتوگۆیەک سەبارەت بە فەلسەفە یان هەر شتێکی تر بریتییە لەبنیادی زمانەوانی و هیچی تر. دەقەکان لەخۆیان زیاتر هیچی ترمان نیشان نادەن. جگە لە "زمان" هیچی تر

نییە. ئەمە بووە هاندەر بۆ لایەنگرانی ستراکتۆرالیزم کە بەپلەی یەکەم دەقەکان بە ئاڕاستەی یاسا جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی زمان ڕاڤە بکەن. کە وەک بابەتێک بۆ ڕادەربڕین، زمان، پێوەندی کردن و لەم بابەتانە سەیربکرێت. ئەم شێوازی مامەڵەی ڕەخنەگرانە بۆ دەق وەک چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی (Deconstruction) ناوبانگی بڵاوبۆوە.

## بیرۆکە کۆنەکان نوێ دەبنەوە

لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا لویس ئالتۆسێر (١٩١٨-١٩٩٠) هەوڵی داوە بۆ موتوربەکردنی فەلسەفەی مارکسی بەبیرۆکە سەرەکییەکانی ناو ستراکتۆرالیزم. بەچاوی هەندێک لەڕووناکبیرە زیادە ڕەوەکاندا، ئەم وەک فەیلەسووفێکی مارکسی، پێش سارتر کەوتۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە، بەهەمان شێواز جاک لاکان ( (Jacques Lacan (1901-1981) تێڕوانینی ستراکتۆرالیزمی لەسەر بیرۆکەکانی فرۆید و دەروونشیکاری جێبەجێ کرد. بەلای (لاکان)ەوە نەست (لاشعور) بەمانای وشە وەک زمانێک بنیاد نراوە. کەواتە چاکترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن بریتییە لەهەڵوەشاندنەوەگەرایی.

## میشێل فووکو
## (Michel Faucault 1926-1984)

ئەو باوەڕەی دەربڕیوە کە هەموو گوتارێک (discourse) هەوڵدانە بۆ ئەوەی گوتەبێژەکە دەسەڵاتی بەسەر ئەوانی دیکەدا هەبێت، بەم پێیە گەر ئەمە لەبەرچاوبگیرێت، دەکرێت سەرکەوتووانە هەڵوەشانگەرایی لەدەقەکاندا ئەنجام بدرێن. هەروەها بەلای ئەمەوە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە دەسەڵاتە جێبەجێ دەکەن شێوەی ئەو کارانە وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدەن. لەبەرئەوە دەکرێت بۆ ئاشکرا کردن و تێگەیشتن لێیان مامەڵەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ گوتەکانیان یان نووسینەکانیان بکرێت.

ئەم فەیلەسووفە پاریسیانە، وەک ئەوانەی بەر لەخۆیان لەجیهاندا، سەرنجی خەڵکێکی زۆریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، بەڵام جیاوازییەکی گرنگ هەیە. لەکاتێکدا کە بیرگسۆن و کامو و سارتر خاوەن شێوازی نووسینی پلەیەک بوون و هەر سێکیان خەڵاتی نۆبڵیان لەبواری ئەدەبدا بۆ دیاری کرابوو، ئەوە ستراکتۆرالیستەکان و پۆست ستراکتۆرالیستەکان حەزیان لەجۆری نووسینی سەخت، چڕ و ئاڵۆسکاوی تەمومژاوی بوو، شێوازەکان لەلایەن فەیلەسووفە شیکارییەکانی وڵاتانی ئینگلیزی زمانەوە زیاتر شێوێندراو ئاڵۆزترکرا، وای لێ هات کاتێک مرۆڤ دەیویست لەمانا ئاڵۆزەکانی ئەم نووسینانە بگات، زیاتر وەک گوتار دەهاتنە پێش چاو کە واتایەکی زۆر لاواز و ناڕۆشن، یان هەر هیچ واتایەکیان بەدەستەوە نەدەدا. یان شتێکی تەمومژاوی و ساختە و نادروست یان گوتەی دژ بەیەک و ناکۆک بوون. کە ساڵی ١٩٩٢ زانکۆی کامبرج بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە جاک دریدا (Jacques Derrida)ی بەناوبانگترین ستراکتۆرالیست بەخشی. لەلایەن فەیلەسووفەکانی ترەوە شەپۆلێکی نارەزایی بەرز بووەوە، کە وەک سکانداڵ باسی ئەم هەنگاوەیان دەکرد، بەڵام ئەم جۆرە ناکۆکییانە یارمەتیدەربوون بۆ هێشتنەوەی ناوی ستراکتۆرالیزم لەئاگامەندیی خەڵکیدا.

خەسڵەتی گوتاربێژی لەستراکتورالیزم و پۆست ستراکتۆرالیزمدا. دەتوانێت ئەو فەیلەسووفانەی خاوەن شێواز یان ڕێبازێکی ترن پەراوێز بخات. هەر ئەم خەسڵەتە ئاشکرای کرد کە دەتوانێت ئەو خەڵکانە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت کە لەڕێی شیکاری لۆژیکییەوە توخنی زمان ناکەون، بۆ نموونەش خوێندکارانی ئەدەب.

**سەرچاوە:**

**Bryan Magge**
**Filosofo bonners bok förlag Stockholm 2003**

*** بەرانبەر وشەی intuition کە بەعەرەبی حەدەس دانراوە لەکوردیدا نەمتوانی وشەیەکی پڕاوپڕی خۆی بۆ بدۆزمەوە. لەفەرهەنگی فەلسەفەدا لەئامادەکردنی ڕۆشنا ئەحمەد وردبوونەوە و تۆژاندنی مامۆستا ئەکرەم قەرەداغیدا زەین ڕوونی دانراوە.. منیش سوودم لەو وشەیە وەرگرتووە.. جێی سەرنجە کە د.محەمەد کەمال هەر (حەدەس)ی عەرەبی و لەنێو دووکەوانەشدا (intuition)ی ئینگلیزی داناوەتەوە... بڕوانە د. محەمەد کەمال، نهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی. ٢٠٠٥ ل١٣.**

**** لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا من یەکێک بووم لەو نووسەرانەی لە زۆر وتاری ڕەخنەیی خۆمدا لەجیاتی (حدس) زەین ڕوونم بەکارهێناوە، بەڵام سۆراخ و گەڕانی بەردەوامم بەدوای واتای ڕاستەقینەی (حدس) بە زمانی کوردی لەگەڵ ڕەحمەتی شوکر مستەفا (سۆسە)مان بۆ داناوە. هیوادارم جێگەی خۆی بگرێت، چونکە لە زەین ڕوون وردتر و جوانترە.**

# وێنە و جوانکاری لە سێ دێڕە شیعری (چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە)

هاوژین صلیوە
(کۆلێژی زمان - زانکۆی کۆیە)

هەڵبەتە (ئەحمەد هەردی) یەکێکە لەو شاعیرە بەهرەمەند و بەتوانایانەی کورد کە بەژمارە شیعرەکانی کەمن، بەڵام لێواولێون لە داهێنان و جوانکاری، تا بیانخوێنینەوە ئەوەندەی تر شیرینیت پێ دەبەخشن و ئەوەندەی تر خۆیان لە دیواری دڵ دەسوون و دەچنە ناخ و دەروونەوە. ڕەنگە زۆربەمان ئەم پرسیارەمان لەلا دروست بێ: ئایا سیحری جوانی ئەم شیعرانە لەچیدان؟ بۆچی هەندێ شیعر بە نەمری دەمێننەوە و نەوە دوای نەوە دەیانخوێننەوە و کۆن نابن؟ نهێنی ئەمە لە چیدایە؟ ئەی بۆچی زۆر شیعر هەن وەک هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامەکان تەنیا یەک جار بیانخوێنیتەوە ئارەزوو ناکەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەریان؟ دەقی نەمر دەبێ چۆن بێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ڕاڤەکردنی سێ دێڕی سەرەتای شیعری «چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە» دەدرێتەوە.

ئەم شیعرە لە دوازدە دێڕ پێکهاتووە، هەر سێ دێڕی بەجودا ئەستێرەی لەبن دانراوە و بەشێوەی شەش خشتەکی نووسراون، لەشێوەی چوار کۆپلە نیشان دراون، بەڵام ئێمە تەنیا کۆپلەی یەکەم ڕاڤە دەکەین.

هەردی دەڵێت:

**فاتمە دووچاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانییە**
**پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە**
ڕازی تەنیایی ل٦٨

شاعیر لە یەکەم دێڕەوە بە مۆسیقایەکی جوان شیعرەکەی چنیوە، نیوەی یەکەم بە گوتەی «جوانییە» کۆتایی هاتووە، نیوە دێڕی دووەمیش بەگوتەی «یەزدانییە» کۆتایی هاتووە، ئەم جۆرە سەروایانەش مۆسیقاکە هاوئاهەنگ و درێژتر دەکەنەوە، چونکە هەردوو

گوتەکان لە پیتی (ا، ن، ی، ي، ە) یەک دەگرنەوە و دووبارە بووونەوەی ئەم پێنج پیتە مۆسیقاکەی درێژتر و جوانتر دەکات، وەک لەوەی لەیەک پیت، یان لە دوو پیت دووبارە بووبێتەوە.

شاعیر زمانێکی پاراو و جوانی بەکار هێناوە، وشەکانیش وەک تەرازوو یەکتر کێش دەکەن، بیری شیعرەکەش وەسف کردنی ست فاتمەیە، کە ئەو ست فاتمەیە، هەرچەندە خەیاڵ دروستی کردووە، کە لە واقیعی ڕۆژانەماندا بەدەیان ست فاتمەی تر هەن، بەڵام لەژێر ناوی تردان، لەیەکەم دێڕەوە هەست بەسۆزێکی بەرز دەکەین، لەکاتی خوێندنەوەدا تووشی تێرامان و خورپە و تاسەمان دەکات، چونکە سۆز پردێکە لەنێوان دەق و خوێنەردا، شیعر هەرچەندە سۆزەکەی بەهێز بێت، ئەوەندە کاریگەریی پتر دەبێت، شاعیر کاتێ وەسفی چاوەکانی ست فاتمە دەکات، وەک شاعیرانی تر ڕەنگی چاوی ناڵێت، یان چاوەکانی بە ئەستێرە و بادەم و... تاد ناچوێنێت، بەڵکو هەوڵی داوە وێنەی نوێ بدۆزێتەوە، چونکە بەهێزیی شیعر، تا ئاستێکی زۆر لەوەدایە شاعیر چەند توانیویەتی وێنەی نوێ بدۆزێتەوە، نەک بەکارهێنانی وێنەیەک پێشتر بەسەدان شاعیر بەکاریان هێنابێت، شاعیر لەوەی دووچاوی (ست فاتمە)دا بە دووچاوی مەست و خەیاڵاوی و جوان وەسفی دەکات، چاوێک کە ئەوەندە مەست و خەیاڵاوی بێت، هەر کەسێک بیبینێت و بیخاتەبەر شنەی سۆز و تەلیسمێکی سیحراوی، ئێمە نازانین ڕەنگی ئەم چاوانە چۆنە، بەڵام هەر کامێکمان بیخوێنینەوە ڕەنگی چاوی (ست فاتمە)ی خۆمان دێتەوە بەرچاو. بەلای منەوە ڕەنگی ئەو چاوانە دووچاوی (هەنگوینی)ن، بەلای تۆوە ڕەنگە دووچاوی کەسک بن، بەلای کەسانی ترەوە ڕەنگە دووچاوی کاڵ، یان شین، یان ڕەش... تاد بن.

ئەم چاوە مەست و پڕ لە تەلیسم و خەیاڵاوییانەش پڕن لە شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی، هەر کەسێکیش سەیریان بکات و لە نیگای ئەم چاوە مەستانە تێر نابێت، کە تیشک و بڵێسەیان لێ دەبێتەوە، ئەم چاوانە لێواو لێون لە شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی، هەر کەسێکیش سەیریان بکات ئەم شەراب و عارەقە یەزدانییە کاریان تێدەکات و مەست و سەرخۆش و حەیرانی دەکات.



**ئەحمەد هەردی**

لە گوتەی (شەرابی خۆشەویستی) وێنەی بەتەن کردن هەیە، چونکە شاعیر خۆشەویستی لە نێو شەرابدا کۆدەکاتەوە و حەجم و بارستاییەک بە خۆشەویستی دەدات، چونکە خۆشەویستی شتێکی ڕوحییە و بارستەییەکی نییە و لەم جۆرە دەربڕینەدا بارستاییەک بە خۆشەویستی دەدات، لەشێوەی شەرابدا پیشانمان دەدات.

لە دێڕی دووەمدا دەڵێت:

**بەژن و باڵاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانییە،**
**لارو لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانییە**
س.پ.ل٦٨

شاعیر وێنەیەکی نوێی بۆ بەژن و باڵای (ست فاتمە) دۆزیوەتەوە، کە بە هەیکەلی یۆنانی چواندووە، دیارە کە یۆنانییەکان لە زۆربەی هونەرەکاندا دەستپێشخەرییان، نواندووە و داهێنەر بوون، لە دروستکردنی پەیکەر هونەری بەرزی خۆیان نواندووە، شاعیر نەهاتووە بەژن و باڵای (ست فاتمە) بە چنار و دار حەیرەزان و... تاد بچوێنێت، چونکە ئەم وێنانە بەسەدان جار بەکار هاتوون، تاموچێژێکی وایان تێدا نەماوە بۆ کاتی خۆیان لێکچواندنی جوان بوون، بەڵام شیعر هەمیشە داوای وێنەی خودی و وێنەی نوێمان لێ دەکات، وێنەیەک لە زەین و ئەندێشە و ئیلهامی شاعیرەوە هەڵقوڵابێت، وێنەیەک بۆ یەکەم جار هاتبێتە نێو دەقێکی شیعرییەوە و

پێشتر لە هیچ شیعرێکی تری خۆماڵی و بێگانەدا بەکار نەهاتبێ.

شاعیر لارولەنجەشی بە مۆسیقا و بەستە و گۆرانی چواندووە، بەڵام ئەم جۆرە لێکچواندنە لە شیعری «لادێ»ی گۆران بەدی دەکرێت.


گۆران دەڵێت:

**... ئەڕۆی بەعیشوە، بەلەنجە، بەوەزنی گۆرانی**
**ئەڕۆی زڕەی کەمەرت دێ هەتاکو بەر کانی!**

دیوانی گۆران، ل٦٠

گۆران ڕۆیشتنی بەناز و لەنجەولاری ئەم ئافرەتەی بە ئاوازی گۆرانی چواندووە، دیارە ئەمەش وێنەیەکی نوێیە لەنجەولار بە ئاوازی گۆرانی بچوێنرێت، وێنەیەکی جوانی لەسەر بنەمای «شێوازی هەست گۆڕکێ» دروست کردووە، گۆڕینەوەی هەستی «بینین بە بیستن»ە، چونکە لارولەنجە بەچاو دەبینرێت، بەڵام بەم شێوە دەربڕینە ڕۆڵەکەی بەگوێچکە دەدرێ، چونکە گۆرانی و مۆسیقا دەبیسترێن، «گۆران» هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نوێدا بووە، لە زۆر شوێن لارولەنجەی بەکۆتر و تاوس و مامز.... تاد چواندووە، بەڵام هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نوێدا بووە، ئەم جارەیان لارولەنجەی بەگۆرانی چواندووە، کە پێش گۆران ئەم جۆرە لێکچواندنە نەبووە، کەواتە گۆران وێنەیەکی خودیی جوانی دۆزیوەتەوە. (ئەحمەد هەردی)ش لەبەر ئامێزی ئەم دێڕە شیعرەی گۆراندا ئیحای بۆ هاتووە و ئەم دێڕە شیعرەی نوسیووە، بەڵام وەکو خۆی وەری نەگرتووە، بەڵکو هەویرەکەی هەڵشێلاوەتەوە و جارێکی تر لە قاڵبی داوەتەوە و ڕوویەکی گەشتر و جوانتری پێ داوە، چونکە ڕۆیشتنی بەعیشوە لای گۆران بە «وەزنی گۆرانی» چوێنراوە، بەڵام لای «ئەحمەد هەردی» لارولەنجە بە «مۆسیقا و بەستە و گۆرانی» چوێنراوە و بە ڕەنگ و بۆیە و جڵ و لیباسێکی تر پیشانی داوە و جوانکاری خۆی تێدا نواندووە، لەدێڕە شیعرەکەی «هەردی»شدا ئەم جۆرە لێکچواندنەش دووجۆرە وێنەی لەخۆیدا چڕ کردۆتەوە.

یەکەم وێنەی لێکچواندنی لێکدراوە، چونکە لارولەنجە بەسێ شت چوێندراوە بە «مۆسیقاو بەستە و گۆرانی»




**ئەم وێنەیە لێکچواندنی لێکدراوەی (کۆی) موئەکەدە.**

لە هەمان کاتیشدا وێنەکە بەشێوازی هەست گۆڕکێ دروست بووە، گۆڕینەوەی هەستی (بینین) بە (بیستن)ە، چونکە لارولەنجە بەچاو دەبینرێ، بەڵام بەم جۆرە دەربڕینە ڕۆڵەکەی بۆ گوێچکە دەگوێزرێتەوە، چونکە «مۆسیقا و بەستە و گۆرانی» دەبیسترێن، کەواتە لەم دێڕەدا وێنەی شیعری لە «زمان و بیر و ئەندێشەو سۆز و نەست» چڕبووەتەوە، بەشێوەیەکی خەیاڵاوی جوان خۆیان پیشان دەدات.

کەواتە دەبێ (ست فاتمە) چ ست فاتمەیەک بێت؟ بە ئاشکرا دیارە لەنێو هونەرەکاندا مۆسیقا لە هەموویان سەرنجڕاکێشترە، چونکە خاوەنی سیحرێکی بەهێزە، هیچ کەسێکیش نییە حەز لە جۆرێک لە جۆرەکانی مۆسیقا نەکات، ئەگەر حەز لە مۆسیقاش نەکات، سروشت پڕاوپڕە لە ئاوازی مۆسیقا، ئەوەتا هاژەی ئاو و وشەی باو لەرینەوەی گەڵاو جاڕ و سەر پۆپەی درەخت و دەنگی بارینی باران و چریکەی بلبل و ورتە و چپەی دەنگی هەزاران باڵندە و مۆسیقان و کارمان لێ دەکەن، کەواتە لەنجەولاری (ست فاتمە)ش لەوە زیاترە، چونکە لەنجەولاری هەر بەتەنیا مۆسیقا نییە، بەڵکو بەستە و گۆرانییە. بێ گومان مۆسیقای خۆش لەگەڵ بەستە و گۆرانی یەک بگرن، ئەوەندەی تر خۆشتر و بەهێزتر دەبێ، لە هەمان کاتیشدا ئەم دێڕە هێشتا پڕاوپڕە لە نهێنی، چونکە ئێمە نازانین ئەم مۆسیقایە کام ئامێری مۆسیقا دەگرێتەوە، ناشزانین کام جۆرە بەستەیە، بۆیە هەر کەسە و لارولەنجەی ست فاتمە بەجۆرە مۆسیقایەک دادەنێت، کە خۆی حەزی لێ دەکات هەر کەسە و بەو بەستە و گۆرانیانەی دەچوێنێت کە خۆی حەزی لێ دەکات، لەهەمان کاتیشدا ئەم نیوە دێڕە پڕاوپڕە لە مۆسیقای جوان لە گوتەی

**«یۆنانییە، مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە»**

چەندان فۆنیمی هاوبەش هەیە، کە جوانییەک بە وێنەکە دەدات و مۆسیقای پێ دەبەخشێت لە گوتەی «یۆنانییە، گۆرانییە» فۆنیمی (ا، ن، ی، ی، ه) هاوبەشن.

لە گوتەی «مۆسیقایە، بەستەیە» بەشێوەیەکی تێکەڵاو زۆربەی فۆنیمەکان هاوبەشن، لەوانە (س، ا–ه، ی، ه) دووبارە بوونەوەی ئەم فۆنیمانە ئاهەنگی مۆسیقاکە خۆشتر دەکات، چونکە مۆسیقا سیحرێکی بەهێزی هەیەو دەق بە نەمری دەهێڵێتەوە.

شاعیر لە دێڕی سێیەمدا دەڵێت:

**بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکم ست فاتمە!**
**تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە..**
س.پ، ل٦٨

(ست فاتمە) بووکی ڕازاوەی خەیاڵی شاعیرە، شاعیرێکی هەست ناسکی وەک هەردی، بە خەیاڵی خۆی جوانییەکانی ست فاتمەی دانابێت، ئاخو دەبێت چۆن بێت لێرەش گرێیەکمان لا دروست دەکات، نازانین (ست فاتمە) چ ست فاتمەیەکە، دیارە خەیاڵی مرۆڤ زۆر فراوانە، شتێک خەیاڵی جوانی بۆ دابنێت زۆر بەرزو جوانترە لەوەی واقیع. بووکێک خەیاڵ ڕازاندبێتییەوە و مکیاژ و جوانکاری بۆ کردبێت، دەبێ چ بووکێک بێت؟

ئەمەیە سیحری جوانی ئەم شیعرە، کە دەیان پرسیارت لەلا دروست دەکات و تووشی تێڕامان و سەرگەردانیت دەکات.

ئەوپەڕی ئاواتی شاعیریش لە تاقە پرشنگێکی ست فاتمەدا دێتە دی، چاوەکانی ست فاتمە ئەوەندە مەست و تەلیسماوین پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی خوداییین کە لە هەر نیگایەکیدا بە هەزاران تیشکی سیحراوی لێدەردەچێت، لەو هەزاران تیشکە، یەک تیشک بەر شاعیر بکەوێت دڵخۆش دەبێت و دەگاتە ئەوپەڕی ئاواتەکانی، کە ئاواتەکانی شاعیر زۆرن، بەڵام لە گوتەی «ئەوپەڕی ئاوات» واتە ئاواتە هەرە بەرز و هەرە گرنگەکانی شاعیر لەم تیشکەوە دێتە دی، تیشکێکی بچووک، کە لە چاوی ست فاتمە دەرپەڕێت دەبێتە بڵێسەیەک ڕووناکییەکی زۆر بۆ شاعیر لە شەوەزەنگ و تاریکی دەربازی دەکات، لەنێو شاعیرانی کلاسیکیدا وێنەیەکی جوان هەیە کە ئەبرۆیان بە کەوان چواندووە و برژانگیان بەتیر چواندووە، ئەم تیرەش بەر دڵی دڵداران دەکەوێت، ئەمە وێنەیەکی نایابە، بەڵام ئەوەندە بەکارهاتووە و سەد بارە و هەزار بارە کراوەتەوە، بۆیە شاعیر وێنەیەکی نوێی لەم چاوە دۆزیووەتەوە کە تاڵە تیشکێکی چاوی (ست فاتمە)یە ژیانی شاعیر پڕاوپڕ لە نوور و ڕووناکی دەکات.

شاعیری داهێنەر ئەو شاعیرەیە کە لە تنۆکە فرمێسکێک و تەڵە شقارتەیەکی بچووک وێنەی نوێ بدۆزێتەوە، چونکە هەریەک لەمانە هەرچەندە وێنەیان لێ دروست کردبێت هێشتا بە ملیۆنان وێنە ماونەتەوە کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە، ئەرکی شاعیریش دۆزینەوەی ئەم وێنە نوێییانەیە، تا دنیاش مابێ هیچ شتێک نییە دوا وێنەی لێ وەرگیراو بێت، تا چەند شیعر وێنەی نوێ و سەرنجڕاکێشی تێدابێت، ئەوەندە بەرزو جوان دەبێت، ئەم شیعرەش بەکێشی (١٥)، کێشی برگە پەنجەی خۆماڵی دەکێشرێ.

ئەمە لێکدانەوەیەک بوو بۆ ئەم سێ دێڕە شیعرەی (ئەحمەد هەردی) کە پێم وایە هێشتا حەقی تەواوی خۆیم پێ نەداوە، هێشتا ماوەی ئەوە ماوەتەوە دەیان کەسی تر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم سێ دێڕە بکەن، چونکە دیدو خوێندنەوەی هەر لێکۆڵەرێک لە چاو لێکۆڵەری تر جیاوازە، دەقی داهێنەریش ئەو دەقەیە کە پڕە لە نهێنی و چەندی لەسەری بوترێ و بنووسرێ هێشتا نهێنییەکانی بەتەواوی ئاشکرا نابێت، هەر شیعرێکی (هەردی)یش وەربگرین لێکۆڵینەوەی قووڵ هەڵدەگرێ، هەرچەندە بە زمانێکی سادە نووسراوە، بەڵام پڕاوپڕە لە جوانی و داهێنان و ئەفراندن.

**سەرچاوەکان:**

*** ئەحمەد هەردی (ئەحمەد حەسەن عەزیز)، ڕازی تەنیایی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی دووەم، ١٩٨٤.**

*** گۆران، دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، ب١، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٠.**

*** ماستەر لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا.**

# شوێنی زەینی لە شیعردا

سەباح ڕەنجدەر

پرسیاری یەکەمی ئەم ئەزموونە لەوەوە بووە خولیا و ڕایەڵی پێویستبوونی چنی کە لە بارەی ئاماژەکانی ژیان و بینینم لەنێوان چل و پەنجادا، لەناو وردەکارییەکانی خۆی نا دڵنیایە و سەر بۆ هیچ دەسەڵات و گرووپێکی داپڵۆسێنەر لار ناکاتەوە و سەرکێشیی بەردەوامبوونی لەناو نووسیندا دەڕسکێنێت. لە ساڵێکدا تۆماریان بکەمەوە و ڕۆژەکان بەدوای یەکدا یەکە یەکە بەهۆی بنەماکانی نووسین و بیرکردنەوە وزەیەکی بەکاریان تێدا جەخت بکەمەوە و بیانهێنمە ناو واقیعی نووسین و هەقیقەتی ویژدانییەوە.

نووسین لە تەواوی ڕۆژەکانی ساڵێکدا کار و هەوڵدان و تێگەیشتنە لە ئاراستەی ڕۆیشتن و ئەو بوونەی خەیاڵ وەک پاڵپشتێک وەگەڕ دەخات بۆ گەشە کردنی بیرکردنەوە و پەیداکردنی تیشکە شیعرییەکان.

نەمویستووە شوێن پێی تەمەن پیشان بدەمەوە، بەڵکو ویستوومە ئاراستەی بخەملێنم و پێناسەی بکەمەوە. پێناسەکردنەوە گەیشتنە بە مەوداکانی نووسین. بە مەوداکانی نووسین گەیشتن، گەیشتنە بە ناوکی بێگەردی شیعر. ئەگەرچی دەشزانم ناوکی بێگەردی شیعر لە پلەی مەحاڵدایە، بەڵام من وەک کەسێکی ماندوو بە شیعرەوە و پڕ جۆش، گەیشتن بەتاکە دەروشانەوەیەک ناوکی بێگەردی شیعر و ژیانمە.

لەم کار و هەوڵدانەدا ویستوومە لە هەڵچوونێک، یان ڕامانێک، یان بینینێک، یان تەزوویەک، یان خەونێک، یان هەست پێ کردنێک...تاد، بێنمەوە و جۆرە خەسڵەتێکی چۆن خرۆشان و وەها نووسینی پێ ببەخشم، یان هەستی کاتی و دۆخێکی سروشتی تێدا بدۆزمەوە. واتە شیعر لەگەڵ هەر بارێک لەو بارانەی دەستنیشانم

# ئامرازەکانی گوزارشت کردن لە بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانماندا

نووسینی: جان جاک ڕۆسۆ
لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی کۆیە - کۆلیژی زمان)

مـرۆڤ بە قـسـەکـردن لە ئاژەڵ جـودادەبێـتـەوە، نەتەوەکـانیش بە هەمـان شـێـوە، هەر بەو توانایەی قسـەکردن پۆلێن دەکرێن، هەر مرۆڤێک ئەگەر قسـە نەکات، ئەوە نازانرێت خەڵکی کوێیە، چونکە پێویستی و بەکارهێنان زمانی وڵاتەکەی خۆتت فێر دەکات، بەڵام چ هێـزێک وادەکـات زمـانێک ببـێـتـە زمـانی باوی وڵاتەکـەمـان؟ بۆ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارە، پێویسـتـە بگەڕێینەوە سـەر ئەو هۆکـارانەی کـە لە ڕووی خـودی و سروشـتـەوە پێـشـوەختن، قسـەکـردن لە ڕووی ئەوەی کـە یەکەم دەزگای کۆمەڵایەتییە، ناچێتە سەر شێوە و شێوازە ڕاسـتـەقـینەکـەی خـۆی، مـەگـەر لەبەر چەند هۆکـارێکی سروشتی نەبێت.

هەرکاتێک مرۆڤێک شارەزای مرۆڤێکی دی دەبێت و بە مرۆڤایەتی ئەو ئاشنا دەبێت، ئەوە ئەو ساتە هەست و بیرکردنەوە و شێوەی ئەو دەرک پێ دەکات، هەر لەبەر ئەو هۆکارە دەست دەداتە گەیاندنی هزر و بیر و بۆچوونەکانی خـــۆی بۆ کـــەسی دووەم و لەم پێناوەشـــدا بە دوای ئامرازگەلێکدا دەگەڕێت، تاکو ئەم پرۆسەیەی پێ ئەنجام بدات، بەڵام ناتوانێت ئەم ئامـــرازانە بە دەست بێنێت، مەگەر لە توانا هەستییـەکانی خۆیەوە نەبێت، کە تاکە ئامـــرازێکن بۆ کـــارتێکردنی لە تاکـــەکـــانی دیکەی کۆمەڵگە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاماژە هەست پێ کـراوەکـان دروست دەبن و پێکدێن، چونکە لە داهێنانی زماندا کاری (واتاخوازی) ئەنجام نەداوە، بەڵام غەریزەی سروشتی ئەو دەرەنجامانەی پێ بەخشیون.

ئەو ئامـرازانەی کـە بەهۆیەوە دەتوانین کـار لە هەسـتی خەڵکانی دی بکەین، تەنیـا دوو ئامـراز دەگرێتـەوە کـە (جــوولە) و (دەنگ)ن، چونکە کـــاریگەری جــوولە

ڕاستەوخۆ و بەهۆی دەست لێدانەوەیە، جاری واش هەیە ناڕاستەوخۆیە و بەهۆی جوولەکانەوەیە، دەست لێدان ناتوانرێت لە دوورەوە کاری پێ بکرێت، چونکە تەنیا بە درێژی باسک (قۆڵ) ئەنجام دەدرێت و لەوە دوورتر قۆڵ ناتوانێت بیگاتێ و ئەو دەست لێدانە ئەنجام بدات، هەرچی جوولەکانی دیبە بەگشتی سەرتاپا لە دووری و بە درێژایی تیشکی چاو ئەنجام دەدرێن، بەم شێوەیە بینین و گوێگرتن دەبنە دوو ئامرازی ئەندامی هەمیشە، لەو گۆڕانکارییە زمانەوانییانەی کە لە نێوان خەڵکیدا ئەنجام دەدرێن.

هەرچەندە زمانی جوولەکان و زمانی دەنگەکان هەردووکیان زمانێکی سروشتین و لە یەک ئاستدان، کەچی زمانی جوولەکان ساناترە و بەکەمتر لەیەک چرکە پەیوەستە بە زاراوەکان، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی سەرنج ڕاکێشن، لەو شتانە زیاترن کە بەرگوێ دەکەون، وێنەکانیش هەمەجۆرترن وەک لە دەنگەکان، بگرە پتر گوزارشت دەکەن و لە ماوەیەکی کەمتردا گوزارشت لە شتگەلێکی زۆرتر دەکەن، بۆ نموونە خۆشەویستی- هەروەک هەندێک دەڵێن- هونەری نیگارکێشی داهێناوە، هەروەها قسەشی داهێناوە، بەڵام لەو بوارەدا زۆر سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. جا لەبەر ئەوەی زۆر قسەی لەلا پەسند نییە، ئەوە بە کەمی دەزانێت و چەندین ڕێگەی جۆراوجۆری زیندووی هەیە بۆ ئەوەی گوزارشتیان لێ بکات. بۆ نموونە ئەو ئافرەتەی زۆر بە پەرۆشەوە خەیاڵی خۆشەویستەکەی نیگاردەکات، ئەگەر بیەوێت تەنیا بە وشە گوزارشت لەو خۆشەویستییەی بکات، چ دەنگێک هەڵدەبژێرێت بۆ گوزارشت کردن لەو جوولە ئەفسوناوییەی خۆی.

جوولەکان هیچ مانایەکی ئەوتۆیان نییە جگە لە دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییە سروشتییەکانمان، منیش لێرەدا نامەوێ باس لەو جوولانە بکەم، تەنیا ئەوروپییەکان کاتێک قسەدەکەن چەند جوولەیەک ئەنجام دەدەن، بۆیە خەڵکانێک بەو حاڵەتەیان دەڵێن هێزی زمانیان لەسەر بازوویانە، لەسەر ئەوەشەوە هێزی هەناسەیان لە کاتی قسەکردندا بەکاردێنن، لە کاتێکدا کە فەرەنسایییەک خۆی شین و سوور دەکاتەوە بۆ ئەوەی قسەکانی تەواو بکات، کەچی تورکێک چرکەساتێکی بچووک نێرگەلەکەی لە دەم دەردەکات و دوو وشە دەچپێنێ و بەوپەڕی هێمنییەوە ڕستەیەک دەدرکێنێ.

هەر لەوساتەوەی کە بەهۆی جوولەکانەوە گوزارشت فێر بووین، ئیدی هونەری (هێما)مان فەرامۆش کرد، هەروەک ئێمە ناتوانین لە هێما و نیشانەکانی میسرییەکان، بەهۆی ڕێسا کارپێکراوەکانەوە تێ بگەین، جاران گەر بیانویستایە شتێک بە کەفوکوڵەوە بڵێن، ئەوە بە هێما ئاماژەیان بۆ دەکرد، نەک بە وشە. واتە بە قسە و بە وشە نەیاندەوت، بەڵکو ئاماژەیان بۆ دەکرد.

بەم شێوەیە ئێمە لەگەڵ چاودا باشتر قسەدەکەین، وەک لەگەڵ گوێدا، هەر یەکێکیش لە ئێمە لەم بوارەدا هەست بە ڕاست و دروستی بۆچوونەکەی (هۆراس) دەکات، بە هەمان شێوەش تێبینی دەکەین ئەو گوتارانەی زیاتر ڕەوانبێژین و گوزارشت ئامێزن، ئەو گوتارانەن کە ڕێژەیەکی زیاتریان لە وێنە هەڵگرتووە، کاریگەری دەنگەکانیش ڕەوانتر دەبێت، ئەگەر لەگەڵ کاریگەری وێنەکاندا هەماهەنگ بن، بەڵام کاتێک مەسەلەکە بە بزواندنی نەست و وروژاندنی کاردانەوە پەیوەست بێ، ئەوە مەسەلەکە ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت، چونکە کاریگەری قسەی یەک بە دوای یەک و بەردەوام و خاوەن ڕیتمێکی دووانەیی، هەستێکمان لە لا دروست دەکات، کە جودایە لەگەڵ ئەو هەستەی لە بینینی خودی شتەکەوە پەیدا دەبێت.

وا گریمانە بکە کە بارێکی نیگەران، وەکو بینینی پرسە و سەرەخۆشی کاتێک کەسە نیگەرانەکە دەبینی، ئەوە ئەو کاتە پێی کاریگەر دەبیت و ناگەیتە پلەی گریان، بەڵام ئەگەر دەرفەتی خاوەن پرسەکە بدەیت بۆ ئەوەی هەستی خۆیت لەم حاڵەتەدا بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەوە لەوانەیە فرمێسکی بۆ بڕێژی. بەم شێوەیە وێنە تراژیدییەکان کار لە بینەران دەکەن، چونکە هێما و نیشانە بەبێ قسە کاریگەرییان نییە، بەڵام قسە و گوتار بەبێ بەکارهێنانی هێما کاریگەرییان زۆرە و لەوانەشە تایبەتی خۆیان هەبێ و بگرە نەبرەی تایبەتی خۆشیان هەیە، ئەم نەبرەیەش وامان لێ دەکات کە لە هەمبەر ئەو وروژاندنە بلەرزێین و بەشێوەیەکی بارگاوی نەبرەکان بچنە دڵمانەوە.

پوختەی قسەکەشمان ئەوەیە کە هێما بینراوەکان لاسایی کردنەوەکە وردتر دەکەن، بەڵام گرنگییەکان زیاتر بەهۆی دەنگەکانەوە دەورووژێنرێن. ئەمەش وامان لێ

دەکات بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە ئەگەر پێویستی ماددیمان هەبێت تەنیا باس لە شتەکان بکەین و بە جوولەکان لە یەک بگەین، لەم حاڵەتەشدا دەبوایە کۆمەڵگەکانمان کۆمەڵگەی جۆری دی بوونایە و بەشێوەیەکی کاراتر کاریان بکردایە و مامەڵەیەکی ئەوتۆیان بکردایە بەشێوەیەکی باشتر پەلیان بۆ ئامانجەکانی خۆیان بکێشایە، بەڵام ئێمە دەتوانین یاساکان دابڕێژین و سەرۆکەکانی خۆمان هەڵبژێرین و داهێنان لە لایەنە هونەرییەکاندا بکەین و مامەڵەی بازرگانی بە یارمەتی جوولە و بزواندن بکەین، واتە لە باتی قسە و وشە هەموو ئەو کارانەمان بکردایە، چونکە زمانی ئاشتی پەیام ئامێز بەبێ ئیرەیی هەموو ڕازەکانی خۆشەویستی ڕۆژهەڵات لە ڕێی ئافرەتانەوە دەگوێزێتەوە، چونکە پاسەوانیان لەسەر نییە، لاڵەکانیش بە هەمان شێوە بەهۆی هێما و نیشانەکانەوە لەیەک دەگەن.

لەم تێبینیانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە داهێنانی هونەری گەیاندنی هزر و بیرەکانمان، بە توانا تایبەتییەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە، زیاتر لەوەی بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە پەیوەست بێت، ئەم توانایەش خودی ئەو توانایەیە کە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی گەیاندن، ئەم ئەندامانە بەکار دەهێنێت.

جا ئەگەر یەکێک لەم ئەندامانەی لەشی مرۆڤ کە پرۆسەی گەیاندن ئەنجام دەدات لەناو بچێت، ئەوە ئەو توانایەی کە لەلای مرۆڤدا هەیە وادەکات ئەندامێکی دیکە لە باتی ئەو بەکاربهێنێت، ئەگەر سیستمێکی دی بە مرۆڤ ببەخشرێت کە تۆسقاڵێک ڕەقوتەق بێت، ئەوە ڕێژەیەکی کەمتر لە بیروڕاکانی بۆ دەستەبەر دەبێت، بەڵام مەرجە لە نێوان تاک و تاکێکی دیکەدا هەمان ڕەگەز و ئامرازەکان هەبن، کە بە هۆیانەوە مامەڵە و هەستونەستەکان بگەیەنرێن، چونکە تاک لەوەدا سەرکەوتوو دەبێت کە بتوانێ سەرجەم هزر و بیرەکانی خۆی بگەیەنێت.

بەهەمان شێوەش ئاژەڵان سیستمێکی گەیاندنیان هەیە، کە پێداویستییەکانی خۆیانی پێ دابین دەکەن، بگرە توانای زیاتریشیان هەیە، بەڵام هەموویان بەکارنەهێناوە، بەڕای من ئەو ئاژەڵانەی کە لە ژیانێکی هاوبەشدا دەژین وەکو مێرووله و مێشهەنگوین و (القندس) بۆ لە یەک گەیشتن زمانی هاوبەشیان هەیە، من هیچ گومانم لەوەدا نییە، لێرەشدا چەند بەڵگە و ئاماژەیەک هەن کە وامان لێ دەکەن قەناعەت بەوە بێنین کە زمانی (القندس) و زمانی مێرووله هەردووک بە جوولەکردن و بەهۆی چاوەوە ئەنجام دەدرێن. ئیتر هەرچی چۆنێک بێت ئەم زمانانە کە بەسروشتی دەناسرێن، مانای سروشتیش ئەوەیە کە بە فێربوون- فێرکردن ئاژەڵان فێری نابن، بەڵکو هەر لە دروست بوونییەوە ئەو زمانەیان لەلا هەیە، بەهەمان شێوەش زمانەکەیان گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و هەروەک خۆی دەمێنێتەوە. هەرچی زمانی زاراوەشە کە تەنیا لەلای مرۆڤدا هەیە، لەبەر ئەوەیە دەبینی مرۆڤ، یان لە بواری خێر، یان شەڕدا پێش دەکەوێت، کەچی ئاژەڵان هیچ پێش ناکەون، ئەم جیاکارییەش هەر بۆ خۆی بە تەنیا بەرەو مەودایەکی درێژ دەمانبات، هەندێک زاناش وا شرۆڤەی دەکەن کە بە ئەندامەکانەوە پەیوەستە، منیش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم شرۆڤەیە زۆر بە پەرۆشم.

**ژێدەر:**

**ئەم بابەتە لەم کتێبە وەرگیراوە:**

**د. میشال زکریا، الالسنیة (علم اللغة الحدیث)، المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع، الطبعة الثانیة، بیروت- لبنان، ١٩٨٥، ص٩-١٢.**

# هۆزی زەنگنە لە مێژوودا

عەباس سلێمان سمایل

زەنگنە یەک لە هۆزە هەرەبلاو و چالاکەکانی گەلی کوردە، بەردەوام ڕۆڵیان لە هاوسەنگیی سیاسی ئیمپراتۆریەتی عەسمانی و سەفەوی و قاجار و زەند و پەهلەویدا هەبووە.

بەبۆچوونی زۆربەی پسپۆڕانی زمان و مێژوو زەنگنە سەر بە گۆرانە، (گۆران)یش لە ڕووی زمان و ئتنیکەوە بەسەر ژمارەیەک هۆزی گەورە و گچکە دابەش دەبێت لەوانە: زەنگنە، چگنی، پازۆکی، شامەنسووری.

زێدی بەرایی زەنگنە لورستان بووە، دواتر بەرەو پارێزگای کرماشان کۆچیان کردووە، لەوێوەش بەهۆی چەند ئەگەرێکەوە بەشێکی زۆریان گوێزراونەتەوە و ئاوارە و پەراگەندەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و دەوروبەری بوون.

کەچی هەندێک لەپسپۆران پێیان وایە زنجان زێدی هەرە کۆنی زەنگنیە، (زنجان)یش هەر لە زنگان و زەنگنەوە هاتووە و ئەم هۆزە کەوتوونەتە بەر پەلاماری تورکانەوە و بەشێکی زۆریان لێ ڕاماڵیون و ئەوی دیکەشیان لە بۆتەی ڕەگەزی تورکدا تواندووەتەوە. کاتی خۆشی لە هەورامانەوە تا دەریاچەی قەزوین بەزاراوەی گۆران دواون، کەچی ئەردەڵانییەکان زمانیان بەرەو زاراوەی سۆرانی گۆڕاو دانیشتوانی گەیلان و مازەندەران فارسی و تورکی کاری لێ کردن و ئەمڕۆ بە زاراوەیەکی سەربەخۆی نزیک بەگۆران بە ناوی گێلەکی دەدوێن، ئەمڕۆکە تەنیا هەورامی و بەشێک لە زەنگنەی کرماشان و چەند هۆزێکی دیکەی کرماشان و هەورامان بەزاراوەی گۆران دەدوێن، کەچی زەنگنەکانی پارێزگای مووسڵ نزیک بە زاراوەی براخۆیی دەدوێن، کە بەشێکیان لەگەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ نیشتەجێن،

بەشێکیشیان لە گوندی باسەخرە، تەرجللە و شێخ ئەمیر و شاقولی نیشتەجێن، لە دوو هەزار ماڵ زیاترن، ئەوانەی لەنێو شاری مووسڵ نیشتەجێن ژمارەیان دیار نییە.

ئیتر زەنگنە لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بە زاراوەیەک دەدوێن و لە ناو تورکان بە تورکی و لەناو فارسان بە فارسی دەدوێن.

## ئاوارە بوونیان

مەغۆل بەشێکی زۆری لەمانە ئاوارەی قەرەباغ و فارس و خوزستان کردووە، بەهۆی ئەوەی بەرگرییان لە نیشتمانەکەیان کردووە. بەشێکیش لە زەنگنەی باشووری کوردستان و عیراق لە ترسی سەفەوییان ئاوارەی عیراق بوونە، بەتایبەتی زەنگنەکانی شاری بەغدا. نادرشاش بەشێک لە زەنگنەی دۆڵی دۆران و نوخندان و باچلوی لە ساڵی ١١٤٦دا بۆ دەرگەز دوورخستەوە. هەروەها لەسەردەمی قاجارییەکانیشدا زەنگنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەراگەندەبوون، بۆ نموونە زەنگنەکانی کەرکووک لەسەردەمی ئەحمەد شای قاجار ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێ هێشتووە. ئیتر زەنگنە لە دوادوایی سەردەمی قاجارییەکان و سەرەتای حکومەتی پەهلەویدا زیاتر لە جاران دەچەوسێنرێنەوە و ئاوارە دەبن.

## زێدگەی زەنگنەی ئەمڕۆ

لە پارێزگای کرماشان لە مایدەشت و هلیلان و گەیلانی غەرب نیشتەجێن، کە بریتین لەم تیرانە: تیرەی چۆبین، کەندۆلە، عوسمانەوەند، چهر، لە عیراق و باشووری کوردستان لە پارێزگەکانی بەغدا، دیالە، تکریت، کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و مووسڵ دەبیندرێن.

لە پارێزگەی مووسڵ بەشێکیان لەگەرەکەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە نیشتەجێن و بەشەکەی دیکەش لە گوندەکانی باسەخرە، تەرجللە، شێخ ئەمیر، شاقولی نیشتەجێن. زاراوەیان لەگەڵ شەبەکدا جیایە و دەڵێن زاراوەکەیان تێکەڵە لە لوڕی گۆران و زیاتر بە زاراوەی براخۆیی دەچێت.

لە باکووری شاری باقووبە لە خالس و شارەبان و خانەقین و کفری و توزخورماتوو بە پەرتوبڵاوی دەژین، ژمارەیەک گوندیان لە ڕۆژهەڵاتی باکووری توزخورماتوودا لە دەوروبەری قادرکەرەم هەیە، هەروەها بە ژمارەیەکی کەمتر لە سلێمانی و کەرکووک نیشتەجێن، هۆزی (تاڵەبانی)یش سەر بە زەنگنەیە، لە پارێزگای هەولێریش لە چەند گوندێک نیشتەجێن، لەوانە باداوە و زاگەی نزیک گوێڕە.

لە ساڵی ١١٤٥ک بە فەرمانی نادرشا بەشێک لە زەنگنەی بەهبەهان بۆ کوگیلوەو بوێر ئەحمەد گوێزرانەوە، هەروەها نادرشا چەندین تیرە و تایەفەی لەک و لوڕ و زەنگنە و زەندو بیراوەندی بۆ خۆراسان گوێزایەوە، لە هەردوو شاری شیرازو بوشەهر ژمارەیەک زەنگنە هەن، کە لە ساڵی (١١٦٢)ک کەریم خانی زەند لەگەڵ چەند هۆزێکی دیکەی کورد ئەوانی بۆ ئەوێ گواستووەتەوە.

بە قسەی شەرەفخانی بەدلیسی دوو تیرە لە هۆزی زەنگنە بەناوی فارس ئاغا و ڕۆستەم ئاغا لە ئەفغانستان نیشتەجێن کە کاتی خۆی لە بلوجستانەوە چوونەتە ئەوێ.

تاکو ئەمڕۆ زەنگنە لە پارێزگای فارس و خوزستاندا دەبیندرێن، بەڵام ئەو زەنگنانەی کە مەغولەکان ئاوارەی قەرەباغیان کردن، بەدرێژایی مێژوو لە بۆتەی ڕەگەزی تورک توانەوە.

ئەمڕۆکە زەنگنە لە گوندەکانی زەنگنەی سەروو و زەنگنەی خواروو و کەمارانی مەلایەر نیشتەجێن، لە هەورامانیش تیرەیەک لە زەنگنە هەن.

تیرەیەکی زەنگنە بەناوی جانکی لەناو بەختیاریدا دەبیندرێن، هەروەها کورد زەنگنە تیرەیەکی جانکییە.

تیرەیەکی دیکەی زەنگنە بەناوی ممزایی لەناو بەختیاریدا دەبیندرێت.

دەربارەی ڕیشە و ڕەسەنیان بیروبۆچۆنی جیاجیا هەیە لەوانە: میر نەسیرخان ئەحمەد دزەیی بەلوچ دەڵێت: یەک لە کوڕەکانی میری ماد دوو کوڕی هەبووە بەناوی باخیم و زەنگان، باخیم براخۆی لێ بە پاش کەوتووە و (زەنگان)یش زەنگنەی لێ بە پاش کەوتووە، کەچی ڕۆشنبیرانی زەنگنە خۆیان بەنەوەی زەنگەی کوڕی شاوران (شاپوور، یان شاپووران) کە لەگەڵ ڕۆستەمی مازەندەران جەنگاوە. دواتر زنگە بووەتە زننە و زەنگنە و زەگنەزەنگەش، واتای نەمر دەگەیەنێت. هەندێکیش پێیان وایە لە زنجانەوە هاتوون و ناوی ئەم هۆزە هەر لە

زنجان، یان زنگانەوە هاتووە.

**پەراوێزەکان:**

**١- کوڕی حەوقەل لەسەردەمی عەباسییەکان (١٨) هۆزی بەلوچی باس کردووە، یەک لەوانە زەنگنەیە و (مەردۆخی)یش (١١) هۆزی بەلوچی باس کردووە و یەک لەوانە زەنگنەیە.**

**٢- فەرامورزی زەنگنە لەسەردەمی عوسمانییان توانیویە میرنشینێک بەناوی میرنشینی قەیتول لە کەرکوک دروست بکات.**

**٣- هەندێک، هۆزی داوده بە بەشێک لە زەنگنە دادەنێن.**

**٤- لە ساڵی ١٣٦٩ دوای ئەوەی مەغول ئێرانی داگیرکرد لە سیامەنسووری و زەنگنە هەندێکیان ئاوارەی قەرەباغ بوون کە ژمارەیان دەوروبەری ٣٠٠/٠٠٠ کەس دەبوو، دواتر بەشێکیان بۆ ناوچەکانی دیکەی باشووری ڕووسیا گوێزرانەوە و لە بۆتەی ڕەگەزی تورکاندا توانەوە.**

**٥- بنەماڵەی سۆفی لە هۆزی زەنگنە لەبەر سوغرەی ئەحمەد پاشا گوندی قورشاغلویان بەجێ هێشت و لە هەولێر نیشتەجێ بوون**

**٦- زەنگنەکانی دەرگەز زمانیان کوردی و فارسییە، بە تورکیش قسە دەکەن.**

**٧- سەرکردەی زەنگنەکانی کەرکوک نەوشیروان بەگ بوو کە لە ساڵی (١٩٧٥)ک لەگەڵ ئەحمەدشای قاجار بەینی تێکچوو لە کرماشانەوە هاتە گوندەکانی ڕۆژهەلاتی باشووری کەرکوک.**

**سەرچاوەکان:**

**١- سیمای عشایر شرق لرستان (صینی گودرزی/ ١٣٧٤**

**٢- کرمنشاهان/ ایرج افشار/ ساڵی چاپ؟**

**٣- مێژووی عەشیرەتی زەنگەنە/ عەبدولڕەحمان زەنگەنە/ ١٩٨٠/ بەغدا.**

# زمان و کۆمەڵ

له عەرەبییەوە: د. شەهاب شێخ تەیب
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی پەروەردە)

(١ - ٢)

**١ - ڕوخسار و ئەرک**

وەک دەزانین کە زمان لەوانەیە، بەڵکو دەبێت لەچەند گۆشەیەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی زمانەوە کراون، زانایانی زمان و دەروونناسی تێیدا هاریکارن، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە پێوەندی زمان بەکردەی بیرکردنەوەوە پێکدێت، واتا ئامانجەکە ئەوەیە بەوە بگەن کە لە مێشکدا ڕوودەدات، کاتێ مرۆڤ قسە دەکات و گوێی لە قسەی یەکێکی تر دەبێت، یان دەیەوێ چۆنێتی بەکارهێنانی زمان لای منداڵ و دیاریکردنی ئەو خەسڵەتانەی تایبەتن بە زمانی مرۆڤایەتی بزانێ و لە زمانی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان جیای دەکاتەوە. ئێمەش کاتێ لە زمان دەکۆڵینەوە، دەتوانین، بەڵکو پێویستە ئەم کارە لەم دوو گۆشەیەوە بە ئەنجام بگەیەنین:

**گۆشەی یەکەم:**

پێوەندە بە ڕوخسارەوە، یان بنیادی دەرەوە، واتا بەو ڕێگایانەی، یان ئەو دەستوورانەی، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بۆ ڕێکخستنی دەنگەکانی زمان بەکاردەهێنرێت و وشەکانی بە واتای دیاریکراوەوە بە دەستەوە بدات. ئەم لایەنەش ئەوەیە زۆرینەی زانا کۆنینەکان ئاماژەیان پێ داوە، ئەگەرچی لێکۆڵەرانی هاوچەرخ بەرەو ئاستێکی جیاوازیان بردووە، هەروەک لە بەشەکانی تردا دەیبینین.

**گۆشەی دووەم:**

پێوەندە بە ئەرک، یان ئەو ئەرکانەی کە زمان لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا و پێوەندی زمان بە کۆمەڵەوە بە جێی دەگەیەنێت: چۆن کار دەکاتە سەری و بە پێچەوانەش، ئەو گۆڕانەی لە ڕووی پەرەسەندنەوە بەسەر هەردووکیاندا دێت...تاد.

هەریەک لەم باسانە لە کۆندا لە خانەی بەربڵاوی ئێرە و ئەوێی زانستی تردا، لە ژێر زانستی زماندا بە تەنیا دەخوێنرا و لێی دەکۆڵرایەوە، بەڵام دۆخی ئێستای ئەوەیە زانایانی هاوچەرخ هەوڵ دەدەن گشت ئەو باسانە کۆ بکەنەوە و لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا دایبنێن پێوەندییەکی بە هێزی بە زانستی زمانەوە هەبێت، هەروەها هەوڵ دەدەن بگەنە هەندێ یاسای گشتی، کە بەسەر بەکارهێنانی کرداری زمان لە کۆمەڵێکی دیاری کراودا زاڵ دەبێت، یان لە گشت کۆمەڵگاکاندا هەندێ لە زانایان بیروبۆچوون و بایەخدانیان جیاوازە، لەوانەش زانایانی کۆمەڵناسی و زانایانی زمانەوانی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی دەیانەوێت هاریکاری تێدا بکەن.

**٢ – ئەرکەکانی زمان**

لە کۆندا ئاراستەی باو ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە زمان دەفری بیرکردنەوەیە و ئەرکەکەشی دەربڕینە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ، ئەوە چ پێوەندبێت بە کاری ئاوەز (عقل) ، یان سۆز و هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤایەتی. دوای کەمێکی تر دەبینین ئەم پێناسەیەی ئەرکەکانی زمان، لە لایەن خودی زمان خۆیەوە زۆر شتی دیاری کراوی تێدایە، هەروەها پێوەندی نێوان (زمان) و (بیر) زۆر ڕوون نییە، بەڵام بەهەر حاڵ پێوەندییەکی یەک ئاراستەیی نییە.

زۆربەی تازەگەران وایان پێ باشە، کە ئەرکی زمان پێوەند بێت بە گەیاندن (الأتصال- Communica-tion) ، بەڵام وشەی (گەیاندن)یش لێڵی واتایی زۆری تێدایە، کە نازانین ئایە دەتوانێت ئەو ئەرکە زمانییە زۆرە هەڵبگرێت، کە بە پلەی یەکەم وەک ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی دەبینرێت، هەروەها دەتوانێت لە شێوازی گەیاندنی تری دوور لە زمان پێکبێت، وەک ئەوەی مرۆڤ لە ئاماژە کردن و دەربڕینی دەموچاو و دەست لێدان و جووڵانەوەی ئەندامەکانی تری جەستە بە کاری دەهێنێت، هەروەها پێکهاتنی لە شێوازی گەیاندنی تری وەک ئەوەی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان بەکاری دەهێنن.

لەوانەیە ئەوەی باشتر بوو لێرەدا بمانکردایە، بۆ ئەوەی بیرێکی فراوانتر، لەمەڕ ئەوەی زمان بە ئەنجامی دەگەیەنێت وەربگرین، ئەوە بێ لەو ڕوانگەیەی کە زمان دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕەوشتی مرۆڤایەتی سەیری بکرێت، بەتایبەتی ئەگەر بێتو بە گرنگترینی گشت ئەو دیاردەیە نەژمێردرێت، چونکە ناچارین زۆربەی کات بەکاری بێنین و زمان ببێتە یاوەری دیاردەی ڕەوشتەکانی تر، بێجگە لە زمان و لەگەڵیدا تێکەڵ بێت. ئەمەش ئەوەیە کە (ئیدوارد هۆڵ) لە کتێبەکەیدا (زمانی بێ قسەکردن- لغة بغير كلام) بە ئەنجامی گەیاندووە کە تێیدا دیاردەکانی ژیانی بەسەر (دە) جۆر دابەش کردە، هەر دیاردەیەک لەوانە لەگەڵ نۆیەکەی تردا تێکەڵ کار دەبێت، بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو تۆڕە بەناویەکدا چووەی پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی پێکبێنێت. زمانیشی لە سەرووی هەموو دیاردەکانی ترەوە دانا.

(أ) – یەکەم ئەرکی زمان، یان دیاردەی ڕەوشتی زمانەوانی ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لەوەی ئاژەڵ دەریدەبڕێت بە دەنگ و جووڵانەوەی ئەندامانی لەشی تێک دەچێت. بەکارهێنانی زمان بۆ سڵاوکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ دەربڕینی سۆز و هێورکردنەوە، لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، وەک چاوپێکەوتن و پێکەوە دانیشتن لەیەک جێگادا و ئاهەنگی کۆمەڵایەتی... تاد. تۆ یەکێ لە دراوسێیەکت، یان ناسیاوێکت دەبینیت، ئەم سڵاوکردنەی لێ دەکەیت و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی سڵاوەکەت دەداتەوە:

– بەیانیت باش.
– بەیانیت باش.
– چۆنیت؟
– زۆر باشم، سوپاس بۆ خوا.

لێرەدا گفتوگۆ تەواو دەبێت و هەر کەسە و بە لایەکدا دەڕوات. بێ گومان دەتوانین دارشتنی جیاوازی تریش بەکار بێنین، بەڵام هەموویان هەمان ئەرک دەگەیەنن. کەواتە ئەو ئەرکە چییە؟ ئایە لەم دەربڕینانە و لە واتاکانی تێ دەگەین؟ گریمان دراوسێکەت لە حاڵەتێکدا بێ پارە بوو، یان لەبەر هەر هۆیەک بێت باری دەروونی باش نەبوو، ئایە وەڵامدانەوەی جیاواز دەبێت، وەک لەوەی کە لە سەرەوەدا باسمان کرد؟ لەوانەیە بە شێوەیەکی جیاوازتر وەڵام بداتەوە، وەک ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بەم شێوەیە بداتەوە:

– باشم، چار چییە؟

بەڵام چاوەڕوان ناکرێت وەڵامت بەم شێوەیەی خوارەوە بداتەوە:

– دەوازم لێ بێنە، باشی چی، تەڕەماش، چونکە دەستەواژەکانت و دەستەواژەکەی لەو وشە و ڕستە و دەستەواژانەیە کە کۆمەڵ لەسەری ڕاهاتووە و گوێی لێ

بووە، ئەگەر هاتو دەستەواژەکەشی بە شێوەیەکی ناخۆش وت مەبەستی ئەوە نییە ،کە لە دەربڕینەکەیدا هەیەتی.

ئەم دەستەواژە و گفتوگۆیانەی لە بارەی کەشەوە ، یان ئەو گفتوگۆیانەی لە ئاهەنگەکاندا دەکرێن و خەڵکی لێی کۆ دەبنەوە، هەندێکیان یەکتر دەناسن و هەندێکی تر یەکتر ناناسن، کە بۆ چەند جارێک کۆ دەبنەوە، باسێکی گرنگ نادۆزنەوە قسەی لەسەر بکەن – مەبەست لەم گفتوگۆیانە وەک دیارە بەستنی پێوەندی کۆمەڵایەتییە، یان بەتین کردنی پێوەندییەکانە. کەوابوو ئەرکی زمان، ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە ،ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم ئەرکە بایەخی کەم بێت، بەڵکو لەڕاستیدا یەکێکە لەو بنەمایانەی کە هەستی هاتنە ڕیزی کۆمەڵایەتی لەسەر بنیاد دەنرێت.

کاتێ لە وڵاتێکی تردا لە نزیک کەسێکەوە دانیشتووی و بە زمانەکەی تۆ دەدوێت، تۆ یەکسەر هەست بەوە دەکەیت زۆر لێتەوە نزیکە، ئەویش لە ڕێی هەستی زمانەوە دەبێت، ئەوانی تریش کە دانیشتوون بە زمانێکی بیانی قسە دەکەن و ئەو هەستە بەرانبەر ئەوان نایەتە دی. تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشتدا کە یەکێ بە شێوەزارەکەی تۆ قسە بکات، هەمان ئەو هەستە لەلات دروست دەبێت و سەرنجت بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و...تاد. ئەم جۆرە پێوەندی و هەستانە وا لە ئەندامانی کۆمەڵ دەکات یەکتری بۆ لای یەک ڕابکێشێت و هێزی یەکگرتوویی کۆمەڵ و لاوازبوونی بۆ هێز و لاوازی ئەو جۆرە پێوەندییانەی نێو ئەندامەکانی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە.

ئەو دەستەواژانەی بۆ سڵاوکردن و ڕەوشت بەرزی لەگەڵ کەسانی تر بەکاردێت، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی تری هەیە. لەزۆر کاتدا گوزارشت لە (چینی کۆمەڵایەتی)، یان (جێگە و شوێنی کۆمەڵایەتی) هەر یەک لە قسەکەر و گوێگر دەکات، هەروەها دەربڕین لە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەکات، کە لە بۆنەیەکی نزیکدا باسیان دەکەین.

(ب) – لێکچوونێکی ئەم ئەرکەی زمانەوانی، بەکارهێنانی زمانە لە بۆنە ئایینییەکان و نزاو دوعاکردن لە لایەک و بەکارهێنانی لە کاری سیحر و فاڵ گرتنەوە لە لایەکی ترەوە.

لە حاڵەتی یەکەمدا ئەرکی بنەڕەتی زمان بەستنی، یان ڕەچاوکردنی گەیاندنە بە خالیقەوە (خولقێنەر). هەروەها ئەرکێکی لاوەکیشی هەیە، ئەویش پتەوکردنی پێوەندی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵی سەر بە هەمان ئایین. ئەو زمانەی لە بۆنە ئایینییەکاندا بەکاردێت – واتای وشە بە وشەکەی گرنگ نییە، بەقەد گرنگی لە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی دیاری کراوی یەکگرتوو، کە لە نێوان هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵدا ناسراوە. ئێمە لێرەدا تەنیا قسە لەسەر کتێبە ئاسمانییەکان ناکەین، چونکە ئەمە بە سروشتی خودی خۆیەوە سەقامگیرە و ناگۆڕێت. کۆمەڵیش بەهەموو وزە و توانستی خۆی، بێ هیچ گۆڕانکارییەک هەوڵی پاراستنی دەدات، بەڵام ئاماژە بەو زمانانە دەکەین کە دەستکردی مرۆڤن، وەک زمانی بانگدان و نوێژکردن لە ئایینە جیاوازەکاندا و خوتبەی هەینی و یەک شەممە و زمانی بۆنە جیاوازەکان، وەک گرێبەستی ژن هێنان و جیابوونەوە و مردن و ناشتن و پرسە و پیرۆزبایی و ئەو زمانەی لە سوێند خواردن و زمانی پرسیارکردن و زمانی سۆفییەکان و زمانی فاڵچییەکان... تاد، بەکاردێت.

ئەم زمانانەش هەندێ تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیان هەیە، وەک بەکارهێنانی وشەی لێڵ و کۆن و سوود وەرگرتن لە توانستی دەنگەکانی زمان، بۆ بەخشینی ئاوازێکی مۆسیقی بەسەریدا و بەکارهێنانی هێما و خواستن بەشێوەیەکی بەرفراوان.

هەروەها تایبەتمەندییەکی تری زۆر گرنگی هەیە، ئەویش پاراستنێکی درێژی هەیە، واتا هەندێ جار دەقێکی دیاریکراوی بەکارهاتوو بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەردەوام دەبێت. گۆڕان و گۆڕینەوەی بەهۆی کەمی بایەخی واتای وشە بە وشەی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژە زمانیانەیە، کە کار دەگاتە ئەوەی کە زمانێکی تری نەناسراو بەکاربێت لەم چەرخەی ئێستادا بۆ ئەوەی ببێتە زمانێک بۆ بۆنە ئایینییەکان، وەک بەکارهێنانی لاتینی تا کاتێکی زۆر نزیک لە بۆنە ئایینییەکانی هەموو تائیفە مەسیحییە کاسۆلیکییەکان – سەدان ساڵ بۆ هەموو تائیفە مەسیحییەکان بەکاردەهات– بەکارهێنانی سانسکریتی بۆ بۆنە ئایینییەکانی هیندی و قیبتی، بۆنە ئایینییەکانی مەسیحی لە میسر و عەرەبیش بۆ بۆنە ئایینییەکانی موسڵمانان.

کەواتە ئەرکی زمان لێرەدا لە لایەکەوە بە پێوەندی کەسی نێوان (عەبد) و (خوا)کەی بەستراوە، لە لایەکی ترەوە دەربڕینە بۆ هاتنەڕیزی تاک بۆ بنەماڵەیەکی ئایینی دیاریکراوەوە. وتەیەکی وەک (سەلام و عەلەیکوم) و

(بەناوی خـوای گـەورە و مـیـهـرەبان) نیـشـانەیە بۆ کەسێک،کە سەر بە کۆمەڵگەی ئیسلامە، بەڵام وتەیەکی وەک: (بەناوی باوک و کوڕ و گیـانی پیرۆز- باسم الاب والابن والروح القـدس) و (یا مـەسـیح) نیـشـانەیە بۆ کەسێک، کە سەر بە کۆمەڵگەی مەسیحییە و بێ ئەوەی بیر لە واتای وشە بە وشەی وشەکە بکەینەوە گوزارشت لەوە دەکات.

(ج) – پاشان بەکارهێنانێکی تر هەیە بۆ زمان لە بۆنە فـەرمـیـیـەکـاندا و هەندێکیـان مـۆرکی ئایینی، یان یاساییان هەیە، وەک دادگایی کردن و کڕین و فرۆشتن و ژنهێنان و تەڵاقدان...تاد.

بەڵام ئەرکی زمان لێرەدا نەکۆمەڵایەتییەکی یەکجارییە و نەڕوخسارییە، کە واتای کەم بێت، لە هەمان کاتیشدا گواستنەوەی زانیـاری و بیـرۆکە نیـیـە... کـاتێ کـاری گرێبەستی ژنهێنانی یەکێک ئەنجام دەدرێت، وەکیلی کـچـەکـە بۆ نموونە، دەڵێت: «ڕازیم بەوەی کـچـەکـەمت بدەمێ... تاد» و زاواکـەش، یان وەکـیلەکـەی دەڵێت: «ڕازیم بەوەی کـچـەکـەت ببـێت بە هاوسـەرم... تاد» قـسـەی هەردوو لا وتراو کـارەکـە تەواوبوو، دوای تەواوبوونی ئەم دەسـتـەواژانەی هەردوولا بەرانبـەر شایەدەکان گرێبەستی ژنهێنان بەئەنجام گەیشت.

هەمـان ئەرک لەو وشـانەی پێـوەندە بە تەڵاقـدان بەدی دێت، کـاتێ پیـاو بە ژنەکەی دەڵێت: «تۆم تەڵاق دا... تاد» لێی حـەرام دەبێت، بەو دەستـەواژەیەی کـارەکـەی بەجێ گـەیاند. هەمـان شـتـیش جێـبـەجێ دەبێت کـاتێ دادوەر ئەو وشانە لە حوکمداندا بەکاردێنێ، وەک ئەوەی دەڵێت: «دادگا بەوەی حوکم کردی کە... تاد».

(د) – ئەرکێکی تری زمـان ئەوەیە لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدەین بەشـێـوەیەکی بەردەوامی دەست بەسـەر دەوروبەرماندا بگرین، ئەویش بەدەرچوونی فـەرمان و لێ پرسـینەوەیە لە ڕەوشـتی خـەڵکانی تر و دەست بەسـەرداگـرتنی شـتـەکـانی تری ئەو ژینگەیەی لە دەوروبەرمان هەیە. ئەم ئەرکەش بریتییە لە لایەنی زۆری ژیانی ڕۆژانەمان، لە کاتی هەستانمان لە بەیانییەوە، تا کاتی خەوتنمان دەست پێدەکات.

بەشـێکی گـەورەی ئەو زمـانەی بەکـاری دەهێنین لە ژیانی ڕۆژانەمـاندا لە جۆری فـەرمـان، داواکـاری توند، داواکاری سادە، داواکاری بەسۆز، پاڕانەوە، پێکدێت... تاد، کە لە ڕێگەی ئەوەی پێویستـیمان پێی هەیە دەست دەکەوێت، وەک پارە، یان نانخواردنی بەیانی و نیوەڕۆ، یان جلوبەرگ، کە لەبەری دەکەین، یان ئەو کـاروبارانەی لە کارکردندا پێویستیمان پێی هەیە.

(هـ) – لە ژیانی سادەی ڕۆژانەمـاندا هەندێ فـەرمـان و نەرێکردن، دەربارەی شـتـومـەک و وەڵامـدانەوەی پرسـیـار، لە ڕێی هەندێ زانیاری تێکەڵ بەیەکتری دەبن، هەرچەندە ئەو زانیـارییەش بێ بایەخ بێت، وەک ئەوەی بەیانیـانێک لە ژنەکـەت بپـرسێت: «پێڵاوە سپـیـیـەکەم لە کوێیە؟» ژنەکەت وەڵامت بداتەوە و بڵێت: «لەژێر مێزەکەیە»، یان لەبارەی (کـات) پرسـیـار لە یەکـێک بکەیت و وەڵام بداتەوە و بڵێ، کاتژمـێر ئەوەندەیە. ئەمـەش یەکێکە لە ئەرکە بنەڕەتییەکان کە پێی دەوترێت ئەرکی گەیاندن کە پێشتر باسمان لێوەکرد.

ئەوەی ڕاسـتی بێت ئەو زانیـارییـانەی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزرێنەوە، یان لە یەکێکەوە بۆ کۆمەڵێک کـە لە ژمـارەیەکی بچـووک، یان هەزاران، یان ملیـۆنان کـەس پێک دێت، هەمـوویان زانیـاری سـادە نین، کـە بەکـاروباری ژیانی ڕۆژانەوە پێـوەندبن، بەڵکو ئەو زانیـارییـانەی لە کۆبوونەوەکـانی بازرگـانی و ئابووری و سیـاسی و زانسـتـیدا، دەگوێزرێنەوە ئاستێکی بەرزیان هەیە و زانیـارییەکە لە ئاستێکی گرنگدان و کار دەکەنە سەر ژیانی ملیۆنان خەڵکی، بەڵام زمانی وتار و ڕۆژنامە و ئێستگە و تەلەفزیۆن، کە بە ڕۆژ و بەشەو هەموو بواری ژیانمانی پرکردۆتەوە، زانیـاری وای تێدایە، هەندێکیـان گـرنگ و هەندێکیـان گـرنگ نین، بەڵکو بێـجگە لە زانیاری شتی تری تێدایە.

زۆربەی ئەوانەی لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەوترێن و دەنووسرێن مەبەستیـان ئەوەیە کـار بکەنە سـەر مرۆڤ و قـەناعـەتی پێ بکەن، یان بۆ کـڕینی شـتـومـەک، یان باوەڕپێکردنیـان بە ڕێبـازێک، یان گـۆڕانی ڕەوشـتـیـان بەهەر ڕێگایەک بێت، یان... یان... تاد.کـەواتە لەو زمـانەدا ئاراسـتـەکـردن و باوەڕپێکردنی زۆری تێدایە – بەشـێـوەیەکی تر هەوڵدانی زۆر هەیە بۆ کـارتێکردن لە مرۆڤ، نەک تەنیا زانیارییەکانیان بۆ بگوێزرێتەوە.

(و) – زمانی نووسراو ئەرکێکی پڕ بایەخی هەیە.

سـەرەڕای ئەوەی دەتوانرێت، کـە هەر کـۆمـەڵێکی دیاریکراو ئایین و کـەلەپوور و ئەدەب و دابونەریتـەکـەی خـۆی بەرێگـەی زارەکی بپـارێزێت، واتا بە زارەکی لە ڕێگای گـواسـتنەوەی کـولتـوورەوە لە وانەیەکـەوە بۆ

وانەیەکی تر، لەبەر هەندێ هۆ ئەو کولتوورەش تووشی بزربوون و شێواندن و گۆڕان دەبێت، کە پێوەندە بە لەبەرکردن و هزرەوە، هەروەها بەخودی مرۆڤ خۆیەوە پێوەندە، بەڵام ئەگەر بێتو خودی کۆمەڵیش پەرەبسێنێ و پێش بکەوێ، دەبێتە کۆمەڵێکی ئاڵۆز و کولتوورەکەشی زیاتر دەکات و ناتوانرێت و لە توانادا نییە پشت بە تاکەکانی کۆمەڵ و هزریان ببەسترێت، تەنیا ڕێگا بۆ پاراستنی ئەوە، لە ڕێگەی تۆمارکردن و نووسینەوەی دەبێت. واقعیش ئەوەیە هەر نەتەوەیەک نووسینی بەهیچ شێوەیەک بەکارنەهێنابێت، زۆرینەی مێژوو و کولتووریشی دیارنابێت و لەهەر حاڵێک لەم حاڵەتانەدا ناتوانرێت پشت بە زمانی درکێنراو (وتراو) ببەسترێت، بەڵکو زمانی نووسراویش وای لێهاتووە وەک پێویست نەماوە، چونکە خەڵکی لەم کاتەی ئێستاماندا ئامێری تازەی وەکو کۆمپیوتەر و...تاد بەکاردەهێنن، بۆ پاراستنی ئەو ڕێژە زۆرەی زانیاری و زانست و ئاداب و ژیاری و...تاد، کە ئەم چەرخەی ئێستامانی پڕکردۆتەوە، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی خوێندکار و توێژەرانی نەوەکانی ئێستا و داهاتووماندایە.

(ز) – بێ گومان، زمان بۆ دەربڕین لە هەستە جیاوازەکان بەکاردێت، وەک: خۆشی و بەختەوەری و خەم و تووڕەبوون و... تاد.

ڕێژەی ئەو دەربڕینەش، سەبارەت بەو هەستانەی وەک فیکە و گۆرانی، دەربڕینە لە خۆشی و بەختەوەری و جووندان، واتا دەربڕینە لە تووڕەبوون، لە زۆربەی کاتدا بەکارهێنانی زمان دەبێتە جۆرێ لەپشوودان، یان دەرکردنی ئەوەی لە کەسایەتی مرۆڤدا هەیە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە کەسێ گوێی لێدەگرێت، یان نا. لەبەر ئەمە یەکێکە لەو ئەرکانەی ناچێتە ژێر پێناسەی زمان وەک ڕێگایەکی گەیاندن، بەڵام لەوانەیە بتوانێت و بریتی بێت لە ئەرکێکی تر کە پێشتر باسمان کرد، ئەویش دەربڕینە لە بیر و هەستەکانی مرۆڤایەتی.

(ح) – لێرەدا دێینە سەر باسکردنی ئەو ئەرکە کە بە تاکە ئەرکی زمان دادەنرێت و تا ئێستاش بریتییە لە گرنگترین ئەرکەکانی، ئەویش ئەوەیە:

دەربڕین لە بیر: ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە دژە ئەرکێکی تر هەیە، ئەویش بەکارهێنانی زمانە بۆ شاردنەوەی بیر، یان شاردنەوەی هەژاری بیرەکان. ئەم بەکارهێنانەش لە زمانی سیاسییەکان و زمانی دەرچووان لە یاسادا باو و بڵاوە. لەم حاڵەتانەشدا، یان وشەی گەورە بۆ داپۆشینی بیرێکی شەرمنۆک بەکاردێنن، یان بەکارهێنانی دەستەواژەی تایبەتی کە واتای دەرەوەی مەبەستدار نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ واتایەکی تر، کە تاکەکانی کۆمەڵ لەسەری ڕێک کەوتوون، یان لە جێگەی ئەو دەستەواژانەی کۆمەڵ بۆ دارشتن بەکاری ناهێنێ دەستەواژەی نەرمونیان بەکاردێنن.

لە کاتی دۆزینەوەی نووسین و تۆمارکردنی بیرەکان ئەرکی زمان لە گواستنەوەی بیرەکان بە گرنگترین و بایەخدارترین ئەرک دەژمێردرێت، لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئەو بیرۆکانە بگوێزێتەوە، کە لە ئاکامیدا ئەم شارستانییەتە پێشکەوتووە هاتە کایەوە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی جیهانی تێدا دەژیت. کەواتە لێرەدا هیچ ناکۆکییەک لەسەر ئەو ئەرکە نییە، بەڵام ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان پێوەندی زمان بە بیرەوە هەیە. ئەویش ئەو پێوەندییەیە کە شایستەی ئەوەیە بە دوورودرێژی لە بڕگەکانی تردا باسی لێوە بکەین.

لێرەدا دەتوانین کورتەیەکی ئەوانەی باسکران بە دەستەوە بدەین و دەڵێین، ئەرکەکانی زمان جۆراجۆرە، بێجگە لە ئەرکی گرنگی تر، ئەرکی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری هەیە، دەبێت لەو پێوەندییە جۆر بە جۆرانە تێپەڕێن کە لە نێوان زمان و کۆمەڵ، بۆ کاریگەری هەردووکیان لەسەر یەکتری ڕوودەدەن.

**٣ – زمان و بیر**

پێش تر وتمان،زمان هۆیەکە بۆ دەربڕین لە هەستو نەستی مرۆڤایەتی، ئەمەش واتای ئەوەیە یەکەم جار گریمانەی بوونی هۆشیاری و هەستمان کرد، پاشان دەربڕینیان لە ڕێگەی زمانەوە، ئایا دەتوانین هەمان وتە بڵێین کاتێ ئەوە دەدرکێنین، کە زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر؟ واتا لێرەدا بیرێکی ڕووت هەیە پشت بە زمان نابەستێت؟ یان زمان و بیر یەک شتن؟ یان زمان دەتوانێت ئاراستەی بیر دەستنیشان بکات و وێنە بۆ سنوورەکەی بکێشێت؟ لێرەدا تا ڕۆژی ئیمرۆمان وەڵامێکی یەکجارەکی لەسەر هیچ لەو پرسیارانە نییە. توێژەرەکان هەڵوێستی جیاوازیان وەرگرتووە، هەندێ جاریش نارەزاییان لەم باسەدا دەربڕیوە.

زانایانی دەروونناسی سەر بە (قوتابخانەی ڕەوشتی)، وەک: (جۆن واتسۆن) جیاوازییان لە نێوان (زمان) و (وشە)دا نەکردووە، بەڵکو زمانیان بەجۆرێکی وشە

دادەنا، بیـرکـردنەوەیان بە جـۆرێکی وشـەی نـاوخـۆیی درکێنراو، تەنیا لە گەرووەوە دادەنا. هەروەها (سکینر)، کـە پێـشـتـر ئامـاژەمـان پێ کـردووە، یەکـێکە لە دامـــەزرێنەرانی زانســـتی زمـــانەوانی دەروونی، بیرکردنەوەی بە جۆرێک لە ڕەوشتی مرۆڤ دادەنا، وەک ڕەوشتی زمانی و لەو بارەیەشەوە وتی نابێت وەک دوو شتی جیاواز جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت.

ئەمـە یەکـێکە لەو بۆچوونانەی بۆ هەڵسـەنگاندن و ئەزمـوونکاری زۆری نەخـایاند. بە ئەزمـوونی زانسـتی دەرکـەوت کـە بە ئیـفلیج بوونی جـمـوجـوڵی هەمـوو ئەندامەکانی ئاخاوتن لە ڕێگەی مادە سڕکەرەکانەوە، بۆ نموونە کـار دەکـاتە سـەر ئاخـاوتن و بە یەکـجـارەکی دەیوەستێنێ، بەڵام هیچ کـاریگەرییـەکی لەسەر توانایی بیرکردنەوە بەجێ نەهێشتووە. ئەمە سەبارەت بە جەستە، بەڵام سـەبارەت بە لایەنی زمـان (دۆسـۆسـێـر) و (چۆمـسکی) و هی تریش ئەوەیان دووپات کـردەوە، کـە زمـان سیـسـتـمێکی ڕووتە و هەمـوو ئەندامانی کۆمـەڵ بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام وشـەی ڕاسـتەقینە تەنیا دیاردەیەکی توانایی زمانەوانی تەواوە، لەوانەیە دیاردەی تر لێرەدا هەبێت، کـە نرخی لە وشە کـەمـتر نەبێت، بۆ نموونە (بیر) کە بێ گومان سوودێکی گەورە لەو سیستمە دەبینێت کـە لە زمـاندا دەنوێنرێت، بەڵام بیـروبۆچوونی بەرهەڵسـتکاران بریتـیـیـە لە بیـردۆزەکـانی (هردر) و (هەمـبـولت) و هی تریش لە ئەوروپا و (سـاپیـر) لە ئەمـەریکا، کـە دەڵێت: زمـان کـاریگەرییـەکی گـەورەی لەسەر ئەو ڕێگەیە هەیە کە هەمـوو ئەندامەکـانی کۆمەڵ بیـری پێ دەکـەنەوە و بەو زمـانە قـسـە دەکـەن، کـە لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵێکی تر جیاوازە و بە زمـانێکی تر قـسـە دەکـەن، بەڵام ئەمـانە هەمـوویان بەڕاشکاوی بیروڕاکانیان لە جۆری پێوەندی نێوان زمان و بیـر ڕوون نەکـردووەتەوە، بەڵام خـاوەنی تیـۆری ڕوون سـەبارەت بەو پێـوەندییـە (بنیـامین لی وۆف) ی ئەمریکییە، کە قوتابی (ساپیر)ە و لێکۆڵینەوەکەی بۆ زمـانەکـانی هیـندیـیـە سـوورەکـان لە ئەمـەریکا و بەراوردکـردنیـان لەگـەڵ زمـانەکـانی ئەورووپای تازە بە تیـۆرییـەکی، یان گـریمانەیەکی نـاسـراو بەناوی خـۆیەوە (Whorf Hypothesis) دەرکـەوت و دەڵێت: بنیـادی زمـانی، یان لێکدانی زمـانی، ئەوەیە کـە بیـر دیاری دەکات و بەسەریدا زاڵ دەبێت، زاڵبوونێکی تەواو، لەبەر ئەمـە زانیـاری مـرۆڤ لە بارەی جیـهـان و ئەزمـوونیـان و تێـڕوانینیـان و هەڵوێسـتـیـان لە بارەیەوە جیـاوازە، بە جیـاوازی ئەو زمانانەی قسەی پێ دەکەن، واتا جیـهان بەو شێوەیەی هەندێ کەس دەیبینێ جیاوازە لەو جیهانەی کە هەندێکی تر دەیبینێ، ئەگەر هاتو هەردوو کۆمەڵەکان و کۆمەڵبووان بە زمانێکی جیاواز قسە بکەن.

خـاوەنی تیـۆرەکـە نموونەی زۆری لەسـەر بنیـادی کردارەکان هێناوەتەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی لە زمانی هیـندییـە سـوورەکـان کـە ناوی (Hopi)یان لێ ناوە و لەگەڵ بنیادی کرداری زمانی ئینگلیزی بەراوردی کرد و گـەیشـتـە ئەوەی کـە تێـڕوانینی هەردوو کـۆمـەڵەکـە بۆ (کات) بۆ نموونە جیـاوازترە لە کۆمەڵەکەی تر. لەوانەیە ڕوونتـرین نموونە کـە (وۆف) لەمـەڕ کـاریگەری (زمـان) لەسـەر (بیـر) دابێـتی، ئەوەیە کە لە واقیـعی کـارەکـەی وەک بەرپرسیارێک لەیەکێ لە کۆمپانییەکانی دابینکردن (تأمین) لە کـاتی گـەڕانی بەدوای هۆیەکـانی سـووتان بە دەسـتـەوە داوە. لەوێدا بینی کـرێکارەکـان بە بێ گـوێ پێدان مامەڵەیان لەگەڵ بەرمیلە بەتاڵەکان دەکرد، بەڵام بە ئاگادارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بەرمیلە پڕەکان دەکرد. بەمەش ئەو کرێکارانە ئەو واقیعە بە ئازارەیان پشتگوێ خستبوو کە هەندێ لە بەرمیلەکان بەڕاستی پڕبوون، بەڵام پڕ نەبـوون لە نەوت، بەڵکو هەڵم و ئەو غـــازانەیان تێـدابوو، کـاتێ نەوتەکـەیان لێ بەتاڵ دەکـرێت. بەڕای (وۆف) تاوان لێـرەدا و لەم حـاڵەتەدا دەکـەوێتـە سـەر وشەی (بەتاڵ)، واتا سەر زمـان، چونکە ئەو کارەی کرد بەم شێوەیە بجووڵێتەوە.

ئەم تیـۆرەش لە کـۆتاییـدا واتای ئەوە دەگـەیەنێت، کـە (بیـر) بێ (زمـان) بوونی نییـە، بەمـەش لەگـەڵ تیۆرەکەی پێـشـوو دەگـونجـێت، بەڵام ئەم تیـۆرە، یان ئەو شـێـوازە توندڕەوەی ئەم تیـــۆرە، بەرانبــەر هەڵسـەنگاندن و ئەزموونکاری جێگیر نەبوو.

وەک ڕوونە لێـرەدا (بیـر) هەیە بێ زمـان، بە بەڵگەی وەدەسـتـهـێنانی بەرهەمی هونەری لە وێنەکـێـشـان و داتاشین و وێنەگرتن و مۆسیقا، بێ ئەوەی پێویستی بە زمـان هەبێت. هەروەها هەندێ زانسـتی وەک بیرکـاری و مـەنتیـقی هێمایی، بۆ نموونە لەم کاتەدا بەهەندێ هێماوە بەندە، پێوەندی بەو زمانەوە نییـە، کە بەکاری دەهێنێت، بەڵام تەنانـەت ئەگـەر بێـتـو لەم کـارانەش بدوێین، پێـویسـتـیـمـان بە زمـان دەبێت، ناتوانین لەم باروساتەدا

وازی لێ بێنین. سەرەڕای ئەوەی ڕوونە، کە زمان کاریگەری لەسەر ئەو ڕێگەیە هەیە کە تاک بەکاری دێنێت و بەزمانێکی دیاریکراو قسەی پێ دەکات، بەڵام ئەو پێوەندییەی نێوانیان زۆر ڕوون نییە، وەک ئەوەی کە (بیر) یەکەم جار دروست دەبێ، پاشان ئەو زمانەی کە دەریدەبڕێت، یان بە پێچەوانەوە وا باشترە بوترێت، (زمان) و (بیر) هەردووکیان تاڕادەیەکی زۆر پشت بەیەکتر دەبەستن، چونکە ئێمە ناتوانین دوورتر لە توانایی زمانی بیر بکەینەوە، هەروەها ناتوانین بدوێین ئەگەر بێتو بیری لێ نەکەینەوە.

## ٤ - زمان و ژیار

تیۆرەکانی پێشوو کە پێوەندبوو بە پێوەندی نێوان زمان و بیر، تایبەت نییە بە کەس و ڕێگەی بیرکردنەوەی و تێڕوانینی بۆ جیهان، بەڵکو پەل دەهاوێت و بریتی دەبێت لە ژیارێکی تەواو.

زۆر لە ڕووناکبیران هەوڵیان دا سروشتی پێکهاتەی وشەسازی و ڕستەسازی هەر زمانێک و ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەو زمانەی کە ئەو کۆمەڵە قسەی پێدەکات پێکەوە ببەستنەوە. ئەو پێکهاتەیەیان بەستەوە، یان ئەو بنیادەی نێوان فەلسەفە و دیاردە و بیرکردنەوەکانی تری ئەو کۆمەڵە بەرهەمی هێناوە و بەرهەمی دەهێنێت. نموونەش بۆ ئەمە، هەوڵی لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی-یان دا لەسەر بنچینەیی سروشتی تایبەتی بنیادی زمانی ئەڵمانی، هەروەها وتیان ئەو زمانەی کە دیارخەر و دیارخراوی بەدووی یەکتردا دێت، وەک زمانی فەرەنسی و زمانی عەرەبی و... تاد، بۆ نموونە ئاماژەکردنە بۆ کۆمەڵێک لەسەر ڕێگەی بیرکردنەوەی هەڵهێنجان (استنتاجیە - deductive) ڕاهاتبێت، بەڵام ئەو زمانەی کە دیارخەر پێش ناوی دیارخراو دەخات بۆ نموونە، وەک زمانی ئینگلیزی ئاماژەیە بۆ قسەکەرانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیەی، کە بە ڕێگەی پێوانەیی (استقرائیە - inductive) بیر دەکەنەوە.

هەروەها وتیان ئەو زمانەی لە ڕووی ڕوودان و بکەر و شتەکان، بۆ نموونە وەک ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوودەدات، لەهەندێ زمانی وەک زمانەکانی هندییە سوورەکان، ئەو کۆمەڵەیەی بەم شێوەیە قسە دەکەن کۆمەڵێکە باوەڕ بە چارەنووس(قدر) دەکەن واتا، هۆی هەر شتێک، کە ڕوودەدات بۆ چارەنووس دەگەڕێننەوە، بێ ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن و هۆ و هۆکارەکانی بدەن، تەنانەت هەندێ لەوانە دەڵێن، ئەوەی لە بنیادی کردارەکانی ئەو زمانەی قسەی پێ دەکات، هیچ شتێک نەبێت، کە ئاماژە بێت بۆ کات، کۆمەڵێکە هیچ بایەخێک بەکات نادات، هەر کۆمەڵێکیش لە زمانەکەیدا زاراوەی دیاریکراوی تایبەتی بە کردە مەنتیقییەکانی تێدا نەبێت، کۆمەڵێکە ناتوانێت هەست بە بیرکردنەوەی مەنتیقی، یان بیرکردنەوەی زانستی ئاڵۆز بکات. ئەمەش هەمان حاڵەتە سەبارەت بە پێوەندی زمان بە بیرکردنەوەی تاکەوە... وتمان پێوەندییەکی بەرانبەرییە واتا زمان و بیر هەردووکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان کار لە یەکتر دەکەن، کەواتە پێوەندی نێوان زمان و ژیاری کۆمەڵیش وەک ئەو پێوەندییەیە.

ئەو ئەزموون و توێژینەوانەی تا ئێستا لەسەر ئەو پێوەندییانە دەکرێن، ئەوەیان نیشان داوە، زمان ناتوانێ دەست بەسەر هیچ دیاردەیەک لە دیاردەکانی ژیاریدا بگرێت، هەروەها ئەو وتەیەی پووچەڵ کردەوە، کە دەڵێت: جۆری زمان شیکردنەوەیی بێت، یان پێوەنووساو، یان تاکایەتی، یان لێکدراوی، ئەوانە جۆری ژیار دیاری دەکەن، کە کۆمەڵێکی تێدا دەژین، بەڵکو زانراو ئەوەیە ئەو کۆمەڵانەی بەهەمان جۆری زمان قسە دەکەن، وەک تورک و هیندی سوور، بۆ نموونە زمانی پێوەنووساو بەکاردەهێنن، سەر بە ژیاری زۆر جیاوازن ئەمەش بەسەر زمانەکانی تریشدا جێبەجێ دەبێت، وەک لاتینی و عەرەبی، کە بە زمانی داڕشتن ناسراون.

هەروەها ئەو کۆمەڵانەی قسە بەزمانی جیاواز دەکەن، دەشێت لە هەمان ژیاردا بەشداری بکەن، هەر وەک ئەوەی لە ژیاری عەرەبی ئیسلامی ڕووی دا، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. دەکرێت ئەو کۆمەڵانەی سەر بە ژیاری جیاوازن، یەک زمان بەکاربێنن، بۆ نموونە وەک ئەوەی ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوودەدات، هەموو ئەم حاڵەتانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هەڵە ئەوەیە نموونەی تاکایەتی زمانێک لە زمانێکی تری جیاواز بەکاربێت، بۆ گشتاندن (تعمیم) لەسەر زمان و ژیار و پێوەندی نێوانیان، بۆ پێ وتن بەوەی زمانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، دەتوانێت ئەو چوارچێوەیە بکێشێت کە هیچ کۆمەڵێک ناتوانێت جیهانی پێ ببینێت تەنیا لە نێوانیاندا نەبێت، هەروەها ڕێژەیەکی زۆری ڕووناکبیرانی، وەک (ئەلفرێد کۆرزسکی ١٨٧٩ -

١٩٥٠) لەسەدەی ئێستادا ئەوەیان دەوت: «نەخشە، هەموو قوژبنێکی زەوی نانوێنێت» بەواتای: هەموو شتێ کە لە جیهاندا هەیە لە شت و ئەو ڕووداوانەی تێیدایە، زمان ناتوانێ بینوێنێت.

(ساپیر) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی زمانناسی تازە، لەم سەدەیەدا یەکێکە لە گەورە لایەنگرانی ئەو تیۆرەی دەڵێت: زمان وا لە کۆمەڵێک دەکات بجوولێتەوە و بیر بکاتەوە بەو ڕێگەیەی کە پێی دەجوولێتەوە و بیری پێ دەکاتەوە، ئەو کۆمەڵەش ناتوانێ ئەو جیهانە ببینێت تەنیا لە ڕێی زمانەکەیەوە نەبێت، ئەو زمانەش بە وشەکانی پێکهاتەی ڕستە دیاری کراوەکانی لە خودی خۆیدا دیاریکراوە و بۆ جیهان و ژیان لە تێڕوانینی کۆمەڵ دەدوێت، بۆ نموونە لە یەکێک لە بۆنەکان بەڕاشکاوی، دەڵێت:

«مرۆڤ تەنیا لە جیهانی ماددیدا ناژیت، هەروەها تەنیا لە جیهانی چالاکی کۆمەڵایەتی بەچەمکە سادەکەیەوە ناژیت، بەڵام لە واقیعدا کەوتوونەتە ژێر سۆزداری ئەو زمانە دیارەوە کە کردوویانەتە هۆ بۆ لەیەکتر گەیشتن لە کۆمەڵەکەیاندا، ئەوەی ڕاستی بێت جیهانی ڕاستەقینە تاڕادەیەکی گەورە لەسەر دابونەریتی زمانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بنیادنراوە، هەروەها لە جیهاندا دوو زمان نییە زۆر لە یەکتر بچن تا پلەیەک هەمان واقیعی کۆمەڵایەتی بنوێنێت، ئەم جیهانەی کە کۆمەڵانی جیاوازی تێدا دەژیت، جیهانی جیاوازە، نەک یەک جیهان کە ناوی جیاوازی لێ دەنێین».

(بنیامین وۆف)مان بینی لە خودی ڕای مامۆستاکەی خۆی (ساپیر)، بەڵکو لەویش ڕوونتر بوو سەبارەت بەهەمان ئەو تیۆرەی، کە باوەڕی پێ بوو و دەیوت: «مرۆڤ دیلی زمانەکەیەتی»، دوای لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ بۆ باسەکە ئەوە بە دەست کەوت:

«زمان هۆ نییە تەنیا بۆ دەربڕین لە بیرەکان، بەڵکو ئەمە لە خودی خۆیدا ئەو بیرانە پێکدێنێت...ئێمە سروشت (یان جیهان) بە پێی ئەو هێڵانە دابەش دەکەین کە زمانە نەتەوەییەکەمان دەیکێشێت». لێکۆڵینەوە و ئەزموونی زۆر کراوە و تاقیکراوەتەوە، هەندێکیان جەخت دەکەنەوە، هەندێکیان دژی زاڵبوونی زمانن بەسەر ژیاری و ڕێگەی بیرکردنەوەی کۆمەڵ دەوەستێت. هەروەها هیچ لەوانە نەیانتوانی تیۆرەکە، یان سڕینەوەی یەکجارەکی بەشێوەیەک دووپات بکەنەوە کە هیچ بوار بۆ گومانکردن نەهێڵێتەوە.

ئێستا ڕای باو ئەوەیە، کە تیۆرە توندڕەوەکە ڕەوشتی تاک و بیرکردنەوەی و ڕەوشتی کۆمەڵ و بیرکردنەوەی بۆ هۆی زمان دەگەڕێنێتەوە، ئەوەیە کە قسەی پێ دەکرێت چ لە لایەن ئەو وشانەی کە لێی پێکدێت، یان پێکهێنەرە زمانییەکەی کە تایبەتە پێی. واقیعیش ئەوەیە زمانی هەر کۆمەڵێک لە باری ئێستایدا بەهەر ڕێگەیەک یارمەتی تاک و کۆمەڵ لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانییان بۆ جیهان دەدات، یارمەتیش نادات، بەڵام ناڕەزایی نییە لە بیرکردنەوە و جموجووڵ بە ڕێگەیەک، یان بە ڕێگەیەکی تر بە واتای زمان لەهەر کاتێکدا بێت، ڕەنگدانەوەی بایەخی ئەو کۆمەڵەیە کە پێی دەدوێن، ئەمەش پێویستییەکانی کۆمەڵ و بایەخەکانی بە شێوەیەکی باش پڕدەکاتەوە، ئەگەر هاتو کۆمەڵ لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر گوێزرایەوە، وەک ئەوەی نەخوێندەواربێت و بیەوێت فێری خوێندن بێت، یان کۆمەڵێکی کشتوکاڵی بێت و بیەوێت ببێتە کۆمەڵێکی پیشەسازی، یان کۆمەڵێکی دابڕاو بێت و ئاسۆی گەیاندنی بە کۆمەڵی لە پێشتر بکرێتەوە، لەم حاڵەتەدا زمان لە پێش ئەم گواستنەوەیە نابێتە بەربەست، بەڵکو لە هەموو زمانێکدا توانایی پەرەسەندن و گۆڕان هەیە کە لەگەڵ پێویستی و بایەخەکانی کۆمەڵی تازەدا دەڕوات. لەبەر ئەوە باشتر وایە بڕوانینە زمان کە دەتوانێت ئاراستەی تاک بکات بۆ تێڕوانینی جیهان و بیرکردنەوە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو کە تاکەکانی هەمان کۆمەڵ تێیدا وەک یەکن و بەهەمان زمان قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێ لەسەر ئەوە داناگرێت، کە هەر زمان بڕیاری، یان دەستنیشانی ڕێگەی بیرکردنەوە، یان ڕێگەی ڕەوشتیی بۆ تاک، یان بۆ کۆمەڵ دەدات.

هەروەها هەڵەیەکی زەقیشە بوترێت زمانێکی سەرەتایی دواکەوتوو و زمانێکی هاوچەرخی پێشکەوتوو هەیە، ئەگەر بێتو سەیری بواری وشەکان (زاراوەکان) بکەین دەبینین پێویستی کۆمەڵێکی دیاریکراو، جۆری وشەکانی (زاراوەکان) لە زماندا و ژمارەیان لە توانیندا هەیە بڕیاری لەسەر بدات.

لەوانەیە کۆی ژمارەی ئەو وشانەی لە زمانی ئەو کۆمەڵانەی قسەی پێ دەکەن و بە پێشکەوتوو ناوی دەبەین، زۆرترە لە وشەی زمانی ئەو کۆمەڵە سەرەتاییانەی قسەی پێ دەکەن، بەڵام جۆری وشەکان

(زاراوەکان) لەگەڵ ئەم قسانەدا ناڕوات، چونکە ژمارەی ئەو زاراوانەی کە بۆ ناوی (بەفر)ی جۆراوجۆر لە زمانی ئەسکیمۆدا بەکاردێت، زۆرترە لەهەر زمانێکی تازەتر. ئەمەش بەهەمان شێوەیە لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە بۆ ئەو ئاژەڵانەی بەچوار پێ دەڕۆن لە زمانی (ماسای) لە ئەفریقیا، یان ئەو بیست زاراوەیەی کە بۆ ناوی داری (ئورز) لە فیلیپین، یان سەدان وشەی جۆربەجۆر بۆ ناوی (حوشتر) لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێن، بەڵام لە لایەن ڕێگەی دروستبوونی وشە و ڕستە لە زمانە جیاوازەکاندا، کە هەندێکیمان دیاری کرد، لە واقیعدا هەندێ لەو ڕێگایانە یارمەتی تاک و کۆمەڵ لە دەربڕین سەبارەت بە بیرەکان و ڕووداوە جیاوازەکان دەدات، کەچی هەندێکی تریان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بایەخ بەوە نادەن، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە هیچ زمانێک ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ هەڵگری هەموو واتاکان بێت، کە تاک و کۆمەڵ دەیانەوێت دەریببڕن. هەروەها یاسای گۆڕان و پەرەسەندن کە لە هەموو زمانەکاندا دەیبینین، کاری خۆی بەشێوەیەکی بەردەوام ئەنجام دەدات، هەر زمانێک دەتوانێت هەموو شتێک دەرببڕێت و هەڵ بگرێت کە کۆمەڵ پێویستی پێی دەبێت.

**٥ - زمان و تاک**

گومانی تێدا نییە زمانی کەسێ لە کەسەکان، کە قسەی پێ دەکات، یەکێکە لەو تایبەتییە گرنگانەی خودی خۆی، خودی سروشتی دەنگ،جۆری ئەو کەسە دیاری دەکات، منداڵ بێت، یان گەورە، نێر بێت، یان مێ، گەنج بێت، یان پیر... تاد. نەک هەر ئەمە، بەڵکو سروشتی دەنگ لەگەڵ ئەوەشدا، بێجگە لە ڕەگەزی تر، مرۆڤێک لە مرۆڤێکی تر جیادەکاتەوە و ئاماژەش بۆ کێیەتی مرۆڤ و دیاریکردنی دەکات سەبارەت بەوانەی دەیانناسن. لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی دەنگەکان لە زۆر کاتدا دەتوانێت هەڵوێستی خەڵکانی تر دیاری بکات، سەبارەت بە خاوەنی ئەو دەنگانەوە کە هەندێ دەنگ هەیە خۆشە و سەرنج ڕاکێشە، هەندێ دەنگیش ناخۆش و دڵگیر نییە، هەندێ دەنگی تریش دەبێتە گاڵتەجاڕی خەڵکی تر، هەندێکی تر لە دەنگەکان دەبێتە جێگەی ڕێز و شانازی و خۆشی.

زۆر جار دەنگەکە بەتەنیا دەتوانێت وامان لێ بکات، کە جۆرە ڕەوشتێکی دیاریکراو بە ئەنجام بگەیەنین، وەک دەنگی ئەو کچەی خۆشمان دەوێت، یان ئەو کوڕەی چاوەڕێی هاتنی دەکەین، یان ئەو سەرۆکەی لێی دەترسین، یان ئەو هاوڕێیەی ئارەزووی بینینی دەکەین. گشت ئەم دەنگانە پاڵمان پێوەدەنێت بۆ ڕەوشتێک کە کەمێک، یان زۆر لەوانی تر جیاوازترە. ئەمە سەبارەت بە سروشتی دەنگەکان، کە لەگەڵمان دەژێت و لە ڕێی بایۆلۆژییەوە لە کاتی خەوتنماندا پەرەدەسێنێت، بەڵام لە زمانی گشت کەسێکدا ڕەگەزی جیاواز لەگەڵ زمانی کەسانی تردا هەیە، تاوای لێ دێت بتوانین بڵێین، هەموو کەسێک لە کۆمەڵێکی زمانەوانی،زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە زمانی گشت کەسێکدا تایبەتی تێدایە کە ئاماژە بە شوێنی کۆمەڵایەتی، یان بەلای کەمەوە ئاماژە بۆ ئەو پارچەیە، یان هەمان چینی کۆمەڵایەتی دەکات کە ئەو یەکێکە لێی. هەروەها لەوانەیە ئەوەی تێدابێت، ئاماژە بێت بۆ بواری ئەو پیشەیەی ئەو دەیزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی هەمووماندا دەستەواژە هەیە بە شێوەیەکی دەوریی ڕێک دووبارە دەبێتەوە، کە ئاماژەیە بۆ ناسنامەمان، وەک وتەی یەکێک کە دەیناسین: «گوێم لێیە، تێگەیشتم، زانیم؟» لەگەڵ چەند بڕگەیەکدا، یان دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی یەکێ لە ئێمە، وەک: «ئاگات لە خۆیە؟ لەگەڵ من بە؟ دەزانیت، نازانم چی، دوایی»، یان دەستەواژەی دیاریکراوی تر بۆ دەستنیشان کردنی ناسنامەی هەر یەک لە ئێمە. هەروەها ڕێگەی قسەی هەر یەک لە ئێمە جیاوازە لەوانی تر، هەندێکمان زۆر خێرا قسە دەکات، هەندێکی تر لەسەرخۆ و هەندێکی تریش مامناوەندی. هەندێکمان گشت دوو ڕستە جارێک، یان سێ ڕستە کۆخەیەکی بۆ دەکەین، یان لە وشەکانیدا زۆر جار دووداڵ دەبێت، یان سەر زمان دەگرێت، یان لە هەندێ لە دەنگەکان بە شێوەیەکی جوان لە هەندێ لە دەنگەکان قسەی بۆ ناکرێت... تاد.

لەو تایبەتمەندییە تاکییانەی کە دەیکات هەر یەک لە ئێمە دەنگی هاوڕێکەمان، یان یەکێ لە خزمەکانمان کاتێ گوێمان لێ دەبێت بینیبێتمان، یان نەمانبینیبێت بناسینەوە. سەرەڕای ئەمانە، ئەم خەسڵەتە جیاوازانەی زمانی کەسان، واناکات بیکاتە زمانێکی تایبەتی، کە کەسانی تر لێی تێنەگەن، بەڵام لە ڕاستیدا قسەی ئەو کەسە لە قسەی خەڵکانی تر جیاوازە، هاوبەشە لە کەسانی تر، لە هەمان خەسڵەتی گشتی کە زمانی ئەو

کۆمەڵەیەی تێیدا دەژیت جیادەکاتەوە و ئەو خەسڵەتانەیە کە لە تاکە شێوەزارەکان دەکات، تەنیا لە بنەڕەتدا لێکچووبێت، کەمێ جیاوازبێت لەو زمانەی کە کۆمەڵ بەهۆیەوە لەیەکتری دەگەن. ئەگەر بێتو لایەنە لێکچووەکان لە لایەنە جیاوازەکان زۆرتر نەبوایەن، نەدەتوانرا تێگەیشتن لە نێوان ئەو کەسانەدا، واتا لە نێوان کۆمەڵدا بە ئەنجام بگەیەنرێت.

ئەمانەی لەسەرەوە وتران، واتای ئەوە نییە کە زمان، یان شێوەزاری خەڵکی چەسپیو بێت، سەرەڕای پەرەسەندنی تاک لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جەستەوە، بەڵام پێچەوانەش ڕاستە. تەنانەت خودی سروشتی دەنگ، خۆیشی لەگەڵ پەرەسەندنی جەستە لە منداڵییەوە تا گەنجێتی و تا پیربوون دەگۆڕێت، هەروەها پەرەسەندنی ڕۆشنبیری کەسیی بە شێوەیەکی تایبەتی گۆڕانکاری گەورە دەکات لە وشە و پێکهاتەی ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنێت، بەڵکو لەسەر گۆکردنی پیتەکان و ڕێگەی وتنی ڕستەکان، هەروەها گۆڕانی بنکەی کۆمەڵایەتی کەس، دەبێتە گۆڕانی ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنێت.

**٦ - زمان و شێوەزار**

تاک ئەندامێکە لە چەندان کۆمەڵە، لە کۆمەڵە گەورەکەی. ئەندامە لە خێزانەکەی خۆی و ئەندامە لەو کۆمەڵە زیندووەی لێی دەژێت. هەروەها ئەندامە لە کۆمەڵی گوند، یان ئەو شارەی تێیدا نیشتەجێ بووە و ئەندامە لەو وڵاتەی ناسنامەکەی هەڵدەگرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەندامە لە کۆمەڵێکی ئایینی، کە لەوانەیە زۆرینەی خەڵکەکەی، یان کەمینەیەکی گەورە، یان بچووکی بگرێتەوە، هەروەها ئەندامە لە چینێکی ڕۆشنبیری دیار، ئەگەر بێتو نەخوێندەوار بێت، یان ڕۆشنبیرییەکی مامناوەندی هەبێت، یان بەرز. هەروەها ئەندامە لە پیشەکەیدا بە پێی ئەو کارەی هەیەتی، جا چ دادوەربێت،یان پارێزەر، یان پزیشک، یان بازرگان، یان مامۆستا...تاد. هەروەها بە ئارەزووی خۆی، دەبێت ئەندام بێت لە سەندیکایەکی پیشەیی، یان سەنتەرێکی ڕۆشنبیری، یان سیاسی، یان یانەیەکی تایبەت، یان ڕێکخستنێکی ئایینی، یان نهێنی...تاد.

تاکیش بەم خەسڵەتانەی هەیەتی کار دەکاتە سەر ئەو زمانەی، کە خەڵکی لەناو کۆمەڵی بچووک و گەورەدا قسەی پێدەکەن، هەروەها کار دەکاتە سەر ئەو زمانە باوەی لەو کۆمەڵەدا لە لایەن زمانەکەی و شێوەزارە تایبەتییەکەیەوە هەیە.

ڕاستە زمانی هەریەک لەو کۆمەڵانە لە ڕاستیدا ئاکامی زمانی ئەو کەسانەیە، کە سەر بەون، بەڵام تاک لە بەکارهێنانی ئەو زمانەی دەیەوێت،سەربەست نییە، چونکە ئەو یەکێکە لە ژمارەیەکی بچووک، یان گەورەی خەڵکی، هەریەکێ لەوان بە زمانێکی تایبەتی جیاواز لەوانی تر قسە دەکەن، بەڵام هەموویان تاڕادەیەکی زۆر بە زمانی مامناوەندی هاوبەشی نێوان کەسانی گشت ئەو کۆمەڵانە پابەندن. لە ئاکامی ئەمەشدا تێکەڵاوی لە نێوان کەس و کۆمەڵە جیاوازەکان دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری زمان، یان شێوەزار، کە هەریەکەیان لەو کۆمەڵە بچووکانە لەیەکتر جیادەکاتەوە، کە هەندێ جیاوازە لە شێوەزاری کۆمەڵی بچووکی بەرانبەری تر لەوانە و لەگەڵ شێوەزاری کۆمەڵی گەورە کە لێی پێکدێت.

ئەمەیە باری سروشتی لە یەک کۆمەڵدا لە حاڵەتی ئاسایی سەرهەڵدەدات، کە بوومەلەرزە و جەنگ و داگیرکردن و کۆچی بەکۆمەڵی تێدا نەبێت. لە باری سروشتی وەک ئەمەدا بۆ یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو شێوەزارێکی تایبەتی دروست دەبێت و پێی دەناسرێت و لە یەکە سیاسییەکانی تری جیادەکاتەوە، بەمەرجێ ئەگەر بێتو ئەو یەکانە هەمان زمان بەکاربێنن، وەک ئەو حاڵەتەی لە وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکاندا ئێستا هەیە.

لەوانەیە کار بگاتە ئەوەی ئەو شێوەزارە، هەریەک لەوانە لە لایەن هەندێ خەسڵەتی دیاریکراو سەربەخۆیەتی پەیدا بکات، کە جیاوازییەکی گەورەی لە خەسڵەتی شێوەزارەکانی تر هەبێت و تێگەیشتنی لەوانەیە ئاسان نەبێت لەوانەی قسەی پێ ناکەن، بە پێی کات وای لێدێت ببێتە زمانێکی سەربەخۆ نەک هەر بۆ کاری ژیان بەتەنیا تەنانەت بۆ ئەدەب و زانست و یاسا و پەیماننامە و بەڵگەنامە و...تاد پێی بنووسرێت. دووریشی لە شێوەزاری وڵاتی هاوشان دوور دەکەوێتەوە و ئەویش بەهەمان شێوە دەبێتە زمانێکی تایبەتی، ئەمەش لە زۆربەی کونوقوژبنی جیهاندا ڕووی داوە کە ئەمە ئاراستەیەکی بڵاوە لە گۆڕانی زمانی تایبەتی، بە تایبەتی لەژێرباری خەم نەخواردنی یەک سیاسەتی، یان فاکتەری کۆمەڵایەتی، یان ئایینی تر، کە بۆ یەکخستن نەک بۆ بەتاڵکردن کار دەکات، هەروەها لەژێر بزربوونی

هۆیەکانی گەیاندنی جەماوەری، کە دەتوانرێت وەک گرنگترین ڕەگەزەکانی یەکخستنی زمانەوانی بەکاربێت.

سەبارەت بە زمانی عەرەبی کۆن شێوەزاری زۆری لێ بۆتەوە، هەریەکە لەوانە پێش پەیدابوونی ئیسلام بووە بە زمانێکی تایبەتی، تا ئێستا دوو زمان لەوانە ماون و دەژین، وەک زمانی عەرەبی و عیبری. لە زمانی لاتینیش پێنج شێوەزار دروست بوو، کە زمانی ئیتالی و فەرەنسی و ئیسپانی و پورتوگالی و ڕۆمانی ئێستان و زمانی جەرمانییەی دایک حەوت شێوەزاری لێکەوتەوە، کە ئێستا زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و دانیمارکی و نەرویژی و سویدی و ئایسلەندییان پێ دەڵێن.

هەروەها نموونەی وەک شێوەزارەکانی عەرەبی تازەیە، کە هەندێکیان لە نێوان خەڵکی عەرەبدا ڕوون نین، ئەگەر بێتو بوونی زمانی قورئانی پیرۆز نەبێت،کە ڕەگەزی یەکگرتووی هەرە بەهێزی زمانی عەرەبە، ئێستا هەریەک لەو شێوەزارانە دەبوونە زمانێکی سەربەخۆ، وەک لە نموونەکانی سەرەوەدا ڕوون کرایەوە. لە کاتی ئێستادا هەوڵ دەدەین،لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و فێربوون و ڕێگای هۆیەکانی گەیاندنی جەماوەری و هی ترەوە، جۆرە نزیکییەک بخەینە نێوانیان.

زانایانی خۆرئاوا لەسەدەی ڕابردووەوە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی مێژوویی داوە و گەیشتوونەتە کۆکردنەوەی زۆربەی زمانە جیهانییە ناسراوەکان لە ژێر خێزانی زمانەوانیدا، هەروەها بایەخیان بە شێوەزارە تازەکان و دەستنیشان کردنی خەسڵەتەکانی و دابەشبوونی جوگرافیدا لە یەک وڵاتدا داوە، هەروەها ئەتڵەسی زمانەوانییان ئامادەکرد، کە ئەو سیفەتانە و ئەو دابەشبوونە دیاری دەکات، ئێمەش کەمتەرخەمیمان لەم بوارەدا هەیە، جا چ ئەوەی پێوەندی بە لێکۆڵینەوەی شێوەزاری عەرەبی کۆن، کە لە دوورگەی عەرەبی پێش پەیدابوونی ئیسلام و پاش پەیدابوونی باوبوو، کە عەرەبەکان لەگەڵ خۆیان بۆ ئەو وڵاتانەیان برد کە ویستیان ئایینی ئیسلامییان تێدا بلاوبکەنەوە، یان ئەوەی پێوەندی بە لێکۆڵینەوەی شێوەزاری عەرەبی تازەوە هەیە بەوەی کە ئەو شێوەزارانە جۆرە شێواندنێکە بۆ زمانی عەرەبی پەتی، لەبەر ئەوە شایەنی لێکۆڵینەوە نییە.

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە کارێکی زۆر گرانە و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە، بە تایبەتی کە چەمکی خودی شێوەزار زۆر ڕوون نییە، بۆیە تا چ ڕادەیەک پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو شێوەی جیاوازی یەک زمان بگاتە ئەوەی هەریەکەیان بە زمانێکی سەربەخۆ بژمێردرێت؟ لێرەدا وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە نییە. ئایا تێگەیشتنێکی دوولایەنی بکەینە پێوانە بۆ دانانی دوو شێوە جیاوازەکە بەیەک زمان؟ ئەگەر ئەمە بکەین ڕووبەڕووی چەند گیروگرفتێک دەبینەوە. بۆ نموونە دانیمارکییەکان لە زمانی نەرویژی تێدەگەن و دەتوانن لەگەڵ نەرویژییەکان قسەی پێ بکەن، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنرێن. هەروەها ئەوانەی بە زمانی هیندی قسە دەکەن دەتوانن لەگەڵ قسەپێکراوانی (ئۆردو) تێ بگەن و لەگەڵ ئەوەشدا، کە هیندی زمانێکی فەرمی هیندییە، بەڵام ئۆردو زمانی فەرمی پاکستانییە و هەریەک لەو دوو زمانەش زمانێکی سەربەخۆیە، ئەمەش تاڕادەیەک لەسەر زمانی ئیسپانی و پورتوگالی و ئەڵمانی و هۆڵەندی جێبەجێ دەبێت.

توێژەران لە کاتی ئێستادا، ئاراستەی ڕوویان دەکەنە ئەوەی، زمان بە قەوارەی سیاسییەوە بەندە، ئەمەش لەسەر ئەو سێ بارەی زمانی دانیمارک و نەرویژ و سوید جێبەجێ دەبێت بۆ نموونە هەیانە، چونکە لە لای خەڵکانی ئەو سێ وڵاتە، ئەو سێ زمانە لێکچووە لەیەکتری دەگەن. بەڵام زمانی چینی لە ڕاستیدا یەک زمان نییە، بەڵکو شەش زمانە و قسە پێکەری هەر زمانێک لەوەی تر تێناگات. زمانی ئینگلیزیش ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لە یەکە سیاسییە سەربەخۆیەکانی وەک مەملەکەتی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوسترالیا و نیوزیلەندا و هی تریش قسەی پێدەکەن.

ئەم هەموو شێوە جیاوازە بە زمانێکی سەربەخۆ ناژمێردرێن، بەڵکو یەکێکن لە شێوەزارەکانی زمانی دایک. هەرچۆنێک بێت، ئەم گیروگرفتانە لە بەرانبەر توێژەرانی زمانەوانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی گەورە لە ئەوروپا و ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێگر نەبوونە. سەرەڕای ئەوەش ئاراستەی ئەم توێژینەوەیە تووشی ڕەخنەبووە، لەبەر چەند هۆیەکیش توێژەران دەیانەوێت لێی دووربکەونەوە، لەوانە:

جۆری وەک ئەم توێژینەوەیە پێویستە لەو شێوەزارانەدا

چەسپاوبێت، کە جیاوازییەکانی لە شێوەزاری ناوەندی دانپێدانراوی فەرمی دیاری کراوە، هەروەها سنووری دابەشبوونی لەسەر نەخشە وێنە کێشراوە، لێرەدا هۆکار زۆرە،یارمەتی ڕوودانی گۆڕان و پەرەسەندن لەو شێوەزارانەدا و چوونە ناویەکیان دەدات، کە کار پێویستی بە وێنەکێشانی نەخشەی تازەی گشت چەند ساڵێک دەبێت. هۆیەکی تر پێوەندە بە ڕێگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردنیان و جۆری ئەو نموونانەی کە توێژەران هەڵیدەبژێرن و ئایا لەو ناوچە دیاریکراوەدا نوێنەری ئەو کۆمەڵە خەڵکەن؟ بۆ لە وەرگرتنی نموونەکان ڕۆشنبیران وەک نموونە...تاد وەرناگرن.

هۆی سێیەمیش ئەوەیە ئەم جۆرە توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات، ئەو خەڵکانەی ناوچەکەی لێ پێکدێت بە زمانێکی لێکچوو قسە دەکەن، بەڵام لە واقیعدا هەریەک لەوانە بە شێوەیەکی جیاواز لەوانی تر قسە دەکەن، هەروەها هەندێ چینی کۆمەڵایەتی، شێوەزارەکانیان لێکچووە،لەوانەیە لە ناو یەک ناوچەی جوگرافی جیاواز بەهۆی سروشتی کارەکانیان، یان سەر بەچینەتییە جیاوازەکانیان هەیە. لەبەر ئەوە زمانەوانە هاوچەرخەکان پرسیار لە چەندێتی سوودی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەکەن، ئایا جۆرێکی تر هەیە، سوودی زۆرتربێت، وەک لێکۆڵینەوەی دابەشبوون و جیاوازی زمانەوانی لەسەر بنەڕەتی کۆمەڵایەتی، کە توێژەران لەم ساڵانەی دواییدا ئاراستەیان دەکرد.

پێش ئەوەی بێینە کۆتایی هێنانی شێوەزار، باشترە ئاماژە بە گرنگی زمانی نەتەوایەتی و شوێنی بکەین. ئەرکی زمانی نەتەوایەتی یەکگرتوو ،کە دەوڵەت هەوڵ دەدات خەڵکانی پێ فێربکات بە ئەرکێکی گرنگ دادەنرێت. بێ گومان زمان ڕابەری ناسنامەی کۆمەڵە و یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ئەگەر بێتو بەگشت ڕەگەزەکانی دانرێت، کە هەوڵی یەکخستنی کۆمەڵ دەدات. لەبەر ئەوە دەوڵەت بڵاوبوونەوەی ئەم زمانە یەکگرتووە لەئەستۆ دەگرێت، ئەگەر هاتو تەنیا لە گفتوگۆ و خوێندنەوە و نووسین و نووسینی فەرمیش بەکاری هێنا، وەک زمانی عەرەبی لەم سەدەیەی ئێستادا، بەڵام دەوری زمانی عەرەبی لە دەوری هەموو زمانە نەتەوایەتییەکانی تر گرنگترە، ئەویش بەوەی نەک خەڵکانی یەک کۆمەڵی یەکەی سیاسی یەکگرتووی شارێک، یان دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکان یەک دەخات، بەڵکو دەتوانێت گشت خەڵکی نەتەوەی عەرەبی یەک بخات.

وابوو بووژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی پاش پاراستنی لە بارودۆخێکی ناهەموار، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە هەندێ کاتدا لەهەوڵی لەناوبردن و نەهێشتنیدا بوون، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی نەتەوەی تازە. بەوێنە هەوڵی بەکارهێنانی زمانی هیندی لەهەموو کون و قوژبنێکی هندستانی سەربەخۆدا ببێتە زمانێکی فەرمی، بڵاوکردنی زمانی عیبری ببێتە زمانێکی فەرمی و گفتوگۆ لە فەڵەستینی داگیرکراو، بەڵام ڕوونترین و باشترین نموونە لەم بارەیەوە پاراستنی گەلانی باکووری ئەفریقیایە سەبارەت بە زمانی عەرەبی، سەرەڕای هەوڵی ئەو سیاسەتمەدارانەی کە هەوڵی نەهێشتنیان دەدا، پاشانیش بووە زمانێکی سەربەخۆی ئەو دەوڵەتانەی کە لەژێر دەستی داگیرکەری ئەورووپا ڕزگاریان بوو.

گەورەترین پلەی بایەخدان و شانازی کردن بە زمانی نەتەوایەتی دەگاتە هەوڵی پاککردنەوەی لە زاراوەی بیانی کە لە زمانی ئەڵمانی ڕووی دا و هەر وەک جێگە ئەکادیمییەکان و کۆڕی زمانەوانی لە وڵاتەکانی جیهان هەوڵی بۆ دەدەن، کە زمانەکانیان لە وشەی بێگانە پاک بکەنەوە.

**سەرچاوە:**

**(اضواء علی الدراسات اللغویة المعاصرة)، د.نایف خرما، سلسلة (عالم المعرفة)، کویت، ١٩٨٧، ل ٢٠٧ - ٢٣٠.**

# میژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## دیدەنی مامۆستا (جەلیل گادانی)

ناوی تەواوی بەڕێزیان (جەلیل ئەحمەد سمایل گادانی)یە و بە (جەلیل گادانی) ناسراوە، بۆ نازناوی (گادانی)ش گوتی: کاتی خۆی پرسیان بە باپیرە گەورەم کردووە و گوتوویانە: گایەکانی جووتمان زۆر لەڕ و لاوازن، چی بکەین باشە؟ لە وەڵامدا گوتبووی: مەگەر نەتانبیستووە پێشینان هەر لە کۆنەوە (گا) و (دان)یان گوتووە، بۆیە بڕۆن دانیان بدەنێ تا بێنەوە سەر حاڵ و بتوانن جووتتان بۆ بکەن. لە درێژەی قسەکانیدا کاک جەلیل گوتی: باپیرە گەورەمان لە ئەسڵدا دانیشتووی ناوچەی (دۆڵەشێخانی مەنگوڕایەتی) بوو، کە جێگەیەکی کوێستان و خۆش و سازگارە. گوتم: مەبەستت مەنگوڕایەتی لای ئێمەیە؟ گوتی: نەخێر مەبەستم هی دیوی خۆمانە، ئەو بەشەی مەنگوڕایەتی ئێوە لە نزیک شاری (قەڵادزە)یە، پاشان باپیرە گەورەمان بۆ (مەهاباد)ێ هاتووە و لەوێ ماونەتەوە، زۆرجاریش داوایان لێکردووم نازناوی (گادانی) بگۆڕم! دەڵێن: ناوی خۆت و نازناوت بە ناوی (ئەرمەنی)یان دەچێت! دەڵێم: بابە وەڵڵا باوک و باپیرانم موسوڵمان بوون، ڕەنگە بۆ خۆم موسوڵمانێکی زۆر باش نەبم، بە هەر حاڵ حەزم لە گۆڕینی ئەو نازناوە نییە، چونکە لە (مەهاباد)ێ بە بنەماڵەی (گادانی) ناسراوین.

* ساڵی چەند و لە چ شوێنێک هاتوونەتە دنیاوە؟

– ساڵی (١٣١٢)ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٣٤)ی زایین لە شاری (مەهاباد) لە دایک بوومە. بۆ ئاستی خوێندنیش گوتی: سەرەتا لە مەهاباد بۆ قوتابخانەی



**جەلیل گادانی**

(پەهلەوی) سەرەتایی چووم، چوار (کلاس - پۆل)م لەو قوتابخانەیە خوێند و ئەوکاتە ساڵێک بە سەر دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک)دا تێپەڕیبوو، ئەو کۆمەڵەیە قوتابخانەیەکی شەوانی بە زمانی کوردی دانا، بە ناوی (قوتابخانەی گەلاوێژ)، کۆچکردوو (مەلا عەولای داوودی) ناسراو بە (خاڵە مەلا) یان (مەلای حەجۆک)، بەرپرس و دانەری ئەو قوتابخانەیە بوو. ئەو خاڵە مەلایە کوردێکی زۆر نیشتمانپەروەر بوو، خۆی و دوو کوڕی لە خزمەت ئەو قوتابخانەیەدا بوون، پێش ئێمە دەستەیەک وەرگیرابوون و لە ئێمە بە تەمەنتر بوون، شایانی باسە ئەو یەکەمین قوتابخانەیەی بە زمانی کوردی لە ماڵی ئێمەدا، کە باڵاخانەیەکی گەورە بوو دەستی بەکار کرد، لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئەو سەردەمەدا هاتووە: کۆبوونەوەیەک لە (قۆرتی مەولەوی) کە ئێستا بۆتە (بەنداوی مەهاباد)ی کراوە، پێشەوا کە هێشتا (قازی) بووە، بە خاڵە مەلای گوتووە: تۆ دەبێ مەدرەسەیەکی کوردی دابنێیت، شایانی باسکردنە کە پێشەوا پێوەندی لەگەڵ قوتابخانە و خوێندندا زۆر بە تین بوو. خاڵە مەلا لە وەڵامدا دەڵێ: قوربان ئێمە ئەوە چەند مانگە قوتابخانەمان بە زمانی کوردی داناوە و خولی یەکەمی خوێندنیش تەواو بووە! دوای ئەوە قازی دەفەرموێت: خاڵە مەلا لە کوێت داناوە؟ دەڵێ: قوربان لە ماڵی (حاجی ئەحمەد گادانی). ئێستا ئەوە خولی دووەمی تێدا دەخوێنن. خاڵە مەلا کەسێکی ئەوەندە کورد پەروەر بوو، کاتێ یەکێک لە دوو کوڕەکەیان بۆ خوێندن لەگەڵ دەیان قوتابی دی بۆ (باکۆ) ناردن، ئەو خەبەری نارد و کوڕەکەی گێڕایەوە بۆ مەهاباد! شایانی گوتنە ئەو خاڵە مەلایە و هەردوو کوڕەکەیشی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بە شەش مانگ لە تاو ئەو کارەساتە دیقیان کرد و مردن، هەتا سەر ئێسکان کوردپەروەر بوون، ئەو خاڵە مەلایە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ.ک.)یشە، بەڵام نازانم بۆ ناوی ئەوی تێدا نییە! چونکە لە کتێبی (چێشتی مجێوری - مامۆستا هەژار) و لە (بیرەوەرییەکانی مامۆستا - هێمن)یشدا هاتووە: «لە ماڵی (خاڵە مەلا) سوێندیان داین بۆ دڵسۆزی بۆ نیشتمان و بۆ (ژ.ک)یش». جا پێشەوا بابمی زۆر خۆش دەویست و زۆر کاری نهێنی و مەحرەمانەی بە بابم دەسپارد، چونکە بڕوای پێی بوو، خانەوادەی ئێمە لە کۆنەوە لە سەردەمی (قازی عەلی) باوکی پێشەوا و کۆچکردوو (میرزا فەتاحی قازی)(١) پێوەندی بەتینیان هەبووە. کاک جەلیل لە قسەکانیدا بەردەوام بوو و گوتی: ئێمە بە ڕۆژ بۆ قوتابخانەی (پەهلەوی) و شەوانیش بۆ قوتابخانەی (گەلاوێژ) بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی دەچووین، بۆیە پێشەوا قازی شەوێک سەردانی قوتابخانەی گەلاوێژی کرد، شەوێک لە پڕ لەو قوتابخانەیە پەیدا بوو، زووتر پرسیاری کردبوو چەند قوتابیتان هەیە؟ بۆیە بۆ هەر قوتابییەک دیارییەکی هێنابوو، لەبیرمە (عەینەک - چاویلکە)یەکی دا بەمن، هەرچەندە ئەوکاتە منداڵ بووم، بەڵام ئەو عەینەکەم وەک شانازی هەڵگرتبوو، ئەوکاتە هێشتا کۆماری کوردستان بە تەواوی دانەمەزرا بوو، قوتابخانەی گەلاوێژ بووە ڕۆژانە! خەرجی ئەو قوتابخانەیەش خەڵکی بۆ خۆیان دابینیان دەکرد، ئەوکاتە جگە لە قوتابخانەی (پەهلەوی) لە مەهاباد قوتابخانەی (سەعادەت) و (پەروین)یش هەبوون، کە هەر سێکیان هی کوڕان بوون، قوتابخانەیەکی کچانیش هەبوو، بەڵام نێویم وەبیر نەماوە، ئەمەشیان ئەوکاتە دامەزرابوو، کە قازی محەمەد سەرۆکی خوێبەخشانەی (فەرهەنگ - پەروەردە) و (ئەوقافی) مەهاباد بوو. هەر ئەو ماوەیە بارزانییەکان بۆ مەهاباد هاتن، ماڵی (مەلامستەفا بارزانی) و

(شێخ سولەیمان) بوون، بۆیەش بیرم ماوە، چونکە بالاخانەی ماڵی ئێمە کە قوتابخانەی گەلاوێژی تێدا بوو، بۆ ئەوانیان چۆل کرد، ئێمەش وەک قوتابخانە بۆ ئەوبەر کووچەکە بۆ بالاخانەیەکی دی چووین. مامۆستاکانمان ئەوانەی زمانی کوردییان فێر دەکردین: (محەمەد تۆفیق وردی) و (عوسمان دانش) و (نووری ئەحمەد تەها) بوون، جگە لە وانەی زمانی کوردی، وانەی (سروود)یشمان هەبوو، کە هەر ئەو مامۆستایانە سروودەکانیان فێر دەکردین.

* ناوی هەندێ لەو سروودانەی ئەوکات ئەو مامۆستایانە فێریان کردن، لە بیرت ماوە؟

– جگە لە سروودی (ئەی ڕەقیب) سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی، چەن دڵگیر و شیرینە)ش هەبوو. شایانی گوتنە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، سرووودی (ئەی ڕەقیب) دەگوترا، بەو پێیەی من قوتابییەکی زۆر وریا بووم، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکاندا بانگیان دەکردم و شیعرم دەخوێندەوە، ئەوکاتە (قازی محەمەد) هێشتا نەببوو بە پێشەوا، جارێکی دیکەش پێشەوا قازی ئەم جارەیان لە قوتابخانەی (گەلاوێژی بەیانییان) بۆ سەردانی قوتابخانەکەمان هات، ئەو ڕۆژە منیان دەستنیشان کردبوو، ڕاپۆرتی قوتابخانەکە بخوێنمەوە، ئەوەبوو پێشەوا دەستێکی بەسەرم داهێنا و گوتی: دیارییەکی باشت بۆ ئامادە دەکەم، پاش ئەوە (مەدالیا)یەکی ئالای کوردستانی بۆ ناردم، لە وانەی لە یاخە قایم دەکرێت. چەند دوای ئەوە چاویلکەکە و ئەو مەدالیایەشم پاراستبوون. کاتێکیش کە بۆ ناوەندی چووین، لەگەڵ کاک (عەلی قازی – کوڕی ڕەش)، کوڕی پێشەوا هاوپۆل بووین و زۆریش برادەر بووین و تا ئەمڕۆش هەر برادەرین.

* دەکرێ بزانین ئێوە تا پۆلی چەند لە خوێندندا بەردەوام بوون؟

– لە ناوەندی دوو سێ ساڵم خوێند، ئینجا دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان خوێندن بە فارسی دووبارە کرایەوە، لە خوێندن تا پۆلی پێنجەمی دواناوەندی بەردەوام بووم و دواتریش خزامە نێو سیاسەت و ئیتر ئەمە نەیهێشت لە خوێندن چیدی بەردەوام بم، چونکە کەوتمە (زیندان) و ئینجا دەربەدەری و کۆی هەمووی (٥ – ٦) جاران گیراوم و سەرجەمی کۆیکەیتەوە ماوەی (١٣) ساڵان دەوری (شا) گیراوم، دوو جاریش حوکمی (لە سێدارەدان)م بۆ دەرچووە و تا ئێرەشمان هێناوە، ڕەنگە من یەکەم زیندانی سەرتاسەری ئێران بوو بم، لە (دووریگە)(٢) لە (بورازجان) لەوسەری ئێران نزیک بەندەری (بوشەهر) لە باشووری ئێران زیندانی بووم، من لەوێ زۆر هەوڵم دا و دەستم بە خوێندن کردەوە، ئەوەش دەبێ بڵێم بە هاندانی برادەرێک یادی بەخێر بە نێوی دکتۆر (کەیمەنش)، دیارە ئەو دکتۆرە (فارس) بوو، دواتر لە سەردەمی کۆماری ئیسلام (لە سێدارە درا)! ئەو کەسە (٢٥) ساڵ زیندانی سەردەمی (شا)ی ئێرانێ بوو، یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی (توودە) بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوبیرانی ئیعدام کران. ئینجا یادی بەخێر پێمی دەگوت: کاکە تۆ گەنج و جەوانی بۆ ناخوێنی؟ خۆی ڕشتەی (ددانسازی) لە (زیندان) تەواو کردبوو، بۆیە هەمیشە منی هان دەدا کە دەبێ بخوێنم، هەموو جار دەیگوت: جەلیل حەیفە تۆ لێرە لە زیندانێ تەنیا خەریکی (زمان) خوێندنی، دەبێ خوێندنت تەواو بکەیت. من دەمگوت: تازە تەمەن گوزەرا ئیدی خوێندن فایدەی چی؟ کەچی وەڵامی دەدامەوە و دەیگوت: ئەگەر بخوێنیت من زۆرم پێخۆش دەبێت. زۆر پێوەندیمان بەتین بوو. پێش ئەو ماوەیە هەر لە زیندانێ زمانی (فەڕەنسی) و خولێکی زمانی (ڕووسی) و یەکی زمانی (عەرەبی)شم خوێندبوو، ئێستاش کەم تا زۆر دەتوانم ئەو زمانانە بەکاربێنم. جار جارە کە بۆ دەرەوەی وڵات دەچم، لە (فەرەنسی)یەکەم سوود دەبینم، بەڵام (ڕووسی)م شتێکی ئەوتۆ وەبیر نەماوە. ئەو ماوەیە هەر لە زیندانێ توانیم پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواو بکەم و بڕوانامە بەدەست بهێنم. کاتێکیش (شا) ڕووخا ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات وامان دەزانی ئیدی بە هەموو ئاواتێکی خۆمان گەیشتووین!

* دوای ئەو ماوەیە مەبەستم کاتێک لە زیندان ئازادکرایت، لە مەهاباد خەریکی چی بوویت؟

– ئەوکاتە پرسیم لە مەهابادێ (باخچەی ساوایان) نەبوو، من هەوڵم دا و باخچەیەکی ساوایانم دانا، گوتیان: نابێ بە ناوی خۆتەوە بێت، بۆیە مامۆستایەکی خانمم پەیدا کرد، کە جێگەی بڕوا بوو، بە نێوی (خانم شوجاعی)(٣)، گوتیان ناوی ئەو باخچەیەش دەبێ ناوی یەکێک لە خانەوادەی سەڵتەنەتی، واتە هی شای ئێران

بێت، هەرچەندە بەو کارە زۆر عادز بووم، بەڵام تازە ئەو هەموو پارە و پوولەم بە کڕینی ئۆتۆمبیل و شتی دیکە سەرف کردووە، ناکرێ تازە واز لەو پرۆژەیە بێنم، بۆیە چووین سەیری ناوەکانمان کرد و ناوی (فەرەح)مان هەڵبژارد، ڕاستە لە خانەوادەی شا بوو، بەڵام غەریب بوو. سەرۆکی (فەرهەنگ – پەروەردە) وادەی هاوکاری پێمان دابوو، بەڵام هیچ هاوکارییەکی نەکردین. سەرەتا بە (١٨) منداڵ لەو باخچەی ساوایانە دەستمان پێکرد، لە ماوەی چەند مانگێکدا ژمارەی منداڵان بە (٣٠٠) ساوا گەیشت! هەر ئەو ماوەیە دوو سێ کتێبی (ڕۆمانی بۆ گەنج نووسراو) کە لە زیندانێ وەرمگێڕابوون، ئەوانەشم بە چاپ گەیاند. ئەوەش بۆ خۆی سەرمایەیەک بوو، کۆمەکێکی باش بوو بۆ پرۆژەکەم.

* ئەمڕۆ لەو بارەیەوە چالاکیتان هەیە، مەبەستم لە کاری وەرگێڕان بەردەوامن؟

– کتێبێکم ئێستا لای (خانەی وەرگێڕان)ە و چاوەڕێی چاپکردنە.

* لە زیندانی نزیک بەندەری (بوشەهر) دوای (٩) ساڵ و نیو ئازاد کرایت، ئایا دوای ئەوە کەی بوو دیسان تووشی زیندان بوونەوە؟

– هەر دوو مانگ دوای ئازادکردنم لەو زیندانە، واتە دوای پرۆژەی (باخچەی ساوایانی فەرەح) جارێکی دی گیرامەوە، لە ڕاپەڕینی ساڵەکانی (١٣٤٦ – ١٣٤٧)ی هەتاوی، ئەم جارە یەک ساڵی تەواو لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە زینداندا مامەوە، ئەمە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ تۆمەتبارکردنمان بە دەستەوە بێت، یاخود تێیدا هاتبێت کە من پێوەندیم بەو برادەرانەوە هەبووبێت! دوای ساڵێک بۆ (ورمێ)یان هێناینەوە و ئازادیان کردین. کاتێکیش بۆ مەهابادێ هاتمەوە بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتم! پرۆژەی (باخچەی ساوایانی فەرەح)م نەمابوو، ئەم جارەیان بۆ شاری (تاران)ێ دوورخرامەوە و نەدەبوو بەبێ (مۆڵەت) ئەو شارە بە جێ بێڵم، بەڵام گەلێ جاریش بە دزییەوە تا بناری (قەندیل) دەهاتم و لەگەڵ برادەران دادەنیشتم و ئینجا دەچوومە (سەردەشت)، جارێک لەو جارانە بە سەفەری شاری (بانە)یان زانیبوو، بۆیە بانگیان کردم وپرسیان: لەو سەفەرە کاری سیاسیت کردووە؟ گوتم: ئێوە لەگەڵ ئەو زیندان و ئەم دنیایە ئاشناتان کردووم و جار جارە دەبێ سەردانی ئەو خزم و دۆستانە بکەم و بۆ کاری سیاسیش نەچووم و ئەگەر بەڵگەتان هەیە، ملم لە موویەک باریکترە.

هەر ئەو ماوەیە لە تارانێ برادەران بە تایبەتی فارسەکان گوشاریان بۆ هێنام خوێندنی (زانکۆ) تەواو بکەم، ئەوەبوو خۆم لە زانکۆ تۆمار کرد و بە ماوەی (٣) ساڵان کۆلێژی زمان ڕشتەی زمانی فەڕەنسیم تەواوکرد، دوای ئەوەش تا ڕووخانی (شا) لە ساڵی (١٩٧٩)ی زایین هەر لە (تاران)ێ مامەوە. لەوێ کوردەکان ناویان لە ماڵەکەم نابوو (خانەقا)! دۆست و ڕەفیقێکی زۆر هاتوچۆیان دەکردین، چونکە ڕۆژێکیش چییە لە کاری (سیاسی)دا غافڵ نەبوومە، مەگەر ڕۆژێک لە (زیندان)، یان (دووریگە) بە ناچاری لێیان دوور کەوتبمەوە، بۆیە ئەمڕۆ ویژدانم حەواوەیە.

* لە تاران بەو پێیەی لە ڕووداوەکانی پایتەختەوە نزیک بوون، ئەوکاتە مەبەستم بەر لە ڕووخانی شا وەک میللەتی کورد هیچ جۆرە چالاکی و بزاڤێکی کوردایەتی لەو شارەدا هەبوو؟

– مانگێک دوو مانگ بەر لە ڕووخانی (شا)، ئێمە بۆ جاری یەکەم لە مێژوودا توانیمان (جەمعییەتی کوردهای موقیمی مەرکەز) (٤) لە تاران دامەزرێنین، کە تا ئەمڕۆش شتێکی لێ ماوەتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە: جگە لە خۆم، «سارم خانی سادق وەزیری»، کە ئێستا لە وڵاتی (سویسرا) دادەنیشێ، ئەو کابرایە لەو کۆمەڵەیەدا یارمەتی دەری من و یەکێک لە مامۆستا سیاسییەکانی ئێمە بوو، ئەوکاتە جێگەمان هەبوو، حکومەتی شا بەکاری ئێمەی دەزانی، دیارە کاری ئێمە کاری سیاسی بوو، بەڵام ئەوسا حکومەت حکومەتی جاران نەمابوو بتوانی حیساب وکتابمان لەگەڵدا بکات. هەروەها (سادق شەرەفکەندی) و (حەمەدەمینی مەجیدیان) و (ڕەحیمی فەرەج مەند) کە ئەمڕۆ بڕوانامەی دکتۆرای هەیە و لە تاران دادەنیشێت، ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوون. پارێزەرێکی زۆر ناسراومان هەیە ئەمڕۆ بۆ زیندانی سیاسی کاردەکات.

* گەر بیرت مابێت ئەو کۆمەڵەیە هیچ چالاکییەکی هەبوو، کە هونەریشی تێدا بەشدار بووبێت؟

– (کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی مەڵبەند) بۆ جاری

یەکەم لە کۆبوونەوەیەکدا لە ناو دانیشگە، یان زانکۆی تاران ڕاگەیەنرا، ئەوکاتە خۆنیشاندان دژی حکومەتی شا هەموو کون و کەلەبەرێکی ئێرانی گرتبۆوە، یەکێک لەو خۆ نیشاندانانە لە تاران ئێمە کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی مەڵبەند سازمان کرد، هاوڕێیەکمان بە نێوی (عەزیزی یووسفی) دوای (٢٥) ساڵ زیندانی ئازاد کرابوو، لای من میوان بوو، بەداخەوە مەرگ بواری نەدا و دوای دوو مانگ پاش ئازادکردنی بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد، ئێمەش تەرمی پیرۆزی ئەو نەبەردەمان بۆ سابڵاخێ بردەوە، ئەو کۆبوونەوەی بۆ ناشتنی ئەو نەبەردە کرا، من مامۆستا شێخ (عیزەدین)م بانگ کرد بێت و بە کوردی (تەلقینی) ئەو نەمرە بدات کە لە ڕێگەی کورد و کوردستاندا گیانی سپاردووە، شایانی باسکردنە دوای تەلقینەکە شێخ عیزەدین هاواری کرد و گوتی:

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین**

هەر ئەوەبوو ئیدی خۆنیشاندان دژی شا بە هەموو لایەکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا تەنییەوە، بە پێچەوانەی فەرمانی میری، ماوەی (٣) ڕۆژان لە خانەقای (نێری) پرسەمان دانا، چونکە ئەو شەهیدە کەسێکی زۆر خۆ ڕاگر بوو، خەڵکی نیشتمانپەروەر لە هەموو لایەکەوە بۆ پرسەکەی هاتن. دوای ئەوە خۆنیشاندانەکان دژی حکومەتی شا پەرەی سەند و هەموو شار و شارۆچکەکانی گرتەوە، ئەوەبوو ئێمە دیسان گیراین و داوای حوکمی لە سێدارەدانیشیان بۆ کردین، بەڵام چونکە گوشارێکی زۆری خەڵکیان لەسەر بوو، نەک هەر لە سێدارەیان نەداین، بگرە لە ترسی خۆ نیشاندان و ڕقی پیرۆزی خەڵکی ستەمدیدە، بە ڕۆژی هەینی کە دەوام بە فەرمی نییە، هاتن و ئێمەیان ئازاد کرد، ئەم کارەیان بۆ ئەوەبوو بەڵکو خەڵکی ورووژاو دامرکێتەوە! ئێمەی ئازاد کراوان بڕیارمان داو بۆ گۆڕستانێ چووین، بە تایبەتی بۆ سەر گۆڕی ئەوانەی تازە لە خۆ نیشاندانەکاندا شەهید کرابوون، نەیان هێشت بە ڕۆژ بگەینەوە مەهابادێ! هەرچەندە شەو بە درەنگی گەیشتینەوە، کەچی یەکسەر بۆ گۆڕستانێ چووین، خەڵکێکی زۆریش بەرەوپیرمان هاتبوون، داوامان لە خەڵک کرد بێنەوە بۆ سەر قەبران و مخابن کارەباش نەبوو، من ئەو شەوە قسەم بۆ خەڵکەکە کرد، پارێزەرەکەمان هەرچەندە کوردیش نەبوو (قەرەپەپاغ)ێک(٥) بوو، بە نێوی (ئاغای بۆچلوو)، کە زیندانی سیاسی بوو، زۆریش نەبوو ئازاد کرابوو، ببوو بە پارێزەری ئێمە و ئەویش قسەی کرد، خانەوادەی ئەو پارێزەرە بە هەق نیشتمانپەروەر بوون، تازە (یاسا)یەک دەرچوو بوو: کەسانی سیاسی دەتوانن پارێزەری غەیرە نیزامیش بگرن. بریندارەکانی خۆ نیشاندانەکانیش لە نەخۆشخانەی (شێر و خورشید) بوون، چووین و سەری ئەوانیشمان دا، بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە دەتگوت ڕۆژی جەژنە! خەڵکی پۆل پۆل بۆ دیدەنی زیندانییەکان دەهاتن، لە هەمان کاتدا خۆنیشاندانەکانی دژ بە ڕژێم درێژەی هەبوو، کاتێکیش کە شا ڕووخا من لە (تاران) بووم، لە ماوەی دوورخراوەییدا لە (دووریگە) بووم، ساڵێکیش دوای ئەوە هەر لە تارانێ مامەوە، کاتێکیش (خومەینی) ئیعلانی جیهادی دا، من بە نهێنی و بە قاچاغ و فڕکە فڕک خۆم گەیاندەوە کوردستان و لەوساشەوە تارانم نەدیوەتەوە! ئەو ماوەیە کابرایەک بە نێوی (قەرەباغی) نووسینێکی لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردبووەوە و تێیدا گوتبووی: (کوردەکان دیسان دەستیان پێکردەوە و ئەوانە جیاخوازن و....تاد!) منیش بە نێوی کوردێکی نەناسراوەوە وەڵامێکی ئەو کەسەم دایەوە و تێیدا گوتبووم: (لە تەواوی ئێرانێ خۆنیشاندانە کەس بە خراپە باسی ناکات، کەچی خۆ نیشاندانی ئێمەی کورد لە جیاتی پێدا هەڵگوتن، وەک هەمیشە بە (جیاخواز) ناودەبرێت!)، ئەو نووسینەم دەنگی دایەوە. هەر ئەو ماوەیە برادەران هاتن و گوتیان: لە زانکۆ ئاهەنگ ساز دەکەین. گوتمان: بۆ نا با سازی بکەین. ئەوەبوو کۆبوونەوەیەکمان لە هۆڵێکدا ساز کرد کە بە کرێمان گرتبوو، وامان دەزانی (٦٠ - ٧٠) کەس ئامادەی دەبن، بەڵام وا دەرنەچوو، چونکە خەڵکەکە هەمووی وروژا بوو، هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا بوو بڕیاری دامەزراندنی (کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی مەڵبەند)مان بە کۆی دەنگ ڕاگەیاند، دەستەیەکی کاتیمان بۆ دامەزراند و دواتر پەیڕەوی ناوخۆییمان بۆ نووسی، ئێمە بە ئەنقەست ئەو کۆبوونەوەیەمان خستبووە ڕۆژی (٢)ی ڕێبەندانێ یادی (کۆماری کوردستان)، جا لە وتەیەکدا بەو خەڵکەم گوت: ئەمڕۆ یادی ئەو کۆمارەیە... ئەوەبوو بوو بە

هەلهەلە و وەلوەلە و چەپڵەڕێزانێکی سەیر، کاتێکیش لەو وتارەمدا بە ناوی (شەهیدی پێشەوا قازی محەمەد) گەیشتم، بڕوا بکەن یەک چارەگە سەعات چەپڵە نەکوژایەوە! بەداخەوە ئەوکات بیرمان لەوە نەکردبووەوە (کامیرا) بێنین و وێنەی ئەو کۆبوونەوانە بگرین، (سارم خانی سادق وەزیری) قسەکانی منی بۆ فارسی وەردەگێڕا، لە (تاران) ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی ئەو کۆمەڵەیەمان بوو. جارێکی دی چەپەکان ڕایان گەیاندبوو لە مەیدانی (قەزوین)ەوە بەرەو دانشگەی (مەجید واقیعی) بڕۆن، گوتمان: فورسەتە با ئێمەش بڕۆین و لەو خۆنیشاندانە جەماوەرییەدا بەشداربین، بۆیە دروشمەمان بە ناوی کۆمەڵەکەمانەوە نووسی، بەڵام دروشمی سیاسی نا، کاتێکیش بەو مەیدانە گەیشتین، سەیرمان کرد کەسی لێ نەبوو! دوای پرسیار کردن؟ گوتیان: چەپەکان لە ترسی پۆلیس کۆبوونەوەی خۆیان بۆ شوێنێکی تر گوێزاوەتەوە! ئێمە هەمووی (٧٠ - ٨٠) کورد لەو ناوە کۆبووینەوە و کەوتینە ڕێ، بەڵام کەسایەتی ماقووڵ و شیاومان تێدا بوو، بۆ نموونە: کەسی وامان لەگەڵدا بوو (بەڕێوەبەری گشتی) سەردەمی شا بوو، سەیر ئەوەبوو تا بە شوێنی مەبەست گەیشتین ژمارەمان خۆی لە (٧ - ٨) هەزار کەسی دەدا! لە شەقامەکانی (تاران) سروودی (ئەی ڕەقیب)مان دەگوت، کاتێکیش بەو دانشگەیە گەیشتین خەبەریاندا کوردەکان هاتن، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، جێگەیان بۆ دیاری کردین، دیارە ئەو ڕۆژە دەیان هەزار خەڵکی دی لەم ناوە بەر لە ئێمە بۆ هەمان مەبەست کۆببوونەوە، کە ئێمە چووین ئاهەنگ و وتار خوێندنەوە بوو، نەشمان دەزانی کە ئێمەش وتارمان بۆ دانراوە! ئەوەبوو دواتر ناوی منیان خوێندەوە، وەک نوێنەری کوردەکان بچم وتار پێشکەش بکەم، کاتێ بە شوێنی مەبەست گەیشتم پێشوازییەکی زۆر گەرمم لێکرا، باسی شۆڕشەکانی زووترم کرد، کە کورد چی کردووە و هەمیشە خوێنی لەو پێناوەدا ڕشتووە، خەڵکەکە لەگەڵ ئەم قسانەمدا یەکپارچە ببووە ئاگر، دواجار بەم وتانە کۆتاییم بە وتارەکەم هێنا: بژی ئازادی و سەرکەوێ دیموکراسی! لە خۆشیان و لە حەماسەتان هەندێ خەڵک لە باوەشیان دەکردم. (کۆمەڵەی کوردانی نیشتەجێی تاران) تا ڕووخانی (شا) لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆنیشاندانێکدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو، هەر ئەو ماوەیە ڕۆژنامەیەکیشمان بە ناوی (بروسکە) هەبوو (١٥ - ٢٠) ژمارەی لێ دەرچوو، ئۆرگانێکیش بە نێوی (دەنگی کورد)ەوە، (٤ - ٥) ژمارەی لێ دەرچوو، تا ڕووخانی شا و تا جاڕدانی (جیهاد) ئێمە لە چالاکی سیاسی بەردەوام بووین، ڕۆژی (٢٨)ی گەلاوێژی ساڵی (١٣٥٨)ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٨٠)ی زایین، بە قاچاغ بۆ کوردستان گەڕامەوە.

* ئێمە چەندین ساڵە پرۆژەیەکمان بە دەستەوەیە بۆ نووسینەوەی (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە بە تایبەتی و هی کوردستانیش بە گشتی) بۆیە دەپرسین: ئەگەر بکرێت هەندێ باسی (کاروان - قەتار) و (کاروانچێتی - قەتارچێتی) و (خان - کاروانسەرا)شمان بۆ بکەیت؟

- ڕەنگە نێوی هەندێ لە (قاچاخچی)یانی ئەو زەمانیم وەبیر مابێت، لەوانە (شێخ مارف) ناوێک و (خەلیلی قاچاخچی) کە ئەمەیان زۆر ناودار بوو، جگە لە باشووری کوردستان هاتوچۆی (بەغدا) و شوێنی دیکەیشی دەکرد، بەڵام بۆ باری هونەری و پێوەندی ئەوان بە هونەرمەند و دەنگخۆشانی ئێرەوە، لە ڕاستیدا هیچی وای لێ نازانم، چونکە تەمەنەکەم هی ئەوە نەبووە تا ئامادەی کۆڕی شەوانی ئەوان ببم، نەفەرێکمان هەبوو بە نێوی (لەتیفی قاچاخچی)یەوە شوهرەتی (مازوو) بوو، دیارە ئەو ناوەیان لە زووەوە بۆ مابووەوە، بیستوومە باپیری مازووچن بووە، ئەوان کەلوپەلی وەک (لۆکس، پارچە قوماش، ئۆتڕۆن، سیغار واتە جگەرەی مۆدێرن و ڕەنگە (مەی)یشیان هێنابێت! ئەوانە بە ختوخۆڕا ئەو ناوی قاچاخچییەیان بەدوا نەکەوتووە، هەندێکیان وڵاخیان هەبوو، بەڵام ماڵی دی لە سابڵاخێ هەبوون، کار و پیشەیان (کاروانچی - قەتارچی)یەتی بوو، ئەوانە دەیان وڵاخ و ئێستریان هەبوو، کەلوپەلیان بۆ قاچاخچییان باردەکرد و خۆیشیان لەو سەفەرانەدا لەگەڵیاندا دەبوون، بۆ نموونە ماڵی (حاجی حەسەنی پیرەی) وڵاخیان بۆ ئەو مەبەستانە بەکرێ دەدا و خۆیشیان وەک گوتم: لەگەڵیان دەچوون، ئەوکاتە (سەرقافڵە) هەبوو، جا تا زەمانی کۆماری کوردستان و بگرە دواتریش بە ماوەیەک لە سابڵاخێ کاروان و کاروانچێتی و خانیش هەر مابوون، یەکێک لەو (خان -

کاروانسەرا)یانە بە نێوی (تاجر باشی) و یەکیکی دی بە نێوی کاروانسەرای (بەرداشی) و یەکێکی تر بە نێوی (عەوڵای ترێی) و یەکێکی دی بە نێوی (بە زێدێ) بوو، خاوەنی ئەمەی دواییان ژنێک و پیاوێکی (مەنگوڕ) بوون، جا ئەو نێوەیان لە کوێ چەنگ کەوتووە؟ (کاروانسەرا)یەکی دی لە مەیدانی مەنگوڕان بوو، ئەمەیان زۆرتر بۆ خەڵکی دێهات بوو، ئەوانەی بە سواری وڵاخ و گوێدرێژ بۆ سابڵاخێ دەهاتن، دیارە قاچاخچییەکان بۆ خۆیان شوێنی تایبەت بە خۆیانیان هەبووە، چونکە هی ئەوان وەک ئەو دێهاتییانەی بۆ شار دەهاتن، وڵاخێک و دووان و سێ نەبوو، ئێمە برادەری حزبمان هەبووە کاریان قاچاخچێتی بووە، بۆ نموونە: (ڕەشید قاچاخچی) و (حوسێن لاسوور) و (محێدین حاجی ڕەحمان قەداری) ئەمەیان کوژرا، هەر لە سەر قاچاخیش بە دەستی (ژاندارم - پۆلیس) کوژرا، ئەوانە ئەندامی (حزب) بوون! بۆ نموونە ئێستا کاک (ڕەشەی قاچاخچی) لە وڵاتی (نۆرویژ)ە و ماوە، ئەمەیان زۆرتر هاتوچۆی (زینوێ)ی دەکرد، بە تەمەن لە من گەورەترە، زەمانی کۆماری کوردستان ئەو (پێشمەرگە) بوو.

* زووتر بۆت باس کردم (محەمەد تۆفیق وردی) و هەندێکی دی مامۆستاتان بوون، گەر زەحمەت نییە باسی ئەوەشمان بۆ بکەیت، ئایا ئەو مامۆستایانە لە کاتی (سروود) گوتنەوەدا هیچ جار ئامێری موزیک و ئامێرژەنیان لەگەڵدا بووە؟

- بەڵێ باشم وەبیرە پێش کۆماریش ئێمە (شایەر) و (ئامێرژەن)مان هەبوو، یەکێک لەو ئامێرژەنانە (عەزە کوێر)ە کە (تار)ژەنێکی کوردی خەڵکی مەهابادێ بوو، ئەو هونەرمەندە ماوەیەک بۆ لای شاری (مەراغە) بۆ فێربوونی ئامێری (تار) چوو بوو، سەرەتا چاوی ساغ بوو، دواجار چاوەکانی زۆر کز ببوون. کەسێکی دی بە نێوی (ڕەحمانە گۆج) هەبوو، ئامێری (تەپڵ)ی جۆری (زەرب)ی لێدەدا، هەروەها (مەنیج حەیران)مان هەبوو، کە (گۆرانیبێژ) بوو، ئەوانەی باسم کردن بە چاوانی خۆم دیومن. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: ڕاستە ئەو مەنیج حەیرانە حەیرانبێژ نەبووە! گۆرانیبێژ بوو، لەم دواییانەشدا لە (پاریس) چاوم بە کاک (سمایلی مامڵێ) کەوت کە ئەویش شتێکی لەو بابەتەی بە دەستەوەیە، بۆی باس کردم و گوتی: مەنیج حەیران بە ئەسڵ خەڵکی دێی (ڕەحیم خانی) سەر بە (بۆکان)ێیە. کاک جەلیل درێژەی بە قسەکانی خۆیدا و گوتی: مەنیج حەیران زۆرتر لە (داوەت - شایی)دا گۆرانی دەگوت، ڕەحمانە گۆج زەربی بۆ دەکوتا و مەنیجیش دەیگوت، هەندێ جار (عەزە کوێر)یش بە ئامێری (تار)ەوە لەگەڵیان بەشدار دەبوو. دوای ئەوانیش (عەبدوڵڵای سنجانێ) پەیدا بوو، ئەمەیان زۆر دەنگخۆش نەبوو، بەڵام گۆرانی زۆری دەزانی و ئەمەش هەر لە داوەتان دەیگوت. پاشان یەکی دی بە نێوی (برایم هەللامە) پەیدا بوو، ئەمەیان لەم هونەرەدا، لە مەنیج حەیران و عەوڵای سنجانێش بە تواناتر بوو، هەرچەندە دواجار وازی لەوکارە هێنا و بوو بە دار فرۆش! بە دوای ئەوانیشدا یەک دوو برا پەیدابوون بە نێوی (محەمەد حەتۆتە) و ئەوی دیکەیان گەر هەڵە نەبم (مەحموود حەتۆتە)بوو، ئەوانە لە داوەتان و لە مەجلیسانیشدا گۆرانییان دەگوت، شایانی باسە محەمەد حەتۆتە کەسایەتی بوو، وەک برایم هەللامە بوو، ئەو دەمەی من باسی دەکەم جارێ هێشتا (محەمەدی مامڵێ) پەیدا نە ببوو.

* باوکی محەمەدی مامڵێ واتە (سەعیدی مامڵێ)تان وەبیرە؟

- لە بیرمە و لە ماڵی خۆمانم دیوە، چونکە دراوسێ بووین، ئەوان لە خانووی (سەید عەوڵای سەید تەهای)دا بوون، دیارە باوکی من (ئەهلی تەریقەت) و سۆفی بوو، گەلێ جاران (سۆفی) و (دەروێش)ی بۆ ماڵی خۆمان بانگ دەکردن، بۆ (زیکر و ستایشی خودا و پێغەمبەر و پیاوچاک و فریشتەکان)، بابم تۆبەکاری ماڵی (سەید تەهای) بوو.

* هیچ جاران لەگەڵ بابت بۆ تەکیە چوویت؟

- نەخێر بەڵام لە ماڵی خۆماندا دیوەخانی گەورەمان هەبوو، جا لەسەر داوای بابم سۆفی و دەروێش بۆ (دەف) لێدان دەهاتن، دیارە سۆفی بۆ خۆیان ئامێری (دەف) لێ نادەن، بەڵام بە مەقام و گوتن شیعر و غەزەل دەخوێنن، جا بابم هەم دەنگی خۆش بوو، هەم زۆری حەز لەو جۆرە دانیشتنانە بوو، شیعری زۆری (وەفایی)یشی لەبەر بوو، جا کاتێک لە سەر (دوکان)ێ(٦) دادەنیشت ئەو هۆنراوانەی بە مەقام دەگوت. (میرزا ڕەحیمی وەفایی) لە سابڵاخێ سەردەمی کۆن مامۆستا بووە، ئەمەیان باوکم

به بیری بوو، دەیگوت: (ئەوانە هۆدە یان ژوورێکیان هەبووە، وەفایی لەوێ وانەی بە قوتابییان گوتووە، هەندێ لەوانەی قوتابی وەفایی بوونە: عابید، سەی حەسەنی کابانێ، مارفی... زادە، میرزا مارفی مارف قەجەری، ئەوانە لای وەفایی فێری خوێندەواری ببوون).

کاک جەلیل گوتی: پێم خۆشە لێرانەدا شتێکت بۆ باس بکەم: وەفایی بۆ زۆربەی شیعرەکانی خۆی ئاهەنگ واتە ئاوازی داناوە، ئەم ئاوازانەی ئەمڕۆ شیعرەکانی وەفایی پێ دەگوترێن لە کۆندا خۆی دایناون، وەک بۆیان گێڕاومەتەوە وەفایی ئامێری موزیکی نەژەنیوە، بەڵام ئەو قوتابییانەی ئەوسای بە کۆمەڵ بە کووچە و کۆڵانی مەهابادێدا گێڕاون و ئەو شیعر و ئاوازانەی خۆی پێ خوێندوون! بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش لێیانەوە فێریان بن، زۆرجار ئەو (شاگرد – قوتابی)یانەی هاتوون، لە نێو بازاڕی، چونکە زۆربەیان دوکاندار بوون بۆ نموونە: (عابید) دوکانی (قەننادی) و (سەی حەسەنی کابانێ) دوکانی (بەقاڵ)ی و (میرزا قادری وەیس) دوکانی (عەتار)ی و (مارف قەجەر) دوکانی (کوتاڵفرۆشی)یان هەبوو، بابیشم کە دوکانی کەوشی هەبوو، لەگەڵیان لە ناو دووکانێک کۆدەبوونەوە و دەستیان بە گوتنی ئەو ئاوازانەی (وەفایی) دەکرد، جا من لە ماڵی خۆمان زۆرجار (سەعیدی مامڵێ)ی باوکی (محەمەدی مامڵێ)م دیوە، لەگەڵ ئەو (دەروێش عەبدوڵڵا)یەی مامۆستا (گۆران) لە شیعرێکی خۆیدا باسی بەهرەمەندی دەکات، ئەوانە دەروێش و دەفەزەن بوون، دیارە ئەو پیاوە بە ئەسڵ خەڵکی (سابڵاخ)ێ بوو، زۆرجار لە ماڵی ئێمە دەفیان ژەنیوە و مەقام و غەزەلیان خوێندووە. لە مەهابادێ (تەکیە) هەبوون، (خانەقای نەهری)ش هەبوو ئەمەیان جێگەی (سۆفی)یەکان بوو، لێرە وەک تەکیە دەفەلێدان نەبوو، تەنیا مەقام و غەزەل و هۆنراوەی ستایشی خوداوەند و پەیامبەرانی بوو.

* کەواتە دەکرێت بڵێین جیاوازی نێوان (تەکیە) و (خانەقا) لەوەدایە یەکەمیان زیکر بە هاوکاری ئامێری موزیکی وەک: دەفی دەروێشی و تەپڵ و ڕەنگە وەک هی تەکییەکانی (هەولێر) ئامێری (زیل – سەنج) و شمشاڵی کانزاش کە کاتی خۆی بەشداری زیکر بووە، هەبووبێت، هەرچی خانەقایە تەنیا شیعری ستایش و غەزەل و ئەوانەی تێیدا بە مەقام و لاوک و حەیران گوتراوە، بەڵام بێ بەشداریکردنی ئامێری موزیک بووە؟

– بەڵێ، بۆ نموونە: لە خانەقای نەهری وەک زووتر گوتم، کە ئێرە جێگەی سۆفییەکان بوو، تەنیا (مەقام) و (غەزەل) خوێندنەوە بوو، ڕۆژی پێنج شەموانیش دوای نوێژ بێ دەف زیکریان دەکرد و پاشانیش (تەزبیحات)یان دەکرد. ئامێری (دەف) هەرگیز لە (خانەقا)دا بەکارنەهاتووە، کەچی لە (تەکیە)دا زیکری دەروێشان هەبوو، جاری وا بووە چەندین دەروێشی دەفلێدەر بەشدارییان لە زیکردا کردووە، بۆ ئامێری (تەپڵی سەر سێپا)ش کە تۆ پرسیارت کرد، یەکەم جار ئەو ئامێرەم لە مزگەوتی (قولەی) دیوە، لەو مزگەوتەدا وەک تەکیەکان زیکر دەکرا، زۆرجاریش بە تایبەتی کاتێک دەروێشەکان گەرم دەبوون، زەرگ لە خۆدان و شتی تریشیان دەکرد! هەرچەندە لە سەردەمی کۆماردا، چونکە ڕۆشنبیری پێشکەوت، ئەو کارانەی وەک زەرگ لێدان و ئەوانە وردە وردە کاڵ بوونەوە و نەمان، سەردەمی کۆمار خەڵکی بە گشتی سەرگەرمی فێربوونی شتی نوێ بوون. تەنانەت ڕۆژانی هەینی کە پشووی فەرمییە، ئێمەی قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بۆ دەشتودەر دەچووین تا هەوایەکی سازگار هەڵکێشین و لە هەمان کاتدا سرووودەکانیش جوانتر ڕەوان بکەین. ئەو مامۆستایانە نزیکی (٢٠ – ٣٠) سروودیان فێرکردبووین، دوای ئەوانە هەندێ لە هۆنراوەکانی (هەژار) و (هێمن) و هی دیکەش کران بە (سروود) و ئاهەنگ، واتە ئاوازیان بۆ دانرا. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: ناوی ئەو سروودانەی وەبیرم ماون: (ئەی ڕەقیب) و (شاخی ڕەنگاو ڕەنگی کوردان) و (نیشتمانم ڕەنگینە بە هەشتی سەر زەمینە)، لە سەردەمی (ژ.ک)یشدا جار جارە دەیانبردین و شیعریان پێ دەخوێندینەوە و شەڕە شیعریشیان پێ دەکردین.

دیسان لە وەڵامی پرسیارێکماندا گوتی: بۆ موزیکژەنی ئاشنا من نێوی دوو موزیکژەنی ناودارم وەبیر ماوە، یەکەمیان (مەحموودی وەلیزادە) کە لە کۆماری کوردستاندا پۆستی (وەزیری کشتوکاڵ)ی هەبوو، ئامێری (ڤیۆلۆن ـ کەمان)ی لێدەدا، زۆرجار لە تەک کۆرسی سرووودەکان دەبینرا و بە کەمان ژەندن بەشدار دەبوو. دیارە مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە لە سەردەمی کۆمار (ڕادیۆ)یەک دانرابوو، هەرجار ئێمەی قوتابیانیان بۆ ئەوێ دەبرد، لەو شوێنە (ستۆدیۆ)یەک هەبوو، تێیدا

سروودەکانمان دەخوێند، جا لێرەدا مەحمودی وەلیزادە بە کەمان بەشداری دەکردین، لە هەموو شاری مەهابادەوە کە ئەوسا لە هەموو شارەکەدا (١٠ ـ ١٥) ئامرازی ڕادیۆ هەبوو، خەڵکەکەی دی بە هۆی (بڵندگۆ)ی گەورەوە کە لە هەموو چوار ڕیانەکان دانرابوو، خەڵکی لە کاتی هەواڵ و دەنگوباسی گرنگ بە مەبەستی گوێگرتن لە دەوریان کۆدەبوونەوە. پێم وایە کاک (محەمەدی ماملێ) سەرەتا لە ڕێگەی ئەو ڕادیۆیەوە ناسرا، بەر لەویش (میرزا حوسێنی مامڵێ) براگەورەی (محەمەدی مامڵێ) و باوکی (عەزیزی مامڵێ) هەبوو، کە بەداخەوە زۆر زوو کۆچی دوایی کرد، محەمەدی مامڵێ توانی دوای ئەو جێگەکەی پڕ بکاتەوە، کاتی خۆی محەمەدی مامڵێ زۆرتر گۆرانی گرانی گوتووە، ڕەنگە هی (شاد)یشی گوتبێت، بەڵام من ئەوسا وەک گەنجێک زۆرتر (قەتار) و ئەو جۆرە گۆرانییە گرانانەم لێ بیستووە. شایانی باسە ئەو (ستۆدیۆ)یەی باسم کرد، لەو شوێنەدا بوو، کە (پێشەوا)ی نەمریش هەر لەو شوێنەدا کاری دەکرد، بۆیە هەندێ جار بۆ لامان دەهات و ئەحواڵ پرسیشی دەکردین. موزیکژەنی دووەمیان بە نێوی (عەلی تابانی) کەسێکی (شەل) و هونەرستانی موزیکی لە شاری (تەورێز)ێ خوێندبوو، ئەمەشیان هەر ئامێری (ڤیۆلۆن ـ کەمان)ی لێدەدا.

* وەک لە بیرت بێت، هیچ جار ڕێک کەوتووە، ئەو دوو موزیکژەنە پێکەوە موزیک بژەنن؟

– ڕەنگە ڕوویدابێت، بەڵام من وەبیرم نایەت، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: بەڵێ، ئەو دوو موزیکژەنە کورد بوون، هەروەها گوتی: من پۆلی شەشەمی سەرەتاییم لە سەردەمی کۆماردا تەواوکرد و کاتێکیش لە پۆلی یەکەمی ناوەندیدا بووم، مخابن کۆمار تێکچوو، بەو کارەساتە هەموومان وەک لەشێکی بێ گیان بووین. دوای لە سێدارەدانی (پێشەوا)ش گەلێ جار لە خەو ڕادەپەڕیم و بانگی دایکمم دەکرد: دایە دایە هەستە ئەوە پێشەوایە! لە ماڵەوە (گوڵدان)مان هەبوون، وەک تارمایی پێشەوا دەهاتنە بەرچاوم. لەگەڵ ئەوەی کە قوتابییەکی زیرەک بووم، ئەو ساڵە لە تاو کارەساتی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی شەهیدان، لە خوێندن دەرنەچووم و مامەوە!

**پەراوێزەکان:**

**(١) میرزا فەتاحی قازی: کە هەر لە خانەوادەی پێشەوایە و پیاوێکی ماقووڵ و گەلێک ئازاش بووە، لە شەڕی یەکەمی جیهاندا کاتێک (عرووس ـ ڕووس) بۆ ناوچەی مەهابادێ هاتوون، لە نزیک (شاخی بەگزادان) لە نێوان (میاندواو) و (مەهاباد)دا شەهید بووە.**

**(٢) دووریگە: ئەو شوێنەیە لە کاتی بە زۆر دوورخستنەوە و دوورکەوتنەوە لە شار و لە ماڵ و لە خێزان لەوێ بە ناچاری ژیانی بردۆتە سەر.**

**(٣) خانم شوجاعی: مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون بوو، تەنیا مۆڵەتەکە بە ناوی ئەو بوو، ئێستا کچێک و زاوایەکەی لە (ئەڵمانیا) ژیان بەسەر دەبەن، هەرجارە کە ڕێگەم دەکەوێتە لایان ئەحواڵی ئەو خانمە لەوان دەپرسم. زاواکەی دکتۆرە و کچەکەیشی هەر ئەو ڕشتەیەی خوێندووە و پێکەوە کار دەکەن.**

**(٤) جەمعییەتی کوردهای موقیمی مەرکەز: واتە کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی پایتەخت واتە (تاران).**

**(٥) قەرەپەپاغ: تورکی موهاجیرن، وەختی خۆی هێناویانن و لە شاری (نەغەدە) دایانمەزراندوون.**

**(٦) بابم دوکانی (کەوش ـ پێڵاو) فرۆشی هەبوو، کاتی خۆی (کاڵە هەڵبەست) بووە، واتە ئەو جۆرە کەوشە خۆماڵییەی دروست کردووە، ئەو سەردەمانە (کاڵەی شەمام)یش هەبووە، لە جۆرێک چەرم، یان قایشی سوور دروست دەکرا، لای ئێمە چەرمەکەیان ڕەنگ دەکرد.**

**تێبینی: ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١/١١) لە هەولێر بە خزمەتی گەیشتین و ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

# چاوی هونەر

ئەمین گردیگلانی
(بۆکان)

هونەر سەرچاوەیەکی بەرینە و هەرگیز وشکاوی نایە و سەدان چەم و ڕووبار و شاجۆگەی لێ دەبێتەوە. مرۆڤیش لەمێژە ئەو سەرچاوەیەی دیوەتەوە و هەرکەس بەجۆرێک ئاوێزانی دەبێ و خۆی لە ڕوحی بێ بنیدا دەبینێتەوە.

هونەری وێنەگری (فۆتۆگراف) پێشینەیەکی دوورودرێژی نییە و بەتایبەت لەنێو گەلی کورددا ساوایە. ئەگەرچی جوانترین و گرینگترین هونەرە و زمانی وێنە زمانێکی جیهانییە و هەموو خەڵکی دنیا، گەورە و بچووک، لە هەر ڕەگەزێک بن هەرکەسە و بەشێوەیەک و ڕادەیەک چێژی لێ وەردەگرن. ئەو هونەرە ئەگەرچی لەلای ئێمە تەمەنی کەمە، بەڵام چەند هونەرمەندی وردبین و لێزان و مووقەڵێش لەو بوارەدا ئازایانە چالاکی دەنوێن و توانیویانە ئەو هونەرە زیندوو و پڕ لە جوانی و ئەوینە بگەیەننە ئاستی جیهانی و بەشانازییەوە هونەری وێنەگریمان شان لە شانی هونەری وێنەگری جیهانی بدات و سەرێک بێ لەنێو سەران.

«لوقمان ڕەحیمی» یەکێک لەو هونەرمەندە وردبین و خاوەن سەلیقانەیە کە بە ئەشقێکی پاک و بێگەردەوە لە بواری وێنەگریدا کاردەکات و ماوەی پازدە ساڵە ماندوونەناسانە هەموو دەڤەر و ناوچە و سووچ و قوژبنێکی کوردستانی بە چاوی کامێرا پشکنیوە و وێنەی نەمر و زیندووی لە بەرۆکی هونەری وێنەگری کورد داوە. بۆ ئاوڕدانەوە لەو هەستە خاوێن و دڵەپاکەی لوقمان ڕەحیمی بەپێویستم زانی سەرێک لە گوڵجاری ڕازاوەی هونەرەکەی بدەم و چەند چەپکە تیشکێک لە ژیان و بەرهەمەکانی بخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی گۆڤاری ڕازاوە و پڕ ناوەرۆکی «ڕامان».

لوقمان ڕەحیمی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە گوندی

باخچەی فەیزوڵڵا بەگی شاری بۆکان چاوی بەژیان ڕوون بۆتەوە و هەر لەو گوندە چۆتە قوتابخانە و هەتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی هەر لەو گوندە خوێندوویە. پاشان ماڵیان چۆتە شاری بۆکان و لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە. لەگەڵ ئەوەی کارەکەی وێنەگرییە و لەو ڕێگایەوە بژێوی بنەماڵەکەی دابین دەکا، هەروا خەریکی خوێندن و وەدەست هێنانی زانست و زانیارییە و زۆر تینوو و تامەزرۆی هونەر و زانستە. سەرەتا بە ئەشق و هۆگرییەکی زۆرەوە وێنەگری هەڵدەبژێرێ و وەک کەسبوکار و بژێوی ژیان تەماشای دەکا، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان و وەدەست هێنانی ئەزموون لەم بوارەدا، لەگەڵ دنیای پڕ لە ڕەمزوڕاز و دەریای بێ بنی هونەری وێنەگری ئاشنا دەبێ و زۆر وردبینانە و جەسوورانە هەنگاو هەڵدێنێ. یەکەم جار تۆوی ئەم ئەشقە بە دیتنی کتێبە بەناوبانگەکەی «نەسروڵڵا کەسرائییان» واتە کتێبی «کوردانی ئێران» لە دڵیدا دەگوورێ و نەمامی ئەم هونەرە لە مێشک و زەینیدا دەڕسکێ. هەر وەک خۆی دەڵێ: «ئەم کتێبە هەژاندمی،





**لوقمان ڕەحیمی**

بەڕوح و هەستەوە ئاوێتەی دنیای پڕ لە ڕاز و سیحراوی هونەری وێنەگری کردم و لە بۆتەی ئەم هونەرەدا هەڵیچۆقاندم. دوای دەیان جار پێداچوونەوە و وردبوونەوە لەو کتێبە، هونەراوی بوون و زیندووبوونی وێنەکان وەهایان شاگەشکە دەکردم، دەتگوت بەسەر عەرزەوە نەماوم و خەریکم بە ئاسماناندا دەفڕم و هەر وێنەیەک بەرەو دەڤەر و ناوچە و فەرهەنگێک باڵی پێدەگرتم. ئەو وێنانە ئەوەندە تازە و هونەراوی بوون هەتا دنیا بە دنیایە هەر تازە و زیندوون، بۆیە هەتا هەم ڕێزم بۆ ئەو مامۆستا هێژایە هەیە و خۆم بە شاگردی ئەو دەزانم و دەستی ماچ دەکەم. زۆر زۆریشی سوپاس دەکەم کە کورد و ژیان و فەرهەنگەکەی هێناوەتە سەر زمانی وێنە و هونەر و زیندوو ڕایگرتووە.»

لوقمان ڕەحیمی دوای ئەوە بە زەینێکی ڕووناک و دڵێکی تژی لە ئەوینەوە دەڕوانێتە دەوروبەری و بۆی دەردەکەوێ کە وڵاتی کوردەواری و شاخ و شار و گوند و دارستانی و مەڵبەندە سەر سەوزەکەی کوردستان زۆری سووژە و بابەت تێدایە و ئەم کتێبە یەک لە هەزاری ئەم دنیا بەرینە نییە، بۆیە دەڵێ: «ئەمڕۆ دوای نۆ ساڵ کارکردن لەسەر ئەو بابەتە، ئێستاش نەمتوانیوە گەورەیی سروشت و فەرهەنگ و دابونەریتی کوردەواری لە چاوی کامێرەکەمدا بگونجێنم و ئەوەی کردوومە لەو نۆ ساڵەدا



مێوژێک له کەویژێکه.»

لوقمان هەر له داوێنی ئاگرییەوە هەتا ئیلام و دێهلوران گەڕاوە و لەگەڵ سروشت و فەرهەنگ و خەڵکەکەیدا ژیاوە. له هەر شوێنێک گیرسابێتەوە ئاوێتەی ژیان و هەڵسوکەوتیان بووە و خۆی به بەشێک لەو خاک و خەڵک و سروشتە زانیوە و مووقەڵێشانە چاوی له دەوروبەری خۆی بڕیوە و لەگەڵ زیندەوەراندا ژیاوە و هەناسەی کێشاوە، لەگەڵ گەورە و بچووکی خەڵکەکەیدا گریاوە و دڵی پڕ بووە و لەگەڵ شادی و خۆشیەکانیاندا پەپوولەی بزە نیشتۆتە سەر لێوی و کامێراکەی زەردەی گرتووە، بۆیە دەڵێ: «هەتا له نزیکەوە خۆت لەگەڵ ئەو سروشت و وڵاتە هەناسە نەکێشی و دەستەملانی خەم و ئازار و شادی و جوانی و ناحەزییەکان نەبی، لەو هەموو ڕەمزوڕاز و عەزەمەتە ناگەی. بۆ وێنە کۆچ و کۆچباری خەڵکی کۆچەر و ماڵ بەکۆڵی دەڤەری ئیلام و دێهلوران کە ئێستاش وەک سەردەمی کۆن له حاڵی کۆچ و پێچانەوەی بارگە و بنەدان و هەر وەرز و مانگەی له شوێن و هەوارێک دەگیرسێنەوە، ئێستاش لەم شاخ بۆ ئەو شاخ و لەم پێدەشت بۆ ئەو پێدەشت و لەم هەوار بۆ ئەو هەوار بەڕێوەن و هەر بەشێوەی کۆن ژن و کچ و تاوڵ و ڕەشماڵ و چارەوێکانیان به گوڵ و خشڵ و مەنگۆڵە و گوڵنگ و زەمبەر دەڕازێننەوە. لەلایەکی ترەوە ناوچەی هەورامان و کۆسەی هەجیج و پیرشالیار هەر وەک ئەو دەمە ڕێوڕەسمەکانیان بەڕێوە دەبەن و هەموو ساڵێک له چل و پێجەمین ڕۆژی زستاندا ئەو ڕێوڕەسمەی پیرشالیار بەڕێوە دەبەن و بۆتە بەشێک له ژیان و فەرهەنگی ئەو ناوچەیە. یان تەختی سلێمان کە زۆر له مێژینەیە و سەدان ساڵە دیوارە بەردینەکانی بەپێوە ڕاوەستاون و لەسەر ئاوێک لەنگەریان گرتووە کە هیچ کەس نازانێ بنەکەی کوێیە و له کوێوە هەڵدەقوڵێ.»

لوقمان ڕەحیمی لەم دواییانەدا قۆڵی بۆ کارێکی زۆر پیرۆز و گرینگ هەڵماڵیوە کە تا ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. ئەویش پۆرترێتی شاعیران و ئەدیبان و هونەرمەندان و کەسایەتییەکانی کوردە، بۆیە لوقمان ڕەحیمی دەڵێ: «زۆر بەداخم کە درەنگ کەوتمە سەر بیری ئەو کارە گرینگە، چونکە دەیان کەسایەتی ئەدەبی و هونەریمان له دەست دەرچوون بێ ئەوەی وێنەیەکی جوان و هونەرییان لێ بەجێ مابێ، چونکە پێشتر وێنەگرەکانمان بیریان لەو ئەرکە گرینگە نەکردۆتەوە.»

لوقمان ڕەحیمی (وێنەگر) تا ئێستا ئەم خەڵاتانەی خوارەوەی بردۆتەوە:

(١) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی نێوان پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران له خوراسانی باکوور.

(٢) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی لاوانی ئێران.

(٣) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی له ئەمریکا.

(٤) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی منداڵانی کار له ئێران.

(٥) پلەی دووەم له فیستیڤاڵی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنسکۆ).

(٦) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی نێوان ١٢ پارێزگای ڕۆژئاوای ئێران له ئەردەبیل.

(٧) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی فەجر له تاران.

(٨) وێنەی هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی له ئینگلستان.

# جووڵەکانی کامیرا

فارس سەعدی

**وێنەگری تەلەڤیزیۆنی:** دەبێ کەسێک بێت شارەزایی تەواوی لە وێنەگرتنی گرتە شیاوەکان، لە کات و شوێنی گونجاودا هەبێت، هەروەها گوێڕایەڵی دەرهێنەریش بێت. لەوکاتەی خێرایی لە هەڵسوکەوتەکانی دەبنە مایەی سەرخستنی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکە سەرەڕای کات گەڕاندنەوە و پارە بەفیڕۆنەدان.

**جووڵەکانی کامیرا Camora covertnes:**

کاتێک کامیرا گرتەکان تۆمار دەکات ناجووڵێ، خۆ ئەگەر جووڵاش جووڵەکەی کارناکاتە سەر ڕەگەزەکانی وێنە، یان کادیرەکە، یان گرتە جووڵاوەکە، کە ئەمەش بەهۆی جووڵەکانی کامیراوە لەدایک دەبێت.

**جۆرەکانی جووڵەی کامیرا:**

١- **جووڵەی پان Pan:** تەنیا سەلکی کامیرا بەنەرمی لەڕاست بەرەو چەپ، یان بەپێچەوانەوە دەجووڵێتەوە بۆ ئەوەی جووڵەیەکی نەرم و ڕوونمان پێ ببەخشێ. جووڵەی پانیش چەند جۆرێکی هەیە:

أ- **پانی بە دووکـــــەوتن The following pan:** کامیرا لەسەر کەسێک دەبێت و بەدوای دەکەوێت، یان شتێکی دیاریکراو بەگوێرەی جووڵەکەی دەبێت.

ب- **سێرڤەینگ پان The surveying pan:** لێرەدا کامیرا بەدوای دیمەنێک دەکەوێت بۆ ئەوەی وا لە بینەر بکات لە میانی جووڵەکەدا بابەتی وێنەکەی بۆ ڕوون و ئاشکرا بێت.

جـ- **The interrupted pan**: لێرەدا کامیرا بەردەوام دەبێت لە جووڵەکەی و لەناکاو دەوەستێ، پاشان دیسانەوە بەردەوام دەبێتەوە لە جووڵەکەی وەک کۆمەڵێک سەربازی بەڕیز ڕۆیشتوو کە لەناکاو یەکێک


لەسەربازەکان دەوەستێ، کامیرا لەسەری دەوەستێ و ئەوانی تر بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتنیان. ئینجا کامیراش دووبارە بەردەوام دەبێتەوە لەسەر ئەوانەی کە دەڕۆن.

٢- **جووڵەی tilt**: کامیرا جێگیرە و تەنیا سەلکی کامیرا بەرەو سەرەوە دەجووڵێتەوە، یان بەرەو خوارەوە. ئەگەر بەرەو سەرەوە بوو، پێی دەوترێ Tilt up، ئەگەر بەرەوە خوارەوە بوو پێی دەوترێ Tilt down. جۆری یەکەم هیوا و ئاواتی بەرز بە کەسایەتییەکە دەبەخشێ، بەڵام حاڵەتی دووەم بەپێچەوانەوە ناخۆشی و نەهامەتی دەبەخشێ.

٣- **جووڵەی دۆلی Dollying**: لێرەدا کامیرا لەسەر ستاندێکە و لەسەر سکەیەک بەرەو پێش دەچێت، واتە لە بابەتەکە نزیک دەبێتەوە و پێی دەگوترێ dolly in یان بەپێچەوانەوە لەبابەتەکە دوور دەکەوێتەوە، واتە دەکشێتەوە دواوە، کە ئەمەش پێی دەگوترێ dolly out. حاڵەتی دووەم بۆ ئەوەی بایەخ بە بابەتەکە نەدرێت تەنیا ئەوە نەبێت ئەگەر هەندێ بابەتی تازە هاتنە ناو دارشتنی وێنەکەوە.

٤- **جووڵەی تراک Track:** لێرەدا کامیرا لەسەر ستاندێکی جووڵاوە بەرەو لای ڕاست دەڕوات، یان بەرەو لای چەپ ئەگەر یەکەمیان بوو پێی دەگوترێ Truck Right ئەوەی تر پێی دەگوترێ Truck left لێرەدا گۆشەی کامیرا ناگۆڕێ و بەردەوام دەبێت لە نیشاندانی، بەڵام لە پان گۆشەکەدا چەسپاوە، ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەو دوو حاڵەتە. لێرەدا ماوەی نێوان کامیرا و دیمەنەکە چەسپاو دەبێت و نەگۆڕە.


٥- **جووڵەی کەوانەیی ARC:** لێرەدا کامیرا لەسەر شتێکی جووڵاو دانراوە، یان لەسەر سکەیەکی کەوانەیی کە بەلای ڕاست و بەلای چەپدا جووڵە دەکات، هەمان شت ماوەی نێوان کامیرا و دیمەنەکە چەسپاوە، بەڵام دیمەنەکانی باکگراوند دەگۆڕێن بە حاڵەتی یەکەم دەگوترێ Arc Right و بەحاڵەتی دووەم دەگوترێ Arc left. گۆشەی کامیرا لەم حاڵەتەدا بە گوێرەی ئەوکەسانەی لە ڕۆیشتنندان نەگۆڕە.



٦- **جووڵەی بەرز و نزم کردنەوە Pedestal:** لێرەدا کامیرا لەسەر ستاندێک جێگیر کراوە کە پێی دەگوترێ پێدستڵ، کامیرا ئەگەر بۆ سەرەوە بەرزکرایەوە و جێی نەگۆڕێ پێی دەگوترێ Pedestal up پێدستڵ ئەپ بەتایبەتی ئەم حاڵەتە لە ستۆدیۆکانی تەلەڤیزیۆنی بەکاردەهێنرێ. ئەگەر کامیراکە بەرەو خوارەوە نزم بووەوە، پێی دەگوترێ Pedestal down ئەمەشیان، یان بە بەرز و نزم کردنەوەی سێ پێچکەکەی کامیرای لەسەرە دەکرێ، یان ستاندێکی وەک بۆڕی بەرز و نزم دەکرێ بەهۆی دەسکێکەوە. لێرەدا کامیرا جێی نەگۆڕەو تەنیا سەلکەکەی بەرز و نزم دەبێت.

هەروەها هیچ لەرزینێک ڕوونادات و بەجوانی و نەرمی جووڵەکە ئەنجام دەدرێ. جیاوازی ئەمە لەگەڵ تیلت ئەوەیە لەحاڵەتی تیلتدا سەلکی کامیراکە بەرز و نزم دەسوورێ، یان دەجووڵێ، بەڵام لە Pedestal دا سەلکی کامیرا جێگیرە و کامیرا بە تەواوی بەگۆشەیەکی بگۆڕەوە بەرز و نزم دەبێت.

٧- **جووڵەی کرێن Carne:** کامیرا لەسەر عەرەبانەیەک چەسپ دەکرێ کە باسکێکی درێژی پێوەیە و پێی دەگوترێ Carening Booming کامیرا بە تەواوی بەرەو خوار بێت پێی دەگوترێ Carne down،



یان ئەگەر بۆ سەرەوە بەرز بووەوەوە پێی دەگوترێ Carne up ئەم جـــوولانە لە جـــوولەی Pedestal دەچێ، بەلام بواری جوولە لێرەدا زۆر فراوانترە.

هەندێ جار لەجیاتیان بەم جوولانە دەگوترێ Boom up و Boom down. لەم جـوولانەدا جـوولەی تریشی بەلای چەپ و ڕاستیشدا پێ دەکرێ، بۆ لای چەپ پێی دەگـــوترێ Boom left بۆ لای ڕاست پێی دەگـــوترێ Boom right.

٨- **جوولەی Zooming:** کاتێک کامیرا هاوێنەی دووره تیـشکۆ گـۆڕەری بەسـەرەوە بێت، واتە هاوێنەی زوومی بەسـەرەوە بێت، دەتوانرێ بابەتەکـە لەخـاڵێکدا نزیک کـاتەوە، یان بە پێـچـەوانەوە لە هەمـان خـاڵدا بابەتەکە دوور دەکـاتەوە و ڕووبەرێکی فـراوانتـر تۆمـار دەکات، حاڵەتی یەکەم پێی دەگوترێ زووم ئین Zoom in و حـاڵەتی دووەم پێی دەگـوترێ زووم ئاوت Zoom out لێـرەدا گـۆشـەی کـامـیـرا نەگـۆڕە و تەنیـا ڕووبەری وێنەکە دەگۆڕێ لەچەند خاڵێکدا جیاوازیان هەیە لەگەڵ دۆڵی ئین و دۆڵی ئاواتدا.

١- جوولەی زووم گرتەی نزیک بۆ دیمەنکە بەشێوەی تەسک کردنەوەی گۆشەی کامیرایە، بەلام لەدۆڵی ئیندا، واتە کامیرا بەرەو پێش دەچێت و گۆشەی بینین ناگۆڕێ.

٢- لە جـوولەی Zoom in دا باکگراوندی دیمەنکـە زۆر ڕوون نییە و تیژ و خشت نییە، بەلام بەپێچەوانەی ئەمـە لە حالەتی جوولەی دۆلیـدا باکگراوەندەکـان زۆر ڕوون و جوانن.

٣- جـــوولەی تەنەکـــات لە حـــاڵەتی Zoom in دا سستن، بەلام لە حاڵەتی (Dolly)دا خێراترن.

٤- دەرهێنەرەکـــان زیاتر پشت بە جـــوولەی Dolly دەبەستن وەک لە Zoom لەبەر کاردانەوەی سـایکۆلۆژی بەجـــوولاندنی دیمەنەکـــان نزیک و دوورکـــردنەوەی لەو بابەتەی کـە وێنەی دەگـیـرێت، بەلام لە Zoom دا وا هەست بە بابەتەکان دەکرێ کە لێت دوور دەکەونەوە، یان بۆت دێنە پێش، بەلام Zoom کردن زیاتر بۆ وێنەگرتنی دەرەوە و دیمەنی سروشتی بەکەڵک دێت، لەو شوێنانەی کە دۆلی بە زەحمەت ئیش دەکات.

**سەرچاوە:**

**(١) جماليات التصوير التلفزيوني، رستم ابو رستم، عمان ٢٠٠٨.**

**(٢) مهارات التصوير الاكتروني د. محمد عبدالله سيس و د. تيسير اندراوس، عمان، ٢٠٠٠.**

# نایە!

**سەلاح نیساری**
**(بوکان)**

**بشنو از نی چون حکایت می کند**
**از جدایی ها شکایت می کند**
**(مەولەوی - بەڵخی)**

لەو ڕۆژەوە مرۆڤ هەستی بەدەنگە خۆشەکان کردووە، ئاواز و نارە ناری هەر دەنگێک ختووکەی گوێچکەی داوە و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، تا ئەوەی تامەزرۆیانە هەستی بۆ ترپەی دڵۆپە و خرمەی باران و جریوەی مەل و خوڕەی ڕووبار و ئاو هەڵدێران ڕاگرتووە و شەکەتی و ماندووبوونی ئیشوکاری ڕۆژانەی لە لەش چۆتە دەرێ، هەر وەک لە سروشتی مرۆ دەردەکەوێ و ئاشکرایە گیانداران هەر لە ڕۆژی بناوانەوە حەزیان لە دەنگ بووە، بەتایبەت دەنگی خۆش، مرۆڤ لە کاتی تەنیایی و خەمناکی و هەست کردن بەخۆشی و شادمانیدا بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ نەخوازراوانە هەوڵ دەدات دەنگ و ئاوازێک دابەزێنێ! جا ئەم دەنگە با بە زمان و لێو و گەروو بێ، یان بەپێکدادانی دوو لک دار، یان هەر شتێک کە دەنگی لێ بەرز بێتەوە وەک چەپڵەلێدان، پێ بە زەویدا کێشان، فیکە و فیتوو...تاد




ئیتر لەو کاتەوە مرۆڤ فیکە کردن، یان فیتوولێدانی بەدەم دۆزیبیەوە، ئەو دەنگەی لەسەر لچولێوی خۆی هەست پێکرد، توانی بۆ ڕام کردن و خاو کردنەوەی ئاژەڵان بەکاری بهێنێ و بەتایبەت لەکاتی ئاودانی مەڕ و ماڵات و کەڵ و گامێش بەگشتی، ئیتر وردە وردە ئەم فیکە و فیتوولێدانە خۆی خزاندە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە و سنووری پەڕاند، ئەوسا هەر کەسەی بۆ بەرەی ئیشوکاری خۆی بەکاری هێنا، ئێستاش ئەم داهێنانە نەک بە فیتوو، بەڵکە بە لێدانی چەپڵە لە بەشی هەورامان هەر ماوە و دەیپارێزن. زۆربەی دانیشتوانی ئەم دەڤەرە هاوکات لەگەڵ چڕینی مەقام و گۆرانی و لاوژەدا بەکاری دەهێنن. زۆربەی وتنەکانیش بەبێ لێدانی (ڕیتم)ی چەپڵە مسۆگەر نابێ! دیارە ئەم داهێنان و دۆزینەوانە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ بۆ ئاسانکاری و ئارام بوونەوەی ڕوح و بەئەنجام گەیاندنی ویست و خوازەکانی خولقاندوونی و بەگوێرەی وەخت و زەمان و دەرفەت کەڵکی لێ وەرگرتوون.

هەر وەک لە کاکڵی ئەم دەقەدا ڕوون دەبێتەوە، مرۆڤ هەمیشە بۆ حەواندنەوەی ڕوحی سرک و

نەسرەوتووی پەنای بردۆتە بەر (زەخمە و ژێ و ئامێرە دەنگدارەکان) لە کاتوساتەکانی پەژارە و خەمۆکیدا بۆی بۆتە ئاوپرژێنی کوڵی دڵی لێورێژ لە مەراق و هێوربوونەوە و دابەزین و فێنک کردنەوەی پلەی هەڵچوونی خوێن و هەناوی لە کوڵی، هەر لەهەمان کاتیشدا دەنگبێژی حەساندۆتەوە و سەمای ڕوحی پێکردووە و جوولەی وەجەستە و لەشولاری مرۆ خستووە، بەڵام ئەم ئامێرە بۆچی کۆرژەن نەبووە، ئەگەریش بووە تەنیا لەگەڵ چەند سازێکدا هاوکاری پێکراوە، ئەگینا لە زۆربەی وەختەکاندا بەتەنیایی ژەنراوە. بۆچی نەهاتۆتە نێو شەپۆلی پڕ خرۆشی کۆی سازە دەست ژەنەکانەوە؟ ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە کەمتر کەسانێک توانیویانە (بیێ) بخۆنەوە و خۆ لە قەرەی ژەنینی نایە بدەن، یان دەکرێ زۆر بەڵگەی دیکەشی بۆ بێنینەوە، ئەم کەسانەش کە توانیویانە ئەم سازدەمە بنێنە سەر لێو و خزمەتی کولتووری کوردی پێ بکەن، هەناسەی پڕ لە تاسە و شەپۆلی نەفەسی ئاهوورایی خۆیان بکەن بە ئەوکی نایەدا، فرە نەبوون و ئەوانەی کە هەشبوون ئاشقانە و وەستایانە دەستیان بۆ بردووە و تەنانەت لەمەڕ فێربوون و ژەنینی نایە و شمشاڵەوە قوتابخانەیەک بوون و فێرگەیەکیان نەبینیوە! ئیتر خۆ گەردوونیش باسی ناکرێ کە هەمیشە دژی بەهرەدار و هونەرمەند بووە و ناجوامێرانە خۆڵی فەرامۆشیی بەسەردا کردوون.

گۆران گوتەنی (قەدری سەنعەتکار لەنێو قەومی بەسیتا) بۆ کەس شاراوە نییە و ئەگەر ئاوڕێکی بەخێریان وێ نەداونەتەوە ناو و ناتۆرەشیان وەدووخستوون.

مرۆڤ کە خاوەنی بەهرە و داهێنانە، بەهرە سروشتییەکانیش وەکو ئیلهامێک هاتوونەتە سەر مێشک و هێلانەیان خۆش کردووە، بەدەست و دەم، بە چاووگوێ، مرۆیان هانداوە و وەجوولەیان خستووە، پەلیان گرتووە و لە تەنیایی دەریان هێناوە. هەر وەک دەبینن بە حوکمی پێکدادانی لەپی دەست و دەنگی چەپڵە و گۆرانی دەتوانی کۆمەڵێک خەڵک بخەیتە جوولە و بە کەیفی خۆت هەڵیان پەرێنی، هەر لەو کات و چرکەیەشدا کە تۆ وتنەکەت ڕاگرت و دەستت بەیەکدا نەدا، ئەو کەسانەی لەبەر دەمتدا خەریکی جوولە و سەماکردنن، یەک پێ لەجێی خۆیان دەوەستن و بەبێ جوولە دەمێننەوە، یان ئەوەی هەر لە کۆنەوە ئەم داهێنانە توانیویەتی بۆ دەستەمۆکردنی گیانداران، بەتایبەت لە گوندەکاندا کەڵکی باشی لێ وەربگیرێ و ڕەنگدانەوەی باشی هەبێ. هەر وەک لەکاتی دۆشینی مەڕ و ماڵات و هێنانەبەر کاری یەکسم و کوێتە و ئاژەڵی سلۆکدا، ئیتر ئەم داهێنانە لە چەشنی شەپۆلێکی بەگوڕ کەوشەن و سنووری بەزاندووە و هەر کەسە بەپێی خۆی کەڵکی لێوەرگرتووە، هەتاکو ئەم داهێنانە خەستتر بۆتەوە و بۆ سەر سازە دەستکردەکان گوێزراوەتەوە، ئەوسا هونەر خۆی دەبەژن و باڵای دارستان و قامیشەڵان هاڵاندووە و بووە بە ئیلهام و هەوێنی ئەم شیعرەی مەولەوی بەڵخی. ئەوەبوو کە مرۆ بەدۆزینەوەی چێو و نێوکۆڵ کردنی داروقامیش توانی ئامێرێک بۆ فیتوولێدانەکەی بەرهەم بێنێ، تەنانەت بە ئاوازێکی خۆشترەوە بەگوێی بیسەرانیدا بگەیەنێ.

ئەوسا ئەو مرۆڤە تامەزرۆیە داسی هاورد و گەوزی لە قامیش و مشاری بەداراندا هێنا و بەشی خۆی لێ بڕین، لەبەر تاوی دانان و ناخی هڵۆڵ و خاوێن کردنەوە و لە چەشنی جەرگ و دڵی ئەویندار و مل بە کوێنان کونی تێکردن و بە ئەندازەی کورت و درێژ بڕیونی و دەبەر لێوانی ناون و فووی پێداکردوون، تا ئەوەی هەر هەوایە لە چەشنێک و هەر ئاوازەی لە بەزمێک تێی تووڕاندوون، هەر بۆیە مەولەوی دەبێژێ: «هر کسی کو دور ماند از اصل خویش / باز جوید روزگار وصل خویش».

هەیاران، هەر وەک لە میوەدا تاموچێژی تایبەت هەیە، لە مۆسیقاشدا ئەو چێژە مسۆگەرە، بەڵام بە بڕوای من وەک لەم پێش بارەدا ڕوون بۆوە ئەو ئامێرانەی بەدەم لێدەدرێن و دەیانژەنن، دووزەلە، نایە، زوڕنا، باڵەبان، نەی و...تاد ئەوانە بە کۆمەڵ دەکرێ بە دایکی مۆسیقا ناویان بەرین؛ بەم پێیە لێرەدا پوختەی وتار پەنجە دەخاتە سەر نایە کە ئەم ڕۆژی لە هەندێ وڵاتانی دنیادا، بەتایبەتی لە کوردستان وەک ئامێرێکی سەرەکی و تەواو مۆسیقایی کەڵکی لێوەردەگیرێ، بۆ جوانتر ناساندنی ئەم ئامێرە دەبێ سەرنج بدەینە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە:

نایە بەم عینوان و ناوانە ناودێرە (نایە، نەرمە نای، باڵەبان و دوودۆک) ناسراوە. هەر ئەم ئامێرە دەنگدارە لەم داروردەختانە ساز دەبێت و بەرهەم دێت وەک (عەنناب، شمشاد، قەیسی، کەوت، گوێز، قەزوان، هەرمێ و داربناو).

دیارە هەر شتەی کە بەرهەم دێت

وەستای تایبەتی خۆی هەیە. بە زەحمەت و حەزێکی خوازراو و دەست نەخشینەوە چێ دەکرێت و لەپاش هڵۆڵ و کون کون کردن و ڕێک و لەبار و پێدا هاتن و سافولووس و تیف تیفەدانێکی تەواو، ئەوسا دەخرێتەبەر دەستی هونەرمەندەوە، زۆر جاری واش هەبووە نایەژەن هەر بەدەستی خۆی ئەو ئامێرەی ساز کردووە، ئیتر ئەو نایەیە بەسەر لێوی مامۆستای نایەژەنەوە بووکی شادی لە دڵی مرۆدا دادەبەزێنێ و شنەئاسا تۆزی خەم لە دڵ دەسڕێ، لە هەمان کاتیشدا تێکەڵە لەگەڵ بۆنەکانی پەژارە و ماتەمینی و مەراقەکانی بەیت و باو و سەربردەی کۆن و کەونارا و ناسۆری ناخی مێژووی لەکۆڵ ناوە. هونەرمەندی نایەژەن ئەم سازەی هێناوەتە سەما و نێو دنیای هونەرەوە، ئەگەرچی ئامێرێکی کۆنە، بەڵام تاکو ئێستاش مۆسیقاژەن و فرەزانانی بواری ئامێرژەنیی ئاورێکی ئەوتۆیان لێ نەداوەتەوە، زۆر نایە و شمشاڵژەنی بەهرەداری کوردیش ناویان کوێر بۆتەوە و خۆڵ و خاکی زەمان وەسەریان کشاوە و لەبیر چوونەتەوە. خۆ ئیتر تەخت نشینانی عەرەب و عەجەم ئاورێکی بەخێریان وێ نەداوەتەوە و زۆریشیان لەسەر ئامێرە مۆسیقاییەکانی دەستژەن نووسیوە و بە بەژن و باڵایاندا هەڵخوێندووە، هەر بۆیە هەتاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێ شمشاڵ و نایە هەر وەک خاوەنەکەی کە کوردە بەبێ کەس ماوەتەوە! سەرەڕای ئەمانەش (نایە) بەدەست نایەژەنەوە نەبۆتە(سازی ناسازی هەڵپەسێراو). بەشداری کۆڕی شادی و پێش مەیتانە و شەڕانخێوی کردووە و دەوری خۆی گێڕاوە، بۆتە هاوبەشی مەراقی دڵی خەفەتباران و تراژیدیای سەیدەوان و کاکە شێخ و کاکە میر و گەلۆ و حەیران...تاد

ئەمەش جێی شانازییە بە بۆنەی دەرکەوتنی هونەرمەندی لێزانەوە لەم چاخ و خول و سەردەمەدا نایە زۆرتر برەوی پەیدا کردووە و خەریکە ئاوڕی باشی لێ دەدرێتەوە و کاری بۆ دەکرێ و باشی بۆ دێ!

کەوا بێ ئەم هیوایە شادی لە دڵ دەچێنێ و مزگێنی ڕووناکی دەهێنێ، کە ئەمڕۆ لە شاری ئەدەب و هونەر و داهێناندا گەنجێک سەری هەڵداوە و تێکەڵ بە نەغمە و چریکەی شالووران بووە و هاتۆتە نێو دنیای سەمفۆنیای چریکە و بەستەی مۆسیقاوە، ئەویش نەک بەشێوەی باو و کلاسیک، بەڵکو لەسەر شێوازی زانستی و ئەکادیمی و تەواو لە چوارچێوەی هونەری و زانستیدا ئەو ئامێرەی هەڵبژاردووە، لەمەڕ ئەم دارە هەناو هەڵۆڵەوە زۆری خوێندۆتەوە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی کردووە، شەو و شەونخوونی زۆری کێشاوە و لە ڕووپەڕانی ڕوانیوە و ڕاڤە و پشکنینی بەردەوامی بووە و گەیوەتە ئەو ئاکامەی چیدی نایە غەریب و دوورەپەرێز و دوور لە سازە دەستژەنەکان مل بەلارەوە نەنێ، لەشێوەی (نەی کەسایی) شان و شکۆی بداتێ، ئەم نایەژەن و ئەم ئەستێرە درەوشاوەیە کەس نییە جگە لە (مەنسوور بەهرام بەیگی) لەگەڵ هەوڵ و دەوڵێکی زۆر و ماندوونەناسانەدا کاری لەسەر ئامێری نایە کردووەو سەرلەبەر هەڵی وەشاندۆتەوە، ئەنجا لە ڕووی زانستییەوە دایڕشتۆتەوە و چۆن شایانی دەستوپەنجەی هونەرمەندانە و بابەتی کۆڕی مۆسیقاژەن و سازە میللییەکانە ئەم سازەی ساز کردۆتەوە و عومری درێژی بەبەردا کردووە و نرخی تایبەتی داوەتێ.

هەرچەندە من بڕوام وایە نایە لە ڕەسەنی کوردە، بۆیە قەتی بۆ نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماندووبوون و هونەری (مەنسوور بەهرام بەیگی)م لە نزیکەوە بینیوە، لەو باوەڕەدام لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئاسۆیەکی ڕوونی لەبەر دەمدایە و ئەستێرەیەکی درەوشاوە و تاکەسواری گۆڕەپانی نایەژەنی موکریان و کوردستان دەبێ بە گشتی. ئێستاش مەنسوور بەهرام بەیگی، کە خۆی ژەنیاری نایە و باڵەبانە لە هیچ کۆڕ و بۆنە و کارێکی هونەریدا خۆنابوێرێ و بە دڵ و گیان هاتۆتە مەیدان و پەنجەی بەهێز و هونەری بەپێزی نیشان داوە و شێلگیرانە لە خزمەت بە هونەر نەوەستاوە، ئەم نایە ژەنە گەنجە کتێبێکی لەمەڕ ناساندن و چۆنیەتی (نایە)وە نووسیوە و لێکدانەوەیەکی شیاو و تەواوی بۆ کردووە، ئەم ئامێرەی وەک سازێکی ڕەسەنی کوردی لەڕووی زانستییەوە ناساندووە. کەوابێ جێی خۆبەتی کاڵای پڕ بە باڵای هونەرمەندیی بە باڵای ئەو گەنجە ببڕین و ناوی (هونەر + مەندی) لەسەر دانێین، لەبەر ئەوەی ئەو ناوە وەکو بڕوانامەی بەرزی زانکۆ وایە و لە چەشنی میدالێکە کە دەکرێتە بەرۆکی ئەو کەسانەی وا شایانی ئەم درەوشانەوەیەن، کە ئەمەش بەختەوەرییە بە نەسیبی هونەرمەندان و شاری هونەر و تۆرەی کوردی (بۆکان) بووە و ئەستێرەیەکی پرشنگدارە بە تەوێڵی ئاسمانی کوردستانەوە..

# بە تەما بووم لە تەم بدوێم

**هاشم سەڕاج**




«بە تەمابووم لە تەم بدوێم» ئەم دەستەواژە ڕاڕاو نیگەرانە ناوونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی «بەڕۆژ ئاکرەیی»یە، وشەی، یان دەستەواژەی بەتەمابووم، من، نووسەر- خوێنەر، دانەر، وەرگر، [بەتەمابووم] هەڵگری هێزێکی لە ڕادەبەدەری لێوانلێو لە ڕاڕاییە، بە نیازبووم، بە تەمابووم، دەمویست، پێم خۆش بوو، پێم باش بوو، لە تەم بدوێم، دەستەواژەیەکی نیگەرانە و ئاراستەی بوونێکی نەزانراو دەکرێت، دەستەواژەیەک کات و شوێنی گۆکردنی دیار نییە، دەستەواژەکەی «نیتشە»م بیردەخاتەوە، کاتێ گوتی «چەترەکەم ون کرد»- کات و شوێنی کردەی ونکردنەکە دیار نییە، بەڵام ڕستەکە هەڵگری حەسرەتێکی نیگەران و کوشندەیە. تەم.. لێرەدا، یان لەم کۆشیعرەدا شوێنی چەمکی- مایا- ی [شۆپنهاوەر] دەگرێتەوە، یان ئەو لەمپەر و ئاستەنگە لێڵ و ئەستوورەیە بەری حەقیقەتەکان ڕاستییەکان-مان لێ دەگرێت و نایەڵێت ڕووبەڕوویان ببینەوە، یان ئەو پەردە تەنک و مەلەس و لێڵەیە پێشی ڕوخسار دەگرێت و نایەڵێت چێژ لە جوانی وەربگرین، تەم ماسک نییە، لەمپەرێکی لێڵ و ئاڵۆزە، ئێشوئازار بەچاو و بینین دەگەیەنێت و خەریکە لە چەمکی جوانی و چەمکی حەقیقەتەکان دامانده‌بڕێت، ئیتر بە هەڵدانەوەی یەکەم لاپەڕەی کۆشیعرەکە هەست دەکەین خەسڵەتی ئەم حەسرەت و ڕاڕایی و نیگەرانییە ئاوێتەی وەهمە جوانەکانی دەق دەکرێت، مەبەستم -مایا- جوانەکانی شۆپنهاوەرە، واتە شیعر مانەندی ژیان بە کۆمەڵێک -مایا- پەردەپۆش کراوە، بەڵام مایاکانی شیعر لە ئایرۆنییەت و فارماکۆنیەتی زمانەوە سەرچاوە دەگرن، کەواتە- بەڕۆژ ئاکرەیی- یان ئاخاوتن بە چەمکە تاکە کەسییەکەی - سوسێر- خەریکە لە تەم، مایا، وەهم، دەدوێت، ئەم وەهم بینییەی ژیان، لای ئیبن عەرەبی-یش بوونی هەیە و لەگەڵ لایەنە سۆفیگەرییەکەی ئاوێتە بووە، لەلایەکی دیکەوە چەمکی تەم و خەسڵەتی تەم- تومانی.. لە بنەڕەتدا ئاوێتەی گەوهەر و

سیستمی زمانە، بۆیە سیستمی زمان لە ڕووی گەیاندنی مانا و دەلالەتەوە جۆرێک لێڵی پێوە دیارە، بەکاربردنی ئامرازەکانی پێشگر و ناوگر و پاشگر لە پێناو گەیاندن و ڕوونکردنەوەی لێڵی مانایە، هەروەها زۆرجار خەسڵەتی تەم و تەمتومانییەت لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا وەک تەکنیک بەکار دەبدرێت، بەتایبەتی لە کایەی پیشەسازی سینەماو هونەری شارستاتیکی شیعریدا، برێک جار کارەکتەر بۆ ماوەیەکی زۆر دیار نامێنێت و لە پڕێکدا دەردەکەوێت، یان چەمکی مانا لە برگەکانی شارستاتیکدا بە ئاڵۆزی دەمێنێت و بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست، هەروەها واژەی -تەم- لە ڕستەی «بەتەمابووم لە تەم بدوێم- دا دوور نییە مۆرکی «Polysemia» پۆلی سیمیا- یان فرە مانایی.. لە خۆ گرتبێت، چونکە ماناو دەلالەتی تاقە وشە بەپێی ناوکۆیی ڕستە و پێوەندی گرتنی بە وشەکانی ترەوە دەگۆڕێت و مانای جیاواز دەبەخشێت، ڕەنگە واژەی -تەم- برێک جار- مانای ئەو ئاخڵە تەنکە دەربڕێت کە دەوری ڕوخساری یار دەدات، یان چەمکی تەم یەکسان بێت بە چەمکی -عەدەم- و ئەو خەمۆکییە کوشندەیەی زۆرجار ڕوحی مرۆڤ داگیردەکات، تەم لەم کۆشیعرەدا، بە خەسڵەتێکی پۆلی سیمیایی، لە میان چرکە ڕیتمییەکانەوە دەدرەوشێتەوە و دەلالەتی جۆراوجۆر دەدرکێنێت و گوزارە لە چرکە هەنووکەییەکانی مرۆڤ دەکرێت، یان ئەو بوونەوەرە شەکەتەی سەردەم کە گیانی لەژێر زەبری دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکاندا لەتوپەت کراوە، دەق لەم کتێبە شیعرییەدا هەڵگری شڵەژاوییەکی شاراوەی حەسرەتناکە، شڵەژاوییەک لە پانتاییەکانی پۆست مۆدێرنەوە بە ڕیتمگەلێکی جۆراوجۆری دەروونی ماناو دەلالەتە تەمئامێزەکانی بە مۆرکی حەسرەت و دوودڵی بارگاوی دەکرێن.

**من مرۆڤی ماندووی ئەم سەردەمە**
**ماندووەم**
**ماندووم لە ماندوێتی ئەو ژنەی**
**خۆشم دەوێ و**
**خۆشی دەوێم و ماندووە لە**
**ماندوێتم**
**تاقەتی بیستنی هەواڵەکانم نییە**
**هەر لێرە کە دانیشتووم و خەریکم**
**ئەم دێڕانە**
**دەنووسم**

تا دێ مۆرکی شەکەتی تەشەنە دەکات و سەرلەبەری بوارەکانی ژیان و شتگەل و ئەو توخم و ڕەگەزانەش دادەگرێت کە مرۆڤ چرکەکانی خۆشی و شادی و هۆگری تێدا دەدۆزێتەوە، بۆیە ڕیتم، یان ئەو جووڵە دەنگییەی کە لە پانتاییەکانی ڕوحەوە دادەڕژێت، پەیڤەکان بە خەسڵەتە جیاجیاکانی نیگەرانی بارگاوی دەکات و دەلالەتی جۆراوجۆر دەدرکێنن- یان دەلالەتگەلێک لە فەزایەکی شینی نیگەرانی و هەستێکی شینی ئۆنتۆلۆژیدا دەلەنگێن و ئاماژە گەلێک پەخش دەکەن

**ماندووم**
**لە ڕێکردن بەرەو مردن**
**لە ترسی: ترس/ برسیەتی/ ئەڤین**
**دا**
**دا**
**دا**
**دەزانم دەبێ دایەکانیش لەبیر**
**نەکەم**
**کە دەستی ماندوویان سینگی**
**ماندوویان**
**دەکوتێتەوە**

مۆرفیمی [دا]یان وشەی [دایەکان] هەم دەلالەتی-دا-یە داڕژاوەکانی جیهانی زمان و کایەی وشە و پیتەکان دەگەیەنێت، هەم ئاماژەیە بۆ ئەو دایکە غەمگینانەی لەنێو مەرگەساتە جەرگبڕەکانی زیندەگیدا سنگی خۆیان دەکوتن و شیوەن دەگێڕن، من وەک خوێنەرێکی گەریدە دەمەوێ لە دەڤەری بەرفراوانی دەقدا، بۆ چەند چرکەساتێک ئاوێزانی دەلالەتەکانی تێکست ببم و بەڕوانینی -جیل دۆلۆز- بۆ چەمکی فەلسەفە، چەند چەمک گەلێک لە فەزای کردەکانی دەربڕین، بخوڵقێنم، لەوانە چەمکی حەسرەت، بێ دەنگی، شڵەژاوی، لەنجەی ڕیتمێک کە بە داڕژانەوە چرکەکانی غەمگینی دەدرکێنێت، برگەکان لە دەقی [بە بێ دەنگییەکانەوە] وەرگیراون و دووبارە وەردەگیرێن، چەمکی بێ دەنگی، هێندە کشومات و خامۆشە، تێکڕای شتگەلە جوانەکان دادەپۆشێت.

**دانیشتووم بە دیار یاریکردنی**
**یادەکان لەژێر نسێ و بەر**
**باران و نێو بەفر و دەم با؟....**

دەستەواژەیەک لە گۆرانییەکی [ماملێ] جووڵەکانی ڕیتم بە حەسرەت و سۆییەکی قووڵتر ڕەنگڕێژ دەکات:

**(ئاگرێ بەرۆتە هەناوم....**

دەق وەک بارستاییەکی چنراو لە وشە، بەهۆی بۆشاییە سپییەکان و لە پڕێک وەستان و هەڵدانی چەند وێنەیەکی زەینی و جۆرێک لە دنیابینی تایبەتی، دەلالەتەکان لە کەشوهەوایەکی ڕیتمئامێزدا دەدرەوشێنێتەوە و خەریکە ڕوحی تەمومژاوی شتگەلەکان دەنووسێتەوە:

**ئایا هیچ بایێ نیگام و نەدۆزینەوەت دەیباتە سەر قاپە**
**نەشۆردراوەکانی متبەخ و خاولییە شینەکەی سەر**
**دەسکی کورسی و هەستان و گەڕان بەشوێن هیچ**
**شتداو هاتنەوە و پشت پەنجەرەش، شوێن پێیەک لەسەر بەفر نەگەڕاوەتەوە**
**کێ بوو گوتی «دێتە دەر لە هەناسەم بۆ سۆ»**

ژنێک لەم چرکەی لەتوپەتبوونی ڕوحییەدا ئاگری لە دڵ و دەروونم بەرداوە،

**لەم لای سینەم کە ناوی چەپە**
**دەنا من چیم داوە لە خۆشویستنی خۆشەویستی!**

دەق ئاماژەیەکی شاراوە و نەگوتراو دەردەبڕێت، ئاماژەیەکی نادیار بۆ دڵی لێوانلێو لە عیشق و سۆزی- عەتار- دەدرێت، - مەولانا- بەو هەموو ئاگری دڵەوە ئیرەیی بە کووچەو کۆڵانە پڕاوپڕ لە پشکۆ عیشقییەکانی دڵی- عەتار- دەبات- عەتار حەوت کووچە و کۆڵانی ئەڤینی بڕیوە، کەچی من جارێ لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا گیرم خواردووە، چ ئاگرێکی شینە عیشق، شالاوی ڕووە و لای چەپی سینەیە، ئەی یار، تۆ ئەی بنێسیترین یار...

**ژنێک لە شوێنێکی لەشمدا بۆتە ژان و**
**پێیەکانی کردۆتە هەنگاو**
**ژنێک کە خۆشم دەوێ و ئەویش دەیوێم**
**نایناسم و ئەویش هەر وەتر**
**لێی دەگەڕێم و**
**هاوڕێی شەقام و هەنگاوەکانمە**

هەوڵ دەدەم لەم کۆ شیعرەدا لە ڕێگەی بنیادی ڕیتمی و زەنگی واژەکانەوە برێ دەلالەتی نەگوتراو بدوێنم، چونکە ڕیتم «بریتییە لە جووڵەی مانا و ئاستی دەلالی، کە جۆراوجۆری دەنگی فۆرمۆڵەی دەکات».. بۆیە لە بنیادی تێکستەکانی ئەم کتێبەدا ڕیتمێکی تایبەت هەڵدەقوڵێت هەڵگری تەمێکی شینە، تەمێک لێوانلێو لە دەلالەتەکانی عیشق و حەسرەت و غەمگینی و دڵەڕاوکێ و بێ دەنگی، بەڵام سەرەڕای ئەو فرە دەلالەتی و فرە ماناییەی کە تاقە وشەی /تەم/ مانەندی پرشنگ دەریدەبڕێت، کەچی ڕستەی [بە تەمابووم لەتەم بدوێم] بەهۆی ڕیتمی ناوکۆیی ڕستە و لەرە و زەنگی وشەی /تەم/ لە بنیادی ئەم ڕستە مەنگ و نیگەرانەدا، زەینی خوێنەر بە دەلالەتی وەهمبینی گەمارۆ دەدات، واتە کەینوونەی وەهمێکی شین کە سەرجەم دەلالەتەکانی تری لەخۆ گرتووە، لێرەوە تێکست ڕووەو جیهان دەکرێتەوە، خوێنەری وەرگر، یان خوێنەری بەرهەمهێن دەتوانێت، چوون یاریکەرێکی «گادامێر»ی.. نوقمی پانتاییەکانی گەمە و کەرنەڤاڵ و دیالۆگەکانی کردەی نووسین بێت و لە ڕێگەی مەودای ئیستێتیکی و ئەو ئاوێتە بوونە هەستییەی نێوان دەق و خوێنەر کە «یاوس» جەختی لەسەر دەکات، پراکتیزە بکرێت، واتە تێکست بوونی خۆی لە بازنەیەکی هێرمینۆتیکیدا دەدۆزێتەوە، کە تێیدا خوێنەر لەنێو یارییە هەمیشەییەکەیدا سەرقاڵی ڕەهەندەکانی چێژ و تێگەیشتنە، بەڵام تێکستی [لە بێ دەنگییەکانەوە] وێڕای ئەم وەهمبینییەی دەسبەرداری خەفەتە بنەڕەتییەکانی ژیان نابێت و بەهەمان ڕیتمی غەمگین گوزارە لە مەینەت و دەردەسەرییەکانی /بوون/ دەکات و سینەی- دا-کان- دایکەکان، دەبێتە مەفتەنی حەسرەت و کەسەر و شیوەنگێڕی، سینەیەک خەریکە ئەشکەنجە و ئازارە هەیولایی و سرووشتییەکانیش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت

**بنووسم «ئاخ»**
**گوێی منالێم دەڕوا ڕووە و**
**ئەو ئاخانەی لە سینگی دایکمەوە**
**هەڵدەکێشران**
**بەرەو کەسەرێ**
**کە سەری لە هەورەکان سەرووتر بوو**
**نەنووسم «ئاخ»**
**لە ئاخنەبای نووسینمدا**
**ئاسمان سەرم هەڵدەهێنێ:**
**پەڵە هەورێک**
**لەسەر شانم بەجێ ماوە.**

لە ڕوویەکی دیکەوە «بەرۆژ ئاکرەیی» وێڕای تەمنووسییەکەی

هەوڵ دەدات لەنێو مۆسیقا گشتییەکەی زماندا ڕیتمگەلێکی تایبەت بەخودی خۆی بدۆزێتەوە، پەیوەست بە حاڵەتە دەروونی و زەینییەکانی، بۆیە زۆرجار تاقە وشە لە تێکستەکانی بەرۆژدا ڕووی لە جیهانی ئەبستراکتە، یان هێندە بە بنێسی دەردەکەوێت هەست دەکەی جەستەیەکە لە ڕیتم و ڕوح بە گەمە مۆنادییەکانی یاری بە بوونی دەکات، وێڕای گەمەی زمانی و کورتبێژی و هەڵدانی ڕستەگەلێکی حەسرەتئامێزی شیعری... من لەم خوێندنەوە کورتەدا هەوڵ دەدەم چەند کۆپلەیەک لە دەقەکانی تری ئەم کتێبە وەربگرم..

**وێڵی دنیای وێڵی کردووم**
**تاڵە ماندووەکەی سەر تەوێڵی**
**تاڵت**
**ئەژنۆم دەئاخنی لەم**
**دەستم لە هیچ**
**چاوم لە تەم**
**زارم.... ئاااااای؟**
**..............**
**..............**
**سەرم دەخەیتە بن باخەڵم**
**هەنگاوەکانم دەبەیت**
**دەبڕوانە: شەقامەکان بۆ کوێم**
**دەبەن!**
**پەیڤەکان بەردبن**
**چاوم لەخەم دادەتاشم**
**لێوت بەڵام**
**لە پێکەنین.**

یان ڕیتم لەخۆوە هەڵدەقوڵێت و بەشێوازێکی سەرسوڕمێن یاری بە چەمکی «نەڕێ» دەکات و وشە لە ناوکۆیی ڕستەدا توخمی «مەدلوول» بە ئاڵۆزییەکی جوان و حەسرەتکێش دەردەبڕێت، چونکە زۆربەی دەقەکان لە فەزایەکی شینی دڵەڕاوکێ ئامێزی ئاماڵ بە جۆرێک لە سۆفیزمی نوێدا دەخولێنەوە، واتە مانەندی سەفەرە لاهووتییەکەی [سی+ مورغ].. «سیمرغ»ی «عەتار» کە لە دەقێکدا بە شاراوەیی ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە سۆفیزمە نوێیە هەمیشە ئاوێتەی چرکە بێ موبالاتەکانی ژیان و دید و ڕوانینێکی پۆست مۆدێرنە دەکرێت..

**پەیڤی «تۆ» لێوڕێژە لە «من»!**
**چی دەکەم؟**
**بەم پێنووسە دادەتاشم «من» لە**
**«تۆ»**
**تۆش برۆ!**
**ڕاکە!/ پرچت بە با سپێرە/**
**چوزانم!**
**هەرچی حەزت لێیە**
**کە دەڕۆی**
**دڵنیا دەبم**
**ئیتر ناڕۆی!**

یان کاتێ ڕیتم یاری بە ڕەگەزی ئیرۆتیکی و چەمکی نێو دژییەکان دەکات، ڕستێک لە وێنەی شیعری جۆرێک لە چێژ و چەشە بە ڕوح و زەینی خوێنەر دەبەخشێت..

**سینەت دەخەیتە سەرچاوم**
**ماچی مەمکت بە برژانگم**
**دەستم بەرەو دارستانە شێدارەکەت**
**دەڕوا**
**هەناسەت... هەناسەم**
**پێکەنینت: نەرم: «دڕندە! دڕندە**
**ئازیزەکەم»**
**لێوەکانت دەگەزم**
**زاری بەستەزمانم**
**پڕ دەبێ لە دڕندەی ئازیز!**

یان ڕیتم جووڵەی هەناسەیە و قژی پڕ تەم و ئاونگی یار دەشێوێنێت، ئەم کۆپلەیە و چەندین کۆپلەی تریش هەڵگری چرکەکانی یادەوەرین، ڕیتمگەلێکی غەمگین لە چرکەساتی ئێستای تێکستەوە هەڵدەقوڵێن و ئاگری هەست و نەستێکی شین ئاوێزانی خۆڵە کەوەکانی دنیای نوستالیژیا دەکەن و بوونی ئولفەت و هۆگرییەک کە پابەندی شوێنگەلێکی جیاجیایە بە عیشقەوە دادەگیرسێت، چونکە شوێنە شینەکانی وەک ژوور و باڵکۆن و شەقام و بەرپەنجەرە و هەتا شتگەلێکی ناوازە و جوان و بەهاداریش لێوانلێون لە یادەوەرییەکانی زەمەنی بەسەرچوو، بۆیە ڕیتم زۆرجار لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بڕێ جاریش لە پانتاییەکانی ڕوح..

**با...**
**نا...**
**هەناسەی من بوو**
**سەرتی وەرچەرخاند**
**دەستی چەپت پرچتی لەسەر چاوت**
**لادا**
**منت بینی و گوتت: ترسام**
**هیچم نەگوت**
**گوتت: بچینە ژوورەوە**
**هیچم نەگوت**
**ئێستاش لەو باڵکۆنەدا:**
**کورسی/ مانگەشەو/ هەناسەی**
**من...**
**نا...**
**با...**

هەروەها سازدانی جۆرێک لە یاری دەلالی لەنێوان وشەگەلێکی لێکچوو، یان وشەگەلێک لە ڕووی فۆرمۆلەی مۆرفیمییەوە، یان

لەشێوەی چەند پیتێکەوە لێک نزیکن، هەروەها چەند تاقە وشەیەکی لێکچوو لەیەک مانا زیاتر دەدرکێنن.. وک کەوێڵ = کۆخ، کۆختە، ئەشکەوت، خانووی چکۆڵەی یەک چاوە، ئامانی ماڵ، کاسە و کەوێڵ، یان پێوەندی ریتمی نێوان وشەی کەوێڵ و کەوڵ.. هەروەها مانای جیاوازی دەق = تێکست، دەق و دەقکردن و دەقگرتن و قەدکردن و... سەر و سەوداسەر... تاد هاوکات تێکست لەم گەمە زمانییەدا توخمی شیعرگەرایی لە دەست نەداوە.. چونکە ریتمێک لەم کۆپلەیەدا دەخولێتەوە، لەمەفتەنی هەستەوە سەرچاوەی گرتووە.

**ئێستاش گەرەکمە**
**کە وێڵێ سازکەم**
**بۆ کەوڵی هەستم**
**لەو کەوێڵەدا**
**چرای سەری سەودا سەرم هەڵدەکەم و**
**فریشتەیەک لەم دەقەدا**
**دەق دەکەم..**

تەم، تەنکە هەڵمێکی قاوەرەنگی لێوڕێژ بە زەنگیانەکانی ئاونگی جەستەی یار و تنۆکە شەونمی هۆگریی، تەم عیشق و جوانییەکانی لەخۆ گرتووە، پڕاوپڕ لە یادەوەرییەکانی شوێن و چرکە ئیرۆتیکییەکان، مەگەر بای حەسرەت و سوێی دڵ و دەروون و گیان هەڵبکا، ئەگینا ئەم تەمە تەنک و شینە سەر لەبەری دەرودەرگا و مینای پەنجەرە و بەر درەختەکەی بەر ژووری «یار»یشی داگرتووە، لێرەدا خودی شیعر بە تەمایە لە چرکە ئیرۆسییەکانی تەم بدوێت- تەنکە تەمە برۆنزییەکانی جەستە-، تەمەکانی بەرزی باڵای یار.

**گەر**
**تەمە تەنکەکەی ژێر درەختی بەرماڵت بام**
**خۆم دەدا**
**دەست با**
**تاکو بمبا**
**لەو ژوورەدا چی دەکەیت؟**
**ئاوێنە سەرینت نیشان دەدا**
**دەستی کراست**
**بەسەر تەختەکەتدا شۆڕ بۆتەوە**
**تۆش لە پەنجەرەوە**
**چاوت بڕیوەتە**
**تەمە تەنکەکەی ژێر درەختی بەرماڵەکەت**
**کە گەر من بام**
**خۆم دەدا**
**دەست با**
**تاکو بمبا...**

دەق هەمیشە پرشنگی جوانی روخساری یار و چرکە ئیرۆتیکییەکانی جەستە و پرۆسەی نووسین دەداتە بەر بای دوودڵی و بەدید و روانینێکی پۆست مۆدێرنە لە چەمکی بوون و جوانی چارەنووسی شتگەلەکان دەڕوانێت، بۆیە هەست بە تەمێکی شاراوەی نهیلیستی دەکرێت کە جار جارە لە شێوەی شەبەنگێکی شین لە میان سیستمی زمانەوە دەلەنگێ و گوزارە لە پوچێتییەکی شین و بێ هودەییەکی شیرین دەکات و برێک جاریش لە رووپەڕی تەمە هەیولاییەکاندا چرکەساتە پڕاوپڕ لە نیگەرانییەکانی ئێستای بوون دەنووسێتەوە.

**چەند سێوییە کورسی دوور لە سیلەی چاوەکانت**
**کە هەڵدەستێت، تاریکی دەشڵەقێنیت و**
**دەستت لە جگەرە دەگەڕێ**
**منیش لە دیدی کورسییەوە:**
**دانیشتووم و چاوەڕێم دەست بۆ چەرخ بەریت و**
**سەوزایی سەری مەمکت بنووسمەوە**
**روو لە هەر لایەک دەکەم تۆ لەوێ رووتیت**
**پەنجە بە زمانت تەڕ دەبێ:**
**وەرە!**
**روو وەردەگێڕم تۆ لەوێ رووتیت**
**سەری پەنجەت چمکێ لا دەدا:**
**گوڵەکەم تەڕە!**
**چرا کوێر دەکەم**
**تاریکییەکی تەڕ دەگرمە باوەش.**
**پەردە لادەدەم**
**تاریکی بەفری لێ دەبارێ**
**کچێک خەریکە بەژێر چرای سەرشەقامدا تێدەپەڕێ**
**من لە پشت پەردە**
**قورسایی دڵم خستۆتە سەر قاچی چەپم.**
**دوێنێ درەنگە**
**سبەی دوورە**
**ئێستا... نانووسم.**

سەرەتا گوتم خودی شیعر خەریکە مایا جوانەکانی ژیان دەنووسێتەوە، ئەو وەهمە جوانانەی هەمیشە لە تەمێکی تەنک دەکەن.. تەم خەونە، جوانییە، عەدەمە، خەمۆکییە، ئاگری ئەو عیشقەیە کە دڵ و دەروون دادەگرێت، تەم زەنگیانە زەردەکانی بەربایە، لە پرێکا رووەو دەڤەرە

نادیار و نەزانراوەکان پەرش دەبێت، تەم زەمەنی بوونە، لەپڕ دێت و لە ناکاو چەشنی چەترەکەی /نیتشە/ون دەبێت، کۆژیتۆی نائەقلانی شیعر پێی گوتین..

«بە تەمابووم لە تەم بدوێم»... بەڵام کاتێک کووچە و کۆڵانەکانی «عەتار»م دەبڕی.. تووشی «مەولانا» هاتم و لە دیدی وەهمبینی «ئیبن عەرەبی»یەوە لە عیشق و گەردوون و جوانی دەڕوانی.. کێ بوو گوتی ژیان لە خەوێکی شین دەکات و پێویستە خۆشنوودییەکانی بنووسینەوە.

**ئەم جیهانە خەوخنکێنە لە خەونمدا بخنکێنە**

**کە کردوومیەتی بەدێو**
**دێوی ماندوو لە ماندوویێتی**
**دێوی تەنیا لە تەنیایی**
**دێوی زەلیل لە دێوێتی**
**قەحبە گوڵ...**
**حەزم لە چڕینی گریانی خۆمە**
**لە ڕاکردن بەرەو نازانم کوێ**
**کە هیچ کەس لەوێ**
**پێم ناڵێ بۆ کوێ؟**

دواجار خودی شیعر لە دەقی «سەنگساربوون بە دەمی سەگسارەکانەوە»دا بە کۆپلەیەکی ناوازەی شیعری کە لە ڕوانینێکی پۆست مۆدێرنەوە سەرچاوەی گرتووە، هەوڵ دەدات مۆراڵ و ترادیسیۆنە باوەکان تێک بشکێنێت و بە زەین فراوانی لە چەمکی ئازادییە جۆراوجۆرەکان بڕوانێت، سەرەڕای ئەوەش کردەی نووسین لەم کۆ شیعرەدا بڕوای تەواوی بە لایەنی شێتی هەیە کە شاعیری بە توانا و بەهرەمەند لەم توخم و ڕەگەزە ترسناکە بێ بەش نییە، زۆربەی بیرمەندانیش جەختیان لەسەر ئەم حاڵەتی شێتێتییە کردووەتەوە لەوانە «جۆرج باتای» و میشێل فووکۆ.. پێیان وایە شاعیر وێڕای هەستی ئیستێتیکی هەڵگری جۆرێک لە توخمەکانی شێتییە، هەر لەبەر ئەمەشە «بەڕۆژ ئاکرەیی» ناوونیشانێکی درێژ بەنێوی

**تۆ...**
**لە دنیادا یەکێ وەک تۆ**
**ئەویش من شێت...**

بۆ دەقێکی سادە سپی هەڵدەبژێرێت، کە بریتییە لە کرانەوەی فەزای چەندین لاپەڕەی سپی... سپی دوایین جار بەم کۆپلە شیعرەی خوارەوە کۆتایی بەم خوێندنەوە دارژانئامێزە دێنم. کە برگەیەکە لە تێکستی «سەنگساربوون» وەرگیراوە

**فریشتەیەک گوتی:**
**خوێڕییەکان گشت شتە باشەکانی ئێمەیان بردووە**
**بەڕۆژێک گوتبووی:**
**من، هیچ کام لە خوشکەکانم قەحبە نەبوون**
**بەڵام گشت قەحبەکانی دونیا، خوشکی منن!**

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب = بە تەمابووم لە تەم بدوێم «١٩٩٩- ٢٠٠٢»**
**ژانر= شیعر «کۆمەڵە شیعر»**
**ناوی شاعیر= بەڕۆژ ئاکرەیی**
**چاپی یەکەم- سوید- ٢٠٠٤**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# فەلسەفەی ڕۆشنایی

## La philosophie des Lumieres

لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا تا ئێستا زیاتر بەرانبەر بە فەلسەفەی ڕۆشنایی، یان ڕۆشناییەکان (هەروەکو لە فرەنسییەکەی بەکۆ هاتووە: ڕۆشناییەکان- Des Lumieres) دەستەواژەی سەردەمی ڕۆشنایی Epoque de Lumiere بەکارهاتووە، ئەگەرچی لە ڕووی مانا و خاسیەتەوە ئەم دوو دەستەواژەیە یەک تایبەتمەندییان هەیە، بەڵام فەلسەفە جیایە لە سەردەم. ئەم بەکارهێنانەش زیاتر لەناو ڕۆشنبیری ئەدەبی و فیکری کوردیدا بەتایبەتی بەکاردەهێنرێ.

فەلسەفەی ڕۆشنایی، یان ڕۆشناییەکان (فلسفة التنوير) وەک دەستەواژەیەک دوو مانا هەڵدەگرێ کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی، یان یەکێ لە کارەکتەرە (خاسییەت- خەسڵەت) سەرەکییەکانی سەدەی هەژدەمی ئەوروپی دەستنیشان دەکا: یەکەم ڕۆشنایی ئەو گرینگی و بایەخە پیشان دەدا کە دەدرێتە ئەقڵ، توانای ڕۆشنکەرەوەی ئەقڵ، بەڵام هەرچی فەلسەفەیە، ئاماژەیە بۆ ئیدیالێکی ئەقڵی مرۆیی (هی مرۆڤ).

کە دەڵێین «ڕۆشنایی»، یان «ڕووناکی» وەک کێشەیەکی تایبەت بە بوونی کۆمەڵێک مانا لە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک «Connotation- واتە بوونی مانایەکی تر لە پاڵ مانای بنچینەیی، مانای سێبەر، مانای دووەم... تاد) ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی: مانا و دەستەواژەی تاریکی دەبینەوە، چونکە ڕۆشنایی ڕابەریی مرۆڤ دەکا، دنیای بۆ ڕووناک دەکاتەوە، ڕۆشنایی ڕابەرە. لەمەش پێشنیاری چوون بەرەو جۆرە فۆرمێکی هەقیقەت هەیە.

نووسەران و فەیلەسووفانی ڕۆشنایی گرینگییان بەو لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییە دەدا کە لە ڕوانگەی ئەوان شایانی ڕەخنەگرتن بوو. ئەم ڕەخنەیەشیان بەشێوەیەکی زۆر پلان بۆ دانراو دەکرد.

«ئەقڵی پشکنین» یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەوان بوو. بۆ نموونە وردبوونەوە لە سیستمی شاهانە و ڕەخنەگرتن لێی لەلای مۆنتیسکیو- Montesquieu لە کتێبی گیانی یاساکان، یان ئەقڵی قانون-دا لە ١٧٤٨، ڤۆلتێر- Voltaire لە «نامە فەلسەفییەکان» و دیدرۆ- Diderot لە ئینسیکلۆپێدیادا باسیان کردووە. دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک ناعەدالەتی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ڕوسۆ- Rousseau و بۆمارشێ- Beaumarchais بەتایبەتی لەلایەن ئەمەی دوایی لەچاو ڕوسۆ گرینگی زۆرتری پێدراوە. بێ گومان ئایین، لە ڕوانگەی ڕەخنە و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە یەکێ لەو بوارانەیە کە کرۆکی فەلسەفەی ڕۆشنایی داگیردەکا، زۆر دیارەی ئایینی کەرستەی ئەم وردبوونەوە و لێکۆڵینەوانە بووە وەک: دەسەڵاتی ئایینی شاکان، لێبوردن و دەسەڵاتی مەرجەعی ئایینی وەک: پاپای کاتۆلیکەکان و کێشەی ئازادی ئایینی و بە فەردی کردنی ئایین.

ئەو میتۆد و شێوازەی نووسەران و فەیلەسووفانی ڕۆشنایی لە نووسینەکانیان بەکاریان دەهێنا، دەشێ بە

«گـوتاری ڕۆشنایی» ناوزەدی بکەین، بەو مـانایەی ئەوان نەک هەر تەنیا گرینگییـان بە بەدەست هێنانی زانیاری و زانینی زۆر دەدا و لەم ڕووەوە قــــوڵبــــوونەوە و دەوڵەمەندییان پێشـان دەدا، بەڵکو هەوڵیان دەدا خوێنەر بخەنە ناو بیرکردنەوەیەکی زیندوو و ئاڵۆز. لەم ڕووەوە لەو کتێبە ناسراوانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، ئەو شێوازی فێرکارییە هەستی پێدەکرێ.

نووسـەران و فـەیلەسـوفـانی ڕۆشنایی، وێڕای بەکـارهێنانی لۆژیکێکی نوێی بیـرکـردنەوە کـە لەسـەر بنچینەی تێز و بەڵگە و سەلماندن دەوەستا (These et arguments) زۆر شێوازی بیرکردنەوە و زۆر دۆگمایان لەناو برد، ئەمەش کردنەوەی ئاراستەیەکی دیکەی بیرکردنەوە و ڕوانین بوو، کە دەتوانین بڵێین سەرەتاکانی نوێخوازی و مۆدێرنیتێ لەوێوە دەست پێدەکات.

هەڵبـەت ئیـرادەی ڕۆشنایی پێـچـەوانەی تاریکی و تاریکی شـێـوازەکـان و مـۆدەکـانی بیـرکـردنەوەیە کـە بنچینەیەکی تۆکمەیان نییە و مەڵبەندی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ناواقیعییە، وەک: هەموو ئەو دیاردانەی پێیان دەگوترێ بیزکردنەوە و گوتن و قسەی پێش وەخت، قسەی حازر بەدەست، نەریتە نێگەتیڤە باوەکان، وەک شەعوەزە و بیری ئایینی نێگەتیڤ و فیکری پڕوپووچی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەخلاقی، ئەوان دەیانگوت: هەردەم ڕواڵەت، یان پوختەیی و جوانی ڕواڵەت مەرج نییە جوانی و پوختەیی ناوەوە پیشان بدا، هەر ئەوانیش بوون بۆ یەکەم جار گوتیان: مەرج نییە بیروڕای کۆمەڵانی خەڵک (Foule) هەقیقەتی تێدابێ، هەروەها دەیانگوت مەرج نییە ئەوەی دەمێکە هەیە و ماوەیەکی زۆرە بوونی هەیە باشترین بێ. ڕەخنەیان لە سیستمی شاهانە دەگرت و دەیانگوت چۆن دەبێ بەو سیستەمە ڕازی بین کە تەنیا لەسەر بنچینەی دوو دیاردەی لاواز بنیادنراوە وەک: (مافی خودایی) و (میرات)، چۆن دەبێ بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ڕازی بین کە زۆرترین دەسەڵات لەناو دەستی کەمایەتییەکی کۆمەڵایەتی بێ، لە کاتێکدا پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری لەسەر ملی زۆربەی کۆمەڵایەتی بێ. ئەم گوتارە کە بە گوتاری ڕەفز و ڕەتکردنەوەی ڕۆشنایی ناسراوە، لە بنچینەدا خەبات کردنێک بووە دژی ئەقڵی تاریکی، گوتاری تاریکی. ئەمەش گوتاری فەیلەسووفان و نووسەرانی ڕۆشنایی بوو.

فەیلەسوفانی ڕۆشنایی درێژە پێدەر و میراتگری هیومانیستەکان- Humanistes (بگەڕێوە بۆ ئەم زاراوەیە لە ژمارەکانی پێشووتری ڕامان)ی سەردەمی بووژانەوەن- ڕێنێسانس- Renaissance، پیاوە بەشەرەفەکانی سەدەی حەڤدەم. لە کتێبی ئینسیکلۆپیدیای دیدرۆ- Diderot فەیلەسوف بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە کراوە:

فەیلەسووف ئەو کەسەیە کە هیچ شتێکی سەر بە جیهانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لێی شاراوە نییە، بیردەکاتەوە، بە ئەقڵێکی ڕوون و توندوتۆڵ دەڕوانێ و شی دەکاتەوە و ڕەخنە دەگرێ. هەڵبەت لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەریەتی، وەک: ئەخلاق و هەڵکەوتی مرۆڤ، باوەڕی ئایینی و ئایین، مەعریفە و زانین، کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و وەزیفەکانیان.

ئەو بە ئەقڵ پشت ئەستوورە، ئەقڵیش لەلای ئەو تواناییەکی بیرکردنەوە و بڕیاردان و حوکمدانە، لە هەمان کاتدا وەک گەرانتییەک وایە بەرانبەر بەوەی کە (لە ڕووی ئەقڵییەوە دروستە، ئاقڵمەندە- Raison able).

فەیلەسوف خاوەن هەستیاری و ئەندێشەیە، ئەم دووە لە خزمەتی یەکتر بەکاردەهێنێ، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە دەیەوێ قەناعەت بەیەکێک بهێنێ و بیخاتە ناو جۆرێک لە هەڵچوونێکی دروست. لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی ئەوان فەیلەسوف کەسێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستە و سەربەسەردەمی خۆیەتی، لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. هەر لەبەر ئەم خاڵەی دوایی ئەوان پێیان وایە فەیلەسووف کەسێکی بەرپرس و مولتەزیمە، توانای هەیە خۆی لە خەتەری بدا و ڕووبەڕووی ترسناکی ببێتەوە.

سانسۆر دەکرێ و دەخرێتە زیندان و کارەکانی تێکدەدەن. هەروەکو چۆن ئەم شتانە بەسەر ڤۆلتێردا هاتووە (حوکم دەدرێ و دەخرێتە زیندانی باستیل - Bastille و ناچار دەبێ ڕوو لە تاراوگە- مەنفا بکا. دیدرۆش بەهەمان شێوە زیندانی دەکرێ و کتێبەکەی «ئینسیکلۆپیدیا» حوکم دەدرێ. فەیلەسووف ناڕەزایی دەردەبڕێ و ڕەخنە دەگرێ بۆ باشتر بنیادنان و دروست کردن و چاک کردن، نەک هەر تەنیا ڕەخنە لە پێناوی ڕەخنەگرتن، فەیلەسووف لە ڕوانگەی ئەوان پیاوێکی بەشەرەفە و حەزدەکا سەرنجی خەڵک بۆ خۆی ڕاکێشێ و بۆیان سوودمەندبێ، فەیلەسووف پەیامێکی هەیە دەیەوێ جێگای فەناتیزم و شەعوەزە و دیکتاتۆری بە ئەقڵ و ئاقڵمەندی پڕ بکاتەوە، وێڕای گرینگیدان بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ وەک خۆیان و لە چوارچێوەی ناواخنە کۆمەڵایەتییەکان.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی چواردەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ڕامان و ئەزموونی بەنرخی چواردە ساڵە

**ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

من بەر لە هەمــوو شــتێک دەمــەوێ بەشــێوەیەکی گــوزەرا، ســووکـە ئاوڕێک بۆ چواردە ســاڵ لەمــەوبەر بدەمەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەجرەبەی میرنشینە کوردەکانی بەتلیس، جەزیرە و بۆتان، بابان، ئەردەڵان و... بۆ سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی سیاسی ، لەسەر ئامۆژگاری ئەحمەدی خانی بنیادنەری ئەندێشەی ناسیونالیزم، دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری دامەزراندن و بنیادنانی چەندین دەزگا و پڕۆژەی ڕۆشنبیریی کارا و بە توانا کە بتوانێ هاوسەنگ بێ بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کورد کە لە سەردەم و دەزگا ڕووخاو و کاول بووەکانی حکومەتی دژی بەشەری بەعس، ساز کران.

یەکێک لەو پڕۆژە گرینگانە دامەزراندنی گـۆڤـاری ڕامـان و ئەسـپاردنی بە کەسێک بوو کە لە هەمـوو شتێک زیاتر پەرۆشی ئەدەب و کولتوور و ڕۆشنبیری کوردیی بوو. بۆ سەلماندنی قسەکەشم دەڵێم، لە ماوەی ئەو چواردە ساڵەدا دەیان ڕۆژنامە، گۆڤار، وەرزانە و... دەرچوون کـە تەمـەنیـان لە سـاڵێک و دووان، بگرە کەمـتریش نەترازاون. ئەوەی تەنیا حەوتوویەک کاری ڕۆژنامەوانی کردبێ دەزانێ بەڕێوەبردنی گـۆڤـارێک بە قـەد و قـەبارەی ڕامـان بەو هەمـوو تەوەرانەوە بە مـاوەی چواردە ســاڵ و ســەروکـەللە لێـدان لەگـەڵ نووســەر و شاعیران، بە بیروبۆچوونی جیاواز، چ توانایەکی تاقەت پڕووکێنی گەرەکە؟

ئەوەی کـە زۆر گـرینگە ڕامـان توانی لە مـاوەیەکی کـورتدا ببـێـتـە پردێکی بەرین و بەرفـراوان لەنێـوان نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەدیبە غـەوارەکـانی هەندەران، بە بیروڕا گۆڕینەوە، بۆ ناسـاندن و ناسینی قـەڵەمـە بەتوانا و بە ڕشـتـەکـانی کـورد. ڕامـان زۆر زوو بووە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەدەب و کــولتــووری کــوردی و توانی دەور و ڕۆڵێکی بەرچاو لەپێشخستنی هونەر و ئەدەبی کوردیدا بگێڕێ.

بە بڕوای زۆربەی نووسەران گۆڤاری ڕامان بۆشایی و کەلەبەرێکی گەورەی لە ژیانی ڕووناکبیریی کوردیدا پڕ کــردۆتەوە و ئەزمــوونەکــەی بۆتە مــێــتــۆدێک بۆ ڕۆژنامەگەری، لێکۆڵینەوە و ڕووناکبیری، هەر ئەوەش وای کردووە ببێتە جێی متمانە و خۆشەویستی هەموو خەڵکان. خوێنەر و ڕووناکـبـیـران بە تاسـەوە چاوەڕێی دەرچوونی ژمـارەی تازەی بکەن. من بە ڕای خـۆم دەڵێم ڕامــان دەورێکی گــرینگ و بەرچاوی لە بووژاندنەوەی فەرهەنگی کوردیدا بووە.

چاپکردنی بابەتی دەوڵەمـەند و بەپێــز بەشــێکە لە دەوڵەمەندیی گۆڤار، بەشەکانی تری بۆ دەرکردنی گۆڤار لەســەری وادەی خــۆی دەگــەڕێتــەوە، هەبوونی بابەتی ئەدەبی هەمەجۆر، چیرۆک، شیعر، شانۆ، لێکۆڵینەوە، ڕەخنە، هزر، فەلسـەفە، وتووێژ و چاوپێکەوتن، سینەما و مۆسیقاو.. چاپکردنی بە قەبارەی لەبار بە ڕووبەرگی جوان و بەبێ هەڵە، یان هەر نەبێ بە کەمترین هەڵە. با لێـرەدا قــسـەیەکی خـۆشـتــان بۆ بگێــڕمــەوە- ڕۆژێک سەرنووسەری گۆڤارێک کە دۆستێکی زۆر خۆشەویستمە لێی پرســیم گــۆڤــارەکــەمــان چۆنە؟ وتم زۆر جــوان و دەوڵەمـەندە، بەڵام هەڵەی چاپی زۆرە. وتی گـۆڤـارەکـە ســــــەت لاپـەڕەیـە، هـەر لاپـەڕەی سێ هـەڵـەی هـەر تێدەکەوێ، ئەمە شتێکی ئاساییە. شتێکی تریش کە بەلای من و زۆربەی نووسـەرانەوە گـرینگە ڕامـان دوور بووە لەتانە و تەشەر و نوقـورچک گـرتن و سـووکـایەتی کـردن. هەر کـات چوومـەتە لای نووسـەرێکی فـارس بە شــانازییــەوە ڕامــان-م بۆ بردووە، ئەوانیش بە دیتنی سەرسام بوون کە کورد گۆڤاری وای هەیە. هیوای تەمەن درێژی و هەڵکشانی زیاتری بۆ دەخوازین.




# زمان و دەق



بەختیار محەمەد

نووسینی دەقی خراپ لە بواری ئەدەبی، ڕۆژنامەگەری، ڕامیاری... دا، یەکێکە لەو کێشـە گـەورانەی کە ئەمڕۆ زمـانی کـوردی بە دەسـتییەوە دەناڵێنێ. زۆربەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد، لە دەقەکانیاندا بایەخ بە ڕەگەزی زمان نادەن. زۆرجاریش لێرە زمان تەنیا ئامرازێکی لاوەکی کاری نووسینە، نەک هەر بە خۆشی ئامانجێکی بەدیهێنانی ئەم پرۆسەیە بێ. لێرەوەش ئێمە لە هەموو ئاستێکدا، دەقی کرچوکاڵ و سادە دەبینین، هەر بۆیەش زمان ناتوانێ، زمانێکی کارا بێ لە پرۆسەی بەرهەمـهێنانی دەقدا. دەشێ هەر لەم بوارەدا، ئێـمە گـەڕەلاوژەیەکی زۆر لە دنیـای ڕۆژنامـەگـەری و دەزگـاکـانی دیکەی ڕاگـەیاندندا بەدی بکەین، بۆ نموونە مـن لە کـەناڵی سـەتەلایتی فـەرمی کـوردیدا، دیتـوومـە نووسـراوە: «بارانێکی چڕ باری. بەفرێکی چڕ باریوە». کاکی نووسەر لێرە، وازی لەو هەمـوو وشە ڕەسەنە کوردییەی وەک (لێـزمـە و ڕێژنە و بەخـوڕ و بەتاو و..) هێناوە، کـەچی چووە یـەخـەی وشـەی ناجـۆر و ناقـۆڵای وەک «چڕ»ی گـرتووە کـە ئـەمـەش خـۆی لەخـۆیدا دیارە چەند بێ ئاگـایی لە زمـان و لە نووسین دەگـەیەنێ! لە شـوێنی (ڕسـتـەی) وەهادا، عـەرەب وشەی وەها «چڕ: کثیف» بەکاردەهێنێ، نەک کورد. ئەوان دبێژن: «یهطل الامطار الغزیرة. تتساقط الثلوج الکثیفة». وەک دەبینین تەنانەت ئەوانیش لێرە ناڵێن: «بارانێکی چڕ دەبارێ». هەڵبـەت هەڵەیەکی وەها سـادەش، دەلالەت لە تراژیدیای دنیـای ڕۆشنبیـریی ئێمە دەکا، ئەو دنیـایەی کە ئەمڕۆ دەسـەڵاتی گوتـاری سیـاسیی خەریکە بە تەواوی دەیخنکێنێ.

ئێمە لە بواری دەقی ئەکادیمی و ئەدەبیشدا، هەمـان گرفتمان هەیە، گرفتی بایەخ نەدانێکی زانسـتانە (بێ گومـان لێرەدا مەعریفەی زمانناسی خۆی ڕەپێش دەکا)، بەپرەنسیپەکانی داڕشتنی زمانی دەق. بە نموونە دەڵێم: پرسی خـاڵبەندی، یەکێکە لەو پرسە (پرەنسیپە) گرنگانەی زمـانی داڕشتنی هەر دەقێک، کە نووسەری کورد بە شێوەیەکی گشتی بـایەخی پێنـاداو پێشدەچێ شارەزاییەکی ئەوتۆی لە بارەیەوە نەبێ. دەبێ بزانین، پرەنسیپی خـاڵبەندی لە چوارچێوەی گەڵاڵە کردن و داڕشـتنی زمـانی هەر دەقێکدا، نەک هەر سـەلیقە و چێـژی خوێندنەوەی خوێنەر پتر دەکـا، بەڵکو دەلالەتێکی قـووڵیش لە گوتارە مەعریفییەکەی دەق دەکا، ئنجا ئەو دەقە لە هەر کایە و بوارێکدا نووسرابێ.

بوارێکی دیکە، کە ئەم لایەنە ئێشکالییەی زمانەکەمـان، بە باشی بۆ بەدەردەخا، بواری کـاری وەرگـێـڕانە. هەڵبـەت هەمـوومـان دەزانین، کە زمـانزانیی لە هەردوو زمـانەکەدا (بەدەر لە سـەلیقـەی عـیشـقی نووسـینیش)، سـەنگی مـەحـەکـە بۆ ئەنجـامدانی هەر وەرگـێـڕانێکی باش. لێـرەشـدا جیـاوازییـەک لەنێـوان دوو جـۆرە وەرگێڕاندا هەیە. وەرگێـڕانێکی ڕاستەوخۆ و حەرفی و میـکانیکی هەیە و ڕەچاوی گەیاندنی پەیامی دەق ناکا و وەرگێڕانێکی ناڕاستەوخۆ و واتایی و دینامیکیش هەیە، کە ئەم پەیامـە دەگەیەنێ و ڕوحێکی نوێش بە بەر جەستەی دەقدا دەکا (بێ گومان دەقی یەکەمی بنەڕەتی). دەستەواژەکانی «بەفری چڕ و بارانی چڕ»یش هەر دەچنە خانەی ئەم جۆرە وەرگێڕانە نازانستییەوە، ئەو وەرگێڕانەی لە ئاکامدا ڕوحی هەردوو زمـانی یەکـەم و دووەم دەکـوژێ.. کـەواتە دەقـە زیندووەکـان، زمـانێکی زیندووشیان هەیـە. لێرەشەوە نووسەر دەبێ خاوەن زمـانێکی (زانستی) زیندوو بێ، تا بتـوانێ دەقی ئەدەبی، یـان نووسـینی باش بەرهەم بهـێنێ. نووسـەری جـددی، خـەمی جـددیش لە زمـان دەخـوا. ئا لێـرەشـدا خـوێنەری جـددی، یان بـا بڵـێین (کەسایەتی خوێنەری جددی) سەرهەڵدەدا و لە دایک دەبێ.